**هەرێمی کوردستانی عێراق**
ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی ـ عێراق**

# پرۆتۆکۆلەکان

# ٢٥

**٢٠٠٠ ـ بەرگی بیست و پێنجەم**

---

چاپی یەکەم ٢٠٠١

له بلاوکراوەکانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

ناوی کتێب: **ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**پرۆتۆکۆلەکان ۲۰۰۰. بەرگی بیست و پێنجەم**

چاپی یەکەم: ۲۰۰۱

تیراژ: ۱۰۰۰

ژمارەی سپاردنی بە کتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی کوردستان : ۲۰۷

# پێڕست:


پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە هەژدە ........ ل٥

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە نۆزدە ........ ل٤٥

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە بیست ........ ل٧٣

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە بیست و یەک ........ ل١٢٧

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە بیست و دوو ........ ل١٥٥

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە بیست و سێ ........ ل١٩٩

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە بیست و چوار ........ ل٢٣٥

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە بیست و پێنج ........ ل٢٥٣

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە بیست و شەش ........ ل٣٣٣


پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە بیست و حەوت ........ ل٣٤١

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە بیست و هەشت ........ ل٣٥٥

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە یەکی نائاسایی ........ ل٣٦٧

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە دووی نائاسایی ........ ل٤٣٧

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە سێی نائاسایی ........ ل٥١٣



# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٨)**

سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٠/١١/٢١

خولی دووەم

ساڵی نۆیەم

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (١٨)

## سێ شەممە ڕێكەوتی ٢١/١١/٢٠٠٠

***كات (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی ١٢١/١١/٢٠٠٠ ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بەسەرۆكایەتی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆكی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سكرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ژمارە (هەژدەی)ی خولی ئاسایی دووەمی، ساڵی (٢٠٠٠)ی خۆی بەست.***

***بەرنامەی كار:***

***بەپێی حوكمەكانی برگە(١)ی مادده(٢٠) لە پێڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەمواركراو، دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە(١٨)ی ئاسایی خۆی لە كات(١٠)ی سەر لە بەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی ٢١/١١/٢٠٠٠دا بەم شێوەیە بێت:***

***١ـ بەردەوامبوون لەسەر خستنەڕوو گفتوگۆكردنی پرۆژەی یاسای سەندیكای ئابووری ناسانی هەرێمی كوردستان.***

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بە ناوی گەلی كوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەست پێ دەكەین، بەڕێزان لە دانیشتنی ئەمڕۆ بەردەوام دەبین لەسەرخستنەروو گفتوگۆ كردنی پرۆژەی سەندیكای ئابووری ناسانی هەرێمی كوردستان، تكایە دوو ئەندامی لیژنەی یاسا لەگەڵ ئەندامێكی لیژنەی ئابووری بفەرموونە سەر سەكۆ.

بەڕێزان دوێنێ دووایەمین خاڵمان گفتۆگۆ كردنی ماددەی هەشتەم بوو لەسەر خاڵی سێیەم گفتۆگۆیەكی زۆر كرا پاشان بەدانشتنی هەردوو لیژنە لیژنەی یاسا و ئابووری لەگەڵ بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری و سەرۆكی كوتلەی زەرد و سەرۆكایەتی پەرلەمان گەیشتنە ئەنجامێك كە پێشنیارێك لەم بارەیەوە پێشكەش بكەن، فەرموو كاك شێروان.

**بەڕێز شێروان حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

برگەی سێییەم بخوێنمەوە وەیان ئەسڵی مادەكەش بخوێنمەوە؟.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەسڵی ماددەكەش بخوێنەوە ئینجا پێشنیارەكە.

**بەڕێز شێروان حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثامنة:

المشاركون:

يجوز قبول الاشخاص المبينين ادناه بصفة مشاركين للاستفادة من خبرتهم او للافادة من فعاليات النقابة:

١- الاقتصاديين الاجانب المقيمين في كوردستان العراق ممن تتوفر فيهم شروط المادة الرابعة.

٢- حملة الشهادات العالية المشتغلين في الامور الاقتصادية او المالية او التجارية لمدة لا تقل عن خمس سنوات بشهادة حكومية او من شركة مساهمة او ذات مسؤولية محدودة على ان تتوفر فيهم شروط الاهلية.

٣- خريجو المعاهد التجارية والاقتصادية والمالية والحسابية ممن لا تقل مدة دراستهم عن ثلاث سنوات بعد الاعدادية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پێشنیارەی کە لەسەری ڕێککەوتون بڕگەی سێ لە ماددەکە لەغو بکرێتن واتە نەمێنێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی کە تێبینیان هەیە دەستیان بەرز بکەنەوە بۆ ئەوەی ناو نووس بکرێن، دیارە کەس تێبینی نییە، فەرموو مامۆستا.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر زەینەلعابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئەم بڕگەیە هەر زیادە چونکە بموجب الفقرة الاولى من المادة الرابعة كل اقتصادي مقيما في الاقليم له حق العضوية في النقابة سواء كان كوردياً او عربيا او اجنبيا ئەگەر ئەو(و) بکرێ بە(أو) ئەم بڕگەیەی ناوێ بەڵام ئەگەر بکرێ بە(و) هەر سێ بڕگەکەی دەوێ ئەوەش ڕای جەنابتانە لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا وەڵامتان هەیە بۆ ئەوە؟

**بەڕێز شێروان حەیدەری:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن. دوێنێ ئەم بابەتە بە درێژی باسی لێکرا ئێمە ئەو(مقیما) زیادمان کرد لە ماددەی چوار مقیما نییە کە (مقیمین)یش بێ ئەجانب و غەیری ئەجانبیش دەگرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک فرەنسۆ فەرمو.

**بەڕێز فەرەنسۆ هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە جیاوازە لەگەڵ ئەوەی جەنابی مامۆستا فەرمووی ئەمانە ئەندام نین ئەمانە موشارکینن، بە موشارک قبول دەکرێن بە ئەندام قبول ناکرێن واتە (المقیمین) ئەم ماددەیە ناگرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە تایبەتە بە ئەجنەبی کە خەڵکی عێراق نەبێ یان کورد نەبێ باشە ئێستا ماددەی هەشت ئەیخەینە دەنگدانەوە دوو بڕگەی ماوە تکایە جارێکی تر بیخوێننەوە.

**بەڕێز شێروان حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثامنة:

المشارکون:

يجوز قبول الاشخاص المبينين ادناه بصفة مشاركين للاستفادة من خبرتهم او للافادة من فعاليات النقابة:

١ـ الاقتصاديين الاجانب المقيمين في كوردستان العراق ممن تتوفر فيهم شروط المادة الرابعة.

٢ـ حملة الشهادات العالية المشتغلين في الامور الاقتصادية او المالية او التجارية لمدة لا تقل عن خمس سنوات بشهادة حكومية او من شركة مساهمة او ذات مسؤولية محدودة على ان تتوفر فيهم شروط الاهلية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تکا لەو بەڕێزانە ئەکەم کە ماددەی هەشت بەوشێوەی کە خوێندرایەوە پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە... زۆر سوپاس. ئەو بەڕێزانەی کە پەسندی ناکەن تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە... بە گشتێ دەنگ وەرگیرا. واتە ماددەی هەشت تەنها بڕگەی سێیبیەم لێی لەغو کرا، فەرموو ماددەی نۆیبیەم بخوێنەوە.

**بەڕێز شێروان حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة التاسعة:

يجوز بقرار من مجلس النقابة قبول المؤسسات والهيئات والمنشآت الاقتصادية والصناعية والتجارية والزراعية والمالية والادارية اعضاء فخريين(شرف) مقابل بدلات مشاركة رمزية تحدد في كل حالة من قبل مجلس النقابة.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسا هیچ تێبینیمان لەسەر ماددەکە نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی هیچ تێبینیان لەسەر ئەم ماددەیە نییە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەینە زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی کە تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە بۆ ئەوەی ناونووسیان بکەین، فەرموو مامۆستا مەلا هادی.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کویخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە نسبەت ماددەکە وەکو هاتووە عەیبی نییە بەڵام تەنها لایەنی دارشتنەکەی پێم باشە نەک(یجوز بقرار من مجلس) چونکە ماناکەی هەندێک دەگۆڕێ(یجوز قبول المؤسسات والهیئات والمنشآت الاقتصادیة والصناعیة والتجاریة والزراعیة والمالیة والاداریة اعضاء فخریین بقرار من مجلس النقابة) واتە مجلس النقابة بێتە ئەوێ ئەگەر نا ماناکەی دەگۆڕێ لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو بەڕێز د. رزگار.

**بەڕێز قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راکێشانی دەزگای ئابووری و تجاری و صناعی بۆ هاریکاری سەندیکا بە شتێکی زۆر پیرۆز دەزانم لێرە تێبینی من هەر چەندە دەقەکە زیاتر روونکردنەوە وتەئویل و ئیجتهادات دەبینم لێرە لە دیاهیکێ کەلیمە(المالیة والاداریة فی الاقلیم) زیاد بکرێ ووشەی رەمزیە شەطب بکرێ چونکە ئەمە دەزگایە ئەگەر هاتوو هاریکاریێ سەندیکا هاتنە کرنێ مجلس النقابة تەحدید بکات چەند بێتە موئەسەسەکە شتێکی باشە هاریکاری بێت بۆ سەندیکا ولە دوماهیکێ وشەی(والاداریة في الاقلیم) هەر چەندە لەوانەیە دەقەکە روون بێت زیاتر بۆ ئەوەی تەئویل و ئیجتهادات نەمینێت چونکە لەوانەیە ئەگەر یەکێکی تر بخوێنێتەوە لەوانەیە وا تەفسیری بکات کەوا موئەسەساتی ئەجنەبیش دەگرێتەوە. بەڵام کە گووترا فی الاقلیم ئەوا حەسمت کرد،زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو لیژنەی یاسا وەڵامیان بدەنەوە.

**بەڕێزکاکە رەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ووشەی اقلیم زیاد بکرێ یان نەکرێ هەر هەمان شتە، چونکە سەندیکای ئابووری ناسان

خۆی سەندیکای هەرێمە، دووەم ووشەی رمزی تەنها دانراوە بۆ هاندانی ئەو موئەسەساتانەیە بۆ ئەوەی شتێکی ئیجباری نەبێ ئەگەر شتێک دابنێی لەوانەیە هەر لە سەرەتاوە ئەو موئەسەسەیە وا بزانی شتێکی قورسە لەسەری لەوانەیە ئەو موشارەکەیە نەکا بۆچی بچێ لە سەندیکای ئابووری ناسان؟، ئیش و کاری بە ئاسایی دەڕوا بۆیە ووشەی رمزی زۆر گرنگە بۆ هاندانی ئەو موئەسەسانە بۆ دەولەمەند کردنی ئەو سەندکایەیە بۆ ئەوەی بتوانن بە ئەرکەکانی خۆیان بە شێوەیەکی رێک وپێک ئابوورییانە هەڵبستن وە مانەوەی هیچ زەرەرێکی نیەو زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، هیچ تێبینی تر هەیە؟، دیارە نیە زۆر سوپاس، ماددەی(نۆ) ئەخەینە دەنگدانەوە تکایە جارێکی تر بخوێندرێتەوە فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة التاسعة:

يجوز بقرار من مجلس النقابة قبول المؤسسات والهيئات والمنشات الاقتصادية والصناعية والتجارية والزراعية والمالية والادارية اعضاء فخريين(شرف) مقابل بدلات مشاركة رمزية تحدد في كل حالة من قبل مجلس النقابة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی ماددەی نۆیەمم پەسندی دەکەن تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە...، زۆر سوپاس، ئەو بەڕێزانەی پەسندی ناکەن تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە...، زۆر سوپاس بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا تەنها یەک کەس لەگەڵ نەبوو، فەرموو ماددەی دە بخوێنەوە.

**بەڕێز شێروان حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة العاشرة:

لا يحق للمشاركين والاعضاء الفخريين حضور اجتماعات الهيئة العامة او الترشيح لعضوية مجلس النقابة.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسا هیچ لاریمان لەسەر ماددەکە نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی ئابووری و دارایی هیچ تێبینیان لەسەر ماددەکە نیە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەینە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی لەسەر ماددەی(دە) هەیە؟، ماددەیەكی روونە كەواتە ئەیخەینە دەنگدانەوە، ئەو بەڕێزانەی ماددەی دەیەم پەسند دەكەن تكایە دەستیان بەرز بكەنەوە...، زۆر سوپاس، ئەو بەڕێزانەی پەسندی ناكەن تكایە دەستیان بەرز بكەنەوە...، زۆر سوپاس بە گشتی دەنگ وەرگیرا. فەرموو ماددەی یانزە بخوێننەوە.

**بەڕێز شێروان حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الحادية عشرة

١ـ يفقد العضو صفة العضوية في حالة وفاته او استقالته او انتفاء احد شروط العضوية عنه او ايقاف عضويته او فصله بقرار من مجلس النقابة حسب احكام هذا القانون.

٢ـ للهيئة العامة اسقاط العضوية في حالة مخالفة العضو لاحكام هذا القانون او الخروج على اهداف النقابة او ممتلكاتها او اساءة التصرف داخل النقابة.

**بەڕێز كاكەڕەش محەممەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە وەكو لیژنەی یاسا پێمان وایە برگەی یەک بەو شێوەیە دابڕێژرێ تقترح اللجنه اعادة صياغة الفقرة الاولى من هذه المادة والغاء الفقرة الثانية منها.

يفقد العضو صفة العضوية في الحالات التالية:

آـ الوفاة.

ب ـ الاستقالة.

ج ـ إنتفاء احد شروط العضوية فيه وبقرار من المجلس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

أ و ب داتان ناوە.

**بەڕێز كاكەڕەش محەممەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڵێ أ و ب و ج برگە دووش پێویست نیە هەر بمێنێ.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خۆی هەردوو ماددە نییە؟ دەتوانن هەر یەک و دوو دابنێن.

**بەڕێز كاكەڕەش محەممەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڵێ دەتوانین هەر یەک و دوو سێ وە برگەی دووەم لامان زیادە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی هیچ تێبینیتان نییە؟

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ تێبینیمان نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز جەنابی وەزیر تێبینیتان لەسەر پێشنیاری لیژنەی یاسا.

**بەڕێز سەرکیس ئاغاجان مامەندۆ/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری لە رای لیژنەی یاسایی دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا جارێکی تر پێشنیاری لیژنەکەتان بخوێننەوە بۆ ئەوەی گفتۆگۆی لەسەر بکرێت.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تقترح اللجنه اعادة صياغة الفقرة الاولى من هذه المادة والغاء الفقرة الثانية منها.

يفقد العضو صفة العضوية في الحالات التالية:

١ـ الوفاة.

٢ ـ الاستقالة.

٣ ـ إنتفاء احد شروط العضوية فيه وبقرار من المجلس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی کە تێبینیان هەیە لەسەر ماددەکە تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە بۆ ئەوە ناو نووس بکرێن، فەرموو کاک محەمەد حەسەن باڵەتە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ رای لیژنەی یاسامە بەڵام داڕشتنەکەی دەبێ بڵێین یفقد العضو صفه العضويه بقرار من المجلس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە حالەتی وەفاتی تێدایە، مردن(قرار المجلس) نایگرێتەوە، فەرموو کاک فەرەنسۆ.

**بەڕێز فەرەنسۆ هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە حاڵەکانی پێشوو هاتووە ئەگەرساڵێک ئیشتراکانەی خۆی نەدا تەقریبەن مەنع دەکرێ لە

مزاوەلەی مهنە کە ئیستقالەی دا دەڵێ حالەتی ئەندامێتی نامێنێ ئەبێ مەنعی مزاوەلەی مهنەی لێ بکرێتن. چونکە کە دەرچوو ئیتر بەدەلات نادا موشارەکە ناکا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە ئیستقالەی دا مانای وایە ئەندامێتی لە سەندیکا نەما کە ئەندامێتی نەما مانای وایە هەر ئیمتیازەک سەندیکا هەیبێ بۆ ئەو ئەندامە ئەو ئیمتیازەی نامێنێ چونکە وا اعتیبار دەکرێ لە ئەندامێتی نەماوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتە مەنع کراوە لە ممارسە المهنە فەرموو کاک فەرەنسۆ.

**بەڕێز فەرەنسۆ هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکێک ئیشتراکی ساڵێک نادا منعی مزاولە المهنە دەکرێ ئەو ئەچی ئیستقالە دەدا یان هەر ناداو نادا منعی مزاولە ناکرێ قەیدی ناکا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەنع دەکرێ دەقی ناوێ ئەوی عضویەتی نەبێ مەنع دەکرێ هێچ تێبینی تر هەیە، فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

اقتراحی لیژنەی یاسای تەنها حالەتی فەصڵ جێ ناگرێتن ئەگەر فصل زیاد بکرێتن انتفاء شروط العضویة أو فصله حالەتی فەسڵ ئەوان یان لەبیریان کردیە یان ئیهمالیان کردیە هەر وەکو لە برگە یەک هاتووە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حالەتی فەصل حالەتێکی زۆر روون و ئاشکرایە فصل بکرێ لە سەندیکا موحتاج نابێ نەصەکی هەبێت چونکە ئەوە اعتیادی وەک مەبدەئێکی عامە صیفەتی نامێنێت لە سەندیکا نە ئەندام و نە غەیر ئەندام، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی تر هەیە؟نییە؟ ماددەی یانزە بەو پێشنیارەی لیژنەی یاساوە ئەیخەینە دەنگدانەوە، ئەو بەڕێزانەی ماددەی یانزە پەسند دەکەن تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە...، زۆر سوپاس، ئەو

بەڕێزانەی پەسندی ناکەن تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە...، زۆر سوپاس ماددەی یانزە بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسند کرا، ماددەی دوانزە تکایە.

**بەڕێز شێروان حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الفصل الثاني

التشكيلات

المادة الثانية عشر:

تشكل النقابة من:

١- الهيئة العامة.

٢- مجلس النقابة.

٣- لجنة الانضباط.

٤- فروع النقابة في المحافظات.

**بەڕێز کاکەڕەش نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسا هیچ لاریمان لەسەر ماددەکە نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تشكل یاخود تتشكل، فەرموولیژنەی دارایی راتان.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ تێبینیمان لەسەر ماددەکە نییە، بەڵام جەنابت فەرمووی ئەو تتشكل ئەو تەواوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی کە تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە، بەڕێز کاک مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەکە وەکو هاتووە باشە بەڵام تشكيل نییە بە رای من تتألف باشترە تتألف النقابه من:

١- الهيئة العامة.

٢- مجلس النقابة.

٣- لجنة الانضباط.

٤- فروع النقابة في المحافظات.

لەگە ڕێزو سوپاسمدا.

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تێبینی تر هەیە... دیارە نییە، تكایە ماددەكە جارێكی تر بخوێندرێتەوە.یاخود وەڵامتان هەیە بۆ تێبینیەكەی كاك مەلا هادی.؟

**بەرێز كاكەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تشكل النقابه یان تتألف النقابه ئەمە مەسئەلەكی لۆغەویە واتە سەندیكا لەم چوار شتە پێك دێ الهیئة العامة.مجلس النقابة.لجنة الانضباط. ئینجا تشكل بێ یان تتألف بێ ئەمە لایەنی لوغەوییە.

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

نەخێر جیاوازی هەیە با من جیاوازییەكەتان بۆ باس بكەم تألیف بۆ كتابە بەدەرەجەی یەكەم بۆ كتابە، ئەمە یەك، دووەم(تشكل النقابة) واتە نقابە دروست دەكرێ بەڵام (تتشكل) واتە پێك دێ تشكیلاتە ئینجا بۆیە تتشكل بنووسن و بخوێننەوە.

**بەرێز شێروان حەیدەری:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

الفصل الثاني

التشكيلات

المادة الثانية عشرة:

تتشكل النقابة من:

١ـ الهيئة العامة.

٢ـ مجلس النقابة.

٣ـ لجنة الانضباط.

٤ـ فروع النقابة في المحافظات.

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو بەرێزانەی ماددەی دوانزە پەسند دەكەن تكایە دەستیان بەرز بكەنەوە...، زۆر سوپاس، ئەو بەرێزانەی پەسندی ناكەن تكایە دەستیان بەرز بكەنەوە...، زۆر سوپاس بە گشتی دەنگ وەرگیرا.فەرموو ماددەی سیانزە.

**بەرێز شێروان حەیدەری:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة عشرة:

١- تتألف الهيئة العامة من جميع اعضاء النقابة او المندوبين الذين اوفوا بالتزاماتهم بموجب هذا القانون وتعتبر اعلى سلطة فيها وتعقد في مركز النقابة اجتماعاً عاماً اعتيادياً خلال شهر

كانون الثاني كل ثلاث سنوات بقرار من المجلس وبدعوة من النقيب لانتخاب النقيب وثمانية اعضاء وعضوين للاحتياط لاشغال عضوية المجلس واعضاء لجنة الانضباط ويتم النصاب بحضور اكثرية الاعضاء المسجلين او المندوبين وعند عدم اكتمال النصاب تجرى الانتخابات بعد خمسة عشرة يوماً من الاجتماع الاول في الوقت والمكان المحددين ويعتبر النصاب كاملاً بحضور ثلث الاعضاء او المندوبين وبعكسه يعتبر المجلس السابق مستمراً لدورة اخرى.

٢- في حالة زيادة عدد اعضاء النقابة عن (٥٠٠)خمسمائة عضو يجري الانتخاب عن طريق المندوبين وتحدد نسبة التمثيل من قبل المجلس او من يقوم مقامه وبضمنهم اعضاء مجلس النقابة.

**بەڕێز کاکەڕەش نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسا لەسەر ئەم برگەیە بەم شێوەی خوارەوەیە:

تقترح اللجنة اعادة صياغة الفقرة الاولى من هذه المادةوكالاتي:

١- تتألف الهيئة العامة من جميع اعضاء النقابة او المندوبين الذين اوفوا بالتزاماتهم بموجب هذا القانون وتعتبر اعلى سلطة فيها وتعقد في مركز النقابة إجتماعا عاما إعتياديا كل ثلاث سنوات من تأريخ إجراء الانتخابات بقرار من المجلس ودعوة من النقيب لانتخاب النقيب وثمانية اعضاء وعضوين احتياط لاشغال عضوية المجلس ويتم النصاب بحضور اكثرية الاعضاء.

وەکو سەندیکاکانی تر کە زۆربەیان وایان لێکراوە سێ ساڵ لە ڕۆژی هەڵبژاردنی نەک کانون الثاني بإعتبار اشکالەک دروست دەکات جار جار سێ کامل نابی (سێ ساڵەکە) وە لەوانەیە جار جار سێ ساڵ زیاتر بێ ئەگەر لەسەر کانون الثاني بمێنێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو لیژنەی دارایی راتان.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە بەخۆمان هیچ تێبینیمان لەسەر ماددەکە نییە، بەڵام لیژنەی یاسا دەڵێت مانگی کانوونی دووەم نەمێنێت لە جێگای خۆی دایە، بەڵام ئێمە دەبینین ئەندامی لیژنەی انضباط هەر هیئەی عامە انتخاب بکرێت چاکترە بمێنێتن بۆ مجلس. چونکە دەقی ماددەکە اعضائی لیژنەی انضباط هیئە العامە اختیار دەکاتن بە قەناعەتی من هەر دیسان هیئەی عامە اختیار بکاتن چاکترە و پاشان صلاحیەتی مجلسی نقابەیە بە کەیفی خۆی اعضاء لیژنەی انضباط دابنێت و، لەگەڵ ڕێزو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوبەڕێزانەی کە تێبینیان هەیە تکایە دەستی خۆیان بەرز بکەنەوە.

**بەڕێز د. قـــاسم مـــحــــمـــەد قــــاسم**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــومـــــەن.**

بەستنی(الهیئة العامة) واتە کۆنگرەیە، واتە تەقریبەن تەمسیلی نەقابەی ئەو هیئە عامە دەکاتن واتە زۆر گرنگە بەستنی ئەو تەمسیلی نقابەی هەموو ئەوت کردن لەوێدا (بحضور اکثریە الاعضاء )من بە پێویستی نازانم پێویستە دوو لەسەر سێ ئامادە بن چونکە کۆنگرەیەکی گشتی نەقابەیە موکنە قراراتی ئەو هەمی انعکاسە بۆ نهجی نقابەی خۆ ئەگەر دوو لەسەر سێی ئەندامێت وی ئامادە نەبوون ئەز کەم دەبینم کو حضور اکثریە اعضاء واتە پێنج زائد یەک هەمی مجموعی وێ پێنج زائد یەک ئەڤە اکثریەیە ئەگەر ئل ڤێرێ دوو لەسەر سێ بێتن تحدید کەن کە مەزن ترین ژمارە بەشداری کۆنگرە بکەن بۆ هەندێ قراراتی وان و رەسمیە سیاسەتێ ئد گەل نەهجێ سەندیکا دەبێت ئەڤە یەک.

دووەم لە سەندیکا پزیشکان هەر پرسیارێ مە کرد برادەران وەڵامیان داوە من دیسان پرسیار بوو ئل ڤێرێ کێ هەیە مقامە مجلسێت بێ؟ واتە چ هیئە تر هەیە یقوم بمقام المجلس؟ ئل ڤێرێ وەکو دیار کر من قبل المجلس او من یقوم مقامە واتە لەم سەندیکایەدا کارگێڕی سەندیکایێ مجلسێ نەقابەیە، مجلسێ نقابە کێ هەیە من یقوم مقامە؟ لیژنە تەحضیری نەمایە هیئە عامەیە، ئەمە لیژنە تەحضیری تەنها بۆ پێکهێنانی نقابەیە، ئل ڤێرێ تەحدیدا تەمسیلێ بۆ کۆنگێردائان بۆ هیئە؟ من پیشنیار دەکەم اعضاء المجلس النقابە هەموو ئامادە بن، چونکە هیئە کارگێرییە فەنە نسبە بۆ نابێتن ڤێری وەسطێت کەن وبضمنهم اعضاء المجلس النقابە کە تەمسیلێ نسبە بۆ ئەوانیش ژ دانەنێن باشترە هەر ئامادە بن چونکە ئەوان شول و کاری سەندیکا بەڕێوەدەبەن لە نێوان دووکۆنگرەدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــومـــــەن:**

فەرموو ماموستا مەلا هادی.

**بەڕێز مـامـۆسـتـا مـەلا هادی خـضـر کـوێخـا:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــومـــــەن.**

من لەگەڵ دەقەکەی لیژنەی یاسام کە سێ ساڵیان بۆ زیاد کردیە، بەڵام دوو لەسەر سێ تەئیدی رای د. رزگار دەکەن کە دوو لەسەر سێ پێویستە بە نسبەت مەندوبین ئامادە بن، خاڵی سێیەم بە نسبەت لیژنەی انضباط، لیژنەی انضباط اشکالەکی دروست کردیە لە هەندێک سەندیکا هەیە لە هەنێکیان نییە بە رای من لیژنەی انضباط هەر بمێنێ باشە لەگەڵ، ریزو سوپاسم.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــومـــــەن:**

فەرموو لیژنەی یاسا.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە نسبەت فەرموودەی کاک دکتۆر رزگار داوای دوو لەسەر سێ دەکا عەجەبا دەبێ ئەو سەندیکایە لە پەرلەمان گرنگتر بێ کە یاساکان دەردەکا؟، پەنجا زائد یەک واتە لە نیوەی زیاتر هەر مەجموعەیەک ئامادە بێ حەقی ئەو شتانەی هەیە، دووەم لە کۆتایی ماددەکە دەڵێین ، ئەگەر ئەو ژمارەیە ئامادە نەبوو هەر چەند ئامادە بوو ئەوە اعتبار دەکەین نصاب تەواوە، بۆیە ئێمە لە سەرەتاوە دوو لەسەر سێ فەرز کەین دەبێ بۆ کۆتاییەکەش شتێکی تر فەرز کەین مەعقول نییە ئەگەر چل پەنجا کەسێ ئامادە بوون رێگایان بدەین کۆنگرەکە بکەن، سەبارەت بە (مایقوم مقامە) لە برگە دووی ماددە دوو چارە کراوە و بریاری لەسەر دراوە کە لیژنەی ئامادەکاری لە جیاتی ئەو لە سەرەتای هەموو کۆنگرەیەک کارەکە ئەنجام دەدات، لەبەر ئەوەی لە سەرەتادا ئەنجومەن نییە ،لیژنەیەکی ئامادەکاری دروست دەکرێ تاکو کۆنگرەکە دێتە وجود، کە کۆنگرەکە هاتە کایەوە ئەوە ئەنجومەنەکە بەو کارە هەڵدەستێ ،ئێمە ئامانجەکەمان ئەوەیە ئێستا سەندیکاکە دروست کەین. سەبارەت بە قسەی مەلا هادی کە دەڵێ لیژنەی بەر زەفتی ، ئەو لیژنەیە لە هەموو سەندیکاکاندا هاتووە، هەموو سەندیکاکان ئەو لیژنەیەیان هەیە و یەک لە ئەندامانی سەرۆکایەتیەکەی ئەندامی ئەنجومەنە و دوو ئەندامی تریش دیاری دەکرێ ،وئەگەر کۆنگرە بریاری لەسەر دا واتا تاکو کۆنگرەیەکی تر ئەو لیژنەی بەرزەفتیە هەر چی بکات هیچیان لەگەڵیدا پێ ناکرێ، خراپ چاک ناتوانین هیچی لەگەڵ بکەین تاکو کۆنگرەیەکی تر، واتا ئیش و کارەکان هەمووی رادەوەستێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک مەلا هادی فەرمو.

**بەڕێز مەلا هادی کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بابەتەکە پێک هێنانی لیژنەیە ئەوەی کە دەمانەوێ، کێ دەیکات؟ دەستەی گشتی دەیکات یان ئەنجومەن؟ مەبەستەکە ئەوەیە کە دیاری نەکراوە ،سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەنجومەن دەی کات.روون کردنەوەیەکیش لەبارەی زۆرینەوە،پێشنیاری (ثلثین) بنەمایەکی گشتییە شەرعیەت لە زۆرینەوە دێت زۆرینەش ٥٠+١کە لە هەموو بنەمایەکی یاسایی ئەو شەرعیەتەیە، بگرە تاکو لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی جمهوری ئەوەی٥٠+١ی بەدەست هێنا ئەوە سەرۆک کۆمارە،هەر بۆ زانیاریش ئەگەر حالاتی تایبەتی لە هەندێ یاسادا دێت کە دوو لەسەر سێیە ئەوە حالاتی تایبەتین خاصن ئەوانە بە استثناء اعتبار دەکرێت، بەلام بۆ نصاب لە هەموو پەرلەماناتی دونیا بە زۆرینەیە، هەموو کەسێ بە زۆرینەیەکی کەم هەڵدەبژێردرێ، بەلام بنەما گشتیەکە زۆرینەکەیە،سوپاس ماددەی ١٣ جارێکی تر بخوێننەوە وەکو پێشنیارتان کردوە.

**بەڕێز شـــێـــروان ناصح حـــيـــدری:**

**المادة الثالثة عشرة:**

١- تتألف الهيئة العامة من جميع اعضاء النقابة او المندوبين الذين اوفوا بالتزاماتهم بموجب هذا القانون وتعتبر اعلى سلطة فيها وتعقد في مركز النقابة إجتماعاً عاماً إعتيادياً كل ثلاث سنوات من تاريخ إجراء الانتخابات بقرار من المجلس ودعوة من النقيب لانتخاب النقيب وثمانية اعضاء وعضوين احتياط لاشغال عضوية المجلس ويتم النصاب بحضور اكثرية الاعضاء المسجلين او المندوبين وعند عدم اكتمال النصاب تجري الانتخابات بعد خمسة عشر يوماً من الاجتماع الاول في الوقت والمكان المحددين ويعتبر النصاب كاملاً بحضور ثلث الاعضاء او المندوبين وبعكسه يعتبر المجلس السابق مستمراً لدورة اخرى.

٢- في حالة زيادة عدد اعضاء النقابة عن (٥٠٠)خمسمائة عضو يجري الانتخاب عن طريق المندوبين وتحدد نسبة التمثيل من قبل المجلس او من يقوم مقامه وبضمنهم اعضاء مجلس النقابة.

**بەڕێز ســـەرۆكی ئـەنجـــومـــەن:**

ئەو بەڕێزانەی كە ماددەی ١٣بەو شێوەیەی كە خوێندارایەوە پەسەند دەكەن با دەستیان بەرز بكەنەوە. كێ پەسەندی ناكات؟ بە تێكرای دەنگ پەسەند كرا.

**بەڕێز شـــێـــروان ناصح حـــيـــدری:**

١- يجوز دعوة الهيئة العامة لاجتماع غير اعتيادي اذا ارتأى ثلث اعضاء الهيئة العامة او ثلث اعضاء المجلس يبين فيها الاسباب الموجبة لعقد الاجتماع وعلى المجلس عندئذ ان يصدر الدعوة حسب الاصول وان يعين موعد الاجتماع خلال مدة شهر من تاريخ تسجيل الطلب.

٢- لايجوز للهيئة العامة البحث في غير القضايا التي عقد الاجتماع من اجلها مالم تكن مرتبطة بها او متفرغة عنها.

**بەڕێز كـــاكـــەرەش نـەقـــشـــبـــەندی:**

**بەڕێز ســـەرۆكی ئـەنجـــومـــەن**

پێشنیاری لیژنەی یاسا لەسەر برگەی یەكە و بەم شێوەیە

نقترح اعادة صياغة الفقرة الاولى من هذه المادة وكالآتي:

١- يجوز دعوة الهيئة العامة لاجتماع غير إعتيادي اذا إرتأى ثلث اعضاء الهيئة العامة او بقرار من المجلس يبين فيه الاسباب الموجبة لعقد الاجتماع وعلى المجلس عندئذ ان يصدر الدعوة حسب الاصول وان يعين موعد الاجتماع خلال مدة شهر من تاريخ تسجيل الطلب

جیاوازیەكە لەگەڵ ماددەكە ئەوەیە كە (ثلثي) ئەندامانی ئەنجومەنمان لابردوە بە اعتبار زۆرینەی ئەندامانی ئەنجومەن ئەو بریارە بدەن نەک (ثلثي) ئەندامان، بەرامبەر (ثلثي) دەستەی گشتی، یان بە بریاری زۆرینەی ئەنجومەن بریار درا ئەوجا كۆبونەوەكە بكرێ ،سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
لێژنەی دارایی راتان تکایە.
**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
ئێمە لەگەڵ رای لێژنەی یاسایی لەبارەی ئەو ماددەیە کۆکین.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
جەنابی وەزیر چ تێبینی هەیە؟ نییە؟ کێ تێبینی لەسەر ئەو ماددەیە هەیە با دەستی بەرز بکاتەوە، مامۆستا مەلا هادی فەرمو.
**بەڕێز مەلا هادی کویخا:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
پشگیری رای لێژنەی یاسا دەکەم ،لەبەر ئەوەی لە ئەنجومەن بڕیاری لەسەر بدرێ نەک (ثلثي) ئەندامان، سوپاس
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
جارێکی تر بیخوێننەوە تاکو بیخەینە دەنگ دانەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**
**المادة الرابع عشرة:**
١- يجوز دعوة الهيئة العامة لاجتماع غير اعتيادي اذا ارتأى ثلث اعضاء الهيئة العامة او ثلث اعضاء المجلس يبين فيها الاسباب الموجبة لعقد الاجتماع وعلى المجلس عندئذ ان يصدر الدعوة حسب الاصول وان يعين موعد الاجتماع خلال مدة شهر من تاريخ تسجيل الطلب.
٢- لايجوز للهيئة العامة البحث في غير القضايا التي عقد الاجتماع من اجلها مالم تكن مرتبطة بها او متفرعة عنها.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
ئەو بەڕێزانەی ماددەی ١٤ پەسەند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە ،کێ پەسەندی ناکات؟ بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا
**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**
**المادة الخامسة عشر:**
١- لايتم نصاب الهيئة العامة في الاجتماع مالم تحضر الاكثرية المطلقة لاعضاء مجلس النقابة واذا لم يتم النصاب تجتمع الهيئة العامة بعد خمسة عشر يوماً من الموعد المقرر في نفس الوقت والمكان المحددين ويعتبر النصاب حاصلاً بحضور ثلث الاعضاء وعندئذ تصدر القرارات باغلبية اصوات الحاضرين وعند تساوي الاصوات يرجح الجانب الذي صوت فيه النقيب.
٢- لايجوز للعضو الاشتراك في اجتماعات الهيئة العامة اذا كان محروماً من مزاولة المهنة.

**بەڕێز كاكەڕەش نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە وەكو لێژنەی یاسایی تێبینیمان لەسەر ماددەكە نییە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لێژنەی دارایی فەرمون.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمەش هیچ تێبینیمان لەسەر نییە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە دەستیان بەرز بكەنەوە، مامۆستا مەلا تاهیر

**بەڕێز مەلا تاهیر زین العادین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

برگەی یەكەم لەمادده پازدە تاكو (عندئذ)هاتووە لە ماددەی ١٣ هەمووی هاتووە

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك ابراهیم سەعید فەرمو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بێ گومان مەبەستی كۆبونەوەی نائاساییە، دەبێ ئەوە زیاد بكرێ ،لەبەر ئەوەی ئەگەر ئاسایی بێت پێشتر لە پێناسەی دەستەی گشتی هاتووە، ئەو ماددەیە تایبەتە بە كۆبوونەوەی نائاسایی چونكە دوای ئەو برگەیە هاتووە با ئاماژەیەكی پێ بدەین بنووسین (لایتم نصاب الهیئة العامة في اجتماع غیر اعتیادي) سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك د. رزگار

**بەڕێز قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەكو مامۆستا مەلا تاهیر ئاماژەی بۆ كرد لە ماددەی ١٣ و ١٨ چارەسەری ئەو برگەیەی كردووە، هەردوو ماددەش هەن.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لە ماددەی ١٥ من پشگیری كاك ابراهیم سەعید دەكەم، ماددەكە بۆ كۆبوونەوەی نائاسایی هاتووە، هیچ تێبینی تر هەیە؟ نییە؟ ماددەی ١٥ش دەخەینە دەنگ دانەوە كێ ئەو ماددەیە پەسەند دەكات ؟ كێ پەسەندی ناكات؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسەند كرا.

**بەڕێز شـــــێـــــروان نـاصح حـــــەیدەری:**

المادة السادسة عشرة:

الهيئة العامة اعلى سلطة في النقابة ولها الصلاحيات التالية:

**١ـ انتخاب النقيب وثمانية اعضاء وعضوين للاحتياط لاشغال عضوية المجلس ولجنة الانضباط.**

٢ـ تصديق التقرير المالي.

٣ـ مناقشة التقرير الاداري والشؤون الاخرى واتخاذ القرارات حولها.

٤ـ اقرار الاقتراحات بشأن تعديل القانون واقرار لوائح الانظمة وتعديلاتها.

**بەڕێز کـــــاکـــە ڕەش نەقـــشـــبـــەندی:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــــەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسا تەنها رامان وایە لیژنەی بەرزەفتی لە کۆتایی برگەی یەکەم لابدرێ ،سوپاس

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــــەن:**

راپۆرتی ساڵانەیە یان هەر سێ ساڵ جارێکە؟ ، ئەوەش ئەگەر راڤەیەکی بکەن خراپ نییە، لیژنەی دارایی راتان.

**بەڕێز جـــەمـــــیـل عـــــەبدی سندی:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــــەن.**

تێبینی ئێمە لەسەر برگەی دووەمە وەکو جەنابتان فەرموتان لە جیاتی (تصديق التقرير المالي.) بکرێتە (تصديق الميزانية و الحسابات الختامية و التقرير المالي) میزانیەش دەبێتە سێ بەش هەر ساڵەو بەشی خۆی هەیە حساباتی مالیش بەم جۆرە و تقریری مالیش گشتیگر دەبێ بۆ هەر سێ ساڵ ، سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــــەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە، مامۆستا مەلا هادی فەرمو

**بەڕێز مـــــەلا هـادی کـــــوێـخـــــا:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــــەن.**

بە رای من پرۆژەکە چۆن هاتووە وابێ لیژنەی بەرزەفتی بمێنێ، دووەمین بۆ دووەمیش وابێ (مناقشة وتقرير المالي الدوري)، سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــــەن:**

کاک ابراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ئیـــبـــراهیم ســـەعـــیـد مـــحـــەمـــەد:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــــەن.**

لە سەندیکای پزیشکان گفتوگۆ زۆر لەسەر ئەمە کرا، لەوێ کۆکبووین کەوا بکرێت بە دوو بەشەوە یەکەم (تعقد الهيئة العامة اجتماعا اعتياديا لغرض ) سێ خاڵە، دووەم (يعقد مجلس النقابة

سنويا بالاشتراك مع الهيئة العامة) سێ خاڵی تر هەیە، بە رای من ئەگەر وەکو سەندیکای پزیشکانی لێ بێت روون تر دەبێت ، دەقەکەشی لای منە ئەگەر بوارم بدەن بیخوێنمەوە ، یان ئەگەر لایان بێت بچنە سەر ئەو دەقە بە بۆچونی من باشتر دەبێ و زۆر گفتوگۆشی لەسەر کراوە ،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماموّستا مەلا تاهیر فەرموو

**بەڕێز مەلا تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر کەسێ لێرە ئازادە کە رای خۆی دەر بڕێ، ناوەرۆکی ئەو ماددەیە کە دەڵێ دەستەی گشتی بەرز ترین دەسەلاتە لە ماددەی ١٣ دا هاتووە ، هەڵبژاردنی نەقیب و هەشت ئەندام دوو ئەندامی یەدەک بۆ جێگا گرتنەوەی دوو ئەندامی ئەنجومەن لەمادده ١٣ هاتووە ئایە ئەمە دووبارە نییە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێروان فەرمووو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەو تێبینیەی ماموّستا مەلا تاهیر ئاماژەی بۆ کرد، لە ماددەی ١٢ پێکهاتەی سەندیکامان ژماردنی دەستەی گشتی وئەنجومەنی سەندیکا و لیژنەی بەرزەفتی و لقەکانی سەندیکایە پاش ئەوە لە ماددەی ١٣ بە شەرحی یەکە یەکەیان دەست پێ دەکات بەدرێژی ئاماژە بە پێکهاتەیان دەکات، دەستەی گشتی ئەوەیە، ئەنجومەن ئەوەیە، لێژنەی بەرزەفتی ئەوەیە...دەسەلاتیان ئەوەیە،بۆیە دووبارە بۆتەوە، دووبارە بوونەوەکە شەرح و تەفصیلە ،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەلامی پرسیارەکانتان دایەوە؟.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ،بەلاّم زیادیەکیشمان هەیە، لە مادده ١٢ دەسەلاتی دەستەی گشتی نەهاتووە دەسەلاّتی ئەنجومەنی سەندیکا نەهاتووە دەسەلاتی لیژنەی بەرزەفتی نەهاتووە ، هی فروعی سەندیکا لەپارێزگاکان نەهاتووە تەنها بۆ ژماردنیانە ئەوەیتر بۆ دیاری کردنی دەسەلاّت و پێکهاتەکانیانە ،سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک د.ئیدریس فەرمو.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە برگەی چوارەم هاتووە دەڵێ(٤ـ اقرار الاقتراحات بشأن تعديل القانون واقرار لوائح الانظمة وتعديلاتها.) مرۆڤ وای لێ تێدەگا کە ئەوان بڕیاری هەمواری یاساکە دەدەن ،لەگەڵ ئەوەی لە کۆنگرەکە بڕیار لەسەر ئەو پێشنیارانە دەکرێ لەبارەی هەموار کردنی یاساکە بەلام دەبێ بەرز بکرێتەوە بۆ پەرلەمان تاکو بڕیار لەسەر هەمواری یاساکە بدرێ،ئایا لە دەسەلاتی سەندیکایە بڕیار لەسەر هەمواری یاساکە بدات؟ پێم باشە زیاتر روون بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

روونە، ئەوان بڕیار لەسەر پێشنیارەکان دەدەن ،بڕیار لەسەر یاساکە نادەن ، جائەو پێشنیارە دەچێ بۆ حکومەت ، یان لە ڕێگای ئەندامانی پەرلەمانەوە دێت بۆ پەرلەمان، لەبەر ئەوەی پەرلەمان یاسا هەموار دەکات، هیچ تێبینی تر هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟، کاک جەمیل فەرمو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر سەبارەت بە پێشنیارەکەمان لەسەر برگەی دووەم بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای بەڕێز وەزیری دارایی.

**بەڕێز سەرکیس ئاغاجان مامەندۆ/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بوودجە وەکو باوە لە ئەنجومەن گفتوگۆی لەسەر دەکرێ ،بەلام دەستەی گشتی تەسدیقی بوودجە و حسابکاری دوماهی و ڕاپۆرتی دارایی دەکات، بۆیە ڕای لێژنەی داراییمان لا پەسەندە،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئەو هەموارەشی بخەنە سەر تاکو روون بێت.

**بەڕێز کاکەرەش نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەقی ماددە شازدە بەم شێوەیە دەبێ :

الهيئة العامة اعلى سلطة في النقابة ولها الصلاحيات التالية:

**١ـ انتخاب النقيب وثمانية اعضاء وعضوين للاحتياط لاشغال عضوية المجلس ولجنة الانضباط.**

٢ـ تصديق الميزانية و الحسابات الختامية و التقرير المالي

٣ـ مناقشة التقرير الاداري والشؤون الاخرى واتخاذ القرارات حولها.

٤ـ اقرار الاقتراحات بشأن تعديل القانون واقرار لوائح الانظمة وتعديلاتها.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

نازانم (والشؤون الاخرى) چیيە؟ لە یاسادا ئەوە هەیە، دەبێ دیاری بكرێ لابدرێ باشترە

**بەڕێز كاكەرەش نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەبێ (شؤون اخرى) جارێكی تر بیخوێنمەوە؟

الهيئة العامة اعلى سلطة في النقابة ولها الصلاحيات التالية:

**١ـ انتخاب النقيب وثمانية اعضاء وعضوين للاحتياط لاشغال عضوية المجلس ولجنة الانضباط.**

٢ـ تصديق الميزانية و الحسابات الختامية و التقرير المالي

٣ـ مناقشة التقرير الاداري واتخاذ القرارات حولها.

٤ـ اقرار الاقتراحات بشأن تعديل القانون واقرار لوائح الانظمة وتعديلاتها.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ماددەی شازدە دەخەینە دەنگ دانەوە كێ ماددەی ١٦ وەكو خوێندرایەوە پەسەند دەكات با دەستی بەرز بكاتەوە ؟ كێ پەسەندی ناكات؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسەند كرا.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

المادة السابعة عشرة:

يتألف مجلس النقابة من:

**١ـ النقيب: ويشترط فيه ان يكون له ممارسة فعلية لاتقل عن سبع سنوات.**

**٢ـ اعضاء المجلس: ويشترط فيهم ان يكون لهم ممارسة فعلية لاتقل عن خمس سنوات.**

**٣ـ ينتخب المجلس بالاقتراع السري من بين اعضائه نائباً للنقيب وسكرتيراً ومسؤولاً للمالية وتحدد صلاحياتهم بالنظام الداخلي.**

**٤ـ يعقد المجلس جلساته الاعتيادية مرة واحدة في الشهر على الاقل كما يجوز له عقد جلسات غير اعتيادية بدعوة من النقيب او بطلب ثلث اعضائه.**

**بەڕێز كاكەرەش نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە پێشنیارەكەمان وەكو لیژنەی یاسا بەم شێوەیەیە

الفقرة الاولى: جعل مدة الممارسة بالنسبة للنقيب(١٠)عشرة سنوات بدلاً من(٧)سبعة سنوات الواردة في المشروع.

الفقرة الثانية: جعل مدة الممارسة بالنسبة لاعضاء المجلس (٧)سبعة سنوات بدلاً من(٥)خمسة سنوات الواردة في المشروع.

تەنها ماوە كانیانمان دەست كاری كردەوە

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی فەرمون.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبارەی ماوەکە کە بکرێتە ١٠ بە ٧ وەکو لیژنەی یاسا پێشنیاری کرد ئێمە لەگەڵین، بەلام بۆ نەقیب بکرێتە (الفقرة الاولى: جعل مدة الممارسة بالنسبة للنقيب(٧) سنوات و مقيما في الاقليم) چونکە لەمەرجەکانی ئەندامیەتی پێشودا هەبوو بۆ مەرجی نەقیب ئەو کاتە لامان دا لێرە دەبێ مەرجی نەقیب هەبێ کە (مقيم في الاقليم)ە ئەو کاتەش من پێشنیارم کرد، جەنابت ئەو کاتە گوتت بابێینە سەری ئەوجا گفتوگۆی لەسەر دەکەین، ،سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ تێبینی هەیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە تاکو ناونووسیان بکەین ، کاک فرەنسۆ

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشگیری لە قسەکەی کاک جەمیل دەکەم ، بەلام نەک تەنها نەقیب، ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکاش ئەوانیش دەبێ بوونیان لە هەرێمدا هەبێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک برهان جاف فەرمو.

**بەڕێز برهان علی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیم لەسەر برگەی سێیەم هەیە لە دەسەلاتی ئەنجومەنە کە لیژنەی بەرزەفتیش دابنێت کەچی لێرەدا نەهاتووە (**ينتخب المجلس بالاقتراع السري من بين اعضاءه نائباً للنقيب وسكرتيراً ومسؤولاً للمالية وتحدد صلاحياتهم بالنظام الداخلي**.)من پێشنیار دەکەم (و لجنه الانضباط) دارایی للماليه زیاد بکرێ سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ڕەجەب شەعبان فەرموو

**بەڕێز ڕەجەب شەعبان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە خاڵی چوارەمدا کە دەڵێ(**يعقد المجلس جلساته الاعتيادية مرة واحدة في الشهر على الاقل كما يجوز له عقد جلسات غير اعتيادية بدعوة من النقيب او بطلب ثلث أعضائه**.) پێویستە لێرە بکرێتە (**اكثرية اعضائه**)،لەبەر ئەوەی لە ماددەی ١٤ گوتراوە ( يجوز دعوة الهيئة العامة لاجتماع غير اعتيادي اذا ارتأى ثلث اعضاء الهيئة العامة او اكثرية المجلس) نەوەک هاودژیەک دروست ببێت لێرە (اكثرية اعضائه) باشترە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە بۆ کۆبوونەوەی دەستەی گشتیە ئەوەی تر بۆ کۆبوونەوەی ئەنجومەنی سەندیکایە، سێ یەکی دەستەی گشتی دەتوانن داوای کۆبوونەوەی دەستەی گشتی بکەن ،و سێ یەکی ئەندامانی ئەنجومەنیش دەتوانن داوای کۆبوونەوەی ئەنجومەن بکەن، کاک مەلا هادی

**بەڕێز مەلا هادی کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من رام وایە پرۆژەکە چۆنە هەر وابێ و پشگیری رای کاک برهان دەکەم، کە لیژنەی بەرزەفتی لەگەڵدا بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادام لیژنەی بەرزەفتی لە لایەن دەستەی گشتییەوە هەڵنابژێردرێ پێویستە ئاماژە بکرێ کەوا لەلایەن ئەنجومەنی سەندیکاوە دەبێ ، لیژنەی یاسایی فەرمون.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ماددەی ٢٢ بخوێنینەوە دەڵێ(تؤلف لجنة الانضباط من ثلاثة اعضاء اصليين وعضوين احتياط تنتخبهم الهيئة العامة.) پێشنیاری لیژنەش دەڵێ (ينتخبهم مجلس النقابة) بەلاَم هێشتا نەهاتوینەتە سەر ماددەکە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتا راتان وایە ماددەکە لەوێ وا بمێنێتەوە ، بەو شێوەیە بگۆڕدرێ و لێرە زیاد نەکرێ ، ئەگەر لێرە زیاد بکرێ دەتوانین ئەو ماددەیە لەغو کەین.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە هەموو سەندیکاکانی تریش وامان کردووە، بە ماددەیەکی سەربەخۆ دامان ناوە

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە، ئەگەر وەلاَمی پرسیارەکانتان هەیە، فەرموون

**بەڕێز کاکەرەش نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنها بۆ مەرجەکانی ئەندامیەتی، ئێمە دەڵێین تەنها خەڵکی کوردستان بێت یان مقیم بێت لێرە، واتا ئەگەر مقیم بوو یان خەڵکی ئێرە بوو دەبێتە ئەندامی سەندیکا، کەبێتە ئەندامی سەندیکا و مەرجەکانیشی تێدا دەستەبەر بوو دەتوانێ و مافی هەیە خۆی بپاڵێوێ، بە ڕای من بابەتەکە چارەسەر کراوە، کە مقیم نەبێ لە بنەرەتدا نابێتە ئەندام.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هەر بۆ ئاگاداری ئەگەر كارەبا كوژایەوە دانیشتنەكەمان دوادەخەین بۆ ڕۆژی پێنج شەم، ئێستا بەردەوام دەبین لەسەر گفتوگۆ كردنی ماددەی ١٧ ،ئەو بەڕێزانەی ناونووس كرابوون قسەیان كرد، لێژنەی یاسایی ماددەكە بخوێننەوە

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

ئێستا ماددەكەو پێشنیارەكەی لێژنەتان بۆ دەخوێنمەوە

المادة السابعة:

يتألف مجلس النقابة من:

**١ـ النقيب: ويشترط فيه ان يكون له ممارسة فعلية لاتقل عن سبع سنوات.**

**٢ـ اعضاء المجلس: ويشترط فيهم ان يكون لهم ممارسة فعلية لاتقل عن خمس سنوات.**

**٣ـ ينتخب المجلس بالاقتراع السري من بين اعضائه نائباً للنقيب وسكرتيراً ومسؤولاً للمالية وتحدد صلاحياتهم بالنظام الداخلي.**

**٤ـ يعقد المجلس جلساته الاعتيادية مرة واحدة في الشهر على الاقل كما يجوز له عقد جلسات غير اعتيادية بدعوة من النقيب او بطلب ثلث اعضاءه.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سەبارەت بە (مقيماً في الاقليم) وەلامتان هەبوو لەسەری؟.

**بەڕێز كاكەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە وەلامّان دایەوە وتمان مەرجەكانی بە ئەندام بوون ئەوەیە كە بەپێناسە خەڵكی كوردستان بێت، یا نیشتەجێی كوردستان بێت، هەر كەسێكیش كە مەرجەكانی بە ئەندام بوونی تیادا بوو ئەوە بۆی هەیە كە خۆی هەڵبژێرێت وەكو نەقیب، ئەگەر مەرجی «٧» ساڵەكەی تیادا بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من وای بۆ دەچم كە ئەگەر «مقيماً في الاقليم»ی بخەینە سەر، وا پیشان ئەدات كەوا زۆربەی ئەندامانی سەندیكاكە لە دەرەوەی كوردستانن، بەڵام لە ڕووی كاریگەرییەوە نەقیب نابێت لە دەرەوەی هەرێم بێت، هەروەها ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیكا نابێت لە دەرەوەی هەرێم بن، بەڵام ئەگەر ئەوە بخرێتە ناو یاساكەوە ئەوە دەرئەخات كەوا ئەندامانی سەندیكا زۆربەیان لە دەرەوەن و لێرە ئەركیان هەیە، لە یاساكەدا لەنگییەك دروست دەكات، بەڵام ئەوەی كە دەبێت بە نەقیب پێویستە لێرە دانیشێت، هەر وەكو هەموو سەندیكاو ئیشەكانی تر كە هەیە، ماددەی «١٧» بەو شێوەیەی كە خوێنرایەوە دەخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ماددەی «١٧»دایە؟..سوپاس.. كێ لەگەڵ نییە؟..كەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند كرا، دێینە سەر ماددەی «١٨» فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة الثامنة عشرة:

١ـ يتم النصاب في المجلس بحضور أكثرية الاعضاء وتصدر القرارات بأغلبية أصوات الحاضرين وعند تساويها يرجح الجانب الذي صوت فيه النقيب.

٢ـ إذا شغر مركز النقيب لاي سبب كان يحل محله نائبه أو السكرتير في حالة شغور مركز النائب.

٣ـ يحل محل النقيب أحد الاعضاء الاصليين بالاقتراع السري في حالة شغور مناصب النقيب ونائبه والسكرتير.

٤ـ على المجلس دعوة الهيئة العامة لاجتماع غير اعتيادي خلال مدة لا تزيد على شهرين لغرض انتخاب النقيب على ان لا تقل المدة المتبقية عن « ٦ » أشهر.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی یاسا فەرموو.

**بەڕێز كاكەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تێبینی ئێمە لەسەر ماددەی «١٨» بەم شێوەیەیە:

المادة الثامنة عشرة:

تقترح اللجنة إعادة صياغة الفقرة الثانية من هذه المادة وكالاتي:

(٢ـ إذا شغر مركز النقيب لأي سبب كان يحل محله نائبه أو السكرتير إذا كان مركز النائب شاغراً على ان لا تقل المدة المتبقية للدورة عن سنة كاملة).

تقترح اللجنة إعادة صياغة الفقرة الثالثة من هذه المادة وكالاتي:

(٣ـ إذا شغرت مناصب أكثرية اعضاء المجلس فعلى المجلس دعوة الهيئة العامة للاجتماع لإنتخاب من يملؤها وبنفس الطريقة المبينة في هذا القانون على ان لا تقل المدة المتبقية للدورة عن سنة كاملة).

وبالنسبة للفقرة الرابعة من هذه المادة فتوصي اللجنة بإلغائها.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بە چ هۆیەكەوە داوای هەڵوەشانەوەی بڕگەی «٤» دەكەن.

**بەڕێز كاكەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە بڕگەی «٢ و ٣»دا چارەسەر كراوە، جا پێویستی بە بڕگەی «٤» نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوەی ئەچێتە جێگای نەقیب بەپێی بڕگەكانی تر بۆی هەیە بچێتە جێگای بۆ ماوەی «٢»

مانگ، نەک بۆ ماوەی «٦» مانگ، یا ساڵێک، نەقیب ئەبێت بەشێوەیەکی راستەوخۆ لە دەستەی گشتییەوە هەڵبژێردرێت، ئەگەر ماوەکە کەم بوو تەنها چەند مانگێک بوو ئەوە جێگرەکەی ئیشەکەی ئەکات، بەڵام ئەگەر لە «٢ و٣» زیاتر بوو ئەوە پێویستە نەقیبێکی تر هەڵبژێردرێت، ئەوە برگەی «٤» وادەڵێت، کەواتە برگەیەکی گرنگە وهی ئەوە نییە کە هەڵوەشێنرێت.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە برگەی «٤» دەڵێت: (ئەگەر لە ماوەکە «٦» مانگی مابێت)، کەواتە لە «٦» مانگ کەمتر بێت ئەوە نایگرێتەوە، بەڵام بە ڕای ئێمە لە ساڵێک کەمتر نەبێت، ئەگەر ساڵێک مابوو ئەوە با بە بەتاڵی بمێنێتەوە، بەڵام ئەگەر لەساڵێک زیاتر بوو ئەو کاتە داوا لە دەستەی گشتی دەکات کە نەقیب هەڵبژێردرێت، زۆربەی سەندیکاکانیش بەو شێوەیەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ڕای لیژنەی دارایی، فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ ئەوە داین کەوا برگەی «٤» بمێنێتەوە، ئەگەر ماوەکە لە «٦»مانگ زیاتر بوو ئەوە دووبارە داوای ئەنجومەنی گشتی بکرێت و هەڵبژاردن بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەو بەڕێزانەی کە تێبینیان هەیە با دەستیان بەرز کەنەوە، بەڕێز مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە ڕای من ماددەکە لە جێگای خۆیەتی، ئەگەر لە ساڵێک زیاتر بوو ئەوە مافی خۆیانە کەوا جارێکی تر نەقیب هەڵبژێرن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک شێخ رەقیب فەرموو.

**بەڕێز رەقیب حسێن مەلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پشتگیری لە قسەکانی مەلا هادی دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕای ئێمە ئەوەیە ئەگەر ئەو ماوەیەی کە مابوو لە ساڵێ زیاتر بوو ئەوە دەبێت داوای دەستەی گشتی بکرێت بۆ ئەوەی هەڵبژاردن بکرێت، بەڵام ئەگەر لە ساڵێک کەمتر بوو ئەوە جێگرەکەی دەتوانێت جێگای بگرێتەوە، تاوەکو ساڵەکە تەواو دەبێت، چونکە «٦» مانگ زۆر کەمە، لەبەر ئەوە ڕای ئێمە لەسەر ساڵێکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە پێشنیارەکەی خۆتان بخوێننەوە تاوەکو بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

المادة الثامنة عشرة:

١ـ يتم النصاب في المجلس بحضور أكثرية الاعضاء وتصدر القرارات بأغلبية أصوات الحاضرين وعند تساويها يرجح الجانب الذي صوت فيه النقيب.

(٢ـ إذا شغر مركز النقيب لأي سبب كان يحل محله نائبه أو السكرتير إذا كان مركز النائب شاغراً على ان لا تقل المدة المتبقية للدورة عن سنة كاملة).

(٣ـ إذا شغرت مناصب أكثرية اعضاء المجلس فعلى المجلس دعوة الهيئة العامة للاجتماع لإنتخاب من يملؤها وبنفس الطريقة المبينة في هذا القانون على ان لا تقل المدة المتبقية للدورة عن سنة كاملة).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرسیارێکم هەیە، ئەگەر لە «السنة الكاملة» کەمتر بوو ئەوە چۆنە؟.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر لە ساڵێک کەمتر بوو ئەوە جێگرەکەی جێگای دەگرێتەوە، بەڵام ئەگەر لە ساڵێک زیاتر بوو ئەوە داوا لە دەستەی گشتی دەکرێت کەوا جارێکی تر هەڵبژاردن بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ئیبراهیم دۆغرەمەچی فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم عەبدولقادر دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەگوێرەی برگە«٣» ڕاستە دەڵێت: «أكثرية أعضاء المجلس»، بەڵام ئێمە ئەندامی یەدەکمان هەیە و ئەوان بەسەر دەکەون، کە یەدەگەکان بەسەر کەوتن ئەوە ئەنجومەنەکە تەواو ئەبێت و، ساڵەکەش لە جێگای خۆیەتی، یاخود دەتوانن لە ماوەی ئەو ساڵە ئیشوکاری خۆیان بڕوێنن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جارێکی تر بیخوێننەوە تاوەکو بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة الثامنة عشرة:

١- يتم النصاب في المجلس بحضور أكثرية الاعضاء وتصدر القرارات بأغلبية أصوات الحاضرين وعند تساويها يرجح الجانب الذي صوت فيه النقيب.

(٢- إذا شغر مركز النقيب لأي سبب كان يحل محله نائبه أو السكرتير إذا كان مركز النائب شاغراً على ان لا تقل المدة المتبقية للدورة عن سنة كاملة).

(٣- إذا شغرت مناصب أكثرية اعضاء المجلس فعلى المجلس دعوة الهيئة العامة للاجتماع لإنتخاب من يملؤها وبنفس الطريقة المبينة في هذا القانون على ان لا تقل المدة المتبقية للدورة عن سنة كاملة).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا ئەم پێشنیارەی لیژنەی یاسا دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ماددەی«١٨»دایە بەم شێوەیەی کە خوێنرایەوە؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟.. کەواتە بە گشتی دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین، دێینە سەر ماددەی «١٩».

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة التاسعة عشرة:

يعتبر عضو المجلس مستقيلاً إذا تغيب عن حضور ثلاث جلسات متتالية أو خمس جلسات متفرقة خلال سنة دون عذر مشروع.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی یاسا تکایە.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسا هیچ لاریمان لەسەر ماددەکە نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ڕای لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش هیچ لاریمان نییە لەسەر ئەم ماددەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەو بەڕێزانەی کە تێبینییان هەیە لەسەر ئەم ماددەیە بادەستیان بەرز کەنەوە، تێبینیی

نیـــــیـــــه؟، کـــهواته مـــاددەی «١٩» ئەخـــەینە دەنگدانەوە، کێ لەگـــەڵ مــــاددەی «١٩»دایە؟..سوپاس..کێ لەگەڵ نییە؟ کەواتە بە گشتی دەنگ پەسەند کرا، سوپاس، دێینە سەر ماددەی «٢٠» فەرموو.

**بەڕێز شـــــێـــــروان ناسح حـــــەیدەری:**

المادة العشرون:

لمجلس النقابة الاختصاصات التالية:

١ـ إعداد وتصديق الميزانية السنوية.

٢ـ العمل على تحقيق أهداف النقابة حسب ما جاء في المادة الثالثة من هذا القانون.

٣ـ تقديم المقترحات بشأن تعديل قانون النقابة وأنظمتها الى الهيئة العامة.

٤ـ تنفيذ مقررات الهيئة العامة.

٥ـ تعيين مستخدمي النقابة وتحديد اجورهم.

٦ـ النظر في طلبات الانتماء وإقرار قبول الاعضاء والمشاركين.

٧ـ أختيار من يمثل النقابة في اللجان الرسمية وغيرها في حالة عدم تمثيل النقيب لذلك.

٨ـ تقديم الاقتراحات لتعديل القوانين بالنسبة للمهن الاقتصادية.

٩ـ إحالة القضايا و الشكاوي التي ترد اليها الى الجان المختصة.

١٠ـ تأسيس فروع للنقابة في المحافظات.

١١ـ تشكيل لجان فرعية لتحقيق أغراض النقابة.

١٢ـ البت في إستقالة النقيب أو أي من أعضاء النقابة ولجانها بشرط ان تعرض على أول اجتماع للهيئة العامة.

١٣ـ تعيين ممثلي النقابة في المحافظات والاقضية التي ليس لها فروع.

١٤ـ أختيار مراقب حسابات لاجراء التدقيق السنوي.

١٥ـ تنظيم الاوراق الانتخابية والوثائق الاخرى والاشراف على عملية الانتخاب.

١٦ـ إصدار التعليمات الموافقة لهذا القانون والانظمة الصادرة بموجبه لغرض تسهيل تطبيقها.

١٧ـ إقرار تملك الاموال والعقارات وقبول الهبات والمنح.

١٨ـ حق الاقراض والاقتراض وتقديم المساعدات المالية.

١٩ـ تأسيس وإدارة نوادي الاقتصاديين وفقاً لقانون الجمعيات والانظمة الخاصة بها.

٢٠ـ تخويل بعض صلاحياته الى لجان الفروع وممثلي النقابة بالمحافظات والاقضية.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن:**

ڕای لیژنەی یاسا تکایە.

**بەڕێز کـــاکـــەڕەش مـــحـــەمـــەد نەقـــشـــبـــەندی:**

ڕای لیژنەی یاسا بەم شێوەیەیە:

المادة العشرون:
توصي اللجنة بالغاء الفقرة «١٣» الثالثة عشرة من هذه المادة وإعادة صياغة الفقرة عشرون من هذه المادة كالاتي:
«٢٠ ــ تخويل بعض من صلاحياته الى فروع النقابة في المحافظات».

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
ڕای لیژنەی دارایی تکایە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
تێبینیی ئێمە تەنها لەسەر برگەی «١»ە و، تسدیق کردنی میزانیەش لە کارەکانی دەستەی گشتییە، برگەی «١» بەم شێوەیەی لێ بێت: ( إعداد الميزانيه السنويه والحسابات الختاميه)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
لە سەندیکای پزیشکان بەو شێوەیەمان لێ کرد کەوا تسدیق کردنی بودجەی ساڵانە لەگەڵ بودجەی حکومەتدا بەیەکەوە بڕوات و، ناشکرێت هەموو ساڵێک کۆبوونەوەی دەستەی گشتی بکرێت تەنها بۆ تسدیق کردنی بودجەی ساڵانە، بۆیە ئەو دەسەڵاتەمانە دا بە ئەنجومەنی سەندیکا، ئەو بەڕێزانەی کە تێبینییان هەیە تکایە دەستیان بەرز کەنەوە، کاک سیروان کاکەیی فەرموو.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
تەنها تێبینیم لەسەر وشەی «الاختصاصات»ە پێموایە کەوا ئەو وشە «صلاحيات»ە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
سوپاس، خۆی هەندێکی ئەرکەو هەندێکی تریشی دەسەڵاتە، جا «أختصاصات» لە شوێنی خۆیەتی ئەوە شتێکی ترە، کاک ئەمین مەولود فەرموو.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
بەراستی ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ماددەی «١٦» تسدیق کردنی ڕاپۆرتی داراییمان گۆڕی و، کردمان بە تسدیق کردنی بودجە، دەستەی گشتیش «٣» مانگ جارێک کۆ دەبێتەوە، واتا چۆن دەتوانن تسدیقی بودجە بکەن، ئەمەش دژە لەگەڵ ئەم ماددەیەی ئێستا هاتووە کە دەڵێت: «إعداد و تصديق الميزانية السنوية»، لەلایەکەوە دەسەڵاتەکەمان داوە بە دەستەی گشتی، کەچی لێرە ئەمانەوێت بیدەینەوە بە ئەنجومەنی سەندیکا، لێرەدا بەڕای من ئەنجومەنی سەندیکا ناتوانن ئەم کارە بکەن، چونکە لە ماددەی «١٦» ئەو دەسەڵاتە درا بە دەستەی گشتی، دووەم، سەبارەت بە برگەی «١٧» تێبینییەکم هەیە کە بکرێتە: (إقرار تملك الاموال والعقارات وقبول الهبات والمنح

بموافقة الجهات المختصة) چونکە بەڕاستی لە هەندێ لە یاسای سەندیکاکانی تردا ئەوەمان تێبینیی کرد کەوا «هبە» لەوانەیە لە بیانییەوە بێت، جا ئەوە ڕەزامەندی لایەنە پەیوەندیدارەکانی پێویستە، هەروەها وشەی «الاقضیة» لە بڕگەی «٢٠»دا زیادە وبەڕای من هەڵگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاک ئەمین تێبینییەکانی منی گوت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەوانەی کە بەڕێز کاک ئەمین باسی کردن، ئەو دەسەڵاتەی کە دراوە بە دەستەی گشتی ئەوە چوارچێوەی بودجەی گشتی-بوو، ئەوە بودجەی ساڵانە بوو کەوا بۆ خۆیان چەند دادەنێن، لەوێ نەوتراوە «میزانیە سنویە» بەڵکو نووسراوە «المیزانیە» کەواتە بەشێوەیەکی گشتی، سەبارەت بە «الاقضیە» هەر نابێت نوێنەر لە قەزا و ناحیەکاندا هەبێت، ئەوە لە پێشنیاری ئێمەدا هەر نەماوە، چونکە نوێنەر تەنها لە پارێزگاکاندا دەبێت، سەبارەت بە «هبات» ڕاستە لە هەندێ سەندیکا وامان کرد کەوا «هبات» ئەگەر لەلایەنێکی بیانییەوە بێت دەبێت بە ڕەزامەندی لایەنە پەیوەندیدارەکان بێت، بەڵام ئێمە «منح» و«الهبات»مان لەیەک جیا کردەوە، «منح» وەرگیرێت، بەڵام «هبات» بە ڕەزامەندی لایەنەپەیوەنددارەکان دەبێت، ئەگەر بکرێتە بڕگەیەکی جیاواز باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی تر هەیە؟، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

«إعداد الحسابات الختامیة» شتێکی بنەڕەتییە پاش بودجەی هەر ساڵێک، لە بڕگەی یەکەمدا «والحسابات الختامیة»ی بۆ زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، مەبەستمان تەنها یەک شتە سەبارەت بە ئەنجومەن، مەبەستمان ئەنجومەنە بۆی هەبێت حسابات و بودجەی ساڵێک دانێ، چونکە وەزارەتی دارایی بەپێی یاسای سەندیکاکان بۆی هەیە تەماشای بودجە و چۆنیەتی سەرف کردنیان بکات، واتا ئەبێت «حسابات الختامیە»ی ساڵانەیان

هەبێت، بەڵام دەستەی گشتی خۆ هەموو ساڵێک کۆ نابێتەوە، بەڵکو «٣» ساڵ جارێک کۆ دەبێتەوە، جا دەبێت ئەوە ڕوون بێت، جا بە شێوەیەک دایڕێژن کەوا ڕوون بێت.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ڕیەکەی جەنابتانم، بەڵام «حسابات الختامية» کێ ئامادەی دەکات؟، ئەنجومەنی سەندیکا، چونکە هەر ساڵێک چۆن وەزارەتی دارایی تسدیق کردنی بوودجە دەکات و پەسەندی دەکات، هەروەها تەماشای «حسابات الختامية»ش دەکات، کەوا بزانێ بەپێی ئەو بودجەیە ڕۆیشتووە، یا نە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی دەیخوێنمەوە زیادە و هەموار کردنی ماددەکەیە:

لمجلس النقابة الاختصاصات التالية:

١ـ إعداد وتصديق الميزانية السنوية والحسابات الختامية.

٢ـ العمل على تحقيق أهداف النقابة حسب ما جاء في المادة الثالثة من هذا القانون.

٣ـ تقديم المقترحات بشأن تعديل قانون النقابة وأنظمتها الى الهيئة العامة.

٤ـ تنفيذ مقررات الهيئة العامة.

٥ـ تعيين مستخدمي النقابة وتحديد اجورهم.

٦ـ النظر في طلبات الانتماء وإقرار قبول الاعضاء والمشاركين.

٧ـ إختيار من يمثل النقابة في اللجان الرسمية وغيرها في حالة عدم تمثيل النقيب لذلك.

٨ـ تقديم الاقتراحات لتعديل القوانين بالنسبة للمهن الاقتصادية.

٩ـ إحالة القضايا و الشكاوي التي ترد اليها الى اللجان المختصة.

١٠ـ تأسيس فروع للنقابة في المحافظات.

١١ـ تشكيل لجان فرعية لتحقيق أغراض النقابة.

١٢ـ البت في إستقالة النقيب أو أي من أعضاء النقابة ولجانها بشرط ان تعرض على أول اجتماع للهيئة العامة.

١٣ـ قبول الهبات والتبرعات من الجهات الاجنبية بموافقة الجهات الرسمية.

١٤ـ إختيار مراقب حسابات لاجراء التدقيق السنوي.

١٥ـ تنظيم الاوراق الانتخابية والوثائق الاخرى والاشراف على عملية الانتخاب.

١٦ـ إصدار التعليمات الموافقة لهذا القانون والانظمة الصادرة بموجبه لغرض تسهيل تطبيقها.

١٧- إقرار تملك الاموال والعقارات وقبول الهبات والمنح.
١٨- حق الاقراض والاقتراض وتقديم المساعدات المالية.
١٩- تأسيس وإدارة نوادي الاقتصاديين وفقاً لقانون الجمعيات والانظمة الخاصة بها.
٢٠- تخويل بعض صلاحياته الى فروع النقابة في المحافظات.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، هیچ تێبینییەک لەسەر ئەم ماددەیە هەیە پاش هەمواركردنی؟، كاک ئەمین فەرموو.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ولاٌمەكەوە ئەوە بوو كە دەڵێت: «المیزانیة السنویة»، ئایا بودجەیەكی ترمان هەیە جگە لە بودجەی ساڵانە؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دەستەی گشتی «٣» ساڵ جارێک كۆ دەبێتەوە و تسدیق كردنی بودجە دەكات، فەرموو.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

خۆی لە ماددەی «١٦»دا بە تەواوی هاتبوو، تسدیق كردنی راپۆرتی دارایی پوختی بودجەی ئەو «٣»ساڵەی تیادایە، كە راپۆرتی دارایی پێشكەش ئەكرێت پوختەی چالاكییەكانی دارایی «٣» ساڵی سەندیكای تیادایە، بەلاٌم سەبارەت بە ئەنجومەنی سەندیكاوە ئەوە خۆی بودجەی ساڵانەیە، چونكە بودجەیەكی ترمان نییە، جگە لەو بودجەیە، كەواتە دەستەی گشتی پەیوەندی بە تسدیق كردنی بودجەوە نییە، بەڵكو ئەنجومەنی سەندیكا ئەو كارە دەكەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئێستا ئێمە لەسەر بنەماكەی رێككەوتوین، بەلاٌم ئەمانەوێت ئەنجومەن كێشەی نەبێت لەسەر «حسابات الختامیة»ی ئەو ساڵە، جا ئەگەر كێشە لە ماددەی «١٦»دا هەیە ئەوە پاشان دەگەڕێینەوە سەری، فەرموو.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وشەی «المیزانیە» لە برگە «١٦»دا ئەبێت بە «میزانیات»، واتا «٣» ساڵەكە دەگرێتەوە، ئەوكاتە كێشەكە نامێنێت لە نێوان ئەو دوو ماددەیەدا، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دەربارەی ئەوەی مامۆستا ئەمین مەولود فەرمووی لە مادده (١٦)، (اعداد وتصدیق المیزانیة والحسابات الختامیة)، میزانیەی گشتی ئەوان هی سێ ساڵە، لێرە تەنها هی ساڵێكە هاتووە

ماموّستا ئەمین مەولود زۆر دەوامی کردووە لە دەزگاکان و شارەزایە، دەزگا گەورەکان پرۆژەیەکی دیاری کراو کە داخلی پلان دەکریت بە یەک ساڵ بە حکومەت ناکریت ئەو میزانیە بۆیە دادەنریت پارەی بۆ دادەنریت بۆ سێ ساڵ یان پێنج ساڵ، هەر ساڵێک بەشێکە لەوەی کە پەسند کراوە ئەگەر بڵێین برە گشتییەکە (١٠) ملیارە بۆ هەر ساڵێک دوو ملیار تەرخان کراوە. ساڵانە دەزانن چ بەشێک جێبەجێ دەبێت لەو دوو ملیۆنە هی پێنج ساڵ پەسند کراوەو هی ساڵانەش پەسند کراوە تیایدا دابەش کراوە،لێرە هیچ (تناقض)ێک نییە مادام وشەی (السنوية) هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ئەمین مەولود فەرمو.

**بەڕێز ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمانە خطەیە خطەی پێنج ساڵی هەیە، خطەی سێ ساڵی هەیە، بەڵام میزانیە نین، چونکە میزانیە ساڵانەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ئیبراهیم سەعید فەرمو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە (الانتماء، قبول الاعضاء، والمشاركين الفخريين)، هەیە کە بە بڕیاری ئەنجومەنە ئەویش زیاد بکرێت لە برگە (٦)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا گرنگ ئەوەیە لە بابەتی میزانیەکە بێیننەوە، مەلا هادی فەرمو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەمزانیوە میزانیەی سێ ساڵی هەبێت، کاک جەمیل برگەیەکی خوێندەوە ئەگەر چاک بکرابایە باشتر دەبوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێروان فەرمو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

میزانیە لە مادده (١٦) بەشێوەیەکی گشتی هاتووە، بەڵام بوودجەی ساڵانە نەهاتووە، لە مادده (٢٠) بەشێوەی ساڵانە هاتووە، ساڵانەکەش دراوەتە ئەنجومەن ئەو سێ بوودجەیە هی ئەو سێ

ساڵە كۆدەكرێتەوە و پێشكەشی دەستەی گشتی دەكرێت، دەستەی گشتیش پەسندی دەكات بابەتەكە بەو شێوەیەیە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئینجا لە ماددەی (١٦) بیكەن بە (میزانیات) باشترە، چونكە میزانیە خۆی ساڵانەیە، پێناسەی بوودجە ساڵانەیە بوودجەی دوو ساڵ و سێ ساڵ دانانرێت. ماددەی (٢٠) بەو شێوەیەی كە خوێندرایەوە دەیخەینە دەنگدانەوە. تكا لەو بەڕێزانە دەكەم كە ماددە (٢٠) پەسند دەكەن دەستیان بەرز بكەنەوە.. سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی پەسندی ناكەن تكایە دەستیان بەرز بكەنەوە.. بە گشتی دەنگ وەرگیرا. ماددەی (٢١) بخوێننەوە تكایە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة الحادية والعشرون:**

للنقيب الصلاحيات التالية:

١- يرأس اجتماعات الهيئة العامة ومجلس النقابة.

٢- تمثيل النقابة في كافة المعاملات لدى المراجع القضائية والهيئات الرسمية وشبه الرسمية والاهلية والمصادقة على المعاملات والوثائق الخاصة بالنقابة وله تخويل بعض صلاحياته الى احد اعضاء مجلس النقابة.

٣- تأييد ملائة منتسبي النقابة لاغراض الكفالات.

**بەڕێز كاكەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕێز شێروان حەیدەری دارشتنەكەی ئێمەی خوێندەوە تەنیا لە برگە (٣) وشەی (ملائمە) دەكرێت بە (ملائة منتسبي النقابة لاغراض الكفالات)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی فەرمو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمەش هەمان تێبینی لیژنەی یاسامان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینییان لەسەر ماددە (٢١) هەیە تكایە دەستیان بەرز بكەنەوە.

وا دیارە نییە دەیخەینە دەنگدانەوە. تكا لەو بەڕێزانە دەكەم كە ماددەی (٢١) بەو شێوەیەی كە خوێندرایەوە پەسندی دەكەن دەستیان بەرز بكەنەوە.. زۆر سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی پەسندی ناكەن دەستیان بەرز بكەنەوە.. بە گشتی دەنگ ماددەی (٢١) وەرگیرا، فەرموو ماددە (٢٢) بخوێننەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة الثانية والعشرون:**

تؤلف لجنة الانضباط من ثلاثة اعضاء اصليين وعضوين احتياط تنتخبهم الهيئة العامة.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسا بەو شێوەیە پێشنیاری کردووە: تقترح اللجنة اعادة صياغة هذه المادة وكالآتي: (تؤلف لجنة الانضباط من ثلاثة اعضاء اصليين وعضوين احتياط تنتخبهم مجلس النقابة) لە جیاتی (الهيئة العامة).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی دارایی فەرموون.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چونکە دەسەڵاتەکانی (الهيئة العامة) لابرا (حذف) ببوو، لێرە لیژنەی ئینزبات با لە دەسەڵاتی ئەنجومەن بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینییان هەیە لەسەر مادده (٢٢) تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە. دیارە کەس تێبینی نییە، کەواتە مادده (٢٢) دەخەینە دەنگدانەوە. تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە مادده (٢٢) بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە دەستیان بەرز بکەنەوە.. سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە.. بە زۆربەی دەنگ ماددەی (٢٢) وەرگیرا، تەنها یەک دەنگ دژە. ماددەی (٢٣) بخوێننەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة الثالثة والعشرون:

تطبق احكام قانون انضباط موظفي الدولة من قبل لجنة الانضباط.

**بەڕێز کاکە رەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینی لیژنەی یاسا لابردنی ئەو ماددەیە.

توصي اللجنة الغاء هذه المادة لورود العقوبات التي تصدرها لجنة الانضباط في مادة (٢٤).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی فەرموون.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش لارییمان نییە، هەرچەندە ئێمەش لەگەڵ دەقی ماددەکەدا بووین، بەڵام لە هەمان کاتیش لارییمان نییە، ئەگەر ڕای لیژنەی دارایی پەسند بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز وەزیری دارایی فەرمو.

**بەڕێز سەرکیس ئاغاجان مامەندۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پشتگیری لە ڕای لیژنەی یاسا دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئەو ماددەیە بمێنێت زیانی هەیە؟.

دەیخەینە دەنگدانەوە کە ماددەی (٢٣) لەغو بکرێت.

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە پێشنیاری لیژنەی یاسا پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە.. سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی پێشنیارەکە پەسند ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە..بە زۆربەی دەنگ ماددەی (٢٣) لەغو کرا. ئێستا ماددەی (٢٤) دێتە جێگای ماددە (٢٣).

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة الثالثة والعشرون:**

للجنة الانضباط اصدار اي من العقوبات التالية:

١- الفات النظر.

٢- الانذار.

٣- المنع من مزاولة المهنة لمدة ستة اشهر.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی یاسا فەرموون.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لارییمان نییە لەسەر ماددەکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی فەرموون.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی یاساکەداین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینییان هەیە تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە. د. رزگار فەرمو.

**بەڕێز د. قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم شلوپەتییەک هەبێت واتە مرونەیەک هەبێت بۆ لیژنەی ئینزبات دیاری کردنی (٦) مانگ هەندێک ڕەقی تێدایە، لەبەرئەوە با کەمترین و بەرزترین ڕادە دابنرێت بۆ سزاکە (لا تقل عن ثلاثة اشهر ولا تزيد عن ستة اشهر)، ئەوە پێشنیاری من بوو سوپاس.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئەو ماوەی (٦) مانگە زۆر بە گونجاو دەبینین، دووەمیش ئەو ماوەیە سەندیکاکە خۆی دایناوە بۆ ئەندامانی خۆی بەڕای من ئەوە زیاتر پەیوەندی بەوانەوە هەیە و، شتێکی تایبەتییە، سزای گشتی نییە بۆ ئەوەی نزمترین و بەرزترین ڕادەی بۆ دابنرێت، ئەمە پێشنیاری خۆیانەو زۆر زۆر باش هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەی (٢٣) دەخەینە دەنگدانەوە. تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە ماددە (٢٣) پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە؟.. زۆر سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە.. ماددەی (٢٣) پەسند کرا. ماددەی (٢٤) بخوێننەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة الرابعة والعشرون:**

قرارات لجنة الانضباط قابلة للطعن لدى محكمة تمييز الاقليم خلال مدة(١٥)خمسة عشر يوماً من تاريخ التبلغ بالقرار ويكون قرار المحكمة باتاً.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕای لیژنەکەمان بەو شێوەیەیە:

تقترح اللجنة جعل مدة الطعن الواردة في هذه المادة من(١٥)يوماً الى(٣٠)يوماً.

بۆ ئەوەی ماوەیەک دابنرێت بۆ کەسەکە چاوێک بە بابەتەکەدا بخشێنێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی فەرمو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەداین بەڵام لاریشمان نییە لەسەر تێبینی لیژنەی یاسا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینییان هەیە تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە. وا دیارە نییە، لیژنەی یاسا تکایە ماددەکە بە هەمووارکردنەکەتانەوە بخوێننەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة الرابعة والعشرون:

قرارات لجنة الانضباط قابلة للطعن لدى محكمة تمييز الاقليم خلال مدة (٣٠) ثلاثون يوماً من تاريخ التبلغ بالقرار ويكون قرار المحكمة باتاً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی (٢٤) بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسندی دەکەن تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە.. زۆر سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی پەسندی ناکەن تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە.. بە گشتی دەنگ ماددەی (٢٤) وەرگیرا. بەڕێزان لێرەدا کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دەهێنین، دانیشتنی داهاتوومان رۆژی پێنج شەممە سەعات (١٠) دەبێت.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**د. رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٩)**

پێنج شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٠/١١/٢٣

خولی دووەم

ساڵی نۆیەم

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (١٩)

## پێنج شەممە ڕێکەوتی ٢٣/١١/٢٠٠٠

***کات (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ٢٣/١١/٢٠٠٠ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز د. ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی (ژمارە نۆزدە)ی خولی ئاسایی دووەمی، ساڵی (٢٠٠٠)ی خۆی بەست.***

***بەرنامەی کار:***

***بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی مادده(٢٠) لە پێڕەوی هەموارکراوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی (ژمارە نۆزدە)ی خۆی لە کات (١٠)دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ٢٣/١١/٢٠٠٠ دا بەم شێوەیە بێت:***

***١ـ بەردەوام بوون لەسەر خستنە ڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای سەندیکای ئابووریناسانی هەرێمی کوردستان.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان و، بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنی ئەمڕۆمان دەست پێدەکەین، پێشەکی بەناوی پەرلەمانەوە پیرۆزباییەکی گەرم ئاراستەی کاک عەبدولخالق دەکەم کە دوێنی ساڵیادی دامەزراندنی «بزووتنەوەی میللی کوردستان» بوو، هیوادارین کەوا خۆی و بزووتنەوە سەرکەوتوو و پێشکەوتوو بن لە کاروبارياندا بۆ بەرەو پێشەوە بردن وخزمەت کردنی پرۆسەی دیموکراتی و گەلی کوردستان. کاروباری ئەمڕۆمان بەردەوام بوونە لەسەر خستنە ڕوو وگفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای سەندیکای ئابووریناسانی هەرێمی کوردستان، بەشی زۆری کارەکانمان تەواو کردووە و، هیوادارین کەوا ئەمڕۆ ئەوانی تری تەواو بکەین، تکا لە بەڕێزان لیژنەی یاساو لیژنەی دارایی دەکەم کەوا بێنە سەر سەکۆکە، کاک شێروان فەرموو ماددەی «٢٥» بخوێنەرەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

المادة الخامسة والعشرون:

١ـ تدار شؤون فروع النقابة من قبل لجنة الفرع في المحافظة.

٢ـ تتألف لجنة الفرع من رئيس وأربعة أعضاء منتخبين عن طريق الاقتراع السري وذلك مرة واحدة كل ثلاث سنوات، وتنتخب اللجنة من بين أعضائها نائباً للرئيس وسكرتيراً.

٣ـ تتبع في الاجتماعات العامة لاعضاء الفروع نفس الاجراءات الخاصة باجتماعات الهيئة العامة والمبينة في هذا القانون ولها صلاحية قبول إستقالة رئيس لجنة الفرع وأعضائها وإقالتهم وإحلال من يحل محلهم لمدة الدورة وكذلك ملء الشواغر في اللجنة لدى حدوثها.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی یاسایی، فەرموو.

**بەڕێز كاكەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة والعشرون:

تقترح اللجنة إعادة صياغة الفقرة الثانية من هذه المادة وكالاتي:

(٢ـ تتألف لجنة الفرع من رئيس وعضوين أصليين وعضوين احتياط ينتخبون عن طريق الاقتراع السري وذلك مرة واحدة كل ثلاث سنوات).

تقترح اللجنة وتوصي بالغاء الفقرة «٣» من هذه المادة.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بە پێشنیاری ئێوە تەنها «٢» بڕگە دەمێنێتەوە.

**بەڕێز كاكەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڵێ، تەنها «٢» بڕگەی بمێنێتەوە و، بڕگەی «٣»ش هەڵگیرێت، چونكە ئیجرائاتێكی رووكەشییە، دەس لەكاركێشانەوەكان دێنە لای ئەنجومەنی سەندیكا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز كاك محەمەد حەسەن باڵەتە فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بۆشاییەك ماوە لە نێوان ماددەی پێشوو و ئەم ماددەیە، ئەو ماددەیەی كە بووە بە ماددەی ژمارە «٢٤» سەندیكا خۆی سزا دادەنێت، ئەوە تەنها سزایە، ئایا ئەگەر ئیجرائاتی رووكەشی هەڵە بوو، ممیز چۆن ئەوە ئەخاتە روو؟، لێرە نەهاتووە، جا من پێشنیار دەكەم ماددەیەك پاش ماددەی «٢٤» دابنرێت، «يتبع القواعد الواردة في قانون أصول المحاكمات الجزائية بالنسبة للقضايا المحالة الى لجنة الانضباط»، بۆ ئەوەی ببێتە ئیجرائاتی رووكەشی یاسایی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێمە ئێستا گفتوگۆی ماددەی «٢٥» دەكەین.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە نێوان ماددەی «٢٤» و ماددەی«٢٥» بۆشاییەكی یاسایی هەیە، ئەگەر ئەم ماددەیە كە

پێشنیارم کرد لە پاش ماددەی «٢٤» دابنرێت، ئەو بۆشاییە پڕ دەبێتەوە،ئەوکاتە ئەگەر هەڵەش هەبێت لە ئیجرائاتی رووکەشی، ئەوە دەبێتە سەرپێچی یاسا، بەڵام ئەگەر لە یاساکەدا ئەمە نەهاتبێت ئەوە من ناتوانم لە تمییزیش دەریخەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە بە پێی پێڕۆی ناوخۆ ئێستا گفتوگۆی ماددەی «٢٥» دەکەین، جا بۆیە نابێت بچینە سەر بابەتێکی تر، پاشان ئەو گفتوگۆ و پێشنیارانە کرا لەسەر لابردنی ماددەی «٢٣» و، ئەنجومەنیش بڕیاری لەسەر دا، جا من پێشنیارێکی تر دەکەم بیخەنە کۆتایی یاساکە، خۆ ئەگەر کرا بیخەنە «الأحکام الختامیە»، رای لیژنەی دارایی چییە لەسەر ماددەی «٢٥»؟، فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی دارایی ئەوەیە، «لجنە الفرع یتکون من الرئیس وأربعە أعضاء و عضوین إحتیاط»، چونکە وەکو رای لیژنەی یاسا ئەگەر «٣» ئەندام بن ئەوە کەمە، تەنها سەرۆک و دوو ئەندام ئەوە زۆر کەمە، رای لیژنەی ئێمە ئەوەیە کە وەکو خۆی بمێنێت لە سەرۆک و دوو ئەندام پێک بێت، بەڵام هەر دوو ئەندامی یەدەگی لەگەڵدا بێت، چونکە نابێت هیچ لیژنە و لقێک ئەندامی یەدەگی نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای ئێوە وەکو لیژنە چی بوو؟.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پشتگری لە ئەم ماددەیە دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری فەرموو.

**بەڕێز سەرکیس ئاغاجان/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پشتگیری لە دەقی ماددەکە دەکەین، بەڵام سەرۆک و «٤»ئەندام و ئەندامێکی یەدەگیش هەبێت، کەواتە ئەندامێکی یەدەگی بۆ زیاد بکرێت، سەبارەت بە بڕگەی «٣» کە لیژنەی یاسا داوای هەڵوەشاندنەوەی بکات، لە زۆربەی سەندیکاکاندا نەهاتووە و، تەنها لە سەندیکای جیۆلۆجییەکاندا هاتووە، کەواتا هیچ گرفتێک نابێت ئەگەر هەڵگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسایی هیچ لارییەکتان هەیە لەوەی کە خاڵی «١ و ٢» بمێنێت؟، لە پێشنیارەکەی خۆتان هەندێ کەم کەنەوە، فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محەممەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لاریمان نییە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئابووری ناسان ژمارەیان کەمە، بیرمان لەوە کردەوە کەوا زۆر گەورەی نەکەینەوە، ئەگینا لە رووی شێوەییەوە هیچ ناگۆڕێ، بەڵام لە زۆربەی سەندیکاکان «٣» ئەندامن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینییان هەیە تکایە دەستیان بەرز کەنەوە، بەڕێز کاک ئەحمەد سالار فەرموو.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە ژمارەکەیان ئەو ژمارەیە پەسەندە کە «٥»بن و، «٢» ئەندامی یەدەگیشیان لەگەڵدا بێت، لەبەرئەوەی کاری سەرەکی و ئەوەی کە رۆژانە مامەڵە دەکات زیاتر لقەکانە رۆڵی خۆیان ئەبینن، دابەش کردنی ئەرکەکانی لقەکەش وا پێویست دەکات کە لەگەڵ سەرۆکدا «٤»ئەندام هەبێت و لە «٥» کەمتر نەبن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم محەممەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەبێت چەند مەرجێک بۆ سەرۆک و ئەندامی لق دانرێت، ئەوەیش هەر وەکو سەندیکاکانی تر، نەوەک هەر بێت و بکرێت بە سەرۆک، یا ئەندامی لق، ئەبێت شارەزایی هەبێت و، هیچ نەبێت «٥» ساڵ مومارەسەی پیشەی هەبێت، بۆ ئەندامی لیژنەش، ئەبێت لە «٣» ساڵ خزمەتی کەمتر نەبێت، هەروەها من پێشنیار دەکەم «نائباً للرئیس والسكرتير و أميناً للصندوق» ئەوانیش بە هەڵبژاردن بێت لەلایەن ئەنجومەنەوە و، بڕگەی «٣»ش ئەگەر هەڵدەگیرێت ئەوە گفتوگۆی لەسەر ناکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک ئیبراهیم دۆغرەمەچی فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم عەبدولقادر دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە لە بڕگەی «٢» وشەی «لجنه» زیادە، لە ماددەی «١٢» کە «تشکیلات»ە دەڵێت:«فروع المحافظات» لە هیچ سەندیکایەک لیژنەمان دانەناوە، تەنها «فروع المحافظات» دانراوە، سەبارەت بە ژمارەی ئەندامانی لقەکان، کە لە سەرۆک و «٢» ئەندامی سەرەکی و «٢» ئەندامی یەدەگ پێکهاتووە باشە بۆ ژمارەی لقەکانی پارێزگاکان، چونکە ژمارەیان ئەوەندە زۆر نییە، تاوەکو ژمارەی ئەندامانی لقەکان زیاد کەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، هیچ تێبینی تر هەیە؟، لیژنەی یاسا فەرموون.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئەم پێشنیارەمان بۆ ئەوە کردووە، چونکە ژمارەی ئابووری ناسەکان ئەوەندە نییە و کەمن، بۆیە «٣» مان داناوە، هەروەکو سەندیکاکانی تر کە ژمارەیان کەمە، بەڵام ئەگەر ئەندامان رایان وایە کە ژمارەیان لە رووی شێوەییەوە بکرێتە «٥»ئەندام، ئەوە ئێمە هیچ لاریبیەکمان نییە، تەنها ئێمە لەبەر ئەوە ئەو ژمارەیەمان داناوە تاوەکو ئەرکێکی کەمتر بکەوێتە سەر سەندیکاکە، چونکە ئەوە جۆرە بار گرانییەک دەبێت بەسەر سەندیکاوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من سەندیکای ئەندازیاران و ئابووریناسان لەیەکەوە زۆر نزیکن، لە یاسای ئەندازیاراندا هاتووە کەوا لق پێکهاتووە لە سەرۆک و «٤» ئەندام، جا لەبەر ئەوە ئەگەر وەکو خۆی بمێنێت زۆر باشترە، هیچ بار گرانییەکیشی تیادا نییە، بەڵام ئەندامی یەدەگیش هەبێت ئەوە باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک فەرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من لیژنەی یاسایی زۆر ورد بۆ کارەکە چوو، با پارێزگای سۆران بکەینە نموونە، باوەڕ ناکەم لە سۆران ئێستا «٥» کەس لەوانە بن بە ئەندامی لق، لەبەر ئەوە ئەبێت ئەو خاڵە رەچاو بکرێت، مەسەلە هەر دهۆک و هەولێر نییە، بەڵکو پارێزگای تازە دەکرێتەوە، ناتوانن ئەوەندە خەڵک پەیدا بکەن، یان دەبێت هەموو ئەو کەسانەی کە لەوێن ئەندامی لق بن، یا ئەندامی لیژنەی لق بن، لەو باوەڕەشدا نیم کەوا «٥» کەسی نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕێزم بۆ قسەکانی کاک فەرەنسۆ هەیە،ئێمە لە یاساکەدا دەڵێین:«یجوز فتح فروع فی المحافظات»

کەواتە مەرج نییە هەموو پارێزگایەک لقی لێ دانرێت، ئەوەی ژمارەی تەواو بێت بۆ ئەوەی ببێت بە لق ئەوە لقی بۆ دادەنێین، بەڵام ئەوەی ژمارەی تەواو نەبێت ئەوە لقی بۆ ناکرێتەوە، هەرچەندە بڕیاری سۆران دەرچووە، بەڵام تاوەکو ئێستا جێبەجێ نەبووە، جێبەجێش بکرێت مەرج نییە لقی لێ دامەزرێت، سۆران نزیکی هەولێرە و دەتوانن سەر بە لقی هەولێر بن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک فەرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆچوونی کاک جەمیل باشترین بەرگرییە لە رای لیژنەی یاسایی، بۆ مەرج نییە؟!، کە تۆ دەڵێی ئەبێت لق هەبێت، تۆ بۆ وادەکەیت کە نەکرێت؟!، ئەو بۆچوونەی کە ئێستا خستیە روو پشتگیرییە لە رای لیژنەی یاسا کە دەشیانەوێ لە هەموو پارێزگاکاندا لق هەبێت بەپێی توانا و ژمارەی ئەندامان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک د.ئیدریس فەرموو.

**بەڕێز د.ئیدریس هادی سالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئیشوکاری سەندیکای ئابووریناسان زۆر گرنگە، مەرج نییە ژمارەیان زۆر بێت، لق زۆر بێت، بۆ چارەسەر کردنی کێشەکە من پێم باشە کە بوترێت:«تتألف الفرع من «٣ـ٥» أعضاء» جا بە پێی گەورەیی پارێزگاکە، ئەو شوێنەی پێویستی بە «٣» ئەندام بێت بۆی دانرێت و، ئەو شوێنەیشی کە پێویستی بە «٥» هەبوو ئەوە بۆی دانرێت، هەروەها ئەندامێکی یەدەگیشی بۆ دانرێت، چونکە یەکێکیان سەرۆک و یەکێکیشیان جێگرە و ئەوی تریشیان سکرتێرە، «٢» کەسەکەی تریش هەر پێویستە بۆ ئیشوکاری تر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە قسەکانی کاک فەرەنسۆ، لە یاساکەدا، ماددەی «٢» خۆی دەڵێت: «ولها ان تفتح فروعاً»، کەواتا مەرج نییە، پێویستە و ژمارەیان تەواوە دەتوانن لق دامەزرێنن، ئەگەریش ژمارەیان کەم بوو ئەوە داینامەزرێنن، ئیشی ئابووریناسان زۆر گرنگە کە فەرموودەی سەرۆک بارزانییە و لێرەدا کە لەیەکەم دانیشتنیدا کە باسی ئابووری ڤانانی کرد، چۆن دەبێت رۆڵی خۆیان ببینن، ئەگەر لق «٣» کەس بێت چۆن رۆڵی خۆی دەبینێت؟، بەڵام ئەگەر «٥» کەس بن وئەندامی

یەدەگیش هەبێت، ئەوە باشتر رۆڵی خۆیان دەبینن، جا ئێمە سوورین لەسەر رای خۆمان کەوا دەقی یاساکە بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەم ماددەیە زۆر گفتوگۆی لەسەر کرا و، گوێشمان لە رای هەردوو لا بوو، لەبەر ئەوە تکایە لیژنەی یاسا دوایین دارشتن بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة الخامسة والعشرون:

تقترح اللجنة إعادة صياغة الفقرة الثانية من هذه المادة وكالاتي:

٢ـ تتألف لجنة الفرع من رئيس وعضوين أصليين وعضوين احتياط ينتخبون عن طريق الاقتراع السري وذلك مرة واحدة كل ثلاث سنوات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، پرسیارێک هەبوو لەسەر «ممارسە»، هیچ وەڵامتان هەیە؟، فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خراپ نییە ئەگەر دیاری بکرێت، لەوانەیە ئێمەش بەسەرماندا تێپەر بوبێت، بەڵام دەبێت بەلایەنی کەمەوە لە «٣» ساڵ کەمتر نەبێت، چونکە «١٠» و«٧»مان دانا سەبارەت بە نەقیب و ئەندامانی ئەنجومەن، دەبێت ئەوەش لە «٣» ساڵ کەمتر نەبێت، دەکرێت ئەم پێشنیارە داڕێژینەوە و بیخەینە بەر دەستی ئەندامان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

.دایڕێژنەوە و هەموو ماددەکە بخوێننەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة الخامسة والعشرون:

١ـ تدار شؤون فروع النقابة من قبل لجنة الفرع في المحافظة.

٢ـ تتألف لجنة الفرع من رئيس و عضوين أصليين وعضوين إحتياط منتخبين عن طريق الاقتراع السري مرة واحدة كل ثلاث سنوات، على ان يكونوا من الذين مارسوا المهنة مدة لا تقل عن «٣» سنوات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێخ یەحیا فەرموو.

**بەڕێز یەحیا عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەو ساڵی خزمەتە کە ئێستا خستیانە سەری، پێشنیاری بەڕێزان د.ئیدریس و د.رزگار

بوو، خۆی هەق نەبوو تێکەڵ بکرێت لەگەڵ هیچ بڕگەیەکی ماددەکەدا، چونکە بۆ نمونە من دەنگ دەدەم بە مادده بنەرەتییەکە، بەڵام دەنگ نادەمە ئەو پێشنیارە، جا لەبەر ئەوە من بە پەسندی ئەزانم کەوا یەکەم جار رای هەردوو لیژنە بخرێتە دەنگدان، پاشان ئەو ساڵی خزمەتەی بخرێتە سەر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو «ممارسة»یە را نییە، واتا نەخراوەتە دەنگدانەوە، «ممارسە»ەکە لە میانی گفتوگۆدا کراوە بە رای لیژنەی یاسایی، جا ئەگەر پێشنیاری لیژنەی یاسا سەری نەگرت ئەوە دەتوانین بە شێوەیەکی تر گفتوگۆی پرۆژەکە بکەین، چونکە هەردوو لا ئەو «ممارسە»یان پێ پەسەندە، تێبینی تر هەیە؟، نییە، کەواتە ماددەی «٢٥» دەخەینە دەنگدانەوە بەو شێوەیەی کە لیژنەی یاسا خوێندیانەوە، کێ لەگەڵ ماددەی «٢٥» دایە؟.. سوپاس..کێ لەگەڵ نییە؟ کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، «١٠» دەنگیش لەگەڵ نەبوون، سوپاستان دەکەین، دێینە سەر ماددەی «٢٦» فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة السادسة والعشرون:

للجنة الفرع الصلاحيات التالية:

١ـ تنفيذ مقررات الهيئة العامة ومجلس النقابة.

٢ـ تعيين مستخدمي الفرع وتحديد اجورهم.

٣ـ اختيار من يمثل الفرع في اللجان الرسمية.

٤ـ تقديم المقترحات والتوصيات الخاصة بامور الفرع الى المجلس لاتخاذ القرار بشأنها.

٥ـ صرف النفقات الضرورية لشؤون الفرع ضمن ميزانيته.

٦ـ تشكيل لجان فرعية لتحقيق أغراض النقابة.

٧ـ ممارسة الصلاحيات التي يخولها أياها مجلس النقابة بموجب هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی یاسا فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسا لەگەڵ ماددەکەین و هیچ تێبینیمان نییە لەسەری، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش لەگەڵ دەقی ماددەکە داین ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەو بەڕێزانەی کەوا تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرز کەنەوە، شێخ یەحیا فەرموو.

**بەڕێز یەحیا عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو ئەرک و دەسەلاتانەی کەوا لیژنەی لق پێی هەلدەستێ، ئاماژەی بۆ راپۆرتی دارایی سالانە نەکردووە، کە پێشکەشی کەن بۆ ئەنجومەن، جا من پێشنیارێ دەکەم کەوا برگەی «٨»ی بخرێتە سەر، ئەویش «تقديم التقرير المالي السنوي الى المجلس قبل إنتهاء السنة الميلادية»، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید :**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە دەسەلاتەکانی لق هاتووە لە برگەی «٦» کە دەلێت:«تشكيل لجان فرعية» لێرەدا مەبەستی لیژنە کاتیەکانە، بۆ بەرێوەبردنی ئیشوکار، تاوەکو تێکەل نەبێت لەگەل «لجنة الفرع»، ئەبێت دیاری بکرێت کەوا ئەمە لیژنەی کاتییە و، لیژنەی لق نییە، جا بە رای من لە جێگای «فرعية» بکرێتە «لجان مؤقتة»، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەکان هەموویان کاتین، جا ئیتر هەر چەند بێت ماوەکەی، کاک شێخ عەفان فەرموو.

**بەڕێز عەفان عوسمان نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی برگەکانی «١و٢و٣و٤و٥و٦» هیچی نەهێلاوەتەوە بۆ ئەوەی جارێکی تر ئەنجومەنی سەندیکا دەسەلاتی بداتێ، ئەوانەی سەرەوە زۆربەی زۆریان دەسەلاتی ئەنجومەنی سەندیکایە، ئەم هەموو دەسەلاتەی داوەتێ و، لەپاش ئەوە دیسان دەلێت:«ممارسة الصلاحيات التي يخولها أياها مجلس النقابة بموجب هذا القانون»، هیچ دەسەلاتێک نەماوە تاوەکو بیداتێ، جا لەبەر ئەوە هیچ دەسەلاتێک بۆ ئەنجومەنی سەندیکا نەماوە تاوەکو بیداتێ، لق خۆی ئەنجومەنی سەندیکایەکی سەربەخۆیە و هەموو شتێکی پێ دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک د.ئیدریس فەرموو.

**بەڕێز د.ئیدریس هادی سالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای من برگە «٢» لەم ماددەیەدا هەلگیرێت، لەبەر ئەوەی لە ماددەی «٢٠»دا لە برگە «٥» دەلێت:«تعيين مستخدمي النقابة وتحديد اجورهم»، کەواتە دامەزراندنەکە مەرکەزیە و بودجەش

لەویّ تەسدیق کراوە، جا ئیتر پێویست ناکات لق بڕوات خەڵک دامەزرێنێت و کرێشیان بۆ دیاری بکات، چونکە لەوێدا هاتووە و دەبێتە دووبارە بوونەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارت بە بودجە، راستە بودجە ئەنجومەنی سەندیکا دایدەنێت، لێرەشدا هاتووە دەڵێت:« صرف النفقات الضرورية لشؤون الفرع ضمن ميزانيته» ، بودجەش بە شێوەیەکی ئاسایی ئەنجومەن دایدەنێت، لێرە نەیوتووە خۆی بودجە دادەنێت، بەڵام سەبارەت بە بۆچوونەکەی کاک شێخ یەحیا ، ئەوە خۆی دەرئەنجامە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تێبینییەکی چاکە هەر بخرێتە سەر برگەی «٥» وبکرێتە:«صرف النفقات الضرورية لشؤون الفرع ضمن ميزانيته وتقديم الحسابات الختامية والتقرير المالي الى المجلس » ، هەرچەندە ئەمە دەرئەنجامە، بەڵام ئەگەر روون بێت باشترە، سەبارەت بە دامەزراندن، بۆ ئەنجومەن ئەوە ئەنجومەنی سەندیکا دایان دەمەزرێنێت، بەڵام بۆ لقەکان و دامەزراندنی «مستخدمي الفرع» و دیاری کردنی مووچەیان ئەوە کاری لقە ولق پێی هەڵدەستێ، بەڵام سەبارەت بە بودجە ئەوە هەر ئەنجومەن بودجەی بۆ دادەنێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا یەکەم لەسەر ئەو ئیضافەیە لەسەر فەقەرە (٥) راتان چییە؟.

**بەڕێز کاکەرەش مەحمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی اضافە بکرێت و اضافە نەکرێت بەرای ئێمە زۆر اعتیادیە چونکە(تنفيذ مقررات الهيئة العامةو مجلس النقابة) شتێکی زۆر اعتیادیە هەموو جار خطوطی عریضە لە بۆ هەموو شتەکان دادەنرێت شتێکی زۆر تەبیعی یە کە میزانیەی خۆی دادەنێت دەبێ مۆقتەرەحی خۆی بداتە مجلس دەبێ حسابی نهائی بداتێ بزانێ چی کردووە شتێکی زۆر تەبیعی یە تحصیل حاصلە بەڵام ئەگەر داشی بنێن هەر لەترسی ئەوەی کە اشکال نەبێت هیچ مانع نییە، وە بەنسبەت ئەوەی جەنابی کاک ابراهیم فەرمووی هەر تەنیا بۆ التباسە وهەر بەخۆشی لیژنەی فەرعییە یانی لیژانی کاتییە ولەوانەیە لیژنەی مشتریات وهەر لیژنەی دایمی ئەویش هەر شبە دایمیە ساڵانەیە هەموو لیژان کاتییە بنوسین لیژنەی تایبەت و کاتی وثانوی وەکو بەڕێزتان فەرمووتان هەمووی دەگرێتەوە، و(صرف نفقات الضروريه لشؤون فرع من ضمن ميزانيته) دەبێ یەکێک هەبێ لە بۆ ئەو فەرعەی (أمر بالصرف) بێت چونکە قەیناکە میزانیەی بۆ دانراوە بەڵام کێ صرفی بکات؟ باشە شتێک دەکرێن نابێت یەکێک بریار بدات خۆ ناگەڕێنەوە مجلس دووبارە بڵێین دەمانەوێ چوار بەند کاغەز بکرین دەمانەوێ موافەقەتمان بۆ بکەن دەبێ یەکێک «أمر بالصرف» بێت لەبەر ئەوەی صرفی نەفەقاتی زەروری لە ضمنی اختصاصی خۆێتیان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە بیخوێنەوە ماددەکە بەو شێوەیەی کە هەیە ئێستاکە، جارێکی تر، بەو اضافەکەیەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة السادسة والعشرون:**

للجنة الفرع الصلاحيات التالية:

١ـ تنفيذ مقررات الهيئة العامة ومجلس النقابة.

٢ـ تعيين مستخدمي الفرع وتحديد اجورهم.

٣ـ اختيار من يمثل الفرع في اللجان الرسمية.

٤ـ تقديم المقترحات والتوصيات الخاصة بامور الفرع الى المجلس لاتخاذ القرار بشأنها.

٥ـ صرف النفقات الضرورية لشؤون الفرع ضمن ميزانيته وتقديم حسابات الختامية وتقرير المالي للمجلس.

٦ـ تشكيل لجان فرعية لتحقيق اغراض النقابة.

٧ـ ممارسة الصلاحيات التي يخولها اياها مجلس النقابة بموجب هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی بیست وشەش بەو شێوەیەی کە خوێنرایەوە پەسەندی دەکەن دەستیان بەرزبکەنەوە... زۆر سوپاس... ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن تکایە دەستیان بەرزبکەنەوە... سوپاس... بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا..ماددەی بیست وحەوت بخوێنەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة السابعة والعشرون:**

تتكون مالية النقابة من الموارد التالية:

١ـ بدلات الانتماء والاشتراكات السنوية.

٢ـ المنح المقدمة من الجهات الرسمية وغير الرسمية والتبرعات والهبات المقدمة من الاعضاء او غيرهم.

٣ـ ريع الحفلات المقامة لمنفعة النقابة.

٤ـ ارباح مطبوعات النقابة.

٥ـ ارباح المشاريع التي ترتأي النقابة تأسيسها او اقامتها.

٦ـ اجرة تأييد ملائمة منتسبي النقابة والاستشهادات التي يصدرها المجلس.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنیا دوو وشە هەیە ئێمە رامان وایە بگۆڕێت (او غیر رسمیە) بکرێتە (شبە رسمیە) و شەشەمیش (اجرة تأييد ملائمة منتسبي النقابة والاستشهادات التي يصدرها المجلس).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(الاستشهادات) بەڵێ یانی شهادە ئەوراقی تەئییید یانی هەر ملائمە چاک بکرێتەوە، لیژنەی دارایی.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ تێبینیمان لە ماددەکە نییە وتەئییدی پێشنیاری لیژنەی یاسا دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە لەسەر ما ددەی بیست و حەوت تکایە دەستیان بەرزبکەنەوە، کاک مەلاهادی فەرموو.

**بەڕێز مەلاهادی خضر کویخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەقەرەی دووی ماددەکە رێک هاتووە، بەڵام وەرگرتنی هیبات لە ئەندامەکان وغیری ئەندامەکان ئەمە لە هیچ کەسێک وەرناگیرێ تەنیا بەرەزامەندی جهاتی رەسمی نەبێت تەنیا ئەوەیە تێبینیەکەم، (المنح مقدمة من جهات الرسمية وغير الرسمية) لێرە دەڵێ(والهيبات من اعضاء او غيرهم بموافقة الجهات الرسمية) ئەوەی لەگەڵ بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جارێک هاتووە خۆی بە روونیش هاتووە یانی هیباتی ئەجنەبی ئێمە دەمانەوێ ئەجنەبی تێدا نەبێ ئەوەی ئەجنەبی تحدید کراوە بە واضحی فەقەرەیەکی بۆ دانراوە هیچ تێبینی تر هەیە؟، ئەگەر نییە تکایە بەو تەعدیلاتەی کە لیژنەی یاسا و دارایی پێکەوە کردووتانە با لیژنەی یاسا ماددەی بیست و حەوت بیخوێننەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة السابعة والعشرون:**

تتكون مالية النقابة من الموارد التالية:

١ـ بدلات الانتماء والاشتراكات السنوية.

٢ـ المنح المقدمة من الجهات الرسمية وشبه الرسمية والتبرعات والهبات المقدمة من الاعضاء او غيرهم.

٣ـ ريع الحفلات المقامة لمنفعة النقابة.

٤ـ ارباح مطبوعات النقابة.

٥ـ ارباح المشاريع التي ترتأي النقابة تأسيسها او اقامتها.

٦ـ اجرة تأييد ملاءة منتسبي النقابة والاستشهادات التي يصدرها المجلس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی بیست و حەوت پەسەند دەکەن بەو شێوەیەی کە خوێنرایەوە دەستیان بەرزبکەنەوە... سوپاس... ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی نا کەن تکایە دەستیان بەرزبکەنەوە... بەگشتی دەنگ ماددەی بیست و حەوت وەرگیرا.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة الثامنة والعشرون:**

على الدوائر الرسمية وشبه الرسمية تزويد النقابة بصورة من امر تعيين الاقتصاديين لديها.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسا رامان وایە کە ئەو ماددەیە نەمێنێ چونکە لەمادده حەوت فەقەرە دوو چارە کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی ئابوری تکایە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ نەصی ماددەکەداین، بەڵام ئەگەر لەماددەی تر هاتووە ومعالجە کراوە مشکلە نییە ئەگەر واشی لێهات ئەوەی بەڕێز محمد حسن باڵەتە پێش ئێستا فەرمووی تەنها لێرە جێگای ماوە لە هیچ جێگایەکی تر نەماوە، بەڵام ئەصلی ماددەکەش بمێنێن زەرەری نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەجێگایەکی تر بە چ صیغەیەک هاتووە، بۆ ئەندامانی بخوێنەوە با اطلاعی لەسەر بکەن.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة السابعة:

٢- على الدوائر الرسمية وشبه الرسمية ارسال صورة من امر التعيين او التشغيل الاقتصاديين الى النقابة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەر بەهەمان صیغە هاتووە کەواتە لەجێی خۆیەتی، لیژنەی یاسا پێشنیار دەکات کە ماددەی بیست و هەشت لەغو بکرێت چونکە لە شوێنێکی تر هاتووە، ئەو بەڕێزانەی کە پێشنیاری ئەوە دەکەن تکایە دەستیان بەرزبکەنەوە... سوپاس... ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن تکایە دەستیان بەرزبکەنەوە.. بەگشتی دەنگ پێشنیارەکە پەسەند کرا. ماددەی بیست و هەشت لەغو کرا، مادده سی لە ئەصلی مشروعەکە بووە بیست و هەشت تکایە ماددەی بیست و هەشت جارێکی تر بخوێنەوە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پێشنیارەی کە من پێشکەشم کرد بێتە جێگەی ئەو ماددەیە وصیغەکەش بەو شێوەیە (تتبع القواعد الواردة في قانون اصول المحاكمات الجزائية بالنسبة للقضايا المحالة الى لجنة الانضباط) چونکە فراغ هەیە لێرە فراغێکی قانونی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی بیست وهەشتمان تەواو کرد ئەگەر بە پەسەندی بزانن ئەو ماددەیە دەخەینە جێی ئەوەی کە ئێستا دەیخوێنمەوە کە تایبەتە بەلیژنەی انضباط ماددەکەش بەو شێوەیە (تتبع لجنة الانضباط في اجراءاتها القواعد الواردة في قانون انضباط موظفي الدولة).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی هیچ تێبینیتان هەیە؟

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیمان لەسەر ئەو ماددەیە نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز وەزیری دارایی هیچ تێبینیتان نییە لەسەر ئەو ماددەیە.

**بەڕێز سرکیس ئاغا جان/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ تێبینیمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو بەڕێزانە دەکەین کە تێبینیان هەیە دەستیان بەرزبکەنەوە، بەڕێز کاک حمید میران.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی ماددەیەک هەبوو لەمەوپێش ماددەی بیست وسێ (تطبق قانون لجنة انضباط موظفي الدولة بالنسبة الى لجنة الانضباط) بۆچی هەمان ماددە نەهێنینەوە دایبنێین لە جیاتی قانون محاكمات جزائیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چونکە ئەو ماددەیە احكامی تری تێدایە عقوباتی تری تێدایە کە لە صلاحیەتی لیژنەی انضباط نییە وکاتی خۆی شرحیان کرد، بەڕێز کاک شێخ جعفر فەرموو.

**بەڕێز جەعفەر عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەمان تێبینی کاک حمیدم هەبوو لە ماددەی بیست و سێ دەڵێ (للجنه الانضباط اصدار ای نوع من عقوبات التالیه) سێ عقوبە دەسنیشان کراوە کە صلاحیەتی ئەو ئیتر ئەوە صلاحیەکەیەتی پێویست بە ماددەی تر ناکات دابنرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرسیارەکە کرا و وەڵامیش درایەوە پێویست نەبوو تکرار بکرێتەوە، بەڕێز شێخ یحیى فەرموو.

**بەڕێز یەحیا عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە گوێرەی ئەو سێ صلاحیەتەی کە لیژنەی انضباط هەیەتی ئەگەر قەزیەک پێویستی بە احالە بوو بۆ محکمە ئایا بە گوێرەی ئەو سێ خاڵە ئەتوانێ لیژنەی انضباط تحویلی بکات، لەبەر ئەوە حەز دەکەم نەصێک بدۆزرێتەوە بۆ چوارەم ئینجا ئەو دەقە بەڕێزان لیژنەی یاسا کاک محمد چۆنی اختیار دەکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک مەحمەد فەرموو.

**بەڕێز مەحەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی جەنابی شێخ یحیى فەرمووی ئەو اضافەیە حەلی کرد (القواعد متبعه فی قانون انضباط موظفی الدوله) جملەکە احالەی محاکمەیە یانی ئەو زیادەیە حەلی ئەوەشی کرد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یانی حەلی کردووە یانی جملەکە حەلی ئەو پرسیارەی جەنابتی کردووە،تکایە جارێکی تر ماددەی بیست و هەشتەمین بخوێنەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة الثامنة والعشرون:

تتبع لجنة الانضباط في اجراءاتها القواعد الواردة في قانون انضباط موظفي الدولة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی بیست وهەشت بەو شێوەی کە خوێنرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرزبکەنەوە... سوپاس... ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزبکەنەوە... بەگشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی بیست و نۆ.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة التاسعة والعشرون:**

لایعمل بأي نص یتعارض واحکام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم ماددەیە تێبینی لەسەر نییە، فەرموو کاک سعید.

**بەڕێز محەمەدسەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیەکم هەیە پێش ئەوەی قانونەکە دەربێت، تێبینیەکەشم ئەوەیە کە مدەی خزمەت لەمادده حەڤدە دەڵێت ماوەی خزمەت لە بۆ ئەندام حەفت ساڵ بێت لە مادده بیست و شەشیش ماوەی خزمەت لە بۆ ئەندامی لیژنەی فرع سێ ساڵ بێت بەو حسابە بێت اقتصادیەک ئەگەر سەرۆکی فەرعێکی گەورە بێت وەکو فرعی دهۆک کە بەسەدەها اقتصادی تێدایە نابێت عضو بێت لە مجلسی نەقابە ئەو دوو ماددەیە تناقضێکی تێدایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی دەمانگەڕێنیەوە بۆ مەوزوعێک کە مناقەشە کراوە واقرار کراوە، ئەمە یەکێکیان دووەم هیچ مانعێک نییە خزمەتی سێ ساڵ بێت یان حەوت ساڵ بێت یان دە ساڵ بێت لە لیژنەی فرع ئیش بکات مانعەتی ئەوە نییە بەڵام مەرج ئەوەیە کە لەسێ ساڵ کەمتر نەبێت، ئەو ئەندامانەی لق کە شروطی لیژنەی مجلسیان هەیە دەتوانن بۆ مەجلیس خۆیان ترشیح بکەن چونکە وتمان سێ ساڵ ئەوە نییە تەنیا دەبێت سێ ساڵ بێت سێ ساڵ و بەرەو ژوور هەیە دە ساڵ خزمەتی هەیەو ئەندامی لقە.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

عضو لە مجلیس نابێت لە حەفت ساڵ کەمتری هەبێت، باشە چۆن ئەگەر ئەندامێک لە فرع ببێتە رئیس فرع سێ ساڵ بێت فرضا سێ ساڵ بوو دەرچوو بوو نابێت ببێتە عضو لە مجلیس چونکە لەوێ شەرتەکە نابێت لە پێنج ساڵ کەمتر بێت یان لە حەفت ساڵ کەمتر بێت؟.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاکەرەش وەڵامی بدەوە وەڵامەکە واضحە.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەوزوعەکە زۆر واضحە مجلیسی نەقابە جیایە لەگەڵ رئیس فرع مجلسی نەقابە تەمسیلی هەموو محافظەکان دەکات یانی اشراف لەسەر هەموو محافظەکان دەکات ئیشراف لەسەر فروعەکان دەکات مەسئولە لەسەر هەموو فروعەکان شتێکی زۆر تەبیعی یە لە فرعێک بەسێ ساڵیش نەتوانێ لەمەرکەزی مجلیس کە مشرفە لەسەر هەموو نەقابەی کوردستان شتێکی جیاوازە لەبەر ئەوەی نابێت رەبطی بکەین لەگەڵ یەکتری دوو شتن هەرگیز ربط نابن لەگەڵ یەکتری دوو شتی جیاوازن دایمەن فەرعەکان خزمەتیان کەمترە لە مجلیسی نقابە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی تر نییە؟ ماددەی بیست ونۆ دەخەینە دەنگدانەوە.. تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە

ماددەی بیست ونۆ پەسەند دەکەن دەستیان بەرزبکەنەوە.. سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزبکەنەوە... بەگشتی دەنگ وەرگیرا ماددەی سی.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش ئەوەی مادده سی بخوێنینەوە ئێمە پێمان وایە لەوانەیە مادەیەک لە نەصی پرۆژەکە لەبیر کراوە ئەویش ماددەکە لەهەموو پرۆژەکاندا هاتووە (علی الوزراء المختصین تنفیذ احکام هذا القانون ئەوە دەبێتە مادده سی ئەوەی تر دەبێتە مادده سی ویەک ئینجا ماددەکە بەو شێوەیە:

المادة الثلاثون:

علی الوزراء المختصین تنفیذ احکام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو بەڕێزانە دەکەین مادده سی بەو شێوەی کە خوێنرایەوە پەسەندی دەکەن دەستیان بەرزبکەنەوە.. سوپاس... ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن تکایە دەستیان بەرزبکەنەوە ..بەگشتی دەنگ مادده سی وەرگیرا.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة الحادیة والثلاثون:

ینفذ هذا القانون اعتبارا من تاریخ صدوره في جریدة الرسمیة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەری.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(ینفذ هذا القانون اعتباراً من تاریخ نشره في جریدة وقائع کوردستان) وەکو لەیاسای هەموو نقابەکان هاتووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی هیچ تێبینیتان هەیە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ تێبینیمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی نییە؟ تکایە جارێکی تر مادده سی ویەک بخوێنەوە، بەو شێوەی کە پێشنیاری دەکەن دوایی دەیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**المادة الحادي والثلاثون:**

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە مادده سی ویەک پەسەند دەکەن دەستیان بەرزبکەنەوە... سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزبکەنەوە.. بەگشتی دەنگ وەرگیرا...مادده بەمادده یاساکە پەسەند کرا ئێستا یاساکە بەهەموو ماددەکانیەوە دەخەینە دەنگدانەوە.. تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە هەموو یاساکە پەسەند دەکەن دەستیان بەرزبکەنەوە ... سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی کە یاساکە پەسەند ناکەن دەستیان بەرزبکەنەوە..یاسای ئابوری ناسانی کوردستان، بەگشتی دەنگ پەسەند کرا، زۆر سوپاستان دەکەین، بەڕێزان لێرەدا کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دێنین بۆ دانیشتنی داهاتوو ئاگادارتان دەکەینەوە.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانی**
**کوردستانی عێراق**

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

به ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان
به ناوی گەلەوە
ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق
ژمارەی بڕیار: ٢٨
مێژووی بڕیار: ٢٥/١١/٢٠٠٠

«بڕیار»

پشت بەو یاساکارییەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە (١٩)ی رۆژی (٢٣/١١/٢٠٠٠)یدا ئەنجامی داوەو بەپێی حوکمی برگە (١)ی ماددەی (٥٦) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی سالی (١٩٩٢)و، بەپێی ئەو دەسەلاتەش کە برگە (٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (١٠)ی سالی (١٩٩٧) پێمانی داوە، بریاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

## یاسای ژمارە (١٢)ی سالی ٢٠٠٠
## یاسای سەندیکای ئابووریناسانی هەرێمی کوردستانی عێراق

ماددەی یەکەم:
مەبەست لەم واژانەی خوارەوە ماناکانی تەنیشتیانە:
هەرێم : هەرێمی کوردستانی عێراق.
سەندیکا: سەندیکای ئابووریناسان.
ئەنجومەن:ئەنجومەنی سەندیکاکە
نەقیب: نەقیبی ئابووریناسان.
ئابووریناس: هەموو ئەندامێکە لە سەندیکاکەدا، بروانامەیەکی لە زانستەکانی ئابووریدا هەبێ لە بەکالۆریوس کەمتر نەبێ یان هاوتای بەکالۆریۆس بێت.
هەڵسوڕاندنی پیشە : بەپێی حوکمەکانی هەڵسوڕاندنی پیشە، لەپیشەکەدا کەوتبێتەکار

### بەشی یەکەم
### «دامەزراندن و ئاماجەکان»
### دامەزراندن

ماددەی دووەم:
١ـ بەپێی ئەم یاسایە، سەندیکایەک بەناوی سەندیکای ئابووریناسان، لە هەرێمدا دادەمەزرێ، شەخسییەتی مەعنەویی خۆی دەبێ ولە دارایی وئیدارەی خۆیدا سەربەخۆیە، بارەگاکەشی لە هەولێری پایتەختی هەرێمدا دەبێ و دەشتوانێ لە مەڵبەندی پارێزگاکانی هەرێمدا لق بکاتەوە.
٢ـ بە رەزامەندیی وەزارەتی دارایی و ئابووری دەستەیەکی ئامادەکار پێک دەهێنرێ لە (١٥) ئابووریناس کەمتر نەبێ بۆ تەیارو ئامادەکردنی کۆنگرەی گشتی و سەرپەرشتی هەڵبژاردنی گشتیی سەندیکا لەماوەیەکدا کە لە سێ مانگ نەترازێ.

ماددەی سێیەم:
ئامانجی سەندیکا وەدیهانینی ئەمانەیە:
١- لە پشت گرتنی حکومەتی هەرێم و پێرۆی دیموکراسیدا بەشداری دەکاو،بۆ راگرتن و پتەوکردن و بەرەوباشتربردنی فیدرالیەتیش ، دەبێتە پشت و پەنا.
٢- بەرزکردنەوەی سەویەی پیشەیی و زانستی و کۆمەلایەتی و تەندروستیی ئەندامەکانی
٣- ئاسانکردنی رێگای کارکردنی لە باروگۆنجاو بۆ ئەندامەکانی
٤- رێکخستنی پێوەندیی نێوان ئەندامەکان و، پێوەندیشیان لەگەڵ لایەنە حکومی و ئەهلییەکانی هەرێم و،داکۆکی کردنیش لە مافەکانیان.
٥- هاوکاری کردن لەگەڵ دەستەو دەزگا و کۆمەڵەو سەندیکاکانی دیکەی هەرێم کەئامانجەکانیان لەگەڵ ئامانجەکانی سەندیکاکەدا یەک دەگرنەوە
٦- مسۆگەر کردنی ئاسوودەیی دوارۆژی نەخۆشی و پیری و زەبوونی بۆ ئەندامەکانی
٧- بزاڤ پێدان و دنەدانی لێکۆلینەوەی زانستی ، بۆ ئەوەی لە فراژوکردنی(التنمیە) ئابووری و ئاوەدانکرنەوەی کوردستاندا بەشداری بکات

## خۆنوسین(ئینتما) و ئەندامێتی

ماددەی چوارەم:
شەرتوشروتی ئەندام ئەمانەیە:
١- هاوڵاتی هەرێم یا نیشتەجێی هەرێم بێت.
٢- بە جینایەتێکی غەیرە سیاسی حوکم نەدرابێ، یان بە جونحەیەکی شەرەفنەنگێن حوکم نەدرابێ.
٣- لە زانستە ئابوورییەکاندا بروانامەیەکی هەبێ لە بەکالۆریۆس کەمتر نەبێ یان هاوتای بەکالۆریۆس بێت
.ماددەی پێنجەم:
١- ئینتما لە سەندیکادا ، بە داواکردنێکی نوسراو دەبێ ، هاوپێچ بەڵگەنامەگەلی پێویستی لەگەڵدا بێ و بدرێ بە نەقیب.
٢- داواکارییەکە لە ماوەی پازدەرۆژدا کە لە رۆژی تۆمارکردنیەوە لە سەندیکا دەست پێدەکا، دەخرێتە بەر دەمی ئەنجومەن ،ئەنجومەنیش ، دەبێ لەو ماوەیەدا بیبرێنێتەوە،خۆئەگەر هات وئەو ماوەیە تێپەری و ئەنجومەن نەیبرییەوە، ئەوە، لەو بارەدا بە قبوڵ کراو دادەنرێ.
٣- ئەنجومەن بە بریارێ، هۆی دیاریکراوی تێدا بێ، بۆی هەیە داواکاریی ئینتما بداتە دواوە، داواکارەکەش بۆی هەیە، لەماوەی (٣٠) رۆژدا، کە لە رۆژی تەبلیغەوە دەست پێدەکا لە دادگای پێداچونەوەی هەرێمدا تانەی لێ بگرێ، ئیدی ، بریار، بریاری دادگایەو دەبرێدرێتەوە.
ماددەی شەشەم:
١- ئابوونەی ئینتما لە سەندیکادا بۆ ئەندام (٣٠) دینارە.
٢- ئابوونەی بەشدار بوونی ساڵانە (٢٠) دینارە، دەبێ لە ماوەیەکیشدا بدرێ کە هەموو ساڵێ لە

مانگی شوبات نەترازێ. ئەگەر ئەندام لە کاتی دیارکراو ئابوونەکەی نەدا و، دواکەوت ، ئەوە، لەو بارەدا (٥٠٪) ی ئابوونەی بەشداربوونەکەی غەرامەی دێتە سەر. خۆ ئەگەر هات و، دوو ساڵی بانەو بان یەک ، بەبێ مەعزەرەتی بەجێ دوای خست ، ئەوا ، ناوی لە تۆماری ئەندامان رەش دەکرێتەوە.
٣ـ ئەوەی ئابوونەی ساڵانەی نەدابێ لە هەڵسوڕاندنی پیشەکە قەدەغە دەکرێ.

مادەی حەوتەم:

١ـ بەپێی ئەم یاسایە ، ئەوەی ئەندامی ئەم سەندیکایە نەبێ و ئیلتزاماتی خۆی بەجێ نەهێنابێ نابێ پیشەکە هەڵسورێنێ.

٢ـ دایەرە رەسمی و نیمچە رەسمییەکان هەر ئابووریناسێ لە سەر ئیش دامەزرێنن یان هەر ئیشێکی تری پێ بکەن ، دەبێ وێنەیەک لە فەرمانی دامەزراندنەکەی بنێرن بۆ سەندیکا.

مادەی هەشتەم:

بەشداربووەکان:

ئەم کەسانەی خوارەوە، بۆ سوودوەرگرتن لە شارەزاییان ، یان ، بۆ ئەوەی سوود لە بزاڤی سەندیکاکە وەربگرن ، دەشێ بە بەشدار بوو وەربگیرێن:

١ـ ئەو ئابووریناسە بیانیانەی شەرتوشروتی مادەی چوارەمیان تێدا فەراهەمە و نشینەی کوردستانی عێراقن.

٢ـ ئەوانەی بڕوانامەی باڵایان هەیە و لە کاروباری ئابووری یان دارایی یان بازرگانیدا، بۆ ماوەیەک ئیشیان کردبێ لە پێنج ساڵ کەمتر نەبێ، بە شاهێدی حکومەت، یا بە شاهێدی شیرکەتێکی هاوپشک (شركه مساهمه) یا شیرکەتێکی خاوەن بەرپرسییەکی دیاریکراو، بە مەرجێ شەرتوشروتی ئەهلیەتیشیان تێدا فەراهەم بێت.

مادەی نۆیەم:

دەشێ بە بڕیارێ لە ئەنجومەنی سەندیکاوە، دەزگا و هەیئەت و دامەزراوی ئابووری و پیشەسازی و بازرگانی و کشتوکاڵی و دارایی و ئیداری، بە ئەندامی فەخری (ئەندامی شانان)،بە ئابوونەیەکی بەشداربوونی رەمزی کە لە هەرحاڵەتێکدا ئەنجومەنی سەندیکا دیاریی دەکا، وەربگیرێن.

مادەی دەیەم:

بەشداربووەکان و ئەندامە شانازەکان مافی ئەوەیان نییە لە کۆبوونەوەکانی دەستەی گشتیدا ئامادەببن ، یان بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی سەندیکا خۆیان بپاڵێون.

مادەی یازدە:

ئەندام لەم بارانەی خوارەوەدا سیفەتی ئەندامێتیی نامێنێ:

أ – مەرگ.

ب – دەست لەکارهەڵگرتن.

جـ – بەبڕیاری ئەنجومەن، شەرتێ لەشەرتوشروتی ئەندامێتیی لەدەست دابێ.

## بەشی دووەم
## پێکهینەکانی سەندیکا

مادەی دوازدە:

سەندیکا لەمانە پێک دێت:

١ـ هەیئە(دەستە)ی گشتی.
٢ـ ئەنجومەنی سەندیکا.
٣ـ لیژنەی زەپتی(الانضباط).
٤ـ لقەکانی سەندیکا لە پارێزگەکان.

مادەی سیازدە:

١ـ دەستەی گشتی بەپێی ئەم یاسایە لە هەموو ئەو ئەندامانە یا هەموو ئەو نوێنەرانە (المندوبین)ی کە ئیلتیزاماتی خۆیان بەجێهێناوە پێکدێت. دەستەی گشتی بە باڵاترین دەسەڵاتی سەندیکا لەقەڵەم دەدرێ و ، لەرۆژی هەڵبژاردنەکەوە هەر سێ ساڵ جارێ لەسەر بڕیاری ئەنجومەن و داواکاریی نەقیب کۆبوونەوەی گشتی و ئاسایی خۆی ، لە بارەگای سەندیکادا، بۆ هەڵبژاردنی نەقیب و هەشت ئەندام ودوو ئەندامی یەدەگ ، بۆ ئەندامێتیی ئەنجومەن ساز دەدا. (نیصاب)یش بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامانی ناونوسراو ، یا زۆرینەی نوێنەران دێتەجێ. ئەگەر نیصابیش نەهاتەجێ، ئەوا دوای بەسەرچونی پازدە رۆژ بەسەر کۆبونەوەی یەکەمدا هەڵبژاردن لە کات و جێگەی دیارکراودا دەست پێ دەکا. لەم بارەدا نیصاب، بە ئامادەبوونی سێیەکی ئەندامان، یا نوێنەران دێتەجێ ، دەنا، ئەگەر نەهاتە جێ ، ئەوە لەم بارەدا ئەنجومەنی پێشتر بۆ خولێکی تریش بەردەوام دەبێ

٢ـ ئەگەر ژمارەی ئەندامانی سەندیکالە (٥٠٠) پێنجسەد ئەندام زیاتر بن ، ئەوە، هەڵبژاردن لەم بارەدا، لە رێگەی نوێنەران(المندوبین)وە دەکرێ، رێژەی نوێنەرایەتیش لەلایەن ئەنجومەنەوە یا لەلایەن جێگری ئەنجومەنەوە دیاردەکرێ بە ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکاکەشەوە.

مادەی چواردە:

١ـ ئەگەر سێیەکی ئەندامانی دەستەی گشتی، وای بەباش بزانن کە دەستەی گشتی بانگهێشت بکرێ کۆبوونەوەیەکی نائاسایی ساز بدا، یان ئەنجومەن بە بڕیارێکی هۆدار داوای ئەو کۆبوونەوەیە بکات، ئەوە، لەم بارەدا دەشێ ئەنجومەن بەپێی ئوسوڵ بانگهێشتەکە دەربکا و لە ماوەی مانگێکدا کە لەرۆژی تۆمارکردنی داواکارییەکەوە دەست پێ دەکا رۆژی کۆبوونەوەکە دیاری بکات.

٢ـ دەستەی گشتی ناشێ گفتوگۆ لەسەر غەیری ئەو مەسەلانە بکا کە کۆبوونەوەکەی بۆ سازدراوە ، تەنها ئەوانە نەبێ کە پێوەندییان بەو مەسەلانەوە هەیە ، یان لق و باڵی ئەو مەسەلانە بن.

مادەی پازدە:

١ـ ئەگەر لە کۆبوونەوەی دەستەی گشتیدا، زۆرینەی زۆری ئەندامانی سەندیکا ئامادە نەبن، نیصاب نایەتەجێ ، لەو بارەدا ، کە نەهاتەجێ ، ئەوا دەستەی گشتی ، دوای پازدە رۆژ، لە هەمان کات و جێگای دیارکراودا کۆدەبێتەوە، لەم بارەدا ، نیصاب بە ئامادەبوونی سێیەکی ئەندامان دێتە جێ، ئەوجا هەموو بڕیارێ بە زۆرینەی دەنگی ئامادەبوان دەدرێ و، ئەگەر هات و دەنگەکانیش هاوتا بوون، ئەوە، لەو بارەدا دەنگی نەقیب بەر کام تا بکەوێ، هی ئەوە.

٢ـ ئەندامێ ئەگەر لە هەڵسوڕاندنی پیشەکەی بێبەش کرابێ، ناشێ لە کۆبوونەوەکانی دەستەی گشتیدا بەشداری بکات.

مادەی شازدە:

دەستەی گشتی باڵاترین دەستەڵاتە لە سەندیکادا و ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوەی هەیە:

١ـ هەڵبژاردنی نەقیب و هەشت ئەندام و دوو ئەندامی یەدەگیش بۆ ئەندامێتی ئەنجومەن.
٢ـ تەسدیقکردنی بوجەو حسابکاریی کۆتایی و راپۆرتی دارایی.
٣ـ گفتوگۆ لەسەر راپۆرتی ئیداری و بڕیاردان لە سەری.
٤ـ ئیقرارکردنی پێشنیاری هەموارکردنی یاسا وئیقرار کردن و هەمواركردنی گەڵاڵە (لوائح)ی پێڕۆ.

ماددەی حەڤدە:

ئەنجومەنی سەندیکا لەمانە پێک دێت:
١ـ نەقیب: مەرجە بۆ ماوەیەک پیشەکەی هەڵسوڕاندبێ لە (دە) ساڵ کەمتر نەبێ.
٢ـ ئەندامانی ئەنجومەن:مەرجە بۆ ماوەیەک پیشەکەی هەڵسوڕاندبێ لە حەوت ساڵ کەمتر نەبێ.
٣ـ ئەنجومەن بە دەنگدانی نهێنی، جێگری نەقیب و سکرتێرێک و بەرپرسێکی دارایی لە ناو ئەندامەکانی خۆیدا هەڵدەبژێرێ و دەسەڵاتەکانیشیان لە پێڕۆی ناوخۆدا دیاردەکرێ.
٤ـ ئەنجومەن کۆبوونەوە ئاساییەکانی خۆی ، لەکەمی، مانگی جارێک سازدەدا، بۆیشی هەیە لە سەر داواکردنی نەقیب یان لەسەر داواکردنی سێیەکی ئەندامان کۆبوونەوەی نائاسایی ساز بدات.

ماددەی هەژدە:

١ـ نیصاب لە ئەنجومەندا بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامان دێتەجێ، بڕیاریش بە زۆرینەی دەنگی ئامادەبوان دەردەچێ و، ئەگەردەنگەکانیش هاوتا بوون، ئەوە، لەو بارەدا دەنگی نەقیب بۆ کام تایان درابێ ، هی ئەوە.
٢ـ ئەگەر بە هەر هۆیێ جێگای نەقیب چۆڵ بوو، ئەوا جێگرەکەی جێگای دەگرێتەوە، خۆ ئەگەر جێگای جێگرەکەش چۆڵ بوو، ئەوە لەو بارەدا سکرتێر جێگای دەگرێتەوە بەمەرجێ باقیمەنی ماوەی خولەکە لەساڵێکی تەواو کەمتر نەبێ.
٣ـ ئەگەر جێگای زۆرینەی ئەندامانی ئەنجومەن چۆڵ بوو، ئەوە ئەنجومەن دەبێ بانگهێشتی دەستەی گشتی بکات بۆ کۆبوونەوەی هەڵبژاردنی ئەوانەی جێگاکانیان دەگرنەوە، بەهەمان ئەو شێوازەی کە لەم یاسایەدا هاتووە، بەمەرجێ با قیمەنی ماوەی خولەکە لەساڵێکی تەواو کەمتر نەبێ.

ماددەی نۆزدە:

ئەگەر ئەندامێکی ئەنجومەن لە ساڵێکدا لەسێ دانیشتنی بانە و بانیەکدا، یان لە پێنج دانیشتنی جیاجیادا بەبێ مەعزەرەتێکی بەجێ دیارنەبوو، ئەوە، وا لەقەڵەم دەدرێ کە خۆی لە کارکێشاوەتەوە.

ماددەی بیست:

ئەنجومەنی سەندیکا ئەم دەسەڵاتانەی هەیە:
١ـ ئامادەکردن و تەسدیقکردنی بوجەی ساڵانە وحسابکاریی کۆتایی.
٢ـ بەپێی ماددەی سێیەمی ئەم یاسایە، بۆ وەدیهانینی ئامانجەکانی سەندیکا کۆشش دەکا.
٣ـ پێشنیار لەبارەی هەموارکردنی یاسا و پێڕۆی سەندیکاوە پێشکەش بە دەستەی گشتی دەکا.

٤ـ هەموو بڕیارەکانی دەستەی گشتی دەخاتەکار.
٥ـ کارگوزارەکانی سەندیکا دادەمەزرێنێ و کرێیان دیاری دەکات.
٦ـ سەیری داوا کارییەکانی ئینتما دەکاو، وەرگرتنی ئەندام و بەشداربووەکانیش ئیقراردەکا.
٧ـ لە حاڵەتێکدا ، کە نەقیب نوێنەرایەتی نەکا، ئەنجومەن یەکێ هەڵدەبژێرێ کە لە لیژنە ڕەسمییەکان و هی دیکەدا نوێنەرایەتی سەندیکا بکات.
٨ـ پێشنیار دەربارەی هەموار کردنی یاساکانی پیشە ئابوورییەکان پێشکەش دەکا.
٩ـ هەر کێشەو شکاتێکی بۆ بێت هاواڵەی لیژنە پێوەندارەکانی دەکات.
١٠ـ لقەکانی سەندیکا لە پارێزگاکاندا دادەمەزرێنێ.
١١ـ لیژنەگەلی لاوەکی (فرعیە) بۆ وەدیهانینی ئاماجەکانی سەندیکا پێک دەهێنێ.
١٢ـ سەیری دەست لەکارهەڵگرتنی نەقیب یان هەر ئەندامێکی سەندیکا و لیژنەکانی دەکا و دەیبرێنێتەوە ، بەمەرجێ بیخاتە بەردەم دەستەی گشتی لە کۆبوونەوەی یەکەمیدا.
١٣ـ بەرەزامەندیی لایەنە پەیوەندارەکان بەخشش و باربۆ (الهبات والتبرعات) لە لایەنە ئەجنەبییەکان قبوڵ دەکا.
١٤ـ چاودێرێکی حسابکاری دادەنێ بۆ تەدقیقکردنی ساڵانە.
١٥ـ ئەوراقی هەڵبژاردن و بەڵگەنامەی دیکە رێک دەخات و سەرپەرشتی هەڵبژاردنیش دەکات.
١٦ـ بۆ ئاسانکردنی بەکارخستنی ئەم یاسایەو ئەو پێرۆیانەش کە بەپێی ئەم یاسایە دەردەچن رێنمایی دەردەکا کە لەگەڵیاندا بگونجێ.
١٧ـ بەموڵک کردنی موڵک و ماڵ وخانووبەرە و قبوڵ کردنی بەخشش و دەسنگە(منح)ش ئیقرار دەکا.
١٨ـ مافی قەرز پێدان و قەرزکردن و پێشکەشکردنی یاریدەی دارایی شی هەیە.
١٩ـ بەپێی یاسای کۆمەڵەکان و پێرۆکانیان ، یانە بۆ ئابووریناسان دادەمەزرێنێ و بەرێوەشیان دەبا.
٢٠ـ هەندێ لە دەسەڵاتەکانی خۆی دەدات بە لیژنەکانی لق و نوێنەرانی سەندیکاش لەپارێزگە و قەزاکاندا.
ماددەی بیست و یەک:
نەقیب ئەم دەسەڵاتانەی هەیە:
١ـ سەرۆکایەتی کۆبوونەوەکانی دەستەی گشتی و ئەنجومەنی سەندیکاش دەکات.
٢ـ بۆ هەر موعامەلەیەک ، کەوتبێتە لای مەرجەعی دادگایی و دەستەی رەسمی و نیمچە رەسمی و ئەهلی ، نوێنەرایەتی سەندیکا دەکا و تەسدیقی موعامەلە و بەڵگەنامەگەلی سەربەسەندیکاش دەکا. بۆیشی هەیە هەندێ لە دەسەڵاتەکانی خۆی بدات بە یەکێ لە ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکا.
٣ـ تەئییدی لایەنی توانستی دارایی سەربەسەندیکابووانیش دەکا بۆ مەبەستی کەفالەت.
ماددەی بیست و دوو:
لیژنەی زەبتی (الانضباط) لە سێ ئەندامی ئەسڵی و دوو ئەندامی یەدەگ پێکدەهێندرێ کە ئەنجومەنی سەندیکا هەڵیاندەبژێرێ.

ماددەی بیست و سێ:
لیژنەی زەپتی دەتوانێ هەر سزایەک لەم سزایانەی خوارەوە بدا:
١- بە ئاگاهێنانەوە(الفات نظر)
٢- ئینزار
٣- قەدەغەکردن لە هەڵسوڕاندنی پیشە بۆ ماوەی شەش مانگ.
ماددەی بیست و چوار:
بڕیارەکانی لیژنەی زەپتی ، ئەوەیان لە باردا هەیە، لە ماوەی (٣٠) رۆژدا کە لە رۆژی تەبلیغەوە دەست پێ دەکا ، لە بەردەم دادگای پێداچونەوەی هەرێمدا تانەی لێ بدرێ ، ئیدی بڕیاری ئەم دادگایە بە یەکجاری دەبیرێنێتەوە.
ماددەی بیست و پێنج:
١- کاروباری سەندیکا ، لە پارێزگەکاندا ، لیژنەی لقی پارێزگەکە بەڕێوەی دەبات.
٢- لیژنەی لق لە سەرۆک ودوو ئەندامی ئەسڵی ودوو ئەندامی یەدەگ پێک دێ کە هەر سێ ساڵ، جارێ، بە دەنگدانی نهێنی هەڵدەبژێردرێن، بەمەرجێ پیشەکەیان بۆ ماوەیەک هەڵسوڕاندبێ لە (٣) ساڵ کەمتر نەبێ.
ماددەی بیست وشەش:
لیژنەی لق ئەم دەسەڵاتانەی هەیە:
١- بڕیارەکانی دەستەی گشتی و ئەنجومەنی سەندیکا دەخاتە کار.
٢- خزمەتگوزارانی لق دادەمەزرێنێ و کرێیان دیاری دەکا.
٣- نوێنەرێ دادەنێ کە لە لیژنە رەسمییەکاندا لق بنوێنێ.
٤- پێشنیار و ئامۆژگاری لە بارەی کاروباری لقەوە، پێشکەش بە ئەنجومەن دەکا بۆ ئەوەی بڕیاری لەسەر بدا.
٥- لە چوارچێوەی بوجەی لقدا سەرف و خەرجی پێویست بۆ کاروباری لق ئەنجام دەدا و راپۆرتی دارایی و حسابی کۆتاییش پێشکەش بە ئەنجومەن دەکا.
٦- لێژنەگەلی لق بۆ وەدیهانینی ئامانج و مەبەستی سەندیکا پێک دەهێنێ.
٧- ئەو دەسەڵاتانەش کە بەپێی ئەم یاسایە ئەنجومەنی سەندیکا پێی دەدا، هەڵیان دەسوڕێنێ.
ماددەی بیست و حەوت:
دارایی سەندیکا لەم داهاتانە پێک دێت:
١- ئابوونەی ئینتما و بەشداربوونی ساڵانە.
٢- ئەو دەسنگانە(المنح)ی کە لایەنە رەسمی و نیمچە رەسمییەکان پێشکەشی دەکەن و ئەو باربۆ (تبرعات) و بەخششانەش کە ئەندامان و خەڵکی دیکە پێشکەشی دەکەن.
٣- قازانجی ئەو ئاهەنگانەی کە بۆ سوودی سەندیکا سازدەدرێن.
٤- قازانجی چاپەمەنی سەندیکا.
٥- قازانجی ئەو پرۆژانەش کە سەندیکا دایاندەمەزرێنێ.
٦- مزو کرێی تەئییدی توانستی دارایی کەسانی سەر بە سەندیکاو هی ئەو بەشاهێدبوونەش کە سەندیکا دەریان دەهێنێ.

ماددەی بیست وهەشت:

لیژنەی بەرزەپتی لە هەڵسوڕاندنی کارەکانی خۆیدا بەپێی ڕێساکانی یاسای بەرزەپتی فرمانبەرانی دەوڵەت ڕەفتار دەکا.

ماددەی بیست و نۆ:

هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت ناخرێتە کار.

ماددەی سی:

پێویستە وەزیرە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە کار.

ماددەی سی و یەک:

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە وەقایعی کوردستاندا، دەخرێتە کار.

**د.ڕۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق

**پڕۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە بیست**

چوارشـەممـە ڕێکەوتی ٦/١٢/٢٠٠٠

خولی دووەم

سـاڵی نۆیەم

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە بیست

## چوار شەممە ڕێکەوتی ٦/١٢/٢٠٠٠

***کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ٦/١٢/٢٠٠٠ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی (ژمارە بیست)ی خولی ئاسایی دووەمی، ساڵی (٢٠٠٠)ی خۆی بەست.***

***بەرنامەی کار:***

***بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی ماددە(٢٠) لە پێرەوی هەمووارکراوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی (ژمارە بیست)ی خۆی لە کاتژمێر (١٠)دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ٦/١٢/٢٠٠٠ دا بەم شێوەیە بێت:***

***١ـخستنەڕوو وگفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای چوارەم هەمموارکردنی یاسای ژمارە(٣)ی ساڵی ١٩٩٢ی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە هێنانەکایەی وەزارەتی مافی مرۆڤ.***

***٢ـ خستنەڕوو وگفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای دیوانی چاودێری کردنی دارایی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ دەکەین، پێشەکی بەخێر هاتنی بەڕێزان جەنابی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جەنابی وەزیری کاروباری ئەنجومەنی وەزیران وجەنابی وەزیری پەروەردەو جەنابی وەزیری دارایی وجەنابی وەزیری هەرێم دەکەم کە بەشداری دەکەن لەم دانیشتنەماندا وەکو ئاگادارن برگەکانی یەک ودووی کاری دانیشتنی پێرێمان خستۆتە ئەمڕۆ و بەپێی بەرنامەی کار هەر ئەو دوو برگەیەمان هەیە

١ـ خستنەڕوو وگفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای چوارەم هەمموارکردنی یاسای ژمارە(٣)ی ساڵی ١٩٩٢ی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە هێنانەکایەی وەزارەتی مافی مرۆڤ.

٢ـ خستنەڕوو وگفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای دیوانی چاودێری کردنی دارایی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا.

بە خاڵی یەکەم دەست پێ دەکەین بۆیە تکایە دوو ئەندامی لیژنەی یاسا بفەرموون بێنە ئێرە، هەروەها ئەندامێکی بەڕێزی لیژنەی مافی مرۆڤ وسکاڵاکان و ئەندامێکی بەڕێزی لیژنەی دارایی بێنە ئێرە، لیژنەی یاسایی تکایە پرۆژەکە بخوێننەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی دەیخوێنمەوە پرۆژەی یاسای هەموار کردنی چوارەمی یاسای ژمارە (٣)ی سالی ١٩٩٢ی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراقە، کە تایبەتە بە دامەزراندنی وەزارەتێک بەناوی وەزارەتی مافی مرۆڤ.

دەقی پرۆژەکە:

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**

**المجلس الوطني لكوردستان العراق**

**رقم القرار:**

**تاريخ القرار:**

**«قرار»**

استناداً الى حكم الفقرة (١) من المادة (٥٦)من القانون رقم(١)لسنة ١٩٩٢المعدل وبناءً على ماعرضه مجلس وزراء اقليم كوردستان العراق، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / / ٢٠٠٠ تشريع القانون الآتي:ـ

**قانون رقم( )لسنة ٢٠٠٠**

**قانون التعديل الرابع لقانون مجلس وزراء إقليم كوردستان العراق**
**رقم(٣)لسنة ١٩٩٢**

**المادة الاولى:**

تستحدث وزارة باسم وزارة حقوق الانسان.

**المادة الثانية:**

تعدل الفقرة(ثانياً)من المادة(٩)باضافة التسلسل(١٦)اليها وتقرأ كما يلي:

١٦ـ (وزارة حقوق الانسان).

**المادة الثالثة:**

على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.

**المادة الرابعة:**

ينفذ هذا القانون من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية.

**المادة الخامسة:**

ينشر في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ لارێمان لەسەر پرۆژەکە نییەو دەقی نوسراوەکەشتان بۆ دەخوێنینەوە:

بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان
ب/رای لیژنە
نوسراوتان ژمارە (ک/٣٦) لە ١٥/١٠/٢٠٠٠
لیژنەکەمان پاش لێکۆڵینەوە وگفتوگۆ کردن لەسەر (پرۆژەی یاسای هەموار کردنی چوارەمی یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە (٣) ساڵی ١٩٩٢) کە تایبەتە بە دامەزراندنی وەزارەتێک بەناوی وەزارەتی مافی مرۆڤ بەتێکڕای دەنگ پرۆژەکە پەسەند کرا داواکارین کە رای لیژنە و پرۆژەکە بخرێتە بەردەم ئەنجومەنی نیشتمانیی بۆ گفتوگۆ کردن وبڕیار دانی گونجاو لەسەری.
لەگەڵ رێزمان

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
لیژنەی مافی مرۆڤ وسکاڵاکان، فەرموون.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ئێمە لیژنەکەمان لە ٨/١٠ کۆبوونەوەیەکی تایبەتی کرد دەربارەی ئەم پرۆژەیە وبەتێکڕای دەنگ پشتگیری ئەو پرۆژەیان کردو بەپێی رایان ئەوە خزمەتێکە بۆ مافی مرۆڤ و پاراستنی مافەکانی وهەروەها داواش دەکەن دوای پەسەند کردنی ئەو پرۆژەیە پرۆژەیەکی تایبەت دەربارەی وەزارەتەکە دابنرێ بۆ ئەوەی مصادقە بکرێت و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
رای لیژنەی مافی دارایی و ئابووری تکایە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
لیژنەی دارایی و ئابوری ژمارە (ج/٣٢) رۆژی ١٦/٢/٢٠٠٠
بابەت/پرۆژەی دانانی وەزارەتی مافی مرۆڤ
سڵاو رێز:
لە نوسراوی ژمارە (ک/٣٦) لە ١٥/١٠/٢٠٠٠
اجتمعت لجنتنا هذا اليوم ١٦/١٠/٢٠٠٠ وتم دراسة ومناقشة مشروع قانون استحداث وزارة حقوق الانسان في الاقليم وبعد المناقشة والمداولة تم رفض المشروع من قبل لجنتنا بالاغلبية حيث الدفاع عن حقوق الانسان من مهام منظمات حقوق الانسان وهي تراقب دائماً اجهزة الحكومة بهذا الشأن عن كثب وترفع التقارير الخاصة بها هذا ولكم الامر مع فائق التقدير والاحترام.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرزبکەنەوە بۆ ئەوەی ناونوس بکرێن، جا تکایە مادده مادده بخوێنرێتەوە بۆ ئەوەی مناقەشە بکرێ و رایان لەسەر بدەن.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة الاولى:

تستحدث وزارة باسم وزارة حقوق الانسان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا تکابە ئەوانەی تێبینیان هەیە با دەستیان بەرزبکەنەوە بۆ ئەوەی ناونوس بکرێن. بەڕێز کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر گرنگی و ئەهەمییەتی مافی مرۆڤ لە سیستەمی جیهانی نوێدا لە کۆبوونەوەی لوتکەی (un) لە هەزارەی سێیەمدا بەیانی ختامی ئەم کۆبوونەوە حەقلێکی تایبەت بوو لەسەر مافی مرۆڤ، لەژێر ناونیشانی (مافی مرۆڤ و، دیموکراسی و، حوکمرانی) هەروەها پارتی دیموکراتی کوردستان وەک ئامانج وریبازو شێوازێک ئیلتیزام بەڕێز گرتن لە مافی مرۆڤ دەکەن چەند ماددەیەک لە پرۆگرامی پارتی دیموکراتی کوردستان بەتایبەتی ماددەی یەکەم و دووەم وسێ یەمی پرۆگرام داکۆکی لەسەر مافی مرۆڤ دەکات، بۆ نموونە فەقەرەی دوو ماددەی سێ یەم دەڵێت پارتیمان التزام بە جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ وتێکرای بەڵگە وپەیمانە نێو دەوڵەتییەکان لەم بوارەدا دەکات وپەیمان دەدات لەپێناو هێنانە دی ئەو پرنسیبە وئامانجانەی کە تیایدا هاتووە کاربکات، بەمە دیار دەکەوێت کە ڕێز گرتن لەمافی مرۆڤ لە ستاتیکیەتی پارتی دیموکراتی کوردستانە یان لە ثوابتی پارتی دیموکراتی کوردستانە ئینجا تەشکیل کردنی وەزارەتی مافی مرۆڤ تەئکیدە لەسەر ئەو ستاتیکیەتە ودروست کردنی وەزارەتێک بەناوی وەزارەتی مافی مرۆڤ کارێکی یەکجار پیرۆزە هەرچەندە ئەو ناوچەیەی لەژێر کۆنترۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستانە زاهیرەیەکی موتەمەیزی تێدایە وئەویش کە تەعەدودیەتە وئازادی بیرورایە وڕێز گرتنە لەمافی مرۆڤ بەڵام لەسەر رای ئەوە ئەبێ ئەم دەزگایە هەبێت وبەرای من ئەرکی سەرەکی ئەم وەزارەتە لە ئاستی ناوخۆیە وئەبێ وەزارەت وەعی قانونی ومەبادیئی سەرەکی مافی مرۆڤ، بڵاوبکاتەوە تاکو کۆمەڵێکی مەدەنی کوردستانی تحقیق بکات هەروەها ئەبێ موراقەبەی مافی مرۆڤ لەناو کۆمەڵ ولەناو مؤسەساتی رەسمی و شبە رەسمی ئەوانەی پەیوەندی بە مافی مرۆڤەوە هەیە بکات، ئەبێ تشخیصی ئەو مشکلانە بکات کە دەبێتە کۆسپ لەرێگەی مافی مرۆڤ وتحدیدی چوارچێوەیەک بکات بۆ چەسپاندن و تعزیزی قانون وعدالەت لە کوردستاندا هەروەها رەفضی حالاتی سلبی وچۆنیەتی چارەسەر کردنیان بکات ودەبێت دعمی منظماتی مافی مرۆڤ بکات و دەوراتی

تەدریبی بۆ کادری ئەو منظمانە بکاتەوە، لەسەر ئاستی دەرەوە ئەرکی ئەو وەزارەتە بەرای من دەبێ تفعیلی بریاری ٦٨٦ بکات وئەبێ باش بزانین کە لە قۆناغی ئێستا عطف وشەفەقە بەنیسبەت ئێمە لاواز بووە لەلایەن دەرەوە و ئەبێ هەوڵێکی باش بدەین بتوانین قوانینی دولی کە ضمانی مافی ئێمە بکات بەدەستی بهێنین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک بورهان جاف فەرموو.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیم لەسەر مادده چوار بوو داوای لێبوردن دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز مەلامەحمود دێرشەوی فەرموو.

**بەڕێز مەلا مەحمود فندی دێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی مافی مرۆڤ ئەگەر ئێمە تەماشای هەموو شەرایعی سەماوی بکەین وی هاتنە بۆ پاراستنا مافی مرۆڤ بەس براستی لڤێری لوزارەتا ئەز تێناگەم ئەز نازانم هدف وئامانجی چییە؟، ئەگەر هدف وئامانج ئەو بێت دفاعا ژمیللەتێ کورد وخەلکی کوردستانێ لە ژێر زوڵم وزۆرداریێ نیشا عالەمێ بکەین ئەڤە لەسەر مە هاتییە و بەراتی گەلەک ژجێی خۆدایە وئەگەر مافی مرۆڤ بە مەعنا وەکی نوعێک دعایە دێتە کرن مافێ مرۆڤ چی مافێ مرۆڤ دفاعێ ژبکات یان کێ دەست درێژی لەسەر مافی مرۆڤ بکات، ئەگەر حکومەتە یانی ئەڤ وەزارەتا لەجهێی وی عبدێک بگرە عبدێ کو زۆرداری لێ دێتە کرن والله ئەوە نابێت ئەوە نە حکومەت بێت ئەوە نەوەزارەت بێت ئەگەر نە وەزارەتی بۆچییە، دیسا ئەز بێژم حسابێ مندا ئەگەر مافی مرۆڤ راستە مە دڤێت هەبێت لە کوردستانێدا دفاعێ ژعدالەت وەک هەڤی و خۆشی وژیانان سەرتاسەری بۆ هەمی خەلکی کوردستانێ بێتە کرن ئەز وەصا هزر دەکەم پێکەڤیا ئەڤ منظمە ئەڤ رێکخراوە نەتابعی حکومەتێ بن اعتقادا من ئەز وەصا هزر دەکەم یان دەبێ مواطنی عادی بن یان وەکو حزب منظمەیەکی تەشکیل بکات مافێ مرۆڤ چاڤدێر بێ لەسەر حکومەتێ وئەڤ چونکە بێگومان فەقیرو هەژار ناچن تەعدا لە فەقیرو هەژار بکەن یان تەعدا لە فەقیرا خۆردکی بکەن ئەگەر مافی مرۆڤ بۆ خۆی کێ دەسەڵاتی ئەوەی هەیە وئەوە دەسەڵاتی حکومەتا باشە حکومەت چۆن دێت وەزیرا چۆنا بەرەنگارا وەزیری دی کردبێت ئەم بەرەنگاری رئیس وزرای بێت والله ئەڤ ناحەقیان نییە ئەصلەن عەردی وەربگرێتئەز تێناگەم راستی من پێ خۆشە بۆ من بێتە روون کرن چونکە حەقیقەت ئەز دبینم گەلەک برادەرێ مە هەتا لە پەرلەمانێ دا پتەپت هەیە ڤی شکلی باشە مافی مرۆڤ یانی چی وەزیری مافی مرۆڤ گەر گازندی ئەز وەزارەتا بکەین ئەو بەشدارە لوێ کۆبونا ئەنجومەنی وەزیران دەکات وی چی گازندە بێژی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێخ یەحیا فەرموو.

**بەڕێز یەحیا محەمەد عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئێمە وەکو لیژنەی مافی مرۆڤ رای خۆمان دەربڕیوە وئەوە رای کاک عبدالخالقە ورای هەموو ئەندامانی لیژنەی مافی مرۆڤە، بەڵام اضافەم هەیە لە دوای ئەوەی کە گوێم لە هەندێ بۆچوونی برادەران بوو ئەمڕۆی ژیانی جیهان مافی مرۆڤ دەورێکی سەرەکی تێدا دەبینی وئێمەو میللەتی کورد تا ئێستا ئاسایشی نەتەوایەتیمان مهددە ئەوەی کە انفالی کردو کوردستانی وێران کرد کە دووسەد هەزاری بێ سەروشوێن کردو کەپێنج هەزار گوندی سڕیەوە هەتا ئێستا ئەژی وتائێستا هەڕەشەمان لێ دەکاو دوا رووداوەکانی ئەم رۆژانەش شاهیدن لەسەر ئەو نیەتەی ئەوان ئەو عقلیەت وبۆچونەی ئەوان کە ئێستاش هەر بەو نەهجە ئەڕۆن، پشتگیری تەواو لەو پێشنیارە دەکەم وتەمەنام ئەکرد رۆژێک زووتر دروست بوایە، ئێمە بەڕێزان تائێستاش بە ژمارە ئەڵێین دووسەد هەزار ئەنفالمان هەیە هەتا ئێستا ناویان و لەدایک بوونیان و ئەوصافەکانیان نەمانتوانیوە لە دەزگایەک کۆیان بکەینەوە، تا ئێستا ناوی سیانی وشوێنی لەدایک بوونی سەرجەم بە کیمیا باران کوژراوەکانی کوردستانمان کۆ نەکردۆتەوە لە دەزگایەکە ونازانین ئەڵێین ئەحداثمان هەیە بەڵام ناویان وعددیان وشوێنی وەفاتیان وشوێنی حادثەیان تائێستا لە دەزگایەک کۆنەکراوەتەوە، بێ سەروشوێن کراوەکان بێجگە لە ئەنفال لە (٩٨٠)ەوە تائێستا ئێمە هەر دووسەد هەزار نییە لە ١٩٨٠ەوە لەپێشتریشەوە ئێمە لە (٧٥ و٧٦ و ٧٧)ەوە ئێمە بینیمان بێ سەروشوێنێک هەیە ناوەکانیان نازانین کۆمان نەکردۆتەوە لەشوێنێکدا لە دەزگایەکی ئەم حکومەتەی خۆماندا تاوەکو بڵێین ئێمە پێویستیمان بە دەزگای مافی مرۆڤ نییە، مورەحەلەکانمان هەر هەمان شت کەسێک خاوەن ئەم هەموو تەضحیاتە بێت میللەتێک خاوەنی ئەم هەموو تضحیات و ماڵ وێرانییەو ئەو هەموو ئەنفال وکیمیا باران و بێ سەروشوێنیە بێت وئەو دوژمنانەش کە ئەوانەیان بەسەر ئێمە هێناوە وەکو خۆیان ماون هەڕەشەمان لێ دەکەن بشلێین پێویستیمان بە مافی مرۆڤ و وەزارەتی مافی مرۆڤ نییە، من ئەو حکومەتە دەبینم کە دفاع لە میللەتی کوردو کوردستان دەکات ئەو حکومەتە دەبینم هەر ئەو حکومەتە وەزارەتێک تەشخیص دەکات بەناوی مافی مرۆڤ لە ناو وولاتیش و لە دەرەوەی وولاتیش دفاع لە مافی مرۆڤی کورد دەکات، دفاع لە کوردستان دەکات، بۆیە دووبارەی دەکەمەوە پڕ بەدڵ تەئییدی ئەو پرۆژە دەکەم وتەمەنای سەرکەوتنی بۆ دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، تکام وایە ئەگەر ئەو قسانەی کە ویستتان بیکەن کرابێت دووبارە نەکرێتەو و تەرکیزیش بکەن لەسەر مەوزوعی ماددەی سێ، دروست کردنی ئەم وەزارەتە پێویستە یان پێویست نییە؟، ئایا لەگەڵ ئەم ماددەیەن یان لەگەڵی نین؟ بەڕێز کاک رەجەب شەعبان فەرموو.

**بەڕێز ڕەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

شتێکی لەجێی خۆدایە پێنگاڤەگا زۆرا پیرۆزا کە کابینا چارێ حکومەتی هەرێمێ کوردستانێ هاڤیشتییە بۆ دامەزراندنا وەزارەتەکە بەناڤی وەزارەتا مافی مرۆڤ کە موافقەتا پەرلەمانێ لسەر هەبێت چونکە احتمالەک هەی حکومەتا هەرێمی هەستا کردبێت کە خەرقێک هەبێت لە مافی مرۆڤێ پلەی کاربەدەستێک چ پلەی احتمالە هەی بۆ نموونە ئەمینێک یا ئاسایشێک تەقلیدا حکومەتا مەرکەزی کردبێت چ بۆچونەکی بۆی هەبێتن ئەم هەمیش شکلەکی بەسوپاسی ئەوە دەکەین کە بۆ خاترا وێ هەندێیە کە خروقات نەمینێ لەکوردستانێ چونکو کە میللەتی کورد گەلێک ناخۆشی وتالی دیتین حەز ناکاتن قطعیەن کە مافێ مرۆڤێ بێتە ئازار کرن ومافێ مرۆڤ وێ پاراستبێتن وهێڤیا مە ئەوەیە کە ئەوێ پرۆژێ دەنگی لسەر درا ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز وهاتە دامەزراندنا ئەڤ وەزارەتا هێڤیا مە ئەوە کە ببێتە وێ هەندێ کە مافی مرۆڤی پاراستی بێتن ومحاسەبەی هەرکەسەکی بێتە کرن یە خەرقێکی بکاتە سەر مافی مرۆڤ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەمی پشتیڤانی ئەمە دەکەین و بەگەرمی تەئیدی دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەکوردی و بەکورتی بێ پێشەکی وبێ رتوشات پشتگیری لە دامەزراندنی مافی مرۆڤ دەکەین و لەگەڵ رای لیژنەی دارایی نین و ئەوەی مامۆستا دێرشەوی فەرمووی هەژارو فەقیر ناتوانن پێشێلی مافی مرۆڤ بکەن بە پێچەوانەوە دەبینین هەژارێک لە چ دینێک یان لەچ مەزهەبێک کچێکی بەزۆری بەشوو دەدات بە کابرایەکی پولداری پیر ئەی ئەمە پێشێل کردنی مافی مرۆڤ نییە؟، هەموو کەسێک دەتوانێ بەپێی حەجمی خۆی پێشێلی مافی مرۆڤ بکات و ئیمە لەگەڵ ئەوەین کە ئەو وەزارەتە دروست بکرێت ورێگە لەرێکخراوەکانی تری مافی مرۆڤیش ناگرێ، دەتوانن هەزار رێکخراوی مافی مرۆڤی تر دروست بکەن و وەزارەتی مافی مرۆڤ رێگە لەوان ناگرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێزان وەکو مناقەشات دەریخست بە راستی بوونی ئەو وەزارەتە پیویستە لەو بارودۆخەدا وبوونی ئەو وەزارەتە بۆ دوو سێ واجباتە کە دیاری کراوە یەکەم لە ناوەوە رەقابەیەکی داخلی حکومەتە لەسەر دەزگاکانی خۆی ومەرجیش نییە ئەو اعلانی بکات و نەشری بکات بەڵکو

میکانیزمێکە لەناو حکومەتدا دەتوانێ لە ناو ڕیزەکانی ئەنجومەنی وەزیراندا دەست نیشانی ئەو پێشێلانە بکات وچاکی بکاتەوە، دووەم هەر لەناو حکومەتا مراقەبەی ئەو یاسایانە دەکات پرۆژەی ئەو یاسایانەی کە حکومەت پێشکەشی دەکەن ئایا لەگەڵ مافی مرۆڤدا دەگونجێن یان ناگونجێن، سێ هەم هەر لەناوەوە هاوکاری منظماتی مافی مرۆڤ دەکات بۆ ئەوەی ئیشیان بەرەو پێشەوە بڕوات وزیاتر ببێت واجبی گرنگی بەرەو دەرەوە دفاع کردنە لە مافی مرۆڤی کورد بەگشتی لە ئەوساطی عالەمیدا ئەم ئەسبابانە هەمووی ئەسبابێکن کە ئەوە دەردەخەن حەقیقەت پێویستی ئەم وەزارەتە چەندە ولە زروفی ئەمڕۆوە من تصور دەکەم ئەمە مەکسەبێکی گەورەیە بۆ کابینەی چوارو بۆ پەرلەمانی کوردستان و بۆ گەلی کوردستان بەگشتی. دامەزراندنی ئەم وەزارەتە تصور دەکەم کفایەت بە مناقەشە بکەین لەسەر ماددە سێ و دەیخەینە دەنگدانەوە، تکایە ماددەکە جارێکی تر بخوێنرێتەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة الاولی:**

تستحدث وزارة باسم وزارة حقوق الانسان.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی یەک پەسەند دەکەن بەو شێوەی کە خوێنرایەوە دەستیان بەرزبکەنەوە.. سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزبکەنەوە.. بەگشتی دەنگ ماددەکە وەرگیرا، فەرموو ماددەی دوو بخوێننەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة الثانية:**

تعدل الفقرة(ثانياً)من المادة(٩)باضافة التسلسل(١٦)اليها وتقرأ كما يلي:

١٦ ـ (وزارة حقوق الانسان).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟، ماددەیەکی تەکنیکی یە هەر ئەوەندە باوەڕ ناکەم تێبینی لەسەر هەبێت دەیخەینە دەنگدانەوە.. تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە ماددە دوو پەسەند دەکەن دەستیان بەرزبکەنەوە ...سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن تکایە دەستیان بەرزبکەنەوە .. بە گشتی دەنگ ماددەی دوو وەرگیرا، تکایە ماددەی سێ بخوێننەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة الثالثة:**

على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی نییە لەسەر ئەو ماددەیە؟، تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە پەسەندی دەکەن دەستیان

بەرزبکەنەوە.. سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزبکەنەوە.. بەگشتی دەنگ ماددەی سێ وەرگیرا، ماددەی چوار فەرموو بیخوێننەوە.

**بەڕێز شـــێـــروان نـاسح حـــەیدەری:**

**المادة الرابعة:**

ينفذ هذا القانون من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟، تێبینیەکە لەجیاتی ئێوە بڵێم ( من تاريخ نشره في جريدە وقائع كوردستان)، تکایە ماددە چوار بەو تەعدیلەوە بیخوێننەوە.

**بەڕێز شـــێـــروان نـاسح حـــەیدەری:**

**المادة الرابعة:**

ينفذ هذا القانون من تاريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە ماددە چوار بەو شێوەیە پەسەند دەکەن دەستیان بەرزبکەنەوە.. سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزبکەنەوە.. بەگشتی دەنگ ماددەی چوار وەرگیرا، ماددەی پێنج فەرموو بیخوێننەوە.

**بەڕێز شـــێـــروان نـاسح حـــەیدەری:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

ماددەی پێنج وابزانم پێویست ناکات چونکە لە ماددەی چوار معالجە کراوە.

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

کەواتە ماددە پێنج پێویست ناکات و لەغو دەکرێت، ئەو بەڕێزانەی کە لەغو کردنی ماددە پێنج پەسەند دەکەن دەستیان بەرزبکەنەوە... سوپاس..ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزبکەنەوە.. بەگشتی دەنگ ماددەی پێنج پێویست نییە و لەغو کرا، ئێستاش هەموو ماددەکە دەیخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو بەڕێزانە دەکەم هەموو ماددەکە پەسەند دەکەن دەستیان بەرزبکەنەوە.. سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی کە هەموو بڕیارەکە پەسەند ناکەن دەستیان بەرزبکەنەوە.. بڕیارەکە بەگشتی دەنگ وەرگیرا، بەم بۆنەیەوە پیرۆز بایی لە کابینەی چوار و لەخۆمان ولەگەلی کوردستان دەکەم، فەرموو کاک عبدالخالق فەرموو.

**بەڕێز عـــەبدولخـــالق مـــحـــەمـــەد زەنگەنە:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

بەناوی لیژنەی مافی مرۆڤ وسکالاکان بەراستی ئێمە پیرۆزبایی لە پەرلەمان وکابینەی چوارو گەلەکەمان دەکەین بە تەشکیل کردنی ئەو وەزارەتە و ئەوە دەسکەوتێکە بۆ گەلەکەمان وبۆ پەرلەمان و حکومەت چونکە ئێمە دوای پەنجا ساڵ بەسەر تێپەڕ بوونی اعلانی عالەمی حقوقی

انسان ئێمە لیژنەی مافی مرۆڤمان لە پەرلەمان تەشکیل کرد، دوو سێ رۆژی تر دەبێتە پەنجاو دوو ساڵ وئەوەی ئێستا ئێمە تەشکیلی وەزارەتی خۆمان دەکەین بەراستی ئەوە دەسکەوتێکی گەورەیە وەک چۆن لە قسەکانی جەنابت هات ئەوە گرنگە وتەئکیدیش دەکەم کە بۆ سومعەتی کورد باشەو لە ناوەوە و لە ناوچەکەو لەدنیا بە دەسکەوتێک حساب دەکرێت زۆر سوپاس بۆ ئەو برادەرانەی کە موافەقەیان کرد زۆر سوپاسیان دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستاش خاڵی دووەم لەبەرنامەی کاری ئەمرۆمان کە خستنەڕوو وگفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای دیوانی چاودێری کردنی داراییە لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، فەرموو لیژنەی یاسا.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەروەکو هەموو لایەکمان ئاگادارین ئەو پرۆژەیە خوێندنەوەی یەکەمی لە پەرلەمانی کوردستان پێش ماوەیەک کرا پاش ئەوەی کە خوێندنەوەی یەکەمی کرا احالەی لیژنەی پەیوەندار کرا وئێمە وەکو لیژنەی یاسا دراسەیەکی تێروتەسەلمان کرد، چەند کۆبوونەوەیەکمان لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتی کرد بەتەنسیق لەگەڵ حکومەت وئەو پرۆژەیەی کە ئێستا لەبەردەستدایە وملاحظاتی لیژنەی یاسایی تێدایە واتە تەمسیلی رای لیژنەی یاسا دەکات لە پەرلەمان لەگەڵ رای حکومەت بۆیە ئەو پرۆژەیە ئێستا دەیخەینە بەردەم ئێوەی بەڕێز بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکەن و بڕیارێکی گونجاوی لەسەر بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی فەرموون.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر وەکو کاک شێروان پێشەکییەکەی وت، من لە یادم چوو کەوا بڵێم ئەوە رای لیژنەی داراییشە، چونکە لیژنەی دارایی دوو راپۆرتی خۆی نووسی و پێشکەشی لیژنەی یاسایی کرد، «ج» «٣» لە ٣/٨/٢٠٠٠ و، «ج» «٤» لە ٤/٨/٢٠٠٠، پاش ئەو راپۆرتانەش چەند کۆبوونەوەیەکی هاوبەشمان بەیەکەوە کردووە و، لەوانەیە تەنها ناکۆکییەکی بچووکمان مابێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**بأسم الشعب**

**المجلس الوطني لكوردستان العراق**

**رقم القرار:**

**تأريخ القرار:**

**«قرار»**

استناداً لاحكام الفقرة (١) من المادة(٥٦)من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢المعدل و بناءاً على ما عرضه مجلس الوزراء ، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / / ٢٠٠٠ اصدار القانون الآتي :ـ

**قانون ديوان الرقابة المالية لإقليم كوردستان العراق**

**رقم ( ) لسنة ٢٠٠٠**

**المادة الاولى: ـ**

يقصد بالتعابير الآتية المعاني المبينة أزاءها :ـ

١ـ الإقليم : إقليم كوردستان العراق.

٢ـ الديوان : ديوان الرقابة المالية للاقليم.

٣ـ المجلس: مجلس الرقابة المالية في الاقليم.

٤ـ الرئيس: رئيس ديوان الرقابة المالية للاقليم.

٥ـ سلطة الرقابة: المجلس ورئيسه وكل موظف في الديوان يخوله احدهما اختصاص الرقابة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە ئێستا رای لیژنەی یاسایی و لیژنەی داراییە بە هاوبەشی لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران، بەم شێوەیە ماددەی یەکەم داڕێژراوە، کێ تێبینیی هەیە تکایە دەستی بەرز کاتەوە، هیچ تێبینییەک لەسەر ماددەی «١» نییە؟، کەواتە دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ماددەی یەکەمدایە؟ .. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟، کەواتە بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا، ماددەی دووەم.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة الثانية:ـ**

تؤسس سلطة للرقابة المالية في الاقليم بإسم (ديوان الرقابة المالية لأقليم كوردستان العراق)وتتمتع بالشخصية المعنوية والاستقلال المالي والاداري ولها القيام بجميع التصرفات القانونية لتحقيق مهامها ويمثلها رئيسها او من يخوله.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لاریمان نییە لەسەر دەقی ماددەکە، تەنها وشەی «الاستقلال المالي والاداري» زیادە، چونکە «الشخصية المعنوية» بەخۆی واتای «الاستقلال المالي والإداري » ئەدات، جا بە رای لیژنەی ئێمە تەنها ئەم دەستەواژەیە بگۆڕدرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەوانەیە «الشخصية المعنوية» ئەوە بگەیەنێ، بەڵام مانەوەی ئەو دەستەواژەیە هیچ زیانێک ناگەیەنێ، ئەگەر «الاستقلال المالي والإداري » بمێنێتەوە شتێکی ئاساییە، چونکە بە پڕ کردنەوە ناژمێردرێ، ئەمە بە وەسف کردنێک دەژمێردرێ بۆ «الشخصية المعنوية» ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کێ تێبینی هەیە؟ تکایە دەستی بەرز کاتەوە، مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی ماددەی «٢» لە گەڵ بڕگەی «٥»ی ماددەی «١» بگونجێ، من پێموایە کەوا بوترێت «ويمثلها المجلس أو الرئيس أو من يخوله أحدهما» لە شوێنی«المجلس ورئيسه وكل موظف في الديوان يخوله احدهما اختصاص الرقابة» ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاکەرەش فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە دەبێت بوترێت «الرئيس» ، چونکە دادگا و فەرمانگە و شتی لەو بابەتەیە، جا بۆیە دەبێت بوترێت «الرئيس» ، ئەگەر داوایەک لەسەر ریقابەی مالی کرا سەرۆک، یا ئەو کەسەی کە دەسنیشانی دەکەن دەچێت، ئەوە تەنها شتێکی پرۆتۆکۆلییە لە رووی یاساییەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، دیارە تێبینیی تر نییە، جارێکی تر ماددەکە بخوێننەوە تاوەکو بیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة الثانية:ـ**

تؤسس سلطة للرقابة المالية في الاقليم بإسم (ديوان الرقابة المالية لإقليم كوردستان العراق)وتتمتع بالشخصية المعنوية والاستقلال المالي والاداري ولها القيام بجميع التصرفات القانونية لتحقيق مهامها ويمثلها رئيسها او من يخوله.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کێ لەگەڵ ماددەی «٢»ە بەو شێوەیەی کە خوێنرایەوە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟.. کەواتە بە گشتی دەنگ ماددەی «٢» وەرگیرا، سوپاستان دەکەین، دێینە سەر ماددەی «٣»، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة الثالثة:-**

يرتبط الديوان بقائد الحركة التحررية الكوردية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ تێبینیی لەسەر ئەم ماددەیە هەیە؟، کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەداخەوە ئێمە هەڵبژاردنی سەرۆکی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردیمان نەکرد، لە ساڵی ١٩٩٢، کە کاک مەسعود بارزانی زۆربەی دەنگەکانیشی هێنا، لەبەر ئەوەی لە ٥٠٪ زیاتر نەبوو، جا بە رای من ئەم بڕگەیە بەم شێوەیە بێت باشترە «يرتبط الديوان بقائد الحركة التحررية الكوردية أو من ينوب عنه قانونياً أو دستورياً»، لەبەر ئەوەی ئەرکەکانی سەرۆکی بزووتنەوە دابەش بوو لە نێوان پەرلەمان و حکومەت، جا بە رای من ئەم ماددەیە بەم شێوەیەی لێ بکرێت، تاوەکو جارێکی تر هەموار نەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک شێخ یەحیا.

**بەڕێز یەحیا عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم ماددەیە زۆر لە جێگای خۆیەتی، بەراستی جێگای خۆیەتی کەوا پرۆژەی رابەر بێتەوە پەرلەمان و قسەی لەسەر بکرێت و، هەڵبژاردنیش هەر کاتێ کرا ئەوە ئاسایی دەبێت هەر کەی بکرێت، بەڵام سەبارەت بەوەی کە بەڕێز کاک عەبدولخالق ئاماژەی بۆ کرد، بە رای من ئەوە جەنابی خۆی دەتوانێ دەسەڵات بدات بەهەر کەسێک، جا گرنگ نییە کەوا لێرە ئاماژەی بۆ بکرێت، یا نەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، خۆی لە راستیدا قسەکانی کاک عەبدولخالق لە جێگای خۆیەتی، لە رووی یاساییەوە

قسەکانی راستە، بەڵام سەرۆکایەتی پەرلەمان لەگەڵ لیژنەی یاساییدا وای بە باش زانی کەوا لە دانیشتنێکی تردا چارەسەری ئەم خاڵە بکەین، هیچ تێبینیی تر هەیە؟، نییە؟، کەواتە ماددەی «٣» دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ماددەی «٣»دایە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟.. ماددەی «٣» بە گشتی دەنگ پەسند کرا، سوپاستان دەکەین، ماددەی «٤» فەرموو.

**بەڕێز شـــیـــروان نـاسح حـــەیـدەری:**

**المادة الرابعة: ـ**

يعين رئيس الديوان بأمر صادر من قائد الحركة التحررية الكوردية بناءاً على موافقة المجلس الوطني لكوردستان العراق وباقتراح من رئيس الوزراء ويكون بدرجة وزير وله حقوق الوزير فيما يتعلق بالراتب والمخصصات والتقاعد والخدمة والتشريفات.

**بـەڕێـز ســـەرۆکـی ئـەنجـــومـــەن:**

سوپاس، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جـــەمـــیـل عـــەبـدی سـنـدی:**

**بـەڕێـز ســـەرۆکـی ئـەنجـــومـــەن.**

رای لیژنەی ئێمە ئەوەیە کەوا تاوەکو «بدرجة وزير وله حقوق الوزير»بێت تەنها و، ئەوانی تر هەڵگیرێت، سوپاس.

**بـەڕێـز ســـەرۆکـی ئـەنجـــومـــەن:**

سوپاس، کاکەرەش فەرموو.

**بەڕێز کـاکـەرەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندی:**

**بـەڕێـز ســـەرۆکـی ئـەنجـــومـــەن.**

ئەگەر وا بێت دەقەکە رادەوەستێت، ئەگەر بڵێین «وله حقوق الوزير»ئەوە دەبێت لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیران ئامادە بێت، بەڵام ئەگەر بڵێین «بدرجـة الوزير» ئەوە لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیران ئامادە نابێت، لەبەر ئەوە بەگوێرەی دەقەکە مافەکانی دیاری کراوە، سوپاس.

**بـەڕێـز ســـەرۆکـی ئـەنجـــومـــەن:**

سوپاس، تکایە کێ تێبینیی هەیە با دەستی بەرزکاتەوە، بەڕێز جەنابی جێگری حکومەت فەرموو.

**بەڕێز سامی عەبدولرەحمان/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بـەڕێـز ســـەرۆکـی ئـەنجـــومـــەن.**

تێبینییەکی بچوکم هەیە، بە رای من وشەی «التشريفات» زۆر لە جێگای خۆی نییە لێرەدا، لەبەر ئەوەی لە دەقێکدا نووسراوە «ويشمله ما يشمل الوزير من الاحكام الخاصة في القوانين و الانظمة والتعليمات» کەواتە وشەکە لێرەدا لە جێگای خۆی نییە، چونکە ئەوەی وەزیر دەگرێتەوە ئەمیش دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسایی فەرموون.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە وشەی «التشریفات» هیچ لاریمان نییە کەوا هەڵگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ تێبینیی هەیە؟ نییە، تکایە جارێکی تر بیخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة الرابعة: ـ**

يعين رئيس الديوان بأمر صادر من قائد الحركة التحررية الكوردية بناءاً على موافقة المجلس الوطني لكوردستان العراق وباقتراح من رئيس الوزراء ويكون بدرجة وزير وله حقوق الوزير فيما يتعلق بالراتب والمخصصات والتقاعد والخدمة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ماددەی «٤»دایە بەو شێوەیەی کە خوێنرایەوە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ بە گشتی دەنگ ماددەی «٤» وەرگیرا، سوپاستان دەکەین، ماددەی «٥» فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة الخامسة:ـ**

تكون مدة رئاسة المجلس(٤)سنوات قابلة للتجديد بقرار من المجلس الوطني لكوردستان العراق وله اعفاء رئيس المجلس من منصبه بناءاً على طلب رئيس مجلس الوزراء ولقائد الحركة التحررية قبول استقالته.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ تێبینیی هەیە تکایە دەستی بەرزکاتەوە، کاک ئەمین مەولود فەرموو.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ماددەی «٤» ئەڵێت:«يعين رئيس الديوان بأمر صادر من قائد الحركة التحررية الكوردية»، بە رای من ماددەی «٥»یش وا لێ بکەین، «تكون مدة رئاسة المجلس(٤)سنوات قابلة للتجديد بقرار من المجلس الوطني لكوردستان العراق وله اعفاء رئيس المجلس من منصبه بناءاً على طلب رئيس مجلس الوزراء ولقائد الحركة التحررية تجديد وقبول الاستقالة»، چونکە دامەزراندن بە رەزامەندی سەرۆکی بزووتنەوە بوو، لەبەر ئەوە تازە کردنەوەکەشی کە بۆ ماوەی «٤»ساڵ بێت ئەبێت بە رەزامەندی سەرۆکی بزووتنەوە بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسا فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دامەزراندنەکە ئەبێت بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی نیشتمانیش بێت، چونکە رابەر یەکسەر فەرمان نادات بۆ دامەزراندنی سەرۆکی دیوان، بەڵکو پاش وەرگرتنی ڕەزامەندی ئەنجومەنی نیشتمانی دەبێت، لەبەر ئەوە کارەکە دابەش بووەتە سەر «٣»کار، دامەزراندن و، تازەکردنەوە و، وەرگرتنی دەست لە کار کێشانەوە، ئەو سێ کارە هەر سێکی بەستراوەتەوە بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی نیشتمانی، تەنها وەرگرتنی دەست لەکار کێشانەوە بەستراوەتەوە بە رابەر بەتەنها، جا لەبەر ئەوەی تۆ خۆت ڕەزامەندی دەردەبڕی لەسەر دامەزراندن، ئەویش لەسەر داوای سەرۆک وەزیران، لە هەمان کاتیشدا دەست لەکار کێشانەوەکەشی هەر لەسەر داوای سەرۆک وەزیران دێتەوە بۆ لای پەرلەمان، چونکە خۆت دائمەزراندووە، بەڕای ئێمە دەقەکە زۆر لە جێگای خۆیەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ڕەجەب شەعبان فەرموو.

**بەڕێز ڕەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای من ئەگەر وشەی «رئاسة المجلس» ئەگەر بکرێتە «رئاسة الديوان»، چونکە لە ماددەی «٤»یشدا دەڵێت:«يعين رئيس الديوان»، بەرای من لە رووی زمانەوانییەوە باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسا فەرموون.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لاریمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، حکومەتیش لارییان نییە، کەواتە بیگۆڕن، جارێکی تریش بیخوێننەوە تاوەکو بیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة الخامسة:ـ**

تكون مدة رئاسة الديوان(٤)سنوات قابلة للتجديد بقرار من المجلس الوطني لكوردستان العراق وله اعفاء رئيس الديوان من منصبه بناءاً على طلب رئيس مجلس الوزراء ولقائد الحركة التحررية قبول استقالته.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ماددەی «٥» دایە بەو شێوەیەی کە خوێنرایەوە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟..

کەواتە ماددەی «٥» بەگشتی دەنگ وەرگیرا، سوپاستان دەکەین، دێینە سەر ماددەی «٦» فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی «٦» ئەوەی کە ئێستا لە پێش دەستی بەڕێزتاندایە کە لە پرۆژەکەدا هاتووە، ئێمە پاش گفتوگۆ کردن لەگەڵ حکومەت وامان بە باش زانی کەوا لە بنەڕەتی پرۆژەکەدا چۆن هاتووە وا بڕوات، جا ئێمە ئێستا ئەوەی کە دەیخوێنینەوە ئەوەیە کە لە دەقە بنەڕەتییەکەدا هاتووە، ئەویش بۆ ئەوەی لەلاتان ئیلتیباس دروست نەبێت جا بۆ ئاگاداربیتان، سوپاس.

**بەڕێز شیروان ناسح حەیدەری:**

**(تشكيلات الديوان)**

**المادة السادسة:ـ**

يتشكل الديوان من :ـ

اولاً:

١ـ رئيس الديوان: ويكون رئيساً للملجس.

٢ـ نائب الرئيس: ويكون نائباً لرئيس المجلس.

٣ـ المدراء العامون يكونون اعضاءً في المجلس.

ثانياً: المديرية العامة للشؤون الادارية والقانونية والفنية للديوان ويرأسها مدير عام وتتولى:

١ـ تهيئة وتقديم الخدمات الادارية والمالية والقانونية لتشكيلات الديوان.

٢ـ المهام الفنية والمهنية التي تتطلبها أعمال الرقابة وكذلك مهمة بحث الوسائل لتطوير العمل الرقابي وزيادة فعاليته ورفع مستوى أدائه وذلك بالتعاون والتنسيق مع دوائر ومديريات الديوان الاخرى وتتكون من المديريات التالية:

أـ مديرية الشؤون الادارية والقانونية.

ب ـ مديرية الرقابة والشؤون الفنية.

ثالثاً: دوائر التدقيق: ويرأس كل دائرة منها مدير عام أو محاسب قانوني أول وتختص بعدد من الانشطة القطاعية حسب ما يقرره المجلس وفقاً لمتطلبات العمل الرقابي وهي:

أ- دائرة النشاط الصناعي والزراعي.

ب- دائرة النشاط للخدمات العامة والتعمير.

ج- دائرة النشاط التمويل والتوزيع والشركات.

رابعاً: مكتب رئيس الديوان: ويرأسه موظف بدرجة مدير.

١ـ يتكون المجلس من رئيس الديوان رئيساً للمجلس ونائب الرئيس نائباً لرئيس المجلس والمدراء العامون هم اعضاء في المجلس.

٢ـ ينعقد المجلس مرة واحدة كل شهر على الاقل بدعوة من الرئيس ويكتمل النصاب بحضور اكثرية الاعضاء وتتخذ قراراته بأغلبية اصوات الحاضرين وعند تساويها فللرئيس صوت الترجيح.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، وشەی «تتخذ» بكرێت بە «يتخذ»، دووەم وشەی «النشاط» بكرێت بە «الانشطة»، كێ تێبینیی هەیە لەسەر ماددەی «٦» با دەستی بەرز كاتەوە، كاك د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من تێبینیم لەسەر دەقی ماددەكە نییە، تەنها لەسەر داڕشتنەوەكەی نەبێت، ئەویش بە رای من بكرێتە «يتشكل الديوان من :ـ ١ـ المجلس. ٢ـ الإدارات العامة المتخصصةالتابعة له» ئەوانی تریش هەر وەكو خۆی بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز كاك شێخ یەحیا فەرموو.

**بەڕێز یەحیا عەبدولكەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەراستی تێبینیی من لەسەر ئەوە بوو، ئەوەی كە خوێنرایەوە وەكو ئەركی بەڕێوەبەرایەتییەكان وابوو، بەڵام ئەمە «تشكيلات الديوان»ە، جا بە رای من ئەو زیادە كارییەی كە كردوویانە ئەگەر بڕواتەوە بۆ ناو ئەركەكان باشترە، نەوەك لەم ماددەیەدا بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، كاك ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە هەموو «تشكيلات» هەمیشە ناوی كەسان نایەت، بەڵكو ناوی دەزگا دێت، بۆ نموونە لێرە كە دەڵێت«يتشكل الديوان من : ١ـ المجلس» نەوەك «١ـ» وبۆشایی دانێیت، واتا یەكەم ئەبێت «مجلس»ی لەگەڵ بێت، ئەو «٣» بڕگەكانی تر شیكردنەوەی ئەنجومەنە، لە بڕگەیەكی تریش ئەمە دووبارە بووەتەوە، لەلای ئێمە «٦» دووبارە بووەتەوە هەر وەكو «١»وایە، جا یەكێكیان هەڵگیرێت باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز كاكەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی كە فەرمووی راستە، لە یەكەمدا «تشكيل»كراوە، بەڵام پاشان بۆ روونكردنەوەیە، بەڵام

ئەوی تر کە باسی کرد، ئێمە لەسەرەتاوە باسمان کرد، خەڵکێک ناوی هاتووە و ئەندام نییە لە ئەنجومەن، بۆ نموونە «مکتب الرئيس» ناوی هاتووە و ئەندامیش نییە لە ئەنجومەن و لە پێکهاتەکانی دیوانییشە، لەبەر ئەوەی دیوان خۆی دابەش بووەتە سەر دوو بەش، «مجلس»یشی هەیە و پێکهاتەی خۆیشی هەیە، ئەوانەی بەڕێوەبەرایەتی گشتیین ئەوانە ئەندامن، بەڵام نووسینگەکانی تر ئەندام نین، بەڵام لە پێکهاتەکانی دیوانیشن، جا لەبەر ئەوە ئەو شیکردنەوە زۆر پێویستە کە هاتووە، دووەم ئەرکیش نییە و ئەشخاسیش نییە، چونکە کەرتی پیشەسازی و کشتوکاڵی ئەرک نین، بەڵکو فەرمانگەیەکە کاری چاودێری ئەو لایەنە پیشەسازی و کشتوکاڵیانە دەکات، جا لەبەر ئەوە ئەرک نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەرای من وەڵامی لیژنەی یاسا بەس بوو، ماددەی «٦» دەخەینە دەنگدانەوە، تکایە جارێکی تر بیخوێننەوە بەو شێوەی کە چاکتان کردەوە، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**(تشكيلات الديوان)**

**المادة السادسة:ـ**

يتشكل الديوان من :ـ

اولاً:

١ـ رئيس الديوان: ويكون رئيساً للملجس.

٢ـ نائب الرئيس: ويكون نائباً لرئيس المجلس.

٣ـ المدراء العامون يكونون اعضاءً في المجلس.

ثانياً: المديرية العامة للشؤون الادارية والقانونية والفنية للديوان ويرأسها مدير عام وتتولى:

١ـ تهيئة وتقديم الخدمات الادارية والمالية والقانونية لتشكيلات الديوان.

٢ـ المهام الفنية والمهنية التي تتطلبها أعمال الرقابة وكذلك مهمة البحث في وسائل تطوير العمل الرقابي وزيادة فعاليته ورفع مستوى أدائه وذلك بالتعاون والتنسيق مع دوائر ومديريات الديوان الاخرى وتتكون من المديريات التالية:

أـ مديرية الشؤون الادارية والقانونية.

ب ـ مديرية الرقابة والشؤون الفنية.

ثالثاً: دوائر التدقيق: ويرأس كل دائرة منها مدير عام أو محاسب قانوني أول وتختص بعدد من الانشطة القطاعية حسب ما يقرره المجلس وفقاً لمتطلبات العمل الرقابي وهي:

أ- دائرة النشاط الصناعي والزراعي.

ب- دائرة أنشطة الخدمات العامة والتعمير.

ج- دائرة أنشطة التمويل والتوزيع والشركات.

رابعاً: مكتب رئيس الديوان: ويرأسه موظف بدرجة مدير.
١- يتكون المجلس من رئيس الديوان رئيساً للمجلس ونائب الرئيس نائباً لرئيس المجلس والمدراء العامون هم اعضاء في المجلس.
٢- ينعقد المجلس مرة واحدة على الاقل كل شهر بدعوة من الرئيس ويكتمل النصاب بحضور اكثرية الاعضاء ويتخذ قراراته بأغلبية اصوات الحاضرين وعند تساويها فللرئيس صوت الترجيح.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برگەی «٢» لە ماددەی «٦» وشەی «والمالیە» هاتووە، بەلام لای ئەوان نەخوێنرایەوە، لە «ثانیاً: المديرية العامة للشؤون الادارية و المالية والقانونية والفنية للديوان ويرأسها مدير عام وتتولى»، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە وشەی «المالیە»شی بخەنە سەر، ئێستا ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ماددەی «٦»دایە بەو شێوەی کە خوێنرایەوە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ کەواتە بە گشتی دەنگ ئەم ماددەیە وەرگیرا، سوپاستان دەکەین، دێینە سەر ماددەی «٧»، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة السابعة:-**

يشترط فيمن يعين رئيساً للديوان مايلي:
١- ان يكون من مواطني الاقليم ومقيماً فيه.
٢- ان تكون له خدمة فعلية بعد نيله شهادة جامعية اولية في العلوم المالية او الاقتصادية او القانونية مدة لاتقل عن (١٢سنة)ومدة لاتقل عن (١٠)سنوات لمن كان حاصلاً على شهادة الماجستير في احدى العلوم المذكورة و(٧)سنوات لمن كان حاصلاً على شهادة الدكتوراه فيها او ان يكون قد اشغل منصب وزير وحاصلاً على شهادة جامعية اولية.
٣- ان لايكون محكوماً عليه بجريمة تنتقص من نزاهته او سمعته.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینییان هەیە تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە.
تکایە کەس لە جێگای خۆی قسە نەکات، هەر کەسێک تێبینی هەیە دەستی بەرز بکاتەوە ناوی دەنووسین بۆئەوەی قسە بکات.کاک جەلال خۆشناو فەرموو.

**بەڕێز جەلال سەلیم خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە یەکەم (ان یکون من مواطني الاقلیم ومقیماً فیه)، ئەوەی کە دادەمەزرێت بە سەرۆکی دیوان دەبێت لێرە مقیم بێت بەڕای من ئەو (مقیماً فیه) زیادە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. کاک ئەمین مەولود فەرموو.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم بکرێت بە (حاصلاً علی شهادة الدکتوراه او ما یعادلها)، چونکە بەراستی وەزیفەی چاودێری دارایی ئەوانەی بڕوانامەی (چاکتەرکاونتیان) هەبێت یاخود (CPA) یان هەبێت ئەوانە بەرامبەر دکتۆران پسپۆڕن لەو بوارەدا، لەبەرئەوە پێشنیار دەکەم (الدکتوراه او ما یعادلها) زیاد بکرێت، چونکە بڕوانامەکانی تر وەک (چاکتەرکاونت) و (CPA) کە لە وڵاتانی تر پێیان دەدرێت بۆ ژمێریاری یاسایی بەرامبەر دکتۆرایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا فەرموون.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە تێبینی کاک جەلال (مقیماً فیه) زۆر پێویستە، چونکە ئەگەر تەنیا بڵێین (مواطني الاقلیم) لێرە دانانیشێت و بەڵکو لە شوێنێکی ترە لەگەڵ ئەوەی کە ناسنامەکەی کوردستانییە، زۆر کەس هەن هاووڵاتی هەرێمن بەڵام لێرە دانانیشین بەڵکو لەدەرەوەن، مەرجەکە ئەوەیە دەبێت (مقیم) بێت لە هەرێم ئینجا بکرێت بە سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی.

سەبارەت بە بڕوانامەی دکتۆراش ئێمە لە بنەڕەتدا ئەوەمان لابردبوو (حاصلاً علی الشهادة الجامعیة الاولیة)، تەنیا (ان یکون شغل منصب الوزیر) لەوێ تەواو دەبوو، تکامان لەبرادەران ئەوەیە کە ئەگەر پێشنیار دەکەن لابچێت ئێمە لە بنەڕەتدا لە پڕۆژەکەمان لامان بردبوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە هەموو ماددەکە بخوێننەوە بەو شێوەیەی کە ئێوە هەموارتان کردووە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة السابعة:ـ**

یشترط فیمن یعین رئیساً للدیوان مایلي :

١ـ ان یکون من مواطني الاقلیم ومقیماً فیه.

٢ـ ان تکون له خدمة فعلیة بعد نیله شهادة جامعیة اولیة في العلوم المالیة او الاقتصادیة او

القانونية مدة لاتقل عن (١٢سنة)ومدة لاتقل عن (١٠)سنوات لمن كان حاصلاً على شهادة الماجستير في احدى العلوم المذكورة و(٧)سنوات لمن كان حاصلاً على شهادة الدكتوراه فيها او ان يكون قد اشغل منصب وزير.

٣- ان لايكون محكوماً عليه بجريمة تنتقص من نزاهته او سمعته.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێکم هەیە دەربارەی خاڵی (٣)، بۆچی رستەی (او جنحةٍ مخلة بالشرف) نەهاتووە؟، بۆچی تەنیا (جريمة تنتقص من نزاهته) هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(جريمه) وشەیەکی گشتییە هەتا (جنحەو مخالفه)ش دەگرێتەوە، بەڵام ئەگەر مخله بالشرف بێت ئەوە لە (نزاهته) کەم ناکاتەوە؟، لەبەرئەوە ئەوە زۆر فراوانترە (تنتقص من نزاهته)و جەریمەیەکی کشتییەو زۆر بەهێزترە، ئەوەی جەنابت دەڵێیت (جنحة مخلة بالشرف) تەنیا (جنحة) دەگرێتەوە کێ دەڵێت (جنایەک) ناکات لەبەرئەوە ئەو شێوەیەی هاتووە زۆر فراوانترە (شامل)ە، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زیاد لەسەرئەوەی کاکەرەش فەرمووی (جرائم) هەیە مخل بالشرف نییە، بەڵام لە پاکی کەم دەکاتەوە ئەم عیبارەیەی هاتووە زۆر بەهێزترە، هەندێ تاوان هەیە (مخل بالشرف)ە، بەڵام هەندێ تاوان هەیە (غير مخل بالشرف)ە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سەبارەت بەو دیوانەوە گرنگ پاکی و ناوبانگە (السمعة والنزاهة)، لەبەرئەوە سیغەکە فراوانترە.

کاک ئەمین مەولود فەرموو.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاکەرەش وەڵامی پرسیارەکەمی نەداوەتەوە، چونکە (٧) ساڵ بۆ دکتۆرایە (او ما يعادلها)، چونکە (چاکتەرکاونت) بێت یان (CPA) بێت بەرامبەر دکتۆران بەشێکیان زیاتریشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی بڕوانامەی تری هەبێت کە بەرامبەر دکتۆرا بێت کە دێتە ئێرە بڕوانامەکەی بەرابەر دەکرێت

پێی دەگوترێت (دکتۆرا)، واتە دەرئەنجامە ئەوەی بڕوانامەی بەرزی هێنابێت لێرە لیژنەی بڕوانامەکان هەیە بڕوانامەکەی بەرابەر دەکەن، لەبەرئەوە دەرئەنجامە.
ئێستا ماددەی (٧) دەخەینە دەنگدانەوە. تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی (٧) بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسند دەکەن دەستیان بەرزبکەنەوە.. زۆر سوپاس.. ئەوانەی ماددەی (٧) پەسند ناکەن تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە.. ماددەی (٧) بە گشتی دەنگ وەرگیرا.
دێینە سەر ماددە (٨).

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة الثامنة:-**

يعين نائب الرئيس والمدراء العامون بأمر صادر من قائد الحركة التحررية الكوردية وفيما عدا ذلك يتم تعيينهم من قبل رئيس الديوان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە. تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە تێبینییان هەیە دەستیان بەرز بکەنەوە، لیژنەی یاسا ڕوونکردنەوەیەک بکەن.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەزگای دیوان بریتییە لە سەرۆکی دیوان و جێگری سەرۆک و بەڕێوەبەرە گشتییەکان ئەوانە دامەزراندیان بەدەست سەرۆکی بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی کوردە، بەڵام فەرمانبەری خوارەوەی ئەوان کارمەندی بەشەکان و هۆبەکان و ئەوانی تر، ئەمانە لە دەست سەرۆکی دیوانە خۆی دەتوانێت ئەو فەرمانبەرانە دابنێت بەگوێرەی پێویستی ئەو میلاکەی کە بۆ فەرمانگەکەی خۆی دایدەنێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە؟، کاک سامی فەرموو.

**بەڕێز سامی عەبدولڕەحمان/ جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ڕاستیدا لە پڕۆژەی حکومەت ماددە (٨) بەشێوەیەکی تر بوو بابەتی بەڕێوەبەرەگشتییەکان و ئەوانە لە ماددە (٢٠) هاتبوو، بەهەر حاڵ گرنگ ژمارەی ماددەکە نییە گرنگ ناوەڕۆکەکەیە لە پڕۆژەی ئەنجومەنی وەزیران ماددە (٢٠) دەڵێت: المادة العشرون: يعين نائب الرئيس والمدراء العامون واعضاء المجلس (لەوانەیە اعضاء المجلس زیاد بێت چونکە ضمنا تێیدایە) والمدراء في الديوان بقرار من قائد الحركة التحررية الكوردية بناءً على اقتراح رئيس الوزراء)، ئینجا پێمان باشە ئەوە زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەمان رام هەبوو دەبێت سەرۆک وەزیران بیانپاڵێوی، رابەری بزووتنەوەی کوردی بڕیارەکە دەربکات، چونکە دەبێت یەکێک ناوەکانی بۆ بپاڵێوێ سەبارەت بە دامەزراندنی ئەو دوو سێ کەسە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا مەلا مەحمود فەرموو.

**بەڕێز مەلا مەحمود دیرەشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لە رووی زمانەوانییەوە تێبینیم هەیە ماددەی (٨)(یعین نائب الرئیس والمدراء العامون بأمر صادر من قائد الحركة التحررية الكوردية وفيما عدا ذلك يتم تعيينهم من قبل رئيس الديوان). ئەو (فيما عدا ذلك يعينهم) ئەوە هەڵەیە دەبێت بگوترێت (يعينون من قبل رئيس الديوان)، یاخود بکرێت بە (يتم تعيينهم)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاکەرەش نەقشبەندی فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی قسەکەی بەڕێز جەنابی جێگری سەرۆک وەزیران، بەرای ئێمە ئەوە تۆزێک دەستی رابەر دەبەستێتەوە لەو حاڵەتە رابەر ناتوانێت کەسێک دابمەزرێنێت دەبێت هەموو کەسێک سەرۆک وەزیران بۆی پێشنیار بکات، خۆ هیچ لارییش نییە ئەگەر سەرۆک وەزیران ناو پێشنیار بکات ئەگەر رابەر رای لێ بێت دایاندەمەزرێنێت بەڵام با رابەریش مافی ئەوەی هەبێت ئەگەر کەسێک دەستنیشان بکات بیکاتە بەڕێوەبەری گشتی یان بەڕێوەبەری بەشێک، لەبەرئەوە بەرای ئێمە ئەو دەقە باشترە لەوەی تر بۆئەوەی رابەر پابەند نەکەین با دەستی بڵاو بێت لە دامەزراندن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز وەزیری دارایی فەرموو.

**بەڕێز سەرکیس ئاغاجان/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ سەرۆکی دیوان کە لە ماددەکانی پێشودا هاتووە لە مادده (٤) دەڵێین لەسەر پێشنیاری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کەواتە بۆ جێگرو بەڕێوەبەرە گشتییەکانیش دەبێت بەهەمان سیستەم

بێت، چونکە سەرۆک ئەنجومەنی وەزیران ئەگەر بۆ سەرۆک دیوان پێشنیار بکات خۆ ئەوانی تر لە خوارەوەی سەرۆک دیوانن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕێزم هەیە بۆ بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری کە پشتگیری بەڕێز جێگری سەرۆک وەزیرانی کرد لە ماددەی پێشەوە سەرۆک دیوان جیاوازە دوو سێ مەرجی بۆ دنراوە سەرۆک وەزیران پێشنیار دەکات، ئەنجومەنی نیشتمانیی ڕەزامەندی لەسەر دەکات پاش ئەوە ڕابەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد پەسندی دەکات.

ئەوەی بەڕێز کاکەڕەش فەرمووی ئەوە ڕای لیژنەی دارایی و ئابوورییە کە لێرە دەستی ڕابەری بزووتنەوەی کوردی نەگیرێت بواری بۆ فراوان بێت قەیدی ناکات سەرۆک وەزیران بۆی پێشنیار بکات یان جێگری سەرۆک وەزیران بۆی پێشنیار بکات یان سەرۆک پەرلەمان بۆی پێشنیار بکات ئەمانە لێرە گرفت نییە، گرفتەکە ئەوەیە پابەندی بکەین بواری فراوانتر بێت، لەبەرئەوە ئێمە لەگەڵ لیژنە ڕێککەوتووین و لەگەڵ ئەو دەقەداین کە کاک شێروان حەیدەری خوێندییەوە، لەبەرئەوەی ئەو دەقە زۆر فراوانترەو زیاتر بوار دەدات بە ڕابەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک نەمر فەرموو.

**بەڕێز نەمر کەچۆ هسام/وەزیری هەرێم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم دەسەڵاتەکانی ڕابەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی دابەش کراوە لە نێوان سەرۆک پەرلەمان و سەرۆک ئەنجومەنی وەزیران، وابزانم جێگری سەرۆک پلەی تایبەتییەو بەڕێوە گشتییەکانیش یەکێکە لە دەسەڵاتەکانی سەرۆک وەزیران ئەگەر دابمەزرێن بەڕێوەبەرە گشتییەکانیش موتلەقە ئەوەش وەکو هەر بەڕێوەبەری گشتییەک دابمەزرێت نەوەکو سەرۆکی دیوان کە پلەی تایبەتەو، من دەبینم ئەوە لە دەسەڵاتی سەرۆک ئەنجومەنی وەزیرانە ئەگەر دایانبمەزرێنێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێمـوایە ئەو پێشنیـارەی کە دەبێت سـەرۆکی ئەنجـومـەنی وەزیران بیکات ئاسـانکـارییـە بۆ ڕابەری بزووتنەوەی کوردی واتە دەست بەستن نییە، سەرۆک وەزیران کەسی گونجاو دەناسێت دوو سێ ناوی بۆ پێشکەش دەکـات ئەو لەوێ یەکـێـک هەڵدەبژێرێت و ئەمـری دەردێنێت، ئەمـە ئاسانکارییە بۆ ڕابەری بزووتنەوەی کوردی نەک دەست بەستنە، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

بەڕێز وەزیری دارایی فەرموو.

**بەڕێز سـەرکـیس ئاغـاجـان/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

لە یاساکـانی عێـراقی سـەرۆک دیـوان هەر سـەرۆکی دیوان دەسـتـنیـشـان دەکـات بۆ سـەرۆکی ئەنجـومـەنی وەزیران دوای ئەوە سەرۆک ئەنجـومـەنی وەزیران پێـشنیـار دەکات بۆ سـەرەوەی خۆی، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

زۆر سوپاس، کاک محەمەد حەسەن باڵەتە فەرموو.

**بەڕێز محـەمـەد حـەسـەن باڵـەتە:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

ئەگەر بڵێین (باقتراح من رئيس الوزراء) ئەوە مەرجە لە یاسادا هاتووە واتا ڕابەری بزووتنەوەی کوردی ناتوانێت دامەزراندن بکات ئەگەر سەرۆک وەزیران پێشنیـار نەکـات، لێرە ئێـمە ڕابەری بزووتنەوەی کورد دەبەستینەوە، بەڵام ئەگەر ئەو دەقە نەبێت ئەو کاتە کێ بۆی دەپاڵێوێت دەتوانێ ئەوە بکات، لەبەرئەوە ئێمە سوورین لەسەر دەقی لیژنەی یاسا، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

سوپاس، کاکەرەش فەرموو.

**بەڕێز کـاکـەرەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

ئێـمـە هەموو هەوڵێکمـان بۆ دیوانی چاودێری دارایی ئەوەیە تۆزێک دووری بخەینەوە لە دەزگای جێبەجێ کردن، ئامانجەکەش زۆر ڕوونە کە ئەو دەزگایە چاودێرە لەسەر دەزگاکانی جێبەجێ کردن بەشێـوەیەکی گشـتی، ئێـمە ئێـسـتـا ئەگەر خۆمـان بەدەقـێک ببـەسـتـینەوە کە بۆ دامـەزراندنی بەڕێوەبەرێک هەر دەبێت سـەرۆک وەزیران پێـشـنیـاری بۆ بکات، خـۆ ڕابەر دەسـتی سـەرۆک وەزیرانی نەبەسـتـۆتەوە دەتوانێت ئەو بۆی پێـشـنیـار بکات، هەروەها دەتوانێت ئەوەی بۆشی دەپاڵێوی داینەمەزرێنێ بەو پێیەی کە دەرچواندنی ئەمرەکە لای ئەوە.

ئەوەی کاک نەمر فەرمووی کە دەڵێت وەزیفەی تایبەت لە تایبەتمەندێتی سەرۆک وەزیرانە، کەواتە بۆچی پێشنیـار بکات یا هەر خـۆی دایبـمـەزرێنێ خـۆی دەسـەڵاتی هەیە دایبـمـەزرێنێ کـەواتە

پێشنیاریشی پێ ناوێ، لەبەرئەوە ئەم بابەتە بابەتێکی جیاوازە لە دەسەلات دەردەچێت، چونکە بە یاسایەک دادەنرێت ئەوە یاسایە دەسەلاتەکان دیاری دەکات، لەبەرئەوەی هەر دەقێک کە تەعاروزی لەگەڵ ئەو یاسایە هەبێت ئەو دەقە وەرناگیرێت جا لەبەرئەوە دەقەکەی ئێمە زۆر زۆر باشە خۆی رابەری بزووتنەوەی کوردی مافی هەیە بەڕێوەبەری گشتی دابمەزرێنێ، مافی هەیە بەڕێوەبەر دابمەزرێنێ، مافی هەیە جێگری سەرۆک دابمەزرێنێ ئەوەش مانع نییە کە سەرۆک وەزیران بۆی نییە خەڵکی بۆ پێشنیار بکات یا خەڵکی بۆ دەستنیشان بکات سەرۆکی دیوان بۆی هەیە خەڵکی بۆ دەستنیشان بکات و بچێتە لای بڵێت فلان کەس بۆ فلان ئیش باشە و شتێکی زۆر ئاساییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز جەنابی جێگری سەرۆکی حکومەت فەرموو.

**بەڕێز سامی عەبدولرەحمان/ جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ لیژنەی یاسا رێککەوتبووین بەو شێوەیە بێت، لاریمان نییە یا هەردوو بوار هەبێت لە جیاتی بگوترێت (بناءاً علی اقتراح رئیس الوزراء) یا بگوترێت (ولرئیس الوزراء اقتراح الاسماء)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە پێشنیارێکی زۆر باشە. تکایە لیژنەی یاسا دەقەکە بخوێننەوە بزانن رای حکومەت لەسەری چی دەبێت؟.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة الثامنة: یعین نائب الرئیس والمدراء العامون بأمر صادر من قائد الحركة التحررية الكوردية ولرئيس مجلس الوزراء اقتراح ذلك وفيما عدا ذلك يتم تعيينهم من قبل رئيس الديوان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێخ یەحیا فەرموو.

**بەڕێز یەحیا عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەرئەوەی پێشەوە رێککەوتووین بەلام ئەو (فيما عدا ذلك يتم تعيينهم من قبل رئيس الديوان) من ئەوەش بە پێویست دەزانم بگەڕێتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران، چونکە دیوانی چاودێری دارایی دەزگایەکی حەساسە مەرج نییە هەر سەرۆک و جێگری سەرۆک و بەڕێوەبەرە گشتییەکان رابەری بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردی دایانمەزرێنێ، بەڵکو فەرمانبەرەکانی تریش دەبێت تەنیا سەرۆک دیوان دایانمەزرێنێ، دەبێت ئەو هەڵیانبژێری و پێشکەشی بکات بۆ ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنی وزەیرانیش رازی بێت لەسەر دازمەزراندیان، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە مادده (٨)مان وا لێ کرد ئەگەر برادەران هیچ تێبینییان لەسەری نەبێت.

المادة الثامنة: يعين نائب الرئيس والمدراء العامون بأمر صادر من قائد الحركة التحررية الكوردية ولرئيس مجلس الوزراء اقتراح ذلك اما بقية الموظفين فيتم تعيينهم من قبل رئيس الديوان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ پێشنیاری یەکەمی خۆمم سەرۆک وەزیران پێشنیار دەکات کە پێشنیاری کرد ئەمە وەکو گوتم ئەمە یارمەتی دانە بۆ رێبەری بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد و کە پێشنیاری کرد و دامەزرێنرا ئەوامر لە رابەر وەردەگرێت نەک لە سەرۆک وەزیران ئێمە ئەگەر بڵێین هەول دەدەین گرێی بدەین بەوە، پەیوەندی بە حکومەت نامێنێت ئەو پێشنیاری کەسێک دەکات رابەری بزووتنەوەی کورد دایدەمەزرێنێ کە دایمەزراند سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران پەیوەندی پێوە نییە سەرۆکی بزووتنەوەی کورد رێنمایی دەکات راوێژی دەکات ئەو ئیشە دەکات هیچ زیانی تێدانییەو ئەوپەڕی دیموکراتییەتە، نیزامێکی وەکو عێراق وای کردوو ئێمە لێرە دەڵێین شەرمەندەیە چۆن سەرۆک وەزیران پێشنیار بۆ رابەر بکات، من دووپاتی دەکەمەوە کە سەرۆک وەزیران پێشنیاری کرد ئەوەی دامەزرێنرا پەیوەندی بە سەرۆک وەزیران نامێنێت، رێنماییەکان و ئیشەکانی هەموو لەلایەن رابەرەوە دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

گرفت لە نێوان رابەرو سەرۆک وەزیرانیشدا نییە.

جارێکی تر بیخوێننەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة الثامنة: يعين نائب الرئيس والمدراء العامون بأمر صادر من قائد الحركة التحررية الكوردية ولرئيس مجلس الوزراء اقتراحهم اما بقية الموظفين فيتم تعيينهم من قبل رئيس الديوان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئەگەر بگوترێت: (بناءاً على اقتراح من رئيس الوزراء) چی تێدایە؟. لەنگیش نابێت و رێکوپێکیش دێت.

**بەڕێز عەبدولعەزیز تەیب/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی سەرۆکی دیوان، بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران دەیپاڵێوێت، باشە بۆچی بەڕێوەبەری گشتی نەپاڵێوێ؟، مەسەلەکە زۆر ئاساییە مادام سەرۆک دیوانی پاڵاوت دەتوانرێت بەڕێوەبەری گشتیش بپاڵێوێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەرای منیش زۆر ئاساییە دەقەکەش جوانتر دەردەچێت بەشێوەکەی تر پینە دەبێت پینەکەش دیارە و ناگونجێ لەگەڵ یاساکە.

بەوشێوەیەی کە حکومەت پێشنیاری دەکات تکایە بیخوێننەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثامنة: يعين نائب الرئيس والمدراء العامون بأمر صادر من قائد الحركة التحررية الكوردية بناءاً على اقتراح رئيس مجلس الوزراء وفيما عداً ذلك فيتم تعيينهم من قبل رئيس الديوان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک سامی فەرموو.

**بەڕێز سامی عەبدولرەحمان/ جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەک برگە مابوو هەر لەم ماددەیەدا (ويطبق في ذلك احكام قانون الخدمة المدنية وقانون الملاك وقانون الموازنة)، هۆی دانانی ئەم برگەیە چییە؟ بۆمانی روون بکەنەوە ئەگەر پێویستیش ناکات با نەمێنێت، بەڵام ئەگەر پێویست بەمانی دەکات با بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو برگەیە لە کۆتایی ماددەکانی پرۆژەکە دەڵێت: جميع موظفي الديوان يطبق بحقهم قانون الخدمة المدنية والملاك وقانون موظفي الدولة، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێزان ئێستا دوو را هەیە یەکێکیان بە پێشنیاری سەرۆک وەزیران کە ئەوە لە جێی خۆیەتی و ماددەکە لەنگ نابێت و لە یاسای عێراقیشدا ئەنجومەنی وەزیران ئەوە پێشنیار دەکات، ئەوەی تریشیان رای لیژنەی یاسایە ئینجا ئەوەی کە خوێنرایەوە (بناءاً على اقتراح رئيس الوزراء) دەخەمە دەنگدانەوە. تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە ئەم دەقە پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە.. زۆر سوپاس.. ئەو بەڕێزانەش کە ئەم دەقە پەسند ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە.. بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا.

خۆی لەرووی کردارەوە وا چاکترە سەرۆک وەزیران پێشنیاری دوو ناو سێ ناو دەکات رابەری بزووتنەوەی کورد ئارەزووی خۆیەتی لێی هەڵدەبژێرێت یان رەتی دەکاتەوە ئەوە رەهایە چونکە ئەمرەکە ئەو دەری دەکات.مادده نۆ بخوێننەوە.

**بەرێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة التاسعة:ـ**

لايجوز اتخاذ التعقيبات القانونية بحق رئيس المجلس فيما يتعلق بتصرفاته الرسمية في اداء مهام الرقابة المالية وفق احكام هذا القانون الا بعد حصول اذن من قائد الحركة التحررية او من رئيس المجلس فيما يتعلق بنائبه والمدراء العامون وبقية موظفي الديوان.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو بەرێزانە دەکەم کە تێبینییان لەسەر مادده (٩) هەیە دەستیان بەرز بکەنەوە.

تێبینی نییە؟، کەواتە ئەم ماددەیەش دەخەینە دەنگدانەوە.

تکا لەو بەرێزانە دەکەم کە مادده (٩) پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە.. ئەو بەرێزانەش کە پەسندی ناکەن تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە .. بە گشتی دەنگ مادده (٩) وەرگیرا.

مادده (١٠) بخوێننەوە.

**بەرێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة العاشرة:ـ**

اولاً:

١- يكون نائب الرئيس بدرجة خاصة.

٢- يشترط فيمن يعين نائباً للرئيس ان تتوفر فيه الشروط التالية:

أ ـ ان يكون من مواطني الاقليم ومقيماً فيه.

ب ـ حاصلاً على شهادة جامعية اولية في العلوم المالية اوالاقتصادية اوالقانونية وله خدمة وممارسة فعلية في وظيفة ذات علاقة بمهام الرقابة مدة لاتقل عن (١٢سنة)و مدة لاتقل عن (١٠)سنوات لمن كان حاصلاً على شهادة الماجستير في احدى العلوم المذكورة و(٧)سنوات لمن كان حاصلاً على شهادة الدكتوراه فيها.

ج ـ ان لايكون محكوماً عليه في جريمة تنتقص من نزاهته او سمعته الوظيفية.

ثانياً: يشترط فيمن يعين مديراً عاماً:

١ـ ان يكون من مواطني الاقليم ومقيماً فيه.

٢ ـ حاصلاً على شهادة جامعية اولية على الاقل في اختصاص ذات علاقة بمهام الرقابة وله خدمة وممارسة فعلية في وظيفة ذات علاقة بنفس المهام مدة لاتقل عن(١٠)سنوات بعد حصوله على شهادة جامعية اولية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینیان لەسەر ماددەی دەیەم هەیە با دەستیان بەرز بکەنەوە تاکو ناونووسیان بکەین، کاک د. رزگار فەرمۆو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارێکم لە لیژنەی یاسایی هەیە، (او القانونیە) ئەو القانونیە بۆ؟بابەتی یاسایی یە ،لائحەی دارایی و محاسبە بڕوا ناکەم کە اختصاصی تێدا هەبێ، زانستی دارایی و ئابووری گرفتێک نییە، بەلام بابەتی یاسایی تایبەتە بە یاسا ، بەلام ژمێریاری و لائحەی دارایی و بوودجە بڕوا ناکەم ئەو تایبەتمەندیەی هەبێ ، لەبەر ئەوە ئەگەر برادەران بۆمان روون بکەنەوە کە ئەوە (او القانونیە) بۆ لە وێ بێت؟ واتا تەنها دەرچووی یاسا بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک بورهان جاف فەرموو.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو تێبینی دەکەم حەقە جیاوازیەکە هەبێ لە نێوان سەرۆکی دیوان و جێگرەکەی، لێرە هاتووە دەڵێ ١٢ ساڵ بۆ بڕوانامەی ئەوەلی زانکۆی و ٨ ساڵ ئەگەر ماستەری هەبێ و ٧ ساڵیش ئەگەر دکتۆرا، ئەگەر بکرێتە ١٠ بۆ بەکالوریوس و ٨ ساڵ بۆ ماستەر و ٥ ساڵیش بۆ دکتۆرا، باشترە واتا جیاوازیەک هەبێ لەگەڵ سەرۆکی دیواندا،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی وەلامتان هەیە؟.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاک د. رزگار فەرمووی، خۆی پرۆژەکە لە ئەنجومەنی وەزیران هاتووە، دوایی مەرج نییە ئەو سێ علومەی تێدا بێت ، پیاو هەیە دەرچوی کارگێری و ئابووریە بەشی ژمێریاری یان بەشی کارگێریە یان دەرچووی یاسایە، ئەو سێ اختصاصە موئەهەلن کاتێ ئەو خزمەتانەی هەبێ دەتوانێ ئەرکەکانی سەرۆکی دیوان وەرگرێ،بۆیە مەرج نییە هەرسێکی تێدا بێت تەنها یەکێکی تێدا بێت دەبێ،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو تەواوکردنێکی قسەکانی بەڕێز کاکە رەش،کە چۆن مەرجی سەرۆک و جێگرەکەی وەکو یەکە

له پرۆژەکەدا لەبەر ئەوەی دەبێ توانای سەرۆک زۆر بێت کاتێ سەرۆک ئامادە نەبێ ئەوجا نەساخ بێت یان اجازە بێت یان بە ئەرکێکی رەسمی بڕوا دەبێ جێگرەکەی لە جێگای بێت، بۆیە دەبێ جێگر و سەرۆک بە هەمان توانا بن ، بۆیە ئێمە لەگەڵ لیژنەی یاسا لەسەر ئەوە کۆکبوین، ئێمە پشگیری دەقەکە دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سەبارەت بە یاساییبوەوەش من وای بۆ دەچم کە دەرچوانی یاسا زۆریان لە زۆر شوێناندا کاری راوێژکاری ئابووریبیش دەکەن، یان کاری وەکالات دەکەن واتا پەیوەندیەکی نزیکیان هەیە لەگەڵ بابەتی دارایی دا ، گفتوگۆی ئەم ماددەیەش وابزانم بەکۆتا هات، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەرچوانی یاسا زانیاری داراییان هەیە، لە کۆلیژ دەی خوێنن ، ئێمە دوو ساڵ زانیاری داراییمان خوێندەوە،بەڵام دوای دەرچون ممارەسەی یاسا زیاتر دەکەین واتا دەرچوی یاسا دەتوانێ بچێ لە کۆمپانیایەک کار بکات وەکو ژمێریار، واتا پەیوەندیەک هەیە لە نێوان حسابات ویاسا ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

داوا لەو بەڕێزانەی کە ماددەی «١٠»وەکو خوێندرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە.. سوپاس.. کێ پەسەندی ناکات؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة الحادية عشر

يتفرغ رئيس الديوان ونائبه والمدراء العامون والقائمون بالرقابة والتدقيق بواجبات وظائفهم وليس لهم ممارسة اية مهنة اخرى او عمل آخر ولو كان خارج اوقات الدوام الرسمي عدا مؤلفاته وإلقاء المحاضرات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی لەسەر ماددەی یازدە هەیە؟ کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، بەڵام لەوانەیە وشەی (نشر) لە چاپ دەرنەچوبێت (عدا مؤلفاته وإلقاء المحاضرات) وەکو گوتم ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین بەڵام لە دێری کۆتایی وشەی نشر لەچاپ دەرنەچووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی تر هەیە؟ کاک د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر بۆ زیاتر تەئکید (ولایجوز ان یشتري شيء من اموال الاقليم او يأجرها) ئەو دەستەواژە زیاد بکرێ هەر تەئکیدە چی ترنا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی وەڵامتان هەیە؟.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕێنمایی هەیە سەبارەت بە هەموو فەرمانبەران، بەشێوەیەکی گشتی فەرمانبەران بۆ کڕینی موڵکی دەوڵەت، لەو شوێنانەی کە کاریان لێکردوە نابێ شتی لێ بکرن،معقول نییە بەجارێ دەست بەستراوی کەین، هەر ئەوەندە ماوە د. رزگار بڵێ حەبسی کەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ناشمانەوێ یاساکە وا لێبکەین کەس بەو مەنسەبە رازی نەبێ.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوایی بابەتەکە بە مزایەدەیە، یاسایەکی تایبەت هەیە موڵکی دەوڵەت بە مزایەدە دەفرۆشرێ وەکو هەر کەسێکی تر بۆی هەیە بەشداری بکات، ئەوە ئەگەر لە غەیری دائیرە بوو بەلام ئەگەر لە هەمان دائیرە بوو ئەوە بۆی نییە بەشداری بکات، لەبەر ئەوەی یاسا مەنعی دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک محەمەد حەسەن فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یاسایەکمان هەیە بە ناوی یاسای کڕین و بەکرێ دانی موڵکی دەوڵەت، وابزانم ژمارە «٣٢»یە وەکو کاکەرەش فەرمووی فەرمانبەر ناتوانێ بەشداری لە کڕین و فرۆشتنی موڵکی دەوڵەت بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەی ١١ جارێکی تر بخوێننەوە تاکو بیخەینە دەنگ دانەوە.

**بەڕێز شیروان ناسح حەیدەری:**

المادة الحادية عشرة

يتفرغ رئيس الديوان ونائبه والمدراء العامون والقائمون بالرقابة والتدقيق بواجبات وظائفهم وليس لهم ممارسة اية مهنة اخرى او عمل آخر ولو كان خارج اوقات الدوام الرسمي عدا مؤلفاته وإلقاء المحاضرات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ ماددەی یازدە پەسەند دەکات بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە ؟ کێ پەسەندی ناکات؟ بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة الثانية عشرة:

لرئيس الديوان استحداث او الغاء مديريات او اقسام او شعب ضمن تشكيلات الديوان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس تێبینی لەسەر ئەم ماددەیە هەیە؟ نییە ؟ ئەو ماددەیەش دەخەینە دەنگ دانەوە کێ ئەو ماددەیە پەسەند دەکات؟ کێ پەسەندی ناکات؟ بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة الثالثة عشرة:

تخضع للرقابة المالية و سلطتها:

١- كل دائرة من دوائر الاقليم تتصرف بالاموال العامة جباية او انفاقاً او تخطيطاً او صيرفة او تجارة او انتاج اعيان او انتاج خدمات.

٢- النقابات والاتحادات و الجمعيات والهيئات والمنظمات الجماهيرية واية جهة اخرى ذات نفع العام.

٣- لقائد الحركة التحررية اخضاع اية جهة اخرى لم يرد ذكرها في هذه المادة لرقابة الديوان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی ئەو حزبانەی مۆڵەتی یاساییان هەیە یارمەتی لە حکومەتی هەرێم وەر دەگرن،لیژنەکەمان وای بەباش دەزانێ کە ئەو چاودێرییە دارایییە ئەو حزبانەش بگرێتەوە،(الاحزاب بما تتعلق بالمنح الحكومية و المساعدات )ئەو یارمەتیەی کە حکومەت دەداتە وان لە ژێر چاودێری دابێ کە چی لێ دەکەن چ لێ ناکەن،لە پێشنیارەکانی ئێمەدا هاتبوو بەڵام نازانم کە لە بیر لیژنەی یاسا چووە یان چۆن؟ لە پاش بڕگەی دووەم بکرێتە بڕگەی سێ(الاحزاب بما تتعلق بالمنح الحكومية و المساعدات) راستە لە ئەصلی پرۆژەکەدا نەبوو بەلام لە پێشنیاری لیژنەی داراییدا هاتبوو، لەپاش سێیەم ببێتە بڕگەی چوارەم، سوپاس .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە ؟ جەنابی جێگری سەرۆک وەزیران فەرموو.

**بەڕێز سامی عەبدولڕەحمان/ جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە هەر لایەنێک کە هەڵسوکەوت لەگەڵ موڵکی گشتی دەکات ڕەقابەی مالی دەی گرێتەوە، وابزانم لە هەموو دنیادا بەو شێوەیەیە، مادام امواڵی گشتییە، هەموو امواڵێکی گشتی هەر لایەنێک بێت تەسەڕوفی پێ بکات دەچێتە ژێر ڕکێفی ڕەقابەی دارایی، لەوانەیە ئێمە بتوانین لە یەک ڕستەدا چاری بکەین ( تخضع للرقابة المالية و سلطتها : ١ـ كل دائرة من دوائر الاقليم ) ئەوەی دوائری حکومەتە (او اية جهة اخرى تتصرف بالاموال العامة جباية او انفاقاً او تخطيطاً او صيرفة او ) وابزانم دوائری دەوڵەت نییە کە چاودێری دارایی نەی گرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک محەمەد حەسەن فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگەی سێیەمی ماددەکە چارەسەری ئەوەی کردووە(٣ـ لقائد الحركة التحررية اخضاع اية جهة اخرى لم يرد ذكرها في هذه المادة لرقابة الديوان .)هەر لایەنێکی تر وەکو جەنابی کاک سامی فەرمووی ئەگەر لە دەقەکەش نەهات بێ ئەوە لەو بڕگەیە دای ناوە جا حزب بێت یان هەر لایەنێکی تر بێت ئەوە چاودێری دارایی دەی گرێتەوە، بڕگەی سێ چارەسەری هەمووی کردووە ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە پێشنیارەکەی کاک سامی مەعقول ترە بۆ ئێمە احراجی سەرکردەی بزافی ڕزگاریخوازی کورد بکەین تاکو بڵێ حزبەکانی تێدا بێت یان پەرلەمانی تێدا بێت یان فلانی تێدا بێت ، شتەکە بە یاسا دەر بچێ باشترە ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتا ئەگەر وای لێ بکەین ( تخضع للرقابة المالية و سلطتها : ١ـ كل دائرة من دوائر الاقليم )و اية جهة اخرى تتصرف بالاموال العامة جباية او انفاقاً او تخطيطاً او صيرفة او ...) کاک د. ئیدریس فەرموو.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی ساڵح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە بڕیاری «٩٨٦» کە پارەکی زۆرە و هی ئەو میللەتەیە و خەرج دەکرێ،لەلایەن

ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان تاکو ئێستا نادیارە و ڕوونیەک لە حساباتیاندا نییە بەو پێیەیە کە زۆر جار لەگەڵیاندا دانیشتینەو ئاگادارین، حەقە بڕگەیەک هەبێ کە ئەوانیش بگرێتەوە، چاودێریەکیان لەسەر بێت لەبەر ئەوەی بڕێکی زۆرە، لەوانەیە هەندێک ئەوە بە مەنطق نەزانن. با بۆخۆمان تێیدا بێت، ئەوە پێشنیارێکە دەیکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆت جوابی خۆت دایەوە. کاکە ڕەش فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەوەی جەنابی جێگری سەرۆک وەزیران فەرمووی مانع نییە لە بڕگەی یەکەم زیادی کەین، بەلام دەبێ بڕگەی دووەم بمێنێ،دەتوانین استغنا لە بڕگەی سێیەم بکەین لەبەر ئەوەی سەندیکاکان و اتحادات تەسەروف بە ئەموالی گشتی ناکەن ،دەبێ ئەوە بمێنێت هی ئەوانە ئەموالی خاصەیە گشتی نییە، ئەو کاتە بڕگەی سێیەم پێویست ناکات، هەر سێ بڕگە بخوێنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بشمێنێ چ نییە لەبەر ئەوەی کە ئەوە هەبوو قائد خۆی بە کاری ناهێنێ.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة الثالثة عشرة:

تخضع للرقابة المالية و سلطتها:

١- كل دائرة من دوائر حكومة الاقليم او اية جهة اخرى تتصرف بالاموال العامة جباية او انفاقاً او تخطيطاً او صيرفة او تجارة او انتاج اعيان او انتاج خدمات.

٢- النقابات والاتحادات و الجمعيات والهيئات والمنظمات الجماهيرية واية جهة اخرى ذات نفع العام.

٣- لقائد الحركة التحررية اخضاع اية جهة اخرى لم يرد ذكرها في هذه المادة لرقابة الديوان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی کە ماددەی سێزدە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە. کێ پەسەندی ناکات؟ بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**«مهام الديوان»**

**المادة الرابعة عشرة:**

اولا: يقوم الديوان بمهام الرقابة وتدقيق حسابات الجهات الخاضعة للرقابة المالية والتأكد من سلامة تطبيق القوانين والانظمة و التعليمات وفقاً للقواعد والاصول والمعايير المعتمدة والطرق والوسائل المتعارف عليها وله:

١ـ فحص و تدقيق معاملات الانفاق العام بما فيها الرواتب والمخصصات والمكافئات للتأكد من سلامتها.
٢ـ التأكد من عدم تجاوز الاعتمادات المرصدة لها في الميزانية.
٣ـ التاكد من استخدام الاموال العامة للاغراض التي خصصت لها وعدم حصول هدر او تبذير او سوء تصرف فيها وتقييم مردوداتها.

ثانياً:

فحص و تدقيق معاملات التخمين و تحقيق و جباية الموارد العامة للتأكد من صحة الاجراءات المعتمدة و سلامة تطبيقها.

ثالثاً:

تقديم العون الفني في المجالات الحسابية والرقابية و ما يتعلق بها من امور ادارية و تنظيمية و المساهمة في وضع و تطوير القواعد والاصول المعايير المحاسبية والرقابية.

رابعاً:

تنظيم دورات دراسية تطبيقية للموظفين و غيرهم وللمجلس منح الملتحقين بها المخصصات بموجب القوانين المرعية.

خامساً:

ابداء الرأي في الجداول والبيانات و التقارير المتعلقة بنتائج الاعمال و النشاطات و الاوضاع المالية للجهات الخاضعة للرقابة و بيان مدى تنظيمه وفق القوانين و القواعد والاصول الحسابية المعتمدة و مدى تطابقها مع حقيقة المركز المالي و نتائج النشاطات المذكورة.

سادساً:

يقوم الديوان بتقديم تقرير (نصف سنوي)الى قائد الحركة التحررية و رئيس المجلس الوطني و رئيس مجلس الوزراء يتضمن اراءه عن الاوضاع المالية والادارية و الاقتصادية في مجال الرقابة المالية في الاقليم والمهام التي قام بتأديتها.

سابعاً:

للديوان حق الاطلاع على الوثائق والاضابير والمعاملات و الاوراق ذات العلاقة بمهام الرقابة المالية العادية و السرية ويستثنى منها ما يقرره قائد الحركة التحررية استثنائها بناءاً على اقتراح رئيس الوزراء

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین تەنها سێیەم لە شوێنی (تقديم العون الفني في المجالات الحسابية

والرقــابيــة) ببێته (فی المجالات المالیه) لەبەر ئەوەی مالیه گشت گیر ترە لە حسابی، مالیه حسابی و وردکاریش دەگرێتەوە، تەنها ئەو پێشنیارەمان هەیە ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا فەرموون.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لاریمان نییە ئەگەرحکومەت رازی بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینم لەسەر ماددەکە نییە تەنها لە بڕگەی(١) زیادەیەکم هەیە(١ـ فحص و تدقيق معاملات الانفاق العام بما فيها الرواتب والمخصصات والمكافئات ) لێرە اعانات زیاد بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک د.رزگار تکایە قسەکەت دووبارە بکەرەوە.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بڕگەی یەکەم زیادەیەکم هەیە(١ـ فحص و تدقيق معاملات الانفاق العام بما فيها الرواتب والمخصصات والمكافئات ) لێرە اعانات زیاد بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک جەمیل فەرموو.

**بەریز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە سێ بڕگەیە نەک تەنها یەک بڕگە لە بڕگە سێ دەڵێ (التاكد من استخدام الاموال العامة للاغراض التي خصصت لها ) واتا گەر منحەیە یان اعانەیە ئەوانە هەموویان بڕگەی سێیەم دەیان گرێتەوە، پێویست ناکات وشەی بچکۆڵە لە یاسادا بنوسرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا تێبینیتان ماوە؟ نییە، ئەنجومەنی وەزیران تێبینیان هەیە؟ نییە؟ کێ ماددەی چواردە پەسەند دەکات بەو شێوەیەی خوێندرایەوە؟ کێ پەسەندی ناکات ؟ بە تێکرای دەنگ پەسەندکرا.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة الخامسة عشرة:**

لقائد الحركة التحررية ان يستثني من حكم المادة (١٤)من هذا القانون كل او بعض القضايا او الوثائق السرية التي يراها ضرورياً او ما تقتضيه مصلحة الامن القومي.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەی پازدەش دەخەینە دەنگدانەوە کێ ماددەی پازدە پەسەند دەکات؟ کێ پەسەندی ناکات؟بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

«اختصاصات وصلاحيات المجلس»

المادة السادسة عشرة:

اولا: للمجلس منح موظفي الديوان المخصصات التالية.

١ـ مخصصات الرقابة لاتتجاوز (٢٥٠٪) من رواتب الموظف

٢ـ مخصصات نقل و مخاطر ومهام خاصة لاتتجاوز (١٥٠) من راتب الموظف.

٣ـ منح قدم لاتتجاوز (سنة واحدة) من كل درجة لاغراض العلاوة و الترفيع لموظفي الديوان ممن يتميزون بكفاءة عالية او يبذلون جهدا استثنائيا يقرها المجلس لهذا الغرض

ثانياً: اقرار خطط وأسس العمل في الديوان واساليب تنفيذها.

ثالثاً: تحديد نطاق عمل مديريات ودوائر الديوان وقواعد تنظيمها.

رابعاً: اعداد مشروع الموازنة السنوية للديوان ومناقشتها مع وزارة المالية والاقتصاد لادخالها ضمن الموازنة العامة للاقليم.

خامساً: دراسة التقارير والمواضيع التي تعرض عليه من قبل قائد الحركة التحررية ورئيس المجلس الوطني ورئيس مجلس الوزراء ورئيس الديوان واتخاذ القرارات والتوصيات والاجراءات اللازمة بشأنها

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا فەرموون.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسا دەست کاری مخصصاتەکەمان کردووە لە پرۆژەی حکومەت هاتبوو ١٠٠٪ ئەوەی تریش ٥٠٪، فەرمانبەرەکان خۆیان ئێستا ١٠٠٪ یان هەیە بۆیە معقول نییە وەکو خۆی بمێنێتەوە، لەبەر ئەوە گوتمان (لا تتجاوز ٢٥٠)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێش ئەوەی جەنابی جێگری سەرۆک قسە بکات من پرسیارێکم هەیە، خالی دووەم(مخصصات نقل و مخاطر ومهام خاصة لاتتجاوز) چەند؟.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

«١٥٠» دینار، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ ١٥٠ دینار؟ ئەوە سێ دەرماڵەیە.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە هەر یەکیانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەڵێ ای منها واتا سێ دەرماڵەیە، ئەگەر هەر سێکی بدەن ١٥٠ دینارە. کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راستە ئێمە دەمانەوێ زۆر شت بۆ فەرمانبەر بێتە دی، بەلام گەلێک زیادە نووسراوە ٢٥٠دینار زۆر زۆرە لە جیاتی ئەو ٢٥٠ با ١٥٠ بێت، وشەی (ای منها )لابدرێ ١٠٠دینار بێت یان ١٥٠دینار بێت واتا نابێت لە کۆی هەردووکیان لە ٣٠٠دینار رەت بکات ،رێنمایی دارایی هەیە ئەوە زۆر زۆردەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادام پارەیە بابزانین رای حکومەت چییە؟ جەنابی جێگری سەرۆک وەزیران فەرموو.

**بەڕێز سامی عەبدولرەحمان/ جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە رازین لەسەر ئەو زیادەی کە لیژنەی یاسایی کردوویەتی،لەبەر ئەوەی ئەوانە دەزگایەکی گرنگن ، راستەو خۆ رەبتی مەسائلی داراین ، بەشێوەیەکی گشتیش ئێمە حەز دەکەین بە هەر شێوەیەک و لەهەر شوێنێ بێت مووچەی فەرمانبەران زیاد بکرێ، لەگەڵ ئەو هەموارەی کاک جەمیل (ای منها) نەمێنێ هەمووی دەبێ کۆی لە ١٥٠ تێنەپەڕێ، رازین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە جارێکی تر بخوێندرێتەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

«اختصاصات وصلاحيات المجلس»

المادة السادسة عشرة:

اولا: للمجلس منح موظفي الديوان المخصصات التالية.

١- مخصصات الرقابة لاتتجاوز (٢٥٠٪) من رواتب الموظف.

٢- مخصصات نقل و مخاطر ومهام خاصة لاتتجاوز (١٥٠٪) من راتب الموظف.

٣- منح قدم لاتتجاوز (سنة واحدة) من كل درجة لاغراض العلاوة و الترفيع لموظفي الديوان ممن يتميزون بكفاءة عالية او يبذلون جهدا استثنائيا يقرها المجلس لهذا الغرض

ثانياً: اقرار خطط وأسس العمل في الديوان واساليب تنفيذها.
ثالثاً: تحديد نطاق عمل مديريات ودوائر الديوان وقواعد تنظيمها.
رابعاً: اعداد مشروع الموازنة السنوية للديوان ومناقشتها مع وزارة المالية والاقتصاد لادخالها ضمن الموازنة العامة للاقليم.
خامساً: دراسة التقارير والمواضيع التي تعرض عليه من قبل قائد الحركة التحررية ورئيس المجلس الوطني ورئيس مجلس الوزراء ورئيس الديوان واتخاذ القرارات والتوصيات والاجراءات اللازمة بشأنها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ ماددەی «١٦» پەسەند دەکات بەو شێوەیەی کە خوێنرایەوە؟..سوپاس.. کێ پەسندی ناکات؟.. کەواتە بە گشتی دەنگ ماددەی «١٦» بە هەموار کردنەوە پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین.. ماددەی «١٧» فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**«صلاحيات الرئيس»**

**المادة السابعة عشرة:**

للرئيس الصلاحيات التالية فيما لا يتعارض مع المادة(١٥) من هذا القانون:
اولاً: للرئيس دعوة اية جهة خاضعة للرقابة المالية لحضور اجتماعات المجلس من الامور المتعلقة بها.
ثانياً: للرئيس عند الاقتضاء وعلى الوجه الذي يقرره اشراك موظفي الاقليم والخبراء والاختصاصيين وذوي الكفاءات في اعمال الرقابة او اشراكهم في اجتماعات المجلس دون ان يكون لهم حق التصويت لقاء مكافآت خاصة.
ثالثاً: للرئيس او المجلس ان يأمر باجراء التفتيش والتدقيق في القضايا والامور المالية في اي وقت يرى مهمة الرقابة تقتضي ذلك.
رابعاً: للرئيس ان يطلب من الوزير المختص او جهة غير مرتبطة بوزارة مايلي:
١- احالة الموظف المخالف الى لجنة الانضباط المختصة او فرض العقوبات المناسبة التي تدخل ضمن صلاحياته.
٢- تضمين الموظف المخالف الاضرار التي تكبدتها الدائرة بسبب مخالفته وذلك في القضايا التي ينتهي التحقيق فيها.
٣- اقامة الدعاوي المتعلقة بالمخالفات المالية ومتابعتها لدى المحاكم المختصة على ان يقوم الديوان بتزويد الجهات المعنية بما لديه من معلومات وأدلة عن تلك المخالفات.
٤- احالة قضايا الجرائم المالية المكتشفة الى رئاسة الادعاء العام في الاقليم لتحريك الدعوى العامة بشأنها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینییەک هەیە لەسەر ماددەی «١٧» ؟،کاک د.ناسح فەرموو.

**بەڕێز د.ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی لەم ماددەیەدا هاتووە دەسەڵاتی سەرۆکە، بەڵام لە بڕگەی «٣»دا هاتووە دەڵێت:«للرئيس او المجلس ان يأمر باجراء التفتيش»، بە رای من «المجلس» لێرەدا زیادە، چونکە ئەمانەی کە باس کران هەمووی دەسەڵاتی سەرۆکە، تەنها لە بڕگە«٣»دا نەبێت کە باسی «مجلس» کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، خۆی هەق وایە ئەم کارە کە لە بڕگە «٣»دا باسی لێوە کراوە لە دەسەڵاتی ئەنجومەنیش بێت، چونکە لەوانەیە سەرۆک بە تەنها رازی نەبێت، جا بۆیە دەبێت ئەو دەسەڵاتە بە ئەنجومەنیش ببەخشرێت، ئەو بڕگەیە لە جێگای خۆیەتی. تێبینیی تر نییە؟ ماددەی «١٧» ئەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ماددەی «١٧» دایە بەو شێوەیەی کە خوێنرایەوە؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟..کەواتە بە گشتی دەنگ ماددەی «١٧» پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین، دێینە سەر ماددەی «١٨» فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة الثامنة عشرة:**

اذا وقع خلاف بين الديوان واحدى الجهات الخاضعة للرقابة ولم يتم حسمها بينهما مباشرة فلرئيس الديوان عرض تفاصيل الموضوع على قائد الحركة التحررية ويكون قراره باتاً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینیی هەیە؟ نییە؟، کێ لەگەڵ ماددەی «١٨»دایە بەو شێوەیەی کە خوێنرایەوە؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ کەواتە بە گشتی دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین، فەرموو ماددەی «١٩» بخوێنەرەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة التاسعة عشرة:**

تعتبر مخالفة لاغراض هذا القانون الاصول والتصرفات التالية:

١ـ عدم الالتزام بالقوانين والانظمة والتعليمات والبيانات المالية.

٢ـ الاهمال او التقصير الذي يؤدي الى هدر الاموال العامة او زيادة الكلفة او الانفاق او الضياع او الاتلاف.

٣ـ الامتناع عن الرد على رسائل الديوان او عدم الاستجابة لملاحظات او تأخير الاجابة دون مبرر ضمن المدة التي يحددها الديوان.

٤- التستر على المخالفات الواقعة او تأخير إشعار الديوان بها.
٥- عدم ممارسة الصلاحيات القانونية والادارية لوقف التمادي في الاجراءات المخالفة او ردع المخالفين.
٦- عدم تنفيذ القرارات والتعليمات الصادرة من سلطة الرقابة بمقتضى احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینییەک لەسەر ماددەی«١٩»هەیە؟، لە بڕگەی «٣» دا نووسراوە «لملاحظات» بیکەن بە «لملاحظاتە»، ماددەی «١٩» ئەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ماددەی «١٩»دایە بەو شێوەیەی کە خوێنرایەوە؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە گشتی دەنگ پەسەند کرا، ماددەی «٢٠» تکایە بخوێننەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**(الاحكام الختامية)**

**المادة العشرون:**

يخضع موظفوا الديوان لقانون الخدمة المدنية وقانون الملاك وقانون انضباط موظفي الدولة فيما يتعلق بنقلهم او تعيينهم وترفيعهم بما لايتعارض واحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینیی لەسەر ماددەی«٢٠» هەیە؟،نییە؟، کەواتە دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ماددەی «٢٠»دایە بەو شێوەیەی کە خوێنرایەوە؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ کەواتە بە گشتی دەنگ پەسەند کرا، ماددەی «٢١» فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة الحادية والعشرون:**

تحدد واجبات واختصاصات دوائر الديوان بنظام.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینیی لەسەر ماددەی «٢١»یش نییە، ئەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ماددەی «٢١»دایە؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ کەواتە بە گشتی دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین، دێینە سەر ماددەی «٢٢» فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة الثانية و العشرون:-**

للرئيس بموافقة المجلس اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینییەک لەسەر ماددەی «٢٢» هەیە؟، نییە، دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ماددەی «٢٢»دایە؟ ..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟.. کەواتە بە گشتی دەنگ ماددەی «٢٢» پەسەند کرا، دێینە سەر ماددەی «٢٣»، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة الثالثة و العشرون:ـ**

لايعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ماددەی «٢٣»دایە بەو شێوەی کە خوێنرایەوە؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟..کەواتە بە گشتی دەنگ پەسەند کرا، ماددەی «٢٤» بخوێننەوە تکایە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة الرابعة و العشرون:ـ**

على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کەوا ماددەی «٢٤» پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە؟..سوپاس.. کێ پەسەندی ناکات؟ کەواتە بە گشتی دەنگ پەسەند کرا، دێینە سەر ماددەی «٢٥»، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة الخامسة و العشرون:ـ**

ينفذ هذا القانون من تأريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ماددەی «٢٥»دایە بەو شێوەیەی کە خوێنرایەوە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ کەواتە بە گشتی دەنگ ماددەی «٢٥» وەرگیرا، سوپاستان دەکەین، ئێستا یاساکە هەمووی دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ پەسند کردنی یاسای دیوانی ڕەقابەی مالی هەرێمی کوردستاندایە دەستی بەرز کاتەوە؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟..کەواتە بە گشتی دەنگ یاساکە پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین، بەڕێز جەنابی جێگری سەرۆکی حکومەت فەرموو.

**بەڕێز سامی عەبدولڕەحمان/ جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەناوی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەنجومەنی وەزیران زۆر سوپاستان دەکەین، سوپاسی سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی دەکەین، سوپاسی لیژنەی یاسا و لیژنەی دارایی دەکەین و، سوپاسی گشت ئەندامانی پەرلەمان دەکەین، سوپاستان دەکەین بە پەسەند کردنی ئەو دوو یاسا گرنگە، یاسای ئیستحداث کردنی وەزارەتی مافی مرۆڤ، کە بێگومان هیچ میللەتێک لە دونیادا نییە وەک خەڵکی کوردستان مافی پێشێل کرابێ، بۆیە ئێمە دەبێت پێش هەموو خەڵکی بەرگری لە مافی مرۆڤ بکەین و، دەزگاکانی پێویست دامەزرێنین بۆ ئەوەی بتوانن ئەو مافە ڕاگرن، هەروەها مەسەلەی مافی مرۆڤ دەگونجێ لەگەڵ رووحی سەردەم و، دامەزراندنی ئەم وەزارەتە دەگونجێ لەگەڵ ئەو رووحییەتە، یاسای دووەمیش کە یاسای چاودێری مالییە، کە

پێگومان روكنێكی گرنگی هەموو حكومەتێكی سەردەمە و، ئەگەر دارایی سەلامەت بێت، ئەوە حكومەتیش سەلامەتە و كۆمەڵیش سەلامەتە، زۆر سوپاستان دەكەین، لەگەڵ رێز و تەقدیرماندا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

رێگام بدەن بە ناوی هەمووتانەوە سوپاسی بەڕێز جێگری سەرۆكی حكومەت و، برا وەزیرەكان بكەم بۆ ئامادە بوونیان لەم دانیشتنەماندا، هەروەها پیرۆزباییشیان لێ بكەم بە دەرچوونی ئەم دوو یاسا گرنگە، كە دەسكەوتی پەرلەمان و حكومەتی كوردستانن، لێرەدا بە پێویستی دەزانم كەوا سوپاسی ئەنجومەنی وەزیران بكەم بۆ هاتنە پێشەوەو هاوكاری تەواویان لەگەڵ لیژنەكانی پەرلەماندا و،بە یاری خوا سەركەوتوو دەبن و زۆر سوپاس، بۆ دانیشتنی داهاتوومان ئاگادارتان دەكەینەوە.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سكرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**كوردستانی عێراق**

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانی**
**كوردستانی عێراق**

به ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان
به ناوی گەلەوە
ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق
ژمارەی بڕیار: ٢٩
مێژووی بڕیار: ٧/١٢/٢٠٠٠

«بڕیار»

پشت به حوكمەكانی برگە(١)ی مادده(٥٦)ومادده(٥٣) له یاسای ژماره(١)ی هەمواركراوی ساڵی ١٩٩٢و لەسەر داواكاری ئەنجومەنی وەزیران وئەوەی كه ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق له دانیشتنی ژماره(٢٠)ی رۆژی (٦/١٢/٢٠٠٠)یدا یاساكاری كردووە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەمان دا:

**یاسای ژماره ( ١٣)ی ساڵی/٢٠٠٠**
**یاسای چوارەم هەموار كردنی یاسای ژماره(٣)ی ساڵی (١٩٩٢)ی**
**ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستانی عێراق**

ماددەی یەكەم:
وەزارەتێكی نوێ بەناوی وەزارەتی مافی مرۆڤ دادەمەزرێ.
ماددەی دووەم:
برگە(دووەم)ی ماددەی(٩)هەموار بكرێ كه زنجیرەی(١٦)ی بۆ زیاد بكرێ وبەم شێوەیەی خوارەوە بخوێنرێتەوە:
١٦ – وەزارەتی مافی مرۆڤ.
ماددەی سێیەم:
پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران حوكمەكانی ئەم یاسایە بخەنە كار.
ماددەی چوارەم:
ئەم یاسایە لەرۆژی بڵاوكردنەوەی لەرۆژنامەی وقایعی كوردستاندا، دەخرێتە كار.

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**كوردستانی عێراق**

بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان
بەناوی گەلەوە
ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق
ژمارەی بڕیار : ٣٠
مێژووی بڕیاری :٧/١٢/٢٠٠٠

«بڕیار»

پشت بە حوکمەکانی بڕگە (١)ی ماددەی (٥٦)و ماددەی (٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)و لەسەر داواکاریی ژمارەی یاسایی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی و ئەو یاساکارییەش کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە(٢٠)ی ڕۆژی (٦/١٢/٢٠٠٠)یدا کردوویەتی بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەمان دا :

## یاسای ژمارە (١٤)ی ساڵی (٢٠٠٠)
## یاسای دیوانی ریقابەی دارایی هەرێمی کوردستانی عێراق

ماددەی یەکەم:
مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە:
١ـ هەرێم: هەرێمی کوردستانی عێراق.
٢ـ دیوان: دیوانی ریقابەی دارایی هەرێم.
٣ـ ئەنجومەن :ئەنجومەنی ریقابەی دارایی هەرێم.
٤ـ سەرۆک: سەرۆکی دیوانی ریقابەی دارایی هەرێم.
٥ـ دەسەڵاتی ریقابە: ئەنجومەن و سەرۆکی ئەنجومەنە، یان هەر فەرمانبەرێکی دیوانە کە یەکێ لەو دوانە (اختصاص) ێکی دارایی پێ دابێ.
ماددەی دووەم:
دەسەڵاتدارییەک بۆ ریقابەی دارایی لە هەرێمدا بەناوی (دیوانی ریقابەی دارایی هەرێمی کوردستانی عێراق )دادەمەزرێ، کە شەخسییەتی مەعنەوی و سەربەخۆیی دارایی و ئیداری خۆی هەبێ و، بۆیشی هەبێ هەموو رەفتارێکی یاسایی بۆ وە ئاکام گەیاندنی ئەرکی سەرشانی خۆی پیادە بکات. نوێنەری ئەم دەسەڵاتدارییە سەرۆکەکەیەتی، یان ئەو کەسەیە کە سەرۆک ئەو دەسەڵاتەی پێ دەدا.
ماددەی سێیەم:
دیوان بە ڕابەری بزاڤی رزگاریخوازانەی کوردەوە پێوەندە.
ماددەی چوارەم:
سەرۆکی دیوان لەسەر پێشنیاری سەرەک وەزیران و رەزامەندیی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، بەفەرمانێکی ڕابەری بزاڤی رزگاریخوازانەی کورد دادەمەزرێ. سەرۆکی دیوان پلەی وەزیریی هەیەو، لەڕووی مووچەو دەرماڵەو خانەنشینی و خزمەت و تەشریفاتەوە مافی وەزیریی هەیە.

ماددەی پێنجەم:
ماوەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەن (٤) چوار ساڵەو، تازەبوونەوەشی لەباردا هەیە بەبڕیارێکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، ئەنجومەنی نیشتمانی بۆیشی هەیە لەسەر داواکاریی سەرەک وەزیران لەو مەنسەبە ئیعفای بکات و، ڕابەری بزاڤی ڕزگاریخوازانەی گەلی کوردیش بۆی هەیە قبوڵی دەست لەکار هەڵگرتنی بکات.
پێکهاتەکانی دیوان
ماددەی شەشەم:
دیوان لەمانە پێک دێ:
یەکەم:
١ـ سەرۆکی دیوان: دەبێتە سەرۆکی ئەنجومەن.
٢ـ نوێنەر(نائب)ی سەرۆک: دەبێتە نوێنەری سەرۆکی ئەنجومەن.
٣ـ بەڕێوەبەرە گشتییەکانی دیوان: دەبنە ئەندامانی ئەنجومەن.
دووەم:
بەڕێوەبەریی گشتیی کاروباری ئیداری و دارایی و یاسایی و هونەریی دیوان. بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتیی دەکاو، ئەم ئەرک و فرمانانەی دەبێ:
١ـ تەیارو ئامادەکردنی خزمەتگوزاریی ئیداری و دارایی و یاسایی بۆ هەموو پێکهاتەکانی دیوان.
٢ـ ئەرک و فرمانی هونەری و پیشەیی کە بۆ ئیش و کاری ڕیقابە پێویستن، هەروەها ئەرکی دۆزینەوەی شێوازی بەرەو باشتر بردنی ڕیقابەکاری و زیاتر چالاک کردن و بەرزکردنەوەی ئاستی کار هەڵسوڕاندن، بە تەگبیرو هاوکۆمەکی لەگەڵ دایەرەو بەڕێوەبەرییەکانی دیکەی دیواندا.
ماددەی حەوتەم:
ئەوەی بە سەرۆکی دیوان دادەمەزرێ، دەبێ ئەم شەرتو شروتەی هەبێ:
١ – دەبێ هاووڵاتی هەرێم بێت و، نشینەی هەرێم بێت.
٢ – دەبێ بڕوانامەیەکی سەرەتایی زانکۆیی لە زانستی دارایی یا ئابووری، یا یاساییدا هەبێ و دوای وەرگرتنی ئەو بڕوانامەیەش، ماوەیەک، بەکردار خزمەتی هەبێ لە(١٢ساڵ)کەمتر نەبێ و، بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی ماجستێر لە یەکێ لەو زانستانەدا، لە(١٠ساڵ)کەمتر نەبێ و، بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی دکتۆرایش لە یەکێ لەو زانستانەدا لە(٧ساڵ)کەمتر نەبێ، یان زووتر وەزیر بووبێ.
٣ – نابێ بەتاوانێک حوکم درابێ سیفەتی دەستپاکی یان ناوبانگی نەنگ کردبێ.
ماددەی هەشتەم:
نوێنەری سەرۆک و بەڕێوەبەرە گشتییەکانیش لەسەر پێشنیاری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، بە فەرمانی ڕابەری بزاڤی ڕزگاریخوازانەی کورد دادەمەزرێن، بەڵام فرمانبەرانی دیکە، ئەوە، سەرۆکی ئەنجومەن، خۆی دایاندەمەزرێنێ.
ماددەی نۆیەم:
سەرۆکی ئەنجومەن کە بەرەفتاری رەسمی ئەرک وفرمانی ڕیقابەی دارایی، بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە هەڵدەسووڕێنێ، ناشێ بەهۆی ئەو ئەرک وفرمانەوە تەعقیباتی یاسایی دەرهەق بکرێ مەگەر بە وەرگرتنی رەزامەندیی ڕابەری بزاڤی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد بەڵام دەرهەق بە نوێنەری سەرۆک وبەڕێوەبەرە گشتییەکان وفرمانبەرەکانی دیکە ئەوە بە رەزامەندیی سەرۆکی ئەنجومەن تەعقیباتی یاسایی دەرهەق دەکرێ.
ماددەی دەیەم:
یەکەم:
١ـ نوێنەری سەرۆک پلەی تایبەتی هەیە.

٢. ئەوەی بەنوێنەری سەرۆک دادەمەزرێ، دەبێ ئەم شەرتو شروتانەی تێدا هەبێ:
أ. دەبێ هاوولاتی هەرێم بێت و نشینەی هەرێم بێت.
ب. دەبێ بڕوانامەیەکی سەرەتایی زانکۆیی لە زانستەکانی دارایی یا ئابووری یان یاساییدا هەبێ و، لە ئەرک و فرمانێکیشدا پەیوەندیی بە ریقابەی داراییەوە هەبێ بۆ ماوەیەک وەزیفەی دیبێ لە(١٢) ساڵ کەمتر نەبێ، بەڵام بۆ ئەوەی بڕوانامەی ماجستێری لە یەکێ لەو زانستانەدا هەبێ، ئەوە ئەبێ خزمەتی لە(١٠) ساڵ کەمتر نەبێ و، ئەوەش کە دکتۆرای تێدا وەرگرتووە دەبێ خزمەتی لە(٧) ساڵ کەمتر نەبێ.
ج. نابێ بە تاوانێ حوکم درابێ سیفەتی دەستپاکی یان ناوبانگی نەنگ کردبێ.
دووەم: ئەوەی بە بەڕێوەبەری گشتی دادەمەزرێ دەبێ ئەم شەرتوشروتەی تێدابێ:
١. دەبێ هاوولاتی هەرێم بێت و نشینەی هەرێم بێت.
٢. دەبێ، لە کەمی، بڕوانامەیەکی سەرەتایی زانکۆیی لە پسپۆڕییەکدا پێوەندیی بە ریقابەی داراییەوە هەبێ، ببێ و، دەبێ دوای وەرگرتنی بڕوانامەکەش لە ئەرک و فرمانێکدا پێوەندیی بەریقابەی داراییەوە هەبێ بۆ ماوەیەک بە کردار وەزیفەی دیبێ لە(١٠) ساڵ کەمتر نەبێ.
ماددەی یازدە:
سەرۆکی دیوان و نوێنەرەکەی و بەڕێوەبەرە گشتییەکان و کارمەندانی ریقابەو تەدقیقکردن، خۆیان بۆ ئەرک و فرمانی وەزیفەکەیان تەرخان دەکەن، بۆیشیان نییە لە کتێب دانان و موحازەرە بەولاوە، لە دوای دەوامی رەسمیش هیچ پیشەو کارێ هەڵسووڕێنن.
ماددەی دوازدە:
سەرۆکی دیوان بۆی هەیە بەڕێوەبەرایەتی و بەش و هۆبەی نوێ لە پێکهاتەکانی دیواندا بکاتەوە یان دابخات.
ماددەی سیازدە:
ئەمانەی خوارەوە دەکەونە ژێر رکێف و دەسەلاتی ریقابەی داراییەوە:
١. هەر دایەرەیەک لەدایەرەکانی هەرێم یان هەر لایەنێکی دیکە، دارایی گشتی لە رێگەی جیبایە، یا خەرجکردن، یا پلان دانان، یا سەیرەفە، یا بازرگانی، یا رەنێوهانینی شمەک یا پێشکەش کردنی خزمەتگوزارییەوە هەڵسووڕێنێ.
٢. سەندیکاو یەکێتی و کۆمەڵە و هەیئە و رێکخراوە جەماوەرییەکان و هەر لایەنێکی دیکەش کە مەنفەعەتێکی گشتیی لە خۆی گرتبێ.
٣. رابەری بزاڤی رزگاریخوازی گەل بۆی هەیە هەر لایەنێکی دیکەش کە لەم ماددەیەدا ناوی هاتبێ بیخاتە ژێر رکێفی ریقابەی دیوانەوە.
- ئەرک وفرمانی دیوان-
ماددەی چواردە:
یەکەم: دیوان حساباتی هەموو ئەو لایەنانەی کەوتبنە ژێر رکێفی ریقابەی داراییەوە ریقابەو تەدقیقی دەکا تا دڵنیابێ لەوە کە یاساو پێڕۆ و رێنماییەکان بەدروستی بەپێی رێسا و ئوسول وپێودانگی کارپێکراوو رێگا وشێوازی باوو بەردەست خراونەتەکار، بۆیشی هەیە کە:
١- هەموو موعامەلەکانی خەرجی گشتی(الانفاق العام)، بەمووچەو دەرماڵە وخەڵاتیشەوە فەحس و تەدقیق بکا تا لەدروستییان دڵنیابێ.
٢- دڵنیابێ لەوە کە لە(ئیعتیمادات)ی بەشە بوجەی خۆی زیاد نەڕۆیشتبێ.
٣- دڵنیابێ لەوە کە ئەو داراییە گشتییە لەو پێناوەدا خرابێتە کار کە بۆی دانراوەو، بەفیڕۆ نەچووە، یا دەست بڵاوی، یا خراپ رەفتاریی تێدا نەکراوەو، داهات وسوودەکانیشی هەڵدەسەنگێنێ.

دووەم: فەحس و تەدقیقکردنی مەعامەلەکانی خەملاندن و، بەئەنجام گەیاندنی جیبایەو داهاتی گشتی، بۆ ئەوەی لە دروستیی شێوازی ئیجرائاتی کارپێکراوو سەلامەتیی جێبەجێ کردنیان دڵنیابێ.
سێیەم: پێشکەشکردنی کۆمەکی هونەری لە هەموو بوارێکی حسابکاری و ریقابەکاری و هەموو کاروبارێکی ئیداری و رێکخستنیش کە پەیوەندیی پێیانەوە هەبێ، هەروەها لەدانان وبەرەچاوتر گۆرینی رێساو ئوسوڵ وپێودانگی حسابکاری و ریقابەکاریشدا هاوبەشی دەکا.
چوارەم: خولی خوێندن و بەکارخستن، بۆ فرمانبەران و هی دیکەش رێک دەخاو، ئەنجومەن بۆی هەیە بەپێی یاسا کارپێکراوەکان دەرماڵەشیان بداتێ.
پێنجەم: هەموو لایەنێ کەوتبێتە ژێر رکێفی ریقابەی داراییەوە، دیوان رای خۆی دەربارەی خشتەو بەیانات و راپۆرتەکانیان کە پەیوەندییان بە ئیش وبزاڤ و بارودۆخی داراییەوە هەبێ دەردەبڕێ و، بۆیشیان روون دەکاتەوە کە تاچ رادەیەک بەپێی یاساو رێسا و ئوسوڵی کارپێکراوی حسابی رێک خراون و تاچ رادەیەکیش لەگەڵ حەقیقەتی مەرکەزی دارایی و ئەنجامەکانی ئەو بزاڤانەدا یەک دەگرنەوە.
شەشەم: دیوان راپۆرتێکی (نیو ساڵ جارێ)پێشکەش بە رابەری بزاڤی رزگاریخوازی گەل و سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەکات و رای خۆی تێدا دەربارەی دۆخی دارایی و ئیداری و ئابووریی بواری ریقابەی دارایی لە هەرێم و ئەو ئەرک وفرمانەش کە خۆی ئەنجامی داوە دەردەبڕێ.
حەوتەم: دیوان مافی ئەوەی هەیە هەموو بەڵگەنامەو ئیزبارە و مەعامەلەو کاغەزێ پێوەندییان بە کاروباری ریقابەی دارایی ئاشکرا و نهێنیشەوە هەبێ، ببینێ، تەنها ئەوە نەبێ کە رابەری بزاڤی رزگاریخوازی، لەسەر پێشنیازی سەرەک وەزیران وەلای دەخا.
ماددەی پازدەم:
رابەری بزاڤی رزگاریخوازی کورد بۆی هەیە هەموو، یا هەندێ مەسەلە و بەڵگەنامەی نهێنی کە خۆی بە زەرووری بزانێ؛ یا بۆ ئاسایشی نەتەوەیی گرنگ بێ، لە حوکمی ماددە «١٤»ی ئەم یاسایەی ببوێرێ.
کارە تایبەت و دەسەڵاتەکانی ئەنجومەن
ماددەی شازدەم:
یەکەم : ئەنجومەن بۆی هەیە ئەم دەرماڵانە بدات بە فرمانبەرانی دیوان:
١ـ دەرماڵەی ریقابە، لە «٢٥٠٪» دووسەدو پەنجا لە سەدی مووچەی فرمانبەر نەترازێ.
٢ـ دەرماڵەی گواستنەوە و مەترسی و کاروباری تایبەت کە لە «١٥٠٪»سەدو پەنجا لەسەدی مووچەی فرمانبەر نەترازێ.
٣ـ هەر فرمانبەرێکی دیوان کە نیشانەی لێهاتوییەکی بالای پێوە دیاربێ، یان کوششێکی لە رادەی خۆ بەدەری بەخەرج دابێ و ئەنجومەن بۆی ئیقرار کردبێ، ئەوە قیدەمێکی بۆ مەبەستی عەلاوە و تەرفیع لە «یەک ساڵ» زیاتر نەبێ، پێ دەدرێ.
دووەم : ئیقرارکردنی پیلان و بنیچەکانی ئیش کردن لە ناو دیوان وئیقرارکردنی شێوازەکانی جێبەجێ کردنیان.
سێیەم: دیارکردنی چوارچێوەی ئیش و کاری بەرێوەبەری و دایەرەکانی دیوان و، رێساکانی رێکخستنیان.
چوارەم: ئامادەکردنی پرۆژەی بوجەی ساڵانەی دیوان و گفتوگۆ لەسەر کردنی لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ئابووریدا بۆ ئەوەی بخرێتە ناو بوجەی گشتیی هەرێمەوە.
پێنجەم: لێکۆڵینەوەی هەموو ئەو راپۆرت و بابەتانەی کە لەلایەن رابەری بزاڤی رزگاریخواز و

سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکی دیوانەوە دەخرێنە بەردەمی، هەروەها لە بارەشیانەوە، بڕیار و ئامۆژگاری و ئیجرائاتی زەروور دەست دەداتێ.

## ـ دەسەڵاتەکانی سەرۆک ـ

ماددەی حەڤدە:

سەرۆک ئەم دەسەڵاتانەشی هەیە، لەوانەی کە لەگەڵ ماددەی (١٥) پازدەی ئەم یاسایەدا هاودژ نابن:

یەکەم: سەرۆک بۆی هەیە هەر لایەنێ کەوتبێتە ژێر رکێفی ریقابەی داراییەوە بانگی بکا لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەندا بەشدار بێ لەو شتانەدا کە پێوەندیی پێوەی هەیە.

دووەم: سەرۆک لە کاتی زەرووردا بۆی هەیە، چۆن خۆی بیەوێ فرمانبەرانی هەرێم و شارەزایان و پسپۆڕان و خاوەن توانستان لە ئیش وکاری ریقابەی داراییدا بەشدار بکات و، لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنیشدا بەشداریان بکا بەبێ ئەوەی مافی دەنگدانیان هەبێ بۆ ئەمەش خەڵاتی تایبەتییان پێ دەبەخشێ.

سێیەم: سەرۆک، یان ئەنجومەن، هەر کاتێ کاروباری ریقابە پێویست بکا بۆی هەیە فەرمان بدا دەست بکرێ بە پشکنین و تەدقیقکردنی مەسەلەو کاروباری دارایی.

چوارەم: سەرۆک بۆی هەیە داوای ئەم شتانەی خوارەوە لە وەزیری پێوەندیدار یان لەهەر لایەنێ بە وەزارەتەوە نەبەستراب‌ێ، بکات:

١ـ فرمانبەری سەرپێچیکار هەواڵەی لیژنەی بەرزەپتی بکا، یان بەپێی دەسەڵاتی خۆی سزایەکی گونجاوی بدا.

٢ـ لەو مەسەلانەدا کە لێپێچانەوەی تێدا ئەنجام دراوە، هەر زیانێ بەهۆی سەرپێچیی فرمانبەرەوە لە دایەرەکەی کەوتبێ، پێی ببژێرێ.

٣ـ لە دادگا پێوەندیدارەکان دەعوای دژ بە سەرپێچیی دارایی بکاتەوەو بەدوویدا بچێ و دیوانیش دەبێ هەر مەعلومات و گەواهییەکی لەو سەرپێچییانەوە بەدەستەوە بێ بیدا بە لایەنی پەیوەندیدار.

٤ـ مەسەلەی جەریمەی دارایی کە ئاشکرا دەکرێ دەبێ بیدا بە سەرۆکایەتی داواکاری گشتی (الادعاء العام)ی هەرێم بۆ ئەوەی دەعوای گشتیی لەدژ دەست پێ بکا.

ماددەی هەژدە:

ئەگەر ناکۆکییەک کەوتە نێوان دیوان و لایەنێ کە کەوتبێتە ژێر رکێفی ریقابەی داراییەوە و، خۆیان یەکسەر بۆیان یەکلا نەکرایەوە، ئەوە، لەو بارەدا، سەرۆکی دیوان بۆی هەیە، تەواوی بابەتەکە بخاتە بەردەست ڕابەری بزاڤی رزگاریخوازو، بڕیاریش، بڕیاری ئەوەو دەبڕدرێتەوە.

ماددەی نۆزدە:

ئەم ئوسوڵ و رەفتارانەی خوارەوە بە سەرپێچی کردنی ئەم یاسایە دادەنرێن:

١ـ ئیلتیزام نەکردن بە یاساو پێڕۆو رێنمایی و بەیاناتی داراییەوە.

٢ـ پشتگوێ خستن یا کەمتەرخەمی کە دەبێتە هۆی بە فیڕۆدانی دارایی گشتی یان زیادبوونی ئەرک و مەسرەف (کلفە) یان زیادبوونی خەرج یان بزربوون یا فەوتان.

٣ـ وەڵام نەدانەوەی نامەکانی دیوان، یان بەگوێ نەکردنی تێبینییەکانی، یان دواخستنی وەڵامەکان پتر لەو ماوەیەی کە بۆی دانراوە بەبێ ئەوەی هیچ مەعزەرەتێک هەبێ.

٤ـ شاردنەوەی کاری سەرپێچی، یان دواخستنی ئاگادار کردنەوەی دیوان لە رەفتاری سەرپێچی.

٥ـ بەکار نەخستنی دەسەڵاتی یاسایی و ئیداری بۆ وەستاندنی پێ لێ راکێشانی رەفتاری سەرپێچی و، بەربرکردنی سەرپێچیکاران.

٦- جێبەجێ نەکردنی ئەو بڕیارو ڕێنماییانەی لە دەسەڵاتی ڕیقابەی داراییەوە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەردەچن.

- حوکمە کۆتاییەکان -

ماددەی بیستەم:

فرمانبەرانی دیوان، لەڕووی دامەزراندن و گواستنەوەو تەرفیعەوە دەکەونە ژێر حوکمی یاسای خزمەتی مەدەنی و یاسای میلاک و یاسای بەرزەپێتیی فرمانبەرانی دەوڵەت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا پێچەوانە نەبێ.

ماددەی بیست و یەک:

ئەرک و فرمان و (ئیختیصاصی) بەڕێوەبەرایەتییەکانی دیوان بە پێڕۆ دیار دەکرێ.

ماددەی بیست و دوو:

سەرۆک بۆی هەیە، بە ڕەزامەندیی ئەنجومەن، ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکردنی سەپاندنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربهێنێ.

ماددەی بیست و سێ:

هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت، کاری پێ ناکرێ.

ماددەی بیست و چوار:

ئەنجومەنی وەزیران پێویستە حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە کار.

ماددەی بیست و پێنج:

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە وەقایعی کوردستاندا، دەخرێتە کار.

**د.ڕۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# بيان
## حول تصحيح الخطأ المطبعي الواقع في قانون
## ديوان الرقابة المالية لاقليم كوردستان العراق رقم (١٤) لسنة (٢٠٠٠)

استناداً الى حكم المادة الثامنة من قانون النشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان) رقم (٤) لسنة ١٩٩٩ وبالنظر لوقوع خطأ مطبعي في نص المادة السادسة من قانون ديوان الرقابة المالية لاقليم كوردستان العراق رقم (١٤) لسنة (٢٠٠٠) وسقوط الفقرتين (ثالثاً و رابعاً) من المادة المذكورة اثناء الطبع وعدم ظهورهما في متن القانون لدى اصداره، عليه فقد اقتضى تصحيح الخطأ المنوه عنه على ضوء ما تم اقراره من قبل المجلس الوطني لكوردستان العراق وبموجب محضر جلسته المرقمة (٢٠) المنعقدة يوم الاربعاء المصادف ٦/١٢/٢٠٠٠، فعليه تقرأ المادة السادسة من القانون رقم (١٤) لسنة (٢٠٠٠) (قانون ديوان الرقابة المالية لاقليم كوردستان ـ العراق) كالآتي :ـ

**المادة السادسة :**

يتشكيل الديوان من :ـ

أولاً :

١ـ رئيس الديوان : ويكون رئيساً للمجلس.

٢ـ نائب الرئيس : ويكون نائباً لرئيس المجلس.

٣ـ المدراء العامون : يكونون إعضاء في المجلس.

ثانياً : المديرية العامة للشؤون الادارية والقانونية والفنية للديوان ويرأسها مدير عام يتولى :ـ

١ـ تهيئة وتقديم الخدمات الادارية والمالية والقانونية لتشكيلات الديوان.

٢ـ المهام الفنية والمهنية التي تتطلبها اعمال الرقابة وكذلك مهمة بحث الوسائل لتطوير العمل الرقابي وزيادة فعاليته ورفع مستوى أدائه وذلك بالتعاون والتنسيق مع دوائر ومديريات الديوان الاخرى، وتتكون من المديريات التالية :ـ

أـ مديرية الشؤون الادارية والقانونية.

ب ـ مديرية الرقابة والشؤون الفنية.

ثالثاً :

دوائر التدقيق : ويرأس كل دائرة منها مدير عام أو محاسب قانوني أول وتختص بعدد من الانشطة القطاعية حسب ما يقرره المجلس وفقاً لمتطلبات العمل الرقابي وهي :

أـ دائرة النشاط الصناعي والزراعي.

ب ـ دائرة أنشطة الخدمات العامة والتعمير.

جـ ـ دائرة انشطة التمويل والتوزيع والشركات.

رابعاً: مكتب رئيس الديوان: ويرأسه موظف بدرجة مدير.

١ـ يتكون المجلس من رئيس الديوان رئيساً للمجلس ونائب الرئيس نائباً لرئيس المجلس والمدراء العامين وهم أعضاء في المجلس.

٢ـ ينعقد المجلس مرة واحدة كل شهر على الاقل بدعوة من الرئيس ويكتمل النصاب بحضور أكثرية الاعضاء ويتخذ قراراته باغلبية أصوات الحاضرين و عند تساويها فللرئيس صوت الترجيح.

**د .روژ نوري شاويس**

**رئيس المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە بیست و یەک**

دوو شەممە ڕێكەوتی ١١/١٢/٢٠٠٠

خولی دووەم

ساڵی نۆیەم

# برۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره بیست و یەك

## دوو شەممە ڕێكەوتی ١١/١٢/٢٠٠٠

*كاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی دوو شەممە ڕێكەوتی ١١/١٢/٢٠٠٠ ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بەسەرۆكایەتی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆكی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا سكرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی (ژمارە بیست و یەك)ی خولی ئاسایی دووەمی، ساڵی (٢٠٠٠)ی خۆی بەست.*

*بەرنامەی كار:*

*بەپێی حوكمەكانی برگە(١)ی مادده(٢٠) لە پێڕەوی هەمواركراوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢، دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی (ژمارە بیست و یەك)ی خۆی لە كاتژمێر (١٠)دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی دوو شەممە ڕێكەوتی ١١/١٢/٢٠٠٠ دا بەم شێوەیە بێت:*

*١ـ خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی بڕیاری دەسەڵاتدان بە سەرۆكی وەزیران كە پتر لە بریكارێكی وەزارەت دابمەزرێنێ.*

*٢ـ خستنەڕوو وگفتوگۆ كردن لەسەر پرۆژەی یاسای پلەبەندی بۆ دەرچوانی كۆلیژی زانست بەشی كیمیاو بایۆلۆجی.*

*٣ـ تەواو كردنی گفتوگۆ كردن لەسەر پرۆژەی یاسای یەكەم هەموار كردنی یاسای ژمارە(٨)ی ساڵی ١٩٩٩ی دەرمانسازانی هەرێمی كوردستان.*

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەكەمان بەناوی گەلی كوردستانەوە دەست پێدەكەین، بەڕێزان بەرنامەی كاری ئەمڕۆمان لە سێ خاڵ پێك هاتووە:

١ـ خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی بڕیاری دەسەڵاتدان بە سەرۆكی وەزیران كە پتر لە بریكارێكی وەزارەت دابمەزرێنێ.

٢ـ خستنەڕوو وگفتوگۆ كردن لەسەر پرۆژەی یاسای پلەبەندی بۆ دەرچوانی كۆلیژی زانست بەشی كیمیاو بایۆلۆجی.

٣ـ تەواو كردنی گفتوگۆ كردن لەسەر پرۆژەی یاسای یەكەم هەموار كردنی یاسای ژمارە(٨)ی ساڵی ١٩٩٩ی دەرمانسازانی هەرێمی كوردستان.

بۆ خاڵی یەكەمی تكایە ئەندامێكی بەڕێزی لیژنەی یاسا بفەرمووێت بێتە سەر منصە بۆ خوێندنەوەی پرۆژەی یاساكە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەقی پرۆژەی دەسەلاتدان بەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆ دامەزراندنی زیاتر لە بریکارێک بۆ وەزارەتەکانتان بۆ دەخوێنمەوە.

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار:

تاريخ القرار:

استناداً الى احكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من قانون المجلس الوطني لكوردستان العراق رقم (١) لسنة ١٩٩٢ وبناءا على ماعرضه مجلس الوزراء ، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / /٢٠٠٠ اصدار القانون الاتي:

قانون ( ) لسنة ٢٠٠٠

قانون تعديل قانون مجلس الوزراء لاقليم كوردستان العراق رقم (٣) لسنة ١٩٩٢

المادة الاولى:

تضاف الفقرة الاتية الى المادة الثامنة من قانون مجلس وزراء اقليم كوردستان العراق رقم (٣) لسنة ١٩٩٢ وتعتبر الفقرة (١٣) لها وتقرأ على الوجه التالي:

الفقرة(١٣) لمجلس الوزراء تعيين اكثر من وكيل وزارة في اية وزارة عندما تدعو الحاجة الى ذلك.

المادة الثانية: لايعمل باي نص يتعارض واحكام هذا القانون.

المادة الثالثة: على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة الرابعة: ينفذ هذا القانون اعتبارا من تاريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرۆژەی یاساکە ئاراستەی لیژنەی یاسا دەکرێت بۆ دراسەت کردنی و را دەربڕین لەبارەیەوە، خاڵی دووەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان خستنەڕوو وگفتوگۆ کردنە لەسەر پرۆژەی یاسای پلەبەندی بۆ دەرچوانی کۆلیژی زانست بەشی کیمیاو بایۆلۆجی. تکایە بەڕێزێکی تری لیژنەی یاسا بێتە ئێرە کاکەڕەش فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح:**

**رئاسة مجلس الوزراء**

**«قرار»**

استناداً الى احكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من قانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ وبناءاً على ماعرضه وزير الصحة والشؤون الاجتماعية ووافق عليه مجلس الوزراء لاقليم كوردستان العراق، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / /٢٠٠٠ اصدار القانون الاتي:

## قانون رقم ( ) لسنة ٢٠٠٠
## قانون التدرج الوظيفي لخريجي الكيمياء والبايولوجي لاقليم كوردستان العراق

**المادة الاولى:**

يعين خريجو كلية العلوم/ الكيمياء والبايولوجي في المختبرات الرئيسية في مستشفيات مراكز المحافظات وحسب حاجة المؤسسات الصحية لمدة سنة واحدة للتدريب.

**المادة الثانية:**

ينقل المتدرب بعد اكمال مدة التدريب للعمل في المستشفيات الموجودة خارج مراكز المحافظة في محافظات اقليم كوردسان العراق لمدة سنتين وبقرار من لجنة تشكل لهذا الغرض برئاسة ممثل وزارة الصحة والشؤون الاجتماعية وعضوية ممثلي دوائر الصحة.

**المادة الثالثة:**

لايسمح لهم بممارسة اختصاصاتهم بعد اوقات الدوام الرسمي في المختبرات الخاصة اثناء مدة التدرج وهي خمس سنوات اذا اجتازوا دورة المختبرات وعشر سنوات في حالة عدم دخولهم دورة المختبرات وفي هذه الحالة يتم لهم تقيم عملي ونظري من قبل اللجنة الفنية في الوزارة او اي اجراء تقيمي اخر.

**المادة الرابعة:**

يصرف لهم مخصصات تشجيعية عن البعد الجغرافي وكالاتي:

١- مائة دينار للموقع (أ).

٢- (١٢٥) دينار للموقع (ب).

٣- (١٥٠) دينار للموقع (ج).

**المادة الخامسة:**

لوزير الصحة تحديد المناطق المشمولة في المادة الرابعة اعلاه.

**المادة السادسة:**

لوزير الصحة والشؤون الاجتماعية بالتنسيق مع وزارة المالية والاقتصاد اصدار التعليمات المقتضية لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

**المادة السابعة:**

على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.

**المادة الثامنة:**

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێزان گوێتان لە خوێندنەوەی هەموو پرۆژەکە بوو کە خوێندرایەوە وئێستاش مادده بەمادده دەستی پێ دەکەین و رایان لەسەر دەردەبڕین و گفتوگۆیان دەکەین، بەلام تێبینی یەکمان هەیە وەکو دەستەی سەرۆکایەتی لیژنەی یاسا وەلامان بداتەوە، هەر لەسەرەوە لە دیباجەکەیدا ئایا( قرر مجلس الوطني لكوردستان العراق بجلستة المنعقدة بتاريخ / /٢٠٠٠ اصدار القانون الاتي) یان (تشريع القانون الاتي)؟ چونکە اصدار لە صلاحیاتی رابەرە بەلام تشریع هی ئەنجومەنی نیشتمانییە دەبێ چاک بکرێتەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح:**

**المادة الاولى:**

يعين خريجو كلية العلوم/ الكيمياء والبايولوجي في المختبرات الرئيسية في مستشفيات مراكز المحافظات وحسب حاجة المؤسسات الصحية لمدة سنة واحدة للتدريب.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسا هیچ ملاحظەیەکمان لەسەر ماددەکە نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش وەکو لیژنەی دارایی هیچ تێبینیمان لەسەری نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەصی ماددەکە روون نییە، ئەمە پرسیاری یەکەمە ئەگەر جەنابی وەزیر وەلامان بداتەوە (يعين خريجو كلية العلوم/ الكيمياء والبايولوجي في المختبرات الرئيسية في مستشفيات مراكز المحافظات وحسب حاجة المؤسسات الصحية لمدة سنة واحدة للتدريب). یانی يعين للتدريب ئایا مەبەست ئەوەیە تەعین بکرێن لە وەزارەت یاخود مەبەست ئەوەیە تەنیا تەدریبیان پێ بکرێ؟.

**بەڕێز جەمال عەبدولحەمید/وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەبەست ئەوەیە لەبەر ئەوەی دەڵێین (حسب الحاجە) یانی مجبر نییە ئێمە هەموو دەرچوانی کۆلیجی علوم لە وەزارەتی تەندروستی تەعین بکەین، ئەوەی رەغبەتی هەیە ئێمەش بەپێی پێویست چەند پێویستیمان بە خریجی کیمیا وبایولوجی هەیە تەعینیان دەکەین بەلام یەکەم ساڵ

دەبێ بۆ تەدریب بێت و لە نەخۆشخانە سەرەکیەکانی مەرکەزی پارێزگا بێت قۆناغی تەدریبە ساڵێکە وەکو چۆن دکتۆر ساڵێک دوو ساڵ اقامەی دەوری دەکات ئەو قۆناغە پێی دەڵێن قۆناغی تەدریب.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا بۆیە روون نییە پێویست بە صیاغە دەکاتەوە، سوپاس جەنابی وەزیر، ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە، بەڕێز کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د.قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لسەر دیباجێ خۆ قانون تدرج الوظیفی لخریجی الکیماء والبایولوجی لاقلیم کوردستان العراق من پێشنیار دەکەم وەکو لە ماددەکەش هاتووە ولە نەصی قانونیش هاتووە (لخریجي کلیة العلوم قسم الکیمیاء والبایولوجي) زیاد بکرێت ئەو کلمە زیاتر بۆ تەئکیدە، دووەم وەکو ملاحظا جەنابێتە دیار کری (لمدة سنة واحدة للتدریب) من پێشنیار دەکەم و(یکون تحت التدریب لمدة سنة واحدة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک د.ادریس فەرموو.

**بەڕێز د.ادریس هادی صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنسبەت موختەبەراتی سەرەکی عادەتەن موختەبەراتی مەرکەزی هەیە و موختەبەراتی رەئیسی لە نەخۆشخانەکان نییە، من پێشنیار دەکەم بکرێتە (في المختبرات المرکزیة) چونکە لێرە لەهەولێر موختەبەری مەرکەزی هەیە بەڕێز وەزیری تەندروستی بەناوی موختەبەری رەئیسی وەڵامی دایەوە شتی وامان نییە ئەوە یەک، دووەم هەموو فەرمانبەرێک کە تەعیین دەبێت لە دام ودەزگای حکومی پاش ساڵێک ئینجا تەسبیت دەبێت ئەگەر تەقیمێکی ایجابی بکرێت وابزانم ئی ئەوانیش هەر وایە وەکو تەدریبێک ئەگەر سەرکەوتنی هێنا ئەوە بەخۆی ئەو شتە لە قانونی وەزیفیدا هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ابراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ابراهیم سەعید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من ئەو فەقەرەیە دەبێت تەنها یەک ماددەی تێدا بێت تەنها مەوزوع بە تەعین بێت لەبەر ئەوە ماددەی دوو باسی تدرج دەکات ئەوەی (لمدة سنة واحدة للتدریب) دەبێت بچێتە تدریبەکە چونکە ماددەی دوو باسی تدریبی دوو ساڵی دەکات کە یەک ساڵ تەواو دەکات دوو ساڵ

دەنێردرێتە دەرەوەی پارێزگا ئینجا ماددەی دوو بەتەنها باسی تدرجی تێدا بکرێت ویەکەمیان تەنها بۆ تەعین بێت یانی (سنة واحدة)ی لێ دەربکەین وابزانم واضح تر دەبێت ئەمە وەکو جەنابت فەرمووت کە تەعیین وا دیار دەبێت کە ئەمە بخوێنین تەعیینە بۆ مدەی ساڵێک بۆ تدریب وادیار ناکات کەوا تەعینێکی دائمییە، ئینجا ئەگەر (سنة واحدة)ی لێ هەڵبگرین وبیخەینە ماددەی دوو و صیاغەتەکەی بگۆڕین بڵێین( لوزارة الصحة تعيين خريجي كلية العلوم الكيمياء والبايولوجي حسب حاجة المؤسسات الصحية) تەنها ئەوەندە بێت واتە تەنها ببێت بە تەعیین و تدریب بچێتە ماددەی دووەم تاکو بگونجێت لەگەڵی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک امین مەولود فەرموو.

**بەڕێز محمدامین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانی من کرا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاک امین، وابزانم لیژنەی یاسا صیاغەیەکی دۆزیوەتەوە، ئینجا زەحمەت نەبێ بیخوێنەوە.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نەقشبەندی:**

**المادة الاولى:**

يعين خريجو كلية العلوم/ الكيمياء والبايولوجي في المختبرات الرئيسية في مستشفيات مراكز المحافظات وحسب حاجة المؤسسات الصحية ويخضع للتدريب لمدة سنة واحدة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە مناسبە تصور دەکەم ئەوە حەلی دەکات، با بچینە سەر دیباجەکە چونکە ئەوەش واضح بێت باشترە بۆ ئەوەی بە جۆرێکی تر لێک نەدرێتەوە وقانون تدرج الوظيفي لخريجي كليە العلوم الكيمياء والبايولوجي ، چۆن لە ماددەکە نوسراوە لە دیباجەکەش وا بنوسرێ ئەوە باوەڕ ناکەم اشکالی هەبێت، پێویست بە مناقەشات ناکات بەلاّم واضح تر دەبێت، ئێنجا بێینە سەر ماددەی یەکەم موناقەشە کراو توضیحیش کرا و صیاغەش کرا تکایە جارێکی تر ماددەی یەکەم بخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نەقشبەندی:**

**المادة الاولى:**

يعين خريجو كلية العلوم/ الكيمياء والبايولوجي في المختبرات الرئيسية في مستشفيات مراكز المحافظات وحسب حاجة المؤسسات الصحية ويخضع للتدريب لمدة سنة واحدة.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەویش هێشتا هەر صیاغەی دەوێ(یعین خریجو) ، جارێكی تر بیخوێننەوە.

**بەڕێز كاكەرەش محمد نەقشبەندی:**

**المادة الاولى:**

يعين خريج كلية العلوم قسم الكيمياء والبايولوجي في المختبرات الرئيسية في مستشفيات مراكز المحافظات وحسب حاجة المؤسسات الصحية ويخضع للتدريب لمدة سنة واحدة.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جا تكا لەو بەڕێزانە دەكەم كە ماددە یەک پەسەند دەكەن بەو شێوەیەی كە خوێندرایەوە دەستیان بەرزبكەنەوە... سوپاس... ئەو بەڕێزانەی كە پەسەندی ناكەن دەستیان بەرزبكەنەوە... بەگشتی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة الثانية:**

ينقل المتدرب بعد اكمال مدة التدريب للعمل في المستشفيات الموجودة خارج مراكز المحافظة في محافظات اقليم كوردسان العراق لمدة سنتين وبقرار من لجنة تشكل لهذا الغرض برئاسة ممثل وزارة الصحة والشؤون الاجتماعية وعضوية ممثلي دوائر الصحة.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا فەرموو.

**بەڕێز كاكەرەش محمد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەرای ئیمە مەسائیلی لجان وئەوانە بەو شێوەیە نەگووترێ (لجنە لهذا الغرض) وەزارەتی تەندروستی چۆن دابەشیان دەكات صیغەكە بەرای ئیمە بەو شێوەیە بێت (تقوم وزارة الصحة بتوزيع المتدربين بعد اكمال مدة التدريب الى خارج مراكز محافظات الاقليم لمدة سنتين وحسب حاجتها) چونكە بۆ فرض بێت تەنها لەرێگەی لیژنە وەزارەتی تەندروستی خۆی چۆن دابەشی دەكات ومخولە هەر لیژنەیەک دروست بكات بۆ هەر ئیشێک چۆن دەیكات بەچ شێوەیەک دەیكات جوان نییە لەقانون بڵێی عن طريق اللجنە فرض بێت تەنها لیژنە بریار بدات دابەش بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لیژنەی ئێمە هیچ تێبینی لەسەر ئەو ماددەیە نییە. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە تێبینیان هەیە دەستیان بەرزبکەنەوە.. دیارە هیچ تێبینیەک نییە. پێشنیاری لیژنەی یاسا دەیخەینە دەنگدانەوە ئەگەر بەڕێز وەزیری تەندروستی تێبینی لەسەر نەبێت، فەرموو جارێکی تر پێشنیارەکە بخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نەقشبەندی:**

**المادة الثانية:**

تقوم وزارة الصحة بتوزيع المتدربين بعد اكمال مدة التدريب الى خارج مراكز محافظات الاقليم لمدة سنتين وحسب حاجتها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە پەسەندی دەکەن دەستیان بەرزبکەنەوە.. سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزبکەنەوە.. بەگشتی دەنگ ماددەی دوو وەرگیرا.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة الثالثة:**

لايسمح لهم بممارسة اختصاصاتهم بعد اوقات الدوام الرسمي في المختبرات الخاصة اثناء مدة التدرج وهي خمس سنوات اذا اجتازوا دورة المختبرات وعشر سنوات في حالة عدم دخولهم دورة المختبرات وفي هذه الحالة يتم لهم تقيم عملي ونظري من قبل اللجنة الفنية في الوزارة او اي اجراء تقيمي اخر.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسا هیچ تێبینیمان نییە لەسەر ئەو ماددەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە تێبینیمان لەسەر مودەکە هەیە وپێشنیار دەکەین بەو شێوەیە بێت( لايسمح لهم بممارسة اختصاصاتهم بعد اوقات الدوام الرسمي في المختبرات الخاصة اثناء مدة التدرج وهي ثلاث سنوات اذا اجتازوا دورة المختبرات وخمس سنوات في حالة عدم دخولهم دورة المختبرات وفي هذه الحالة يتم لهم تقيم عملي ونظري من قبل اللجنة الفنية في الوزارة او اي اجراء تقيمي اخر) چونکە مودەی تەدریبی ئینجا تدرج ئەگەر ئێمە حساب بکەین لە ماددەی یەکەم ساڵێک کە تحت تدریبە و دوو ساڵیش خارج محافظە ئەوە دەبێتە سێ ساڵ ، سێ ساڵ دەوامی کردووە و لەدەورەی تەدریبی سەرکەوتووە ئەوە کافییە سێ ساڵ پاش ئەوە لە موختەبەر دەبێ ئیش بکات و ئەگەر دەورەی نەدیتبێت قەیناکە با پێنج ساڵ بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرزبکەنەوە، کەس تێبینی نییە؟، لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ ئەصلی ماددەکەین چونکە ماوەی تەدریب کە لە نەخۆشخانەکان دەبێت دەورە نییە خۆی اعتیادییە وئێستاش پاش استئناس بەرای وەزارەتی تەندروستی جار جار دەوراتیان بۆ دەکەنەوە خەریجی کولیەی علوم داخلی دەورەکە دەبن پاشی دەورەکەی کەدیت تەقریبا تەئهیل دەکرێت مانای وانییە کابرا کە تەعین دەبێت لە ژێر تەدریب بۆی دەبێتە دەورە، دەورەکە جیاوازە دەورەکە هەندێک موکەثەفە مامۆستاکان ئامادە دەبن موحازەراتیان نییە امتحان دەکرێن ئیش وکارەکانیان تەقییم دەکرێت و ئەنجامی دەبێت وبۆیە دەورەکە بمێنێ باشترە وئەو پێنج ساڵە خراپ نییە بۆ خەریجی کۆلیژی علوم بۆ ئەوەی خبرە پەیدا بکات موختەبەرات شتێکی ناسکە چەند ماوەی درێژ بێت ئەوەندە باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی کە تێبینیان هەیە جارێکی تر دەستیان بەرزبکەنەوە، کاک د. ادریس فەرموو.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە رایەکەی لیژنەی دارایی دەکەم بەراستی چونکە ساڵێک تدریب دەکات بۆ نموونە لە نەخۆشخانەکان ئەوان دەور دەبینن تحالیل و شت دەکەن باشە بۆ پاش سێ ساڵ نەتوانێ بۆ خۆی ئیش بکات؟ بەپێچەوانەوە لەدەرەوە ئیش بکات خبرەی زیاتر دەبێت لەوێشدا وەکو تدریبێک ئیش دەکات یانی لە موختەبەری ناو نەخۆشخانەو دەرەوەی، من زۆر جار دەچم فەحس دەکەم دەبینم تازە خریجە ئەو فەحسی خوێنەکە دەکات لە ناو نەخۆشخانەی رەسمی هێشتا لە دەرەوە ئیشی نەکردووە ئینجا سێ ساڵ کافیە بەرای من، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک سیروان فەرموو.

**بەڕێزسەرتیپ محەمەد حسێن کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەر هەمان رام هەیە سێ ساڵ بە پێنج ساڵ، بەڵام تەنها یەک تێبینیم هەیە مەسەلەی بەڕێز کاکەرەش فەرمووی کە دەڵێ مەسەلەی موختەبەرات ناسکە ودەقیقە من لە ناحیەی علمیەوە باسی مەسەلەکە دەکەم خەریجی کولیەی علوم چ بەشی بایولوجی بێت چ بەشی کیمیا بێت دیقەتی ئیش کردن زۆر باش فێر دەبێت لەکاتی ئەو چوار ساڵەی کە لە کولیە دەمێنێتەوە، ئەوەی

که پەیوەندارە بە صحەوە وابزانم لەو ماوەی یەک ساڵ ئەو ئیشە فێر دەبێت چونکە موئەهەلە ئەو شهادەیەکی جامعی ئەولی هەیە بۆیە من تەئییدی سێ بە پێنج دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەدەڵ ڕێزو احترامم بۆ کاکەڕەش کە فەرمووی تەدریب گرنگە منیش دەڵێم تەدریب گرنگە ئەڵێم ئەگەر دەورەی تەدریبی، سێ ساڵ دەوام دەکاتن ئەوە دیارە دکتۆر کەی عیادە بۆ خۆی دەکاتەوە لە ماوەی تەدریبی اقامە تەواو دەکات و ژمارەکەی دەبێتە سێ ساڵ بەڵام ئەوەی دەبێتە سێ ساڵ حەقی عیادەی هەیە لە هەمان شێوە سەنەی تدریب لە موختەبەری مەرکەزی دەوام دەکات دووساڵیش لە اقضیەو ناحیەکان دەوام دەکات ئەوە سێ ساڵ، دوایی دەورەیەکی خاصی مورەکەزیش هەبێت ئەوە بەسە وەکو ئەوەی دکتۆرێک چۆن حەقی هەیە پاش اقامەو ئەوانە بۆ خۆی عیادە بکاتەوە ئەمەش حەقی هەبێت لە موختەبەرات پاش دەوامی رەسمی ئیش بکات، بەڵام ئەگەر دەورەی نەدیبێت ئێمە گوتومانە پێنج ساڵ یانی دوو ساڵی تر دەوام بکات چونکە دەورەی تەدریبی رەئیسی دەورەی تەرکیزی نەدیوە کە استاذی جامعەو غیری ئەوانە دەرسیان پێ دەڵێن لەبەر ئەوە نازانم و اتفاقیشمان کردبوو کە یەکەم جەلسە پێکەوە دانیشتین لیژنەی دارایی لەگەڵ لیژنەی یاسا کە سێ ساڵ بە پێنج ساڵ بێت وئێمە ئەوەی بە چاکتر دەبینین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی کە لەبەر دەممانە دوو رای جیاوازن و اتفاق نابینم بە نوسراو دوو رای جیاوازمان لەبەردەم دایە لیژنەی یاسا مناقەشاتی خۆتان مەکەن، ئینجا ئەگەر وەڵام دەدەنەوە فەرموون.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕاستە انسان لە کولیات و شتی وا موئەهەلە بەڵام واتصور بکەن هەموومان خەریجی کولیەکان هەموو ئەوە دەزانن کە لە حەیاتی عەمەلی زۆر شت ممارەسە دەکات کە هەرگیز لە کولیە چاوی پێ نەکەوتووە هەر نەشی دیوە لەبەر ئەوە حەیاتی عەمەلی زۆر گرنگە چەند مومارەسەی زیاتر بێت بە تەئکید خبرەی زیاتر دەبێت ومعلومی جەنابتانە دکتۆرەکان هەموویان اعتمادیان لە سەر نتائجی موختەبەرە لەبەر ئەوەی موختەبەر شتێکی زۆر ئاساسیە لە حەیاتی نەخۆش چەندی متدرب بێت و چەندی بە قابلیەت بێت ئەوەندە باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فـــــــەرەنســــــــۆ تـۆمــــــــا هـەریـری:**

**بـەڕێـز ســـــــــەرۆکـی ئـەنجـــــــــومـــــــــەن.**

من پرسـیـارێکم هەیە، بۆچی بۆی هەیە لە کـاتی دەوامی رەسـمی لە دوائری رەسـمی ئەو ئیـشـە بکات یانی قـابلە کـە لە دائیرە دەرچوو مـەعلومـاتەکە لە دائیرەکە بە جێ دێلێ و دەڕوا بۆ لەکـاتی دەوام بۆی هەیە بیکات و دوای دەوام نابێت بیکات؟، سوپاس.

**بەڕێز جـەمـال عـەبدولحـەمـیـد/وەزیری تەندروسـتی:**

**بـەڕێـز ســـــــــەرۆکـی ئـەنجـــــــــومـــــــــەن.**

بەراسـتی مـەبەسـتی گـرنگ لەو بڕیارە ئەوەیە عـەدالەتێک هەبێت لە نێـوان ئەوانەی کـە لە مـوختـەبەرات کـار دەکەن چونکە ئێمە دکتۆریشـمـان خەریجی کۆلیـژی پزیشکی دەتوانێ بچێت بۆ مـوختـەبەرات بەنسـبـەت خـەریجی کـولیـەی طب دەبێت دوو سـاڵ اقـامـەی دەوری بکات ئەویش تەدریبـە دوو سـاڵ دەبێت بچێت تدرج بکات سـاڵێک بـوو کـردمـانـە دوو سـاڵ، ئینجـا کـە دێتـەوە ئەگەر زەوقی لە موختەبەرات بێت ئەبێت دوو سـاڵ اقامەی قودما بکات پێی دەڵێن (اقامة قدما) ئەم مـاوەیە حەقی نییـە عـیـادە بکاتەوە ئەوە بەنسـبـەت کـاک جـمـیل ئەو دوو سـاڵەی کە مـوقـیـم مـوقـەددەمـە هیچ حەقی نییـە لەبەر ئەوە شـەش سـاڵی خـوێندن کـرد پاش ئەم شـەش سـاڵە ئەگـەر لەدراسـات مـەجـال هەبێت حـەقی هەیە پێش ئەوە حـەقی نییـە تەقـدیم بکات دەبێت دوو سـاڵ اقـامـەی دەوری بکات دووساڵ تدرج بکات دوو سـاڵ اقـامـەی قـودما بکات ئینجـا حەقی هەیە تەقدیمی دراسات بکات ئەگەر دراسات نەبێت امتحانێکی دەکەین دەبێتە مومارس ئینجا حەقی هەیە عـیادە بکاتەوە، بۆ ئەوەی عـەدالەت هەبێت ئێمە بەرامبەر ئەوە ووتمان دەبێت خدمـاتی تدرج بکەن بۆ ئەوەی خـزمـەت لـە نەخـۆشـخـانەکـانی دووریش بکەن و تەکـەدوسـیش نەبێت لە ناو نەخۆشخانەکانی مەرکەزی بۆ گەڕانەوەیان کە دێنەوە ئینجا تەدریبی ئەساسی ئەو کاتە دەبێت کە دەگەڕێتەوە پاش تدرج دەگەڕێتەوە نەخۆشخانەکان ئەو کاتە تەدریبی تەواو بکات هەقی هەیە ئەوە سێ سـاڵی تەواو کرد دوو سـاڵ بەسـاڵێک دوو سـاڵی دەمێنێـتەوە و دەورەی مـوخـتـەبەراتیـان بۆ دەکەینەوە کە سەرکەوت، حەقی هەیە بەنسبەت ئەوەی کە کاک فـەرەنسۆ دەڵێت ئەو کەسانەی کە خەریجی کیـمیان هەتاکو دکتۆری تحت التدریب کە ئیش دەکات لە نەخۆشخـانەکان لە ژێر اشرافی دکـتۆری پسـپۆڕن قرارەکـانیـان و راپۆرتەکـانیـان مەسئولیـەتی ئەوانەن کە تەوقیـعی دەکەن دکـتۆرە اخصائیـەکان ئەوانەی کە لەوێن، بەڵام لەدەرەوە بە ئارەزووی خۆی موختـەبەر قـەرار دەردەکات کە مەسئولە، مەسەلەکە لەسەر ئەو ئەساسەیە، سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــــــەرۆکـی ئـەنجـــــــــومـــــــــەن:**

زۆر سوپاس بۆ ئەم روون کردنەوەیە بەجێیە، حەقیقەتەن تصور دەکات دکـتۆر بەشەش سـاڵ حەقی هەبێت عیـادە بکاتەوە خەریجی کولیـەی علومیش دەبێت پێنج سـاڵ شەش ساڵ مومارسە بکات و لە امـتـحـانات داخل بێت بۆ ئەوەی لە دوابیدا بـتـوانێ مـوخـتـەبەر بکاتەوە ئەویش لە خـزمـەتی

عامدایە لە حەقیقەتدا دیقەت لەو مەوزوعە کەم کردنەوە نییە لە خوێندنی جامعەکە، پرسیارێکم هەیە لیژنەی یاسا، کۆتایی ماددەی سێ (تقیم عملي ونظري من قبل اللجنة الفنية في الوزارة او اي اجراء تقيمي اخر) یانی چی؟ ئەوە شتێکی زۆر عامە (او ای اجراء تقييمی اخر) تصور دەکەم لەقانون جێگای نابێتەوە. لابرێت باشترە، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز جەمال عەبدولحەمید/وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە جار بەجار صلاحیات دەدەینە رئیسی ئەو بەشەی کە ئیشی تێدا دەکات ئەو دکتۆرەی کە مەسئولە یان لەگەڵ ئەو مامۆستایانەی کە لەوێدا ئیش دەکەن تەقیمێک بکەن پڕ دەکەنەوە کە رای خۆیان دەدەن کە ئەمە لایەقە بیێتە مومارس تەقیمەکە احتمالە ئەوە بێت مەبەستەکە بەبێ ئەوەی امتحان بکرێت جار بەجار ئێمە قەرار دەدەین کە امتحان هەبێت یان جار هەیە اعتماد لەسەر تەقیمی ئەوانە دەکەن کە اشرافی لەسەر کردووە احتمالە بۆ ئەو خاڵە مەبەست ئەوە بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر چاکە بەڵام بەنسبەت قانونەوە پێویستە قانون دوو سێ تەعبیری نەبێت واضح بێت و تحدید بکرێت بۆ نمونە لیژنەی فەنی وەزارەت یا رەئیسی موختەبەر دەتوانن تەوضیحی بکەن، جارێکی تر بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە...

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة الثالثة:**

لايسمح لهم بممارسة اختصاصاتهم بعد اوقات الدوام الرسمي في المختبرات الخاصة اثناء مدة التدرج وهي خمس سنوات اذا اجتازوا دورة المختبرات وعشر سنوات في حالة عدم دخولهم دورة المختبرات وفي هذه الحالة يتم لهم تقيم عملي ونظري من قبل اللجنة الفنية في الوزارة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە مادده سێ پەسەند دەکەن پاش ئەوەی کە خوێنرایەوە دەستیان بەرزبکەنەوە... سوپاس... ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزبکەنەوە.. بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا. ماددەی چوار بخوێننەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة الرابعة:**

يصرف لهم مخصصات تشجيعية عن البعد الجغرافي وكالاتي:

١- مائة دينار للموقع (أ).

٢- (١٢٥) دينار للموقع (ب).

٣- (١٥٠) دينار للموقع (ج).

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای ئێمە وەکو لیژنەی یاسا ئەو پارەیەی کە هاتووە ئەو (١٠٠، ١٢٥، ١٥٠) دینارە کە حەدی ئەدنا بێت وصرفەکیش بەنیسبەت حەدی اعلی دابێت بۆیە دەڵێین بەو شێوە بێت ( یصرف لهم مخصصات تشجيعية عن البعد الجغرافي وكالاتي:

١- لا تقل عن مائة دينار ولا يزيد عن ٥٠ دينار للموقع (أ).

٢- لاتقل عن (١٢٥) دينار ولاتزيد عن (١٧٥) ديناراً للموقع (ب).

٣- لاتقل عن (١٥٠) دينار ولاتزيد عن (٢٢٠) دينار للموقع (ج). ) پەنجا دینار بۆ هەر حاڵەتێک بۆ ئەوەی مەجالی تحرکی وەزیر هەبێت لەو ماوەیەدا بتوانێ حەرەکەت بکات چەندی بداتێ لەوانەیە شەخصێک موتەمەیزە ویەک موتەمەیز نییە دەتوانێ پتر یارمەتی ئەوەی تر بدات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە لەگەڵ ئەوەداین کە ئەو ژمارانەی حکومەت دایدەنێت وەکو خۆی بمێنێتەوە، چونکە ئەوان حیسابی خۆیان دەزانن، هەرچەندە بەڕێزان وەزیری دارایی و وەزیری تەندروستیش لێرەن، دەتوانن رای خۆیان دەربرن،رای لیژنەی دارایی چییە؟ فەرموون.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەبێت دەرماڵە دیاری کراو بێت، واتا ئەو بوارەی تیادا نەبێت، چونکە ئەمە موکافەئە نییە، کەوا مافی جەنابی وەزیر و بریکارەکەی تیادا بێت، بەڵام دەرماڵە دەبێت وەکو مووچە دیاری کراو بێت، تێبینیشمان لەسەر ئەم ژمارانەی کە هاتوون هەیە، کە دەبێت بۆ نموونە دەرچووی کیمیا، یا دەرچووی بایەلۆجی بێت کە دادەمەزرێت بە مامۆستا دەرماڵەی پیشە «٣٠٠»دینار وەردەگرێت، بە رای ئێمە ئەم ژمارانە کەم هاتوون، جا تێبینی ئێمە لەسەر برگەی «ب»و «ج»ە و، پێشنیاریش دەکەین کەوا بکرێتە (نقترح تعديل المخصصات في الفقرتين «٢، ٣» من المادة «٤» وتقرأ كالاتي: ١- «١٠٠»دينار لموقع «أ». ٢- «١٥٠»ديناراً لموقع «ب». ٣- «٢٠٠»دينار لموقع «ج». وذلك لتشجيع العمل في مختبرات الاقضية والنواحي والمناطق النائية.) لەبەر ئەوە موقعی «ب» و«ج» بۆ «قری والارياف»ە و بۆ قەزاکانە تۆزێک زیاترمان کردووە، تاوەکو تازە دەرچووەکان برۆن لەو شوێنانە ئیش بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەو بەڕێزانەی تێبینییان هەیە تکایە دەستیان بەرزکەنەوە، کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی من پشتگیری لە رای لیژنەی دارایی دەکەم، ئەویش بۆ ئەوەی هانی ئەو کەسانە بدەین

بۆ ئەوەی کار بکەن لەو شوێنە دوورانە، ئەبێت جیاوازییەکیان هەبێت، جیاوازیش لە نێوان «١٠٠» دینار تاوەکو «١٢٥» دینار زۆر کەمە، ئەو پێشنیارەی لیژنەی دارایی زۆر لە جێگای خۆیەتی و، لە بەرژەوەندی ئەو توێژەدایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک د.ناسح فەرموو.

**بەڕێز د.ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیم لەسەر برگەی «٣»هەیە، کە هەمیشە «ج» جێگا «نائیە»کان دەگرێتەوە، هەرچەندە لێرە دیاری نەکردووە، سەبارەت بە وەزارەتی پەروەردەوە «أ ، ب، ج» ئەوە بۆ ئەو جێگایانەن کە نزیکی پارێزگاکانن، پاشان جێگا دوورەکانی پێ دەڵێین، لێرە دیاری نییە کەوا «أ ، ب، ج» چین!، جا بە رای من ئەم سێ خاڵە دیاری بکرێن، چونکە ئەمە روونکردنەوە دەبێت بۆ شتێک کەوا پێشتر روون نەکراوەتەوە، دووەم «مناطق النائیە» جیاوازی هەیە لەگەڵ «المناطق البعیدە»، جا ئەگەر بێت و دەرماڵەکەی ئەوان زیاتر بێت و «١٥٠» بکرێت بە «٢٠٠» دینار بە رای من باشتر دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای من پێشنیاری لیژنەی یاسای کە دەڵێت دەرماڵە هەبێت لە «١٠٠» بۆ «١٥٠»، ئەوە لەو حاڵەتە دەبوو ئەگەر جێگای جوگرافی دیاری نەکرابایە، بەڵام کە دانراوە بە «أ ، ب، ج» ئەبێت هەر یەکەو بە گوێرەی ئەو شوێنەی کە دانراوە دەرماڵەی بۆ سەرف بکرێت، ئەوەبوو ئەگەر بیوتبایە«حسب الموقع الجغرافي» و برگەکانی دیاری نەکردایە، بە رای من لە یاسای حکومەتدا بە چاکی هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک سەرکیس وەزیری دارایی فەرموو.

**بەڕێز سەرکیس ئاغا جان/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەرچووانی کولێژەکانی کیمیا و بایەلۆجی مانگانە «١٠٠»دینار دەرماڵەیان هەیە، دووەم ئەمانە بێجگە لەم دەرماڵەیە دەرماڵەی پیشەیی و مەترسیشیان هەیە، سێیەم ئێمە ئێستا سیستەمی «حوافز»مان داناوە، بەپێی ئەو سیستەمەی کە دانراوە ٤٠ ٪ی بەسەریاندا دابەش دەکرێت، رەنگە ئەندامە بەڕێزەکان ئاگاداری ئەو سیستەمی «حوافز»انە نەبن کە دامانناون، بۆیە ئێمە

پشـتگیـری لە پرۆژەکەی حکومـەت دەکـەین و، هەرچۆنێـک داوا کـراوە هەر وا بمێنێت باشـترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاک ئیبراهیم دەفەرموویێت کەوا لەبەر ئەوەی شوێنەکان دیاری کراوە دەبێت دەرماڵەکانیش دیاری بکرێن، هەر دەرماڵەیەک دەبێت فـرمـانێـکی ئیـداری بۆ دەربچـێت، هەتاوەکو لە یاساشدا باس کرابێت ئەبێت فرمانی بۆ دەرچێت و، ساڵانەش دەبێت لەسەری ساڵی داراییدا تازە بکرێتەوە، کـە مـوقـعی «أ» وتی «٣٠» کـیلۆمـەتر لە هەولێـرەوە دوورە، ئەو کـاتە وەزیر بڕیار دەدات و، هەرچەندە فرمـانی پێ دەرکرد دەتوانێ ئەوەندەی پێ بدرێت، مەرج نییە دیاری کراو بێت، وەزیر دەتوانێت داینێت و، ئەگـەر بە یاسـاش بێت ئەبێت فـرمـانی پێ دەرکـات، جـا لەبەر ئەوە هیچ کێشەیەک دروست ناکات ئەگەر بگوترێ لە نێوان «١٠٠» تاوەکو «١٥٠» دینار بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڵام ئەوە دەبێتە کارێکی تر بۆ وەزیر، چونکە ئەگەر بەرزترین رادە و نزم ترین رادە دانرا ناچار دەبێت بەرزترین رادە دانێت، کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فـرەنسۆ تۆمـا هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ ئەو رایەدام کەوا حکومەت چۆنی پێشنیار کردووە هەروا بمێنێتەوە، ئەگەر ئێمە لە «١٢٠ تاوەکو ١٥٠»مان دانا، دڵنیابە هەموویان «١٥٠» وەردەگرن، بە رای من ئێستا «مناطق نائیە» نەماوە، هەمووی بووەتە ناحیە و قەزا و، ئەوەی کە حکومەت پێشنیاری کردووە زۆر لە جێگای خۆیەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرسیارێکم هەبوو لە لیژنەی یاسایی، «یصرف لهم مخصصات تشجیعیة» ئەو «لهم»ە کێن؟، ئەبێت دیاری بکرێت، لیژنەی یاسا هەر لەسەر رای خۆتان ماون؟ فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ لەسەر رای خۆمان ماووین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە جارێکی تر بیخوێننەوە تاوەکو بیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

تصرف للمتدرجين مخصصات تشجيعية عن البعد الجغرافي وكالاتي:

١ـ لا تقل عن «١٠٠» ديناراً ولا تزيد عن «١٥٠» ديناراً للموقع «أ».

٢ـ لا تقل عن «١٢٥» ديناراًولا تزيد عن «١٧٥» ديناراً للموقع «ب».

٣ـ لا تقل عن «١٥٠» ديناراً ولا تزيد عن «٢٠٠» ديناراً للموقع «جـ».

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، دەستەی سەرۆکایەتی رایەکی تریشمان هەیە، ئەویش «قياساً على مناقشة الميزانية لا يحق لنا زيادة النفقات ولا تقليل الواردات»، چونکە ئەگەر دەرماڵە دابنرێت ئەوە «نفقات» زیاد دەکەین، ئەگەر لەوەی کە حکومەت خۆی پێشنیاری کردووە زیاتری بکەین، ئەبێتە زیادەی «نفقات»، ئەبێت ئێمە ئەوە بەرچاو بگرین کەوا چۆن گفتوگۆی بودجە ئەکەین، حکومەت ئەگەر بڵێت ئەوەندە بودجە دادەنێین ئێمە مافی ئەوەمان نییە کەوا زیادی بکەین، بەڵام دەتوانین لێی کەم بکەینەوە، ئەگەر بڵێت وارداتیشم ئەوەندەیە ئێمە ناتوانین لێی کەم کەینەوە، جا نە دەتوانین «نفقات» زیاد بکەین، نەدەشتوانین «واردات» کەم کەینەوە، جا ئەگەر لیژنەی یاسایی لەسەر رای خۆیان ماون ئەوە دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ رای لیژنەی یاسایە؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ رای لیژنەی یاسایی پەسەند نەکرا، سوپاستان دەکەین، تکایە بەو شێوەیەی کە حکومەت پێشنیاری کردووە بخوێنرێتەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة الرابعة:

تصرف للمشمولين بالتدرج مخصصات تشجيعية عن البعد الجغرافي وكالاتي:

١ـ «١٠٠»دينار لموقع «أ».

٢ـ «١٢٥»دينار لموقع «ب».

٣ـ «١٥٠»دينار لموقع «جـ».

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کێ لەگەڵ ماددەی «٤»دایە بەو شێوەیەی کە خوێنرایەوە لە پرۆژەی حکومەتدا؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟، کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا. سوپاستان دەکەین، دێینە سەر ماددەی «٥» فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة الخامسة:

لوزير الصحة تحديد المناطق المشمولة بالمادة الرابعة أعلاه.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی یاسایی فەرموون.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ تێبینییەکمان لەسەر ماددەکە نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی دارایی فەرموون.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش هیچ تێبینییەکمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، تێبینی ئێمەش وەکو دەستەی سەرۆکایەتی ئەوەیە کە وەزیری تەندروستی بکرێتە «وزیر الصحة والشؤون الاجتماعية»، کێ تێبینیی هەیە تکایە دەستی بەرزکاتەوە، کاک جەوهەر شاواز فەرموو.

**بەڕێز جەوهەر ئەحمەد شاواز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەبێت ئەوە دیاری بکرێت وبوترێت: «على وزير الصحة تحديد المناطق»، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک د.ئیدریس فەرموو.

**بەڕێز د.ئیدریس هادی سالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکەی من لە بەڕێز وەزیری تەندروستییە، ئایا ئەو ناوچانە لەسەر چ بنەمایەک دیاری دەکرێن؟، چونکە تاقیگەکان وەکو لە ماددەی «٢»دا هاتوون لە نەخۆشخانەکاندا دەبێت و، لە ناوچە «نائیە»کاندا نەخۆشخانە نییە، لەوانەیە لە ناحیەکانیشدا نەبێت، جا لەبەر ئەوە حەز دەکەم جەنابی وەزیر روونی بکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەمە روونە چونکە ئێمە گفتوگۆ لەسەر یاساکە دەکەین و پرسیار لە بەڕێز جەنابی وەزیر ناکەین، ئێمە ئێستا تەنها گفتوگۆی یاساکە دەکەین، دیاریشە کەوا ئێستا تاقیگەکان لە سەنتەری شارەکاندا هەیە و، لە قەزاکانیشدا هەیە، بەڵام قەزایەک هەیە دوورە و قەزایەکیش هەیە نزیکە، قەزایەک هەیە «ب» وقەزایەکیش هەیە «ج»ە، جا وەزیری تەندروستی خۆی ئەوەیان دیاری دەکات، کامەیان زیادی دەداتێ و کامیان کەمتری دەداتێ، بەڕێز وەزیری تەندروستی فەرموو.

**بەڕێز د.جەمال عەبدولحەمید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە «أ ، ب، جـ» پێشان «د»یش هەبوو، ئەمە لەسەر دووری شوێنەکە و چۆنیەتی هاتووچۆ کردن رادەوەستێ، هەروەها چۆنیەتی جێگای حەوانەوە و تەرفیهی ئەو شوێنە و، ئەوە لەسەر ئەو بنەمایە دانراوە و، ئێمە خشتەیەکمان هەیە لەسەری و، ئێستا ئامادەیە و، هەر پێشوەخت خاڵەکانی ئامادە کراوە، بەلاّم «أ»مان هەلّگرت و، «ب»مان هێنایە شوێنی، چونکە خاڵی «أ»مان پەیوەست کردووە بە ناو شار کە ئەویش «عینکاوە» بوو، ئێمە ئێستا «عینکاوە»مان لە ناو شار داناوە، چونکە زۆر نزیکە، خاڵەکانی تری هاتنە سەرەوە و خاڵی «د»مان نەما، سەبارەت بەو یاسایەشەوە وەکو جەنابت فەرمووت زۆر ناچنە شوێنە دوورەکان، هەر لە قەزا و ناحیەکاندا دەمێننەوە، بۆ نموونە ئێمە ئێستا قەزای سەلاحەدین مان هەیە کە تاقیگەی تیادایە، خۆی مەسەلەکە مەسەلەی قەزا و ناحیە نییە، هەرچەندە تاقیگە لە زۆربەی قەزا و ناحیەکاندا هەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە ماددەی «٥» بخوێننەوە بەو شێوەیەی کە دەسکاری کرا، فەموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة الخامسة:

على وزير الصحة و الشؤن الاجتماعية تحديد المناطق المشمولة في المادة الرابعة أعلاه.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کێ لەگەلّ ماددەی «٥»دایە بەو شێوەیەی کە خوێنرایەوە؟.. سوپاس.. کێ لەگەلّ نییە؟ بەگشتی دەنگ ماددەی «٥» پەسەند کرا، دیینە سەر ماددەی «٦» فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة السادسة:

لوزارة الصحة والشؤن الاجتماعية بالتنسيق مع وزارة المالية والاقتصاد إصدار التعليمات المقتضية لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی یاسایی فەرموون.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ تێبینییمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی دارایی فەرموون.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش هیچ تێبینییەکمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کێ تێبینیی هەیە لەسەر ماددەی «٦»؟، نییە، کەواتە دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ماددەی «٦»دایە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟. بەگشتی دەنگ ماددەی «٦» وەرگیرا، سوپاستان دەکەین، ماددەی «٧»، فەموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة السابعة:

على مجلس الوزراء تنفيذ أحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەی «٧» دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ماددەی «٧»دایە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ بە گشتی دەنگ ماددەی «٧» پەسەند کرا، سوپاس، ماددەی «٨».

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة الثامنة:

ينفذ هذا القانون إعتباراً من تاريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ تێبینیی لەسەر ئەم ماددەیە هەیە؟، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم کەوا پێش ماددەی «٨» ماددەیەکی تری بۆ زیاد بکرێت، ئەویش: (لا يعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القانون)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی یاسایی فەرموون.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئەم ماددەیەشی بخرێتە سەر هیچ زیانێکی نییە، بەڵام خۆی لە یاسادا دابێک هەیە کە هەر یاسایەک دەربچێت ئەگەر یاسایەکی تازە تر دەرچوو و یاسا تازەکە دژی یاسا کۆنەکە بێت ئەوە بە یاسا تازەکە کار دەکرێت، بە رای ئێمە بنوسرێت، یا نە نووسرێت هەر وەکو یەکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینیی تر هەیە؟ نییە؟، کەواتە ئەم پێشنیارە ئەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ

پێشنیارەکەی لیژنەی داراییدایە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟، بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا، کەواتە ماددەی «٧»ئەبێت بە ماددەی «٨»، ماددەی «٨» تکایە بخوێنرێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة الثامنة:

لا يعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کێ لەگەڵ ماددەی «٨»دایە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ کەواتە بە گشتی دەنگ پەسەند کرا، ماددەی «٩»، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة التاسعة:

ينفذ هذا القانون إعتباراً من تاريخ نشره في جريدة (وقائع كوردستان).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ماددەی «٩»دایە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ کەواتە بە گشتی دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین، ئێستا هەموو پرۆژەکە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ هەموو پرۆژەکەدایە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ کەواتە بە گشتی دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین، دێینە سەر خاڵی «٣» بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان کە تەواو کردنی گفتوگۆیە لەسەر پرۆژەی یاسای یەکەم هەموار کردنی یاسای ژمارە «٨»ی ساڵی ١٩٩٩ی دەرمانسازانی هەرێمی کوردستان، تکا لە ئەندامێکی لیژنەی خزمەتگوزاری دەکەم کەوا بفەرمووێت بێتە ئێرە، تکایە یاسای هەموار کردنی یاسای دەرمانسازانی کوردستان بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

رئاسة مجلس وزراء إقليم كوردستان العراق

مشروع قانون التعديل الاول لقانون نقابة الصيادلة لإقليم كوردستان العراق رقم «٨» لسنة ١٩٩٩.

إستناداً الى الصلاحية المخولة لنا بموجب الفقرة «٣» من المادة الثانية من القانون رقم «١٠» لسنة ١٩٩٧و بناءاً على ماعرضه مجلس الوزراء قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتأريخ       إصدار القانون الاتي:

قانون التعديل الاول لقانون نقابة الصيادلة لإقليم كوردستان العراق رقم «٨» لسنة ١٩٩٩.

المادة الاولى:

تعدل الفقرة الثالثة من المادة الرابعة وتقرأ كالاتي:

«٣» حاصلاً على شهادة لا تقل عن البكالوريوس في كلية الصيدلة.

المادة الثانية:

تعدل الفقرة الثالثة والرابعة من المادة السادسة وتقرأ كالاتي:

٣ـ رسم إجازة فتح الصيدلية (المسؤولية + الامتياز) للمتقاعدين « ٣٥٠ »دينار دوام كامل سنوياً.

٤ـ رسم إجازة فتح مذخر أهلي (المسؤولية + الامتياز) « ٤٥٠ »دينار.

المادة الثالثة:

تعدل المادة الحادية عشرة وتقرأ كالاتي:

شروط + فتح الصيدلية

تمنح إجازة فتح الصيدلية للذي تتوافر فيه الشروط التالية:

١ـ عنوان الصيدلية.

٢ـ عقد إيجار مصدق من ضريبة العقار.

٣ـ الاسم التجاري مؤيدة من قبل غرفة التجارة.

٤ـ المسافة بين صيدلية وأخرى لا تقل عن خمسين متراً.

٥ـ المساحة لا تقل عن « ٢٠ » متر مربع.

٦ـ الواجهة لا تقل عن مترين ونصف.

٧ـ في حالة الهدم أو الحريق يجوز إنتقال الصيدلية بنقل الاجازة الى مكان آخر في نفس المنطقة وفقاً للشروط عدا المساحة.

المادة الرابعة:

تعدل الفقرة الاولى من المادة الخامسة والعشرون وتقراء كالاتي:

١ـ تدار شؤون الفرع من قبل لجنة تتألف من «خمسة» أعضاء من ضمنهم النقيب « ٤+نقيب» مارسوا المهنة مدة لا تقل عن « ٥ » سنوات وينتخبون بالاقتراع السري من قبل أعضاء الفرع.

المادة الخامسة:

تعدل الفقرة الرابعة من المادة السادسة والعشرون وتقرأ كالاتي:

ريع الحفلات والنوادي وإضافة « ٠,٠٠٢ » من مبيعات الادوية التي تباع للصيدليات الاهلية من قبل مدير الاستيراد وتوزيع الادوية العائدة لوزارة الصحة والشؤون الاجتماعية لصندوق نقابة الصيادلة.

المادة السادسة:

ينفذ هذا القانون من تأريخ صدوره ونشره في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی یاسایی تکایە.

**بەڕێز كـاكـەرەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆكـی ئـەنجــــــومـــــەن.**

رأي وملاحظات ومقترحات اللجنة القانونية بخصوص مشروع التعديل الثالث لقانون نقابة الصيادلة الارقليم كوردستان العراق رقم «٨» لسنة ١٩٩٩.

المادة الاولى:

ترى اللجنة بقاء نص هذه المادة بصياغتها الاصلية الواردة في متن القانون، أي عدم الغاء عبارة «أو مايعادلها» الواردة في نهاية المادة.. وذلك لوجود لجنة مختصة لتعادل الشهادات الجامعية ودرجاتها العلمية وتشترك فيها مجموعة من الخبراء والاختصاصيين والاكادميين فلا نرى داعياً لمقترح التعديل الوارد في المشروع.

المادة الثانية:

أن لجنتنا ليست مع إجراء أي تخفيض على نسب الرسوم الوارد في الفقرتين «٣ و ٤» من المادة السادسة من القانون، ولا نؤيد المقترح الوارد في المشروع الخاص بالتخفيض وذلك دعماً وتعزيزاً لايرادات النقابة.

المادة الثالثة:

١ـ لا تؤيد لجنتنا ما ورد في الفقرة «٤» من هذه المادة بصدد تحديد مسافة «٥٠» متراً كحد أدنى بين صيدلية وأخرى، ونوصي بالغاء هذا الشرط وذلك لتمكين قيام الصيادلة بفتح الصيدليات إينما شاؤوا.

٢ـ بخصوص الفقرة «٥» من هذه المادة نقترح جعل المساحة الواجب تخصيصها لفتح الصيدلية «١٦م٢» بدلاً من «٢٠م٢» الوارد في المقترح وذلك لصعوبة الحصول على دكاكين بهذه المساحة في كل الاحوال.

٣ـ بصدد الفقرة «٧» من هذه المادة ترى اللجنة وجوب توفر جميع الشروط الواردة أعلاه في هذه المادة وفي مطلق الحالات بما فيها حالتا الهدم والحريق و الواردتان في المشروع.

المادة الرابعة:

ترى اللجنة تثبيت أصل المادة الوارد في القانون النافذ على حالتها ودون تغيير او تعديل وذلك لقلة عدد الصيادلة في المحافظات وأسوة بالمبدأ المعمول به في معظم النقابات.

المادة الخامسة:

ترى اللجنة تثبيت بقاء النص الاصلي على حالته دون إضافات، وذلك تحاشياً لفرض التزامات مالية على خزينة الحكومة تجاه النقابة.

المادة السادسة:

نقترح إعادة صياغة هذه المادة وكالاتي:

ينفذ هذا القانون إعتباراً من تأريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی دارایی فەرموون.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رقم:ج/٣١

تاريخ: ٢٠٠٠/١٠/١٦

السيد رئيس البرلمان المحترم

م/مشروع تعديل قانون نقابة الصيادلة

تحية واحتراماً

إجتمعت لجنتنا يوم ٢٠٠٠/١٠/١٦ لدراسة ومناقشة مشروع تعديل قانون نقابة الصيادلة لإقليم كوردستان العراق. رقم «٨» لسنة ١٩٩٩. وبعد الدراسة والمناقشة رفضت لجنتنا هذا المشروع للأسباب التالية:

١ـ رفض الاحتكار وفتح المجال أمام الخريجين الجدد وذوي الامكانيات المادية الضعيفة للعمل في إختصاصاتهم «الصيدلة» لخدمة الجماهير.

٢ـ وجود منافسة حرة وهي لصالح المواطنين.

٣ـ التزامنا بالاقتصاد الحر وإيجاد فرص للعمل للمواطنين كل حسب إمكانياته وإختصاصه.

٤ـ من غير الوارد أن تذهب نسبة من مبالغ مبيعات الأدوية لمديرية الاستيراد وتوزيع الأدوية العائدة لوزارة الصحة والشؤون الاجتماعية الى نقابة الصيادلة هذا ولكم الأمر.

مع لتقدير

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی خزمەتگوزاری گشتی و تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی تکایە راتان.

مەلا هادی فەرمو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

بابەت/ رای لیژنە

١ـ دەربارەی راستکردنەوەی یاسای سەندیکای دەرمانسازانی کوردستان ئێمە پشتگیری مانەوەی برگە (٣)ی مادده یەک دەکەین کە هەر وەکو خۆی بمێنێتەوە واتا (ما یعادلها) الغاء نەکرێت.

٢ـ مادده (٣) برگە (٤) کە تەحدیدی مەسافەیە ئێمە لەگەڵ مسافە نین و ئەو مەرجە نەمێنێت بۆئەوەی برا دەرمانسازەکان بە ئارەزووی خۆیان لە هەر شوێنێک بیانەوێ شوێن بکەنەوە.

٣ـ ماددەی (٣) بڕگە (٥) کە باسی رووبەر دەکات بە پەسندی دەزانین لە (١٦) مەتر کەمتر نەبێت واتا ئەگەر زیاتریش بێت و هەرچەندیش بێت مانع نەبێت.

٤ـ لە ماددە (٣) بڕگە (٧) وشەی (عدا المساحة) لاببرێت لە کاتی گواستنەوەی دەرمانخانە لە هەر شوێنێک و بەهەر هۆیەک هەبێت.

٥ـ ئێمە لەگەڵ ئەوە نین کە خەزینەی حکومەتی هەرێم لە (٢٠٠ر٠) لە هەزار دوو پارە بە سەندیکای دەرمانسازان بدات، چونکە ئیلتزاماتی مالی لەسەر حکومەت یان لەسەر ئەهالی دروست دەبێت ئێمەش لەگەڵی نین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێزان لێرەدا کۆتایی بە دانیشتنی ئەمڕۆمان دێنین ئەوەی ماوە دوای دەخەین بۆ دانیشتنی بەیانی سەعات (١٠)، زۆر سوپاستان دەکەین.

**فرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**د. رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

به ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان
به ناوی گەلەوە
ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق
ژمارەی دەرهێنان: ٣١
رۆژی دەرهێنان: ١٢/١٢/٢٠٠٠

## «بڕیاری»

پشت بە حوکمەکانی برگە (١)لە ماددەی (٥٦)و ماددەی (٥٣)ی یاسای ژمارە (١)ی هەمووارکراوی ساڵی (١٩٩٢)و لەسەر داواکاری بەڕێز وەزیری تەندروستی وکاروباری کۆمەلایەتی و ئەو یاساکارییەش کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە(٢١)یدا لە رۆژی (١١/١٢/٢٠٠٠)دا کردوویەتی بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەمان دا:

### یاسای ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٠
### یاسای پلەدارکردنە وەزیفییەکانی دەرچوانی کۆلیجی زانستەکان (بەشی کیمیا و بایۆلۆجی)ی هەرێمی کوردستانی عێراق

**ماددەی یەکەم:**

دەرچووی کۆلێجی زانستەکان (بەشی کیمیا و بایۆلۆجی) لە تاقیگە سەرەکییەکانی نەخۆشخانەکانی پارێزگاکاندا بەپێی پێداویستی دەزگا تەندروستییەکان دادەمەزرێ و، بۆ ماوەی یەک ساڵ لە ژێر مەشقدا دەبێ.

**ماددەی دووەم:**

وەزارەتی تەندروستی ئەو مەشق کردووانە، دوای تەواو کردنی ماوەی مەشق، بەسەر مەرکەزە تەندروستییەکانی دەرەوەی مەڵبەندی پارێزگاکانی هەرێمدا، بەپێی پێداویست دابەش دەکا و تا دوو ساڵ دەمێننەوە.

**ماددەی سێیەم:**

ئەوانە. لەماوەی پلەدارکردنەکەدا، رێگایان پێ نادرێ کە دوای دەوامی رەسمی ئیختیصاصاتی خۆیان لە تاقیگە تایبەتییەکاندا پیادە بکەن، ماوەی پلەدارکردنەکەش (پێنج) ساڵە بۆ ئەوانەی کە خولی تاقیگەییەکە تەواو دەکەن، بەلام بۆ ئەوانەی کە ناچنە خولەکەوە ماوەکە دەبێتە (دە) ساڵ و لەم بارەیاندا لیژنەی هونەریی وەزارەت، لەرووی نەزەری و عەمەلیشەوە هەڵیاندەسەنگێنێ.

**ماددەی چوارەم:**

ئەوەی پلەدارکردنەکە دەیگرێتەوە، دەرماڵەی دنەدانی لەپاداشتی دووریی جێگای ئیشەکانیان بۆ دەبڕدرێتەوە، بەم جۆرەی خوارەوە:

١- جێگەی (أ) سەد دینار.
٢- جێگەی (ب) سەدو بیست وپێنج دینار.
٣- جێگەی (ج) سەدو پەنجا دینار.

**.ماددەی پێنجەم:**

وەزیری تەندروستی وکاروباری کۆمەلایەتی پێویستە ئەو جێگایانە دیاربکا کە ماددەی چوارەم دەیانگرێتەوە.

**ماددەی شەشەم:**

وەزیری تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی بۆی هەیە بەهاوتەگبیری لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ئابووری پێکەوە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکردنی وەکارخستنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربهێنێ.

**ماددەی حەوتەم:**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە بخاتە کار.

**ماددەی هەشتەم:**

هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت، کاری پێ ناکرێ.

**ماددەی نۆیەم:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە وەقایعی کوردستاندا، دەخرێتە کار.

**د.ڕۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق

**پڕۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە بیست و دوو**

سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٠/١٢/١٢

خولی دووەم

ساڵی نۆیەم

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە بیست و دوو

## سێ شەممە ڕێکەوتی ١٢/١٢/٢٠٠٠

*کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ١٢/١٢/٢٠٠٠ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی (ژمارە بیست و دوو)ی خولی ئاسایی دووەمی، سالی (٢٠٠٠)ی خۆی بەست.*

*بەرنامەی کار:*

*بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی ماددە(٢٠) لە پێڕەوی هەموارکراوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە(١)ی سالی ١٩٩٢، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بریاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی (ژمارە بیست و دوو)ی خۆی لە کاتژمێر (١٠)دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ١٢/١٢/٢٠٠٠ دا بەم شێوەیە بێت:*

*١ـ خستنە ڕووی بابەتی زیاد کردنی ئەندامی پەرلەمان د. ئیدریس هادی صالح بۆ لیژنەی سکالاکان و مافەکانی مرۆڤ*

*٢ـ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای یەکەم هەموار کردنی یاسای ژمارە (٤)ی سالی ١٩٩٢ی وەزارەتی پەروەردە*

*٣ـ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای تایبەت بەهەلوەشاندنەوەی( کۆمەلەی جوتیارانی هەرەوەزی).*

*٤ـ خستنە ڕوو وگفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی یاسای پێنجەمین هەموارکردنی یاسای ژمارە(٣)ی سالی ١٩٩٢ی هەموارکراوی ئەنجومەنی وەزیران . سەبارەت بە دەسەلات دان بەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆ دامەزراندنی زیاتر لە بریکارێک لە هەر وەزارەتێک لەکاتی پێویستدا.*

*٥ـ بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای یەکەم هەموار کردنی یاسای ژمارە(٨)ی سالی ١٩٩٩ی سەندیکای دەرمانسازانی هەرێمی کوردستانی عێراق.*

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای مەزن و بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەمان دەست پێ دەکات، دانیشتنی ژمارە(٢٢)، بەرنامەی کارمان پێنج خالە:

١ـ خستنە ڕووی بابەتی زیاد کردنی ئەندامی پەرلەمان د. ئیدریس هادی صالح بۆ لیژنەی سکالاکان و مافەکانی مرۆڤ

٢ـ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای یەکەم هەموار کردنی یاسای ژمارە (٤)ی سالی ١٩٩٢ی وەزارەتی پەروەردە

٣ـ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای تایبەت بەهەڵوەشاندنەوەی( کۆمەڵەی جوتیارانی هەرەوەزی).

٤ـ خستنە ڕوو وگفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی یاسای پێنجەمین هەمواركردنی یاسای ژمارە(٣)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەمواركراوی ئەنجومەنی وەزیران . سەبارەت بە دەسەڵات دان بەسەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆ دامەزراندنی زیاتر لە بریكارێك لە هەر وەزارەتێك لەكاتی پێویستدا.

٥ـ بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆكردنی پرۆژەی یاسای یەكەم هەموار كردنی یاسای ژمارە(٨)ی ساڵی ١٩٩٩ی سەندیكای دەرمانسازانی هەرێمی كوردستانی عێراق.

سەبارەت بە خاڵی یەكەم، سەرۆكایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی پێشنیاری زیاد كردنی ئەندامی ئەنجومەن بەڕێز ادریس هادی صالح بۆ لێژنەی سكالا و مافەكانی مرۆڤ دەكات،ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە با دەستیان بەرز بكەنەوە تاكو ناونووسیان بكەن، كاك عەبدولخالق فەرمو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ناوی لێژنەكەمان بە هەڵە دەنووسرێ خۆی لێژنەی مافی مرۆڤ و سكالاكانە، لە زۆر نووسراوەكانیش دێت، وەزارەتی مافی مرۆڤیش دامەزراوە بۆیە داوا دەكەم ، ناوەكەی چاك بكرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سەیرێكی پێڕەوی ناوخۆ دەكەین بزانین چۆن هاتووە،فەوزیە خان فەرموو.

**بەڕێز فەوزیە عەزەدین ڕەشید:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر بكرێ ناوەكە بكرێتە لێژنەی مافی مرۆڤ بەتەنها ،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جارێك ناكرێ دەبێ دە ئەندامی پەرلەمان پێشكەشی بكات، سەبارەت بە داواكەی بەڕێز عەبدولخالق لە لاپەڕە «٨٩»ی پێڕەوی ناوخۆی ساڵی ١٩٩١ی هەموار كراو، خاڵی (٨) نوسراوە ( لجنة الشكاوي و حقوق الانسان).

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەر لەسەرەتاوە ئێمە بڕیارمان داوە مافی مرۆڤ و سكالاكان بێت، لە وێش بەهەڵە هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێمەش پێمان خۆشە كە مافی مرۆڤ لە پێشەوە بێت ،جا كە حەز دەكەن دەیخەینە بەرنامەی كاری دانیشتنێك و باسی دەكەین و بڕیاری لە سەر دەدەین.لە نووسینە كوردیەكەش لە لاپەڕە ٣١

نووسراوە لیژنەی سکالاکان و مافەکانی مرۆڤ، پێرەوی پەرلەمان یاسای پەرلەمانە هەر شتێ لێرە نووسرا بۆ ئەوە دەخوات هەر گۆڕانکاریەک بکرێ دەبێ پێرەو هەموار بکەین.
دێینەوە سەر بابەتی خۆمان، هیچ تێبینی تر هەیە لەسەر زیاد کردنی ئەندامی پەرلەمان بەرێز ادریس هادی بۆ سەر لیژنەی سکالاکان و مافەکانی مرۆڤ؟ نییە؟ دەیخەینە دەنگ دانەوە. کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا. پیرۆزبایی لە بەرێز کاک ادریس دەکەین هیوا دارین رۆڵی خۆی لە لیژنەی سکالاکان و مافەکانی مرۆڤ ببینێ بە تایبەتی لە مافی مرۆڤدا کە خۆی کاتی خۆی رۆڵێکی چاکی هەبووە لە دامەزداندی یەکەم رێکخراوی مافی مرۆڤ لە کوردستاندا. خاڵی دووەمی بەرنامەی کارمان خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای یەکەم هەموار کردنی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٢ی وەزارەتی پەروەردە، تکایە ئەندامێکی لیژنەی یاسایی بفەرموێتە سەر سەکۆ بۆ یەکەم خوێندنەوەی پرۆژەکە.

**بەرێز شێروان ناسح حەیدەری:**

رئاسة مجلس الوزراء لاقليم كوردستان

**«قرار»**

استناداً الى احكام الفقرة (١) من المادة السادسة والخمسين من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ وبناءاً على ماعرضه وزير التربية ووافق عليه مجلس الوزراء قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / /٢٠٠٠ اصدار القانون الآتي:

**قانون رقم ( ) لسنة ٢٠٠٠**

**قانون التعديل الاول لقانون وزارة التربية لاقليم كوردستان العراق رقم (٤) لسنة ١٩٩٢**

**المادة الاولى:**

يضاف مايلي في نهاية المادة الثانية ويصبح الفقرة الثالثة لها:
٣- يكون للوزير مستشارون يساعدونه في ادارة شؤون الوزارة وتنفيذ مهماتها الفنية والتربوية على ان لا يزيد عددهم عن ثلاثة.

**المادة الثانية:**

يضاف في نهاية المادة الخامسة مايلي وتصبح الفقرة (١٥) الخامسة عشرة لها:
١٥- تنشيط التعامل والتفاعل بين المدرسة وبيئتها المحلية وتعزيز دور مجالس الاباء والمعلمين.

**المادة الثالثة:**

اعادة صياغة المادة الحادية عشرة وبالشكل الاتي:
١- تؤسس الوزارة رياض الاطفال لمن هم دون سن السادسة.

٢- تنظم شؤون القبول والدراسة في رياض الاطفال.
٣- تشرف على رياض الاطفال الاهلية وفق نظام خاص.

**المادة الرابعة:**

يضاف مايلي في نهاية المادة الخامسة عشرة ويصبح الفقرة الثالثة لها:

٣- يتمتع حاملو شهادة الماجستير والدكتوراه من العاملين في سلك التدريس على ملاك وزارة التربية بجميع الحقوق والامتيازات التي يتمتع بها اقرانهم في الجامعات.

**المادة الخامسة:**

يضاف مايلي في نهاية المادة السادسة عشرة ويصبح الفقرة الثالثة لها:

٣- تقوم الوزارة بانتاج وتوفير المستلزمات التربوية من اثاث وكتب ولوازم مدرسية وغير ذلك وفق تعليمات خاصة.

**المادة السادسة:**

## تشكيلات الوزارة

تعدل المادة الحادية والعشرون الخاصة بتشكيلات مركز الوزارة وتكون كالاتي:

١- المديرية العامة للديوان.
٢- المديرية العامة للتقويم والامتحانات.
٣- المديرية العامة للتعليم الثانوي والمهني والمعاهد.
٤- المديرية العامة للتعليم الابتدائي ورياض الاطفال ومحو الامية.
٥- المديرية العامة للمناهج والوسائل التعليمية والتخطيط التربوي.
٦- المديرية العامة للنشاط الرياضي والكشفي والفني.
٧- المديرية العامة للدراسة التركمانية.
٨- المديرية العامة للدراسة السريانية.

**المادة السابعة:**

تعدل الفقرة الثانية من المادة الثانية والعشرون وتضاف اليها الفقرات (٣, ٤) في نهاية المادة وتكون كالاتي:

٢- للوزير ان يشكل مايراه ضرورياً من اللجان الدائمة والموقتة وان يحدد اسس وضوابط تشكيلها واختصاصاتها ومكافأة اعضائها بتعليمات للقيام بما يعهد اليها من مهام وتقديم المشورة الفنية والتربوية والادارية والقانونية وله ان يستعين بالخبراء والمختصين والجهات ذات العلاقة لهذا الغرض من خارج الوزارة.

٣- للوزير بموافقة مجلس الوزراء استحداث مديريات تربية في الاقضية عند الحاجة تمارس بعض اختصاصات المديرية العامة للتربية في وحدتها الادارية والتي تحدد بتعليمات.

٤- للوزير استحداث مديريات واقسام وشعب في ديوان الوزارة عند الحاجة.

**المادة الثامنة:**

للوزير اصدار التعليمات والانظمة الداخلية لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

**المادة التاسعة:**

لايعمل باي نص يتعارض واحكام هذا القانون.

**المادة العاشرة:**

على وزير التربية والوزارات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

**المادة الحادية عشرة:**

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو پرۆژیە ئاراستەی هەردوو لیژنەی یاسا و لیژنەی پەروەردە دەكەین. تكایە پرۆژەی یەكەم خوێندنەوەی هەڵوەشاندنەوەی كۆمەڵەی هەرەوەزی بخوێننەوە.

**بەڕێز شیروان ناسح حەیدەری:**

**رئاسة مجلس الوزراء**

**«مشروع قرار»**

استناداً الى احكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من قانون المجلس الوطني لكوردستان العراق رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل وبناءاً على ماعرضه وزير الزراعة والري ووافق عليه مجلس الوزراء قرر المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / /٢٠٠٠ اصدار القانون الاتي:

**قانون رقم ( ) لسنة ٢٠٠٠**

**قانون الغاء قانون الجمعيات الفلاحية التعاونية**

**المادة الاولى:**

يلغى الجمعيات الفلاحية التعاونية في اقليم كوردستان.

**المادة الثانية:**

تؤول كافة الاموال المنقولة وغير المنقولة للجمعيات الفلاحية التعاونية الى وزارة الزراعة والري لاقليم كوردستان العراق وتسجل باسمها.

**المادة الثالثة:**

لايعمل باي نص يتعارض واحكام هذا القانون.

**المادة الرابعة:**

على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.

**المادة الخامسة:**

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەم پرۆژەیەش ئاراستەی لیژنەی یاسا و لیژنەی كشتوكاڵ ولیژنەی داراییش دەكەین . خاڵی چوارەم لە بەرنامەی كارمان، خستنە ڕوو وگفتوگۆ كردن لەسەر پرۆژەی یاسای پێنجەمین هەمواركردنی یاسای ژمارە(٣)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەمواركراوی ئەنجومەنی وەزیران . سەبارەت بە دەسەڵات دان بەسەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆ دامەزراندنی زیاتر لە بریكارێك لە هەر وەزارەتێك لەكاتی پێویستدا.

لە بەر ئەوەی ئەو بابەتە دوێنێ لە نوێ دەست كراوە بە دراسەتی یەكەم خوێندنەوەی كراوە تاكو ئێستا دراسەت و لێكۆڵینەوەی تەواو نەبووە،بۆیە سەرۆكایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی پێشنیار دەكات كە ئەم بابەتە دوا بخرێ بۆ دانیشتنی داهاتوو، كێ ئەو پێشنیارە پەسەند دەكات؟ كێ پەسەندی ناكات؟ بە تێكرای دەنگ پەسەند كرا.

خاڵی پێنجەمی بەرنامەی كارمان بریتیە لە بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆكردنی پرۆژەی یاسای یەكەم هەموار كردنی یاسای ژمارە(٨)ی ساڵی ١٩٩٩ی سەندیكای دەرمانسازانی هەرێمی كوردستانی عێراق، تكایە بەڕێز كاكەرەش نەقشبەندی بفەرموێتە سەر سەكۆ هەروەها ئەندامێكی بەڕێزی لیژنەی خزمەتگوزاری و كشتوكاڵ كاك مەلا هادی ، ئەندامێكی لیژنەی دارایی كاك جەمیل فەرموو، دوێنێ یاساكەو رای لیژنەكان خوێندرانەوە بۆیە ئەمڕۆ مادە بە مادە دەست پێدەكەین.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**قانون التعديل الاول لقانون نقابة الصيادلة**
**لاقليم كوردستان العراق رقم(٨)لسنة ١٩٩٩**

**المادة الاولى:**

تعدل الفقرة الثالثة من المادة الرابعة وتقرأ كالآتي:

(٣)حاصلاً على شهادة لاتقل عن البكالوريوس في كلية الصيدلة.

**بەڕێز كاكەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەم مادەیە رای لیژنەی یاسا بەم جۆرەیە(ترى اللجنة بقاء نص هذه المادة بصياغتها الاصلية الواردة في متن القانون، اي عدم الغاء عبارة(او مايعادلها)الواردة في نهاية المادة.. وذلك لوجود لجنة مختصة لتعادل الشهادات الجامعية ودرجاتها العلمية وتشترك فيها مجموعة من الخبراء والاختصاصيين والاكاديميين فلا نرى داعياً لمقترح التعديل الوارد في المشروع.)

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێژنەی خزمەتگوزاری راتان تکایە.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کویخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ مانەوەی (او مایعادلها)ین هەر وەکو هاتووە لە ماددەی سێیەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێژنەی دارایی فەرموون.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێژنەی داراییش هەمان رای لێژنەی یاسایی هەیە کە (او مایعادلها) بمێنێ لەبەر ئەوەی شتێکی یاساییە و لە جێی خۆیەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز وەزیری تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی فەرموو.

**بەڕێز جەمال عەبدولحەمید/وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش لەگەڵ ئەوەین، بەڵام مەبەست لە لابردنی او مایعادلها چییە؟ ئەوەی مافی هەبێ دەرمانخانە بکاتەوە دەبێ بەکالۆریوسی دەرمانسازی هەبێ، بۆ ئەوەی مافەی هەبێ کە دەرمانخانە بکاتەوە دەبێ لە بەکالۆریوس کەمتری نەبێ. لێرە مەبەست بۆ لابردنی ئەو دەستەواژەیە ئەوەیە کە تاکو ئیستغلال نەکرێ، لەوانەیە بەو رێگایە بقۆزرێتەوە و فشارێکی زۆر لەسەر ئەو لێژنەیە بکرێ، وای لێ بکرێ «معادلە»ی بکات بە بەکالۆریوس، مەبەستەکە هەر ئەوەیە، نازانم «مایعادلها» لەگەڵ چی دەکرێ؟ ئەگەر مەبەست کۆلیژەکانی دەرەوە بێ ، ئەویش هەر بە بەکالۆریوس دەژمێردرێ، تەنها مەبەستەکە هەر ئەوەیە کە «مایعادلها» بە نارەوا نەقۆزرێتەوە ،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە با دەستیان بەرز بکەنەوە تاکو ناو نووسیان بکەین. لە پێشدا هەندێ تێبینی هاتووە ئەگەر باس بکرێ خراپ نییە. کاک ئەمین مەولود فەرموو.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە پرۆژەی هەموار کردنی یاساکە چەند تێبینیەک هەیە،بە باشی دەزانم ئەگەر بخرێتە سەر یەکێ لەو ماددانەی کەوا لە پرۆژەکەدا هاتووە، دەتوانین بە چەند برگەیەک زیادی بکەین کە ئەمانەن، یەکەمین، ئێستا تێبینی دەکرێ کە نرخی دەرمان لە دەرمانخانەکاندا، لە دەرمانخانەیەک بۆ

دەرمانخانەیەک جیاوازە،هەر دەرمانخانەیەک بە هەوەسی خۆی نرخ بۆ دەرمانەکانی دادەنێ ، بە رای من ئەگەر وەزیری تەندروستی رازیە،یان بە برگەیەک زیادی سەر هەموارەکەی بکەین یان بە ڕێنماییەک بەسەر دەرمانخانەکاندا بلاو بکرێتەوە کە نرخی دەرمانەکە پێویستە لەسەر دەرمانەکە بنووسرێت ،بۆئەوەی نەتوانن هەرکەسەو بە هەوەسی خۆی هەلسوکەوت بە دەرمانەکە بکات،تێبینی دووەمم ،تێبینی دەکرێ کە بازرگانی بە هەندێ دەرمانەوە دەکرێ ، لەسەر دەرمانەکە نووسراوە ئەمە بە خۆرایی دابەش دەکرێ، کەچی لە دەرمانخانەکاندا ئەو جۆرە دەرمانەت پێ دەفرۆشن ،جا ئەوەش ئەگەر بە ڕێنماییەک قەدەغە بکرێ بەسەر دەرمانخانەکاندا بلاو بکرێتەوە بۆ ئەوەی نەتوانن ئەو جۆرە دەرمانانە بفرۆشن ، و ئەو دەرمانخانەی کە سەرپێچی وای کرد سزا بدرێ، دواتر زاهیرەیەکی تر هەیە کە پەیوەندی بە تەندروستی دانیشتوانەوە هەیە ،دەبینین دەرمانێک دکتۆر بۆی نووسیوی ، دەچێتە لای دەرمانخانەیەک دەرمانخانەکە بە هەوەسی خۆی دەرمانێکی بەدیلت دەداتێ ،دوور نییە ئەو دەرمانە زیان بەو نەخۆشیە نەگەیەنێ ، لە ولاتانی پێشکەوتووە ئەجزاخانە بۆی نییە دەرمانی بەدیل بدات بە نەخۆش تەنها بە رەزامەندی ئەو دکتۆرە خۆی نەبێ ، ئەوەش بە ڕێنماییەک بەسەر دەرمانخانەکاندا بلاو بکرێتەوە بۆ ئەوەی دەرمانخانە مافی ئەوەی نەبێ کە دەرمانەکە بگۆڕێ تەنها بە راوێژی ئەو دکتۆرە نەبێ کە راچەتەکەی نووسیوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، جەنابی وەزیری تەندروستی فەرموو.

**بەڕێز جەمال عەبدولحەمید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەو خالانەی کە کاک ئەمین مەولود خستیە روو، بۆ جیاوازی نرخی دەرمان گرفتەکەی ئێمە ئەوەیە، کاتی خۆی لە هەموو عێراقدا یەک سەرچاوەی دەرمان هەبوو، ئەویش بەڕێوەبەرایەتی هێنان بوو(مديرية استيراد الاجهزة والمواد الطبية)، هەموو دەرمانخانەکان بەشیان هەبوو و، نرخەکان دیاری کراو بوون، قازانج دیار بوو بواری ئەوە نەبوو کە نرخ لە دەرمانخانەیەک بۆ دەرمانخانەیەکی تر جیاوازی هەبێ ، ئێستا سەرچاوەی دەرمان هەمە جۆرە هەندێکی بە قاچاغ لە ئێران و هەندێکی تری لە تورکیاوە دێت، بەشێکی زۆر کەم کە ئێمە وەکو بەڕێوەبەرایەتی «استيراد» دەیهێنین، ئەوە نرخی دیاری کراوە دەتوانین چاودێری بکەین، ئەوانی تر ئێمە ناتوانین کۆنترۆلی بکەین لەبەر ئەوەی سەرچاوەکەی ئێمە نین،خاوەن دەرمانخانەکەش دەلێ من بە گرانم کڕیوە، یەکێکی تر دەلێ من بە هەرزان کڕیومە بۆیە وەسائیلەکان جیان بۆیە بۆ نرخەکەی زۆر زەحمەتە و کۆنترۆلمان پێ ناکرێ ،ئەگەر سنور قەپات نەبێ سەرچاوە یەک سەرچاوە نەبێ ئێمە ئەو شتەمان پێ کۆنترۆل ناکرێ، خالی دووەم کە دەلێ دەرمانی بڕیاری «٩٨٦»ە حەز دەکەم ئەو خالە روون بکەمەوە سەبارەت بە بڕیاری «٩٨٦» ، لە ناوچەکانی ناوەراست و

خوارووی عێراق هەر لە فێسی یەکەمەوە بەشێک دەرمان دەدرێتە دەرمانخانەکان، بەڵام بۆ کوردستان ئەو بەشە نییە ،ئەو دەرمانانە کە هی ئەو بڕیارەیە و نرخەکەشی زۆر کەمە، لە دەرمانخانەکانی لای حکومەت دێتە ئێرە دێتە بازارەکانی ئێمەوە، زۆر جار گرفت بۆ ئێمە درووست دەکات لەوانەیە کە دەرمانی دزراوی ئێمەش بێت لەبەر ئەوەی وەکو یەکە دێتە بازارەوە ئێمە کۆنترۆڵمان پێ ناکرێ. هەتا ئێستا ئێمە لە هەوڵدایین لەگەڵ «who»دا بۆ ئەوەی لە کوردستانیش ئەو شتە پێڕەو بکرێ ، وابزانم گەیشتونەتە بڕوا و، پێمواییە بەو زوانە جێبەجێ دەکرێ، دەرمان دەدرێتە دەرمانخانەکانی خۆمان و مۆری لێدەدرێ و چاودێری دەکرێ، سەبارەت بەوەی کە دەرمانخانە دەرمان دەگۆڕێ، دەرمانخانە هیچ مافێکی نییە کە دەرمان بگۆڕێ و سەرپێچیە، نەخۆش دەتوانێ وەری نەگرێ، یان دەتوانێ بگەڕێتەوە لای دکتۆرەکەی و دەتوانێ هەر شتێکیش بکات، واتا ئەوە بنەما نییە و، پێویستی بە ڕێنمایی نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابی وەزیر، دێینەوە سەر ماددەی یەکەم ، ئەو بەڕێزانەی ناویان نووسراوە ئێستا قسەی لەسەر دەکەن ، کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو، بەڵام تکایە لە ناوەڕۆکی ماددەی یەکەم دەرنەچن.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە دهۆک چەند دەرمانسازێکم بینی لەسەر ئەو بابەتە، گوتیان احتمال هەیە دەرچوی کۆلیژێکی تر بێت بۆ نمونە پزیشکی بێت یان کیمیا بێت اختصاصی ماستەر یان دکتۆرا ی لە ماددەیە لە ماددەکانی دەرمانسازی هەبێ ،ئەو کاتە بڕوانامەی ماستەری لە دەرمانسازی پێدەدرێ ، ئەوانە مەبەستیان ئەوەیە کە ئەو کەسانە حەقیان نەبێ دەرمانخانە بکەنەوە ، واتا دەبێ دەرچووی دەرمانسازی بێت ، لەبەر ئەوەی احتمالی دانی بڕوانامە هەیە بۆ غەیری دەرچوانی دەرمانسازی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتا کەسانێک هەن کۆلیژی دەرمانسازییان نەخوێندوە ماستەر یان دکتۆرا لە بەشێکی بچوکی دەرمانسازی دەخوێنن بڕوانامەی دەرمانسازییان دەدەنێ،بەڵام دەرمانسازییان نەخوێندوە ئەوانە مافیان نییە کاری دەرمانسازی بکەن . کاک سەعید یەعقوبی فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرەدا دەمەوێ بۆ ئەندامانی بەڕێز روون بکەمەوە کەوا لە یاسای خوێندنی باڵا و تۆژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان ژمارە (١٢) ی ساڵی ١٩٩٣ لە دەروازەی دامەزراندن و ئامانجەکان دا دامەزراندنی ئەوەیە لە ماددەی (٥)ی برگە (٤)دا هاتووە دەڵێ( الاعتراف بالمؤسسات

الخارجيه و العلميه الاجنبيه و اقرار اسس التعادل لدرجاتها و شهاداتها العلميه) هەر لەیاسای خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی حکومەتی عێراقیدا برگە (د) ی ماددەی (٧) دا لە مەبەستی دامەزراندنی ئەو دامەزراوەدا دەڵێ( معادلة الدرجات و الشهادات العلمية الصادرة عن المؤسسات الخارجية العالية العربية و الاجنبية مع مايماثلها علمياً في الجمهورية العراقية ...هتد)، هەروەها بۆ ئەنجام دانی ئەو یاسایە ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٧٣ دەرچووە کە ناوەکەی (تعليمات تعادل الشهادات فی الجمهوريه العراقيه)یە، پاش ئەو روون کردنەوەیە دەبێ بۆچی تەنها دەرچوانی کۆلیژی دەرمانسازی لە تەعادل کردنی بڕوانامەی نێوان دەهابڕوانامەی کۆلیژانمان کەهەمانە بەدەر بکرێ و سەدەها بڕوانامە کە دەرچوەکانی لە دەرەوە بەدەستیان هێناوە کە دەکرێ تعادل بکرێ، بۆیە داوا دەکەم وشەی (او مايعادلها) لە ئەصلی ماددەکە لا نەدرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێیدا بێت یان نا؟.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێیدا بمێنێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک د. ناسح فەرموو.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش رام لەگەڵ رای لیژنەی یاساییە، لەبەر ئەوەی مەبەست بۆ مایعادلها بۆ ناو هەرێم و ناو عێراق نییە بۆ دەرەوەیە و زۆر لەوانەی لە پزیشکی دەخوێنن لە سەرجەم بوارەکاندا بۆ نمونە هی ددانە هی دەرمانسازیە ناوی کۆلیژی نییە بەڵکو ناوی پەیمانگای هەیە،پەیمانگاکانیش لە چەند بەشێک پێک دێن بۆ نمونە لە یەکێتی سۆفیەت لەو بوارانەدا هیچ کۆلیژی تێدانیە تەنها زانکۆی صەداقە نەبێ کە پزیشکی و دەرمانسازی هەبوو، ئەوانی تر هەمووی پەیمانگا بوون، لەبەر ئەوە پێم وایە ئەو هەموارەی داوا کراوە نەکرێ و (او مايعادلها) بمێنێ باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

- لە سۆڤیێت و لە زۆر وڵاتی تر پەیمانگای باڵاو زانکۆ هەیە، پەیمانگای باڵا بڕوانامەکانیان بەرامبەرە بە بڕوانامەی زانکۆ لە وڵاتەکەی خۆیاندا و، یاسای بەرامبەر کردنی بڕوانامەش بۆ ئەوە دانراوە کەوا بۆ نموونە دەرچووی پەیمانگایەکی باڵایە لە وڵاتێک وەکو ئەڵمانیا پێی دەڵێن «دبلۆم» لێرە کە بەرامبەری دەکاتە بەکالۆریۆس بەپێی ساڵی خوێندن، یا بە پێی مەوادەکانی، یا بەرامبەری دەکات بە بڕوانامەی ماستەر، لە وڵاتی سۆڤیێت و وڵاتانی تریش هەر هەمان شتە، واتا ئامانجە سەرەکیەکە ئەوەیە کە دەرمانخانە ئەکاتەوە نابێت لە بەکالۆریۆس لە دەرمانسازی کەمتری هەبێت، جا ئەو بەرامبەر کردنە ئاسانە، د.ناسح فەرموو.

**بەڕێز د.ناسح غەفوور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە ناوەكە زۆربەی زۆریان «معاهد»ە، راستە زانكۆ هەیە و كۆلێژیش هەیە، بەڵام ئەوانەی كە پەیوەندییان بە پزیشكییەوە هەبێت زۆربەی زۆریان پەیمانگان لە یەكێتی سۆڤێتدا و، لەوێش دبلۆمیان دەدەنێ، نەوەك بەكالۆریۆس، لێرە بەرامبەری دەكەن بە بەكالۆریۆس ئەوە شتێكی ترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەبارەت بڕگە «٣» لەم ماددەیەدا كە بۆ هەموار كردن هاتووە، بڕگە «٣» زیادەیەكی بچووكی تیادا كردووە و پاشان لای بردووە، وشەی «كلیە»ی لەسەر دەرمانسازی داناوە، جا بەگوێرەی «حسب ما یعادلها»ی كردووە، بە رای من «حسب ما یعادلها» بمێنێتەوە، ئەگەر لابرێت ئەبێت بڕگە «٦»ی پێناسەكانیش هەموار بكرێت، بە رای من رای لیژنەكان بەرامبەر بەم هەموار كردنە زۆر لە جێگای خۆیەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، هیچ تێبینی تر هەیە؟، بەڕێز وەزیری تەندروستی فەرموو.

**بەڕێز د.جەمال عەبدولحەمید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەنها یەك تێبینیم هەبوو لە سەر ئەوەی كەوا پزیشكیش بواری پێ دراوە، جا مەرج نییە تەنها دەرچووی كولێژی دەرمانسازی بێت، سەبارەت بە پزیشكیش دەتوانێت پسپۆری وەرگرێت لە بەشێك لە دەرمانسازی و، نابێتە دەرمانسازیش، لێرە «فارامسی» و «فاراماكولۆجی» هەیە كە واتای «علم الادویة» دەدات، زانستی دەرمانیش ١/٥٠ كولێژی دەرمانسازی نییە، كولێژی دەرمانسازی دەیان زانستی تیادایە، وەكو زانستی «الصیدلیة التحلیلیة، الصیدلیة الفیزیاویة، صیدلیة الكیمیاویة، العقاقیر، السموم، الصیدلیات»، «فارماكولۆجی» بەشێكە لەم زانستە فراوانە، بەڵام بواریش دراوە بە پزیشكیش ئەگەر ماستەر لە پسپۆری دەرمانسازی وەرگرێت وەكو مامۆستایەك لەو كولێژە وانە بڵێتەوە، بەڵام هەر پزیشكە ونابێتە دەرمانساز، ئێمە مەترسیمان لەو «أو مایعادلها» ئەوەیە كەوا بەو شێوەیە بەرامبەر بكرێتە دەیان شتی تر، بەڵام ئەگەر بەرامبەر بە بەكالۆریۆس بكرێت ئەوە هیچ كێشەیەكمان نابێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، كاك فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنها پێشنیارێکم هەیە، ئێستا لیژنەی یاسایی و دارایی و ئەو لیژنەکانی تریش هەموویان لەگەڵ ئەوەدا بوون کەوا هەموار کردنەکە بمێنێت، جا بەرای من پێویست ناکات هەر ئەندامێک کە ئەندامە لە لیژنەیەکدا و پشتگیری لە رای لیژنەکەش دەکات هەڵسێت پشتگیری لە رای لیژنەکەی بکات، هەق وایە پرسیار بکرێت کەوا کێ لەگەڵ رای لیژنەکەدا نییە ئەوە قسە بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی تر هەیە؟، ئەگەر یاساکە بەتەواوەتی بخوێنرێتەوە دەڵێت:«حاصل على شهادة بكالوريوس في كلية الصيدلة أو ما يعادلها»، ئەمە زۆر روونە تەنها ئەگەر دەسکاری بکرێت، بە رای من ئەمە هیچ کێشەیەک دروست ناکات، واتا ئەو بڕوانامەی کە هەیەتی ئەبێت بەرامبەر بێت لەگەڵ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی کولێژی دەرمانسازی تەنها، جا بۆیە دەیخەینە دەنگدانەوە، تکایە جارێکی تر بخوێنرێتەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة الاولى:

تعدل الفقرة الثالثة من المادة الرابعة وتقرأ كالاتي:

٣ـ حاصلاً على شهادة لا تقل عن البكالوريوس في كلية الصيدلة أو ما يعادلها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی یاسایی، فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الاولى:

ترى اللجنة بقاء نص هذه المادة بصياغتها الاصلية الواردة في متن القانون، أي عدم الغاء عبارة «أو مايعادلها» الواردة في نهاية المادة.. وذلك لوجود لجنة مختصة لتعادل الشهادات الجامعية ودرجاتها العلمية وتشترك فيها مجموعة من الخبراء والاختصاصيين والاكادميين فلا نرى داعياً لمقترح التعديل الوارد في المشروع.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس،کەواتە ئێستا ئێمە ماددەی یەکەم کە لە پرۆژەی حکومەتدا هاتووە ئەخەینە دەنگدانەوە، تکایە ماددەکە بخوێنرێتەوە،

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة الاولى:

تعدل الفقرة الثالثة من المادة الرابعة وتقرأ كالاتي:

٣ـ حاصلاً على شهادة لا تقل عن البكالوريوس في كلية الصيدلة.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كێ لەگەڵ ماددەی یەكەمدایە كە لە پرۆژەی حكومەتدا هاتووە بەو شێوەیەی كە خوێنرایەوە؟..سوپاس.. كێ لەگەڵ نییە؟ پەسەند نەكرا، كەواتە ماددەی یەكەم پێویست بەو هەموار كردنە ناكات، سوپاستان دەكەین، دێینە سەر ماددەی دووەم، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة الثانية:

تعدل الفقرة الثالثة والرابعة من المادة السادسة وتقرأ كالاتي:

٣ـ رسم إجازة فتح الصيدلية (المسؤولية + الامتياز) للمتقاعدين «٣٥٠»دينار دوام كامل سنوياً.

٤ـ رسم إجازة فتح مدخر أهلي (المسؤولية + الامتياز) «٤٥٠»دينار.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی یاسایی فەرموون.

**بەڕێز كاكەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الثانية:

أن لجنتنا ليست مع إجراء أي تخفيض على نسب الرسوم الواردة في الفقرتين «٣ و ٤» من المادة السادسة من القانون، ولا نؤيد المقترح الوارد في المشروع الخاص بالتخفيض وذلك دعماً وتعزيزاً لايرادات النقابة.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی خزمەتگوزاری فەرموون.

**بەڕێز مەلا هادی خضر كوێخا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمەش لەگەڵ رای لیژنەی یاساییداین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، كاك جەمیل سندی فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بە رای ئێمە ئەم ماددەیە هەموار نەكرێت و، رسووماتی ساڵی ١٩٩٩ چەندە هەر وەكو خۆی بمێنێتەوە، چونكە باری ئابووری دەرمانخانەكان زۆر باشە و قازانجێكی زۆر دەكەن، جا لەبەر ئەو

هۆیە دەڵێین بۆ رسومات کەم بدەن بە سەندیکا، ئەو کاتە سەندیکا دەبێتە بارێکی تر بەسەر حکومەتەوە کە دەبێت پاڵپشتیان بکات، لەبەر ئەو هۆیە ئێمە لەگەڵ ئەوەداین کەوا رسومات هەر وەکو خۆی بمێنێتەوە و، هیچ کەم کردنیش نەکرێت بۆ دەرمانخانە و مەدخەرەکان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەو بەڕێزانەی تێبینییان هەیە دەستیان بەرزکەنەوە، کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی لە بنەرەتدا دەرمانخانە و مەدخەر کارێکی بازرگانی و خزمەتگوزاریشن، بە پلەی یەکەم قازانجە، لێرەدا جیاوازی لە نێوان دەرمانخانە و مەدخەر «١٠٠»دینار دانراوە و، وەکو من ئاگام لێ بێت لە دهۆکدا یەک مەدخەر هەیە و، لە هەولێریشدا «٢» مەدخەر هەیە، بەڵام دەیان دەرمانخانە هەیە، ئەم جیاوازی مۆڵەتی کردنەوەیە «١٠٠»دینار بێت بە رای من زۆر کەمە و ئەو جیاوازییە نەمێنێت، دووەمیش زیاتر بکرێت، چونکە دەرمانخانەکان پرۆژەیەکی بازرگانییە و باشترین پشتیوانە بۆ سەندیکا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە برگەی «٣»دا هاتووە «رسم إجازە فتح»، «فتح وتجدید» لێرەدا تێکەڵ کراوە، واتا کە دەڵێت «دەوام کامل» مەبەستی خانەنشینەکانە، کە دەتوانێ بەیانیان و ئێوارانیش دەرمانخانەکەی بکاتەوە، ئەویش کە ساڵانەیە، سەبارەت بە برگەی «٤» تەنها«رسم الفتح»ی داناوە، باسی تازە کردنەوەی نەکردووە، دەبێت لەوێش بڵێین «سنویا»؟ تاوەکو تازەکردنەوەکەشی لەگەڵدا بێت، چونکە لە یاساکانی تریشدا بەم شێوەیە هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵام ئەو«سنویا» ئەوە مەبەستی دەوام کردنی دەرمانخانەکەیە، مەبەستی تازە کردنەوە نییە، فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کەواتە ئەبێت وشەی «تجدید»ی بۆ زیاد بکرێت، لە هەموو یاساکانی تریشدا هاتووە، بۆ نموونە من یاسای سەندیکای بەیتەرەتان بۆ دەخوێنمەوە، کە دەڵێت:( رسم فتح مذخر بیطری أهلی وتجدیدها «٥٠٠»دینار)، بەڵام لێرەدا باسی «تجدید» نەکراوە، هەروەها لە یاسای سەندیکای پزیشکانیش برە پارەیەکی داناوە بۆ «فتح» و برێکی تریش بۆ «تجدید»، بەڵام هەردووکی بەقەد

یەکن، جا لەبەر ئەوە «تجدید»ی لەگەڵ دانرێت، هەروەها دەبێت بڕگەی «٢» بەهەمان شێوەی لێ بکرێت، چونکە لەوێش باسی «تجدید» نەکراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، هیچ تێبینی تر هەیە؟، نییە؟، سەبارەت بەو «تجدید»ە پاشان با حکومەت، یا سەندیکا پێشکەشی بکەن تاوەکو بیخەینە سەری، چونکە ئێستا ئەو کاتەمان نییە، رای لیژنەی یاسایی، فەرموون.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەکەمان ئەوەیە کە هەر وەکو خۆی بمێنێتەوە «٥٠٠» بۆ «١٠٠٠»دینار، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، جا بۆیە هەر پێشنیارەکەی حکومەت ئەخەینە دەنگدانەوە، تکایە جارێکی تر بخوێنرێتەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة الثانية:

تعدل الفقرة الثالثة والرابعة من المادة السادسة وتقرأ كالاتي:

٣ـ رسم إجازة فتح الصيدلية (المسؤولية + الامتياز) للمتقاعدين «٣٥٠»دينار دوام كامل سنوياً.

٤ـ رسم إجازة فتح مدخر أهلي (المسؤولية + الامتياز) «٤٥٠»دينار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ئیبراهیم دۆغرەمەچی فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم عەبدولقادر دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەمیشە رای لیژنەی یاسایی دەخرێتە دەنگدانەوە، رای حکومەت ناخرێتە دەنگدانەوە، ئەگەر پێشنیارەکەی لیژنەی یاسایی بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا واتا ماددەکە گۆڕانکاری بەسەردا نایەت، ئەوەش بە پێی پێڕەوی ناوخۆ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی هیچ پێشنیارێکی نییە لەسەر ئەو ماددەیە و، ئەڵێت با وەکو خۆی بمێنێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم عەبدولقادر دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە لیژنەی یاسایی داوا دەکات ماددەکە وەکو خۆی بمێنێت، پێشنیار دەکات کەوا ماددەکە دەسکاری نەکرێ، چونکە داوای لیژنەی یاسایی پێشنیارە، سوپاس.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەقێکی بنەڕەتیمان هەیە لە یاسای دەرمانسازی، حکومەت پێشنیارێکی کردووە کە ئەو دەقە گۆڕانکاری بکرێت، لیژنەی یاسایش لەگەڵ پێشنیاری حکومەتدا نییە، واتا ئێمە یەک پێشنیارمان هەیە لەگەڵ دەقە بنەڕەتییەکەدا، ئێستا دەبێت هەموار کردنەکە بخرێتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک محەمەد حەسەن باڵەتە فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ قسەکەی جەنابی سکرتێرم، چونکە دەبێت پرۆژەی حکومەت بخرێتە دەنگدانەوە، چونکە لیژنەی یاسایی هیچ پێشنیارێکی نییە، تەنها رەت کردنەوەی هەموار کردنەکەی حکومەت نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەمە رای ئێمەشە، جا بۆیە دەیخەینە دەنگدانەوە، تکایە جارێکی تر ماددەی «٢» بخوێنرێتەوە، تاوەکو بخرێتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة الثانية:

تعدل الفقرة الثالثة والرابعة من المادة السادسة وتقرأ كالاتي:

٣ـ رسم إجازة فتح الصيدلية (المسؤولية + الامتياز) للمتقاعدين «٣٥٠»دينار دوام كامل سنوياً.

٤ـ رسم إجازة فتح مدخر أهلي (المسؤولية + الامتياز) «٤٥٠»دينار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ماددەی «٢»دایە بەو شێوەیەی کە خوێنرایەوە؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ ماددەی «٢» پەسەند نەکرا، ماددەی «٣» فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة الثالثة:

تعدل المادة الحادية عشرة وتقرأ كالآتي:

شروط فتح الصيدلية

تمنح إجازة فتح الصيدلية للذي تتوافر فيه الشروط التالية:

١ـ عنوان الصيدلية.

٢ـ عقد إيجار مصدق من ضريبة العقار.
٣ـ الاسم التجاري مؤيداً من قبل غرفة التجارة.
٤ـ المسافة بين صيدلية وأخرى لا تقل عن خمسين متراً.
٥ـ المساحة لا تقل عن « ٢٠ » متر مربع.
٦ـ الواجهة لا تقل عن مترين ونصف.
٧ـ في حالة الهدم أو الحريق يجوز إنتقال الصيدلية بنقل الاجازة الى مكان آخر في نفس المنطقة وفقاً للشروط عدا المساحة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی یاسایی فەرموون.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة:

١ـ لا تؤيد لجنتنا ما ورد في الفقرة « ٤ » من هذه المادة بصدد تحديد مسافة « ٥٠ » متراً كحد أدنى بين صيدلية وأخرى، ونوصي بالغاء هذا الشرط وذلك لتمكين قيام الصيادلة بفتح الصيدليات إينما شاؤوا.
٢ـ بخصوص الفقرة « ٥ » من هذه المادة نقترح جعل المساحة الواجب تخصيصها لفتح الصيدلية « ١٦م٢ » بدلاً من « ٢٠م٢ » الوارد في المقترح وذلك لصعوبة الحصول على دكاكين بهذه المساحة في كل الاحوال.
٣ـ بصدد الفقرة «٧» من هذه المادة ترى اللجنة وجوب توفر جميع الشروط الواردة أعلاه في هذه المادة وفي مطلق الحالات بما فيها حالتا الهدم والحريق و الواردتان في المشروع.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە ئەگەر «٧» روون کەنەوە، چونکە روون نییە.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە برگەی«٧»دا دەڵێت ئەگەر دەرمانخانەکە سووتا، یا رووخا لە هەر شوێنێکی تر دەرمانخانەکەی کردەوە ئەوە بۆی هەیە بیکاتەوە، جا لەبەر ئەوەی ئێمە مەرج دادەنێین لە هەر کوێ دەرمانخانەکە کرایەوە ئەبێت بەپێی ئەو مەرجانەی کە دانراوە بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی خزمەتگوزاری فەرموون.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کویخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

له برگەی «٤» مادده «٣»دا که دیاری کردنی پانتایی دەرمانخانەکەیە، ئێمە لەگەڵ ئەو دیاری کردنەدا نین و، بە رای ئێمە ئەو مەرجە هەڵگیرێت، بۆ ئەوەی بە ئازادی هەر کەسێک ویستی دەرمانخانە بکاتەوە بتوانێت بیکاتەوە، لە برگەی«٥»یشدا کە باسی رووبەر دەکات، بە رای ئێمە رووبەرەکەی لە «١٦»مەتر کەمتر نەبێت و، هەر چەند زیاتر بێت ئەوە لاریمان نییە، لە برگەی «٧»یشدا وشەی «عدا المساحە» لابردرێت، لە کاتی گواستنەوەی دەرمانخانەکەدا بۆ هەر شوێنێک و لەبەر هەر هۆیەک بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێرەدا دەتانەوێ یارمەتی ئەو دەرمانخانەیە بدەن، یا یارمەتی نەدەن، چونکە رایەکەتان دژی یەکترە، لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

عیادەی پزیشکی بەلای عیادەی پزیشکیوە دەبێت، نووسینگەی پارێزەر بە لای نووسینگەی پارێزەرەوە دەبێت، لەبەر ئەوە ئێمە هیچ بە پێویستی نازانین ئەو مەرجە دانێین کەوا لە نێوان هەر دەرمانخانەیەک و دەرمانخانەیەکی تر «٥٠»مەتر بێت، ئەویش بە چوار دەوریدا کە ئەگەر لەیەکی دەین دەکاتە «١٠٠٠٠»مەتر یەک دەرمانخانەی تیادا بێت، لەوانەشە لەپاش ئەو پانتاییە جادە بێت، یا پارکی ئۆتۆمبیل بێت و، نەتوانرێت دەرمانخانەی لێ بکرێتەوە، جا ئەوە بۆ نەخۆشەکان زۆر زەحمەتە کەوا لەدوای دەرمانێک ئەو هەموو شوێنە بسوورێتەوە، لەبەر ئەوە ئێمە لەگەڵ ئەوەداین کەوا برگەی «٤» هەڵگیرێت، تاوەکو هاوولاتیان ماندوو نەبن، هەروەها پانتایی «٢٠»مەتریش هیچ دوکانێک نییە کەوا «٢٠»مەتر بێت، ناچار دەبێت کەوا دوو دوکان بگرێت، چونکە بەپێی مەرجی ئەندازیاری دوکان دەبێت «١٢»م٢بێت، برگەی «٧» هەر وەکو خۆی بمێنێتەوە، چونکە بۆ ماوەیەکی دیاری کراو دەبێت، تاوەکو دوکانەکەی دوروست دەکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەو بەڕێزانەی تێبینییان هەیە تکایە دەستیان بەرز کەنەوە، کاک رەجەب شەعبان فەرموو.

**بەڕێز رەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بەڕێز جەنابی وەزیری تەندروستی پێشنیاری کومەڵگایەکی تەندروستی و پزیشکی بکردایەتەوە وابزانم باشتر بوو لەوەی کەوا ئەم مەسافەیە دانێین، گفتوگۆیەکی کردبایە لەگەڵ

وەزارەتی شارەوانی بۆ دەسنیشان کردنی گۆڕەپانێکی باش بۆ ئەوەی هەموو عیادە و دەرمانخانەو تاقیگەکانی تیادا کۆ بکردایەتەوە، چونکە هەر نەخۆشێک دوو سێ پلە کە لە ئەپارتمانەکاندا سەر دەکەوێت لەوانەیە باری تەندروستی خراپتر لێ بکات و، بەڕێز جەنابی وەزیری تەندروستی سەرپەرشتی ئەوە بکات کەوا هۆڵیش بۆ چاوەڕوانی کردن دانرێت، ئەمەش ئەبێتە هۆی کەم کردنەوەی قەرەباڵخی لە ناو شاریشدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک ئەحمەد سالار فەرموو.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رام لەسەر خاڵی «٧» و جەخت لەسەر ئەو رایەی لیژنەی خزمەتگوزاریش دەکەمەوە، لەلایەنی رووبەرەوە پێویستە دەرمانخانە شوێنی تایبەتی هەبێت بۆ دەرمانسازی و کیمیا گەری و، جگە لەوەش هەندێ شوێنی تایبەتیشی هەبێت بۆ ئەو دەرمانانەی کە دەبێت دوورە دەست بن، یا ژەهرن، یا کۆمەڵێ لەو دەرمانانەن، لەبەر ئەوە لە رووی پانتاییەوە ئەگەر گواستنەوەش بێت بۆ شوێنێک لە یاساکەدا نەهاتووە کە کاتێ دەچێت بۆ ئەو شوێنە، بۆ هەر کاتێک بێت پێویستە ئەو مەرجەی رووبەرە ئەگەر زیاتر نەبێت لە مەرجەکانی تر کە هاتووە کەمتر نییە لە رووی گرنگییەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێموایە وەکو ئەوەی لیژنەی یاسایی پێشنیاری کردووە هەر وا بمێنێتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا رەخنەم لەسەر برگەی «٤ و ٥» هەیە، کە هەر دووکی باسی «مساحە» دەکات، چونکە ئەم دوو برگەیە دوو شتی لەیەک جیاوازن، یەکێکیان باسی «مسافە» دەکات و، ئەوی تریشیان باسی «مساحە» دەکات، من لەگەڵ ئەوەدام کە پانتایی نێوان دوو دەرمانخانە هەر نەمێنێت خۆی چۆن رێک دەکەوێت با وا بێت، با هەر وەکو لە یاسا بنەڕەتیەکەدا نەهاتووە و لێرەش نەمێنێ، رای لیژنەی یاساییش زۆر لە جێگای خۆیەتی، بەڵام سەبارەت بە برگە «٧» کە یارمەتی ئەو دەرمانخانە سووتاوە، یا رووخاوە بدرێت «عدا المساحە» ئەگەر بمێنێتەوە من پێم شتێکی خراپ نییە، چونکە یارمەتی دانە بۆ ئەو دەرمانخانەیە کە زیانی بەر کەوتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک جەلال خۆشناو فەرموو.

**بەڕێز جەلال سەلیم خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(١٦) مەتر دووجا زۆر کەمە بۆ دەرمانخانە من لەگەڵ ئەوەدام کە هەر (٢٠) مەتر دووجا بمێنێتەوە چونکە (١م٢ تاوەکو ٢م٢) هەر سەلاجە داگیری دەکات (٥م٢) بۆ ئەو هاووڵاتییانەیە کە دێن دەرمان دەکڕن بۆئەوەی ماوەیان هەبێت بۆ ڕاوەستان ئەوەی تریش نزیکەی ٨ ـ ٩ دەمێنێتەوە بۆ شوێنی دەرمان، لەبەرئەوە من ڕام وایە هەر (٢٠م٢) بمێنێتەوە وەکو خۆی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

د. ناسح فەرمو.

**بەڕێز د. ناسح غەفوور ڕەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری پرۆژەکەی حکومەت دەکەم وەکو خۆی بمێنێتەوە تەنها من لێی تێنەگەیشتم سەبارەت بە خاڵی حەوتەمەوە بۆچی دەبێت عەفو بکرێت لەو ڕووبەرە دەرمانخانە هەر دەرمانخانەیە هەموو دەرمانخانەیەک پێویستی بە شوێنی پاراستنی ئەو دەرمانانە هەیە جگە لە سەلاجەکە ئەوەش هەر چەند مەترێک دەگرێت، جگە لەوە وەکو لیژنەی یاسا باسیان کرد لیژنەی دارایی دەڵێت دوکان (١٢) مەترە، باشە ئەگەر وایە بۆچی پێشنیار دەکەن دەرمانخانە بکرێت بە (١٦) مەتر کە ستاندەری دوکان (١٢) مەتر بێت باشتر وایە دوو دوکان بگرێت و بیکات (٢٤)م ئەگەر مەسەلەکە وایە، بەپێچەوانەوە چەند ئەو ڕووبەرە زیاد بێت باشترە لەوەی کەم بێت. سەبارەت بەو پێشنیارەی کە ڕووبەرەکە لابرێت، بەڕاستی ئەم برادەرانە هانی ئەوە دەدەن کۆمەڵگایەکی ئەهلی هەبێت، وای لێ دێت ئەم شەقامە دەبێتە کۆمەڵگایەکی ئەهلی پزیشکی هیچ دوکانێکی ترو بەرژەوەندییەکی تر لەو شەقامە ناکرێت مانای وایە وای لێ دێت ڕێ لە هەموو کەسێک دەگرێت دەبێتە شوێنی دەرمانخانەو دکتۆران ئینجا کەوایە با پێشنیاری ئەوە بکرێت کۆمەڵگایەکی پزیشکی لە شوێنێکی تر بکرێتەوە باشتر وایە شەقامێک بەتەواوی داگیر بکرێت تەنها بۆ دەرمانسازو دکتۆرەکان، بۆیە من لەگەڵ پرۆژەکەی حکومەتدام، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەربارەی خاڵی (٧) ڕوونمان کردەوە (وفقاً لشروط عدا المساحة)، چونکە ئیجرایەکی کاتییە دووکانەکەی سوتاوە لەوانەیە بۆ دوو هەفتە یان بۆ دوو مانگ لەوێ بمێنێتەوە ئینجا دەچێتەوە دوکانەکەی خۆی، دەبێ تۆزێک لێبوردنی تێدا هەبێت، بۆیە وایان کردووە.

مامۆستا مەلا تەڵحە فەرمو.

**بەڕێز مەلا تەڵحە سەعید قەرەنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێغەمبەر فەرموویەتی (خير الناس من ينفع الناس) بەرژەوەندی خەڵک لەوەدایە ئەو خاڵە هەر نەمێنێت، چونکە نەساغێک بچێتە دەرمانخانەیەک دەرمان نەبێت ئینجا (٥٠)مەتری تر بڕوات،

ئینجا ( ٥٠ )مەتری دیکە بڕوات لەوێش نەبێت ئینجا دووبارەی بکاتەوە بۆ لای دکتۆر بەمە ئەزیەتی پێ دەگات بەرای من ئەم خاڵە هەر نەمێنێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. د. ئیدریس فەرمو.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی ساڵح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە دانانی مەرجەکانی دەرمانخانە، دەرمانخانە روونە بۆ ئەوەیە دەرمانی تێدا بپارێزرێت دەبێت ئەو مەرجانەی تێدا بێت کە ئەم دەرمانانە بپارێزێت. دەربارەی دەرمانخانەکانی ئێمە هەندێک دەرمان هەیە پێوستی بە گیرانەوە هەیە، دەبێت شوێنی هەبێت بۆ ئەم مەبەستە و هەروەها پێویستی بە سەلاجە هەیە، لەبەرئەوە رووبەری (١٦)م زۆر کەمە، چونکە جێگا نابێتەوە دەبێت شوێنێک هەبێت لە پشت دەرمانخانەکە بۆ ئەم ئیش کردنە. من پێموایە ( ٢٠ ) مەترەکە کەمە لە بارودۆخی ئاسایی ولاتان کە دەرمانخانە دەکرێتەوە حسابی ئەوە دەکرێت کە کارەبای بەردەوام هەیە، بەڵام بەداخەوە دەرمانخانەکانی ئێمە هیچ کامیان کارەبای بەردەوامی نییە سەلاجەکەی لە ماوەی (٢٤) سەعاتدا تەنیا (٨) سەعات ئیش دەکات هەندێک دەرمان هەیە زۆر هەستیارە دەبێت لە پلەیەکی گەرمی تایبەت بپارێزرێت کە لە نێوان (٧ـ ٨)پلەیە ئەو دەرمانانە لەو پلەیە پاشان دەچێتە پلەیەکی تر ئێکسپایەر دەبێت و تێک دەچێت، بۆ نمونە دەرمانی هرمۆناتە، ئەنسۆلینە، من بەخۆم تووشی بوومە، لەبەرئەوە ئەو مەرجە یەکێک لە مەرجە گرنگەکانە دەرمانخانە کە دەکرێتەوە بەهەر جۆرێک کارەبا بۆخۆی دابین دەکات مولیدەی حکومییە یان هی خۆیەتی دەبێت ئەو دەرمانە لەو بارودۆخە بپارێزرێت، چونکە ئێمە مەدخەرمان نییە وەکو ولاتان کە دەرمانێک داوا بکەی بلێت سبەی وەرەوە ئەو دەرمانەت دەدەمێ هەموو لەلای خۆیان دەیپارێزن، جا لەبەرئەو هۆیە لە ئیجرای یەکەم ئەگەر دەرمانخانەکان نزیکی یەک بن من بە پەسندی دەزانم بۆئەوەی هەموویان بەشدار بن لە مولیدەیەک کە کارەبایان هەبێت بۆماوەی ٢٤ سەعات واتە دیاری کردنی رووبەر، بەڵام لە بارودۆخی ئاسایی ئەگەر کارەبا بەردەوام هەبێت بۆ رێکخستنی رووبەر ( ٥٠ ) مەتر زۆر باشە، بەڵام ئەمڕۆ بەپێی ئەو بارودۆخەی ئێمە ئێستا پێیدا دەڕۆین بەپێی ئەوە دەبێت مەرج دابنێین چ دەرمانخانەیەک هەیە ئەمڕۆ مەرجەکانی تێدایە کە کارەبای هەبێت ئەوە دکتۆرەکان خۆیان هەموویان ئەو موعاناتەیان هەیە دەرمان ئەگەر ئێکسپایەر نەبێت بە تاریخی خۆی بەوە ئێکسپایەر دەبێت کە پلەی گەرمی چەسپاو نییە. من ئەوە بە مەرجێکی هەرە گرنگ دەزانم چونکە بەڕاستی دەرمان زۆر هەستیارەو ترسناکە لەسەر ژیانی مرۆڤ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاک سەعید یەعقوبی فەرمو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە مادده (٣) برگە (٧) دوو بۆچوونی زەق دەبینم لە نێوان برگە (٥)و برگە (٧)ی ئەو ماددەیەدا ئەویش لە برگە (٥) هاتووە دەڵێت (لە مەرجەکانی راپەڕاندنی کارەکانی دەرمانسازی وا پێویست دەکات رووبەری دەرمانخانەکە نابێت لە (٢٠)مەتر کەمتر بێت، بەڵام کە دێتە سەر برگەی (٧) دەڵێت لە هەردوو حاڵەتی تێکدان و سووتانی دەرمانخانە بۆی هەیە دەرمانخانەیەکی تر بکاتەوە لەو ناوچەیە بێ ئەوەی مەرجی رووبەری تێدا دیاری بکات واتە بە موتڵەقی هاتووە دەتوانێ بە هەر رووبەرێک بێت دەرمانخانەیەکی تازەی لێ بکاتەوە لێرەدا من پرسیارەکەم ئەوەیە ئەگەر ئێمە ئەو ناوچەیە بسەلمێنین لەو حاڵەتە ئەو برا دەرمانسازە چۆن ئەو ئەرک و پێداویستی و خزمەتگوزارییانە بە ئەنجام دەگەیەنێت بەو رووبەرە کەمە؟، کەواتە من وای بۆ دەچم لەو دوو حاڵەتەش سووتان و تێکدان پێویست دەکات هەر وەک کردنەوەی دەرمانخانەیەکی تازە رەفتاری لەگەڵدا بکرێت بە هەموو مەرجەکانییەوە بەتایبەتی کە ماوەکەشی دیاری نەکراوە لەو حاڵەتە (طارئ)ە ئەگەر بۆ شەش مانگ بێت قەیناکە لێبووردنی لەگەڵدا بکرێت، بەڵام لێرەدا بە رەهایی هاتووەو ماوەکەی دیاری نەکردووە کە تاکەی ئەو دەرمانخانەیە بە (١٠-١٢) مەتر بکرێتەوەو چۆن دەتوانێت ئەرکەکانی بەجێ بگەیەنێت؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس هیچ تێبینی تر هەیە؟ کاک محەمەد حەسەن فەرمو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راستە ئێمە لە تێبینییەکانی خۆمان نووسیومانە روبەری (١٦)م٢ بێت، بەڵام دوای دیراسەکردنی ئەو برگەیەو گفتوگۆ کردن لەگەڵ جەنابی وەزیری تەندروستی ئێمەش هاتینە سەر ئەو رایە کە رووبەرەکە ببێتە (٢٠)م٢، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک محەمەد، کاک فرەنسۆ فەرمو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ رای لیژنەی یاسادام لەسەر هەموو خاڵەکان، مەسەلەی ماوەی نێوان دەرمانخانەکان دەبێت یاسایەک بۆ رێکخستنی شوێنی دکتۆرەکان هەبێت، هی دکتۆرەکان و دەرمانسازەکان دەبێت بەیەک یاسا هەموار بکرێت بۆ عیادەی پزیشکان هەموویان پێکەوە لە شوێنێک بن بەڵام دەرمانخانەکان پەرت و بڵاو بن من پێموایە ئەگەر هاتنە سەر مسافە دانان لە نێوان دەرمانخانەکان دەبێت بۆ دکتۆرەکانیش هەمان یاسا دابنێن ئەو کاتە رەوایی تێدا دەبێت، من لەگەڵ رای لیژنەی یاسادام ئەگەر هەموار بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەلا هادی فەرمو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کویخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕای ئیمەش وایە کە ڕووبەرەکە لە (١٦)مەتر کەمتر نەبێت، بەڵام هیچ لاریمان نییە ئەگەر (٢٠)مەتریش بێت ڕازین لەسەری، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوانەی تێبینییان هەیە تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە بۆئەوەی جارێکی تر ناونووسیان بکەینەوە.

بەڕێز وەزیری تەندروستی فەرمو.

**بەڕێز جەمال عەبدولحەمید/وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئێمە نابێت یاسا دەربکەین لەبەر بارودۆخی ئێستا کە دکتۆرەکان کۆبوونەوە لە شەقامی پزیشکان یان لەبەرئەوە کارەبا نییە، بەڵکو دەبێت یاسا بۆ دوارۆژ بێت و گشتی بێت بۆ دابەش کردن و دابین کردنی دەرمان و دەرمانخانەکان لەسەر بنەمای بەرژەوەندی گشتی ئەو بارودۆخەی ئێستا هەیە بارودۆخێکی نائاساییە نابێت یاساکە لەسەر ئەو بنەمایە بێت وەکو برادەرانیش پێشنیاریان کرد ئێمە پلانمان هەیە لە دوارۆژدا گەلێک کۆمەڵگا بکەینەوە بۆئەوەی ئەو گرفتە چارەسەر بێت.

سەبارەت بە خاڵی ڕووبەر هیچ بەڵگەیەک نییە بۆ کەمکردنەوەی ڕووبەر وەکو جەنابیشت گوتت، من تەناقوضێک دەبینم لەڕای لیژنەی یاسا بۆچی بۆ دەرمانسازێک کە دەیەوێت دەرمانخانە بکاتەوە ڕووبەرەکەی کەم دەکاتەوە بەو بەڵگەیەی کە دوکانە بەڵام بۆچی کە یەکێک تووشی ڕووداوێک بوو بواری پێ دراوە دوور نەکەوێتەوە لە شوێنەکەی خۆی ئەو ئیشەش کاتییە چونکە بەرژەوەندی خۆی لە دەرمانخانەکەی خۆی دایە کە مۆڵەتی هەیە ئەو دەیەوێت بە زووترین کات ئیشی تێدا بکات و چاکی بکاتەوە بۆئەوەی بگەڕێتەوە جێگای خۆی، وەکو باویشە لیژنەیەک دەردەچێت لە سەندیکاوە شوێنی ڕووداوەکە دەپشکنێ ماوەیەک بۆ چاککردنەوەی دەرمانخانەکە دیاری دەکات، لێرە تەنها ئاسانکارییەکی بۆ کراوە بۆئەوەی لە ناوچەکە دەوور نەکەوێتەوە بۆ ماوەیەکی کاتییە.

سەبارەت بە ڕووبەرەوە ئەم ڕووبەرە دانراوە بۆئەوەی دەرمانخانەکان دابەش بن، ئیشی دەرمانخانە لەگەڵ عیادەکانە لەگەڵ ئیشی دوکان زۆر جیاوازی هەیە، مەبەست لە دانانی ئەو ڕووبەرە دابەش کردنی دەرمانسازەکانە بۆئەوەی زۆربەی شوێنەکانی شار بگرنەوە.

خاڵێکی تر یەکێک لە ئامانجەکانی هەر سەندیکایەک ئەوەیە گیانی هاوکاری و برایەتی و پەیوەندیی نێوان ئەندامەکانی زۆر باش بن لەبەر تایبەتمەندی دەرمانخانە ئەگەر دەرمانخانەکان لە

تەنیشت یەک بن دەبێتە هۆی دروست بوونی گیروگرفت و دوورکەوتنەوەیان لەیەکتر واتە گیانی زەمالەیان کەمتر دەبێتەوە بەراستی لەسەر ئەو بنەمایانە رووبەرەکە دانراوە، بێگومان رای زۆرینەش پەسندە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس د. ناسح فەرمو.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەوەی دەبێت مەسافەی دەرمانخەکان و عیادەی دکتۆرەکان وەکو یەکتر بێت من پێموایە ئەو بۆچوونە راست نییە، چونکە دەکرێ لەیەک شەقامدا یەک دەرمانخانە هەبێت بەڵام دکتۆرەکان هەریەکە پسپۆری جیا جیایان هەیە لەبەرئەوە دەتوانرێت (١٠)دکتۆر لەیەک شەقام هەبێت، لەبەرئەوە من بەرەوای نابینم کە مسافەی دەرمانخانەکان و عیادەی پزیشکەکان وەکو یەک بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینی تریان هەیە تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە.

کاک جەمیل فەرمو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری بەڕێز فرەنسۆ هەریری دەکەم هەروەها لیژنەی یاساش دەربارەی ئەوەی کە دەبێت مەسافە لە نێوان دەرمانخانەکان نەبێت، شەقام هەیە پانییەکەی (١٠)مەترە واتە لەم لا کۆمەڵێک پزیشک هەیە لەولاکەی تری شەقامەکە واتە بەرامبەرەکەی دیسان کۆمەڵێک دکتۆر هەنە بۆچی دەرمانخانە لەوێش؟ نەبێت شەقامەکە پانییەکەی (١٠)مەترە ئەو لەلایەک بێ ئەوی تر لەلایەکی تر.

رێزم هەیە بۆ وەزیری تەندروستی باسی گیانی هاوکاری (زمالە)ی کرد ئێمە لێرە موسلیح ئیجتماعی نین بۆئەوەی نێوانیان خۆش بکەین، ئەگەر هەردووکیان مەبەستیان بەرژەوەندیی میللەتە با پابەندی رێنماییەکان بن و خزمەتی خەڵکی کوردستان بکەن بۆ نێوانیان دەبێتە شەڕ؟، شەڕ تەنیا لەسەر قازانج و (جەشەع)ە ئێمەش دژی (جەشەع و احتکار)ین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەک تێبینی بچکۆڵەم هەیە. گلدانەوەی (احتکار) دەرمان ئەگەر لەلایەن حکومەتەوە بێتە دەبێت (مسموحە) لە هەموو دونیا، یەکێک لە ئەرکەکانی حکومەت ئەوەیە احتکارو زەبتی دەرمان بکات، ئەو بەڕێزانەی ناویان نووسراوە ناویان دەخوێنینەوە، (د. ئیدریس. د. رزگار. بەڕێز سەعید یەعقوبی)، د. ئیدریس فەرمو.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری بۆچوونی وەزیری تەندروستی دەکەم دەربارەی ئەوەی کە یاسا تەنیا بۆ ئەمڕۆ دانانێین ، بەڵام بۆ دەرمانخانە دەبێت رەچاوی ئەمڕۆ بکەین، چونکە نازانین کارەبا کەی دێتەوە ساڵێکی تر دووی تر سێی تر، ئایا دەرمانەکان لە دەرمانخانەکان هەڵدەگیرێن تا کارەبای بەردەوام دێتەوە؟، لەبەرئەوە پێشنیار دەکەم هەر دەرمانخانەیەک کە دەکرێتەوە مەرج بکرێتە سەری ئەو دەرمانانەی کە پێویستیان بە پلەیەکی گەرمای تایبەتی هەیە لە مەدخەرەوە وەربگرێت لای خۆی داینەنێت بۆئەوەی زیان بە خەڵک نەگات، یانیش کارەبای بەردەوامییان هەبێت من ئەوە بە مەرجێکی تایبەتی دادەنێم پێشنیاریش دەکەم ئەگەر دەرمان ئەو مەرجەی تێدا نەبێت چۆن دەپارێزرێت؟ خۆ ئەوە ماددەی تر نییە، بڵێین گرفت نییە ئەم مادانە هەستیارن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. د. رزگار فەرمو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی خاڵی (٤) کە ماوەکە (٥٠)مەتر بێت بەڕێز وەزیری تەندروستی بەڵگەی هێنایەوە کە حەساسیە پەیدا دەبێت، من پرسیارێکم هەیە ئایا کوتاڵ فرۆش، زێرینگر ئەوان دراوسێی یەکن حەسیاسیە لە نێوانیان نییە؟، بە پێچەوانەوە ئەگەر نزیکی یەکتر بن لەوانەیە هاوکاری یەکتریش بکەن ئەو کەسەی کە پێویستی بە دەرمان بێت بە ئاسانی دەستی دەکەوێت و بێ ئەوەی زەحمەت بکێشێت لەوانەیە خەرجیشی کەمتر بێت.

دەربارەی خاڵی (٧) وەکو بەڕێزیان فەرمووی ئەمە حاڵەتێکی کاتییە لەوانەیە حاڵەتی کاتی ببێتە هەمیشەیی لەبەرئەوە دەبێت ماوەیەکی دیاری کراو دابنرێت بۆ حاڵەتی سووتان و رووداو ماوەیەکی دیاری کراو دابنرێت (٥ ـ ٦ـ ٧مانگ) یان چەندی دادەنێین دیاری بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاکەرەش فەرمو.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بڕگە (٧) برادەران زۆر قسەیان لەسەر کرد جەنابی وەزیری تەندروستیش قسەی لەسەر کرد بەڕای ئێمە لە کۆتاییەکدا عیبارەتێک دابنێن ئێمە واز لە پێشنیارەکەی خۆمان دێنین ماددەکە بەو شێوەیە بێت: (في حالة هدم او الحرق يجوز انتقال الصيدلية بنقل الاجازة الى مكان آخر في نفس المنطقة وفقاً للشروط عدا المساحة لحين رجوعه الى محله الاصلي) بۆئەوەی وای بچەسپێنین کە مەسەلەکە کاتییە و نەک چەند ساڵێک لەوێ بێت، لاریمان نییە خاڵی (٧) بەو شێوەیە بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک سەعید یەعقوبی فەرمو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئاشکرایە(عرض و طلب) حوکم دەکات لە بازاڕی ئابووری ئازاد هەروەکو جەنابی دکتۆر فەرمووی کە دەڵێت سەرچاوەی دەرمانمان لە زۆر شوێن هەیە. ئێمە لە ئەزموونەکەمان بازاڕی ئازاد پەیڕەو دەکەین و مەرجی بناغەی ئەو جۆرە سیستەمە پێشبڕکێی ئازادی (عرض و طلب)ە. خاوەن پڕۆژە لە باسی ئێستاماندا دەرمانسازێکی تازە دەرچووە کە دەبێت سەندیکا پشتگیری بکات و هەلی بۆ برەخسێنێ بۆئەوەی سەر بکەوێت نەک کۆسپ وتەگەرە بخاتە پێشی لەو سیستەمە ئابووریە خاوەن پڕۆژە خۆی بڕیار دەدات چۆن و لە کوێ دەرمانخانە دەکاتەوە، چونکە ئەنجامی زەرەرو قازانجەکە خۆی بەرگەی دەگرێت نەک سەندیکای دەرمانسازان، بۆیە نابراو دەبێت ئازاد بێت لە کردنەوەی دامەزراوەکەی.

دوو، بە بۆچوونی من کە ژمارەی دەرمانخانەکان لە شوێنێک زۆر بوو بێگومان لە قازانجی نەخۆشە، چونکە زۆری ژمارەی دەرمانخانەکان وا لە خاوەنەکانیان دەکات زۆرتریش کریار بۆخۆیان رابکێشن و نرخی دەرمانەکان هەرزان دەکەن ئەوەش بار سووکییە بۆ نەخۆش کە مەبەستی هەموو لایەکمانە.

سێیەم: ئەگەر ژمارەی دەرمانخانەکان لە شوێنێک زۆر بوو ئەوە قازانجی نەخۆشە، چونکە دەرمان ئەگەر لە دەرمانخانەیەک دەستی نەکەوێت ئەوا روو دەکاتە دەرمانخایەکی تری نزیک ئەو، بەڵام ئەگەر ئێمە پێشنیاری مەسافەمان پەسند کرد باری نەخۆش قورستر دەکەین، چونکە لەو حاڵەتە پێویستی بەتاکسی و گەڕان و سووڕان بەدوای دەرمان و دەرمانخانە دەبێت، ئەمە جگە لە بەفیڕۆ چوونی کات و زیادە ماندوو بوون لەکاتێکدا کە دەبێت نەخۆش بەزووترین کات دەرمانی پێ بگات.

چوارەم: مەرجی مەسافە لە حکومەتی ناوەندنی لابراوە ئاشکرایە ئەو هۆیەش کە پاڵی بە ئەوان وەنا کە مەرجی مەسافە لابەرن هەر هەمان هۆ بەسەر کوردستان تێپەڕ بووە وەکو شەڕەکانی کوێت و ئێران و ئابلۆقەی ئابووری بەتایبەتی کە هەرێمەکەمان ئابلۆقەی تریشی لەسەرە کە دەرەکی و ناوەکییە، بۆیە داوا دەکەم مەرجی مەسافە لابرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. شەفیقەخان فەرمو.

**بەڕێز شەفیقە فەقێ عەبدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانی من لەلایەن کاکەڕەش و کاک سەعیدەوە کران، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ئیبراهیم سەعید فەرمو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەرجەکانی دەرمانخانە شتێکی نوێ نییە لە مەسائیلی بازرگانی زۆر شتی تر هەیە مەرجی بۆ دادەنرێت بۆ نموونە دوکانی فرۆشتنی بەرهەمەکانی شیر (ألبان) دەبێت جێگایەکی هەبێت بۆ پاراستنی خواردن یان کاشی فەرفوری بکرێت، بەڵام دوکانی کوتاڵ فرۆش ئەم مەرجانەی تێدا نییە لەبەرئەوە من پشتگیری (٢٠)مەترەکە دەکەم، چونکە لەوانەیە ئەو رووبەرە هەروا دانەنراوە لەوانەیە چەند دەرمانسازێک لەگەڵ معماریيەک حسابی ئەوەیان کردووە کە دەرمانخانە چ چالاکی تێدا دەکرێت بۆ نموونە لەو کۆگایە مێزێک هەیە بۆ تێکەڵ بوونی دەرمان، ماوەیەک هەبێت بۆ کڕیارەکان کە هەموویان نەخۆشن دەبێت جێگاکەیان فراوان بێت، لەبەرئەوە بەرای من (٢٠)مەترەکە زۆر باشە.

سەبارەت بە (٥٠) مەترەکە من دەمەوێ روونکردنەوەیەک بکەم برادەران باسی سایدێکیان کرد (٥٠)مەتر لەملا (٥٠) مەتر لەولا کە دەکەوێتە بەرامبەر (٥٠) بە ستوونی نییە، من لە دەرمانسازەکانی دەرچووی بەغدام پرسی گوتیان لە شەقامی رەشید حسابی ئەوەیان کردووە کە لەم دەرمانخانەیە دەربچیت تەماشای هێڵی هاتوچۆ بکەی چ بەدەستی راست بێت چ بۆ دەستی چەپ بێت هەتا دەرمانخانەی ئەولاتر (٥٠) مەتر بێت واتە لە سایدی خۆت دەربچی حسابی هێڵی هاتوچۆ دەکەیت ئینجا لە ئەولا ماوەکە چەند بێت حسابەکە لەوێ (٥٠) مەترە نەک بەرامبەر، بەڵام تا ئیستا لای ئێمە نیزامی مرور دانەنراوە من تەنیا مەبەستم روونکردنەوە بوو، لەگەڵ ئەوەشدا لەگەڵ (٥٠) مەترەکە نیم بەڵکو لەگەڵ (٢٠) مەترەکەدام، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز حاکم سەفەر فەرمو.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی لای ئێمەو یاساناسەکان زانراوە لە سیفەتەکانی هەر قاعدەیەکی قانونی کە عام بێت و مجرد بێت، ئەوەی عام دیارە و مجردیش لە بەرژەوەندی شەخسێک یان چەند کەسێکدایە، لێرەدا دانی ئیمتیاز بۆ کەسێک یان چەند کەسێک وابزانم عەیبێکی گەورەیە لە قاعدەی قانونی وابزانم (٥٠) مەتر پێویست ناکات بمێنێت. دوو، هەروەک کاک فرەنسۆ و کاک جەمیل فەرموویان ئەگەر ئەو ئیمتیازە بدەینە چەند کەسێک یان چینێکی دیاری کراو لەوانەیە رێ خۆش بێت بۆ چینەکانی تر وەکو پزیشکەکان و پارێزەرەکان و ئەوانی تر کە داوا دەکەن هەمان ئیمتیازیان هەبێت. سەبارەت بە رووبەر وابزانم (١٦)م٢ بەسە کە لە پرۆژەی لیژنەی یاسادا هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، كاك شێروان فەرمو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من تێبینییەكەم سەبارەت بە (٥٠) مەترەكەیە من پشتگیری رای كاك فەرەنسۆ دەكەم، زیاد لەسەر ئەوەش پێش پەسند كردنی ئەو یاسایە دابەش كردنی جوگرافی بەنسبەت دەرمانسازەكان جێبەجێ دەكرا، بەڵام شارێكی وەكو هەولێر ئایا دابەش كردنی جوگرافی جێبەجێ دەكرا؟ نەخێر تەنیا گەڕەكی كووران نەبێت كە دوو سێ درەمانخانەی تێدا هەبوو، بەڵام گەڕەكەكانی تری هەولێر یەک دەرمانخانەیان تێدا نەبوو هەموو خۆیان لە شەقامی پزیشكان حەسر كردبوو + شەقامە سەرەكییەكە، ئەوە خاڵی یەكەم.

خاڵی دووەم، ئێمە بە حوكمی ئەوەی ئەندامی پەرلەمانین چ برادەرانی دهۆك چ ئێمەش پەیوەندییمان لەگەڵ دەرمانخانەكان هەبووە، برادەرانی دهۆك پەیوەندییان لەگەڵ دەرمانخانەكان هەبووە ئەوان لەگەڵ (٥٠) مەتر نین، ئەوانەی هەولێریش بەتایبەتی گەنجەكان لەگەڵ ئەوە نین كە ئەو (٥٠) مەترە بمێنێت، ویستم ئەو دوو خاڵە روون بكەمەوە بۆ بەڕێزتان و لەگەڵ ڕێزمان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

باشە من پرسیارێكم هەیە. حەسری دەرمانخانەو دكتۆر لە یەک كۆڵاندا شتێكی باشە؟. ئێمە یاسا بۆ شتێكی باش دەربكەین یان بۆ شتێكی خراپ؟.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەردووک بەیەكەوە بەستراون ئەگەر دابەش كردنی جوگرافی بۆ دەرمانخانە هەبێت دەبێت بۆ عیادەی دكتۆریش هەبێت چونكە یەک بەرژەوەندییان هەیە هەردووک بەرژەوەندییان بەیەكەوە دەسوورێت یانی بابەتەكە ئەو خاڵەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی تر هەیە؟ شەفیقە خان فەرمو.

**بەڕێز شەفیقە فەقێ عەبدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە كە ئیش دەكەین بۆ خزمەتكردنی جەماوەرە ئەگەر دكتۆرو دەرمانخانە نیزكی یەكتر بن ئاسانترە بۆ نەخۆشەكە ئەو ئەچێ سەردانی دكتۆر دەكات لەوێ دێتە خوارێ دەچێت دەرمانی خۆی دەكرێت ئەگەر لە دەرمانخانەی یەكەم دەستی نەكەوت دەچێت بۆ دەرمانخانەی دووەم لەگەڵ ڕێزم بۆ قسەكەی وەزیری تەندروستی دەبێت ئێمە بەرژەوەندی خەڵكەكە زیاتر رەچاو بكەین لە

بەرژەوەندی دەرمانسازەکان هەژارێک دێت پارەی دەرمانی نییە، لە کوێ بێنێت پارەی (٣) تەکسی بدات هەتا بچێت بەدوای دەرمانەکان بگەڕێت لە دەرمانخانەکان، لەبەرئەوە ئەوانە لازم و مەلزوومی یەکترین هەتا لەیەک نزیک بن باشترەو لە بەرژەوەندیی میللەتدایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. لە ئەنجامی گفتوگۆ دیارە لەسەر دوو خاڵ رێککەوتن کراوە لەنێوان وەزارەتی تەندروستی و لیژنەی یاسا:

یەکەم: رووبەرەکە بە (٢٠)م بمێنێتەوە.

دووەم: خاڵی حەوتەم روونی بکەینەوە کە ئەمە ئیجرایەکی کاتییە ئیستسنا لە مەرجی رووبەر بکرێت لە حاڵەتی کارەساتدا.

دەمێنێتەوە سەر مەسەلەی دابەش کردنی دەرمانخانەکان، ئەمەش دەبێت چارەیەکی بۆ بدۆزینەوە چونکە بەراستی ئەمە شتێکی هاوچەرخە و زانستییە، کە دەبێت دەرمانخانەو دکتۆر بگەنە خەڵکی هەژارو لە گەڕەکە هەژارەکان بن نەک لە ناوەڕاستی شار بێت بە تەکسی لەماڵەوە بێت تا دەگاتە لای دکتۆر بەڵکو ئەو خزمەتگوزارییانە دەبێت لە مەرکەزی شارەوە بگوازرێتەوە بۆ گەڕەکەکان و بگاتە خەڵک لە مەوقعی خۆیاندا، لە هەموو وڵاتانی پێشکەوتوودا وا کراوە، لەبەرئەوە من بە قەناعەتی خۆم رام وایە جارێ ئەو (٥٠) مەترە دەستکاری نەکەین یانی جارێ داخل نەکرێت بەڵام تەوسیە بکرێت کە کۆمەڵگای پزیشکی و دەرمانخە لەگەڕەکەکان بکرێتەوە و هەوڵ بدرێت دابەش کردنێکی شارستانی بکرێت، ئەگەر جەنابی وەزیر تێبینی هەیە با بفەرمووێت.

**بەڕێز جەمال عەبدولحەمید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری قسەکانی جەنابت دەکەم پەنا بەخوا لە پلانمان داماننـاوە کە چەندین کۆمەڵگا بکەینەوە. مەسەلەی رووبەرەکەش وەکو وتمان بمێنێتەوەو مەسافەکەش جارێ دوا بخرێت هەتا ئەو بارودۆخەی کە ئێستا تیایداین چاک بکرێتەوە پاش ئەوە بڕیارێک بدەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەسەر ماددەکانی یەک ودوو و سێ وشەش هیچ اعتراض وخلافێک نییە لەنێوان لیژنەکان و پرۆژەی حکومەتدا، وەکو باسمان کرد اتفاق کرا لەسەر ماددەکانی چوارو پێنج وحەوت جا تکایە مادده مادده بیخوێنێتەوە ئینجا بیخەینە دەنگدان. فەقەرە چواری مادده سێ.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المسافه بين صيدليه واخرى لاتقل عن (٥٠) مەترا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە رای حکومەتە؟

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پێشنیار دەکەین کە ئەوە نەمێنێ، ئەوە لەقانونە ئەصلەکەش دا نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرۆژەی حکومەت پێشنیار دەکات کە ئەو مەسافەی لەنێوان صیدلیە وئەوی تردا هەیە لە پەنجا مەتر کەمتر نەبێ ، تکایە کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە؟ ئەوە اتفاق کرا کە ئەو ماددەیە دوا بخرێ جارێ تێیدا نەبێت لەنێوان هەردوو لا. کێ ئەوە پەسەند دەکات کە ئەوەی تێدا نەبێت لەو تەعدیلە؟ تکایە دەستی بەرزبکاتەوە... سوپاس... ئەو خاڵی چوارە جارێ لەغو دەکرێ، ماددەی پێنج اتفاق کرا کە مەساحە لە بیست مەتر کەمتر نەبێت، تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە ئەو مەساحەی کە لەبیست مەتر کەمتر نەبێت پەسەندی دەکەن تکایە دەستیان بەرزبکەنەوە... سوپاس... ئەو بەڕێزانەش کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزبکەنەوە... بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا مەساحەکە لە بیست مەتر کەمتر نەبێت، خاڵی حەوتەم تکایە لەسەر چی اتفاق کراوە جارێکی تر بیخوێنەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەر ئەو صیغەیە اتفاقامان کرد:

٦- في حالة الهدم او الحريق يجوز انتقال الصيدلية بنقل الاجازة الى مكان آخر في نفس المنطقة وفقاً للشروط عدا المساحة لحين عودته الى محله الاصلي او فتح صيدلية اخرى وفقاً للشروط.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە خاڵی حەوتەم پەسەند دەکەن بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە دەستیان بەرزبکەنەوە.. سوپاس.. ئەو بەڕێزانەش کە پەسەندی ناکەن تکایە دەستیان بەرزبکەنەوە... خاڵی حەوتیش بەو شێوەیە دەبێت.. ئێستا هەموو ماددەی دوو دەخەینە دەنگدانەوە تکایە بیخوێننەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة الثالثة:**

تعدل المادة الحادية عشرة وتقرأ كالآتي:

شروط فتح الصيدلية

تمنح اجازة فتح الصيدلية للذي تتوافر فيه الشروط التالية:

١- عنوان الصيدلية.

٢- عقد ايجار مصدق من ضريبة العقار.

٣- الاسم التجاري مؤيدة من قبل غرفة التجارة.

٤- المساحة لاتقل عن(٢٠)متر مربع.

٥-الواجهة لاتقل عن مترين ونصف.

٦- في حالة الهدم او الحريق يجوز انتقال الصيدلية بنقل الاجازة الى مكان آخر في نفس المنطقة وفقاً للشروط عدا المساحة لحين عودته الى محله الاصلي او فتح صيدلية اخرى وفقاً للشروط.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس.. تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە ماددە سێ پەسەند دەکەن بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە دەستیان بەرزبکەنەوە... سوپاس...ئەو بەڕێزانەش کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزبکەنەوە... بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا. ماددەی چوارەم:

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة الرابعة:**

تعدل الفقرة الاولى من المادة الخامسة والعشرون وتقرأ كالآتي:

١- تدار شؤون الفرع من قبل لجنة تتألف من(خمسة)أعضاء من ضمنهم النقيب(٤+ النقيب) مارسوا المهنة مدة لاتقل عن(٥)سنوات وينتخبون بالاقتراع السري من قبل أعضاء الفرع.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نەقشبەندی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنسبەت لیژنەی یاسا رای ئێمە وایە هەروەکو نەصەکەی کۆن چۆن بوو وەکو خۆی بمێنێ. سێ کەس بوو چونکە صیدلیەکان ژمارەیان کەمە ولەزۆربەی نەقابەکانیش فروع بەو شێوەیە هاتووە نابێتە پێنج کەس لەبەر ئەوەی پێنج کەس زۆرە بۆ مەرکەزی پارێزگاکان، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو نەقیبە نەقیبی فرعە یان چۆنە؟.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی رئیس فرعە.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی خزمەتگوزاری فەرموو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ ئەوەین پرۆژەکە چۆن هاتووە وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یانی چوار کەس بێت، بەڕێز کاک جمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی دارایی وەکو رای لیژنەی یاسایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی کە تێبینیان هەیە دەستیان بەرزبکەنەوە، کەس تێبینی نییە؟، تکایە مەشروعی ئەنجومەن بخوێنرێتەوە بۆ ئەوەی دەنگی لەسەر بدەین.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة الرابعة:

تعدل الفقرة الاولى من المادة الخامسة والعشرون وتقرأ كالاتي:

١- تدار شؤون الفرع من قبل لجنة تتألف من(خمسة)اعضاء من ضمنهم النقيب(٤+ النقيب) مارسوا المهنة مدة لاتقل عن(٥)سنوات وينتخبون بالاقتراع السري من قبل اعضاء الفرع.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز جەمال عەبدولحەمید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئێمە سێ بەکەم دەزانین، ڕاستە ئێستا ژمارەی دەرمانسازان کەمە بەڵام کۆلیژەکەمان ساڵێکی تر کۆلیژی پزیشکی دەرمانسازی دەست بە خریج کردن دەکات و لەوانەیە ئەندامەکان زیاد بکەن، لەبەر ئەوە سێ زۆر کەمە، وبەنسبەت ماوەی خزمەتی سێ ساڵ یانی زۆر زۆر زووە یانی ببێتە ئەندامی لقێک بەرای ئێمە چەند بە خبرەت بێت باشترە لەبەر ئەوە پێنج ساڵ زۆر نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو شەفیقە خان.

**بەڕێز شەفیقە فەقی عەبدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارم هەیە بەنسبەت (فرع) ئایا رئیسە یان نەقیبە؟ یانی بۆچی نەقیب بێت؟ بۆچی ڕەئیس نەبێت؟ خۆی رئیسی فرعە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەسەر ئەو ئەساسەی ئەوەمان دابەش نەکرد کە نەقیب لە ئەصلی ماددەکە ڕەئیسە، ڕەئیسی فەرعە، ئەگەر برادەرانی پەرلەمان لەگەڵ پێنج کەسەکەن ئەوە دەکرێتە ڕەئیس ئەگەر وەکو نەصە ئەصلیەکە بمێنێ ئەوە ڕەئیس هاتووە لەگەڵ سێ کەسەکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئینجا ماددە چوار دەگۆڕین ئەوەی مەشروعی تەعدیلەکە (من ضمنهم رئيس الفرع) لەنێوان دوو کەوانە (٤+رئیس) تکایە جارێکی تر بیخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة الرابعة:**

تعدل الفقرة الاولى من المادة الخامسة والعشرون وتقرأ كالاتي:

١- تدار شؤون الفرع من قبل لجنة تتألف من(خمسة)اعضاء من ضمنهم رئيس الفرع (٤+ رئيس الفرع) مارسوا المهنة مدة لاتقل عن(٥)سنوات وينتخبون بالاقتراع السري من قبل اعضاء الفرع.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تكا لەو بەڕێزانە دەكەم كە ماددەی چوار وەكو خوێنرایەوە پەسەند دەكات دەستیان بەرزبكەنەوە...

سوپاس... ئەو بەڕێزانەی كە پەسەندی ناكەن دەستیان بەرزبكەنەوە.. بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا. ماددەی پێنج بخوێننەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة الخامسة:**

تعدل الفقرة الرابعة من المادة السادسة والعشرون وتقرأ كالاتي:

ريع الحفلات والنوادي واضافة (٠,٠٠٢) من مبيعات الادوية التي تباع للصيدليات الاهلية من قبل مدير الاستيراد وتوزيع الادوية العائدة لوزارة الصحة والشؤون الاجتماعية لصندوق نقابة الصيادلة.

**بەڕێز كاكەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسا بەو شێوەیەیە (ترى اللجنة تثبيت بقاء النص الاصلي على حالته دون اضافات وذلك تحاشياً لفرض التزامات مالية على خزينة الحكومة تجاه النقابة).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی خزمەتگوزاری فەرموو.

**بەڕێز مەلاهادی خضر كویخا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمەش لەگەڵ ئەوەین وەكو خۆی بمێنێتەوە ئەو زیادەی كە دێتە سەر چ لەسەر حسابی میللەت بێت چ لەسەر حسابی حكومەت بێت هەردووك هەر زیانی هەیە نامانەوێ ئەوە بمێنێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڕێز كاك جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەز گەلەكێ متعجبم كو ئەو ئیضافە خستە سەر و دووش لهەزاریش مبیعاتێت دەرمانا بێت وەزارەتا صحە كودتا صیدلیە، صیدلی لێ قازانج بكەن و وەزارەتی مالیە ئەو پارەیە بداتن من زۆر پێم سەیرە پێویستە جەنابی وەزیری تەندروستی زۆر حریص بوایە لەسەر خزینەی حكومەت

وقبوليش نەكردبا ئەم شەرتە، ئەم شتە بنوسرێت،حكومەتی مەركەزی یان حكومەتی ئێمە قەراری ٩٨٦ نەبێتن مەواد غذائییەیە هەر لەسەر وەزارەتی مالیە مدیریە عامەی تجارە دێ استیرادی موادی غذائی دەكات ودابەشی دەكات لەسەر وكلائەكان وئەویش بێگومان بە دەعمە، ئایا غرفەی تجارە، اتحادی تجار بە وەزارەتی مالیە دەڵێتن قازانجەكەت یان مەبیعاتەكەت بە ئێمە بدەیت دوو لە هەزار یان دوو لەملیۆنیش دەبێت؟ ئەوە نییە یانیش مستلزماتی زراعی ئی سەمادی زراعی دیسان بە رێگەی وەزارەتی مالیەو وەزارەتی زراعە استیرادی دەكات دەیداتە وكلای خۆی و دابەشی دەكات لەسەر فلاحین ئایا نەقابەی مهندسینی زراعیین بە وەزارەتی مالیە یان بە وەزارەتی زراعە دەڵێت پارە دوو لە هەزاری لەو مبیعاتە بە ئێمە بدە؟، استیرادی دەرمان وەزارەتی مالیە هەموو بە خسارەت بە دەعم یانی نەوەكو قازانجی لێ بكات، لەگەڵ ئەو خسارەتەش بۆ نموونە پەنجا ملیۆن دەرمان دەكات لەگەڵ ئەو خەسارەتەش پەنجا هەزاری یان سەد هەزاری بە نەقابە بداتن خۆی ئەساسەن ئەدا بەدەعم یانی خسارەت بارێكی گرانە ئەم كڕینە دەرمان لەسەر وەزارەتی تەندروستی و لەگەڵ ئەوەشدا كێ قازانج دەكات؟ صیدلیەكان، صیدلی قازانج بكات،١٩١١٩١بلا حكومەت تحمل بكات لەبەر ئەوە ئێمە لەگەڵ ئەوەدا ین ئەم اضافەیە شطب بكرێت وزۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڕێز وەزیری تەندروستی و كۆمەڵایەتی فەرموو.

**بەڕێز جەمال عەبدولحەمید/وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەراستی دەمەوێ مەسەلەی مدیریەی استیراد تەوضیح بكەم، مدیریەی استیراد مەسەلەی ئەوە نییە مدیریەی استیرادی ادویە بەنسبەت مالیەوە تەنها راس مالەكەی دەداتێ ودوایی جۆرە كۆمپانیایەكە ربحی هەیە ئێمە غایە لە استیرادەكە مەسەلەی ربح نییە، ربحەكەی زۆر كەمە لە٤ ٪ غایەی مدیریەی استیراد بۆ ئەوەی كۆنترۆڵی بازاڕ بكەین دەرمان بێنین خەڵكی تر استغلالی نەكات و دەرمان گران بكات لە ٤ ٪ لێرە دوو لە هەزار لە ربحەكە یانی دوو لەهەزار لە سەدا چوارەكەیە شتێكی زۆر زۆر رەمزیە ئەمە لە لایەك، نسبەی ربحی مدیریەی استیراد من دفاع زۆر لەوە ناكەم نسبەی ربحی مدیریەی استیراد اعتماد دەكاتە چەند صیدلانیەكان و مەدخەرەكان شتی لێ دەكڕن ئەمە جۆرە هاندانێكە بۆ نەقابەكەیان بۆ ئەوەی زیاتر متعاون بن لەگەڵ مدیریەی استیراد دەرمانی لێ وەربگرن چونكە نیزامی ئێمە ئێستا صیدلیات ملزم نین دەرمانمان لێ ببەن بە ئارەزووی خۆیانە، دەیەوێ لە مەصدری تر دەرمانی دەست دەكەوێت لە مدیریەی ئێمە نییە، زۆر جار بە ملایین دەمانمان لە مدیریەی استیراد دەمێنێتەوە وصیدلیەو مداخل وەرناگرن چونكە مصدری تری هەیە دەرمانی لێ دەكڕن ئەمە فكرەكە لەسەر ئەو ئەساسەیە تەشجیع بن متعاون بن لەگەڵ مدیریەی استیراد بۆ ئەوەی زیاتر دەرمانی لێ وەربگرن نسبەی ربح ئەو سەدا چوارە زیاتر بێت ئەو نسبەش وەكو تەشجیعێكە بۆیان زیاتر تەعاونیان لەگەڵ مدیریەی استیراد بێت دەرمان زیاتر لەمدیریەی استیراد وەربگرن نەك لە مصادری تر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە با دەستیان بەرزبکەنەوە، بەڕێز کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێزد.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لڤێرێ لەسەر پشتی تەوضیحا بەڕێز دکتۆری کری لەوێ وەکو دووش لە هەزارێ هاتووە مبیعات من پرسیار هەیە بۆ برادەران ئایا دووش لەهەزارێ ئەرباحا ئان فعلەن هەموو مجموعێ مبیعاتێت دەرمانایییە؟ من لەگەڵ هەندێ نیم ئەڤ مەبلەغە بێنێ ئەڤ نسبەیە هەرچەندە دکتۆر گوتی بۆ حوافزو تەشجیعە وەکو مکافەئەیە بۆ حوافز ودوافع بەس لێرە چ بە پێویستی نازانم ئەڤ رەقمە بێنێ من لەگەڵ هەندێمە بێتە حذف کرن وەکو برادەرێ لیژنە قانونێ گوتی بەس من هەر دبێژم من وەکو پرسیار دبێژم ئەڤەش هەر مجموعێ مبیعاتە یان ئەرباحە؟، لێرە نوسرایە مبیعات، مبیعات ئەرباحی تێدا نینە مبیعات هەموو مبلغی اجمالی دەرمان دێتە فرۆتن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز وەزیری تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی شرحی کرد کە لە ئەرباحە، یانی لە سەدا چوار لە هەزارا دووی سەدا چوار یانی لە دەهەزاردا دوو دەکات یاخود هەشت دەکات، بەڕێز کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە برگەی دوو نەقابە محاولەی کردووە کە رەسم کەم بکاتەوە کەچی لێرە داوای پارەی هەزارا دوو دەکاتن یانی ئەگەر مەبەست لە میزانیەیان بێتن با ئەو پارەیە وەکو خۆی بمابایە بە رای من وەزعی معاشی ئەم سەندیکایە وەزعێکی باشە ئەگەر نەقابەیەکی تر بوایە وەکو قوتابیان و مامۆستایان کە زۆربەی ئەندامیان وەزعی معاشیان باش نییە بۆ یارمەتی دان با باشتر بوو بە تصوری من ئەمە لا ببرێت باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز مامۆستا مەلا محمود فەرموو.

**بەڕێز مەلا محمود فندی دێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارم لە جەنابێ وەزیر هەیە، وەکی گازندەیەک یان وەکو شکایەتێک حالی خۆی کرد وەکو وەزارەت، صیدلی دەرمانێ مە لە مدیریەتێ دەمێن ژ خەڵکی تر دەکرن، ئایا ئازادی وا دروستە وەکی بەرابەریەکی هەبێت دەرمانێ مە وەزارەت لمدیریەتا عاما بێنێت لە صیدلی و خەڵکی بچێت خارج بهێنێت یان تەلاعب بکات وگران بکات لەسەر باری میللەت، ئەز ژپرسیارێ جەنابێ وەزیر دەکەم ئایا ئەڤ حەق هەیە یان نا؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئایا تێگەیشتی جەنابی وەزیر لە پرسیارەکەی؟.

**بەڕێز جەمال عەبدولحەمید/وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر زەحمەت نەبێ دووبارەی بکاتەوە.

**بەڕێز مەلا مەحمود فندی دێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابێ وەزیر گوت گەلەک ئەم دڤێتن تەشجیع بۆ صیدلیا کو بێن دەرمانێش مە بکرن چونکی گەلەک جارا دەرمانێت مە دەمێنت زێدە لە مدیریەتیدا صیدلی ژ دەچن عەردا دی دێنن ولە ئێمە ناکرن ئەم دڤێت تەشجیع دکەین تا ڕوو لەمە بکەن، ئەزێ پرسیار دەکەم ئایا ئەڤ راستە ئەڤ نەوعە تەعاملە وەکو صیدلی سەربەخۆ بێت هیچ ئەهمیەت بەبازاری صحە نەکرد وژ دەرمان نەکرێت ودەرمانێ لوێ هەبن بچن دەرمانا ژ عەردێ دی بێنن گران بکەن لەسەر میللەت ئەز ژدپرسم ئایا حەق هەیە یان نا؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی لە ڕاستیدا حەق نییە بەڵام ئێمە زۆربەی لیژنەکانمان دەیانەوێ اکثری حەق بدەن بە صیدلی بە کەیفی خۆی لە کوێ صیدلی بکاتەوە بیکاتەوە ولە کوێ ئەیکڕێ بیکڕێ، فەرموو بەڕێز جەنابی وەزیر وەڵامی بداتەوە.

**بەڕێز جەمال عەبدولحەمید/وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشان وەکو باسم کرد پێش ماوەیەک لە کاتی حکومەتی مەرکەزی کە مدیریەی استیراد بوو قەدەغە بوو صیدلیە هەندێک دەرمان بکڕێ لەهیچ مصدری تر لێرە جۆرە حوریەتێک دراوە ئێستا بەرەو تەخەصوصیەت چووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە وەکو وەزارەتیش لە ئیشەکە وەکو مدیریەی استیراد ئێمەش مصدرێکین ئینجا ئەو صیدلیە موخەییەرە کە چ لە ئێمە بکڕێ یان ئەگەر مەرجەعی هەرزانتری هەیە ئێمە اجباری ناکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ ئەوە نیم من لەگەڵ کاک جەمیلم لەگەڵ ئەوە نیم ئەو نسبەتە بمێنێ وەکو کاک د.جەمال شرحی کرد وەکو بەرتیلێکە دەیدەداتە نەقابەی صیادلە، من لەگەڵ ئەوە نیم حەز دەکەین نەمێنێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر چاکە، تێبینی تر هەیە، لیژنەی یاسا تکایە وەڵامیان بدرێتەوە.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە سەرەتاوە رای خۆمان دا کە نەمێنێ، لەبەرئەوە وەڵامی برادەران تەنیا هەر ئەوەیە نامانەوێ التزامات بۆ هیچ نەقابەیەک دروست بکەین لەسەر حکومەت، حکومەت اعتیادی منح دەدات وشت دەدات بەگوێرەی امکانیاتی خۆی و نامانەوێ التزامات دروست بکەین، لەبەر ئەوە رای لیژنەی یاسا وایە کە ئەوە نەمێنێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ دەرمانتان لێ دەکرێ؟، حەزدەکەم ئەو پرسیارە بکەم، چ لایەنێک ئەو دەرمانە لە وەزارەتی تەندروستی دەکرێ؟.

**بەڕێز جەمال عەبدولحەمید/وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

صیدلیەکان ومداخرە ئەهلییەکانن و کە نەقصیش دەبێ لە نەخۆشخانەکانمان حکومەتیش دەیکرێت لە موئەسەسە دەیداتە نەخۆشخانەکانمان کاتێ کە نەقص دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یانی حکومەت بە بەلاش دەیداتە نەخۆشخانەکان.

**بەڕێز د.جەمال عەبدولحەمید/وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حکومەت بە پارە لە ئێمەی دەکرێ لە موئەسەسە پارە دەداتە موئەسەسەی استیراد و دەرمان دەچێتە نەخۆشخانەکان بە خۆڕایی لەسەر حسابی مالیە، بەڵام ئەو دەرمانانەی کە دەڕوات بۆ صیدلیەکان وئەوانە نسبەیان بۆ دانراوە مدیریەی استیراد لەسەدا چواری هەیە وصیدلیە نسبەی هەیە وعیاداتی شعبیش هەیە ئەویش سەر بەحکومەتە عیاداتی شەعبی خۆی تمویلی خۆی دەکات ئەویش دەرمان دەکرێت و ئێستا تەئمین صحیش هەیە کە لەدهۆک هەیە لێرە نیمانە ولێرەش دەست پێ دەکەین وصیدلیاتی تەئمین صحیش حەقی هەیە دەرمان بکرێت لە مدیریەی استیراد وبە نرخێکی موعەییەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تصور دەکەم لێرە اکتفا بکەین بە موناقەشەی ئەو مەوزوعە، ماددەی پێنج دەیخەینە دەنگدانەوە.. ماددە پێنج لە پرۆژەکە لیژنەی یاسا دەڵێ پێویست بەوە ناکات ودارایییش هەمان شت دەڵێت

ولیژنەکانیش بەگشتی وا دەڵێن ، بەڵام ئێمە چونکە مقترحەکە لە پرۆژەکەدایە ومادده پێنج دەخوێنینەوە وەکو موقترح بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان، تکایە مادده پێنج بخوێنەوە.

**بەڕێز شـــێـــروان ناسح حـــەیدەری:**

**المادة الخامسة:**

تعدل الفقرة الرابعة من المادة السادسة والعشرون وتقرأ كالاتي:

ربع الحفلات والنوادي واضافة (٠,٠٠٢) من مبيعات الادوية التي تباع للصيدليات الاهلية من قبل مديرية الاستيراد وتوزيع الادوية العائدة لوزارة الصحة والشؤون الاجتماعية لصندوق نقابة الصيادلة.

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە مادده پێنج بەو شێوەی خوێندرایەوە پەسەندی دەکەن دەستیان بەرزبکەنەوە... سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزبکەنەوە.. بە زۆربەی دەنگ ماددەی پێنج وەرنەگیرا، فەقەرەی چواری مادده بیست وشەش وەکو خۆی دەمێنێتەوە لە یاسای نەقابەی صیادلە، ماددەی شەش تکایە بخوێننەوە.

**بەڕێز شـــێـــروان نـاسح حـــەیدەری:**

**المادة السادسة:**

ینفذ هذا القانون من تاریخ صدوره ونشره في الجریدة الرسمیة.

**بەڕێز کـاکـەرەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندی:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

(ینفذ هذا القانون من تاریخ نشره في جریدة وقائع کوردستان) لەوانەیە پرسیارێک بکرێ بڵێین هەندێک موادی تر هەیە وەکو (لایعمل بای نص یتعارض واحکام هذا القانون) نییە یان (على مجلس الوزراء تنفیذ احکام هذا القانون) ئەوە هەمووی ئەو قانونە دەچێتە ناو قانونەکانی تر لەبەر ئەوەی ماددەکانی تر لە ئەصلی قانونەکە موجودە، تەعدیلەکە دەچێتە جێگەی ئەوان ونفاذ ولایعمل بای نص ئەوانە هەمووی لە قانونە ئەصلیەکە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

زۆر سوپاس واضحە،تکایە جارێکی تر بیخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز شـــێـــروان نـاسح حـــەیدەری:**

**المادة السادسة:**

ینفذ هذا القانون من تاریخ نشره في جریدة وقائع کوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە ئەو ماددەیە پەسەند دەکەن بەو شێوەی کە خوێنرایەوە دەستیان بەرزبکەنەوە... سوپاس.. ئەو بەڕێزانەش کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزبکەنەوە... بەگشتی دەنگ ئەو ماددەیە وەرگیرا، ئێستا ماددەکە هەمووی دەخەینە دەنگدانەوە.. ئەو بەڕێزانەی کە ئەو ماددەیە هەمووی کە خرایە تصویت مادده بە مادده پەسەندی دەکەن دەستیان بەرزبکەنەوە... سوپاس... ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن تکایە دەستیان بەرزبکەنەوە... بەگشتی دەنگ بڕیارەکە وەرگیرا. تەبیعی هەندێ پێشنیار هاتووە بەنیسبەت ئەو مەوزوعەوە ئێمە تصور دەکەین زۆربەی ئەو موقتەرەحاتی چ صیدلیاتی هاوبەش بێت لەگەڵ حکومەتدا چ صیدلیاتی خاصی حکومەت بێت یان گشتی چ مولیداتی کارەبا بێت یان سزادانی صیدلی بێت ئەگەر دەرمانی ئیکسپایەرو ئەوانە بفرۆشێت ئەوانە هەمووی بە تەعلیمات و بەواجباتی وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتییە لەوێوە ئەنجام دەدرێ وسوپاستان دەکەم و کۆبوونەوەکەمان لێرە کۆتایی پێ دێت، وکۆبوونەوەی داهاتوو ئاگادارتان دەکەینەوە.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

به ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان
به ناوی گەلەوە
ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق
ژمارەی دەرهێنان: ٣٢
مێژووی دەرهێنان: ١٣/١٢/٢٠٠٠

پشت بە حوکمەکانی برگە (١)لە ماددەی (٥٦)و ماددەی (٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی سالی (١٩٩٢)و لەسەر داواکاریی وەزیری تەندروستی و کاروباری کۆمەلایەتی و رەزامەندی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم و، ئەو یاساکارییەی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە(٢٢)یدا لە رۆژی (١٢/١٢/٢٠٠٠)یاساکاری کردووە بریاری دەرهێنانی ئەم یاسایەمان دا:

**یاسای ژمارە (١٦)ی سالی ٢٠٠٠**

**یاسای یەکەم هەموار کردنی یاسای ژمارە (٨)ی سالی (١٩٩٩)ی سەندیکای دەرمانسازانی هەرێمی کوردستانی عێراق**

**ماددەی یەکەم:**

ئەم برگانەی خوارەوەی ماددەی شەشەم بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە:

دووەم: مزەی مۆلەت(رسم الاجازە)ی دانانی دەرمانسازی - بەنیو دەوامی - (٢٥٠) دوو سەدو پەنجا دینارەو، مزەی نوێکردنەوەی مۆلەتی دەرمانسازی(مەسئولی + ئیمتیاز) سالانە (٤٠٠) چوار سەد دینارە.

سێیەم: مزەی مۆلەتی دانانی دەرمانسازی - بە دەوامی تەواو - بۆ ( خانەنشینان) (٥٠٠) پێنج سەد دینارەو، مزەی نوێکردنەوەی مۆلتی دەرمانسازی (مەسئولی + ئیمتیاز) سالانە (٤٠٠) چوار سەد دینارە.

چوارەم: مزەی مۆلەتی دانانی مەدخەر (١٠٠٠) هەزار دینارەو،مزەی نوێنکردنەوەی مۆلەتی مەدخەر بۆ (خانەنشینان) (مەسئولی + ئیمتیاز) (٧٥٠) حەوت سەدو پەنجا دینارەو، مزەی نوێکردنەوەی مۆلەتی مەدخەر - بەنیو دەوامی - سالانە (٥٠٠) پێنج سەد دینارە.

**ماددەی دووەم:**

ماددە یازدە هەموار بکرێ و بەم شێوەیە بخوێنرێتەوە:

شەرتوشروت + دانانی دەرمانسازییەکە.

مۆلەتی دانانی دەرمانسازی بەو کەسە دەدرێ کە ئەم شەرتوشروتەی هەبێ:

١- ناوی دەرمانسازییەکە.

٢- کرێبەندی(عقد ایجار) کە دایەرەی باجی مولک ومال تەسدیقی کرد بێ.

٣ – ناوه بازرگانییەکەی کە ژووری بازرگانی بۆی مۆر کرد بێ.
٤ – رووبەرەکەی لە (٢٠م٢) کەمتر نەبێ.
٥ – پانایی دەرەوەی لە دوو مەتر ونیو کەمتر نەبێ.
٦– کاتی روخان وسوتان دەشێ دەرمانسازییەکە بە گواستنەوەی مۆڵەتەکەیەوە بەپێی شەرتوشروت (تەنیا شەرتی رووبەر نەبێ) بگوازرێتەوە بۆ جێگایەکی دیکە لە هەمان ناوچەدا تا کاتی گەڕانەوەی بۆ جێگا کۆنەکەی خۆی یا کردنەوەی دەرمانسازییەکی دیکە بەپێی شەرتوشروتی خۆی.

**ماددەی سێیەم:**

برگەی یەکەمی ماددەی بیست وپێنجەم هەموار بکرێ وبەم شێوەیە بخوێنرێتەوە:
١– کاروباری لق لیژنەیەک بەڕێوەی دەبا لە(پێنج) ئەندام پێک دێ واتا (٤ ئەندام + سەرۆک)، دەشبێ ماوەیەک پیشەکەیان کرد بێ لە (پێنج) ساڵ کەمتر نەبێ. ئەوانە ئەندامەکانی لق بەدەنگدانی نهێنی هەڵیاندەبژێرن.

**ماددەی چوارەم:**

ئەم یاسایە لەڕۆژی بلاوکردنەوەی لەرۆژنامەی وقایعی کوردستاندا، دەخرێتە کار.

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان
بەناوی گەل
ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق
ژمارەی بڕیار: ٣٤
مێژووی بڕیار: ١٣/١٢/٢٠٠٠

## «بڕیار»

پشت بە حوکمەکانی برگە (١)ی مادده (٣٩)ی پێڕۆی ناوخۆی هەمووارکراوی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، ئەنجومەن لە دانیشتنی ژمارە (٢٢)ی رۆژی ١٢/١٢/٢٠٠٠یدا، بڕیاری ئەمەی خوارەوەی دا:

یەکەم - ئەندامی پەرلەمان (د. ئیدریس هادی سالح) لە لیژنەی سکالاکان و مافی مرۆڤ زیاد دەکرێ.

دووەم - ئەم بڕیارە لە مێژووی (١٢/١٢/٢٠٠٠)ەوە دەکەوێتە کار.

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە بیست و سێ**

یەک شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٠/١٢/١٧

خولی دووەم

ساڵی نۆیەم

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە بیست و سێ

## یەک شەممە رێکەوتی ۱۷/۱۲/۲۰۰۰

*کاتژمێر (۱۰)ی سەر لەبەیانی رۆژی یەک شەممە رێکەوتی ۱۷/۱۲/۲۰۰۰ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەرێز د.رۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەرێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی (ژمارە بیست و سێ)ی خولی ئاسایی دووەمی، ساڵی (۲۰۰۰)ی خۆی بەست.*

***بەرنامەی کار:***

***بەپێی حوکمەکانی برگە (۱)ی مادده (۲۰) لە پێرەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق ژمارە (۱)ی ساڵی ۱۹۹۲ی هەموارکراو، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بریاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (۲۳)ی ئاسایی خۆی لەکات (۱۰)ی سەر لە بەیانی رۆژی یەک شەممە رێکەوتی ۱۷/۱۲/۲۰۰۰دا بەم شێوەیە بێت:***

***۱ـ خستەروو و گفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای یەکەم هەمواركردنی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ۱۹۹۹ی وەزارەتی پەروەردە.***

***۲ـ خستنەروو و گفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای سەندیکای ژمێریارو تەدقیقکارانی هەرێمی کوردستانی عێراق.***

***۳ـ خستنەروو گفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای لەغو کردنی کۆمەڵەی هەرەوەزی جوتیاران.***

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێدەکەین، پێشەکی بەناوی سەرۆکایەتی وئەندامانی بەرێزی پەرلەمانەوە بەخێر هاتنێکی گەرمی برا وەزیرەکان دەکەم بۆ دانیشتنی ئەمرۆمان، بەرێز وەزیری پەروەردەو بەرێز وەزیری دارایی وبەرێز وەزیری پیشەسازی و وزە، هەروەها نوێنەری ئەنجومەنی وەزیران بەرێز وەزیری هەرێم، بەرنامەی کاری ئەمرۆمان پێک هاتووە لەسێ خاڵ:

۱ـ خستنەروو وگفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای یەکەم هەموار کردنی یاسای ژمارە(٤)ی ساڵی ۱۹۹۹ی وەزارەتی پەروەردە.

۲ـ خستنەروو وگفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای سەندیکای ژمێریارو تەدقیقکارانی هەرێمی کوردستانی عێراق.

۳ـ خستنەروو وگفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای لەغو کردنی کۆمەڵەی هەرەوەزی جوتیاران.

پێش ئەوەی دەست بە خاڵی یەکەم بکەین هەندێ تێبینیمان هەیە بەنسبەت هەموار کردنی یاسای

سەندیکای دەرمانسازانی هەرێمی کوردستان ئەویش چونکە نوقصانیەکی تێدا بوو بەنامەیەک ئاراستەی پەرلەمانمان کردووە ئینجا تکایە بەڵکو کاک فرسەت بیخوێنێتەوە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**الى/ المجلس الوطني لكوردستان العراق /المحترم**

اشارةً الى التشريع الخاص بالتعديل الاول لنقابة الصيادله لاقليم كوردستان ـ العراق الذي اقره المجلس الموقر في جلسته المرقمة (٢٢) والمنعقدة بتأريخ ١٢/١٢/٢٠٠٠ ، واستناداً الى الصلاحية المخولة لنا بموجب الفقرة (٣) من المادة الثانية من القانون (١٠) سنة ١٩٩٩، وحيث تبين ان التشريع قد اعتراه نقص واضح استوجبت اهميته اشعار المجلس لتلافي النقص التشريعي في المادة السادسة من القانون رقم (٨) لسنة ١٩٩٩ والتي نوصي بمعالجتها ضمن التعديل الاول للقانون المذكور والذي يحمل الرقم ١٦ لسنة ٢٠٠٠ حيث لازال في دور الاصدار ونقترح لمعالجة الموضوع وبعد التباحث مع السيد وزير الصحة والشؤون الاجتماعية ان تقرأ الفقرات التالية من المادة السادسة كما يلي :ـ

ثانياً :ـ يكون رسم اجازة فتح الصيدلية بنصف دوام (٢٥٠) مائتان وخمسون دينار ورسم تجديد اجازة الصيدلية (المسؤلية + الامتياز) (٢٠٠) مائتان دينار سنوياً.

ثالثاً:ـ يكون رسم اجازة فتح الصيدلية بدوام كامل ( للمتقاعدين) (٥٠٠) خمسمائة دينار ورسم تجديد اجازة الصيدلية (المسؤلية +الامتياز) (٤٠٠) اربعمائة دينار سنوياً.

رابعاً :ـ يكون رسم اجازة فتح المذخر (١٠٠٠) الف دينار ورسم تجديد اجازة المذخر (للمتقاعدين) ( المسؤلية + الامتياز) (٧٥٠) سبعمائة وخمسون ديناراً ورسم تجديد اجازة المذخر بنصف دوام (٥٠٠) خمسمائة دينار سنوياً .

مع التقدير

**د. روژ نوري شاويس**
**رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق**

الاسباب الموجبة للمقترح :

حيث جاء قانون نقابة الصيادلة وكذلك مشروع التعديل الاول له خاليين من نص يوجب استيفاء الرسم في حالة تجديد اجازتي الصيدليه والمذخر.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێزان ئەم نوسراوە ئاراستەی هەرسێ لیژنە دەکەین لیژنەی یاسا وتەندروستی ولیژنەی دارایی، هەرچەندە بەناوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی پیرۆزبایی ڕۆژی ڕۆژومان لە برا یەزیدیەکان کردووە ڕێگام پێ بدەن ئەمڕۆ بەناوی ئێوەی بەڕێزیشەوە لەم هۆڵەدا پیرۆزباییان تازە بکەمەوە وسوپاسی گەرمیش ئاراستەی هەموو دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بکەم لە برا یەزیدیەکان بۆ

هەڵوێستیان بەرامبەر ئەو ئەحداثەی دواییی کە لەهەرێمدا روویدا دووبارە جەژنیان پیرۆز بێت.
بەڕێزان دەست بەخاڵی یەکەم دەکەین تکایە دوو ئەندامی بەڕێزی لیژنەی یاسا فەرموون بێنە سەر سەکۆ هەروەها ئەندامێکی بەڕێزی لیژنەی پەروەردەش.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەقی پرۆژەی یاسای یەکەم هەمواركردنی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٢ی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستانتان بۆ دەخوێنمەوە.

**رئاسة مجلس الوزراء**

**« قرار »**

استناداً الى احكام الفقرة (١) من المادة السادسة والخمسين من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ وبناءاً على ماعرضه وزير التربية ووافق عليه مجلس الوزراء قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / /٢٠٠٠ اصدار القانون الاتي:

قانون رقم ( ) لسنة ٢٠٠٠

قانون التعديل الاول لقانون وزارة التربية لاقليم كوردستان العراق

رقم (٤) لسنة ١٩٩٢

المادة الاولى:

يضاف مايلي في نهاية المادة الثانية ويصبح الفقرة الثالثة لها:

٣- يكون للوزير مستشارون يساعدونه في ادارة شؤون الوزارة وتنفيذ مهماتها الفنية والتربوية على ان لا يزيد عددهم عن ثلاثة.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نەقشبەندی:**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسا هیچ تێبینیمان نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی پەروەردە فەرموو.

**بەڕێز د.ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش بەهەمان شێوە لەگەڵ پرۆژەکەین و بەپەسەندی دەزانین وتێبینیمان لەسەر نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە تێبینیان هەیە دەستیان بەرزبکەنەوە، لەسەر مادده یەک، دیارە کەس تێبینی نییە، ماددەی یەکەم جارێکی تر بیخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز شـــێـــروان نـاسح حـــەیدەری:**

المادة الاولى:

يضاف مايلي في نهاية المادة الثانية ويصبح الفقرة الثالثة لها:

٣- يكون للوزير مستشارون يساعدونه في ادارة شؤون الوزارة وتنفيذ مهماتها الفنية والتربوية على ان لا يزيد عددهم عن ثلاثة.

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی یەک پەسەند دەکەن بەو شێوەی کە خوێندرایەوە دەستیان بەرزبکەنەوە... سوپاس... ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزبکەنەوە... ماددەی یەکەم بەگشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی دووەم بخوێنەوە.

**بەڕێز شـــێـــروان نـاسح حـــەیدەری:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

**المادة الثانية:**

يضاف في نهاية المادة الخامسة مايلي ويصبح الفقرة (١٥) الخامسة عشرة لها:

١٥- تنشيط التعامل والتفاعل بين المدرسة وبيئتها المحلية وتعزيز دور مجالس الاباء والمعلمين.

**بەڕێز کـاکـەرەش مـحـمـد نەقـشـبـەندی:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

وەک لیژنەی یاسا ئێمە هیچ تێبینیمان لەسەر ماددەکە نییە، سوپاس.

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

لیژنەی پەروەردە فەرموو.

**بەڕێز د.نـاسح غـــەفـــور رەمـــەزان:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

ئێمەش وەکو لیژنەی پەروەردە پەسەندی دەکەین و هیچ تێبینیمان لەسەر نییە، سوپاس.

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

ئەو بەڕێزانەی کە تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرزبکەنەوە.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا/وەزیری پیشەسازی و وزە**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

دەنگ دەرنەچووە.

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

فەرموو کاکەرەش.

**بەڕێز کـاکـەرەش محـمـد نەقـشـبـەندی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

مـادده پێنج تەعـدیل دەکرێ، دووەکە لەمـاددەی پێنج تەعـدیل دەکرێ دەبێـتـه فـەقـەرە (١٥)و لەمـاددەی پێنج زیاد دەکرێ، دووەکە بەنسبەت قـانونی مـعـدل ئەوەی تر تەعـدیل دەکرێ ،دوو ماددەی پێنج تـەعـدیل دەکات دەبێتـه فـەقـەرە پازده وئەوەی یەکەم هەر هەمـان شته ماددەی دوو تەعدیل دەکات مەفروضە بگۆترێت بەو تەسلسله، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

واضحـه کاک یونادم، تێبینی تر هەیە، نییـه، مـاددەکە دەخەینه دەنگدانەوە تکایە جـارێکی تر بیخوێنەوە.

**بەڕێـز شـێروان نـاسح حـەیدەری:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

**المادة الثانية:**

يضاف في نهاية المادة الخامسة مايلي ويصبح الفقرة (١٥) الخامسة عشرة لها:

١٥- تنشيط التعـامل والتـفـاعل بين المدرسة وبيئـتـهـا المحلية وتعـزيز دور مـجـالس الاباء والمعلمين.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

تکا لەو بەڕێزانه دەکەم کە مـاددەی دوو بەو شێـوەی خوێندرایەوە پەسـەندی دەکەن دەسـتـیـان بەرزبکەنەوە... سـوپاس... ئەو بەڕێزانەی کـە پەسـەندی ناکـەن تکایە دەسـتـیـان بەرزبکەنەوە...بەگشتی دەنگ مادده دوو وەرگیرا، مادده سێ.

**بەڕێـز شـێروان نـاسح حـەیدەری:**

**المادة الثالثة:**

اعادة صياغة المادة الحادية عشرة وبالشكل الاتي:

١- تؤسس الوزارة رياض الاطفال لمن هم دون سن السادسة.

٢- تنظم شؤون القبول والدراسة في رياض الاطفال.

٣- تشرف على رياض الاطفال الاهلية وفق نظام خاص.

**بەڕێز کـاکـەرەش محـمـد نەقـشـبـەندی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

وەک لیژنەی یاسا ئێمه هیچ تێبینیمان لەسەر نییه، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

لیژنەی پەروەردە فەرموو.

**بەڕێز د.ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش وەکو لیژنەی پەروەردە هیچ تێبینیەکمان لەسەری نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی کە تێبینیان هەیە دەستیان بەرزبکەنەوە...بەڕێز کاک جمیل فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە دووەم (تنظیم شؤون القبول والدراسة في رياض الاطفال) بە چاکتری دەبینم، لە مهامی وەزارەت (تنظيم شؤون القبول والدراسة في رياض الاطفال)،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی صیاغەکە هەمووی بەوە هاتووە نەک (تأسیس) دەڵێین (تؤسس الوزارە) (تنظم الوزارە) (تشرف الوزارە) یان ئەبێ بڵێی (تنظیم، تأسیس، او اشراف)شتێکی لوغەوییە، بەڕێز مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محمد تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی صیاغەی مادده ئەصلیەکە لەگەڵ ئەوە جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێوانیاندا نابینم ، چونکە ئەوە تەنها تەرقیمی دوو کراوە بەسێ، سێ کراوە بە دوو، تەنها لە برگە یەک دەڵێ (تؤسس الوزارة رياض الاطفال لمن هم دون سن السادسة، تەبعەن تەئسیسی رياض الاطفال دائیمەن تابعی مؤسەسەیە شتێکی تازە ابداع نییە، ئینجا لە ئەصلەکە (وتدیر)ی لابردووە بەواسیتەی (ادارە محلی) من وایدەبینم ئەگەر پێتان باش بێت (تأسیس) نازانم چ مانایەکی هەیە (تدير رياض الاطفال لمن هم دون سن السادسه) بە واسیتەی ادارە محلی، ادارە محلی بۆچی لاچو تەبعەن ئەوە ئیشێکی دەقیقە و وردە ئەگەر ادارەی محلی لەگەڵ نەبێت بۆچی لەگەڵی نەبێت؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جارێ ئەصلەن ئیدارە محلی نەماوە، تەبعەن بۆیە لاچووە ئەو ووشەیە چونکە ادارە محلی ضمن تشکیلات بوو واشرافی مدارسی دەکرد وقوتابخانەی دروست دەکرد ئیدارە محلی بەو تەشکیلاتەی نەماوە ئێستا مەسئولیەتەکە کەوتە سەر وەزارەتی پەروەردە، لەبەر ئەوە پێویست نییە بزربێ، پەروەردە بەو ئیشە هەڵدەستێت بۆیە لاچووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا لەسەر صیاغەکە وەڵامتان هەیە بۆ کاک جمیل.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نەقشبەندی:**

نەخێر اعتیادییە (تنظم) یانی وەکو صیغەی امر هاتووە تؤسس یانی خۆی پێ هەڵدەستێت زۆر اعتیادییە ووشەکە و لەجێی خۆیەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، تێبینی تر نییە؟ دیارە نییە تکایە ماددەکە جارێکی تر بیخوێنەوە..

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة الثالثة:**

اعادة صياغة المادة الحادية عشرة وبالشكل الاتي:

١- تؤسس الوزارة رياض الاطفال لمن هم دون سن السادسة.

٢- تنظم شؤون القبول والدراسة في رياض الاطفال.

٣- تشرف على رياض الاطفال الاهلية وفق نظام خاص.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی سێ پەسەند دەکەن بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە دەستیان بەرزبکەنەوە... سوپاس... ئەو بەڕێزانەی کە ماددەی سێ پەسەند ناکەن دەستیان بەرزبکەنەوە... بەگشتی دەنگ ماددەی سێ وەرگیرا، ماددەی چوار.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة الرابعة:**

يضاف مايلي في نهاية المادة الخامسة عشرة وتصبح الفقرة الثالثة لها:

٣- يتمتع حاملوا شهادة الماجستير والدكتوراه من العاملين في سلك التدريس على ملاك وزارة التربية بجميع الحقوق والامتيازات التي يتمتع بها اقرانهم في الجامعات.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسا هیچ تێبینیمان لەسەر ماددەکە نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی پەروەردە فەرموو.

**بەڕێز د.ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش پشتگیری ئەو بڕگەیە دەکەین پێمان باشەو تێبینیمان لەسەری نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی کە تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرزبکەنەوە... بەڕێز کاک شێخ یحیی فەرموو.

**بەڕێز یحیى محمد عبدالكريم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی پازدە زۆر لەجێی خۆیدا هاتووە ،ئەوەی کە اضافە کراوە پێویست بەو اضافەیە ناکات، تەنهـا ( يتمتع بجميع الحقوق والامتيازات التي يتمتع بها اقرانهم في الجامعات.) هەر ئەوەندە بخەینە سەر مادده پازدە ئەو تەفصیلە لەوێ پێویست ناکات حەز دەکەن بیخوێننەوە وتەماشای بکەن مادده ئەصلیەکە مادده پازدە بخوێننەوە (يتمتع بجميع الحقوق والامتيازات التي يتمتع بها اقرانهم في الجامعات.) ئەوەندە بخەینە سەری بەسە، لەمادده پازدە اشارەتی بۆ کردووە ئەگەر لای بەڕێزێک هەبێ بیخوێننەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە دوایی تەعقیببی ئەوەش دەکەین، د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د.قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری دەکەم وەکو حقوق وامتیازات بۆ مامۆستا بەناڤێ تدریسێ بەلآم لڤێرێ من پرسیارەک بۆ برادەرێ ژتربیە و برادەرێ لیژنا قانونی ماجستێرو دکتۆراە لزانکۆیی متفرغە قانونا تعلیم عالی متفرغە یانی کامل دەوام دەکاتن تەنها برادەرێت مە ئەڤێت سەر سلکێ تربیە متفرغ نەبێتن یانی نیو دەوامی هەبێت ئایا لەگەڵ برادەرێت چۆن هەموو امتیازات حقوقا بدەنە وان وی دەوام کامل بێت یا دەوام کامل نەبێت من ئەم پرسیارا هەبوو بۆ برادەران ئەگەر تەوضیحی بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک یونادم فەرموو.

**بەڕێز یونادم يوسف كنا/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئەمە پێشنیار دەکەم ( يتمتع حاملو شهادة دكتوراة والماجستير او مايعادلها ) چونکە هەندێ شهادات هەیە سێ ساڵ خوێندوویەتی معادلی ماجستێرە حقوقی هەیە، اشکالی قانونی نەبێت بۆ تەفسیرو تەفسیر کاری کە بلێ او مایعادلها تەواو ئەو سێ ساڵە کە بەقانون مەشمولە لێرەوە مذکور بێت تەواو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ابراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من نوسخە ئەصلیەکەم ئەمڕۆ خوێندەوە ئەم بەیانییە ئەوەی کە کاک شێخ یحیى دەڵێ تێیدانییە

مەوزوعی ماجستێرو دکتۆرای تێدا نییە ئەمە شتێکی نوێیە گوتویەتی اختصاص بەلاّم نەیگوتوە دکتۆراو ماجستێر بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس هیچ تێبینی تر هەیە، مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کە جەنابی کاک یحیی اشارەتی پێدا مادده پازده دەڵێ «يشترط في من يعين لتعليم بالمدارس الابتدائية ان يكون معداً اعداداً تربوياً لهذا الغرض ، ثانياً: يشترط في من يعين لتدريس في مدارس المتوسطة والاعدادية ان يكون متخرجاً من احدى الكليات على ان يكون متخصصاً في احدى من هذه الدراسة ثانوية معداً اعداداً تربوياً لهذا الغرض) جا ئەڵێ ئەمە ئەگەر بفەرمێ ويتمتع لە کۆتایی ئەم فەقەرەیە (يتمتع بجميع الحقوق والامتيازات التي يتمتع بها اقرانه في الجامعات) من پێم وایە زۆر رێک وپێکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرقێکی زۆرە ئەمە تایبەتە بەوانەی شەهاداتی بەرزتریان هەیە لە شەهادەی بکالوریوس، بۆ ئەوانەیە بۆنموونە خۆی لە ئەصلدا حەقیان هەیە لە جامعات دەرس بڵێنەوە ئەگەر هاتنە سلکی تەعلیم بۆ ئەوەی ئەو میزاتانەیان لەکیس نەچێت، تصور دەکەم لەجێگەی خۆی دا بێت ئەم فەقەرەیە لیژنەی یاسا تکایە وەڵام بدەنەوە.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەصەکە زۆر لەجێی خۆیەتی وهدفیش لە نەصەکە ئەوەیە زۆر مامۆستای تربیە اجازەی دراسی وەردەگرن ماجستێر وەردەگرن لەوانەیە دەچنە مراحلی دکتۆرا کە وەریان گرت یەکسەر دەڕۆنە جامعات و وەزارەتی تربیە بەجێ دەهێڵن، لەبەر ئەوەی ئەو امتیازەی لە جامعات هەیە لە تربیە نییە ولەبەر ئەوەی ئەو کادرە احتفاظ پێ بکەین لە تربیە ماوەیەک ماوە ئەو حقوقەمان داوەتێ ئەمە شتێکی زۆر تەبیعی یە وئەوەش هاتووە لەوێ نییە چونکە هەتا دیاری کراوە (فی سلك التدريس) یانی ئەگەر ماجستێرێک لە هەیکەلی وەزارەت ئیش بکات حەقی ئەو مخصصاتەی نییە وئەبێت مومارەسەی ئیشەکە بکات تدریس بکات لەسەر ئەو ئەساسە زۆر زۆر لەجێی خۆیەتی ونەصەکە زۆر زۆر موفقە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە جارێکی تر بیخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة الرابعة:**

يضاف مايلي في نهاية المادة الخامسة عشرة وتصبح الفقرة الثالثة لها:

٣- يتمتع حاملوا شهادة الماجستير والدكتوراه من العاملين في سلك التدريس على ملاك وزارة التربية بجميع الحقوق والامتيازات التي يتمتع بها اقرانهم في الجامعات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە مادده چوار بەو شێوەی خوێندرایەوە پەسەندی دەکەن دەستیان بەرزبکەنەوە... سوپاس... ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن تکایە دەستیان بەرزبکەنەوە... بەگشتی دەنگ مادده چوار وەرگیرا، ماددەی پێنجەم بخوێنەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة الخامسة:**

يضاف مايلي في نهاية المادة السادسة عشرة وتصبح الفقرة الثالثة لها:

٣- تقوم الوزارة بانتاج وتوفير المستلزمات التربوية من اثاث وكتب ولوازم مدرسية وغير ذلك وفق تعليمات خاصة.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسا هیچ تێبینیمان لەسەر ماددەکە نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی پەروەردە.

**بەڕێز د.ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش وەکو لیژنەی پەروەردە هیچ تێبینیەکمان لەسەر نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی کە تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرزبکەنەوە..کاک سیروان کاکەیی فەرموو.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنها تێبینیم لەسەر ووشەی (انتاج وتوفیر مستلزمات)هەیە پێم باشە ئەگەر لە ناحیەی وشەکەوە بگۆڕێت بکرێتە اعداد (تقوم الوزاره باعداد وتوفیر مستلزمات) چونکە وادەزانم وەزارەت وەحدەیەکی انتاج نییە یانی بە مانای منتجات بەلاّم اعداد ئەوەش دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک بورهان فەرموو.

**بەڕێز بورهان جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەمان تێبینی کاک سیروانم.هەبوو انتاج نەمێنێ باشترە ببێتە توفیر المستلزمات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فعلەن شت انتاج دەکات ئەی رحله دروست ناکات؟ خۆی مدارس دەبێت رحله دروست بکات وزۆر مستلزماتی تر وەکو صبوره وئەوانە هەموو انتاجن معاملی انتاجینە مطبعە انتاجی کتب دەکات ئەوانە هەمووی انتاجە و زۆر وشەکە لەجێی خۆی هاتووە ووشەکە زۆر موەفەقە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی تر نییە؟ تکایە جارێکی تر بیخوێنەوە تاکو بیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة الخامسة:**

يضاف مايلي في نهاية المادة السادسة عشرة وتصبح الفقرة الثالثة لها:

٣- تقوم الوزارة بانتاج وتوفير المستلزمات التربوية من اثاث وكتب ولوازم مدرسية وغير ذلك وفق تعليمات خاصة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە مادده پێنج پەسەند دەکەن دەستیان بەرزبکەنەوە... سوپاس... ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزبکەنەوە... ماددەی پێنج بە گشتی دەنگ وەرگیرا. ماددەی شەش بخوێنەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**المادة السادسة:**

**تشكيلات الوزارة**

تعدل المادة الحادية والعشرون الخاصة بتشكيلات مركز الوزارة وتكون كالاتي:

١- المديرية العامة للديوان.

٢- المديرية العامة للتقويم والامتحانات.

٣- المديرية العامة للتعليم الثانوي والمهني والمعاهد.

٤- المديرية العامة للتعليم الابتدائي ورياض الاطفال ومحو الامية.

٥- المديرية العامة للمناهج والوسائل التعليمية والتخطيط التربوي.

٦- المديرية العامة للنشاط الرياضي والكشفي والفني.

٧- المديرية العامة للدراسة السريانية.

٨- المديرية العامة للدراسة التركمانية.

**بەڕێز کـاکـەرەش مـحـمـد نەقـشـبـەندی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

سێ شت لە قـانونی یەکـەم هاتووە، (مکتب الوزیر، مکتب وکـیـل وزارە، مکتب العـلاقـات الثقافیە) لە پرۆژەی وەزارەتی تربیە هەرسێکیان لەغو بووە لەسەر ئەوەی نەصێک لە مشروعەکە هەیە بەنیـزامـێـک مـعـالجـە بکرێت، لەبەر ئەوەی ئێسـتـا بە قـانون لەغـو دەکرێت امکان نـیـیە بەنیـزامـێک ئەوە مـعـالجـە بکرێت چونکە لە ئەصلی قـانونەکە لە غـو هاتووە، لەبەر ئەوەی ئێمە پێشنیارێکمان هەیە مدیریەی دیوانی عامە ئەوان لە ئەساسەوە وا رێکەوتوون کە ئەوانە ربط بێت بە مدیریەی دیوانی عامە ومدیریەی دیوانی عامە حەتمەن تشکیلاتی دەبێت و ئەو سێ تەشکیلەش ربط بکەین بەمدیریەی دیوانی عـامە اضـافە لەسەر ئەو تەشکیلاتانەی کە بە نیـزام لای دادەنێ باعتبار نیزامی تەشکیلاتە وبەو صیغەیە دەمانەوێ بگۆترێت ( مدیریة دیوان العامّة) یرتـبـط بهـا: أ- مکتب الوزیر، ب- مکتب وکیل وزارة، ج- مکتب علاقات الثقافیـة، اضافـة الي تشکیلات اخری التي ترتبط بها بنظام)، سوپاس.

**بـەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن:**

سوپاس، لیژنەی پەروەردە فەرموو.

**بەڕێـز د.نـاسـح غـەفـور رەمـەزان:**

**بـەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن.**

ئێمەش هەمان تێبینیمان هەبوو، چونکە ئەو سێ مەکتەبەی کە باس کرا لە قانونی پێشوودا لە قانونی ژمارە چواردا هەیە بۆیە دەبێ لێرە بەقانون تەعدیل بکرێت و باشتر وایە وادیارە جەنابی وەزیریش پێی باشـە ئەوە ربط بکرێت بە بەڕێوەبەرایەتی گـشـتـی دیوانەوە لەبەر ئەوە هەر لەیاساکەدا ئەوە دەست نیشان بکرێت وباشترە و گیروگرفت نامێنێ، ئەو مدیریاتەی تر دەتوانرێ بە نیزام بکرێت چونکە پێشوو تر ئەمە بەیاسا هاتووە لە یاسای ژمارە چواردا مەکتەبی وەزیر و مەکتەبی وکیل وەزارەت ومەکتەبی علاقاتی ثەقافی بە یاسا هاتووە، سوپاس.

**بـەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن:**

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە تێبینیان هەیە دەستیان بەرزبکەنەوە.

**بـەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن:**

بەڕێز وەزیری پەروەردە فەرموو.

**بەڕێز عـەبدولعـەزیز تـەیب/وەزیری پەروەردە:**

**بـەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن.**

...... دەنگ دەرنەچووە.

**بـەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک یۆنادم فەرموو.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا/ وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەرچەندە دەبێت لەگەڵ هەڤاڵی خۆم قسەمان یەک بێت، بەڵام ناکرێت مەکتەبی وەزیر پەیوەست بێت بە دیوان، مەکتەبی وەزیر دەبێت ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە وەزیرەوە هەبێت، بەڵام مەکتەبەکانی تر وەکو پەیوەندیەکان و ڕاگەیاندن و ئەوانی تر ڕاستە دەبێت پەیوەندییان بە دیوانەوە هەبێت، یاسای هەموو وەزارەتەکانی تر وان ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کویخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە بڕگەی یەکەم، من پشتگیری لە ڕای لیژنەی یاسایی دەکەم کەوا ئەو مەکتەبانەی کە لە یاساکەدا هاتوون لێرەش باس بکرێن، سەبارەت بە بڕگەی دووەم «المدیریە العامە للتعلیم الابتدائی و ریاض الاطفال و المحو الامیە» بە ڕای من «محو الامیە» بکرێتە بەڕێوەبەرایەتییەکی سەربەخۆ و جیا بکرێتەوە، بۆ ئەوەی لە پارێزگاکانی تر بکرێتە بەڕێوەبەرایەتی نەوەک هۆبەیەک، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک شێخ عەفان فەرموو.

**بەڕێز عەفان عوسمان نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم «تشکیلات»ە تازەیە زۆر بە ڕێکوپێکی هاتووە، بەڵام لەوانەیە هەندێ تێبینیمان هەبێت، ئێمە وەکو لیژنەی پەروەردە لەساڵی ١٩٩٧تاوەکو ئێستا چەند داواکارییەکمان پێشکەش بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان کردووە، کە ئەویش لە ڕێگای خۆیەوە ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیرانی بکات بۆ ئەوەی ئەو هەموار کردنە بکەن، چونکە بە پێویستمان زانیبوون، سەبارەت بە بەڕێوەبەرایەتی فێرکردنی گشتی کاتی خۆی ئەوەی کە پەیوەندی پێوە هەبوو نزیکەی «٤٠»هەزار مامۆستا ومونتەسبی هەبوو لەبەر ئەوە نەئەچوو بە ڕێگاوە، ئێستا بەو شێوەیەی کە هاتووە زۆر ڕێکوپێکە، بەڕێوەبەری فێرکردنی سەرەتایی و باخچەی ساوایان و نەهێشتنی نەخوێندەوارێ، لەبەری ئەوەی ئێستا نەخوێندەواری ئەوەندە زۆر نییە تاوەکو بەڕێوەبەرایەتییەکی سەربەخۆی بۆ دامەزرێنین، بەڵام ئێمە تەنها یەک تێبینییمان هەیە، ئەویش بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی هەبووایە بۆ سەرپەرشتی کردن«الاشراف»ی پسپۆری و پەروەردەیی، چونکە ئێستا بواری سەرپەرشتی کردن زۆر فراوان بووە، لەوانەیە ژمارەی ئەو کەسانەی کەوا مونتەسبی سەرپەرشتی کردنن لە هەردوو پارێزگاکەدا دەگاتە نزیکەی «٤٠٠» کەس، ئەوانە ئەگەر

بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتیان هەبێت بە رای ئێمە باش بوو، ئەوانی تر زۆر بە ڕێکوپێکی هاتوون، هەروەها بەڕێوەبەرایەتی گشتی تورکمان بە شێوەیەکی نا شەرعی ماوەیەکی زۆرە دەوام دەکات، بەڵام ئێستا شەرعیەتی وەرگرت و ئێمە پیرۆزبایی لە وەزارەتی پەروەردە دەکەین، ئومێدەوارین دابەش کردنەکەی بەو شێوەیە بێت، ئەگەر لە پاشە ڕۆژیشدا بیرێک لە سەرپەرشتی کردن بکرێتەوە بەلای ئێمەوە زۆر باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەکتەبی وەزیر و مەکتەبی بریکاری وەزارەت ئەبێت جیا بن، دووەم «٣» بەڕێوەبەرایەتی گشتی بن، تەماشای چەند یاسای وەزارەتێکی ترم کرد هەموویان مەکتەبی وەزیر و بریکارەکەی جیان و پاشان بەڕێوەبەرایەتی گشتی کە مەکتەبی پەیوەندییەکان سەر بەو دەبێت، کەواتە «٣»یەم ئەو نووسینگەیە نامێنێت و، سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی دەبێت و، بەڕێوەبەرایەتی دارایی و ئیدارەش سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان دەبن، واتا بە زنجیرەیی دەبێتە مەکتەبی وەزیر و مەکتەبی بریکاری وەزارەت و سێیەم دەبێتە بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لە یاسا کۆنەکەدا وایە، بەڵام ئێستا دەیانەوێت ئەو یاسا کۆنە بگۆڕن، کاک ئەحمەد فەرموو.

**بەڕێز ئەحمەد عەلی عومەر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەماشای یاسای هەموو وەزارەتەکانی ترم کردووە، لە هەموویدا مەکتەب وەزیر و مەکتەب بریکاری وەزارەتیان لەیەک جیا کردووەتەوە، بەڵام ئەوانە نایەنە ئاستی بەڕێوەبەراتییە گشتییەکان، پێویست ناکات، چونکە ئەوان هەموویان بەڕێوەبەرێکی ئاسایین تەنها لە ڕووی ئیدارییەوە سەر بە بەڕێوەبەرایەتیی گشتی دیوانن، وەکو تایبەت مەندی و هاتوو و ڕۆیشتووی خۆی تەنها پەیوەندییان بە وەزیرەوە دەبێت، بەڵام لە ڕووی ئیدارییەوە پەیوەندییان بە بەڕێوەبەرایەتیی گشتییەوە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک شێخ یەحیا فەرموو.

**بەڕێز یەحیا عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو تێبینیم هەیە، یەکەمیان سەبارەت بە بریکاری وەزارەت، ئەگەر بوو بە دوو سێ بریکاری

وەزارەت، ئایا ئەو وشەی بریکارە هەر وەکو خۆی دەمێنێتەوە، یا شێوەی کۆ وەردەگرێ، تێبینی دووەم، پێشنیارێک دەکەم بۆ بەڕێز وەزیری پەروەردە، بەراستی مەسەلەی نەخشەدانان«تخطیط» بۆ وەزارەتی پەروەردە شتێکی زۆر پێویست و گرنگە، بە رای من ئەگەر بەتەنها بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی نەخشەدانان هەبێت بۆ نەخشەکێشانی ئایندەیی پەروەردە شتێکی زۆر گرنگ و بایخ دار دەبێت، جا ئەگەر بکرێ لەگەڵ ئەوەی کە بەڕێز شێخ عەفان ئاماژەی بۆ کرد بکرێن بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەخشەدانان و سەرپەرشتی کردن شتێکی زۆر باش دەبێت، چونکە هەردووکیان کارەکەیان چاودێری کردن و پلان دانان دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسایی فەرموون.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی تێبینیمان لەسەر «تشکیلات»ەکە نییە، چونکە وادیارە کە راو بۆچوونی جەنابی وەزیر لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران وایان بە باش زانیوە بۆ بەڕێوەبردنی ئیشوکارەکانی خۆیان، لەبەر ئەوە بەرای ئێمە زۆر گفتوگۆی لەسەر نەکرێت و گۆڕانکاری لەسەر نەکرێت، چونکە ئەو باشتر بەرژەوەندی وەزارەتەکەی دەزانێت و، دەزانێت چۆن ئیشوکارەکانی خۆیان بە باشترین شێوە بەڕێوەبەرێت و، جەنابی وەزیریش دەتوانێت بەرگری بکات لەو را و بۆچوونانەی خۆیان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز جەنابی وەزیری پەروەردە فەرموو.

**بەڕێز عەبدولعەزیز تەیب/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر فراوانبوونی کاری وەزارەتی پەروەردە و بەتایبەتی پاش بڕیاری خوێندنی بەزۆر «تعلیم الالزامی»، کە هەموو گوندێک قوتابخانەی بۆ دامەزرێن و، لایەنی تریش زیاتر لە سەد بنکەی نەهێشتنی نەخوێندەواری کراوەتەوە و، ژمارەی ئەو نەخوێندەوارانەی کە هاتوونەتە ئەو بنکەیە ئێستا دەگاتە «١٣»هەزار نەخوێندەوار کە پەیوەندییان بەو بنکانەوە کردووە، جا لەبەر ئەوەی فشارێکی زۆر کەوتە سەرمان بە پێویستمان زانی کەوا گۆڕانێک لە هەیکەلیەتی وەزارت بکەین و، ئەو گۆڕانکارییەی کە ئێمە بیرمان لێ کردەوە ئەوە بوو کەوا بەڕێوەبەرایەتی فێرکردن ببێت بە سێ بەڕێوەبەرایەتی، ئەویش سەرەتایی و باخچەی ساوایان و نەهێشتنی نەخوێندەواری و پەیمانگا و دواناوەندییەکان ببێت بە یەک و، وەرزش و هونەریش ببێت بە یەک بەڕێوەبەرایەتی، بەڵام بەڕێوەبەرایەتی گشتی «مناهج» و نەخشەدانان وفێرکردنی پەروەردەیی و سەرپەرشتی ئەوە سەر بەو بەڕێوەبەرایەتییەیە، ئێمە ئێستا ئەوەمان بە بەرژەوەندی نەزانی کەوا ئەوە بکەینە

بەڕێوەبەرایەتییەکی سەربەخۆ، ئەنجومەنی وەزیرانیش ئەوەیان بە پێویست نەزانی، بەرامبەر بەوە ئێمە بەڕێوەبەرایەتی زیاد دەکەین، تاوەکو لایەنی سەرپەرشتی و نەخشەدانان و لایەنەکانی تریش بگرێتەوە و، ئێمە داوامان کردووە کەوا پسپۆڕێکی زۆر لەم بوارەدا کار بکەن، تاوەکو هاوکاری ئەم بەڕێوەبەرایەتییە گشتییە بکەن، بە بۆچونی من بۆ ئەم قۆناخە ئەم هەیکەلییەتەی کە لە پێشتانە کاری ئێمە ئاسانتر دەکات و، باری پەروەردەش بەرەو پێشتر دەبات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، تێبینیی تر هەیە؟ کاک محەمەد حەسەن باڵەتە فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یاسا کە دەردەچێت، لە کاتی جێبەجێ کردنی دا دەردەکەوێت کەوا چۆنە، ئەو لایەنەی کە یاساکە جێبەجێ دەکات دەتوانێت هەڵی سەنگێنی، لەبەر ئەوە هەموار کردنێکی زۆر دێتە سەر یاساکە، جەنابی وەزیری پەروەردە کە یاساکەی خۆی جێبەجێ دەکات دەبینێت کەوا مەکتەبی وەزیر، یا بریکاری وەزارەت پەیوەندی بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوانەوە هەبێت لە بەرژەوەندییە، ئەوە ئەو کاتە خۆی دەزانێت کەوا چی لە بەرژەوەندییدایە، بەڵام ئەندامان هەموو جار دەگەڕێنەوە بۆ یاسای کۆن، یاسای کۆن کە جێبەجێ دەبێت کەموکورتییەکانی دەردەکەوێت، لەبەر ئەوە هەموارکردنی داڕشتنەکە لە جێگای خۆیدا هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئێستا ماددەی «٦» جارێکی تر بخوێننەوە تاوەکو بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة السادسة:

تشكيلات الوزارة

تعدل المادة الحادية والعشرون الخاصة بتشكيلات مركز الوزارة وتكون كالاتي:

١ــ المديرية العامة للديوان ويرتبط بها:

مكتب الوزير.مكتب وكيل الوزارة. مكتب العلاقات الثقافية، إضافة الى التشكيلات الاخرى التي تربط بها بنظام.

٢ــ المديرية العامة للتقويم والامتحانات.

٣ــ المديرية العامة للتعليم الثانوي والمهني والمعاهد.

٤ــ المديرية العامة للتعليم الابتدائي ورياض الاطفال ومحو الامية.

٥ــ المديرية العامة للمناهج والوسائل التعليمية والتخطيط التربوي.

٦ــ المديرية العامة للنشاط الرياضي والكشفي والفني.

٧ــ المديرية العامة للدراسة السريانية.

٨ــ المديرية العامة للدراسة التركمانية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرسیارێک لە سەرۆکایەتییەوە بۆ لیژنەی یاسایی، ئایا ئەگەر بڕگەی یەکەم ئەو مەکتەبانە بە خاڵ بێن باشتر نییە؟.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ لاریمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە بڕگەی یەکەم ئەو مەکتەبانە بە خاڵی «أ و ب وجـ» بێت، کەواتە ماددەی «٦» دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ماددەی «٦»دایە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ بە گشتی دەنگ ماددەی «٦» بە هەموار کردنەوە وەرگیرا، سوپاستان دەکەین، ماددەی «٧» فەرموو بیخوێننەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة السابعة:

تعدل الفقرة الثانية من المادة الثانية والعشرون وتضاف اليها الفقرات «٣ , ٤»في نهاية المادة وتكون كالاتي:

٢ـ للوزير ان يشكل ما يراه ضرورياًمن اللجان الدائمة والمؤقتة وان يحدد أسس وضوابط تشكيلها وإختصاصاتها ومكافأة أعضائها بتعليمات للقيام بما يعهد اليها من مهام وتقديم المشورة الفنية والتربوية والادارية والقانونية وله ان يستعين بالخبراء والمختصين والجهات ذات العلاقة لهذا الغرض من خارج الوزارة.

٣ـ للوزير بموافقة مجلس الوزراء استحداث مديريات تربية في الاقضية عند الحاجة تمارس بعض إختصاصات المديرية العامة للتربية في وحدتها الادارية والتي تحدد بتعليمات.

٤ـ للوزير إستحداث مديريات وأقسام وشعب في ديوان الوزارة عند الحاجة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسایی فەرموون.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی هیچ تێبینییەکمان لەسەر ماددەکە نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی پەروەردە فەرموون.

**بەڕێز د.ناسح غەفوور ڕەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش وەکو لیژنەی پەروەردە هیچ تێبینییەکمان لەسەر ماددەکە نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە پرسیارێکمان هەیە، لە خاڵی «٤»دا دەڵێت: (٤ـ للوزير إستحداث مديريات وأقسام وشعب في ديوان الوزارة عند الحاجة.)، تەنها لە دیوانی وەزارەتدا ئەو دەسەڵاتەی هەیە، یا لە هەموو وەزارەتدا ئەو مافەی هەیە؟.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو مافەی لە هەموو وەزارەتدا هەیە، نەوەک تەنها لە دیوانی وەزارەتدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە وشەی «دیوان» بگۆڕن باشترە، ئەو بەڕێزانەی کە تێبینییان هەیە دەستیان بەرز کەنەوە، کاک رەجەب شەعبان فەرموو.

**بەڕێز رەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەزارەتی پەروەردە ئەم ساڵ هەنگاوێکی زۆر گەورە و پیرۆزیان ناوە بۆ پێشکەوتنی پەروەردە و نەهێشتنی نەخوێندەواری لە کوردستاندا و، زۆر قوتابخانە ئەم ساڵ کراونەتەوە، هەروەها بنکەی نەهێشتنی نەخوێندەواریش زۆر کراونەتەوە، جا داخوازی ئەوان ئەوەیە کەوا هەندێ دەسەڵات بدرێت بە جەنابی وەزیر بۆ دامەزراندنی هەندێ لیژنەی کاتی و هەمیشەیی و، بۆ کردنەوەی چەند بەڕێوەبەرایەتییەک، کە ئەویش لە جێگای خۆیەتی، چونکە مەبەستی ئەوان ئەوەی کەوا بتوانن ئەرکی پەروەردەی پیرۆزی سەرشانی خۆیان بە دروستی جێبەجێ بکەن، جا من لەگەڵ ئەوەدام کەوا هاوکارییان بکرێت و، رەزامەندیش بفەرموون لەسەر هەموار کردنی یاساکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یاسا دەبێت هەندێ کورت و پوخت بێت، لێرەدا دەبینین خاڵی «٢» هەندێ درێژەی پێ دراوە و، زیاتر لە پێویست روونکردنەوەی لەسەر هاتووە، هەتاوەکو وشەی «تعليمات» بەسە و، ئەوی تر هەمووی هەڵگیرێت، چونکە لە ئەرکەکانی وەزارەتدا هاتوون، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زیاتر لیژنە بۆ کارێکی تایبەتی دادەمەزرێت، جا زۆربەی زۆری لیژنەکان کاتین، من پێشنیار

دەکەم کەوا لیژنەی کاتی بێتە پێشی لیژنەی هەمیشەیی، دووەم، لێرەدا لە بڕگەی «٢»دا هاتووە «من مهام وتقديم المشورة الفنية والتربوية»، لە ماددەی یەکەمدا ئێمە بۆ وەزیر «٣» موستەشارمان دانا، ئەو موستەشارەش رەهایە ئەبێت یاسایی بێت، یا هونەری بێت، بە رای من ئەو دەستەواژەیە هەڵگیرێت تاوەکو تێکەڵ نەبێت لەگەڵ بڕگە«٣»ی ماددەی «١»دا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسایی تکایە وەڵامیان بدەنەوە.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای ئێمە دەسەڵات دان بە وەزیر بۆ دامەزراندنی لیژنەکان و موستەشارەکان لە هەموو کاتێدا جێی خۆیەتی و، ئەوەش ناگرێتەوە کەوا موستەشار جێی هەندێ شت بگرێتەوە لەوانەیە هەندێ جار پێویست بە دامەزراندنی لیژنەیەک بکات و، ئەو موستەشارانە هیچیان لەو پسپۆڕیەدا زانیاریان نەبێت، لەبەر ئەوە لیژنەکان دەتوانن هەموو ئەرکێکی پێ بسپێرن، جا نازانم بۆ داوا دەکەن کەوا وشەی «المشورە» هەڵگیرێت، خۆ هەر ئیشێک بۆ هەر مەبەستێکی تایبەتی لیژنەکە دیاری بکات، دەوترێت ئەو لیژنەیە بۆ ئەو مەبەستە دانراوە، بە رای ئێمە ماددەکە زۆر لە جێگای خۆیەتی و بەو شێوەیەی کە هەیە بڕیاری لەسەر بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، هیچ تێبینی تر هەیە؟، فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بڕگەی «٣»دا هاتووە دەڵێت: «إستحداث مديريات التربيه في الاقضيه»، دووەم، لە بڕگەی «٤»دا دەڵێت: «٤ـ للوزير إستحداث مديريات وأقسام وشعب في ديوان الوزارة عند الحاجة.»، بە رای من ئەگەر بڕگە چوار بەم شێوەیە داڕێژرێتەوە جوانترە: «للوزير إستحداث مديريات وأقسام وشعب في جميع أقسام تشكيلات الهيكل الاداري للوزارة وعند الحاجة.»، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە دوو شتی زۆر لەیەک جیاوازن، ئەوەی کە پێی دراوە بە رەزامەندی ئەنجومەنی وەزیرانە، ئەویش کەوا لە قەزاکاندا بەڕێوەبەرایەتی دامەزرێت و، هەندێ ئیشوکاری بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پێ بسپێردرێ، لەوانەیە شوێنێکی وەکو سۆران جێگایەکی زۆر فراوانە پێویستی بە بەڕێوەبەرایەتییەک هەیە و، لە قەزایەک بەڕێوەبەرایەتییەک دادەنێت وئیشوکاری بەڕێوەبەرایەتی

گشتی دەکات و، ئیشی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسان دەکاتەوە و، جیاوازییەکی زۆری هەیە لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتییەکانی دیوانی وەزارەت، بەڕێوەبەرایەتییەکانی دیوانی وەزارەت پێویستی بەوە نییە ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیرانی پێ وەرگری،خۆی ئیشەکە دەکات، بەڵام ئەوی تر شتێکی دروستە، چونکە پێویستی بە خەرجی و، جێگاو ، ئەو جۆرە شتانە هەیە، کە پێویستی بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران هەیە، ماددەکە زۆر لە جێگای خۆیەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، تێبینیی تر هەیە؟ نییە؟ تکایە جارێکی تر ماددەکە بخوێننەوە تاوەکو بیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة السابعة:

تعدل الفقرة الثانية من المادة الثانية والعشرون وتضاف اليها الفقرات «٣ . ٤ »في نهاية المادة وتكون كالاتي:

٢ـ للوزير ان يشكل ما يراه ضرورياً من اللجان الدائمة والمؤقتة وان يحدد أسس وضوابط تشكيلها وإختصاصاتها ومكافأة أعضائها بتعليمات للقيام بما يعهد اليها من مهام وتقديم المشورة الفنية والتربوية والادارية والقانونية وله ان يستعين بالخبراء والمختصين والجهات ذات العلاقة لهذا الغرض من خارج الوزارة.

٣ـ للوزير بموافقة مجلس الوزراء استحداث مديريات تربية في الاقضية عند الحاجة تمارس بعض إختصاصات المديرية العامة للتربية في وحدتها الادارية والتي تحدد بتعليمات.

٤ـ للوزير إستحداث مديريات وأقسام وشعب في تشكيلات الوزارة عند الحاجة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ماددەی«٧»دایە بەو شێوەیەی کە خوێنرایەوە؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین. دێینە سەر ماددەی «٨» فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة الثامنة:

للوزير إصدار التعليمات والانظمة الداخلية لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی یاسایی تکایە.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی هیچ تێبینییەکمان لەسەر ماددەکە نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی پەروەردە فەرموو.

**بەڕێز د.ناسح غەفوور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش هیچ تێبینییەکمان لەسەر ماددەکە نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی کە تێبینییان هەیە تکایە دەستیان بەرز کەنەوە، کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەموار کردنی ئەم یاسایە تێکەڵی تێکستی دەقی یاسا کۆنەکە دەبێت، جا وابزانم ماددەی «٨ و٩ و ١٠» لە یاسا بنەڕەتییەکەدا هاتوونە، ئایا پێویست دەکات ئێمە دووبارەی بکەینەوە، یاخود تەنها ماددەی «١١» بەسە؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسایی وەڵامتان تکایە.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی ئەگەر هاتبێت نەیشی لێین ئەوە هیچ گرفتێک دروست ناکات، بەڵام لێرە باس بکرێت هەر هەمان شتە، چونکە نابێت بە دوو ماددە و هەر هەمان شتە، ئەگەر ماددەکە بەیەک بچن نابن بە دوو ماددەی جیاواز، بەڵام ئەگەر نەشبێت هەر هەمان شتە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک فرسەت فەرموو.

**بەڕێز فرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە یاسا شتێک هەیە کەوا ناوی «تدرج»ە، «دستور ، قانون ، نیظام، تعلیمات»، «نیظام» لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی وەزیرانە نەوەک وەزیر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی بە کارێکی رۆتینی ئەوە لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی وەزیران دەبێت، بەڵام تۆ بە یاسا داوتە بە

پێڕەوی ناوخۆ، واتا دەسەڵاتەکەت داوە بە نیزام، ئەگەر لێرە رازی بن ئەو دەسەڵاتەی بدەنێ ئەوە دەتوانێ پێڕەوێکی ناوخۆ بۆ خۆی دابنێت، ئەگەر نەیشی درێتێ، ئەوە لە یاسای ئەنجومەنی وەزیراندا هاتووە کەوا ئەنجومەنی وەزیران دەتوانێ نیزام دەربکات، جا بۆیە لێرەدا پێویست ناکات بوترێتەوە، ئەگەر بدرێتە وەزارەتیش ئەوە لێرە لەسەر رای بەڕێزان وەستاوە، ئەگەر درایە بەڕێزان ئەوە حوکمی یاسا وەردەگرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک فەرسەت فەرموو.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو بابەتە لە بنەماکانی دەستورییە، دستووریش لە سەرووی یاساوەیە، پەرلەمان بە یاساش مافی ئەوەی نییە کەوا دەسەڵاتێک بە وەزیر بدات و بڵێت دەسکاری دەستوور بکە، یان وەزیرێ بۆی هەبێت یاسا هەموار بکات، مەسەلەی «تدرج»ی یاساییە، دستور سەر بە لایەنێکی تایبەتییە، ویاسا سەر بە ئەنجومەنی یاسادانانە و، نیزام سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانە و، تەعلیماتیش سەر بە وەزیرە، وەکو ئەندامی پەرلەمان حەز دەکەم کەوا ئەو «تدرج»ە بپارێزین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک نەمر فەرموو.

**بەڕێز نەمر کەچۆ/ وەزیری هەرێم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارت بە پێڕەوی ناوخۆ شتێکی زۆر ئاساییە کەوا لە دەسەڵاتی وەزیرە و، پێڕەوی ناوخۆ نایەتە ئاستی یاسا، بەڵکو روونکردنەوەی یاسایە و، نیزامیش لە ئەنجومەنی وەزیران هێزی یاسای هەیە، جا لێرەدا هیچ دژایەتییەک نییە ئەگەر بێت و لە میانی دەسەڵاتەکانی وەزیر بێت کەوا نیزامێک دەرکات بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکی تایبەتی بۆ چۆنیەتی کار کردنی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ئەحمەد سالار فەرموو.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو ماددەیە لە جێگای خۆیدا هاتووە بۆ ئاسانکردنی کار و رێ کورت کردنەوە و، بۆ مەیسەر کردنی کار بەشێوەیەکی گونجاو تر، ئەو دەسەڵاتە کە وەکو رێنمایی، یا وەکو پێڕەو با وەزیر دەسەڵاتی هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم ماددەیە دەبێت بمێنێت، چونکە لە یاسای وەزارەتدا نەهاتووە، نە ئەم ماددەیە و نە ماددەی «٩» لە یاسای وەزارەتدا نییە و، ئەگەر بمێنێتەوە زۆر باشە، چونکە کاری وەزیر ئاسان دەکات، بۆ بەڕێوەبردنی ئیشوکارەکانی خۆی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک د.ناسح فەرموو.

**بەڕێز د.ناسح غەفوور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کە باس دەکرێت لە دەستوری ولاتدا دیاری دەکرێت و، راستە یەکەم دستورە و پاشان یاسایە و دوایی ئەنزیمەیە و پاشان تەعلیماتە، بەلام ئێمە لە بوارێکی تایبەتیداین و، ئێمە ئێستا دەستورمان نییە، تاوەکو پشتی پێوە ببەستین، بۆیە ئێمە بە پێویستی دەزانین کەوا بەم یاسایە رێگا بدرێت بە وەزیر، پێڕەوی ناوخۆی وەزارەتی خۆی دروست بکات، وابزانم شتێکی باش دەبێت، چونکە ماوەیەکی زۆرە لە کابینەی یەکەوە تاوەکو ئێستا هیچ نیزامێک بۆ هیچ وەزارەتێک دروست نەکراوە، ئەگەر ئەمە بکرێت، ئەوە وەزارەتەکانی تریش هاندەدرێن بۆ ئەوەی پێڕەوی ناوخۆی وەزارەتەکان دروست بکرێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نیزامی وەزارت کراوە و دەسەلاتی ئەنجومەنی وەزیرانە کەوا ئیقراری نیزامی هەر وەزارەتێک بکات، کاکەرەش فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئەگەر بەو بنەمایە وەربگرین ئەبێت برگەی «٤»یش هەلگرین، چونکە ئەگەر نیزامێک ئەنجومەنی وەزیران دایبنێت، نابێت دەسەلاتیش بدەین بە وەزیر کەوا هەمواری ئەو یاسایە بکات، کەواتە هەلوەشاندنەوەی ئەو بەش و هۆیانەش کە هاتووە لە دەسەلاتی وەزیر دا نابێت، چونکە دەکاتە هەموار کردنی یاسایەک کە لە ئەنجومەنی وزیرانەوە هاتووە، ئێمە دەسەلات بە سەندیکایەک دەدەین کەوا خۆی بۆ خۆی پێڕەوی ناوخۆ دانێت، ئەوە پێڕەوێکی ناوخۆیە بۆ خۆی دایناوە بۆ ئاسانکاری ئیش و کارەکانی خۆی، بە رای من شتێکی زۆر ئاساییەو لە جێگای خۆیەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەبێت ئێمە جیاوازی بکەین لە نێوان پێڕەوێکی ناوخۆ بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکی تایبەتی بۆ جێبەجێ کردنی برگەیەکی تایبەتی لە یاساکە لەگەل پێڕەوی وەزارەت، پێڕەوی وەزارەت جیاوازە، چونکە ئەوە لە دەسەلاتی ئەنجومەنی وەزیرانە کەوا بڕیاری لەسەر بدات، کاک رەجەب فەرموو.

**بەڕێز رەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئێمە بلێین بە وەزیر«للوزير إصدار التعليمات لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون»ئەگەر ئەو پێویستی بە «الانظمة الداخلية» بوو ئەو خۆی لە ئەنجومەنی وەزیران داوا دەکات، ئەو کاتە هیچ دژایەتییەک لەگەڵ دەستوور و یاسادا ناکات، کەواتە بە رای من وشەی «الانظمة الداخلية»ی لێ هەڵگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەوزیە خان فەرموو.

**بەڕێز فەوزیە عیزەدین رەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە دەڵێت:«للوزير إصدار التعليمات والانظمة الداخلية لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون»، ئەم یاسایەی کەوا ئێستا یاساکاری لێ دەکەین، جەنابی وەزیر ئەو دەسەڵاتەی هەیە کە بەڕێوەبەرێکی گشتی دامەزرێنێت؟!، چونکە ئەوە لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی وەزیرانە، لێرەدا وەکو پرسیارێک ئاراستەی لیژنەی یاسایی دەکەین، چونکە ئێمە ئەگەر وا بلێین ئەوە دەگرێتەوە کەوا وەزیر دەسەڵاتی ئەوەی هەیە کە بەڕێوەبەری گشتیش دامەزرێنێت بۆ پەروەردە و دەسکاری یاسا و پێڕەوی ناوخۆش بکات، کە ئەوانە لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی وەزیرانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک یۆنادم فەرموو.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە پێش چاومان وا تێکەڵاو بوونێک ئەکرێت، بەشێکی لە پێڕەو ئەوە ئێمە بۆمان هاتووە بە یاسا کەوا وەزیر بۆی نییە دەسکاری بکات، ئاستی بەڕێوەبەری گشتی و تاکو وەزیر،ئەوە بە یاسا دیاری کراوە دەبێ ئەنجومەنی وەزیران دیاری بکات، لە بەڕێوەبەر بە خوارەوە بۆ وەزیر هەیە ئەو شتانە بکات، لەبەر ئەوە نظامی وەزارات تێکەڵاوە، هەندێکی لێرە بە یاسا دیاری کراوە هەندێکی دیاری نەکراوە ، و دەسەڵاتی وەزیرە، هەروەک لێرە لە برگەی چوارەم باسی کرد ئەگەر وەزیر بۆ نەبێ، ئەوا واباشە وەزارەتەکەی داخات لەبەر ئەوەی هیچی پێ ناکرێ، لەبەر ئەوە زۆر سروشتیە بەڵام مەزجێکی تێدایە، هەمووی بۆ وەزیر نییە، ئێمە لە ئەنجومەنی وەزیران اعتیادیا بە انسیابی کارەکان بەرز دەکەینەوە و ئەویش زەرامەندی لەسەر دەکات ، لەبەر ئەوەی ئەو دەسەڵاتە مەزجە لە نێوان بەڕێوەبەری گشتی و بەرێوەبەرەکان دەبێ بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بەرزی بکاتەوە بۆ ئەوەی موافەقەی لەسەر بکرێ

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە دەمانەوێ لێرە روونی بکەینەوە تاکو لە داهاتوودا گرفت نەبێ ،وەزیر بۆی هەیە بەش و بەڕێوەبەرایەتی دابنێ و لەو بەشانەش بۆی هەیە رێگاو شوێنیان بۆ دیاری بکەن کە چۆن کار بکەن ،واتا پێرەویان بۆ دابنێ ، بەڵام وەزیر بۆی نییە پێرەوی وەزارەت دابنێ پێرەویە وەزارەت وەزیر پێشنیاری دەکات و ئەنجومەنی وەزیران رەزامەندی لەسەر دەکات و اقراری دەکەن، بۆیە دەمانەوێ لەو برگەیەدا روون بێت تاکو لە داهاتوودا تێکەڵاویەک نەبێ واتا ورد تر بین لە بابەتەکە، بەرێز وەزیری پەروەردە فەرموو.

**بەرێز عەبدولعەزیز تەیب/ وەزیری پەروەردە:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر اعتیادیە لە چوارچێوەی گشتیدایە کە بە یاسا دەردەچێ کە وەزیر بۆ خۆی رێنوێنی ناوخۆی بۆ خۆی دەربکات تاکو بتوانێ بە شێوەیەکی سانا بەڕێوەی ببات، بە رای من پێک چونێک هەیە، راستە پێرەوی ناوخۆ لە لایەن وەزیرەوە پێشنیار دەکرێ و لە ئەنجومەنی وەزیران اقرار دەکرێ بەڵام رێنمایی ناوخۆی وەزارەت من وای بۆ دەچم مەبەست هەر ئەوەیە،بروا ناکەم هاودژی سیاقی گشتی ئەو یاسایەیە ، لەبەر ئەوەی وەزیر کە کار دەکات قەد لە چوارچێوەی یاسا دەر ناچێ.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای کۆتایی لێژنەی یاسایی

**بەرێز کاکەرەش نەقشبەندی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای ئێمە (اصدار التعلیمات و الانظمە الداخلیە) سروشتیە ،دەقەکە هیچ گرفتێ درووست ناکات ، لەبەر ئەوەی هەر گۆڕان کاریەک بکەین ناکۆک دەبێ لەگەڵ برگەی چوارەم ،ئەگەر نظامی پێکهاتەکان دابنێین بیدەینە ئەنجومەنی وەزیران بڵێین ئەوە پێرەو ئەویش پێکهاتەی وەزارەتەکەت ئەوە وەزیر بۆی نییە هیچ بەشێ دامەزرێنێ و هیچ بەشێکیش لاببا لەبەر ئەوەی ئەگەر پێرەوی وەزارەت بە یاسا دیاری کرا دەبێ بە هەموار کردنی پێرەوەکە بگۆردرێتەوە ، لەبەر ئەوەی دوو دەق هاودژن.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێرە اکتفا دەکەین بە گفتوگۆی ئەو ماددەیە تکایە ماددەی هەشتەم جارێکی تر بخوێندرێتەوە

**بەرێز شێروان ناصح حیدری:**

المادة الثامنة:

للوزیر اصدار التعلیمات والانظمة الداخلیة لتسهیل تنفیذ احكام هذا القانون.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەرێزانەی ئەو ماددەیە بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە. کێ پەسەندی ناکات؟ بە زۆرینەی دەنگ ماددەکە وەرگیرا.

**بەڕێز شـــێـــروان نـاصح حـــیـــدری:**

**المادة التاسعة:**

لايعمل باي نص يتعارض واحكام هذا القانون.

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

هێچ تێبینی هەیە؟ نییە. ماددەی نۆیەمیش دەخەینە دەنگ دانەوە،ئەو بەڕێزانەی ئەو ماددەیە بەو شێوەیەی کە خوێندارایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز بکەینەوە. کێ پەسەندی ناکات؟ بەتێکرای دەنگ ماددەکە وەرگیرا.

**بەڕێز شـــێـــروان نـاصح حـــیـــدری:**

**المادة العاشرة:**

على وزير التربية والوزراء ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز کـــاکـــەرەش نـەقـــشـــبـــەندی:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

بەرای ئێمە بکرێتە (على مجلس الوزراء...)

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

هەمواری یاسای وەزارەتی پەروەردەیە (على وزير ...) بێت باشترە ، کاک فرەنسۆ فەرمو

**بەڕێز فـــرەنـســـۆ تـۆمـــا هـەریری:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

(على مجلس الوزراء) باشترە چونکە هەندێ پایە هەیە دەبێ ئەنجومەن رەزامەندی لەسەر بکات بۆیە ئاوا بێت باشترە

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

هێچ تێبینی تر هەیە؟ کاک د. رزگار فەرمو

**بەڕێز قـــاسم مـــحـــەمـــەد قـــاسم:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

ئەگەر بکرێتە (علیٰ مجلس الوزراء) دەبێ ماددەی (٢٥) یاسای وەزارەت هەموار بکرێت،لەبەر ئەوەی لەوێ گوتراوە(وعلیٰ الوزير المختص و الوزارات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون)ئەوەی یاسای ئەصلی وەزارەتە دەبێ ئەوە هەموار بکرێ

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

لێژنەی یاسایی فەرموون.

**بەڕێز کـــاکـــەرەش نـەقـــشـــبـــەندی:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

ئەمەیان ئەوەی ئەصلیەکە لەغو دەکات، جێگای ئەصلیەکە دەگرێتەوە لەبەر ئەوە ئەوە پێویست

ناكات دوو دەق هاو دژیان هەبی، ئەوە كار بە نوێیەكەیان دەكرێ ئەوە قاعیدەیەكی فقهیە ئەوە ئەوەی تر هەموار دەكات

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

صیغەی كۆتایی بخوێننەوە .

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون .

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كێ ماددەی دەیەم بەو شێوەیەی كە خوێندرایەوە پەسەند دەكات؟ كێ پەسەندی ناكات؟ بە تێكرای دەنگ پەسەند كرا

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة الحادية عشرة:**

ينفذ هذا القانون اعتباراً م تاريخ نشره في وقائع كوردستان .

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كێ ماددەی یازدەیەم بەو شێوەیەی كە خوێندرایەوە پەسەند دەكات؟ كێ پەسەندی ناكات؟ بە تێكرای دەنگ پەسەند كرا.

هەموو پرۆژەكە دەخەینە دەنگ دانەوە كێ هەموو پرۆژەكە بە هەموارەكانیەوە پەسەند دەكات ؟ كێ پەسەندی ناكات،بە تێكرای دەنگ پرۆژەكە پەسەند كرا، سوپاس. ئەندامانی لیژنەی یاسا لەسەر سەكۆ بمێننەوە و سوپاسی نوێنەری لیژنەی پەروەردە دەكەین. خاڵی دووەمی بەرنامەی كاری ئەمرۆمان ،خستنەڕوو وگفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای سەندیكای ژمێریارو تەدقیقكارانی هەرێمی كوردستانی عێراقە. داوا لە بەڕێز كاك جەمیل دەكەم بفەرموێتە سەر سەكۆ. ئەم پرۆژەیە خوێندنەوەی سەرەتایی بۆ كراوە بۆیە ماددە بە ماددە دەخوێنرێتەوە رای خۆتانی لەسەر بدەن

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**مشروع قانون نقابة المحاسبين والمدققين لاقليم كوردستان العراق**

**التعاريف**

**المادة الاولى:**

يقصد بالعبارات التالية المعاني المبنية ازائها .

النقابة: نقابة محاسبين والمدققين لاقليم كوردستان العراق .

المجلس: مجلس النقابة .

النقيب: نقيب المحاسبين والمدققين .

المحاسب والمدقق: كل عضو في النقابة حاصل على:

أـ شهادة البكالوريوس او ما يعادلها في الاختصاصات (محاسبة وادارة الاعمال) .

ب ـ شهادة دبلوم التي لا تقل مدة الدراسة فيها عن سنتين بعد الدراسة الاعدادية في الاختصاصات المشار اليها في الفقرة (أ).

ج ـ حاصل على شهادة اعدادية التجارة (فقرة ب).

ممارسة المهنة: هي العمل في اختصاصات المحاسبة وادارة الاعمال في احدى مجالات الدراسات والتخطيط للمشاريع والاعمال الادارية والمحسابية ذات الغرض الاداري وتقديم الاستشارات بصددها والاشراف عليها والعمل في الوظائف الادارية والمحاسبية التي يعينها مجلس النقابة.

الاقليم: ويقصد اقليم كوردستان العراق.

**بەڕێز کاکەڕەش نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ تێبینیمان لەسەر ماددەکە نییە.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:لە پێناسەی الاقلیم (یقصد) ی ناوێ ، لیژنەی دارایی

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی دارایی ئەوەیە برگەی سێ(حاصل علی شهادة اعدادیة التجارة (فقرة ب))لابدرێ لەبەر ئەوەی معقول نییە دەرچووی تجارە ببێتە ئەندامی سەندیکا ، بۆیە ئەگەر اکتفا بکرێ بە خاوەن بروا نامەی بەکالوریوس و دبلوم باشترە،سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە برگەی (ج) دەڵێ (حاصل علی شهادة اعدادیة التجارة (فقرة ب) مەبەست چیە لەو (ب)ە؟ روون کردنەوەیەکمان دەوێ لەسەر ئەوە.کاک جەمیل

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەبەستیان لە (ب) ئەوەیە وردکاری ئەصلی حساب دەکەن بە پلەی (أ ،ب) بەلام رای ئێمە پلەی (أ،ب)ی پێناوێ هەموویان دەرچوانی دبلۆم و بەکالوریوس بێت، مەبەستیان پلە (ب) بێت ، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز وەزیری دارایی، فەرموون

**بەڕێز سەرکیس ئاغاجان مامەندۆ/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پشگیری لە رای لیژنەی دارایی دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی

**بەڕێز كـــــاكـــــەرەش نەقـــشـــــبـــــەندی:**

**بـەڕێـز ســــــــەرۆكـی ئـەنجـــــــــومــــــــەن.**

ئەوان جـیـایان كـردۆتـەوە، ئەوان ممارسـیــان هەیە، كـەسـانێـك هەن ممارسن دەرچووی ئـامـادەیی بازرگانیە دبلۆمی نییە ممارسە، بۆ ئەوانە ماوەیان داناوە بۆ ماوەی دە ساڵ ئەگەر هەمان كاری كرد دەتوانێ پەیوەندی بەو سـەندیكایەوە هەبێ بە صـفـەتی ئەندام نا وەكـو سـود وەرگـر لەو سەندیكایە،كەسانێك هەن لەو جۆرە لە سەندیكاكانی كۆن و دەرچووی ئامادەیی بازرگانیە. ئەگەر ئێمە ئەوە لادەین ئەوە ئەوانەی كۆن ئەندامن لەو سەندیكایە مەغدور دەبن و ئەندامیەتیان لەغو دەبێتەوە هەندێكیان لەوانەیە ئاستی بەرزیشیان هەبێ، سوپاس

**بـەڕێـز ســــــــەرۆكـی ئـەنجـــــــــومــــــــەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە دەستیان بەرز بكەنەوە، شەفیقەخان فەرمو

**بەڕێـز شــــەفـــــیـــــقــــــە فـــــەقێ عـــبــــــداللە:**

**بـەڕێـز ســــــــەرۆكـی ئـەنجـــــــــومــــــــەن.**

لە بڕگەی ب باسی بڕوانامەی دبلۆمی كردوە كە دوو ساڵ لەدوای قۆناغی ئامادەییەوەیە كەواتە خـۆی بڕگەی ج هاودژە لەگەڵ بڕگەی ب، دەرچوانی ئامـادەیی بازرگـانی قـەد نابن بە ئەندام لە سەندیكای ژمێریاران،بەڕێز كاك شیخ ئاماژەی بەوە دا كە كار دەكەن لەگەڵیاندا بەلام ئەندام نین، ئەوان دەرماڵەیەكی ٢٥٪یان هەیە هەر خۆی لە حكومەتی مەركەزی كاتێ هەموار كرا ئەوان بە یاریدەدەری تێـبـینەر دادەمـەزرێن و هاندەرن بۆ كـادری ناوەندی ، ئەگـەر نا ئەندام نین لە سەندیكای ژمێریاران ، سوپاس.

**بـەڕێـز ســــــــەرۆكـی ئـەنجـــــــــومــــــــەن:**

كاك مەلا هادی

**بـەڕێـز مــــــــەلا هـادی كـــــــــوێـخـــــــــا:**

**بـەڕێـز ســــــــەرۆكـی ئـەنجـــــــــومــــــــەن.**

من هەر ئەوەندەم هەیە، من دوو پرۆژەم لەبەر دەست دایە بۆ نمونە پێناسەی هەرێم لە پرۆژەیەكیان لە كۆتاییە و ئەوەی تر لە سەرەتای پێناسەكانە، ئەوەی خوێندرایەوە شـتێكی تر لە بەر دەستی ئێمەیە،سوپاس

**بـەڕێـز ســــــــەرۆكـی ئـەنجـــــــــومــــــــەن:**

مامۆستا مەلا تاهر

**بەڕێز مــــەلا مـــحـــــمـــــەد تاهر زین العـــابدین:**

**بـەڕێـز ســــــــەرۆكـی ئـەنجـــــــــومــــــــەن.**

دوو تێبینیم هەیە یەكەمیان ئەوەبوو كاك مەلا هادی باسی كرد، دووەم پێناسەی المحاسبیین و المدققین زۆر درێژە خۆی لە بڕوانامەكەدا هاتووە پێویست بەو لام و جیمە ناكات، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک برهان جاف فەرمو.

**بەڕێز بورهان جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەمان پێشنیارم هەبوو سەبارەت بە دانانی پێناسەی هەرێم لە سەرەتای پێناسەکاندا دابندرێ ، دووەم لە هەندێ پرۆژەی تر پێناسەی دەستەی گشتی هاتووە، کەچی لێرە پێناسە نەکراوە لەبەر ئەوەی لە هەندێ ماددەدا باس کراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک ابراهیم سەعید

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانی من کران، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز د. رزگار

**بەڕێز قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیم لەسەر (ممارەسە المهنە) هەیە (هي العمل في اختصاصات المحاسبة وادارة الاعمال في احدى مجالات الدراسات والتخطيط للمشاريع والاعمال الادارية والمحاسبية ذات الغرض الاداري وتقديم الاستشارات بصددها والاشراف عليها والعمل في الوظائف الادارية والمحاسبية التي يعينها مجلس النقابة.) بەرای من ئەو یعینها مجلس النقابە زیادە لەبەر ئەوە خۆییان اختصاصین ئەنجومەنی سەندیکا هیچ وەزیفەیان بۆ دیاری ناکات من پێشنیار دەکەم ئەو برگەیە نەمێنێت (الذی یعینها مجلس النقابە)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئاگادار بن ئەوانە پێناسەن ،لەدەروازەی پێناسەکانن نەگەیشتینە ئەحکامەکان،،لیژنەی یاسایی فەرموون

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو رایەی کە خستمانە روو دوای گفتوگۆیەکی تێر و تەسەل هاتووە کە لەگەڵ کۆمەڵێ ژمێریار و تەدقیکار کردمان کاتێ هەندێکیان هاتن بۆ ئێرە ،لە راستیدا پێشنیاری ئەوان بوو کە ئەو کەسانە برگە (ج) دەیان گرێتەوە بمێنێتەوە، چونکە لە کۆتایی ماوەیەکی بۆ داناوون کە بە چ صفەتێک دەمێنێتەوە دوا راش رای ئەنجومەنە ،سێ برگەی داناوە بۆ ئامادەیی بازرگانی بە ممارس دەمێننەوە وەکو ئەندامی سەندیکا دانادرێن ،لەکۆتایی ماددەکان روون کراوەتەوە،سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەر بۆ روون کردنەوە ئەگەر بیبیننەوە ،بیخوێننەوە ، بۆئەوەی روونتر بێت و زیاتر باسی بکەین چارەگێک پشوو دەدەین سەعات ١٢ کۆ دەبینەوە.

**دوای پشوو**

لەبەرنامەی کارمان دوو خاڵمان ماوە کە کاری لەسەر بکەین ،سەبارەت بە خالی (خستنەڕوو وگفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای سەندیکای ژمێریارو تەدقیقکارانی هەرێمی کوردستانی عێراق.) دوو پرۆژە دابەش کراوە جۆرە التباسێک رووی داوە بۆ ئەوەی ئەو التباسە چارەسەر بکەین، ئەم بابەتە دوا دەخەین بۆ بەیانی.خاڵی سێیەمی بەرنامەی کاریشمان ( خستنەڕوو وگفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای لەغو کردنی کۆمەڵەی هەرەوەزی جوتیاران.) لە راستیدا لەبەر دوو هۆ ئەویش دوا دەخەین یەکەم لەبەر ئەوەی جەنابی وەزیری کشتوکاڵ لێرە نییە و هۆی دووەم پێویست بە هەندێ استفسار هەیە، ئایە لە راستیدا چەند کۆمەڵە ماوە لەو کۆمەلانە و چەند کەس سودمەندە،لەبەر ئەوە ئێمە وەکو سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی نووسراوێک ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران دەکەین کە پێش ئەوەی گفتوگۆی ئەو بابەتە بکەین ئەو زانیاریانەمان پێبدات،بۆیە لێرەدا کۆتایی بە دانیشتنەکەی ئەمڕۆمان دێت بەیانی سەعات دە بە پشتیوانی یەزدان کۆ دەبینەوە.

**فرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**د. رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

به ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

به ناوی گەلەوە

ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

ژمارەی دەرهێنان: ٣٥

رۆژی دەرهێنان: ١٨/١٢/٢٠٠٠

پشت بە حوکمەکانی برگە (١)لە ماددەی (٥٦)و ماددەی (٥٣)ی یاسای ژمارە (١)ی هەمووارکراوی سالی (١٩٩٢)و لەسەر داواکاریی وەزیری پەروەردە و ئەو یاساکارییەش کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە(٢٣)یدا لە رۆژی (١٧/١٢/٢٠٠٠)دا کردوویەتی و، ئەو دەسەلاتەی کە بەپێی برگە (٣)ی یاسای ژمارە (١٠)ی سالی ١٩٩٧ پێمان دراوە بریاری دەرهێنانی ئەم یاسایەمان دا:

**یاسای ژمارە (١٧)ی سالی ٢٠٠٠**

**یاسای یەکەم هەموارکردنی یاسای ژمارە (٤)ی سالی (١٩٩٢)ی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستانی عێراق**

**ماددەی یەکەم:**

ئەمەی خوارەوە لەکۆتایی ماددەی دووەمدا دادەنرێ و دەبێتە برگەی سێیەمی ماددەکە:

٣- وەزیر بۆ ئیدارەی کاروبار و بەجێ هێنانی ئەرک وفرمانی هونەری و پەروەردەیی وەزارەتەکەیدا راوێژکاری دەبێ ببێ وکۆمەکی پێ بکەن، بەلام نابێ لە (٣) سێ راوێژکاری زیاتر هەبن.

**ماددەی دووەم:**

ئەمەی خوارەوە لەکۆتایی ماددەی پێنجەمدا دادەنرێ و دەبێتە برگەی (١٥) پازدەهەمی ماددەکە:

١٥- بزاڤ پێدانی تێکەلاوی و سەروسەختی نێوان قوتابخانە و بیئەی ناوچەکەی و پتەوکردنی رۆلی ئەنجومەنەکانی باوکان ومامۆستایان.

**ماددەی سێیەم:**

ماددەی یازدەم هەموار دەکرێ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

١- وەزارەت باخچەی ساوایان بۆ مندالانی تەمەن لەشەش سال خوارتر دادەمەزرێنێ.

٢- شەرت وشروتی وەرگرتن و خوێندن بۆ باخچەکانی ساوایان رێک دەخا.

٣- بەپێی پێرۆیەکی تایبەت سەرپەرشتیی باخچەی ساوایانی ئەهلییش دەکا.

**ماددەی چوارەم:**

ئەمەی خوارەوە لەکۆتایی ماددەی پازدەمدا دادەنرێ و دەبێتە بڕگەی سێیەمی ماددەکە و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

٣- هەڵگرانی بڕوانامەی ماجستێرو دکتۆرا ئەوانەی لەمەسلەکی ئەدریس لەسەر میلاکی وەزارەتی پەروەردە کاردەکەن، هەموو ماف و ئیمتیازاتێکی هاوشانەکانی خۆیان کە لەزانکۆکان کاردەکەن، هەیە.

**ماددەی پێنجەم:**

ئەمەی خوارەوە لەکۆتایی ماددەی شازدەمدا دادەنرێ و دەبێتە بڕگەی سێیەمی ماددەکە و بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە:

٣- وەزارەت بەپێی ڕێنمایی تایبەت هەموو پێداویستیەکی پەروەردەیی وەک کەلوپەل (اثاث) و کتێب و لەوازمی قوتابخانەیی و شتی دیکەی لەو جۆرە بابەتانە ڕەنێودێنێ و فەراهەمیان دەکا.

## پێکهاتەکانی وەزارەت

**ماددەی شەشەم:**

ماددەی بیست ویەکەم کە تایبەتە بەپێکهاتەکانی مەرکەزی وەزارەت هەموار بکرێ و بەم شێوەیەی خوارەوەی لێ بێت:

١- بەڕێوەبەریی گشتیی دیوان، سەرەڕای ئەوانەش کە لە پێڕوکەیدا پێوەی بەستراون، ئەمانەشی پێوە دەبەسترێ:

أ- نووسینگەی وەزیر.

ب- نووسینگەی بریکاری وەزارەت.

جـ- نووسینگەی پێوەندییە ڕۆشنبیرییەکان.

٢- بەڕێوەبەریی گشتیی تەقویم و تاقیکردنەوەکان.

٣- بەڕێوەبەریی گشتیی فێرکاریی سانەوی و پیشەیی وپەیمانگاکان.

٤- بەڕێوەبەریی گشتیی فێرکاریی سەرەتایی و باخچەی ساوایان و لەناوبردنی نەخوێندەواری.

٥- بەڕێوەبەریی گشتیی بەرنامە و ئامرازی فێرکاری و پلان دانانی پەروەردەیی.

٦- بەڕێوەبەریی گشتیی بزاڤی وەرزشی و دیدەوانی وهونەری.

٧- بەڕێوەبەریی گشتیی خوێندنی سریانی.

٨- بەڕێوەبەریی گشتیی خوێندنی تورکمانی.

**ماددەی حەوتەم:**

بڕگەی دووەمی ماددەی (بیست و دووەم) هەموار دەکرێ و، لەکۆتاییدا بڕگە (٤،٣) یشی بۆ زیاد دەکرێ، وەک ئەمانەی خوارەوە:

٢- وەزیر بۆی هەیە لیژنەی هەمیشەیی و لیژنەی رەفتەنی کە خۆی بەزەرووری بزانێ پێک بهێنێ و، بنەماو بەندو بەست (ضوابط) و ئیختیصاص وخەلاتیان بەپێی رێنمایی بۆ دیار بکا، تا ئەرک وفرمانێ کە پێیان دەسپێردرێ پیادەی بکەن و، راوێژو ئامۆژگاریی هونەری وپەروەردەیی و ئیداری و یاسایی پێشکەش بکەن، بۆیشی هەیە سوود لە شارەزاو پسپۆڕ و لایەنی دیکەی پێوەندیداریش لە دەرەوەی وەزارەتیش وەربگرێ.

٣- وەزیر بۆی هەیە، لەسەر رەزامەندیی ئەنجومەنی وەزیران لە قەزایەکاندا کاتێ پێویست بکا بەڕێوەبەریی پەروەردە بکاتەوە کە هەندێ لەکارە تایبەتیەکانی بەڕێوەبەریی گشتیی پەروەردە لەو یەکە ئیدارییەدا بەپێی رێنمایی پێویست بگرێتە ئەستۆی خۆ.

٤- وەزیر بۆی هەیە، کاتی پێویست بەڕێوەبەری و بەش وهۆبە لە پێکهاتەکانی وەزارەتدا بکاتەوە.

**ماددەی هەشتەم:**

وەزیر بۆی هەیە رێنمایی و پێڕۆی ناوخۆ بۆ ئاسان کردنی بەکارخستنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربهێنێ.

**ماددەی نۆیەم:**

هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێ، کاری پێ ناکرێ.

**ماددەی دەیەم:**

لەسەر ئەنجومەنی وەزیرانە حوگمەکانی ئەم یاسایە بخاتە کار.

**ماددەی یازدەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە وەقایعی کوردستاندا، دەخرێتە کار.

**د. رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە بیست و چوار**

دوو شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٠/١٢/١٨

خولی دووەم

سالّی نۆیەم

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە بیست و چوار

## دوو شەممە ڕێکەوتی ١٨/١٢/٢٠٠٠

***کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی ١٨/١٢/٢٠٠٠ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی (ژمارە بیست و چوار)ی خولی ئاسایی دووەمی، ساڵی (٢٠٠٠)ی خۆی بەست.***

***بەرنامەی کار:***

***بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی مادە(٢٠) لە پێڕەوی هەمووارکراوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی (ژمارە بیست و چوار)ی خۆی لە کاتژمێر (١٠)دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ١٨/١٢/٢٠٠٠ دا بەم شێوەیە بێت:***

***١- خستنەڕوو وگفتوگۆکردن لەسەر موعاناتی پەنابەرە کوردەکانی کۆماری پاکستان وئەو گرتن وخراپەکاریانەی کە لەم دواییەدا دەرحەقیان کراوە.***

***٢- خستنەڕوو وگفتوگۆکردن لەسەر داواکاری ڕێزدار سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بۆ چاوگێڕانەوە بە پرۆژەی هەمووارکردنی یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی ١٩٩٩ی سەندیکای دەرمانسازان و، زیاد کردنی مافی وەرگرتنی ڕەسم ونوێکردنەوەی ئیجازەی کردنەوەی دەرمانخانە و مەدخەرەکان لەلایەن ئەوەوە.***

***٣- بەردەوامبوون لەسەر خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای سەندیکای ژمێریارو تەدقیقکارانی هەرێمی کوردستانی عێراق.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنی ئەمڕۆمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ دەکەین، ئەمڕۆ بە هاتنی لیژنەی یاسا ئینجا نیصاب تەواو بوو لە ڕاستیدا هەندێ لە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان لە کاتی پێویستدا ئامادە نابن، ئەوە مەجبورمان دەکات وەکو دەستەی سەرۆکایەتی ئاگاداریان بکەینەوە هیوادارم هەموولایەک لە کاتی دیاریکراودا ئامادە بن بۆ ئەوەی موشکیلەی نیصابمان نەبێت، ئێستا حاڵی حازر حەوت ئەندامان ئامادە نییە، نیصابەکە بەپەنجاو سێ کەس تەواو بوو نیصابی قانونی هەر بۆ ئەوە ئێستا بووە بە پەنجاو چوار، بەڕێزان بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان لە سێ خاڵ پێک هاتووە:

١- خستنەڕوو وگفتوگۆ کردن لەسەر موعاناتی پەنابەرە کوردەکانی کۆماری پاکستان وئەو گرتن وخراپەکاریانەی کە لەم دواییەدا دەرحەقیان کراوە.

٢- خستنەڕوو وگفتوگۆکردن لەسەر داواکاری ڕێزدار سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بۆ چاوگێڕانەوە بە پرۆژەی هەمواركردنی یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی ١٩٩٩ی سەندیکای دەرمانسازان و، زیاد کردنی مافی وەرگرتنی ڕەسم ونوێکردنەوەی ئیجازەی کردنەوەی دەرمانخانە و مەدخەرەکان لەلایەن ئەوەوە.

٣- بەردەوامبوون لەسەر خستنەڕوو وگفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای سەندیکای ژمێریارو تەدقیقکارانی هەرێمی کوردستانی عێراق.

بەڕێزان وەکو ئاگادارن لەم ڕۆژانەی دواییدا لە ئاژانسەکانی دەنگوباسی عالەمی وڕۆژنامەکاندا دەربارەی کوردە پەنابەرەکانی پاکستان چەند خەبەرێک بڵاوبۆوە ئەوەی شایانی باسە لەو خەبەرە کوردێکی زۆر لە پاکستان هەیە کە بە پەنابەری گەیشتونەتە ئەوێ کۆمسیاری پەنابەرەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دیارە کارەکانیان بە ئاسانی ئەنجام نەداوە بۆ ئەم مەبەستە لە ڕۆژی ئیعلانی حقوقی انسان چوونەتە بەردەم مەقەری نەتەوە یەکگرتووەکان لە پاکستان و لەوێ مانیان گرتووە وپۆلیسی پاکستانی بەپێی ئەو هەواڵانەی کە گەیشتووە بەشێوەیەکی زۆر دڕندانە پەلاماری داون ونزیکەی سەدو پەنجا کەسی لێ گرتوون وبێ سەروشوێن وئێستا مەعلوم نییە بۆ کوێیان بردوون، لەناو ئەوانەی کە مانیان گرتووە لەوێ بەشێکی زۆریان بریندار کراون وخەبەرێکی واش هەیە هەرچەندە ئێمە ناتوانین تەئکید لەسەر ئەو خەبەرە بکەین خەبەرێکی وا هەیە کە ئافرەتێکی کوردیش کوژراوە بۆ ئەم مەبەستە بەچاکمان زانی پەرلەمانی کوردستان باس لەم مەوزوعە بکات، مەوزوعی پەنابەران بەگشتی وئەم مەوزوعە بەتایبەتی وچی پێویستە پەرلەمانی کوردستان پێی هەڵبستێت لەم بارەیەوە ئایا یاداشت بێت ئایا بڕیار بێت ئایا هەرشتێک بێت کە ئێوە بە پەسەندی بزانن، بۆ ئەم مەبەستە تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە لەو بارەیەوە قسە دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە بۆ ئەوەی ناونوسیان بکەین، کاک فەرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لە تەلەفزیۆنەکان موتابەعەی مەسەکەم کرد ولەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم نەک پەنا بەرە کوردەکان بەتەنیا چونکە پەنابەرەکان هەموو کورد نەبوون کە ئەو وەزعەیان دروست کرد، من دیتم ئەوانەی موقابەلەیان لەگەڵ کرد زۆربەی زۆریان عارەب بوون یەکێک لە عارەبەکان گوتی من ژنم تەلاق داوە بەزۆری ژنەکەم ئێستا نازانم لە چ وڵاتێکە ومنداڵم لەگەڵم نایێن ئێستا بچین، لەبەر ئەوە ئێمە وەکو پەرلەمانی کوردستان حەقە نەک هەر باسی تەنیا پەنابەرە کوردەکان بکەین ودەبێ پەنابەرەکانی تر بەگشتی باس بکرێ، ئەوانەی کە لەوێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک سیروان کاکەیی فەرمووّ.

**بەڕێز سـەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەروەکو جەنابیشتان ئیشارەتتان پێدا دیارە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ئەوەی بینرا و بیسترا هەروەها خوێندراوەش ئەو خەبەرەیان بڵاو کردەوە کەوا لە پاکستان لە یۆبیلی زێرینی جارنامەی گەردونی مافی مرۆڤ کۆمەڵێک خەڵکی پەنا بەر و زۆربەیان کە کورد بوون وەکو خەبەرەکانیش بڵاویان کردەوە بەشێکی زۆریش لەو کوردەش خەڵکی شاری کەرکوکن لەبەردەم بارەگای (un) لەبەردەم کۆمیسیاریای باڵای پەناهەندەکان (uncr) کۆبوونەتەوە وموعاناتی خۆیان خستۆتەڕوو کە ماوەیەکی زۆرە لە پاکستان کۆمەڵێکی زۆر پەناهەندە هەیە لەوێ تەقدیر دەکرێ بەگوێرەی ئەو خەبەرانەی کە لەوێوە هاتووە ژمارەی دەقیقمان لا نییە بەڵام تەقدیر دەکرێ لەنێوان دوو هەزار تاکو دوو هەزارو پێنج سەد کەس خەڵک چوونە بۆ ئەوەی پەنابەر بن لەپاکستان بۆ ئەوەی لەوێشەوە دەربچن بۆ وڵاتێکی ئەوروپی یانی کۆمیسیاریای باڵای پەناهەندەکان ڕێگەیان بۆ خۆش بکات بچن بۆ وڵاتێکی تر. دیارە ماوەیەکی زۆرە ئەو داواکارییەیان پشت گوێ خراوە وئەوانیش بۆ ئەوەی شتەکە بخەنە بەرچاو چەند جارێک موراجەعەیان کردووە وکەس گوێی پێ نەداون دیارە ناچار بوون چوونەتە بەردەرگای مەکاتبی (un)لە پایتەختی وڵاتی پاکستاندا وچوونەتە ناو مەکاتبەکانەوە وئەمەش وای کردووە کە هەڵوێستێکی توند پیشان بدرێ بەرامبەریان وداوا کراوە لە دەزگای پۆلیس وئاسایشی پاکستان، هاتوون و ئەو خەڵکەیان گرتووە بەشێوەیەکی زۆر ناشیرین ڕەفتاریان لەگەڵدا کردوون وبێگومان ئەمە شتێکی زۆر زۆر خراپە لە پەنجا ساڵەی دامەزراندنی (uncr) هەروەها لە پەنجاو دووساڵەی جارنامەی گەردونی مافی مرۆڤ ئەم جۆرە کردەوانە بکرێ ئەمە شتێکی موخالیفی حقوقی انسانە موخالیفی ئەو بنەمایانەیە کە ئەساسەن دەزگاکان ومەکاتبەکانی (un) بۆی دامەزراوە ومافی پەنابەرێتی مافێکی مەشروعە لەهەر جێگەیەک بەگوێرەی جارنامەی گەردونی مافی مرۆڤ، لەبەرئەوە من پێشنیار دەکەم لە پەرلەمانی بەڕێز کە یادداشتنامەیەک پێشکەش بکرێ بە کۆمیسیاریای باڵای پەناهەندەکان و ئەم مەوزوعە بخرێتە ڕوو وپێشم باشە وێنەیەک لەو یاداشتنامەیە بدرێتە ڕێکخراوە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ وئەگەریش بکرێ یەکێک لە پایتەختە گەورەکانی جیهانی یان چەند جێگایەک و وێنەیەک پێ شکەش بکرێ بە نوێنەری حکومەتی پاکستان و ئەوە بخرێتە ڕوو کە ئەمانە ئازاد بکرێن وسەرنوشتیان دیاری بکرێ و چونکە هەموویشیان شاردراونەتەوە، لەنێوان سەد تاکو سەدو پەنجا کەس دەبن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاک سیروان، بەڕێز کاک عبدالخالق زەنگەنە فەرمووّ.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی کێشەی پەنابەران ئەگەر کورد بێت ئەگەر عێراقی بێت عموما وەک کاک فرەنسۆ تەئکیدی کرد کە کێشەکە تەنها کوردەکە ناگرێتەوە زۆر اصنافی تری لە موجتەمعی عێراقی دەگرێتەوە، ئەم کێشەیەش کە ئاشوریەکان و تورکمانەکانیش دەگرێتەوە بەراستی کێشەیەکی گشتییە ودوو لایەنی تێدایە لایەنێکی کە پەیوەندی هەیە بەخۆمانەوە، بەڕاستی دەبێ فکر بکەینەوە چۆن ئەم زاهیرەیەچارەسەرێکی دیاریکراوی بۆ بدۆزینەوە، لەلایەکی ترەوە بەراستی ئەبێ دەنگمان بگەیەنینە نەتەوە یەکگرتووەکان و رێکخراوی مافی مرۆڤ بۆ ئەوەی کە ئەوانەی دەردەچن ئەسبابی خۆیان هەیە بەشێکی زۆری لەبەر زولم وتهجیرو تەعریبەکەی کە لەکەرکوک وخانەقین و شوێنەکانی تر دەکرێت وئێستا لەسەری مانگەوە خۆشتان باش دەزانن و زانیاری هەیە حکومەت دەستی کردۆتە ئەوەی کە عەرد دابەش دەکات وپارە دابەش دەکات لەسەر ئەو عەشائیرە عەرەبانەی کە هاتوون و نیشتەجێیان کردوون. دەربارەی کوردەکان لەگەڵ ئەوەم بەراستی ئێمە وەکو پەرلەمان استنکارێکی بەهێز بکەین بەرامبەر ئەو تصەروفەی شورتەی پاکستانی کە ئەوە شتێکی نا انسانییە ئەوانە نە دەستیان داوەتە چەک مجرد مەوقفێکیان وەرگرتووە لەبەرئەوەی ئەو موئەسەساتی (un) تەعامول ناکات بەشێوەیەکی انسانی لەگەڵ ئەو قەومەی کە حەقێکی تەبیعی خۆیەتی لەبەر هەر زروفێک بێت دەچێتە ولاتانی تر، دووەم بەرای من نوسخەیەک لەو یادداشتنامەیە بدرێت بە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئەوەی کە کێشەی پەنابەرەکانی کوردو هەموو عێراق بەراستی چارەسەریەکی بۆ بدۆزرێتەوە هەتاکو ئەگەر بەشێک لەو پارانەی کە هەبێت بە بریاری(٩٨٦)بۆیان تەخصیص بکرێت ونەک عێراق وەک چۆن داوا دەکات لە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ فەلەستینیەکان بەکاریبێنێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک عبدالخالق، کاک مەلاهادی فەرموو.

**بەڕێز مەلاهادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاک سیروان گوتی منیش هەر ئەو قسەم هەبووە بەلام منیش لەگەڵ ئەوەم کە یاداشتێکی رێک وپێک بنوسرێت بۆ حقوقی انسان و وێنەیەک بدرێت بە نەتەوە یەکگرتووەکان واستنکار بکەین و بەردەوام لە سەتەلایتی دەولی ئێمە وەکو بەرنامەیەک دوو سێ رۆژ دووبارە بکرێتەوە بۆ ئەوەی خەڵک تێبگات چونکە ئەو کردەوەیە کردەوەیەکی زۆر نارەوایە بەرامبەر بە ئینسانێک کە انسانی بێ دەسەلاتە لەولاتێک کەوا هیچ کەسێک مەگەر خوا بە هانای بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک د.ناسح فەرموو.

**بەڕێز د.ناسح غفور رەمزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە تەلەفزیۆنەکان بەباشی باسی ئەو ڕووداوەیان کردووە وبە وێنە پیشانیان داوە حەتمەن ئەو هەڵوێستەی کەوا کارمەندانی (un) بەداخەوە نواندوویانە هەڵوێستێکی پەسەند نییە چونکە ئەرکی ئەوان پاراستنی ژیانی مافی مرۆڤە بەتایبەتی کە پەنابەر ڕوو لەوان بکات. ئەو کۆمیساریەی کە لەوێ هەیە بەشێکی کۆمیساری باڵای پەنابەرانە وئەرکی ئەوەیە کەبواریان بۆ برەخسێنێ بۆ ئەوەی بەزووترین کات چارەنووسیان دیاری بکرێت نەک بێ هەڵوێستی پیشان بدرێت یان بوار برەخسێنێ کە پۆلیسی پاکستان ئەو دەورە ببینێ بۆیە من پێم وایە لەو یاداشتەی کە پەرلەمان ئەیدا بە ئەمیندارەتی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەمەشی تێدا دیاری بکرێت، هەروەها ڕەخنەیەکی توند لە پۆلیسی پاکستان بگیرێت بەرامبەر بەو ڕەفتارە ناڕەوایەی کەبەرامبەر بەو پەنابەرانە کردوویانە وجگە لەوە داوا بکرێت چارەنووسی ئەو پەنابەرانەی کە ئێستا نادیارن ئێستا بزرن داوا بکرێت چارەنووسیان دیاری بکرێت ودەست لەو توند وتیژیە هەڵبگیرێت وهەوڵبدرێت کە بواریان بۆ برەخسێت وئینجا ئەو بوارە چ ئازاد بن سەرپشک بن ئەوانەی خەڵکی کوردستانی عێراقن بەتایبەتی ئەوانەی خەڵکی ناوچە ئازاد کراوەکانن ئازاد بکرێن ئایا ئەگەڕێنەوە بۆ کوردستان یان دیسان هەر داوای پەنابەری ئەکەن چونکە پەنابەری مافێکی ڕەوایە هەموو مرۆڤێک حەقێکی تەبیعی خۆیەتی ئەو شوێنە هەڵبژێری کە بێت لێی بژێت لەبەر ئەوە سەرپشک بکرێن ئایا ئەگەڕێنەوە بۆ کوردستان بەتایبەتی ئەوانەی خەڵکی ناوچە ئازاد کراوەکانن ئەوانەش کە دەیانەوێ دەربچن بەتەئکید (un) دەبێت ئەو بڕیارە بدات ئەو وڵاتانەی کە وەریان دەگرن دەبێت ئەو بڕیارە بدات و ئاسانکاریان بۆ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، مامۆستا مەلا محمود دێرشەوی فەرموو.

**بەڕێز مەلا محمود فندی دێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕاستی هەندێ جارەکی مرۆڤ بەری خۆ دەدات وبنوسیت کوردەکی بەرەنگازی کێرێ بێت تەنها جهێ ناخۆیشی بەرەنگاری بووە، لڤێرێ گوتنە برادەرێکی دێت ا بیرا من جارەکا صوعبەت گوتی ئەگەر کوردەک لە یەمەن بێت دعوا بکەیت گازی بکەیت هێ گەلا کێ هێستری من دیتیە هێستریٰ من گازی بکەی وەرە والله تۆ دعوای انفصالی دەکەی، یانی کێرێ بێت کورد هەر جهێ ناخۆشیە، گوتنا برایی هێژا فرانسۆ هەریری بەراستی ڕاستە هەمی دلیا خێرخوازی لهەمی کەسی بن بەلی با وەکی کورد بێژن هەر کەسی میللەتی خۆ دەگری، ئەوەل وعەیالی من پاشی عەیالی برایی من، ئەم عمل گوتنا پێغەمبەرێ خودا (د.خ)(من رأى منكم منكراً فليغيره بيده فإن لم يستطع فبلسانه فإن لم يستطع فبقلبه وذلك اضعف الايمان) عمل ڤێ

گوتنا پێغەمبەر(د.خ) داخازێ لە پەرلەمانێ کوردستان دەکەین وەکو برادەران ئیشارەت دای نارازی بین بە پێ چی زیاتر ئێمە چی دی پێچێ نابێت هەر ئێمە بێچێ بێت خودێ ئێمە قەبیل نەدەکرد، نارازی بین بێتە دیار کرن هەمی اعلام وراگەهاندنا دنیایێ هەمیا، ئەز دبینم باژێ ئەگەر نوێنەرێ حکومەتا هەرێمی کوردستان ومەکاتبێت پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەر عەردەکی هەی هەر دەولەتەکا هەی ئیحتیجاجا پەرلەمانێ کوردستانێ پێشکەش سەفارەتا پاکستانێ بکاتن لوێ عەردا هەی ژبلێ ئەو عەردا وەکی برادەران ئیشارەت دای پێی وگۆتنا کاک د.ناسح گەلەک راستە لڤێرێش ئەگەر احتیاط بێتە کرن ئەڤ فەقیرێ وەکو چوی لەکوردستانی ئازاددا رێگە بۆ وان بێتە ڤەکرن بێنە سەر ماڵ وعیالی خۆیان وچێترە بۆ ئەوان لە دەربەدەری ومن ئەڤ هەندە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک شێخ جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جەعفەر عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو زانیاریەی کە هەیە لەسەر ئەو ڕووداوەی پاکستان زۆربەی لەکەناڵەکانی جیهانی و ڕاگەیاندندا باسی لێوە کراوە لەبەر ئەوە ئەو زانیاریەی کە هەیە زۆر نییە وەکو بەڕێزتان و زۆر لەبرادەران باسیان کرد و نامەوێ دووبارەی بکەمەوە، ئەوەی ئاشکرایە لای هەموومان پەنابەری وئاوارەیی لەدوای ساڵی حەفتاوپێنج جەوە دەستی پێکردووە ولەو کاتەوە بەردەوامە تا نەهامەتییەکانی گەلی کورد بمێنێ تاکورد لەوڵاتی خۆیان نەگا بە ئاواتی خۆی وقەوارەی سیاسی خۆی بۆ دروست نەبێت ئەم ئاوارەیی و ئەو کارەساتانە ڕوودەدات. ئەوە بوو پێش ماوەیەک لەمەوبەر لە شاحنەکانی ئەوروپا چەندین کارەساتی دڵتەزێن ڕوویدا هەروەها ڕۆژانە چەندین کارەساتی تر دەبینین کەبەسەر ئاوارە کوردەکان دێت وئەمەش وابزانم دوا ڕووداوو یەکەم ڕووداو نابێت من هەرچەندە لەو مەوزوعە دەردەچم بەڵام مناسەبەتی ئاوارەکان کە ئەچنە پاکستان یادێک بگێڕنەوە ئەویش یادی پێشمەرگەیەکی قارەمان ودێرین کاک یوسف کە ناسراوە بە یوسفەلچە، کە ئەویش لەگەڵ خێزانەکەی ساڵی ١٩٩١ ئەو کاتەی لە کوردستانی ئێرانەوە ڕووی کردە پاکستان لەرێگادا تووشی جەردەو دزو رێگرەکان بوون وپەلاماریان دان بۆ ئەوەی ڕووتیان بکەنەوە بەڵام ئەو پێشمەرگە قارەمانە مقاوەمەی کرد نەیهێشت دەست ببەن بۆ کەلو پەل وپێداویستییەکانیان بۆیە شەهیدیان کرد هەزار رەحمەتی لێ بێت، من لەگەڵ ئەو پێشنیارەم کە برای بەڕێزم کاک سیروان باسی کرد کە یادداشتنامەیەکی نارەزایی بدرێت بە (un)کۆمیسیاری پەنابەران لە پاکستان وهەروەها بە دەزگاکانی مافی مرۆڤ بۆ ئەوەی چارەسەرێکی باش بۆ ئەو پەنابەرانە بدۆزنەوە وهەروەها ئەوانەش کە دیار نینە و ئەنفال کراون سەنوێشتیان مەعلوم بێت وهەوڵی ئەوە بدرێت کە بنێرنە دەرەوەی پاکستان،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس ، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مشخب ون الهجرە دەردێکی مەزنە ومرۆڤ تووشی زۆر ناخۆشی دەبێت ولەم کۆبوونەوەیە گەلەک شت باس کران، میللەتی کورد تووشی گەلەک موشکیلە بووە ومەشاکیل زەحفە تاکو ئەم مەشخبونە کەمتر دەبێتن داخازەکیش دەولەتی تەحالیفێ ژوێن بێتە کرن وەکو خەتێ سی وشەش تەمامی بێتە حمایە کرن وداکو کوڕێن میللەتی کورد ژدەرەوە بشێن بێن هەرێمی کوردستانێ هەتا نوکە، شەنگار، هەلقوش، تلکێ شێخان، مەخمور، فایدیە، ئەڤە نەهاتنە حمایە کرن ولبن دەستێ رژێمی مایە، ودەربارێ ئەڤ رووداوا پاکستانێ چاک ئەوەیە وەکی برادەران ووتیان موزەکەرەیەکی جەنابێ وا بۆ پەرلەمانێ پاکستانێ کو نەڕازیی بوون لسەر تەعدا کردن لەسەر مشختیێ کورد وعێراقی وڤیا بێنە پاراستن ولدیف مەرجا یاسا هجرا عالەمی بێنە چارەسەر کرن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز شەفیقە خان فەرموو.

**بەڕێز شەفیقە فەقێ عەبدوللا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە داخێکی زۆرەوە بیستمان، کە پەنابەرەکانمان لە پاکستان لەهەر نەتەوەیەک بن لەهەر میللەتێک بن ئەو کارەساتەیان بەسەر هاتووە بەگشتی بەلام بۆ کوردەکان بەتایبەتی چونکە لە سیاچارەی بەختی رەشی کورد لە هەر شوێنێک بێت هەر لەگەڵ ئەنفال ولەگەڵ ماڵوێران کردن ولەگەڵ دەربەدەرییە هەر ئەبێ ئافرەتان و منالان جیاواز بن لە سەرۆکی خێزانەکەیان ولەهاوسەری ژیانیان بۆ ئەوەی نەگبەتیەکەیان لەسیاچارەی رەشی ئەوان نووسرا بێت، لێرەوە دەنگی خۆم دەخەمە پاڵ دەنگی ئەوان و داوا لە (un) دەکەم و لە دەزگاکانی (un) وهەروەها ئەوانەی کەوا بە مافی مرۆڤ وبە پاراستنی مافی مرۆڤ هەڵئەستن چارەسەری ئەو مەسەلەیە بکەن چونکە ئەوانەی کە رۆیشتوون لەوێ هیچ لەخۆشی نییە هەمووی لێرەوە لە دەست ئەنفال و کیمیا باران وگرتن و رەش بگیری لە وێران کردنی دێهاتەکان ولە وێران کردنی ماڵی کوردستانەوە رۆیشتووە، لەبەر ئەوە داوا لە هەموو پەرلەمانی کوردستان و لەجەنابتان دەکەم کە یادداشتنامەیەکی استنکار بەرزبکرێتەوە بۆ (un) و هەروەها بۆ دەزگاکانی مافی مرۆڤ و بۆ پاکستان بۆ ئەوەی پیاچوونەوەیەکی سریع بکرێتەوە وبە حەقی مافی ئەوانەی کە لەوێ زۆریان بێ سەروشوێنن وهەروەها ئافرەتی کورد لەوێ هاتە کوشتن بەداخەو پەژارەیەکی زۆرەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس شەفیقە خان، بەڕێز د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وادیارە قەدەرا مێژوویا لچەرخێ تازەدا لە سەر گەلی کورد رەنگێ تراجیدیا هاتیە نووسین ژبەر ئەگەرێ سیاسەتا قر کردن وئەنفال وتەعریب و نەچاربێن لەولاتێ خۆ بهێلن کورد کوردستانا خۆش تەڤێ وبەرەڤ ولاتێ بیانیا بچن وتوشێت رەنگێت کارەسات وتراجیدیەت دلتەزێن ببیت وچ لسەر سنورا تورکی بگرە تاکو دەگەهیە یونانستان وبگرە ایطالیا چ ئەڤروکا کە ژمارەکا کەس وکارێت مە ناچار بووینە لەبەر زرووف وتاودانێ ژیانان تەنگ وناخۆش لپاکستانێ وەکو رایا خۆ دەربڕین ولەگەلێ خەلکێکی دی وەکو وان ئیش و دەرد هەین لبەردەمێ (un) ئامادە بن وداخوازا (un) بکەین کە پاراستنا مافی وان بکەین ومحاولە بکەین و کاودانی ژیانا وان خۆش بکەین، بەراستی هەر جهێ دکتاتۆریەت لێ دەست پێبکات و سیستەمێ دکتاتۆری یەک لایەنی لێ دەست پێبکەن ودەسەلاتێ وەربگرن ژێنگە نینە رەنگێکی مافی مرۆڤ خرق بکەن خەلکێ بئێشین وپاکستانێش ئەڤرۆ پاش کودەتا عسکری وەکو ژیانا دیموکراتی وژیانا فرەلایەنی وژیانا پەرلەمانێ تەعقید کری هەر ئەڤە چاڤڕوانی ئەوانە کە بێن ئەڤرۆکە لەبەردەمی (un) خەلکێکی بێ دەسەلات بێ چەک ژن مندالێ بچووک ئەڤرۆکە حازر بن و داوا مافەکی مرۆڤێ بکەن ومافەکی هەندێ بکەن کو چارەنووسێ وان دیاری بکەین وشملی عائلی بێتە کرنێ وژیانا وان خۆش بکەن وبڤێ رەنگێ قەسوەتێ لەگەلێ بەکار بێن وخەلکێکی بریندار بکەن وخەلکێکی بگرن و بێ سەراشوێن بکەن، یانی بەراستی هەر ئەڤەیە خەصلەتی سیستەمی دیکتاتۆری وهەر ئەڤەیە چاڤڕێ وان سیستەما کوێی مافی مرۆڤ بن پێ دکەن وڤێ سیتەرێ دەسەلاتێ وەرگرن، وادیارە ئاخاتنێت مە تەقریبەن هەمی یەکن هەمی پشتەڤانی و بۆچوون ورەئیا وان لەگەلێ وان براو خوشکی خۆ دەربڕین وپشتەڤانێ وان هەر ئەڤە پێ شک دبێتن ومذکرەیەک بدەنە (un) ئیدانەی ڤی کارا بکەن یەک یا دوویێ محاولە بکەین (uncr) ئەڤ بواسطا هەیئاتا فەدەولی ئەوەل کەسێ هاتیە گرتنێ وبەسەراشێن بەرەڵلا بکەن و ئازاد بکەن وچارەنووسیەکی بۆ پرسا وان وەربگرن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس د.رزگار، بەڕێز کاک رەجەب فەرموو.

**بەڕێز رەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وادیارە کە میللەتی کورد هەر عەردەکی بەری خۆ بداتن هەر عەردەکی بچیتن بەر زولم و تەعدایێ، تەعدایەک و زولمەکا دیکەی دێتە کرن دەبێ فێ ضریبا بداتن، ئەڤ میللەتێ هەزار

یێ فەقیر یێ بەر تەعدایێ رەڤێ بۆ لەعێراقێ بۆیە چوویێ پاکستان لوێرێ رێگەک ببیننەوە بەڵکی خۆ لە زوڵم وتەعدایی خەلاص بکاتن دیسان تووشی کاریسەیەکا دیکە ببێ وتوشی زوڵمیەت بێ توشی ناخۆشی ببێت توشی گرتنێ ببێت هاتە کوشتنێ و احتمالە هی شورطەی (un)یش هاوکار بووینە بۆ ڤێتە چەندێ، ئەوجا بەدەل کە رێزو احترام هاتە کرنکە وەکی دەخیلەکینە لەوێرێ ئەڤ تەعدایەیان لێ هاتە کرن ئەویش وەک ئەندام پەرلەمان و برادەرێت مە هەمیا پێشنیار دەکەم کە موزەکەرەیەک بێتە بلند کرن بۆ رێکخراوا مافی مرۆڤ ل(un) بۆیە ئەم وەکی احتجاجەک سەر وا تەعداو زوڵمێ میللەتێ هاتیە کرنێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز فەوزیە خان فەرموو.

**بەڕێز فەوزیە عەزەدین رەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ساڵی ١٩٩١ لە بەهاری ١٩٩١ لەکاتی کۆڕەوەکەدا کۆمەڵێکی زۆر لە کورد لە رێگەی ئێرانەوە بەرێگەی ئەفغانستاندا گەیشتنە پاکستان ژمارەیان زیاتر لە سێ هەزار کورد دەبوون وەزعێکی زۆر نالەبار ئەژین ودیارە پەنابەری کورد لەزۆر وڵاتان هەیە ولە پاکستان وەزعیان زۆر خراپە بۆیە خۆپیشاندنیان کردووە وخۆپیشاندانەکەشیان یەکێکە لەبەندەکانی جاڕنامەی مافی مرۆڤ کە حەقی ئەوەیان هەیە دەنگی خۆیان بلند بکەنەوە و وەزعی نالەباری خۆیان بە (un)بگەیەنن، وەزعی کوردەکانی پاکستان زۆر نالەبارە ورێگەیان نادەن نە مافی پەنابەریان دەدرێتێ ونە رێگەشیان پێ دەدەن کە بچن بۆ وڵاتێکی دیکە زۆربان بەرێگەی جیا جیا گەیشتوونەتە بلوجستان گەیشتوونەتە شاری کوێتەی بلوجستان کە لەوێ نزیکەی سێ هەزار کورد هەن وەک نووسەری کوردی بلوجستان میر عبدالرحمن میر حەکیمی کورد دەڵێ کە لە زەمانی کیسرای نەوشێروان کۆمەڵێک کورد لە حەلەب وشامەوە راگۆزراون ئیستا لە شاری کوێتەی بلوجستان نیشتەجێن کوردەکانی پاکستان ئەو پەنابەرانەی کە لە ١٩٩١ چوونەتە پاکستان بەرێگەی جیا، جیا هەندێکیان خۆیانگەیاندۆتە ئەوێ و وەزعیان زۆر نالەبارە وهەتا منالەکانیان بێ بەش بوونە لەخوێندن ومن لەساڵی ١٩٩٣ەوە زۆر جار لەم لاو ئەو لای رۆژنامەکاندا بینیومە کە گازندەو گلەیی ونوسراوی جیاجیا لەسەر ئەو کوردانەی پاکستان کراوە وکارێکی نامرۆڤانەیە کە پۆلیسی پاکستان بەو شێوەیە رەفتاری لەگەڵ کوردەکانی ئەوێ کردووە ولێرەوە داوا لە پەرلەمانی کوردستان ئەکەم کە وەکو برادەرانم یادداشتنامەیەک بنوسرێ و پێشکەش بکرێ بە (un) بە هەموو نوێنەرانی ئێمە لە هەر کوێیەکن لە وڵاتاندا بۆ ئەوەی دەنگی ئەو کوردانە بگەیەننە دنیا وئەو کوردانەش زۆربەیان خەڵکی کەرکوکن کە دووبارەو سێ بارە ئاوارە بوونەتەوە لێرەدا ئەگەر ئێمە ئیستقراری سیاسی و کیانی سیاسیمان

هەبێ قەد لەو باوەڕە نیم کە کورد رووبکاتە وڵاتێکی تر ولێرەشدا داوا دەکەم کە بیر لە وەزعی میللەتی کورد بکرێتەوە کە کیانێکی سیاسیمان بۆ دابین بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە کاتێک کە میللەتانی جیهان لە رۆژی ١٠/١٢ یادی تێپەڕبوونی (٥٢) ساڵ لەسەر تێپەڕبوونی جاری گەردوونی مافی مرۆڤیان دەک ردەوە هەردوو رۆژ بەدوای ئەم رۆژە پیرۆزەدا لە رێککەوتی ١٢/١٢ کۆمەڵێک پەنابەری کورد کە زیاتر بوون لە (١٠٠) پەنابەر و لە مانگی زەمەزانی موبارەک و لە دەوڵەتێکی ئیسلامی کە پاکستانە ئەم کۆمەڵە کەسە لەلایەن پۆلیسی پاکستانی دەسگیر کران و بێ سەرو شوێن کران. بەڕێزان لەبەرئەوەی کە میللەتی کورد ئیس تسنائە لەهەر میللەتێکی تر لە جیهاندا نەبوون بە خاوەن بڕیاری سیاسی سەربەخۆی خۆیان و، لەهەر چوار پارچەکانی کوردستان کورد لە بارێکی سیاسی ئابووری خراپدا دەژی، هەرچەندە نیزامەکانی حکومی ئەم چوار دەوڵەتانە ئیمزایان لەسەر مەبادئ و بەڵگەنامەکانی نێو دەوڵەتی کە پەیوەندی بە مافی مرۆڤەوە هەیە کردووە، بەڵام لە واقیعدا کورد دەچەوسێننەوە و بە هیچ شێوەیەک دان بە مافی رەوای میللەتی کورددا نانێن و هەرچی زوڵم و زۆرداریە لەگەڵیاندا بەکاردێنن کە بووتە هۆی ئەوەی کورد بەرەو هەندەران بچن و لەم رێگایەدا تووشی کارەسات و ئێشوئازارێکی زۆر بن کە رۆژانە لە دەزگاکانی راگەیاندن دەیابینین.

پاکستانیش یەکێکە لەو دەوڵەتانە کە لەم دواییەدا ژمارەیەک لە پەنابەرانی کورد روویان تێ کردووە و ژمارەیان لە دوو هەزار پەنابەر زیاترە کە زۆربەیان کوردی عێراقن و خەڵکی دڵی کوردستانن (کەرکوک) و ئەوانی تریش کوردی ئێرانن. بەتەسەوری ئەو خەڵکە کە روویان کردۆتە دەوڵەتێکی ئیسلامی مامەڵەیەکی باشیان لەگەڵدا دەکرێت و بارودۆخیان چاکتر دەبێت، بەڵام وادیارە کە لە بارودۆخێکی یەکجار سەخت و خراپ دەژین، لەبەرئەوە ژمارەیەک لەو پەنابەرانە کە نزیکەی (١٥٠) کەس دەبوون پەنایان برد بۆ خۆپیشاندانەک بەرامبەر دەزگای نەتەوە یەکگرتووەکان تاکو گوێیان لێ بگرن و چارەسەرێک بۆ کێشەکەیان بکەن، بەڵام لە جیاتی ئەوەی ئەو دەزگایە بەکاری ئاسایی خۆی هەڵبستێ و تەقدیری باری دەروونی ئەو خەڵکە بکات و چارەسەری کێشەکەیان بکەن پەیوەندی بە پۆلیسی پاکستانی کرد و پۆلیسی پاکستانیش بەشێوەیەکی دڕندانەو نامرۆڤانە کەوتە ناو ئەم خەڵکەو لەم رووداوە ئافرەتێکی کورد گیانی لەدەست دا و چەند کەسێکی تر بە سەختی بریندار بوون و هەندێکی تر کە ژن و منداڵ بوون بۆ شوێنێکی نادیار بردران.

لێـرەدا داوا لە نەتەوە یـەکگرتووەکـان دەکـەین ئەو کـەسـانەی لەو دەزگـایەی un کــار دەکــەن مـوحـاسبـە بـکرێن، هەروەهـا داوا لە مـفـەوەزییـفـەتـی باڵای کـاروباری پـەنابەران دەکـەین کـە چارەسەری کێشەی ئەم پەنابەرە کوردانە بکەن، سوپاس.

**بـەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن:**

زۆر سوپاس. هیچ تێبینی تر هەیە؟. کاک سەعید فەرمو.

**بەڕێز مـحـەمـەد سـەعـیـد ئـەحـمـەد یـەعـقـوبی:**

**بـەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن.**

من زۆرم لا سـەیرە ئەو کـەسـانە بـە هەزارەها کـەسی پەنابـەر کـە (٢٠ـ ٢٥) سـاڵە لە دەرەوەی وڵاتــن unلێـرە بواری بۆ رەخسـاندوون و هەمـوو گـەڕاونەتەوەو خـانوویان بۆ کـراوە پێداویستییەکـانی ژیانیان بۆ دابین کـراوە باشە ئەوانـەی دەچنە پاکسـتان بۆچی پاکسـتانیان لا باشترە لە کوردستانێکی ئارام و ئاوەدانی وەکو ئەمڕۆکە.

پێشنیار دەکەم پەیوەندی بکرێت بە رێکخراوەکانی un لەوێ بەڵکو بواریان بۆ دەرەخسێنی بۆ گـەڕانەوەیان بۆ کوردستانی عـێراق، چونکە من پێـموایە ئەوانە ئەگـەر خەڵکی کـەرکووکیش بن لێرە و لە سلێمـانی جـێگایان زۆر بۆ کـراوە، ئایا هاووڵاتییـەکی کـەرکووکی بۆچی دەچێت لە پاکسـتـان لـەو بارە نالەبارە دەژیێت بۆچی ناگـەڕێتـەوە کـوردسـتـان کە ئەمـڕۆ (٣) ملیـۆن کەس بەئارامی لە ژێر سایەی بڕیارەکانی un دەژین؟، سوپاس.

**بـەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن:**

زۆر سوپاس کاک سەعید. کاک فرەنسۆ فەرمو.

**بـەڕێـز فـرەنـسـۆ تـۆمـا هـەریـری:**

**بـەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن.**

منیش لەگەڵ ئەوەدام کە یاداشتێکی گونجاو رێکوپێک بنووسرێت ئینجا بۆ کام لاو کام لایەن دەینێرن، هەروەها داوا لە جالیـەی کوردی عـێراق یش بکرێت لە دەرەوە خۆپیشاندان ساز بدەن، بەڵام من لەگەڵ ئەوەنیم ئیدانەی پۆلیسی پاکستـان بکرێت، چونکە پۆلیسی پاکستان بەو کارە ناڕەوایەی کە ئەنجـامی دا گەورەترین خزمـەتی ئەو پەناهەندانەی کرد، ئەگـەر ئەو وای نەکردبایە ئێـمـە لە پەرلەمـانی کوردسـتـان ئێسـتـا ئەو بابـەتەمـان نەدەوروژاند، ئەگـەر بەچاوێکی وا سـەیر بکرێت پۆلیسی پاکسـتـان گـەورەترین خزمـەت پێشـکـەشی ئەو ئاوارنە کـردووە، لـەبەرئەوە من تەئکید دەکەم حەز ناکەم پۆلیسی پاکستانی ئیدانە بکرێت، سوپاس.

**بـەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن:**

لەراستیدا تێبینییـەکان هەمـوو بەیەک ئاراستە قسەی تیادا کرا کە جارێ ئەو زانیـیارانەی کە هەن لە دەزگاکـانی راگـەیاندن وەرگیـراوە سـەد دەر سەد نییـە، بەڵام ئەوەی ئەکـیدە رووداوەکە بووە، پەنابەرێکی زۆری کورد لە پاکسـتـان هەیە کە ژمـارەیان لە نێـوان (٢٠٠٠ ـ ٣٠٠٠)ە،

ئەم پەنابەرانە لەناو گرفتدا دەژین و بۆئەوەی چارەسەری گرفتەکەیان بکرێت روویان کردۆتە بارەگای نەتەوەیەکگرتووەکان و داواکارییان پێشکەش کردووە لەدواییدا لەوێ مانیان گرتووە لەجیاتی ئەوەی گرفتەکانیان بەپێی یاساکانی دەوڵەتی و لائحەی مافی مرۆڤ چارەسەر بکرێت، داوایان کردووە لە پۆلیسی پاکستانی، پۆلیسی پاکستانیش لێی داون و ئەزیەتی داون و دەسگیریانی کردووەو، گازی فرمێسک رژێنی بەکار هێناوە بەشێوەیەکی قەمعی رەفتاریشی لەگەڵدا کردوون، ئەمە راستیەو پێویستی بە دوو سێ شت هەیە:

یەکەم: چارەسەری باری ئەوان.

دووەم: استنکاری ئەو حالەتە کەنابێ بەرامبەر بە مرۆڤ وا رەفتار بکرێت بەتایبەتی بەرامبەر بە مرۆڤ بە پێی لائحەی مافی مرۆڤ و یاساکانی نێودەوڵەتی نابێت بەرامبەر بە مرۆڤی پەناهەندە بەو شێوەیە رەفتار بکرێت بەڵکو دەبێت هەوڵ بدرێت مەسەلەکەی چارەسەر بکرێت بەتایبەتی لەلایەن دەزگاکانی نەتەوەیەکگرتووەکان، بۆیە بەچاکی دەزانین پێش هەموو شتێک یادداشتێکی واقیعی بنووسین داخلی تەفاسیل نەبین بەڵام راستییەکە بەو شێوە کورتە روون بکرێتەوە و ئەم یادداشتە ئاراستەی کوفی عەنان و کۆمیسارياتی پەناهەندەکان و هەروەها لیژنەی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان بکرێت و بدرێتە حکومەت و پەرلەمانی پاکستانیش هەروەها یەکێتی ئەوروپی و پەرلەمانی ئەوروپی لەهەمان کاتدا نوێنەرەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم یادداشتە بدەن بە وەزارەتەکانی دەرەوەی ئەو وڵاتانەی کە تێیدا ئامادەن، بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی کە دەمانپارێزن وەکو (ئەمریکا، تورکیا، بریتانیا، فرەنسا)، هەروەها وڵاتەکانی تریش کە نوێنەری حکومەتی هەرێمیان تێدایە.

پێشنیاری سێیەمیش وەفدێکی پەرلەمانی کوردستان بەهەمان یادداشتەوە بچێتە لای مونەسیقی نەتەوەیەکگرتووەکان لە کوردستان، بۆئەوەی ئەو یادداشتە پێشکەش بکەن و باسی ئەوەش بکەن کە پێویستە دەنگی پەرلەمانی کوردستان لەو کەناڵەشەوە بگەیننە نەتەوە یەکگرتووەکان کە پێویستە مەسەلەی پەناهەندەکانی کورد لەهەر شوێنێک بێت بەپێی یاساکانی نێودەوڵەتی و لائحەی مافی مرۆڤ چارەسەر بکرێت و رەفتاری وایان لەگەڵدا نەکرێت، ئەگەر ئەوە بەپەسند دەزانن ئێمە بە ئیجرائاتەکان هەڵدەستین.

تکا لەو بەرێزانە دەکەم کە ئەمە پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە.. زۆر سوپاس.. ئەو بەرێزانەی کە پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە.. زۆر سوپاس.. ئەو سێ پێشنیارەی کە باسم کردن هەموویان وەرگیران و جێبەجێیان دەکەین.

بۆ دەستپێکردن بە خاڵی دووەمی بەرنامەی ئەمڕۆمان تکام وایە بەرێز شێروان حەیدەری و بەرێز کاکەرەش نەقشە بەندی بفەرموونە سەر سەکۆ. هەروەها بەرێزێک لە لیژنەی خزمەتگوزاری و بەرێزێکیش لە لیژنەی دارایی با بفەرموون. بەرێز کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شـــێـــروان نـاسـح حـــەیـدەری:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئەو یادداشـتـەی کـە بەڕێـز سـەرۆکی پەرلەمـان ئاراسـتـەی ئێـوەی بەڕێزی کـردبـوو دووبارە دەیخوێنمەوە وەکو خوێندنەوەی دووەم.

الى المجلس الوطني لكوردستان العراق/ المحترم

اشارةً الى التشريع الخاص بالتعديل الاول لنقابة الصيادلة لاقليم كوردستان ـ العراق الذي اقره المجلس الموقر في جلسته المرقمة (٢٢) والمنعقدة بتأريخ ١٢/١٢/٢٠٠٠، واستناداً الى الصلاحية المخولة لنا بموجب الفقرة (٣) من المادة الثانية من القانون (١٠) لسنة ١٩٩٩، وحيث تبين ان التشريع قد اعتراه نقص واضح استوجبت اهميته اشعار المجلس لتلافي النقص التشريعي في المادة السادسة من القانون رقم (٨) لسنة ١٩٩٩ والتي نوصي بمعالجته ضمن التعديل الاول للقانون المذكور والذي يحمل الرقم ١٦ لسنة ٢٠٠٠ حيث لا زال في دور الاصدار ونقترح لمعالجة الموضوع وبعد التباحث مع السيد وزير الصحة والشؤون الاجتماعية ان تقرأ الفقرات التالية من المادة السادسة كما يلي :ـ

ثانياً : يكون رسم اجازة فتح الصيدلية بنصف دوام (٢٥٠) مائتان وخمسون دينار ورسم تجديد اجازة الصيدلية (المسؤولية + الامتياز) (٢٠٠) مائتان دينار سنوياً.

ثالثا : يكون رسم اجازة فتح الصيدلية بدوام كامل (للمتقاعدين) (٥٠٠) خمسمائة دينار ورسم تجديد اجازة الصيدلية (المسؤلية + الامتياز) (٤٠٠) اربعمائة دينار سنوياً.

رابعاً : يكون رسم اجازة فتح المذخر (١٠٠٠) الف دينار ورسم تجديد اجازة المذخر (للمتقاعدين) (المسؤولية + الامتياز) (٧٥٠) سبعمائة وخمسون ديناراً ورسم تجديد اجازة المذخر بنصف دوام (٥٠٠) خمسمائة دينار سنوياً.

مع التقدير.

د. روژ نوري شاويس

رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق

**بەڕێز کـاکـەرەش مـحـەمـەد نەقشـبـەندی:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئێستاش دەقی تێبینییەکانی لیژنەی یاسا دەربارەی ئەو تێبینییانەی بەڕێزتان دەخوێنمەوە.

الى/ السيد رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق المحترم

م/ رأي اللجنة

تؤيد اللجنة القانونية ماجاء في مقترح السيد رئيس المجلس الوطني حول اضافة الفقرات الواردة في الايضاح الى المادة السادسة في التعديل الاول لقانون نقابة الصيادلة رقم (٨)لسنة ١٩٩٩ وذلك تلافياً للنقص التشريعي الحاصل، راجين التفضل بالاطلاع وعرضه على المجلس للمناقشة.

مع التقدير

محمد حسن بالطة

رئيس اللجنة القانونية

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس. لیژنەی دارایی و ئابووری فەرمو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی دارایی و ئابووری.

ژمارە: ج/ ٣٥

بەروار: ٢٠٠٠/١٢/١٨

ب/ اكمال تعديلات قانون نقابة الصيادلة

كتابكم المرقم ك/ ٦٠ في ٢٠٠٠/١٢/١٨

اجتمعت لجنتنا لدراسة ومناقشة التعديلات والتصحيحات الخاصة بقانون التعديل الاول لقانون نقابة الصيادلة وبعد المقارنة والدراسة والمناقشة مع اصل القانون ايدت لجنتنا وبالاجماع التعديلات المرفقة بكتابكم اعلاه.

مع فائق التقدير والاحترام

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس. لیژنەی تەندروستی فەرمو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کویخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنسیبەت ئەمە وا دیارە کاتی خۆی بەسەر لیژنەکان تێپەڕیوە، ئێمەش لەگەڵ رای لیژنەی یاسادایین بەو شێوەیە چارەسەری ئەو بڕگانە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینییان هەیە تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە.

**بەڕێز کاک ڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە یاساکەدا تەنیا ڕەسمی فتح هاتووە پێویستە دەرمانخانەکان و مەذخرەکان ساڵانە مۆڵەتەکانیان نوێ بکەنەوە، ئێستا تەنیا ئیزافەی نوێ کردنەوەی مۆڵەتی دەرمانخانەکان و مەذخرەکان هاتووە بۆ ئاگاداری بەڕێزتان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینییان هەیە تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە بۆئەوەی ناونووسیان بکەین.

دیارە تێبینی نییەو ڕای هەرسێ لیژنەش لەگەڵ ئەو بۆچوونەیە کە ئەم کەموکورییە پڕ بکرێتەوە، بۆیە دەیخەینە دەنگدانەوە.

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە پەسندی دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە.. زۆر سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە.. هەموارکردنەکان بە گشتی دەنگ وەرگیرا ئەو کەمکورییە پڕ دەکرێتەوە لە هەموارکردنی یاساکە.

سەبارەت بە خاڵی سێیەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان ڕوونکردنەوەیەکی لیژنەی یاسا هەیە تکایە بفەرموون.

**بەڕێز کاک ڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەرئەوەی دوێنێ ئێمە پرۆژەیەکمان لابوو ئێمە گفتوگۆمان لەسەری کردبوو و تێبینییەکانی خۆمان لەسەر تەسبیت کردبوو دەرچوو ئەو پرۆژەی هاتۆتە پەرلەمان جیاوازە لەگەڵ ئەو پرۆژەی لای ئێمەیە، لەبەرئەوە پێ ڕانگەیشتین تێبینی خۆمان دووبارە تەسبیت بکەین و بڵاوی بکەینەوە لەسەر بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئەمڕۆ لە بەیانییەوە لە کاتژمێر (٨ر٥)ەوە ئێمە هەندێک ئیشمان لێ کردووە لەوانەیە ئەمڕۆ بتوانین تەواوی بکەین، جا ئەگەر بکرێت ئەمڕۆ بەڕێزتان دوای بخەن بۆ دانیشتنێکی تر پەنا بەخوا بەیانی تێبینییەکانی ئێمە لەسەر ئەم یاسایە دەگاتە برادەران، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ بەیانی تەواو دەبێت؟

**بەڕێز کاک ڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە لێرە دانیشتنی ئەمڕۆمان تەواو دەبێت، دانیشتنی سبەی سەعات (١٠)ی بەیانی دەبێت، تکام وایە هەموو بەڕێزان بەیانی پێش سەعات (١٠) لێرە ئامادەبن، سوپاس.

**فرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**د. رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە بیست و پێنج**

سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩/١٢/٢٠٠٠

خولی دووەم

ساڵی نۆیەم

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره بیست و پێنج

## سێ شەممە رێكەوتی ٢٠٠٠/١٢/١٩

*كاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی رۆژی سێ شەممە رێكەوتی ٢٠٠٠/١٢/١٩ ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بەسەرۆكایەتی بەڕێز د.رۆژ نوری شاوەیس سەرۆكی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سكرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی (ژمارە بیست و پێنج)ی خولی ئاسایی دووەمی،ساڵی (٢٠٠٠)ی خۆی بەست.*

***بەرنامەی كار:***

***بەپێی حوكمەكانی برگە(١)ی ماددە(٢٠) لە پێڕەوی هەمواركراوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢، دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بریاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی (ژمارە بیست و پێنج)ی خۆی لە كاتژمێر (١٠)دەی سەر لە بەیانی رۆژی سێ شەممە رێكەوتی ٢٠٠٠/١٢/١٩ دا بەم شێوەیە بێت:***

***١- بەردەوامبوون لەسەر خستنەروو وگفتوگۆكردنی پرۆژەی یاسای سەندیكای ژمێریارو تەدقیقكارانی هەرێمی كوردستانی عێراق.***

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەناوی یەزدانی گەورە و میهرەبان و بەناوی گەلی كوردستانەوە دانیشتنی ئەمرۆمان دەست پێ دەكەین، بەرنامەی كاری ئەمرۆمان یەک خاڵە كە ئەویش بەردەوام بوونە لەسەر خستنە روو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای سەندیكای ژمێریار و تەدقیقكارانی هەرێمی كوردستانی عێراق، پێش ئەوەی دەست بەو خاڵە بكەین دوێنێ بەڕێزتان بریارێكتان وەرگرت كە یاداشتنامەیەک ئاراستەی سكرتێری گشتی نەتەوەیەكگرتووەكان بكرێت، یاداشتنامەكە ئامادەیە و بۆتانی ئەخوێنینەوە كاک فەرسەت فەرموو.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/ سكرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

السيد كوفي عنان - المحترم السكرتير العام للامم المتحدة

نود ان نهدي سيادتكم أخلص تهانينا والمجلس الوطني لكوردستان - العراق بمناسبة حلول أعياد الميلاد ورأس السنة ونرفع لمقامكم التهاني بمناسبة حلول الذكرى الثانية والخمسين لصدور الاعلان العالمي لحقوق الانسان الذي استبشرت به الانسانية خيراً بحلولها ذلك الاعلان المعتمد لحقوق الاساسية لكل الناس ومحل الاهتمام المشترك لجميع الحكومات والشعوب وهو

الميثاق الاعظم للبشرية الا انه لمن المفارقات المؤسفة ان تتناقل وكالات الانباء وتعرض شاشات التلفزيون العالمية مناظر تعرض عشرات اللاجئين وغالبيتهم من الكورد لمعاملة قاسية وافراطٍ لا مبرر له في ممارسة العنف والقوة تجاههم من قبل البوليس الباكستاني اثناء مراجعتهم مقر الوكالة الدولية للاجئين في باكستان بتاريخ ١٢/١٢/٢٠٠٠ رافعين اليها مطاليبهم التي لا تخرج عن اطار تحسين اوضاعهم وتأمين ملجأ امن لهم يحفظ كرامتهم الانسانية وهم اللذين ما تركوا اوطانهم الا هروباً من السياسة القمعية والاضطهاد التي عانوا منها جراء سياسات حكومات دولهم فلا يسعنا الا ان نناشد فخامتكم للتدخل لدى حكومة جمهورية باكستان والايعاز الى وكالات الامم المتحدة المتخصصة لتحقيق المطاليب الانسانية للاجئين المقيمين على ارض دولة پاكستان المضيفة لهم.

واطلاق سراح المعتقلين منهم وتحسين اوضاعهم وتبني مطاليبهم في ايجاد مأوى آمن لهم لدى الدول التي تتقبل لجوءهم اليها وتوسط الوكالات والمنظمات الدولية لحل مشكلتهم ووضع حد لمعاناتهم وقد مضت على الكثيرين منهم سنيناً طويلة يعانون الحرمان وظروفاً غير لائقة بأمل انفراج ازمتهم وانفتاح ابواب اللجوء امامهم الى دولة اخرى املين ان يسعى فخامتكم الى تحقيق امنياتهم المنسجمة مع بنود الاعلان العالمي لحقوق الانسان.

وتقبلوا تحياتنا.

د. روژ نوري شاويس

رئيس المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق

صورة منه الى/

الاتحاد الاوروپي ـ المحترم

پرلمان پاكستان ـ المحترم.

حكومة پاكستان ـ المحترمة.

مسؤول مكتب UNHCR في پاكستان ـ المحترم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، دەست بە خاڵی بەرنامەی كاری ئەمڕۆمان دەكەین، كاك شێروان و لیژنەی یاسای فەرموون بێنە ئێرە ، كاك عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پشتگیری خۆم دەردەبڕم بۆ ئەو یاداشتنامەیەی كە بەڕێز د.ڕۆژ پێشكەشی كردووە بەناوی پەرلەمانەوە بۆ كوفی ئەنان، سەبارەت بەو كارە نابەجێیانەی دەسەڵاتداران و پۆلیسی پاكستان كردوویەتی بەرامبەر بەو پەنابەرانە كە ئەوە یەكێكە لە ئیشوكارەكانی پەرلەمانمان، زۆر خۆشحاڵم

که ئێمه موتابەعەی ڕووداوەکان باش بکەین، لەگەڵ ئەوەشدا کە لە بەرنامەی کاردا دانەنراوە، من لە سەرۆکی پەرلەمان داواکارم کە بوارم پێ ببەخشێ، یا بیخاتە بەرنامەی کارەوە، کەوا لەم ڕۆژانەدا هێزی تورکی هاتووەتە ناو وڵاتماندا و، میللەتەکەشمان زۆر نیگەرانن سەبارەت بە هاتنی ئەو هێزانە، جا ئەگەر بوارم پێ ببەخشێ هەتاوەکو چەند قسەیەک بکەم، چونکە زەمیرم ئەزیەتم دەدات، لەبەر ئەوەی کە ئێمە ئەو کێشەیەی کە پەنابەرەکانمان لە پاکستاندا باس دەکەین لە کاتێکدا کە وڵاتەکەمان هێزی بێگانەی بێتە ناو، لە هەستێکی پڕ لە بەرپرسیارێتییەوە ئەم پەرلەمانە کە پەرلەمانی میللەتەکەمانە داوا دەکەم کەوا ئەم بابەتە بە بایەخەوە وەربگیرێت و، بەتایبەتیش کە ئەو لایەنەی کە داوای هێزی تورکی کردووە دەڵێت هێزی تورکی نەهاتووەتە کوردستانەوە، من ئەوە چەند ڕۆژێکە موتابەعەی ئێزگەکەیان دەکەم جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە هێزی تورکی نەهاتووە، لە کاتێکدا من بەچاوی خۆم ئەو هێزانەم بینی، هێزەکەش کەتیبەیەکی مدفعیە و مولحەقاتێکی زۆریشی لەگەڵدایە، ڕاجیمات و مووشەکە و، هاتنە ناو شەقڵاوە و لە هیرانەوە بۆ ئەو ناوچانە چوون، هەتاوەکو دوێنێ تا کاتژمێر «٦»ی ئێوارە من بە چاوی خۆم بینیم کەوا هێزەکانیان بەرەو ئەو ناوچانە ئەڕۆشتن، لەبەر ئەوە دەبێت ئەم مەسەلەیە لەلایەن پەرلەمانەوە بە باشی چارەسەر بکرێت لەبەر ئەوەی هاتنی هێزێکی بیانی بۆ وڵاتمان ئەوە دەستدرێژی کردنە بەسەر سەروەری وڵاتەکەماندا، لەگەڵ ئەوەشدا من لەوە دەترسم کە ئەو هاتنە ژوورەوە پیلانێکی گەوری دژی کوردی بەدواوە بێت، لەبەر ئەوە هەتاوەکو ئێستا نە ڕژێمی عێراق و نە ئێران هیچ قسەیەکیان نەکردووە، ئایا ئەمە بۆ کوشتنی کورد نییە!، ئایا ئەمە بۆ کوشتنی ئەم ئەزموونە نییە، هەتاوەکو کەی هەندێ کەس ماف بە خۆیان دەدەن کەوا هێزی بیانی بێننە ناو وڵاتەکەمان، بە ڕای من ئەبێت ئەم مەسەلەیە زۆر بە بایەخەوە وەر بگیرێت، من نەوەک تەنها دژی هاتنی ئەم هێزانە دەکەم، بەڵکو دژی ئەو لایەنەش دەوەستم کەوا ئەم هێزانەیانە هێناوەتە ناو وڵاتمانەوە، داوا لە پەرلەمان ومیللەتەکەمان دەکەم کەوا نارەزایی دەربڕن بەرامبەر بەم مەسەلەیە، چونکە ئەمە پیلانێکە دژی میللەتەکەمان و ئەزموونەکەمان و، ڕازیش نابین کەوا کوردستان ببێتە گۆڕەپانی ململانێ و شەڕی ئەو سێ وڵاتە لەسەر ئەو میللەتە هەژارە کە تاوەکو ئێستا خۆشی و ژیانێکی ئاسوودەی بە خۆیەوە نەدییوە لە ژێر دەستی ئەو داگیر کەرانەوە، جا لەبەر ئەوە یا ئەم بابەتە بخەنە ناو بەرنامەی کارەوە، یا دەبێت ئەم مەسەلەیە بە بایەخەوە وەربگیرێت لەلایەن سەرۆک و ئەندامانی پەرلەمانەوە و، بۆ ناموسی کورد و ئەزموونەکەمان مەهێڵن هێزی بیانی جا هەر هێزێک بێت بێتە ناو خاکمانەوە، جارێک بەغدا دێتە «باعەدرێ» جارێک ئێران دێنە «کۆیە» و جارێکی تریش تورکەکان بە هەوەسی خۆیان دێنە ناو خاکمانەوە و، کەسیش ڕەدیان ناداتەوە واشی لێ هاتووە کە ئێمە ناتوانین خۆپیشاندانیش بکەین لە ناو شارەکانماندا دژی ئەو هێزانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، له راستیدا پەرلەمانی کوردستان کانگای دیموکراتییەتە بۆیە بوارمان پێت بەخشی کەوا قسەکانت تەواو کەیت، چونکە بابەتەکە لە بەرنامەی کارماندا نییە و، بابەتەکەش ئەگەر بخرێتە بەردەست ئەبێت لەلایەن سەرۆکی یەکێک لە فراکسیۆنەکانەوە پێشکەش بکرێت، ئەویش بەپێی پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، بەڵام مەسەلەکە بە بایەخەوە وەرگیراوە و، من دڵنیام کەوا پەرلەمانی کوردستان بەوپەڕی بایەخەوە وەری دەگرێت، بۆ ئەوەی بخرێتە بەرنامەی کارەوە وەکو باسم کرد دەبێت لەلایەن یەکێک لە سەرۆکی فراکسیۆنەکانەوە پێشکەش بکرێت، یا سەرۆکایەتی پەرلەمان لێی بکۆڵێتەوە و بڕیاری لەسەر بدات، جا بۆیە ئێستا ناتوانین ئەو بڕیارە بدەین، دێینەوە سەر بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان، لەو دوو دانیشتنەی پێشوودا هەندێ کێشەمان هاتە پێش سەبارەت بە پرۆژەی یاسای سەندیکای ژمێریار و تەدقیقکارانی هەرێمی کوردستانی عێراق، بە سوپاسەوە لیژنەی یاسایی خۆیان ماندوو کردووە و گەیشتوونەتە ئەنجام، بۆیە ئەمڕۆ بەردەوام دەبین لەسەر گفتوگۆ کردنی ئەو پرۆژەیە، چونکە خوێندنەوەی یەکەمیشی کراو بۆیە پێویست ناکات جارێکی تر بیخوێنینەوە، ئێستا مادده بە مادده دەستی پێدەکەین، جا کاک شێروان فەرموو ماددەی یەکەمان بۆ بخوێنەوە، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

بسم الله الرحمن الرحيم

**مشروع قانون نقابة المحاسبين والمدققين لاقليم كوردستان العراق**

**التعاريف**

**المادة الاولى:**

يقصد بالعبارات التالية المعاني المبينة ازائها.

النقابة: نقابة محاسبين والمدققين لاقليم كوردستان العراق.

المجلس: مجلس النقابة.

النقيب: نقيب المحاسبين والمدققين.

المحاسب والمدقق: كل عضو في النقابة حاصل على:

أ- شهادة البكالوريوس او ما يعادلها في الاختصاصات (محاسبة وادارة الاعمال).

ب - شهادة دبلوم التي لا تقل مدة الدراسة فيها عن سنتين بعد الدراسة الاعدادية في الاختصاصات المشار اليها في الفقرة (أ).

ج - حاصل على شهادة اعدادية التجارة (فقرة ب).

ممارسة المهنة: هي العمل في اختصاصات المحاسبة وادارة الاعمال في احدى مجالات الدراسات والتخطيط للمشاريع والاعمال الادارية والمحاسبية ذات الغرض الاداري وتقديم الاستشارات بصددها والاشراف عليها والعمل في الوظائف الادارية والمحاسبية التي يعينها مجلس النقابة.

الاقليم: ويقصد اقليم كوردستان العراق.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسایی فەرموون.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة الاولى:**

١- ترى اللجنة اعادة صياغة فقرات المادة كالآتي:

يقصد بالعبارات التالية المعاني المبينة ازاءها:

١- الاقليم: اقليم كوردستان العراق.

٢- النقابة: نقابة المحاسبين والمدققين للاقليم.

٣- المجلس: مجلس النقابة.

٤- السجل: السجل الخاص بالنقابة والمعد لتسجيل اسماء الاعضاء وعناوينهم.

٥- المهنة: من يمارس مهنة المحاسبية والتدقيق وفق احكام هذا القانون.

٦- النقيب: نقيب المحاسبين والمدققين.

٢- ترى اللجنة نقل شروط العضوية الواردة في متن المادة الاولى بتسلسل(آ و ب و ج)الى المادة الرابعة. الخاصة بالعضوية، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی دارایی فەرموون.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنها تێبینی ئێمە لەسەر برگەی «ج» بوو (حاصل على شهادة إعدادية التجارة) لیژنەی یاسایی داوا دەکات کەوا مەرجەکانی بە ئەندام بوون بچێتە ماددەی «٤»، جا ئەو کاتە ئێمە گفتوگۆی لەسەر دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، تکایە ئەوانەی کە تێبینییان هەیە با دەستیان بەرز کەنەوە، کاک مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە ماددەی «١» منیش لەگەڵ رایەکەی لیژنەی یاسادام، کە دەبێت وشەی «إقليم» لە پێشەوە بێت، پاشان برگەی «أ و ب وج» پەیوەندی بە مەرجەکانی بە ئەندام بوونەوە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مـــەلا تـاهیـــر زیـن العـــابدیـن:**

**بەڕێز ســـەرۆكی ئـەنجـــومـــەن.**

دەست خۆشی لە لیژنەی یاسایی دەكەم، بەڵام تێبینییەكیشم هەیە لەسەر برگەی «٥» كە دەڵێت«٥- المهنة: من يمارس مهنة المحاسبية »، پێموایە دەستەواژەكە بەم شێوەیە هەندێ لەنگە، «ممارسة المهنة المحاسبة والتدقيق وفق أحكامها»، نابێت بوترێت «من يمارس المهنه»، ئەگەر برگەی «٦»یش لە جێگای برگەی «٤» دابنرێت باشترە، چونكە نەقیب لە دوای مجلس بێت باشترە، سوپاس.

**بەڕێز ســـەرۆكی ئـەنجـــومـــەن:**

سوپاس، تێبینی پیشەكە لە جێگای خۆیەتی، چونكە «المهنه» ممارسی پیشەكە نییە، بەڵكو ئەبێت پێناسەی پیشەكە بكرێت، جا ئەگەر بنووسرێت «المحاسبة والتدقيق وفق أحكام هذا القانون»تەواو ترە، «من يمارس المهنة» هەڵگیرێت، بەڕێز كاك ئەمین مەولود فەرموو.

**بەڕێز مـــحـــمـــەد ئەمین مـــەولـود:**

**بەڕێز ســـەرۆكی ئـەنجـــومـــەن.**

سەبارەت بە برگەی «ممارسة المهنة» بە رای من ئەگەر بیشی گوێزینەوە بۆ شوێنێكی تر تەنها ئەبێت بڵێین: « هي العمل في الأختصاصات المحاسبة و التدقيق و إدارة الاعمال»، چونكە كارەكانی نەخشەدانان بۆ پرۆژەو رێنمایی كردن كە لێرەدا هاتووە، كاری «محاسبين والمدققين» نییە، بەڵكو كاری ئابووری ناسانە، سوپاس.

**بەڕێز ســـەرۆكی ئـەنجـــومـــەن:**

سوپاس، بەڕێز كاك سیروان فەرموو.

**بەڕێز ســـەرتیپ مـــحـــمـــەد حـــسێن:**

**بەڕێز ســـەرۆكی ئـەنجـــومـــەن.**

تەنها تێبینیم لەسەر شوێنی نەقیبە، پێم چاكە كە لە دوای «المجلس»ەوە بێت، لەبەر گرنگی نەقیب كە لە «سجل»و ئەوانی تر گرنگ ترە، سوپاس.

**بەڕێز ســـەرۆكی ئـەنجـــومـــەن:**

سوپاس، بەڕێز كاك د.ناسح فەرموو.

**بەڕێز د.نـاسح غـــەفـــور رەمـــەزان:**

**بەڕێز ســـەرۆكی ئـەنجـــومـــەن.**

لە ناو پێناسەكاندا من پێم باشە كە پێناسەی «الهيئة العامة»ش بكرێت، چونكە لە ماددەی «١١ و ١٢ و ١٣و ١٥»دا نـاوی «الهيئة العامة» هاتووە و، لە ماددەی «١١»ە كە باسی «الهيئة العامة» دەكات ئاڵۆزی تێدایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسایی تکایە ولامتان.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە «ممارسە المهنە» ئەگەر وشەی «الممارسە»کە لابچێت ئێمە لاریمان نییە،«المهنة: مهنة المحاسبية والتدقيق وفق أحكام هذا القانون»، بەڵام سەبارەت بە زنجیرە ئەوە شتێکی شێوەییە، هیچ لاریشمان نییە کەوا پاش و پێش بکرێت، سەبارەت بە پێناسەی «الهیئە العامە»، ئەویش وەکو هەموو سەندیکاکانی تر بەماددەیەکی سەربەخۆ پێناسە کراوە، پێویست ناکات لێرەدا بنووسرێت چییە، چونکە نووسراوە لە چی پێک هاتووە، واتا لە هەر شوێنێکدا باسی بکرێت کەواتە بە ماددەیەک ناسراوە، جا لەبەر ئەوە پێویست ناکات لە پێناسەکاندا بێت و، لە یاسای هیچ سەندیکایەکی تریشدا نەهاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتا ئەگەر لاریتان نییە «نقیب» بخەنە پێشەوە، کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم عەبدولقادر دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەبێت «ممارسە» هەبێت، تەنها پیشە بەس نییە، چونکە دەبێت ئەو پیشەیە «ممارسە» بکرێت، تاوەکو ببێت بە ئەندامی سەندیکا، دەبێت وشەی «ممارسە»ی لەگەڵ بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، تکایە بە هەموار کردنەوە ماددەی «١» بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة الاولى:**

يقصد بالعبارات التالية المعاني المبنية ازائها.

١ـ الاقليم: ويقصد اقليم كوردستان العراق.

٢ـ النقابة: نقابة المحاسبين والمدققين لاقليم.

٣ـ المجلس: مجلس النقابة.

٤ـ النقيب: نقيب المحاسبين والمدققين.

٥ـ السجل: السجل الخاص بالنقابة والمعد لتسجيل أسماء الاعضاء و عناوينهم.

٦ـ المهنة: مهنة المحاسبية والتدقيق وفق أحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ماددەی «١» دایە بەو شێوەیەی کە خوێنرایەوە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟، ماددەی یەکەم بە گشتی دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین، دێینە سەر ماددەی دووەم فەرموو بیخوێنەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**الفصل الاول**

**«التأسيس والاهداف»**

**«التأسيس»**

**المادة الثانية:**

١- تؤسس بموجب هذا القانون نقابة(المحاسبين والمدققين) لاقليم كوردستان العراق ويكون مقرها في اربيل عاصمة الاقليم ولها ان تفتح فروعاً في مراكز محافظات الاقليم.

٢- تؤسس لجنة تحضيرية مكونة لا تقل عن (١٥) عضواً بموافقة الجهات المختصة، لحين اجراء الانتخابات العامة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی یاسایی فەرموون.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة الثانية:**

اعادة صياغة المادة بفقرتيها كالآتي:

١- تؤسس بموجب هذا القانون نقابة باسم (نقابة المحاسبين والمدققين لإقليم كوردستان وتتمتع بالشخصية المعنوية ويكون مقرها اربيل عاصمةً الأقليم ولها ان تفتح فروعاً في مراكز المحافظات.

٢- تشكل لجنة تحضيرية لايقل عدد اعضائها عن (١٥)خمسة عشر عضواً بموافقة الجهات المختصة لحين اجراء الانتخابات العامة والاشراف عليها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی دارایی فەرموون.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ تێبینیەکمان نییە و، دارشتنی لیژنەی یاسایی زۆر رێکوپێکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەو بەڕێزانەی کە تێبینییان هەیە تکایە دەستیان بەرز کەنەوە تاوەکو ناونووسیان بکەین، کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم باشە لە کۆتایی برگەی «٢» سەقفی زەمەنی بۆ دابنرێت، تاوەکو لەو ماوە دیاری کراوەدا ئەو هەڵبژاردنانە بکرێن، «المدة لا تزيد عن ٥أو ٦ أشهر من تاريخ تقديم الطلب»، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم کەوا پاش «الشخصيه المعنويه» وشەی «الاستقلال المالي والإداري» دابنرێت، وەکو ئەوەی لە هەموو سەندیکاکانی تریشدا هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک د.ناسح فەرموو.

**بەڕێز د.ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە برگە «١»ی ماددەی «٢»دا پێش وشەی «النقابه» کەوانەیەک کراوەتەوە، ئەو کەوانەیە ئەبێت دابخرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە برگە «٢» عەرەبییەکەی لەنگە و پێویستی بە چاک کردنەوە هەیە، دەستەواژەکەی لیژنەی یاسایی باشترە و، ئەگەر ماوەکەشی تیادا دیاری کرابێت ئەوە باشترە«لمدة ٦أشهر»، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، هیچ تێبینی تر هەیە؟، نییە؟، لیژنەی یاسایی فەرموون وەڵام بدەنەوە.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خراپ نییە ئەگەر «سەقفی زەمەنی» هەبێت، ئێمەش ئەوەمان بە نەزەری ئیعتبار وەرگرتووە، بەڵام هێلامان بۆ ئەندامانی پەرلەمان، بە رای من «٣»مانگ بەسە، لە ماوەی ئەو «٣»مانگەدا هەڵبژاردن بکرێت، سەبارەت بە پێشنیارەکەی کاک د.رزگار «الشخصية المعنوية» خۆی ئەوە دەگرێتەوە «الاستقلال المالي والإداري» ئەگەر لەیاسای هەندێ سەندیکادا باس کرابێت ئەوە زیادە، ئێمە رامان وابوو چونکە زەرەر مەند نەبووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا ماددەی «٢» جارێکی تر بخوێننەوە تاوەکو بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز شـــــێـــــروان ناسح حــــەیدەری:**

١- تؤسس بموجب هذا القانون نقابة باسم (نقابة المحاسبين والمدققين لإقليم كوردستان وتتمتع بالشخصية المعنوية ويكون مقرها اربيل عاصمة الاقليم ولها ان تفتح فروعاً في مراكز المحافظات.

٢- تشكل لجنة تحضيرية لايقل عدد اعضائها عن (١٥)خمسة عشر عضواً بموافقة الجهات المختصة لحين اجراء الانتخابات العامة والاشراف عليها خلال مدة «٣» أشهر.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــەن:**

کێ لەگەڵ ماددەی «٢»دایە بەو شێوەیەی کە خوێنرایەوە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟، کەواتە بە گشتی دەنگ وەرگیرا، دێینە سەر ماددەی «٣» فەرموو بیخوێنەرەوە.

**بەڕێز شـــــێـــــروان ناسح حــــەیدەری:**

المادة الثالثة:

تهدف النقابة الى تحقيق ما يلي:

١ـ الارتقاء بالمهنة والمحافظة عليها ورفع المستوى المهني والثقافي والتقني لاعضائها.

٢ـ المساهمة في النهضة الاقتصادية للاقليم والتخطيط لها بالتعاون مع الجهات المختصة.

٣ـ تنظيم قواعد واساليب مزاولة المهنة ومراقبة تطبيقها.

٤ـ التعاون مع كافة الدوائر والمؤسسات والنقابات والمنظمات وتوثيق الروابط مع الهيئات الادارية الاقليمية والعالمية بما يؤمن الارتقاء بالادارة وتطويرها في اقليم كوردستان.

٥ـ العمل على تقوية روح الزمالة والتعاون بين الاعضاء والدفاع عن حقوقهم ورعاية مصالحهم وتقديم الخدمات الاقتصادية والاجتماعية لهم.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــەن:**

سوپاس، رای لیژنەی یاسایی تکایە.

**بەڕێز کـــاکـــەرەش مـــحـــەمـــەد نەقـشـــبـــەندی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــەن.**

رای لیژنەی ئێمە ئەوەیە کە بڕگەیەکی تازە لە کۆتایی ماددەکە زیاد بکرێت ئەویش بەو شێوەیە:

**المادة الثالثة:**

اضافة فقرة جديدة بتسلسل (٦) في اخر المادة وتكون كالآتي:

٦- حصر وتنظيم كامل الطاقات والامكانيات وخبرات المحاسبين والمدققين في سبيل خدمة ومساندة حكومة الاقليم وترسيخ النظام الفيدرالي.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــەن:**

سوپاس، رای لیژنەی دارایی تکایە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ رای دەقی ماددەکەداین، سەبارەت بە بۆچوونی لیژنەی یاسایش کە برگەیەکیان زیاد کردووە، بەرای ئێمە وشەی «حصر» ئەوە دیاری کردنە، ئەگەر بکرێتە «التوجیه والتنظیم» زۆر باشترە لە وشەی «حصر»، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسایی هیچ تێبینییەکتان نییە لەسەر پێشنیارەکەی لیژنەی دارایی، فەرموون.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای ئێمە «حصر» بەهێزترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە با دەستی بەرز کاتەوە، مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێموایە زۆر بە باشی دارێژراوە، بەڵام سەبارەت بە وشەی «حصر» ئەگەر لەگەڵی دا نەبێت باشترە و، ئەم «٦»ە ئەبێت بە «١»، چونکە پشتگیری حکومەتی هەرێم لە هەموو شتێک گرنگ ترە لە کارەکانی سەندیکادا و، پشتگیری حکومەتیش لە یاسای سەندیکاکانی تردا لە پێش هەموویەوە هاتووە، ئەگەر «حصر»ەکەی لەگەڵدا نەبێت پێم باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک ئەمین مەولود فەرموو.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە برگەی«٤» کە دەڵێت: «٤ـ التعاون مع كافة الدوائر والمؤسسات والنقابات والمنظمات وتوثيق الروابط مع الهيئات الادارية الاقليمية والعالمية بما يؤمن الارتقاء بالادارة وتطويرها في اقليم كوردستان.»راستی ئەمە زیادە بە رای من ئەگەر بڵێت«٤ـ التعاون وتوثيق الروابط مع كافه الدوائر والمؤسسات والنقابات والمنظمات التى تتفق أهدافها مع أهداف النقابه.»، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، مامۆستا مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاک ئەمین مەولود رایەکەی منی گوت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ئیبراهیم سەعید فەرمو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(مع کافة الدوائر) پێویست ناکات، چونکە لایەنی پەیوەندیدارە لە بڕگەیەکی پێشتر هاتووە لایەنی پەیوەندیدار ئەوە کفایەت دەکات کەواتە دەبێت لێرە (مع کافة الدوائر) لاببەین، ئەوەی تر کە دەڵێت (مع الهیئات الاداریة الاقلیمیة والعالمیة)، هیئاتی ئیداری عالەمەی چ هاوکارییەکی ئێمە دەکەن؟ بۆچی هەبێت هەیئاتی ئیداری ئیقلیمی بەسە، ئەگەر بمانەوێ باسی دەرەوە بکەین کە باسی رێکخراوەکان و سەندیکاکان دەکرێت بگوترێت (داخل الاقلیم وخارجە)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا تکایە تێبینییتان.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی تێبینی مەلا تاهیر کە داوای کرد وشەی (حصر) لابچێت بەرای ئێمە (حصر) وشەیەکی زۆر بەهێزە دەبێ سەندیکا هەموو تواناکانی خۆی لەوەدا کۆبکاتەوە خزمەتی حکومەتی هەرێم بکات و تەرسیخی فیدرالیەت بکات لەبەرئەوە ئەو وشەیە زۆر پێویستە هەبێت.
سەبارەت بەوەی کاک ئەمین مەلود فەرمووی کە دەبێت لەگەڵ ئەو سەندیکایە گونجاو بێت، چونکە گوتراوە (بما یؤمن الارتقاء بالادارة وتطویرها) مانای وایە (حصر) کراوە هاوکارییەکەی لەو بوارەیە کە سەندیکاو ئیدارەکە پێش بخات، لەبەرئەوە دیاری کراوە ئەگەر ئەهدافیش نەگوترێ لەگەڵ هەر لایەکیش کۆببێتەوە بەس بما یؤمن تطویر الادارە، هیچ گرفت نییە ئەگەر دائرەکەش ئەهدافیشیان هاوبەش نەبێت هاوکاری لەگەڵدا بکات.
سەبارەت بە کاک ئیبراهیم سەعیدیش فەرمووی لێرە مەبەستمان لە (بالارتقاء بالادارە وتطویرها العالمیە) واتە (ادارة النقابات الموجودة في الخارج)، مەبەستمان ئەوەیە جا نازانم ئەو وشەیە بەنیسبەت سەندیکاکانی دەرەوە دەڕوات یان نا؟، بەڵام ئامانجمان ئەوەیە لەگەڵ سەندیکاکانی کە لەدرەوە لە ئیداراتی ئەو سەندیکایانە هاوکارییان لەگەڵدا بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ گرفت هەیە لەجیاتی (حصر) بنووسن (تحشید)؟.

**بەڕێز کـاکـەرەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندی:**

باشە لاریمان نییە.

**بەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن:**

هیچ گرفت هەیە ئەو (عالیە) لاببەن تەنیا ئیقلیمی بهێڵننەوە؟.

**بەڕێز کـاکـەرەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندی:**

**بەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن.**

لەوەش لاریمان نییە.

**بەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن:**

تکایە جارێکی تریش بیخوێننەوە.

**بەڕێـز شـێـروان نـاسـح حـەیـدەری:**

المادة الثالثة:

تهدف النقابة الى تحقيق ما يلي:

١ـ الارتقاء بالمهنة والمحافظة عليها ورفع المستوى المهني والثقافي والتقني لاعضائها.

٢ـ المساهمة في النهضة الاقتصادية للاقليم والتخطيط لها بالتعاون مع الجهات المختصة.

٣ـ تنظيم قواعد واساليب مزاولة المهنة ومراقبة تطبيقها.

٤ـ التعاون مع كافة الدوائر والمؤسسات والنقابات والمنظمات وتوثيق الروابط مع الهيئات الادارية الاقليمية بما يؤمن الارتقاء بالادارة وتطويرها في اقليم كوردستان.

٥ـ العمل على تقوية روح الزمالة والتعاون بين الاعضاء والدفاع عن حقوقهم ورعاية مصالحهم وتقديم الخدمات الاقتصادية والاجتماعية لهم.

٦ـ حشد وتنظيم كامل الطاقات والامكانيات وخبرات المحاسبين والمدققين في سبيل خدمة ومساندة حكومة الاقليم وترسيخ النظام الفيدرالي.

**بەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن:**

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی سێ بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە.. زۆر سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی ماددەی سێ پەسند ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە .. یەک دەنگ پەسندی ناکات ماددە (٣) بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا.

تکایە ماددەی (٤) بخوێننەوە.

**بەڕێـز شـێـروان نـاسـح حـەیـدەری:**

**الفصل الثاني**

**«الانتماء والعضوية»**

**المادة الرابعة**

يشترط في العضو ان يكون:

١ـ من مواطني كوردستان العراق او مقيماً فيه.
٢ـ غير محكوم عليه بجناية غير سياسية او جنحة مخلة بالشرف.
٣ـ حاصلاً على شهادة اعدادية التجارة او دبلوم بكالوريوس في المحاسبة وادارة الاعمال.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسا تكایە.

**بەڕێز كاكەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەرای ئێمە ئەو ماددەیە بەو شێوەیەی كە ئێستا بۆتانی دەخوێنینەوە دابڕێژرێتەوە.

تقترح اللجنة اعادة صياغة المادة كالآتي:

يشترط في العضو ان يكون:

١-من مواطني الاقليم او مقيماً فيه.

٢- غير محكوم عليه بجناية غير سياسية او جنحة مخلة بالشرف.

٣- حاصلاً على:

آ- شهادة بكالوريوس في المحاسبة او ادارة الاعمال.

ب- دبلوم في المحاسبة او ادارة الاعمال.

ج- شهادة اعدادية التجارة وله ممارسة في مهنة المحاسبة او التدقيق لاتقل عن خمسة سنوات.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی تكایە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لیژنەی دارایی رای وایە كە تەنیا ئەوانەی بەكەلۆریۆس یان دبلۆم بالآیان هەبێت دابنرێت دەرچووانی ئامادەیی بازرگانی تێدا نەمێنێت ئەگەر ئەوە سەندیكایەكی ئەكادیمی ئیختساسی بێت وەكو پزیشكان و ئەندازیان و ئابووریناسان، بەلآم ئەگەر سەندیكایەكی پیشەیی بێت وەكو سەندیكای كرێكاران و مومارەسەی (٥) سالّی هەبێت هەروەكو لیژنەی یاسا بۆی چوو لەو حالّەتەشدا ئێمەش لاریمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس كەواتە لاریتان نییە بەمەرجێک (٥) سالّەكەی لەسەر بێت.

ئەو بەڕێزانەی تێبینییان هەیە تكایە دەستیان بەرز بكەنەوە بۆئەوەی ناونووسیان بكەین.

كاك سیروان فەرموو.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن كاكەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بۆئەوەی بڕوانامەی بەكەلۆریۆسەكە رەچاو بكرێت ئەو بۆچوونەی لیژنەی یاسا زۆر باشە كە

بروانامەی ئامادەیی بازرگانی (٥) ساڵی بۆ مومارەسە داناوە، بەلام پێم چاکە بۆئەوەی هاوکێشەکە زیاتر ڕێک بکەوێت دبلۆمەکەش چەند ساڵێک مومارەسەی بۆ دابنرێت تاوەکو بەرامبەر بێت بۆئەوەی کراوە هیچ ئیشکالێک نەمێنێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بەڕێز مەلا تاهیر فەرمو.

**بەڕێز مەلا تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر جوانیان دارشتووە، بەلام سێیەم دەڵێت (حاصلاً على أ و ب وج) خۆ حاصل نابێت لەسەر هەرسێکیان دەبێت بگوترێت (حاصلاً على احدى الشهادات التالية)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینییەکەی زۆر ڕاستە. پرسیارێکم هەیە لە لیژنەی یاسا (غير محكوم عليه بجناية غير سياسية) حکومەتی عێراقی سیاسییەکانی بە چ ماددەیەک حوکم دەدا؟، ئەوانەی لە کوردستان سیاسەتیان کردووەو خەباتیان کردووە حکومەتی عێراق حوکمی داون هەموویانی بە جنایە غیر سیاسیە حوکم داوە دەبێت ڕەچاوی ئەو لایەنە بکرێت، جا دەبیت ئەو بابەتە لە ئایندەدا بیرێکی لێ بکەینەوە، چونکە لە عێراقدا بەپێی یاسای عێراقی بەندی سیاسی نییە، هەرچ سیاسیەکیش کە گیراوەو حوکمدرا بێت بە جنایەکی غیر سیاسی حوکم دراوە لە ئایندەدا بیرێکی لێ بکەنەوە و چارەیەکی ئەو بابەتەمان بۆ بکەن، بەلام ئێستا نا با ئێستا ئەوە بڕوات، تکایە مادده (٤) بە دوا هەموارکردنەوە بخوێندرێتەوە.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە تێبینییەکەی کاک سەرتیپ بەرای ئێمە دبلۆم بەسە، دبلۆمی بالاش دوو جۆرە هەندێکی دوو ساڵە هەندێکی سێ ساڵە بەرای ئێمە ماوەی پێ ناوێت، چونکە گوتمان (دبلوم في المحاسبة وادارة الاعمال)، مانای ئەوەیە ئەگەر دبلۆمی هەبێت هەقە وەکو ئەندامێک وەربگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە مادده (٤) بەو شێوەیە بخوێندرێتەوە کە پێشنیاری دەکەن.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة الرابعة**

يشترط في العضو ان يكون:

١- من مواطني الاقليم او مقيماً فيه.

٢- غير محكوم عليه بجناية غير سياسية او جنحة مخلة بالشرف.

٣ـ حاصلاً على احدى الشهادات التالية:
أـ شهادة بكالوريوس في المحاسبة او ادارة الاعمال.
ب ـ دبلوم في المحاسبة او ادارة الاعمال.
ج ـ شهادة اعدادية التجارة وله الممارسة في مهنة المحاسبة او التدقيق لا تقل عن خمسة سنوات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تكا لەو بەڕێزانە دەكەم كە ماددەی (٤) پەسند دەكەن دەستیان بەرز بكەنەوە.. زۆر سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی پەسندی ناكەن تكایە دەستیان بەرز بكەنەوە.. بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا، یەک دەنگ دژە. ماددەی (٥) بخوێننەوە تكایە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة الخامسة**

١ـ يكون الانتماء الى النقابة بطلب تحريري يقدم الى النقيب او رئيس الفرع في المحافظة مرفقاً بالوثائق اللازمة.
٢ـ يعرض طلب الانتماء على المجلس خلال خمسة عشر يوماً من تأريخ تسجيله في النقابة وعلى المجلس البت فيه خلال هذه المدة، وعند انقضائها دون البت فيه يعتبر ذلك مقبولاً.
٣ـ للمجلس رفض طلب الانتماء بقرار مسبب ولصاحب الطلب ان يطعن فيه لدى محكمة تمييز اقليم كوردستان خلال ثلاثين يوماً من تأريخ التبلغ به ويكون قرار المحكمة باتاً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تكایە رای لیژنەی یاسا تكایە.

**بەڕێز كاكەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەو شێوەیەی كە خوێندرایەوە هیچ تێبینیمان لەسەری نییە، چونكە لەرووی زمانەوانییەوە چەند وشەیەكمان گۆڕی نەكردووە بە تێبینی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی دارایی تكایە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەكەداین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینییان هەیە تكایە دەستیان بەرز بكەنەوە.
كاک ئەحمەد سالار فەرمو.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە کە دەستنیشانی (١٥) ڕۆژ کراوە وەکو لەلایەنی کردارەوە هەستمان پێ کردووە لە سەندیکاکاندا ماوەکە کەمە پێویستە زیاد بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من دەبێت داواکاری بەس بۆ نەقیب پێشکەش بکرێت لە مەرکەزەوە نەک بۆ سەرۆک لق، سەرۆک لق لاببرێت بەتایبەتی لە بڕگە (٢) چونکە (١٥) ڕۆژ دانراوە ئینجا دەڵێت تۆمار بکرێت لە سەندیکا، لەوانەیە لە فەرع ڕەنگە نەدرێتە بە ماوەی (١٥) ڕۆژەکە ئینجا دەبێت پێشکەشی مەرکەزی سەندیکا بکرێت نەک لق، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا فەرمو.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ماوەی (١٥) ڕۆژ لەسەر ئەو بنەمایە دامانناوە ئەگەر بدرێتە سەرۆکی لقیش ئەو بەرواره حساب دەکرێت کە لە ئەنجومەنی سەندیکا تۆمار کراوە واتە لەوێ (١٥) ڕۆژەکە دەست پێ دەکات بۆئەوەی بزانین کە دەڵێین (تسجيله في النقابة) واتە ماوەکە دەست پێ دەکات لەڕۆژی تۆمار کردنییەوە نەک لە ڕۆژی پێشکەش کردنی داواکاری داواکاری لەوانەیە لە لق (٢٠) ڕۆژی پێ بچێت هەتا دەگاتە لامان بەڵام لە ڕۆژی تۆمارکردنەوە لە ئەنجومەنی سەندیکا (١٥) ڕۆژەکە ڕەچاو دەکرێت برادەران ئەگەر لەڕووی کردارەوە ئەو (١٥) ڕۆژەیان لا کەمە بکرێت بە (٣٠) ڕۆژ سەبارەت بە ئێمە وەکو ماوە هیچ لاریمان نییە چونکە بابەتەکە ناگۆڕێت، ئەگەر یەکێک مومارەسەیەکی عەمەلی کردووە لە سەندیکا ڕای وایە (١٥) ڕۆژ کەمە بۆ ئەو کارە بکرێتە (٣٠) ڕۆژ ئێمە لە لیژنەی یاسا هیچ لاریمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە ماددەی (٥) جارێکی تر بیخوێننەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة الخامسة**

١- يكون الانتماء الى النقابة بطلب تحريري يقدم الى النقيب او رئيس الفرع في المحافظة مرفقاً بالوثائق اللازمة.

٢- يعرض طلب الانتماء على المجلس خلال ثلاثين يوماً من تأريخ تسجيله في النقابة وعلى المجلس البت فيه خلال هذه المدة، وعند انقضائها دون البت فيه يعتبر ذلك مقبولاً.

٣- للمجلس رفض طلب الانتماء بقرار مسبب ولصاحب الطلب الطعن فيه لدى محكمة تمييز اقليم كوردستان خلال ثلاثين يوماً من تأريخ التبلغ به ويكون قرار المحكمة باتاً.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تكا لەو بەڕێزانە دەكەم ماددەی (٥) بەو شێوەیەی كە خوێندرایەوە پەسندی دەكەن دەستیان بەرز بكەنەوە.. زۆر سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی پەسندی ناكەن تكایە دەستیان بەرز بكەنەوە.. بەگشتی دەنگ ماددە (٥) وەرگیرا.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة السادسة:**

١- يكون بدل الانتماء الى النقابة ثلاثون ديناراً.

٢- يكون بدل الاشتراك السنوي عشرون ديناراً ويدفع في موعد لا يتجاوز شهر كانون الثاني من كل سنة واذا تأخر العضو عن الدفع في الموعد المحدد فيغرم خمسين بالمئة من بدل الاشتراك واذا تأخر عن الدفع لسنتين متتاليتين دون عذر مشروع فيشطب اسمه من سجل الاعضاء.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تێبینی لیژنەی یاسا.

**بەڕێز كاكەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەنیا (شهر شباط) وەكو سەندیكاكانی تر كرا بە (كانون الثاني)، وەكو تێبینی تۆمارمان نەكردووە بەڵام لەكاتی خویندەوە (كانون الثانی) خوێندرایەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی تكایە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ ئەسڵی ماددەكەداین كە (شهر شباط) بمێنێتەوە تاوەكو ماوەیان هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینییان هەیە تكایە دەستیان بەرز بكەنەوە. كەس تێبینی نییە. لیژنەی یاسا تێبینییتان هەیە لەسەر مانگی (شباط) و(كانون الثاني)؟.

**بەڕێز كاكەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڵێ ئەوە پێشنیاری ئێمەیە كە (شباط) بكرێتە (كانون الثانی)، چونكە لە سەندیكاكانی تر هەمووی بە (كانون الثانی) هاتووە، لەبەرئەوە رامان وایە هەروەكو ئەوان مانگی یەكەم بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە با ئەوەش وەکو سەندیکاکانی تر بێت.

لیژنەی دارایی سوورن لەسەر رای خۆتان؟.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ ئێمە لەگەڵ ئەسڵی ماددەکەداین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارەکەی لیژنەی یاسا دەخەینە دەنگدانەوە. تکایە جارێکی تر بیخوێننەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة السادسة:**

١ـ يكون بدل الانتماء الى النقابة ثلاثون ديناراً.

٢ـ يكون بدل الاشتراك السنوي عشرون ديناراً ويدفع في موعد لا يتجاوز شهر كانون الثاني من كل سنة واذا تأخر العضو عن الدفع في الموعد المحدد فيغرم خمسين بالمئة من بدل الاشتراك واذا تأخر عن الدفع لسنتين متتاليتين دون عذر مشروع فيشطب اسمه من سجل الاعضاء.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی (٦) بەو شێوەیەی خوێندرایەوە کە پێشنیاری لیژنەی یاسایە پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە.. زۆر سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی کە پەسندی ناکەن تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە.. (٥) دەنگ پەسندی ناکات.. بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا.

تکایە ماددە (٧) بخوێننەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة السابعة:**

١ـ لا يجوز مزاولة المهنة لغير اعضاء النقابة الذين اوفوا بالتزاماتهم بموجب هذا القانون.

٢ـ على الدوائر الرسمية ارسال صورة من امر التعيين او التشغيل الى النقابة اذا كان منتمياً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی لیژنەی یاسا تکایە.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینی لیژنەی یاسا بەو شێوەیە:

نقترح اعادة صياغة الفقرة الثانية من المادة كالآتي :ـ

٢ـ على الدوائر الرسمية والشبه الرسمية ارسال صورة من امر تعيين او تشغيل الاعضاء الى النقابة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی فەرمو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕای لیژنەی دارایی بەم شێوەیەیە:

برگەی (١) لاببرێت (حیث لا تتفق مع حاجه مؤسسات ودوائر الحکومه ومبدأ التجاره الحره)، ئەگەر ئەو مەرجە مایەوە مانای وایە کەس مافی نییە لە فەرمانگەیەک مزاولەی پیشەی خۆی بکات ئەگەر منتمی نەبێت بۆ سەندیکا لێرەش ئێمە مەرجمان دانا دەبێت بەکەلۆریۆس یان دبلۆمی لە محاسبە هەبێت یانیش بازرگانی بێت باشە یەکێک دەرچووی ئامادەییە بەشی زانستی یانیش دەرچووی بەشی ماتماتیکە لە فەرمانگەیەک دادەمەزرێت و پلەبەندی دەکرێت و دەبێتە ژمێریار، لەبەرئەوە ئێمە ئەو مەرجە بەزیاد دادەنێین، لەلایەکی تر محاسب قانونی بەخۆی بەپێی یاسا ئەوەی داخل نەبێت دەرماڵە وەرناگرێت زۆر کەس هەن لە نووسینگەکانی بازرگانی کار دەکەن بەلام ئیختیساسیان موحاسەبە نییە بەلام مومارەسەیان هەیە و ئیشی خۆیان دەکەن، لەبەرئەوە ئەم برگەیە نەمێنێت زۆر چاکترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینییان هەیە تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە.

د. رزگار فەرمو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر پرۆژەی لیژنەی یاسا بدرێتە دەنگدانەوە من تێبینیم لەسەر نییە، بەلام ئەگەر ئەوەی ئەسڵییەکە بێت (اذا کان منتمیا) دەبینم تەناقوضی لەگەڵ برگەی یەک هەیە (لا یجوز مزاوله المهنه) لەدوای ئەوە (اذا کان منتمیا) دێت واتە تناقضێک لە نێوان هەردوو برگەکەدا هەیە، ئەگەر پرۆژەی لیژنەی یاسا بدرێتە دەنگدانەوە ئێمە هیچ تێبینیمان لەسەر نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. بەڕێز مەلا هادی فەرمو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ ڕای لیژنەی یاسادام، چونکە ئەو پەسندترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەرای من ڕای لیژنەی دارایی بەجێیە، چونکە پیشەکە قەدەغە دەکات کە ئەندامی سەندیکا نین و زۆر لەوانەی کە بە مودەقیق کار دەکەن و ئەوانەی لە کارەکانی ئیدارەدا ئیش دەکەن لە دەزگاکانی

حکومـەتدا بڕوانـامـەی بەکـالۆریۆس یـان دبلۆم یان ئامـادەیی بازرگـانیـان نیـیە، بەڵـکو دەرچووی ئامادیی یان بەشێکی ترن بەو کارە هەڵدەستن و لە پلەبەندی وەزیفی دەبن بە ژمێـریار لەبەرئەوە ئەم دەقە ڕێگا لەوان دەگرێت کە ئیشەکە بکەن ئەوە گرفتێکمان بۆ دروست دەکات. ئەگەر تێبینی تر هەیە تکایە دەستتان بەرز بکەنەوە بۆئەوەی قسەی تێدا بکەین.
فەرمو کاک فرەنسۆ.

**بەڕێـز فـــــرەنـســـــۆ تـۆمـــــــا هـەریـری:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

منیش لەگەڵ پێشنیـارەکەی لیژنەی داراییم، چونکە خۆیان لە یاساکە بۆ دەرچووی ئامادەیی بازرگـانی (٥) سـاڵیـان داناوە دەبێ مـومـارەسـە بکات هێشـتـا ئەندام نییـە لەسـەندیکا کـە مومارەسەکە دەکات ئەگەر ئێستا ڕێگای لێ بگریت ناتوانێت مومارەسە بکات ئینجا ببێتە ئەندام کەواتە ئەمە لەگەڵ (٥) ساڵەکە یەکتر ناگرێتەوە.

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

لیژنەی یاسا دەتوانن بیگونجێنن لەگەڵ لیژنەی داراییدا؟.

**بەڕێز کـــاکـــەرەش مــحـــمـــد نەقـشـبــەندی:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

ئێـمە بە مـاددەیەکی سەربەخۆ لە ئەحکامی کۆتایی ئەمـەمان چارەسەر کردووە و بەوشێـوەیەش هاتۆتە خوارێ و بەرای من جێی خۆی دەگرێت (يحق لكل من يحمل عنوان مدقق او المحاسب الانتماء الى النقابة ممن لا تتوفر فيهم الشروط الواردة في المادة الرابعة على ان لا تقل خدمتهم الوظيفية عن عشر سنوات في تلك المهنة) مەوزوعەکە ئەوەیە ئەو دەرچووانەی کە دەرچووی ئەم ئیختساسانە نینە بۆ ماوەی دە ساڵ لەو پیشەیە کاریان کردووە مافیان هەبێت ببنە ئەندام لەو سـەندیکایەدا ئامـانجـەکـە ئەوەیەو ئێـمـە چارەسـەرمـان کـردووە، ئەمـە ڕێگا ناگـرێت لە دەزگـا ڕەسمییەکان، مومارەسەی پیشەش هەمیشە لە دەرەوەی کاتەکانی دەوامی ڕەسمییە، لە دەسەلاتی سەرۆکی دائیرەیە فـەرمانبەرێـک کە دەرچووی ئامـادەییە تەنسـیبی دەکـات بۆ بەشی ژمێـریاری مومارەسەی پیشە زۆربەی زۆری دوای دەوامی ڕەسمی دەگرێتەوە، سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجــــــومـــــــەن:**

بەڕێز کاک جەمیل فەرمو.

**بـەڕێـز جــــــەمـــــــیـل عــــــەبـدی سـنـدی:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

لەگەڵ ڕێزم بۆ کـاکەرەش ئەو دەقەی خوێندنەوەی جێگای ئەو ناگرێت، دەڵێت (١٠) ساڵ باشە ئەو (٨ ـ ٩) سـاڵە چ مومـارەسە دەکات کە موعـاریزە بۆ ئەسڵی ئەو مـاددەیە ئەو بڕگـەیەی لە مـاددە (٧) کە ئێـمـە داوا دەکـەین ئیلغـا ببێت، لەبەر پێـویسـتـییـەکانی دەوائری دەوڵەت هەتا نووسینگەکانی بازرگانی و زۆر شتی تر، سوپاس.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وادیارە زۆربەی برادەران تەسەوریان وایە ڕێ دەگرێت، لەبەرئەوە ئێمە لاریمان نییە پێشنیاری لیژنەی دارایی وەربگیرێ کە بڕگە یەک لاببرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە پێشنیاری هاوبەشتان بۆ ماددەی (٧) بخوێننەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة السابعة: على الدوائر الرسمية وشبه الرسمية ارسال صورة من امر تعيين او تشغيل الاعضاء الى النقابة.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی پێ دەوێت چونکە دەبێت سورەیەکی بداتێ کە دایدەمەزرێنێ بۆئەوەی دەرماڵەی بداتێ ئەگەر لەدەرەوە ئیشی نەبێت مافی دەرماڵەی پیشەیی هەیە ئەگەر لەدەرەوەش هەیبێت ئەوا لێی دەبڕدرێ لەبەرئەوە دەبێت دائیرەکەی ئاگاداری هەبێت کە ئەندامەکانی لەدەرەوە ئیش دەکەن یان ئیش ناکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە دەیخەینە دەنگدانەوە.

ماددەی (٧) بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە ئەو بەڕێزانەی پەسندی دەکەن تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە.. زۆر سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی پەسندی ناکەن تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە.. بە گشتی دەنگ ماددەی (٧) وەرگیرا.

ماددەی (٨) بخوێننەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة الثامنة:**

لا يجوز فتح مكاتب الا بعد استحصال اجازة من النقابة وتستوفى رسماً سنوياً عنها مقداره مائة دينار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی یاسا تکایە.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە تێبینیمان نییە لەسەر ماددەکە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینییەکمان هەیە ئەویش دەربارەی ئیختساسە وشەی (المحاسبين والمدققين) لەدوای المكاتب زیاد بکرێت بەو شێوەیە بێت (لا يجوز فتح مكاتب المحاسبين والمدققين)، چونکە وشەی (مکاتب) بە ڕەهایی هاتووە ئایا مەکتەبی تجاریيە، مەکتبی قرطاسیەیە؟، لەبەرئەوە دەبێت بگوترێت (لا يجوز فتح مكاتب المحاسبين والمدققين الا بعد استحصال اجازة من النقابة وتستوفى رسماً سنوياً عنها مقداره مائة دينار)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینییان هەیە دەستیان بەرز بکەنەوە. بەڕێز ئیبراهیم سەعید فەرمو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم نووسینگەیە تەخەسوسیە بەس لە مادده (٣٠) بڕگە (٣- لە مالية النقابة) بەتەواوی ناوی هاتووە (المكاتب الادارية) نەک بەناوی (المحاسبين والمدققين) بەڵکو بە (المكاتب الادارية) هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. لیژنەی یاسا فەرموون.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای ئێمە ماددەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە چونکە بۆ کردنەوەی نووسینگە دەبێت ئاگاداری سەندیکا بکاتەوەو ڕەزامەندی سەندیکا وەربگرێت بۆ هەر کارێک کە دەیکات، چونکە ئیشەکە دەکەوێتە دوای دەوامی ڕەسمی پێویستە ئاگاداری سەندیکا بکاتەوە جا ئایا ئیشەکەی ئیدارییە هەتا ئەگەر نووسینگەی مقاوەلاتیش بێت پێویستە ڕەزامەندی دائیرەکەی خۆی وەربگرێت، چونکە ناتوانێ دوای دەوام کار بکات لەبەرئەوە دەبێت ماددەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک جەمیل فەرمو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر سەندیکایەک ئیختساسی خۆی هەیە یاسای سەندیکا یاسایەکی تایبەتە لێرە تایبەتە بە (محاسبين والمدققين) مافی بەسەر نووسینگەیەکی بازرگانی یان مقاوەلاتەوە نییە لێرە دەبێت تەخسیس بکرێت (فتح مكاتب المحاسبين والمدققين) ئەمە لە ئیختساساتی ئەم سندیکایەیە.

دووەم: دەربارەی ئەوەی بەڕێز ئیبراهیم سەعید فەرمووی کە لە ماددەیەکی تر (المكاتب الادارية)

هاتووە، لەویش رای لیژنەی دارایی وایە کە بەکرێتە (مکاتب المحاسبين والمدققين) دەبێت لەویش هەموار بکرێتە، چونکە نووسینگەکە ئیداریی نییە هیچ زیانیشی نییە تاوەکو ئیبهامیشی تێدا نەمێنێت دیاری بکرێت (مكاتب المحاسبين والمدققين)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرمو کاک نەمر.

**بەڕێز نەمر کەچۆ هسام:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(لا يجوز فتح مكاتب الا بعد استحصال اجازة من النقابة).

یەکەم سەندیکاکان مۆڵەت بەشێوەیەکی رەسمی نادەن تەنیا رەزامەندی دەدەن، ئەمری مۆڵەتی رەسمی لە دامودەزگای ئیداری حکومی دەدرێت، پێشنیار دەکەم وشەی مۆڵەت (جازە) لێرە بەکار نەیەت رەزامەندی (موافقە) بەکار بێنن باشترە.

دووەم: نووسینگەکان سەربە فەرمانگەکانی باجی حکومەتن نەک سەندیکا، بەس (موافقة النقابة) دابنرێت، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مکاتب لێرە يقصد (مكتب المحاسبة والتدقيق) واهەیە ئێستا محاسبێک مکتەبێک دەکاتەوە ئیشی مقاولێک تدقیق دەکاتن، میزانیەی مقاولێک شتێک تدقیق دەکات لێرە کە ئەڵێ مکاتب مەبەستی (مكتب المحاسبة والتدقيق) ئەوە تەدقیقی قانونی نەقابەی محاسبینە لەپاشاندا دەڵێ (النقابه) چ نەقابەیەک (نقابة المحاسبين والمدقيقين) صیغەکە زۆر جوان هاتووە بەڵام ئەوەی جەنابت فەرمووت (بعد استحصال الموافقة) ئەویش لەجێی خۆی اضافە بکرێت هیچ مانع نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک سەعید.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە قەناعەتی من ئەگەر لە مادده یەک تعریفی مصطلحاتی کردووە ئەگەر وشەی مکتب تعریف بکرێت لە مصطلحەکان ئەوە تلافی دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ناتوانین بچین بۆ مادده یەک، تازە تێپەڕ بووە، لیژنەی یاسا فەرموو رای کۆتاییتان بڵێن.

**بەڕێز شـــێـــروان ناسح حـــەیدەری:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئەنجــــومـــەن.**

ئەو صیاغەمان کردووە ئێستا دەیخوێنمەوە، (لا یجوز للاعضاء فتح مكاتب اختصاصية الا بعد استحصال موافقة النقابة وتستوفي رسماً سنوياً عنها مقداره مائة دينار.)، سوپاس.

**بەڕێز ســــەرۆکی ئەنجــــومـــەن:**

کەواتە ماددەکە بەو شێوەیە دەخەینە دەنگدانەوە، رای هاوبەشە هی هەردوو لیژنەیە، تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە ماددە هەشت بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسەندی دەکەن تکایە دەستی بەرزبکاتەوە..... سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی کە ماددە هەشت پەسەند ناکەن دەستیان بەرزبکەنەوە... ماددەی هەشت بەگشتی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز شـــێـــروان ناسح حـــەیدەری:**

**المادة التاسعة:**

١ـ يحق لاعضاء النقابة من منتسبي الدوائر الرسمية وشبه الرسمية ممارسة المهنة خارج اوقات الدوام الرسمي و بموافقة دوائرهم.

٢ـ يستحق العضو الذي تقرر منعه من مزاولة المهنة وفق الفقرة اعلاه المخصصات المهنية وفق احكام القوانين والانظمة والقواعد المعمول بها في دائرته.

**بەڕێز کـــاکـــەرەش مـــحـــمـــد نەقـــشـــبـــەندی:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئەنجــــومـــەن.**

ئێمە تێبینیمان لەسەر ماددەکە نییە، سوپاس.

**بەڕێز ســــەرۆکی ئەنجــــومـــەن:**

رای لیژنەی دارایی.

**بەڕێز جـــەمـــیـــل عـــەبدی سندی:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئەنجــــومـــەن.**

ئێمەش لەگەڵ نەصی ماددەین، سوپاس.

**بەڕێز ســــەرۆکی ئەنجــــومـــەن:**

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە تێبینیان هەیە دەستیان بەرزبکەنەوە. کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د.قـــاسم مـــحـــەمـــەد قـــاسم:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئەنجــــومـــەن.**

لە بڕگە یەکدا (بموافقە دوائرهم) کو زێدەتر حوریەتێ بدەینە وان من پێشنیار دەکەم (بموافقە دوائرهم بعد اشعار دوائرهم) یانی زیاتر حوریەت بدەینە وان، چونکە دەبێ ئیشێکی سەربەخۆ بێت پشتی دەوامییە والتزاماتی دوامیش نەمانە، با اشعاری دوائری خۆ بکات وەکو حوریەت بێت لەجیاتی موافقە اشعار بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یانی اشعاری ناویَ.

**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

یانی صاحبی ئەو دائرە بزانێت فلان دائرە دی ئیش دەکاتن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک نەمر.

**بەڕێز نەمر کەچۆ هسام/وەزیری هەرێم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنسبەت فەقەرە یەک (ممارسة المهنة خارج اوقات الرسمي) پێم باشە ئەگەر ببێتە (بعد اوقات الدوام الرسمي) (خارج) بۆ مەکان بەکاردێت، بەڵام (بعد) بۆ زەمان بەکار دێت، دووەم شت دەڵێ (يستحق العضو الذى تقرر منعه من مزاوله المهنه) باشە ئەگەر ئەو نەبێت مخصصات چۆن کردی؟! وابزانم هەر ئەو برگەیە زیادە لە ئەساسەن، يستحق العضو الذي تقرر منعه من مزاولة المهنة وفق الفقرة اعلاه المخصصات المهنية وفق احكام القوانين والانظمة والقواعد المعمول بها في دائرتـه.) یانی ئەگەر موظف بێت یان مدقق بێت یان محاسب بێت منتمی بێت بۆ نەقابە یانی مخصصات اساسەن بۆی صەرف دەکات، بغض النظر عن مزاوله نازانم یانی تەفسیری چییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسا فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنسبەت کاک د.رزگار فەرمووی کەوا تەنیا اشارەی دائیرە بکەن، ئەوە ناکرێ چونکە احتمالە دائیرە ئیشی بەو موظفە هەیە دوای دەوام، لەوانەیە ئەو دەوائیرە فەنیانە مەشروعیان هەیە پاش دەوام محاسبێک لەوێ ئیش دەکات لەو کاتە بچێ لەخۆیەوە لەجێگایەکی تر ئیش بکات، ودائیرەکە بەجێ بێڵێ اشعارێک بداتە دائیرە والله بەجێم هێشت. پاش اوقاتی دوام پێویستە موافقەتی دائیرە وەربگرێت ئەوجا بچێ پاش دەوامی رەسمی ئیش بکات، بەنسبەت ئەوەی کاک نەمر فەرمووی مخصصات انواعی هەیە یەک لەوانە مخصصاتی مهنی یە ئەگەر یەکێک پاش ئەوقاتی دەوامی رەسمی ئیش بکات استحقاقی مخصصاتی مهنی ناکات لە دائیرەکەی خۆی مخصصاتی مهنی لێ قطع دەکرێت چونکە پاش دەوامی رەسمی ممارسەی مهنە دەکات وشەی (بعد وخارج) هیچ فەرقی نییە خارج اوقات دوام رسمی هەر دەکات بەدەر لە نیزامەکە وزۆریش بەکاردێت ئەو وشەیە بعد دوام رسمی یان خارج اوقات دوام رسمی زۆر زۆر اعتیادیە لەبەر ئەوەی پێویستە ئەو ماددەیە بمێنێ چونکە مخصصات ئەگەر دائیرە مەنع بکات گوتی لێ ناگەڕێم

دوای دەوام ئیش بکەی پێویستە مخصصاتی مهنی دائیرەکەی خۆی بیداتێ ئەگەر بەپێی قوانین استحقاقی ئەو مخصصاتانە بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە جارێکی تر بیخوێنەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح:**

**المادة التاسعة:**

١ـ يحق لاعضاء النقابة من منتسبي الدوائر الرسمية وشبه الرسمية ممارسة المهنة خارج اوقات الدوام الرسمي وبموافقة دوائرهم.

٢ـ يستحق العضو الذي تقرر منعه من مزاولة المهنة وفق الفقرة اعلاه المخصصات المهنية وفق احكام القوانين والانظمة والقواعد المعمول بها في دائرته.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە مادده نۆ بەو شێوەی کە خوێندرایەوە پەسەندی دەکەن دەستیان بەرزبکەنەوە... سوپاس... ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن تکایە دەستیان بەرزبکەنەوە...بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا، مومکینە تێبینی لغوی لەسەر بێت دەتوانن دوایی بیدەن بە لیژنەی صیاغە. چونکە لەکاتی تصویت دابوو تێپەڕ بوو.

**بەڕێز مەلاتاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو فەقەرەیەی کە مزاولەی مهنەی منع کرد ئێمە هەڵمان گرت لە ماددەکە ئێستا کە دەڵێ(٢ـ يستحق العضو الذي تقرر منعه من مزاولة المهنة وفق الفقرة اعلاه المخصصات المهنية وفق احكام القوانين والانظمة والقواعد المعمول بها في دائرته.)ئەو فەقەرەیە نەماوە کە مەنعی بکات لە مزاولەی مهنە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وفق فقره یەکی عەینی مادده وفق الفقره اعلاه یانی ڕێگای نادات لە خارجی دەوام ئیش بکات مەبەستی ئەوەیە، ماددەی نۆ بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**الفصل الثالث**

**«التشكيلات»**

**المادة العاشرة:**

تشكل النقابة من :

١ـ الهيئة العامة.

٢ـ مجلس النقابة.

٣- لجنة الانظباط.

٤- فروع النقابة في المحافظات.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە تێبینیمان لەسەر ماددەکە نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش لەگەڵ نەصی ماددەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە ماددەکە جارێکی تر بیخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة العاشرة:**

تشكل النقابة من:

١- الهيئة العامة.

٢- مجلس النقابة.

٣- لجنة الانظباط.

٤- فروع النقابة في المحافظات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە ماددە دە پەسەند دەکەن دەستیان بەرزبکەنەوە... سوپاس... تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزبکەنەوە...بەگشتی دەنگ ماددە دە وەرگیرا، ماددە یازدە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة الحادية عشر:**

١- تتألف الهيئة العامة من جميع الاعضاء او المندوبين الذين اوفوا بإلتزاماتهم بموجب هذا القانون وتعتبر اعلى سلطة في النقابة وتعقد اجتماعاً اعتيادياً في مقرها خلال شهر كانوني الثاني كل ثلاث سنوات بقرار من المجلس وبدعوة من النقيب لانتخاب النقيب وثمانية اعضاء وعضوين احتياط لاشغال عضوية المجلس واعضاء لجنة الانضباط ويتم النصاب بحضور ثلثي اعضاء الهيئة العامة او المندوبين وعند عدم اكتمال النصاب تجري الانتخابات بعد خمسة عشرة يوماً من الاجتماع الاول وفي الوقت والمكان المحددين ويعتبر النصاب كاملاً بحضور ثلث الاعضاء او المندوبين وبعكسه يعتبر المجلس مستمراً في عمله دورة اخرى.

٢ـ في حالة زيادة عدد اعضاء الهيئة العامة عن (٥٠٠) خمسمائة عضو يجري الانتخاب عن طريق المندوبين وتحدد نسبة التمثيل من قبل المجلس او من يقوم مقامه وبضمنهم اعضاء مجلس النقابة.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینی ئێمە بەو شێوەیەیە: (نقترح تعديل العبارة الواردة في الفقرة الاولى في متن المادة (خلال شهر كانون الثاني كل ثلاث سنوات)بالعبارة التالية (كل ثلاث سنوات اعتباراً من تأريخ الانتخابات) مع الغاء عبارة و الغاء لجنة الانضباط.) چونکە لەزۆربەی یاساکانی نەقابات بەو شێوەیە دانرایە تاریخی انتخاب سێ ساڵە وهەمان کاتیش لیژنەی انضباط صلاحیات درا مجلیس لیژنەکە دابنرێ بە رئاسەتی یەک لە ئەندامەکان، لەبەر ئەوە بە زەرووری نازانین لێرە لیژنەی انضباط انتخاب بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ تێبینیمان نییە، بەڵام تێبینی لیژنەی یاسا لەجێی خۆیدایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی کە تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرزبکەنەوە. فەرموو د.ناسح.

**بەڕێز د.ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیم کرد لەسەر (الهیئە العامە) هەرچەندە لە تعاریف ویستم بخرێتە تعاریفەکانەوە، بەڵام بەداخەوە پەسەند نەکرا، لێرەدا کە ئەڵێ (تتألف الهيئة العامة من جميع الاعضاء او المندوبين) من نازانم چۆن لێی تێبگەن، یانی هیئەی عامە هەم ئەندامانە و هەم مندوبینە ئەمە شتێکی باوەڕ بکەم زۆر واضح نییە لێرە، من لەجیاتی ئەو صیاغەی کە هەیە صیاغەیەکی ترم پێشنیار کردووە ئەگەر ڕێگە هەبێت بۆ جەنابتانی ئەخوێنمەوە.(تعقد الهيئة العامة كل ثلاث سنوات بدعوة من النقيب او ثلث اعضاء النقابة وبقرار من المجلس اجتماعاً عاماً لمناقشة تقرير المجلس عن شؤون النقابة واقرارها وانتخاب النقيب وثمانية اعضاء اصليين وعضوين احتياط لعضوية المجلس وثلاثة اعضاء وعضوين احتياط لعضوية لجنة الانضباط ويتم النصاب بحضور ثلثي اعضاء الهيئة العامة وعند عدم اكتمال النصاب تعقد اجتماعا عاما . ٢- بعد خمسة عشر يوماً من الاجتماع الاول في الوقت والمكان المحددين ويعتبر النصاب كاملا بحضور ثلث الاعضاء وبعكسه يعتبر المجلس السابق مستمرا في عمله دورة اخرى) مهامی لێرە دیاری

کراوه جەنابی سەرۆک لە ماددەی دواتر باسی مهامی اجتماعاتی سنوی دەکات کە ساڵانە دەکرێت ئەو مهامانەی لێرەیە زۆر زۆر کەمترە لەو مهامەی کە ساڵانە هەیەتی لەبەر ئەوە پێم وایە ئەبێت هیچ نەبێ راپۆرتێکی عام بخوێنرێتەوە ئەگەر تەنها بۆ انتخاباتە ئەمە شتێکی ترە من تصور دەکەم سێ ساڵ جارێک دابنیشن وکۆنگرەیەکی گشتی ببەسترێت مفروضە زۆر شتی تێدا باس بکرێت تەنها بۆ انتخاباتی نەقیب واعضای نەقابە نەبێت یانی اعضای مجلس نەبێت لەبەر ئەوە من تصور دەکەم ئەوەی کەوا لێرە هاتووە کەمە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک د.رزگار.

**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ملاحظەم لەسەر وشەی ثلث هەیە ئەغلەبی وان سەندیکا کو مە مصادقە لەسەر کردی تقریبا ئەڤ مەبدەئە اکثریە ئێمە اختیار کری فزێدەتر حوریەت دەدەنە هیئەی عامە بۆ اجتماعات و ئەوانە هەر سێ ساڵ جارەکی بکەنە اکثریە چونکە دوو لەسەر سێ احتمالە زۆر زەحمەت بێ ببێتە کۆبیپێک وهیئەی عامە نەشێت اجتماع بکات یادووێ فەقەرە دووێ ئەخێرێ (او من یقوم مقامة ویضمنهم اعضاء مجلس النقابة)مەسەلا تەمسیلا کو حضورن کۆنگرا اجتماعا هیئە عامە گرنگ دەزانم ئەز حەزێ دەکەم پێشنیار دەکەم حەصر بێت تحدیدا نسبە تمثیلی بمجلس تحدید بکاتن نەک من یقوم مقامە احتمالە جارەکی برادەرا لیژنەی قانونی باسی کرد ووتی مومکینە لیژنا هیئە تحذیری ئەڤە یێ تەشکیل بێ یانی ئەڤە تەشکیلە نەک تەئسیسە ئەڤەی تەشکیل بێت اجتماعێکی اعتیادی دێتە کرنێ کۆنگرەیا هەر سێ ساڵا، من پێشنیار دەکەم تحدیدا نسبا تمثیلی مجلیس بکات چونکە ئەو ئیش وکاری خۆ زێدەتر دەزانێ ئەو مطلعە لەسەر ئیش وکاری خۆ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسا فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو صیاغەی کە جەنابی دکتۆر ناصح فەرمووی، یەکەم تەعریفی هیئەی عامەی تێدایە خۆی مفروض بوو جارێ هیئەی عامە تەعریف بکەین، دوایی فەرمووی من تێناگەم هیئەی عامە دەڵێ جمیع الاعضاء والمندوبین والهیئەی عامە ئەگەر لە پێنج سەد کەس کەمتر بن ئەوە هەموو اعضای هیئەی عامەنە ئەگەر لە پێنج سەد کەس زیاتر بوون بە شێوەی مندوبین دێن، ئەو مندوبانە تەمسیلی هیئەی عامە دەکەن و دەبنە هیئە عامە ناویان هیئە عامەیە چونکە هەموو دەسەڵاتی هیئەی عامەیان هەیە بۆیە هیئەی عامەنە کە هاتن هەر ئەوە ناکەن چونکە لە تەعریفی ماددەکە

هاتووه دەڵێ (اعلی سلطه فی النقابه) مانای وایه هەموو دەسەڵاتێک لەنەقابە بۆ هەر کەسێک دانرابێ مانای وایه ئەو پێشی خەڵک ئەو دەسەڵاتەی هەیه، چونکه خەڵک دەسەڵات لەو وەردەگری، لەبەر ئەوەی هەموو شتی پێ دەکرێ، میزانیەی پێ دەکرێ وەکو جەنابت گوتت اجتماعاتی سنوی دەکرێ لەسەر ئەو ئەساسەی تصدیقی میزانیه دەکەن و مصادقه دەکەن مانای وایه ئەو کاتیش هەموو شتی پێ دەکرێ ومیزانیەی ئەو ساڵیشی پێ دەکرێ وکه ابتداء دانیشتووه چونکه اعلی سولطەیه، بەنسبەت ئەوەی که کاک د.رزگار فەرمووی ئەو قانونه جارێ بۆ تەشکیل نیبه خۆی احتمال هەیه ئێستا نەقابەکە مەوجود نەبێ ئەگەر مەوجود نەبێ دەبێ جیهەتێک هەبێ اشراف لەسەر انتخابات بکات و نسبەتی تمسیل دابنێ ئەوە بۆ هەندێ یه که دەڵێ (بضمنهم اعضاء المجلس) مەوزوعەکە زۆربەی لەبەر مندوبینە نەوەک ئەگەر بێتوو انتخاباتێک لە پێنج سەد کەس زیاتر بوون مندوبین هاتن بۆ ئەوەی اعضای مجلیس مەغدور نەبن ئەگەر انتخاب نەکرابن بینە ئەندام لەو کۆنگرەی پاشی کە دێت کە لەرێگەی مندوبین دێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، تکایە ماددەی یازدە جارێکی تر بیخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة الحادية عشرة:**

١ـ تتألف الهيئة العامة من جميع الاعضاء او المندوبين الذين اوفوا بإلتزاماتهم بموجب هذا القانون وتعتبر اعلى سلطة في النقابة وتعقد اجتماعاً اعتيادياً في مقرها خلال شهر كانوني الثاني كل ثلاث سنوات بقرار من المجلس وبدعوة من النقيب لانتخاب النقيب وثمانية اعضاء وعضوين احتياط لاشغال عضوية المجلس واعضاء لجنة الانضباط ويتم النصاب بحضور ثلثي اعضاء الهيئة العامة او المندوبين وعند عدم اكتمال النصاب تجري الانتخابات بعد خمسة عشر يوماً من الاجتماع الاول وفي الوقت والمكان المحددين ويعتبر النصاب كاملاً بحضور ثلث الاعضاء او المندوبين وبعكسه يعتبر الملجس مستمراً في علمه دورة اخرى.

٢ـ في حالة زيادة عدد اعضاء الهيئة العامة عن (٥٠٠) خمسمائة عضو يجري الانتخاب عن طريق المندوبين وتحدد نسبة التمثيل من قبل المجلس او من يقوم مقامه وبضمنهم اعضاء مجلس النقابة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە ماددە یازدە پەسەند دەکەن بەو شێوەی کە خوێنرایەوە دەستیان بەرزبکەنەوە... سوپاس... ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن تکایە دەستیان بەرزبکەنەوە...بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا. ماددەی دوازدە تکایە.

**بەڕێز شیروان ناسح حەیدەری:**

**المادة الثانية عشرة:**

تعقد الهيئة العامة اجتماعاً سنوياً اعتيادياً لغرض:

١- تصديق الميزانية.

٢- مناقشة التقرير السنوي وشؤون النقابة وحساباتها.

٣- النظر في اقتراحات المجلس حول تعديل قانونها او نظامها الداخلي.

٤- تقرير تصفية ممتلكات النقابة وماليتها عند حلها.

٥- يجوز دعوة الهيئة العامة لاجتماع غير اعتيادي بطلب من النقيب وبقرار مجلس النقابة او بطلب تحريري من ثلث اعضاء النقابة على ان تبين الاسباب الضرورية في الدعوة.

٦- لا يجوز البحث في اجتماعات الهيئة العامة غير الاعتيادية الا الامور التي ادرجت في جدول الاعمال او عقد الاجتماع من اجلها.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە تێبینیمان نییە لەسەری، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنیا لە بڕگە (١) تصدیقی میزانیە اضافە بکرێت والحسابات الختامیە چونکە دەڵێ تصدیق بکرێت وەکو میزانیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ اعتراضتان هەیە اضافەی بکەین، تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە تێبینیان هەیە دەستیان بەرزبکەنەوە. مامۆستا مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز مەلاهادی خضر کویخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنسبەت فەقەرەی یەکەم کە دەڵێ (تصديق الميزانية) من پێشنیار دەکەم بڵێین (مناقشة وتصديق الميزانية) چونکە میزانیەکە دەبێ مناقەشە بکرێ ئینجا تصدیق بکرێت، فەقەرەی دووەم (مناقشة التقرير السنوي للنقابة وحساباتها )و شؤون نقابەی ناوێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاک د.ناسح فەرموو.

**بەڕێز د.ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەرەتای ماددەکە دەڵێ (تعقد الهيئة العامة اجتماعا سنويا اعتياديا لغرض) یەک دوو سێ تا چوار باس دەکات دوایی پێنج هاتووە پێنجەم دەڵێ (يجوز دعوة الهيئة العامة لاجتماع غير اعتيادي) لەبەر ئەوە من پێم باشە ئەو چوارەی یەکەم لەگەڵ (تعقد الهيئة العامة اجتماعا سنويا) بکرێتە اولا ئەمەی پێنج بکرێتە ثانيا چونکە ئەمانەیان اعتیادینو، ئەمەیان غیر اعتیادییە ئەو چوارەی پێشوو لەکاتی اجتماعاتی اعتیادی وەردەگیرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ئەمین مەولود فەرموو.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەمان تێبینی پێشووم هەیە لەسەر نەقابەکانی تر هیئەی عامە بەساڵێک جارێک کۆنابێتەوە بەسێ ساڵ جارێک کۆدەبێتەوە وەکو لەماددە یازدە دەڵێت لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم برگەی یەک بکرێتەوە بە تصدیق المیزانیات بۆ هەرسێ ساڵەکە چونکە هیئەی عامە بەسێ ساڵ جارێک کۆدەبێتەوە نەک هەموو ساڵێک، ئەوە یەک دووەمینیش لام وایە تصفیەو ممتلکات لەلایەن هیئەی اداری نەقابە کۆنابێتەوە وەزیری مختص تەعینی ئەو کەسە دەکات کەوا تصفیەی شرکەیەک لە شرکەکان یا نەقابەکان دەکات نەک نەقابە خۆی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنها لەسەر مقدمەی ماددەکە قسەم هەیە (تعقد الهيئة العامة) سنويا ئەوەی وەکو کاک امین ووتی سنوی نییە تمارس الهیئە العامە نەک تعقد و لەپێشدا لە ماددەی یازدە تعقد اجتماعا اعتیادیا ئەوانەی تەبعەن لەپێشدا ووتوە یان بڵێین لە هیئەی عامە الصلاحيات التالية ئەمە یەک دووەم لەسەر فەقەرە دووش مناقشە تقریر السنوی مناقشە التقریر الختامی چونکە اجتماعی سنوی کوا هەیە هیئە عامە اجتماعی نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک بورهان جاف فەرموو.

**بەڕێز بورهان جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەمان تێبینیم هەبوو (هیئەی عامە) لەهیچ نەقابەیەک نەهاتووە ساڵانە کۆبوونەوە بکات

بەلام سێ ساڵ جارێکە، دوای ئەوە مناقەشەی تقریری مالی وحساباتی ختامی دەکات یانی ئەو مصادقەی میزانیە دەمێنێتەوە بۆ مجلیس اشکالیاتێکیشمان بوو لە نەقابەی اقتصادییندا بەلام بەسەر چوو نەمانتوانی چارەسەری بکەین بۆ ئەوەی مصادقەی میزانیە لە صلاحیاتی مجلیس بێت زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، تصوری ئەوە بکەن ساڵی جارێک پێنج سەد ئەندام کۆدەبێتەوە مصاریفی زۆرەو شتی زۆرە فەرموو لیژنەی یاسا.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برادەران تەبعەن عەرزیان کرد کە علی اساس جارێک دەگوترێت سێ ساڵ کۆدەبێتەوە ولەلایەکیش هاتووە دەڵێ (تعقد اجتماعا سنویا) سێ ساڵەکە فەرقی هەیە لەگەڵ سێ ساڵەکەی کە کۆدەبێتەوە وانتخابی مجلیس دەکات ونەقیب دادەنرێ و ئەو خەڵکە دادەنرێ وئیش وکارەکەی نەقابەش باس دەکات ئەوی تر ساڵانەیە چونکە هەر لێرە ئەو مناقەشەیە کرا علی اساس امکان نییە مجلیس صلاحیەتی مصادقەی میزانیەی سنوی هەبێ و هەیئەی عامە کۆدەبێتەوە وبریار دەدات بۆ ئەو شتانە بەو شێوەی کە هاتووە دادەنیشێ بۆ ئەو چوارپێنج غەرەضەی کە هاتووە چونکە ئەگەر هیئەی عامە کە هاتووە بە استثناء کۆببێتەوە بدعوە من المجلس بۆ سنویا جارێک کۆنەبێتەوە بۆ ئەوەی مناقەشەی ئیش وکارەکانی خۆی بکات لەبەر ئەوە بەرای ئێمە ماددەکە زۆر زۆر موفەقە وبەرێک وپێکی هاتووە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە ماددەی دوازدە بەو شێوەیە دەخەینە دەنگدانەوە، جارێکی تر بیخوێنەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة الثانية عشرة:**

تعقد الهيئة العامة اجتماعاً سنوياً اعتيادياً لغرض:

١- تصديق الميزانية.

٢- مناقشة التقرير السنوي وشؤون النقابة وحساباتها.

٣- النظر في اقتراحات المجلس حول تعديل قانونها او نظامها الداخلي.

٤- تقرير تصفية ممتلكات النقابة وماليتها عند حلها.

٥- يجوز دعوة الهيئة العامة لاجتماع غير اعتيادي بطلب من النقيب وبقرار مجلس النقابة او بطلب تحريري من ثلث اعضاء النقابة على ان تبين الاسباب الضرورية في الدعوة.

٦- لا يجوز البحث في اجتماعات الهيئة العامة غير الاعتيادية الا الامور التي ادرجت في جدول الاعمال او عقد الاجتماع من اجلها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو بەڕێزانەدەکەم کە مادده دوازده بەو شێوەی کە خوێنرایەوە پەسەندی دەکەن دەستیان بەرزبکەنەوە... سوپاس... ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزبکەنەوە... بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا، مادده سێزده بیخوێننەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حیدەری:**

**المادة الثالثة عشرة:**

١ـ لا يجوز للعضو الاشتراك في اجتماعات الهيئة العامة اذا كان ممنوعاً من مزاولة المهنة انضباطياً.

٢ـ تصدر القرارات في اجتماعات الهيئة العامة باكثرية الاصوات وعند تساويها يرجح الجانب الذي صوت فيه النقيب.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە تێبینیمان لەسەری نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ نەصی ماددەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە تێبینیان هەیە دەستیان بەرزبکەنەوە... تێبینی نییە ماددەکە دەخەینە دەنگدانەوە. تکا لەو بەڕێزانە دەکەین کە مادده سێزده پەسەند دەکەن دەستیان بەرزبکەنەوە... سوپاس... ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزبکەنەوە... بەگشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی چواردەم.

**بەڕێز شێروان ناسح حیدەری:**

**المادة الرابعة عشرة:**

يشترط في النقيب ما يلي:

١ـ ان يكون من مواطن كوردستان ومقيماً في الاقليم.

٢ـ ان يكون له ممارسة في المهنة مدة لا تقل عن عشرة سنوات.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەو شێوەی کە خوێندرایەوە تۆزێک تەعدیلات کرابوو و ئێمەش هیچ تێبینیمان لەسەری نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ نەصی ماددەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە تێبینیان هەیە دەستیان بەرزبکەنەوە، کاک امین فەرموو.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ نەقابەکانی پێشوو بەپێی شهادات مودەکانمان دانابوو، یانی ئەگەر دکتۆرای هەبێت پێنج ساڵ مومارەسەی هەبێت، ئەگەر ماستەری هەبێت حەوت ساڵ مومارسەی هەبێت و ئەگەر لەوە کەمتر بوو دەساڵ مومارەسەی هەبێت، بەڵام لێرە دە ساڵ بۆ هەموویان وەکو یەک دانراوە، بەرای من ئەگەر بەپێی شهادەکان مودەکان بگۆڕین باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئەم ماددەیەم هەر پێ زیادە چونکە مواطنی کوردستان موقیم بێت لە اقلیم لە مەرجی ئەندامێتی هەیە، بڕگەی دووەمیش لە ماددە شازدە هاتووە (النقیب ان تکون لە ممارسة في المهنة مدة لاتقل عن عشر سنوات ماددەکە هەر زیادە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاڵی یەکەمیان : ان یکون من مواطنی الاقلیم ومقیما فیه) بۆ نەقیبە ومقیما فیه ئەوەی تر (او مقیما فیه) مەرجی ئەندامێتی ئەوە ومقیما فیە هەردوو مەرجەکەی دەبێت تێدابێت، ئەوی تر ئەوەیە یەک مەرجی تێدا بێ ئەندام هەر بۆ روونکردنەوە، سەرۆکی کوتلە ویستی قسە بکات؟ لیژنەی یاسا ئەگەر تێبینیتان هەیە فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەخێر تێبینیمان لەسەر ماددەکە نییە وان یکون من مواطنی الاقلیم ومقیما فیە زۆر اعتیادیە، مومارەسەی مهنەش مدە لاتقل عن عشر سنوات تەبعەن لەگەڵ برادەران نیم نەفابە وشتی وا دانیشتن قسەمان کرد ئەوان رایان وابوو علی اساس بەو شێوەیە بێت بەاعتبار مومارەسەی مهنە ئەو ئیشە زۆر علاقەی ئەوەندە زیاتر بە مومارەسەی مهنە هەیە بەراستی ئەوەندە علاقەی بە شهادەوە نەبێت بۆیە بەو شێوەیە هاتۆتە خوارێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک فەرەنسۆ.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نازانم کاک شێروان خوێندی (او مقیما فیها) نەک (ومقیما فیها) ئینجا نازانم ئەوە ساغ بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ، ئەبێ ومقیما فیها (او) نییە.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

بەڵێ لێرە مەبەست ئەوەیە(او مقیما فیها) مەبەستی ئەگەر مواطنی کوردستانیش نەبێت ئەگەر عێراقیش بێت بەڵام لێرە مقیما بۆی هەیە ببێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینیت هەیە بەڕێز وەزیری هەرێم.

**بەڕێز نمر کەچۆ هسام/ وەزیری هەرێم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بڕگە دوو دەڵێ ( ان یکون له ممارسة المهنة مدة لاتقل عن عشر سنوات وابزانم خەریجی اعدادیەی تجارە دەبێتە عضو لە پێنج ساڵ پێش ئەوەی ئەوە هەبێت، باشە ئەوە دەیگرێتەوە یان نا، دەبوایە اضافەی بکەین بۆ ئەوەی پازدە ساڵ خزمەتی هەبێت، ئەمە ئەگەر توضیح بکەن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەرجەکە مطلقە (لاتقل عن عشر سنوات).

**بەڕێز نەمر کەچۆ هسام/ وەزیری هەرێم:**

یانی بۆ ئەوی تر دەبێتە پێنج ساڵ یانی خەریجی اعدادیەی تجارە دەبێ پێنج ساڵ خزمەتی هەبێت هەتا بە عضو قبول بێت، یانی ئەو پێنج ساڵ محسوب نییە، یانی لەو حاڵەتە دەبێ پازدە ساڵ بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ان یکون له ممارسة في المهنة لاتقل عن عشر سنوات )ناڵێ (عضو في النقابة لعشر سنوات) مەوزوع مومارەسەی مهنەیە ئەگەر دەساڵ ئیشی کردبێت ئەیگرێتەوە ئەوە ئەو پێنجەشی بۆ حساب دەکرێ و پێنجی عضوی نەقابەشی بۆ حساب دەکرێت ئەوە عضویەتی نەقابەیە ئەوەی تر مومارەسەیە دوو شتی جیاوازن، لیژنەی یاسا فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی بەڕێزتان فەرمووتان دەساڵ خزمەتی هەبێت حەقی هەیە خۆی بپاڵێوێ مومارەسەی مهنەی هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک فرەنسۆ.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حەقە تەماشا بکەین بزانین بۆ نەقیبەکانی تریش وایە،(ومقیما)یان (او مقیما)، ئێمە داوای دیمکراتی دەکەین و باسی یەک سنوری دەکەین لەگەڵ عێراق، من پێم وایە ئەوانی تر وانییە. واتا ئەگەر خەڵکی هەرێم نەبێ نابێ نەقیب بێت؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ نابێ نەقیب بێت، بەڵام پرۆژە ئەصلیەکە هەرێمی نەنوسیوە کوردستانی نووسیوە (من مواطنی کوردستان ومقیما فی الاقلیم) ئەو کاتە لەوانەیە تەعبیرەکە ورد تر بێت، کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە مەرجەکانی ئەندامیەتیدا هاتووە دەڵێ(من مواطني كوردستان او مقيما فيه) بەلام لە مەرجەکانی نەقیب دەڵێ(من مواطني الاقليم ومقيما فيه).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کوردستانەکە گشتگیرترە با زیاتر روونی بکەینەوە (من مواطنی کوردستان و مقیما فی الاقلیم)واتا کەسێ خەڵکی کوردستانە بەڵام لە بەغدا دەژی ئەوە دەتوانێ ببێ بەئەندام ، بەلام ناتوانێ ببێ بە نەقیب ، ئەگەر بیەوێ ببێ بە نەقیب دەبێ لێرە بژی، بۆیە کوردستانەکە گشتگیر ترە ، ناکرێ نەقیبی سەندیکایەکی وا بێت و لە کوردستان دانەنیشێ، ماددەکە بخوێننەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

المادة الرابعة عشرة

يشترط في النقيب ما يلي :

١- ان يكون من مواطني كوردستان العراق ومقيماً في الاقليم.

٢- ان يكون له ممارسة في المهنة مدة لا تقل عن عشر سنوات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی ماددەی چواردەم بەو شێوەیەی خوێندرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە. کێ پەسەندی ناکات؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز شیروان ناسح حەیدەری:**

المادة الخامسة عشرة

يمارس النقيب الصلاحيات التالية:

١- رئاسة اجتماعات الهيئة العامة ومجلس النقابة.

٢- تمثيل النقابة في كافة المعاملات لدى المراجع القضائية والادارية والهيئات الرسمية وشبه الرسمية والاهلية والمؤتمرات والمصادقة على المعاملات والوثائق الخاصة بالنقابة وله تخويل بعض هذه الصلاحيات الى من يرتأيه من اعضاء المجلس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی یاسایی

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە تێبینیمان لەسەر ماددەکە نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ تێبینی لەسەر ماددەکە هەیە؟ کاک مەلا هادی فەرمو

**بەڕێز مەلا هادی کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە برگەی دووەم (تمثيل النقابة في كافة المعاملات لدى المراجع القضائية والادارية والهيئات الرسمية وشبه الرسمية والاهلية والمؤتمرات )پێشنیار دەکەم(مناسبات)ی تێدا بێت سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی تر هەیە؟ بەڕێز وەزیری هەرێم فەرموو

**بەڕێز نەمر کەچۆ هەسام/ وەزیری هەرێم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بڕگەی یەکەم دەڵێ (رئاسة اجتماعات الهيئة العامة ومجلس النقابة) دەبوایە بگوترایە (رئاسة اجتماعات سنوية للهيئة العامة ومجلس النقابة). لەبەر ئەوەی دەستەی گشتی بۆ هەڵبژارنە بۆی نییە سەرۆکایەتی بکات ، واتا دیاری بکرێت سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی تر هەیە؟ کاک د.ڕزگار

**بەڕێز د. قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینم لەسەر بەرز بەرز وەزیری هەرێم هەیە، کاتێ بریار بۆ کۆنگرە دەدەن واتا دوایین کۆبونەوەی دەستەی گشتیە، دواتر کۆبونەوەی دەستەی گشتی نامێنێ ، بۆیە شتێکی زۆر سروشتیە،واتا پاش بریاری کۆنگرە نەقیب دەبێ ، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێژنەی یاسایی فەرمون وەلام بدەنەوە.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەکە هاتووە(يمارس النقيب الصلاحيات التالية) باشە ئەگەر کۆنگرە بەسترا نەقیب هەیە؟ نییە.نەقیب ئەوەیە کە ئەو پلەیەی لەدەست بمێنێ ، کە کۆبونەوەیەکی دەستەی گشتی بوو ئەو سەرۆکایەتی دەکات. ئەو کاتی نەقیب نییە. بۆیە دەقەکە زۆر زۆر سروشتییە زۆر لە جێگای خۆیەتی هیچ گرفتێکی یاسایی دروست ناکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز وەزیری هەرێم فەرمو.

**بەڕێز نەمر کەچۆ هەسام/ وەزیری هەرێم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەدوا داچوونێکم لەسەر قسەی بەڕێز کاکەرەش هەیە، هەڵبژاردنی نەقیب هەر سێ ساڵ جارێ دەکرێ، نەقیب سەرۆکایەتی دانیشتنەکان ناکات ، ئۆتۆماتیکیەن دەستەیەکی گشتی دیاری دەکرێ، ئەوە شێوەی هەموو سەندیکاکان و یانەکانە پێویستە کۆبوونەوەی ساڵانە و کۆبوونەوەی نائاساییش پێویستە ئەوەش زیاد بکرێ،مافی هەیە سەرۆکایەتی ئەو کۆبونەوانەش بکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک فرەنسۆ

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەقیب، نەقیبە، دەستەی ئامادەکاریش پێک بێت هەر نەقیبە، تاکو دەچێتە ناو کۆنگرە کە داخیلی ناو کۆنگرە بووە لە یەکەم رۆژەوە لە نەقیبی نامێنێ، کۆنگرە هەڵی بژاردووە بۆیە هەر نەقیبە سەرۆکایەتی کۆبوونەوە هەموو دەستەی گشتی دەکات

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێروان فەرمو

**بەرێز شێروان ناسح حەیدری:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم هەموومان کۆکین،سەرۆکایەتی کۆبونەوەی دەستەی گشتی ، کۆبوونەوەی ئاسایی و نائاسایی دەگرتەوە ، هەمووماں لەسەر ئەوە کۆکین ،ئەوەی سێ ساڵەکە لەبۆ هەڵبژاردنی نەقیب و ئەنجومەنی تازەیە، ئەوەی کاک فرەنسۆ دەڵێ راستەکە نەقیب داخیلی هۆڵی کۆنگرە دەبێ ئەو دەسەلاتەی نامێنێ ،دواتر ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی کۆنگرە دادەمەزرێ ئەوجا هەڵبژاردنی نەقیب و ئەندامانی سەندیکا دەکرێ ،

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چی تێدایە ئەگەر جێگیری بکەن ، (کۆبوونەوەی ئاسایی و کتوپڕ )

**بەرێز شێروان ناصح حیدری:**

هیچی تێدا نیە، بەڵام لە هەموو سەندیکاکانی تر وا هاتووە، وابزانم زیادیشە.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک د. ناصح فەرمو

**بەرێز د. ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەک تەنها کۆبونەوەی ئاسایی بەڵکو (رئاسة اجتماعات سنوية للهيئة العامة ومجلس النقابة)ی سالانەی تێدا بێت ئەو کاتە سێ ساڵەکە ناگرێتەوە، لەسێ ساڵەکە ئەو بۆی نییە سەرۆکایەتی کۆبوونەوەکە بکات .

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر داخیلی تەفاصیل بین لەوانەیە کۆبونەوەی کتوپڕیش نەگرێتەوە،کۆبونەوەیەکی کتوپڕ دەکرێ بۆ محاسەبە کردنی نەقیب بۆ نمونە کۆبونەوەیەک دەکرێ بۆ هەڵبژاردنی نەقیب،زۆرینەی ئەندامانی سەندیکا داوای کۆبونەوەیەکی کتوپڕ دەکەن کە نەقیب لابەن ، ئەو کاتە چی دەکەیت؟ ئەو کۆبونەوەش ئەو سەرۆکایەتی دەکات؟ بێ گومان نابێ سەرۆکایەتی بکات، کۆبوونەوەی کتوپڕ بەرنامەی کارەکەی دیار نییە ، لەبەر ئەوە نابێ کۆبوونەوەی کتوپڕیش بکات مسبقا ئەو سەرۆکایەتی بکات، تەنها ئەگەر بابەتەکە پەیوەندی بەوەوە نەبێت ،د. ناصح

**بەرێز د. ناسح غەفور رەمەزان:**

سەبارەت بە کۆبوونەوەی کتوپڕ لە ماددەی دوازدەدا دیاری کراوە دەڵێ (لا يجوز البحث في اجتماعات الهيئة العامة غير الاعتيادية الا الامور التي ادرجت في جدول الاعمال او عقد الاجتماع من اجلها .)

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتا کراوەیە، دیاری نەکراوە، دەتوانێ هەموو شتێ بکات بەمەرجێ بۆ خۆی بەرنامەی کار بنوسێ، ئەو لایەنەی کە داوای کۆبونەوە دەکات.ئەوەی من بۆی دەچم مەبەستەکە بە پلەی یەکەم قسەکەی جەنابی وەزیری هەرێم راستە ئەوەی ئەو دیاری دەکات کۆبوونەوەی ساڵانەیە، بۆ نمونە ئەوەی بوودجە، بە پلەی یەکەم ئێمە پێویستمان بە میزانیەکەیە،ئەو کۆبونەوەی بۆ بوودجە دەکرێ نەقیب سەرۆکایەتی دەکات، ئەوانە ساڵانەن، ئەرکەکانی ئەو کۆبونەوەیە دیاری کراوە ناتوانێ لێی دەرچێ ، ناتوانێ لە کۆبونەوەی ساڵانە شتی تر بکات لەبەر ئەوە زۆر سروشتییە کە نەقیب سەرۆکایەتی بکات، بەلام کۆبوونەوەیەک کە نەقیبی تێدا هەڵبژێردرێ یان نەقیبی تێدا محاسەبە بکرێ ، بۆ نمونە کۆبونەوەیەکی کتوپرە ئەوە نابێ نەقیب سەرۆکایەتی بکات. من وا لە رایەکەی جەنابی وەزیری هەرێم دەگەم، هەر بۆ روون کردنەوە باسم کرد. جەنابی سکرتێر فەرمو.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە برگەی یەکەم هاتووە(رئاسة اجتماعات سنوية للهيئة العامة ومجلس النقابة) مەبەست لەو دەقە کۆبوونەوەی ساڵانەیە نەک کۆبونەوەی بە سێ ساڵ جارێک،مادام مەبەست ساڵانەیە با روونی بکەینەوە با مەجال نەدەین لە دوا رۆژدا کەسانێک بە شێوەیەکی تر لێکی بدەنەوە ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ابراهیم فەرمو

**بەڕێز ئیبراهیم دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەی سێزدە برگەی دووەم هاتووە(اذا تساوت الاصوات يرجح الجانب الذي فيهه النقيب) واتا لێرە نەقیب هەیە، لەبەر ئەوە پێشنیارەکەی لیژنەی یاسایی لە جێگای خۆیەتی، لەبەر ئەوە نەک کۆبونەوەی ساڵانە بگرە ئەوەی سێ ساڵیش نەقیب دەتوانێ سەرۆکایەتی بکات بەگوێرەی ئەو ماددەی باسم کرد ، بەلام لە ماددەی دوازدە راستە کۆبونەوەیەکی کتوپر دەکرێ ، ئەو کۆبونەوە کتوپرە ئەگەر کرا لە بۆ محاسەبەی نەقیب ، ئەو کاتە نەقیب ناتوانێ سەرۆکایەتی دەستەی گشتی بکات

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

شەفیقەخان فەرمو.

**بەڕێز شەفیقە فەقێ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارم ئەوەیە ئەگەر کۆبونەوە کرا بۆ محاسەبە کردنی نەقیب کێ سەرۆکایەتی کۆبونەوە دەکات؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەستەیەکی سەرۆکایەتی هەڵدەبژێردرێ،وەکو هەموو کۆبونەوەیەک وەکو کۆنگرە، من وای بۆ دەچم کە ماددەی سێزدە بۆ کۆبونەوەی سالانەیە، نەنووسراوە بۆیە ئێستا بە شێوەیەکی تر راڤە دەکرێ، تێبینی تر هەیە؟ فەرموون رای خۆتان بخوێننەوە تاکو بیخەینە دەنگ دانەوە،

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای ئێمە دەقەکە باش هاتووە و لە جێگای خۆیەتی لە ١٥ سەندیکا وا هاتووە مادام نەقیبە سەرۆکایەتی دەکات با بۆ محاسەبە کردنی بێت، زۆربەی ئەندامان دادەنیشن لای دەبەن،گوایە ئەو ئەگەر سەرۆکایەتی کۆبوونەوەی کرد لا ناچێ؟ مەوزوعەکە دەنگ دانە لای دەبەن. بۆیە بە رای ئێمە دەقەکە وەکو پێویست هاتووە راش رای ئەندامانە

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بیخوێننەوە

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدری:**

المادة الخامسة عشرة

يمارس النقيب الصلاحيات التالية:

١- رئاسة اجتماعات الهيئة العامة ومجلس النقابة.

٢- تمثيل النقابة في كافة المعاملات لدى المراجع القضائية والادارية والهيئات الرسمية وشبه الرسمية والاهلية والمؤتمرات والمصادقة على المعاملات والوثائق الخاصة بالنقابة وله تخويل بعض هذه الصلاحيات الى من يرتأيه من اعضاء المجلس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتا لیژنەی یاسایی پەسەندی پرۆژەکە دەکات خۆیان پێشنیاریان نییە، بەڵام جەنابی وەزیری هەرێم پێشنیار دەکات کە ساڵانە دابندرێ، بۆیە پێشنیاری جەنابی وەزیری هەرێم دەخەینە دەنگ دانەوە، کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆرینەی دەنگ پێشنیارەکە پەسەند نەکرا.ماددەی پازدە جارێکی تر بخوێننەوە

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدری:**

المادة الخامسة عشرة

يمارس النقيب الصلاحيات التالية:

١- رئاسة اجتماعات الهيئة العامة ومجلس النقابة.

٢- تمثيل النقابة في كافة المعاملات لدى المراجع القضائية والادارية والهيئات الرسمية وشبه الرسمية والاهلية والمؤتمرات والمصادقة على المعاملات والوثائق الخاصة بالنقابة وله تخويل بعض هذه الصلاحيات الى من يرتأيه من اعضاء المجلس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ ماددەی پازدە وەکو خوێندرایەوە پەسەند دەکات؟ کێ پەسەندی ناکات؟ بە زۆرینەی دەنگ ماددەی پازدە پەسەند کرا.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدری:**

**المادة السادسة عشر:**

يتولى ادارة شؤون النقابة مجلس يتألف من :

١- النقيب ويشترط فيه ان تكون له ممارسة في المهنة مدة لا تقل عن عشر سنوات.

٢- نائب النقيب وخمسة اعضاء ممن امضوا في ممارسة المهنة مدة لا تقل عن سبع سنوات.

٣- رؤساء فروع النقابة ممن امضوا في ممارسة المهنة مدة لا تقل عن خمس سنوات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسایی تکایە(نقترح اعادة صياغة الفقرة الثانية و الغاءالفقرة الثالثة من المادة و كالآتي :

٢- وثمانية اعضاءممن امضوا في ممارسة المهنة مدة لا تقل عن سبع سنوات) بۆئەوەی لەگەڵ سەرەتای ماددەی یەکەم گونجاو بێت کەدەڵێ(تتالف النقابة من النقيب و ثمانية اعضاء)، لەبەر ئەوەی ماددەی یەکەم دەنگ دانی لەسەر کراوە ،دەبێ ئەوە ببێتە هەشت کەس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، لەبەر ئەوەی لە ماددەی یازدە ئەو هەشت ئەندامە نەک تەنها بۆ ئەنجومەنن بەڵکو بۆ لیژنەی انضباطیشن ،واتا شەشیان بۆ ئەنجومەنن و دوانیش بۆ لیژنەی انضباطە، ئەو دووانە ئایە وەکو ئەندام لە ئەنجومەن نامێنن؟ گەر نەمێنن ئەوە رای لیژنەی یاسایی تەواوە ئەگەر وەکو ئەندام لە ئەنجومەن بمێنن واتا دەبێ کۆی هەموویان لە هەشت کەس تێپەر نەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە، مامۆستا مەلا هادی

**بەڕێز مەلا هادی کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە برگەی یەکەم کە دەڵێ( النقيب ويشترط فيه ان تكون له ممارسة في المهنة مدة لا تقل عن عشر سنوات.) لە ماددەی چواردە هەمان شت هاتووە (ان يكون له ممارسة في المهنة مدة لا تقل عن عشرة سنوات.) ئەمە زیاد نییە داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم ئەوەمان بۆ روون بکەنەوە، هەمان مەرج هاتووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
مامۆستا مەلا تاهیر.
**بەڕێز مامۆستا مەلا تاهیر زین العابدین:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
دیارە کە مامۆستایان امساک و افطاریان وەکو یەکە، ئەوەی مامۆستا مەلا هادی گوتی بۆ نەقیبەکە زیادە لە بەر ئەوەی لە ماددەی چواردە یەک ڕاست بۆ مەرجی نەقیب هاتووە ئەوە یەک، دووەمیش بڕگە ۳ زیادە لەبەر ئەوەی سەرەک لقەکان ئەندام نین لە ئەنجومەندا ، حەقە سەرۆک لقەکان لابدرێ.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
کاک د. ناصح
**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
هەردوو بەڕێزان تێبینیەکەی منیان باس کرد سوپاس.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
جەنابی وەزیری هەرێم فەرمو
**بەڕێز نەمر کەچۆ هەسام/وەزیری هەرێم:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکا ، دەبوایە لە مەرجەکانی پاڵاوتن بن کاتێ هەڵدەبژێردرێن،نەک لێرە (یتولی ادارة شؤون النقابة مجلس یتألف من...) لە نەقیبیش دەڵێ (النقیب ویشترط فیه ان تکون له ممارسة في المهنة مدة لا تقل عن عشر سنوات.) پێشتر ئێمە دیارمان کردوە کە مەرجەکانی نەقیب ئەوەیە ئەوە دووبارەیە . دووەمینیش (نائب النقیب وخمسة اعضاء ) ئەوە بەخۆیان هەشتن بۆ بیکەینە پێنج ، ئەوە لە مەرجەکانی پاڵاوتن، لە پێشتر کاتێ هەڵدەبژێردرێن دەبایە هەبێ نەک ئێستا.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
لێژنەی یاسایی فەرمون
**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
بابەتەکە بۆ روون کردنەوە هاتووە،دەتوانن بڵێین (النقیب و یشترط فیە...) بەاعتبار گۆتراوە، تەنها وەکو پێکهاتەیەکی ئەنجومەن هاتووە،بە زیادی دەزانن لا بدرێ زەرەری نییە مانەوەشی هەر زەرەری نییە،سەبارەت بە جێگری نەقیب ئەوانە نەماون پێشنیاری ئێمە ئەوەیە کە نەمێنێ یەکەم هەشت کەس لەوێ هەیە خۆیان نۆ کەسن نەقیب و هەشت کەسی تر دەبنە نۆ واتا نەقیب و هەشت

ئەندام دەبنە نۆ وەکو هەموو سەندیکاکانی تر ،ئەوەی کاک جەمیل فەرموی لیژنەی بەرزەفتی لە سەدری ماددەی یەکەم سرایتەوە لە کاتی دەنگدان لیژنەی بەرزەفتی نەماوە ، دواتر بە پێکهاتەیەکی تر پێناسەی ئەو لیژنەیە دەکرێ ، لەبەر ئەوە پێویستە بەو شێوەیە بێت کە گونجاو بێت لەگەڵ ماددەی یەک کە نەقیب و هەشت ئەندام ببنە ئەنجومەنی سەندیکا دوایی لە بەینی خۆیان جێگر و ئەمین صندوق و... هتد هەڵدەبژێرن

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە صیغەی کۆتاییتان بخوێننەوە.

**بەرێز شێروان ناسح حەیدری:**

المادة السادسة عشرة :

يتولى ادارة شؤون النقابة مجلس يتألف من :

١ـ النقيب ويشترط فيه ان تكون له ممارسة في المهنة مدة لا تقل عن عشر سنوات.

٢ـ ثمانية اعضاء ممن امضوا في ممارسة المهنة مدة لا تقل عن سبع سنوات.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

قەول نەبوو بیسڕنەوە.

**بەرێز شێروان ناسح حەیدەری:**

لە ماددەی چواردەدا وەکو مەرجی نەقیب هاتووە ، لێرە لە ایدارە ئەنجومەن هاتووە،گرفتێکی تێدا نییە ئەگەر دەڵێن لای دەبەین.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جارێکی تر بی خوێننەوە

**بەرێز شێروان ناسح حەیدری:**

يتولى ادارة شؤون النقابة مجلس يتألف من :

١ـ النقيب ويشترط فيه ان تكون له ممارسة في المهنة مدة لا تقل عن عشر سنوات.

٢ـ ثمانية اعضاء ممن امضوا في ممارسة المهنة مدة لا تقل عن سبع سنوات.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ ماددەی شازدە وەکو خوێندرایەوە پەسەند دەکات؟ کێ پەسەندی ناکات؟ بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا

**بەرێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة السابعة عشرة:**

١ـ ينتخب المجلس بالاقتراع السري من بين اعضائه سكرتيراً واميناً للصندوق في اول اجتماع يعقد بعد الانتخاب وتحدد صلاحيات كل منهما في النظام الداخلي.

٢ـ يعقد المجلس جلساته الاعتيادية مرة واحدة في الشهر على الاقل كما يجوز له عقد جلسات استثنائية بدعوة من النقيب او بطلب من ثلث اعضائه.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێژنەی یاسایی

**بەرێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە تێبینیمان لەسەر ماددەکە نییە تەنها لە پێش (سکرتیراً) من بین اعضائه نائبا للرئیس) ئێمە تۆمارمان نەکر تەنها چاکمان کرد،

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لێژنەی دارایی

**بەرێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رامان هەمان رای لێژنەی یاساییە، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەرێزانەی تێبینیان هەیە دەستیان بەرز بکەنەوە،مامۆستا مەلا هادی فەرمو

**بەرێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە برگەی یەکەم( ينتخب المجلس بالاقتراع السري من بين اعضائه سكرتيراً واميناً للصندوق في اول اجتماع يعقد بعد الانتخاب وتحدد صلاحياتكل منهم في النظام الداخلي) وای لێبێت (... كل واحد حسب النظام الداخلي)سەبارەت بە برگەی دووەمیش(يعقد المجلس جلساته الاعتيادية مرة واحدة في الشهر على الاقل كما يجوز له عقد جلسات استثنائية بدعوة من النقيب او بطلب من ثلث اعضائه.) لە جیاتی ئەو ثلثه بکرێتە اكثريه الاعضاء بۆ ئەوەی زیاتر شەرعیەت وەر بگرێ. ئەگەر جەنابتان رێگە بدەی کاتی نوێژەو دوایی تەواوی بکەین

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک برهان جاف فەرمو

**بەرێز بورهان عەلی جاف:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەروەکو چۆن لە یاساکانی تر هاتووە لە دەسەلاتی ئەنجومەنی سەندیکایە کە لێژنەی بەرزەفتی هەڵبژێرێ،لەو ماددەیە نەهاتووە وەکو چۆنیش لە پرۆژەکەدا هاتووە لە ماددەی یازدە لێژنەی بەرزەفتیان لاداوە، بۆ ئەوەی جێگیر بکرێ لەو ماددەیە لێژنەی بەرزەفتی دابندرێ لە دوای امينا للصندوق، سوپاس

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێژنەی یاسایی

**بەرێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێژنەی بەرزەفتی بە ماددەیەکی سەربەخۆ هاتووە، کە گەیشتینە سەری دەتوانن گفتوگۆی بکەن.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە ماددەی حەڤدەمین جارێکی تر بخوێننەوە

**بەرێز شێروان ناسح حەیدری:**

المادە السابعە عشرە:

١- ينتخب المجلس بالاقتراع السري من بين اعضائه سكرتيراً واميناً للصندوق في اول اجتماع يعقد بعد الانتخاب وتحدد صلاحيات كل منهما في النظام الداخلي.

٢- يعقد المجلس جلساته الاعتيادية مرة واحدة في الشهر على الاقل كما يجوز له عقد جلسات استثنائية بدعوة من النقيب او بطلب من ثلث اعضائه.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەرێزانەی ماددەی حەڤدە وەکو ئەوەی خوێندرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، کێ پەسەندی ناکات؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا.

ئێستا پشوێک دەدەین ، سەعات یەک دادەنیشینەوە.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستاش بەردەوام دەبێن لەسەر گفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای ژمێریاران و تەدقیقکارانی هەرێمی کوردستانی عێراق، لە دانیشتنی پێشوودا دەنگدانمان لەسەر ماددەی «١٧» دا و ئێستا دێینە سەر ماددەی«١٨» فەرموو بیخوێنەرەوە.

**بەرێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة الثامنة عشر:**

١- يتم النصاب في المجلس بحضور اكثرية الاعضاء وتصدر القرارات باغلبية اصوات الحاضرين وعند تساوي الاصوات يرجح الجانب الذي صوت فيه النقيب.

٢- اذا شغر مركز النقيب لأي سبب كان يحل محله نائبه او السكرتير اذا كان مركز نائب النقيب شاغر وذلك للمدة المتبقية.

٣- اذا شغر احد مراكز المجلس لأي سبب كان فيحل محله عضو من بين الاعضاءالاصليين عن طريق الاقتراع السري ويحل محل الاخير احد عضوي الاحتياط الاكثر صوتاً.

٤- اذا شغرت مناصب اكثرية اعضاء المجلس (عدا رؤساء الشعب) فعلى المجلس دعوة الهيئة العامة خلال شهرين للاجتماع لانتخاب من يملؤها بنفس الطريقة المبينة في هذا القانون للمدة المتبقية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی یاسایی فەرموون.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنها تێبینییمان لەسەر بڕگەی «٤» هەیە، کەوا ئەم دەستەواژەیەی بخرێتە سەر: (على ان لا تقل المدة عن ستة أشهر)، چونکە ئەگەر دوو سێ مانگ مابێت بۆ ئەو کۆبوونەوەیە دووبارە بکرێتەوە، جا بە رای ئێمە لە «٦»مانگ ماوەکەیان کەمتر نەبێت باشترە،«رؤساء الشعب»یشمان هەڵگرت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی دارایی تکایە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ تێبینییەکمان نییە و، پشتگیری لە رای لیژنەی یاسایی دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کێ تێبینیی هەیە با دەستی بەرز کاتەوە، کەس تێبینی نییە، کەواتە ئەیخەینە دەنگدانەوە، تکایە ماددەی «١٨» لەگەڵ رایەکەی لیژنەی یاسایی بخوێنرێتەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة الثامنة عشر:**

١ـ يتم النصاب في المجلس بحضور اكثرية الاعضاء وتصدر القرارات باغلبية اصوات الحاضرين وعند تساوي الاصوات يرجح الجانب الذي صوت فيه النقيب.

٢ـ اذا شغر مركز النقيب لأي سبب كان يحل محله نائبه او السكرتير اذا كان مركز نائب النقيب شاغر وذلك للمدة المتبقية.

٣ـ اذا شغر احد مراكز المجلس لأي سبب كان فيحل محله عضو من بين الاعضاءالاصليين عن طريق الاقتراع السري ويحل محل الاخير احد عضوي الاحتياط الاكثر صوتاً.

٤ـ اذا شغرت مناصب اكثرية اعضاء المجلس فعلى الملجس دعوة الهيئة العامة خلال شهرين للاجتماع لانتخاب من يملؤها بنفس الطريقة المبينة في هذا القانون للمدة المتبقية على ان لا تقل عن «٦» أشهر.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا ماددەی «١٨» ئەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ماددەی «١٨»دایە بەو شێوەیەی کە خوێنرایەوە؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟، کەواتە بە گشتی دەنگ ماددەی «١٨» وەرگیرا، دێینە سەر ماددەی «١٩» فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة التاسعة عشر:**

يعتبر عضو المجلس مستقيلاً اذا تغيب عن حضور ثلاثة جلسات متتالية او خمس جلسات متفرقة خلال السنة بدون عذر مشروع.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ڕای لیژنەی یاسایی تکایە.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینی ئێمە تەنها ئەوەی کە «أحد لجانها»مان لابردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ڕای لیژنەی دارایی تکایە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەداین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەو بەڕێزانەی تێبینییان هەیە تکایە دەستیان بەرز کەنەوە، کەس نییە؟، کەواتە ئەیخەینە دەنگدانەوە، تکایە جارێکی تر ماددەی «١٩» بخوێنرێتەوە بە هەموارەکەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة التاسعة عشر:**

يعتبر عضو المجلس مستقيلاً اذا تغيب عن حضور ثلاثة جلسات متتالية او خمس جلسات متفرقة خلال السنة بدون عذر مشروع.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا ماددەی «١٩» ئەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ماددەی «١٩»دایە بەو شێوەیەی کە خوێنرایەوە؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟، کەواتە بە گشتی دەنگ ماددەی «١٩» بەهەموار کردنەوە پەسند کرا، سوپاس، دێینە سەر ماددەی «٢٠»، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة العشرون:**

يمارس المجلس الاختصاصات التالية:

١- العمل على تحقيق اهداف النقابة.

٢- تقديم المقترحات بشأن تعديل قانون النقابة.

٣- تنفيذ قرارات الهيئة العامة.

٤- تعيين مستخدمي النقابة وتحديد اجورهم وترقيتهم.
٥- النظر في طلبات الانتماء واقرار قبول الاعضاء.
٦- اختيار من يمثل النقابة في اللجان الرسمية وغيرها في حالة عدم تمثيلها من قبل النقيب.
٧- احالة القضايا والشكاوي التي ترد اليه من اللجان المختصة.
٨- المساهمة في تقديم المقترحات بشأن التشريعات والخطط والمناهج الادارية في الاقليم.
٩- تشكيل لجان فرعية لتحقيق اغراض هذا القانون.
١٠- اعداد الميزانية وتعيين محاسب قانوني لاجراء تدقيق الحسابات.
١١- اقرار تملك الاموال والعقارات وقبول الهبات والمنح وشروط الاقراض وتقديم المساعدات المالية ضمن اغراض النقابة.
١٢- الاعداد للانتخابات.
١٣- البت في استقالة النقيب ونائبه او اي من اعضاء المجلس أو لجان النقابة على ان تعرض على الهيئة العامة في اول اجتماع لها.
١٤- منح اجازة مزاولة المهنة.
١٥- تأسيس وادارة نوادي النقابة وفقاً لقانون الجمعيات.
١٦- تخويل بعض صلاحياته للنقيب او رؤساء الفروع.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی یاسایی تکایە.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برگەیەک بە زنجیرەی «١٧» بخرێتە سەر ئەویش، (قبول الهبات من الجهات الاجنبية بموافقة الجهات المختصة) و، « لجان النقابة و شعبها» لە برگەکانی «١٣» و «١٦» هەڵگیراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی دارایی تکایە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە برگە «١٤» دا دەڵێت «منح إجازة مزاولة المهنة» و لە ماددەی «١٧»برگەی «أ» دا ئێمە «مزاولە المهنە»مان هەڵگرت، ئەوان داوایان کردووە کەوا ئەوەی ئینتمائی نەبێت «مزاولە المهنە» نەکات، جا برگەی«أ»ی ماددەی «١٧»مان هەڵگرت، دەنگدانیشی لەسەر کرا و ئیقراریش کرا، بۆیە دەبێت لێرەش «منح إجازة مزاولة المهنة» نەمێنێت و، «مزاولە المهنە» ببێتە شتێکی سەربەست، بە رای ئێمە برگەی «١٤» لێرە هەڵگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسایی فەرموون.

**بەڕێز كاكەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

شێوەی داڕشتنەوەكەی دەبێت بگۆڕدرێت، چونكە لەوێ كردوومانە بە ڕەزامەندی سەندیكا، «موافقة علی مزولة المهنة»، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە ڕەزامەندیە بۆ كردنەوەی نووسینگەیە بۆ «مزاولە المهنە» نییە، فەرموو.

**بەڕێز كاكەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

خۆی كردنەوەی نووسینگەش هەر «مزاولە المهنە»یە، چونكە لەوێ ئیش دەكات، جا سەندیكا مەبەستی «مزاولە المهنە» لە فەرمانگەكانە حكومییەكان نییە، بەڵكو مەبەستی كار كردنی پاش دەوامی ڕەسمییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڵام لێرەدا بە گشتی هاتووە، كە دەڵێت: «منح إجازة مزاولة المهنة» كەواتە بە دەستی سەندیكایە كەوا ڕێگا بدات ئەو پیشەیە بكات، یاخود نە، جا نابێت بەم شێوەیە بێت، چونكە لە پێشەوە هەڵمانگرت دەبێت لێرەش چارەسەر بكرێت، ئەو بەڕێزانەی تێبینییان هەیە تكایە دەستیان بەرزكەنەوە، كاك د.ڕزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من هەندێ ئیزافەم هەیە، ئەویش «تأسیس فروع النقابە فی المحافظات» یەكێكە لە ئەركەكانی ئەنجومەنی سەندیكا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڵام ئەو تێبینییەی جەنابت لە سەرەتای یاساكەدا هاتووە، جا بۆیە پێویست بە دووبارە كردنەوە ناكات، تكایە جارێكی تر ماددەكە بە خوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێش ئەوەی بیخوێنمەوە برگەی «١٤»مان هەڵگرت و، زنجیرەكەی دەگۆڕێ و، برگەیەكی تری خرایە سەر كەواتە دیسانەوە لە برگەی «١٦» رادەوەستین،

**المادة العشرون:**

یمارس المجلس الاختصاصات التالیة:

١ـ العمل على تحقيق اهداف النقابة.
٢ـ تقديم المقترحات بشأن تعديل قانون النقابة.
٣ـ تنفيذ قرارات الهيئة العامة.
٤ـ تعيين مستخدمي النقابة وتحديد اجورهم وترقيتهم.
٥ـ النظر في طلبات الانتماء واقرار قبول الاعضاء.
٦ـ اختيار من يمثل النقابة في اللجان الرسمية وغيرها في حالة عدم تمثيلها من قبل النقيب.
٧ـ احالة القضايا والشكاوي التي ترد اليه من اللجان المختصة.
٨ـ المساهمة في تقديم المقترحات بشأن التشريعات والخطط والمناهج الادارية في الاقليم.
٩ـ تشكيل لجان فرعية لتحقيق اغراض هذا القانون.
١٠ـ اعداد الميزانية وتعيين محاسب قانوني لاجراء تدقيق الحسابات.
١١ـ اقرار تملك الاموال والعقارات وقبول الهبات والمنح وشروط الاقراض وتقديم المساعدات المالية ضمن اغراض النقابة.
١٢ـ الاعداد للانتخابات.
١٣ـ البت في استقالة النقيب ونائبه او اي من اعضاء المجلس على ان تعرض على الهيئة العامة في اول اجتماع لها.
١٤ـ تأسيس وادارة نوادي النقابة وفقاً لقانون الجمعيات.
١٥ـ تخويل بعض صلاحياته للنقيب او رؤساء الفروع.
١٦ـ قبول الهبات من الجهات الاجنبية و بموافقة الجهات المختصة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ماددەی «٢٠»دایە بەو شێوەیەی کە خوێنرایەوە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ کەواتە بە گشتی دەنگ ماددەی «٢٠» وەرگیرا، سوپاستان دەکەین، دێینە سەر ماددەی «٢١» فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة الحادية والعشرون:**

يمارس النقيب الصلاحيات التالية:
١ـ تمثيل النقابة في كافة المعاملات لدى المراجع القضائية والادارية والهيئات الرسمية وشبه الرسمية والاهلية والمؤتمرات والمصادقة على المعاملات والوثائق الخاصة بالنقابة وله تخويل بعض هذه الصلاحيات الى من يرتأيه من اعضاء المجلس.
٢ـ رئاسة اجتماعات الهيئة العامة والمجلس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی یاسایی تکایە.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
بە رای ئێمە ماددەی «٢١» هەڵگیرێت، چونکە دووبارە بوونەوەیە لەگەڵ ماددەی «١٥»، سوپاس.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
سوپاس، رای لیژنەی دارایی فەرموون.
**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ئێمە وەکو لیژنەی دارایی هیچ تێبینییەکمان نییە،
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
سوپاس، ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرز کەنەوە، مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.
**بەڕێز مەلا تاهیر زین العابدین:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
تەنها تێبینیم لەسەر زنجیرەکەی هەیە، کە ئەویش «نقیب» دوای «مجلس» بکەویت ئەوە لەوێ نەمێنێت و، ئەمە لە شوێنی خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
سوپاس، بەڵام رای لیژنەی یاسایی ئەوەیە کەوا ئەم ماددەیە هەمووی هەڵگیرێت.
**بەڕێز مەلا تاهیر زین العابدین:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
منیش لەگەڵ لابردنەکەمە، کەوا ماددەکە هەمووی زنجیرەکەی بگۆڕێت، چونکە خۆی دەبێت ئەنجومەن و دەسەڵاتی ئەنجومەن پێش نەقیب و دەسەڵاتی نەقیب بکەویت، سوپاس.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
سوپاس، مامۆستا مەلا هادی فەرموو.
**بەڕێز مەلا هادی خضر کویخا:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
منیش پشتگیری لە رای لیژنەی یاسا دەگرم، رایەکەی مامۆستا مەلاهادیش لە جێگای خۆیەتی، سوپاس.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
سوپاس، لیژنەی یاسایی فەرموون.
**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ماددەی «١٥» دەنگدانی لەسەر کراوە و، ئیقرار کراوە، جا پاشی ئەو هەرچی بوترێت دووبارە بوونەوەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كەواتە رای لیژنەی یاسا دەخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەوەیە كەوا ماددەی «٢١» هەڵگیرێت،؟.. سوپاس.. كێ لەگەڵ نییە؟ بەگشتی دەنگ بڕیار درا ماددە (٢١) لەغو بكرێت، سوپاس.

ماددە (٢٢) بوو بە ماددە (٢١).

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة الحادية والعشرون:**

١ـ يتفرغ النقيب للعمل النقابي بقرار من المجلس.

٢ـ لا يجوز ان تزيد نسبة المتفرغين للعمل النقابي بطلب من المجلس على ثلث اعضاء المجلس بمن فيهم النقيب.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تێبینی لیژنەی یاسا.

**بەڕێز كاكەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هیچ تێبینیمان لەسەر ئەو ماددەیە نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تێبینی لیژنەی دارایی.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەكەداین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

- سوپاس. ئەو بەڕێزانەی تێبینییان هەیە تكایە دەستیان بەرز بكەنەوە. دیارە كەس تێبینی نییە، بۆیە دەیخەینە دەنگدانەوە.

تكا لەو بەڕێزانە دەكەم كە ماددە (٢١) بەو شێوەیەی كە خوێندرایەوە پەسند دەكەن دەستیان بەرز بكەنەوە.. زۆر سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی پەسندی ناكەن دەستیان بەرز بكەنەوە.. بە گشتی دەنگ ماددە (٢١) وەرگیرا.

ماددە (٢٢) بخوێننەوە تكایە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة الثانية والعشرون:**

١ـ تؤلف لجنة الانضباط من رئيس وعضوين تنتخبهم الهيئة العامة في اجتماعها الاعتيادي مع اعضاء المجلس.

٢- تختص لجنة الانضباط بالنظر في جميع المخالفات المنصوص عليها في هذا القانون وتقوم بالتحقيق في القضايا والشكاوي التي يحليها عليها المجلس ولها ان تكلف احد اعضائها بإجراء التحقيق وتقديم تقرير بذلك.

٣- تتبع لجنة الانضباط القواعد الواردة في قانون انضباط موظفي الدولة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسا.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برگە یەک دووبارە دابرێژرێتەوە (تؤلف لجنة الانضباط من رئيس وعضوين، وعضوين احتياط يتم اختيارهم من قبل مجلس النقابة على ان يكون رئيسها احد اعضاء المجلس)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی فەرموون.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری بۆچوونی لیژنەی یاسا دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە.

جارێ نییە، تکایە دوا دارشتنی ماددە(٢٢) بخوێننەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة الثانية والعشرون:**

١- تؤلف لجنة الانضباط من رئيس وعضوين، وعضوين احتياط يتم اختيارهم من قبل مجلس النقابة على ان يكون رئيسها احد اعضاء المجلس.

٢- تختص لجنة الانضباط بالنظر في جميع المخالفات المنصوص عليها في هذا القانون وتقوم بالتحقيق في القضايا والشكاوى التي يحليها عليها المجلس ولها ان تكلف احد اعضائها بإجراء التحقيق وتقديم تقرير بذلك.

٣- تتبع لجنة الانضباط القواعد الواردة في قانون انضباط موظفي الدولة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە ماددە (٢٢) بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە.. زۆر سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە.. ماددەی (٢٢) بە کشتی دەنگ وەرگیرا. تکایە ماددە (٢٣) بخوێننەوە.

**بەڕێز شـــــێـــــروان نـاسح حـــــەیدەری:**

**المادة الثالثة والعشرون:**

للجنة الانضباط اصدار العقوبات التالية:

١ـ الانذار.

٢ـ الحرمان المؤقت من الخدمات النقابية لمدة لا تزيد على سنة.

٣ـ المنع من ممارسة المهنة لمدة لا تزيد على ستة اشهر بالنسبة لمنتسبي الدوائر الرسمية او شبه الرسمية ينحصر المنع على العمل خارج اوقات الدوام الرسمي على ان تبلغ الدائرة المختصة بالقرار.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

تێبینی لیژنەی یاسا تکایە.

**بەڕێز کـاکـەڕەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

تەنیا زیادمان کردبوو (شبه الرسمیه خوێندرایەوە)، لەبەرئەوەی رای ئێمە لەگەڵ ماددەکەیە وەکو خۆی خوێندرایەوە، سوپاس.

**بەڕێز جـــــەمـــــیـل عـــــەبدی سندی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

پێشنیارمان ئەوەیە بڕگە (٣) نەمێنێت، ئەوە کافیە (الحرمان المؤقت من خدمات النقابة لمدة لا تزيد على سنة) ئەوە بەســە (خدمات النقابية) نامینێت، چونکە مومارەسەی مهنە شتێکی ئازادە، چاکترە بڕگەی سێیەم نەمێنێت، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینییان هەیە تکایە دەستیان بەرزبکەنەوە.

مامۆستا مەلا هادی فەرمو.

**بەڕێز مـــــەلا هـادی خـــــضـــــر:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

بڕگـەیەکی پێش ئەو ئیـزافـە بکرێت یەکسـەر نەیەنە سـەر (انذار)، بەڵکو (تنبیـه)، بڕگـەی سێیەمیش هەروەکو لیژنەی دارایی فەرموویان لەغو بکرێتەوە (تنبیە، انذار، حرمان)، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

بەڕێز د. رزگار فەرمو.

**بەڕێز د. قـــاسم مـــحـــمـــەد قـــاسم:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

(الفات نظر) دەکرێت دوای ئەوە (انذار) دێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا فەرموون.

**بەڕێز كاكەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سزاكانی (انذار) و (الفات نظر) لە فەرمانگەكان ڕۆڵی هەیە تۆزێك كاریگەری هەیە لەسەر مافەكان، سەبارەت بە سەندیكا شتێكی وا ناكات كاریگەری هەبێت لەسەر هەندێ مافی دیاری كراو بۆ نموونە لە دائیرەكان (انذار) ترفیع دوا دەخات، بەڵام لە سەندیكا هیچ كاریگەری نابێت، تەنیا ئاگاداركردنەوەیەكە، لەبەرئەوە بەرای ئێمە ماددەكە زۆر ئاساییە، بەو شێوەیەی هاتووە لە جێگای خۆیەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خاڵی سێیەم دەربارەی لیژنەی دارایی.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پشتگیری بۆچوونی جەنابتان دەكەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تكایە دوا دارشتن بخوێننەوە جارێكی تر.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة الثالثة والعشرون:**

للجنة الانضباط اصدار العقوبات التالية:

١ـ الانذار.

٢ـ الحرمان المؤقت من الخدمات النقابية لمدة لا تزيد على سنة.

٣ـ المنع من ممارسة المهنة لمدة لا تزيد على ستة اشهر بالنسبة لمنتسبي الدوائر الرسمية او شبه الرسمية ينحصر المنع على العمل خارج اوقات الدوام الرسمي على ان تبلغ الدائرة المختصة بالقرار.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تكا لەو بەڕێزانە دەكەم ماددە (٢٣) بەو شێوەی خوێندرایەوە پەسند دەكەن دەستیان بەرز بكەنەوە.. زۆر سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی ماددە (٢٣) پەسند ناكەن دەستیان بەرز بكەنەوە.. مامۆستا مەلا هادی پەسندی ناكات.. ماددەكە بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا.

ماددە (٢٤) بخوێننەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة الخامسة والعشرون:**

١- يجوز الاعتراض على قرارات لجنة الانضباط لدى مجلس النقابة خلال خمسة عشرة يوماً من تأريخ التبلغ به وللمجلس تأييده او رفضه.
٢- لا تنفذ العقوبات المتخذة اعلاه الا بعد مصادقة المجلس عليها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسا تکایە.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەین بڕگە (١) بەو شێوەیەی کە ئێستا باسی دەکەین دابڕێژرێتەوە و بڕگە دووش ئیلغا بکرێت.

١- تكون قرارات لجنة الانضباط قابلة للطعن تمييزاً لدى محكمة تمييز الاقليم خلال مدة (٣٠) يوماً من تاريخ التبلغ بالقرار ويكون قرار المحكمة باتاً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتا هەردوو بڕگە لابچێت.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

نەخێر تەنیا بڕگە (٢) لابچێت، بڕگە یەکیش بەو شێوەیەی خوێندمەوە دابڕێژرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کە بڕگە (٢) لا بچێت، بڕگە یەک بێ ژمارە دەبێت.

رای لیژنەی دارایی تکایە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری بۆچوونی لیژنەی یاسا دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینییان هەیە تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە.هیچ تێبینی نییە، کەواتە مادده (٢٤) دووبارە بخوێننەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

تكون قرارات لجنة الانضباط قابلة للطعن تمييزاً لدى محكمة تمييز الاقليم خلال مدة ثلاثين يوماً من تاريخ التبلغ بالقرار ويكون قرار المحكمة باتاً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە مادده (٢٤) پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە.. زۆر سوپاس..
ئەو بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە.. بە گشتی دەنگ ماددەی (٢٤) وەرگیرا.
مادد (٢٥) بخوێننەوە.

**بەڕێز شـــــــیـــــــروان ناسـح حــــــەیدەری:**

**المادة السادسة والعشرون:**

على العضو تجنب الامور التالية:

١- اهمـال او عـرقلة تطبيـق القوانين والانـظمـة المتـعلقـة بالنقـابة والتـعليمـات والقـرارات التي تصدرها.

٢- مزاولة المهنة دون تجديد الاشتراك السنوي او الاجازة.

٣- عدم مراعاة السلوك المهني والاساءة الى سمعة المهنة وكرامتها حسب القواعد المنصوص عليها في النظام الداخلي.

٤- انتحال لقب مهني او صفة مهنية غير صحيحة او غير مصادق عليها وفق القوانين والانظمة المرعية والاعلان عن ذلك بأية طريقة كانت.

٥- ارتكاب خطأ فني جسيم نتيجة اهمال يسبب خسارة كبيرة لذوي العلاقة.

٦- تجاوز حدود مزاولة المهنة حسب ما نص عليه النظام الداخلي او التعليمات التي تصدرها النقابة.

**بەڕێز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

تێبینی لیژنەی یاسا.

**بەڕێز کـاکـەڕەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندی:**

**بەڕێز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەدا داین تەنیا وشەی (اجازە) لابچێت چونکە هەموومان لە ماددەکانی تر لابرد بڕگە دوو بەو شێوەیە بێت (مزاولة المهنة دون تجديد الاشتراك السنوي)، سوپاس.

**بەڕێز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

لیژنەی دارایی راتان تکایە.

**بەڕێز جــــــەمــــــیل عــــــەبدی سندی:**

**بەڕێز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

پێشنیـار دەکەین بڕگە (٢) لابـبرێت، چونکە ئەگەر مزاولەی مهنەی کرد و لێرە مایەوە ماددەی دوای ئەو دەڵێت (يحال الى لجنة الانضباط) ئەگەر سەرپێچی یەکێک لەو بڕگانە بکات (١، ٢، ٣، ٤، ٦،٥) کـە (مـزاولە المهنە) لـە مـاددەی (٧)ی پرۆژەکـە لابرا، چاکـتـرە لەو مـاددەیەش نەمینێت، سوپاس.

**بەڕێز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینییان هەیە تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە.

**بەڕێز نەمـــــــر کـــــــەچۆ/ وەزیری هەرێم:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

لە ماددەکە هاتووە (علی العضو تجنب الامور التالیة) وشەی (تجنب) تحذیریە مەسەلەی مخالفات لە یاسای سزاکان یا (تەرک)ە یا (ئیمتناع)ە، لەبەرئەوە من پێشنیار دەکەم دووبارە دارشتنی بۆ بکرێتەوە سیغەیەک بدۆزینەوە وشەی (تجنب) لابرێت، بۆ نموونە (یعد مخالفة من العضو الامور التالیة) وشەی تجنب لە یاسادا بەکارنایەت، سوپاس.

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

بکرێتە (تعتبر الامور التالیة مخالفة).

کاک شێروان فەرمو.

**بەڕێز شـــــێـــــروان نـاسح حـــــەیدەری:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

بەرای ئێمە دەقەکە لەشوێنی خۆیدایە، چونکە لە ماددەی داهاتوو دەڵێت (یحال العضو المخالف لما جاء فی المادة السادسة والعشرون من هذا القانون علی لجنة الانضباط)، سوپاس.

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

باشە بکرێتە (علی العضو تجنب المخالفات التالیة).

**بەڕێز شـــــێـــــروان نـاسح حـــــەیدەری:**

ئەگەر (تجنب)ی کرد مانای وایە تشکیلی مخالفە دەکات، تشکیلی مخالفات لەماددە (٢٦)دا هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

کاک نەمر فەرمو.

**بەڕێز نەمـــــر کـــــەچۆ هســـــام/ وەزیری هەرێم:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

من هەروەکو لە پێشـودا باسم کرد بەنیسبەت یاسا اما (یرتکب) او (لا یرتکب)، وشەی (تجنب) بە تحذیری هاتووە ئەوەش نابێت، دەبێت (ارتکب) ئەو کەسە فعلەکەی کردبێت، سوپاس.

**بەڕێز شـــــێـــــروان نـاسح حـــــەیدەری:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

جرائم سێ جۆرە(مخالفە، جنحە، جنایە) لێرە ئێمە بڵێین (مخالفە) لەوانەیە لە ماددە (٤) جنحە بێت یان (جنایە) بێت ئەگەر مخالفە بگۆڕین مفهومەکە دەگۆڕێت بەرای ئێمە سیغەی (تجنب)ەکە باشترە، سوپاس.

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

کاک فرەنسۆ فەرمو.

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تـۆمـــــا هـەریری:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــــەن.**

(تجنب)ەکە چاک هاتووە (تجنب اهمال، تجنب مزاولە، تجنب عدم مراعاە السلوک المهنی) یانی باش هاتووە، تجنبەکە لەپێش هەموویان دابنێ زۆر بە ڕێک وپێکی هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــــەن:**

سوپاس، تصور دەکەم اکتفا بە مناقەشە بکەین لەسەر ئەم مەوزوعە تکایە بیخوێنێتەوە.

**بەڕێز شـــــێـــــروان نـاسح حـــــەیدەری:**

**المادة الخامسة والعشرون:**

على العضو تجنب الامور التالية:

١- اهمـال او عرقلة تطبيق القوانين والانظمة المتعلقة بالنقابة والتعليمات والقرارات التي تصدرها.

٢- مزاولة المهنة دون تجديد الاشتراك السنوي او الاجازة.

٣- عدم مراعاة السلوك المهني والاساءة الى سمعة المهنة وكرامتها حسب القواعد المنصوص عليها في النظام الداخلي.

٤- انتحال لقب مهني او صفة مهنية غير صحيحة او غير مصادق عليها وفق القوانين والانظمة المرعية والاعلان عن ذلك بأية طريقة كانت.

٥- ارتكاب خطأ فني جسيم نتيجة اهمال يسبب خسارة كبيرة لذوي العلاقة.

٦- تجاوز حدود مزاولة المهنة حسب ما نص عليه النظام الداخلي او التعليمات التي تصدرها النقابة.

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــــەن:**

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە ماددە بیست وپێنج پەسەند دەکەن دەستیان بەرزبکەنەوە...

سوپاس... ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن تکایە دەستیان بەرزبکەنەوە... بەگشتی دەنگ ماددە (٢٥) وەرگیرا، ماددە بیست وشەش.

**بەڕێز شـــــێـــــروان نـاسح حـــــەیدەری:**

**المادة السادسة والعشرون:**

يحال العضو المخالف لما جاء في المادة الخامسة والعشرون من هذا القانون على لجنة الانضباط بقرار من المجلس.

**بەڕێز کـاکـەڕەش مـحـەمـەد نەقشـبـەندی:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــــەن.**

لاریمان نییە لەسەر ماددەکە هیچ تێبینیمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی دارایی.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ نەصی ماددەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی کە تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرزبکەنەوە.... فەرموو کاک د.ناسح.

**بەڕێز د.ناسح غەفور ڕەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە لەجیاتی (یحال العضو المخالف لما جاء في المادة ) بکرێتە(یحال العضو المخالف باحدي الفقرات المادة السادسة) چونکە ئەوە مطلق هاتووە ئەگەر بڵێی (لاحدی) بەیەکێکیش دەگوترێ یانی وشەی (لما جاء فی الماده) بکرێتە (لاحدی الفقرتین)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەی ئەگەر دوو بڕگەی مخالەفە کرد ئەو کاتە دەبێ احالەی نەکەین چونکە نوسیومانە (احدی الفقرتین) ئەوە لەحوکمی ماددەکە هەر مخالەفەیەک بکات لەضمنی مخالفەی ئەم ماددەیە بێت احالەی لیژنەی انضباط دەکرێ چونکە ئەگەر تحدیدی بکەین بە فەقەرەیەک مانای وایە ئەگەر دوو وسێی کردبێ دەبێ وازی لێ بێنین، نەخێر ماددەکە هەموو نابێ مخالفە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەی بیست وشەش جارێکی تر بیخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة السادسة والعشرون:

یحال العضو المخالف لما جاء في المادة الخامسة والعشرون من هذا القانون على لجنة الانضباط بقرار من المجلس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە ماددە بیست وشەش پەسەند دەکەن دەستیان بەرزبکەنەوە... سوپاس... ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن تکایە دەستیان بەرزبکەنەوە... بەگشتی دەنگ ماددە بیست و شەش وەرگیرا. ماددە بیست وحەوت.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة السابعة والعشرون :

١ـ تدار شؤون فروع النقابة من قبل لجنة الفرع في المحافظة التي تمثل النقابة فيها .

٢ـ تتألف لجنة الفرع في كل محافظة من رئيس واربعة اعضاء وعضوين احتياط ينتخبهم اعضاء فرع المحافظة بالاقتراع السري مرة واحدة كل ثلاث سنوات على ان يكونوا من الذين يزاولون المهنة في تلك المحافظة وتنتخب اللجنة من بين اعضائها الاربعة نائباً للرئيس.

٣ـ تتبع في الاجتماعات العامة لاعضاء الفروع نفس الاجراءات الخاصة باجتماعات الهيئة العامة ولهيئة الفرع صلاحيات قبول استقالة رئيس واعضاء لجنة الفرع واعفائهم وانتخاب من يحل محلهم للمدة المتبقية من الدورة وكذلك ملأ الشواغر في عضوية اللجنة عند حصولها .

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەین (نقترح إعادة صياغة الفقرتين ٢ , ٣ من المادة وكالاتي :

٢ـ تتألف لجنة الفرع من رئيس واربعة اعضاء وعضوين احتياط ينتخبهم اعضاء فرع المحافظة بالاقتراع السري مرة واحدة كل ثلاث سنوات على ان يكونوا من الذين يزاولون المهنة وتنتخب من بين اعضائها الاربعة نائباً للرئيس على ان لا تقل مدة ممارستهم المهنة عن خمس سنوات.

٣ـ تتبع في اجتماعات لجنة الفرع نفس الاجراءات الخاصة باجتماع المجلس. )

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی دارایی.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری بۆچونی لیژنەی یاسا دەکەین چونکە دەبێت سنواتی مهنەی هەبێت چاکترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی کە تێبینیان هەیە تکایەدەستیان بەرزبکەنەوە... دیارە تێبینی نییە ماددەکە دەخەینە دەنگدانەوە.... تکایە بەو شێوەیە بخوێنرێتەوە کە پێشنیاری دەکەن هەموو ماددەکە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة السابعة والعشرون :

١ـ تدار شؤون فرع النقابة من قبل لجنة الفرع في المحافظة التي تمثل النقابة فيها .

٢ـ تتألف لجنة الفرع من رئيس واربعة اعضاء وعضوين احتياط ينتخبهم اعضاء فرع المحافظة بالاقتراع السري مرة واحدة كل ثلاث سنوات على ان يكونوا من الذين يزاولون المهنة في المحافظة وتنتخب من بين اعضائها الاربعة نائباً للرئيس على ان لا تقل مدة ممارستهم المهنة عن خمس سنوات.

٣ـ تتبع في اجتماعات لجنة الفرع نفس الاجراءات الخاصة باجتماع المجلس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە مادده بیست وحەفت پەسەند دەکەن دەستیان بەرزبکەنەوە... سوپاس... ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزبکەنەوە... بەگشتی دەنگ مادده بیست وحەوت وەرگیرا. مادده بیست وهەشت.

**بەڕێز شیروان ناسح حەیدەری:**

**المادة الثامنة والعشرون:**

تمارس لجنة الفرع الصلاحيات التالية:

١ـ تنفيذ قرارات الهيئة العامة ومجلس النقابة ولجانها.

٢ـ تعيين مستخدمي الفرع وتحديد اجورهم بعد مصادقة المجلس عليها.

٣ـ اختيار من يمثل الفرع في اللجان الرسمية وغيرها في المحافظة.

٤ـ تقديم المقترحات والتوصيات الخاصة بأمور الفرع الى المجلس لإتخاذ القرارات بشأنها.

٥ـ اعداد الميزانية السنوية التخمينية للفرع ورفعها الى المجلس للمصادقة عليها.

٦ـ صرف النفقات الضرورية لادارة شؤون الفرع من ميزانيته.

٧ـ تشكيل لجان فرعية لتحقيق اغراض النقابة في المحافظة.

٨ـ ممارسة الصلاحيات التي يخولها اياها المجلس بموجب هذا القانون.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیمان نییە تەنیا لیژنەکە شطب کرا لە بڕگە یەک (مجلس النقابه)(ولجانها) نەمێنێ وابزانم وا باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی دارایی.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش پشتگیری لیژنەی یاسا دەکەین وهیچ تێبینیمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی نییە؟. مادده بیست وهەشت دەخەینە دەنگدانەوە. تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە مادده بیست وهەشت وەکو خوێندرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرزبکەنەوە... سوپاس... ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن تکایە دەستیان بەرزبکەنەوە... ماددەی بیست وهەشت بەگشتی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**الفصل الرابع**

**«مالية النقابة»**

**المادة التاسعة والعشرون:**

تتكون مالية النقابة من:

١- بدلات الانتماء والاشتراكات السنوية.

٢- ايرادات المشاريع التي تقوم بها النقابة.

٣- رسوم منح اجازة المكاتب الادارية.

٤- الاكتتاب وريع الحفلات التي تقيمها النقابة وارباح المطبوعات.

٥- المنح المقدمة من الجهات الرسمية وشبه الرسمية والتبرعات والهبات المقدمة من الجهات الاخرى بعد موافقة الجهة المختصة.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ تێبینیمان نییە لەسەر ماددەکە، تەنیا (رسوم منح الاجازات) عرضی کرد لیژنەی مالی وئێمە لەگەڵ بۆچونەکەی لیژنەی مالینە کە برگە سێیەکە نەمێنێ، ئێمە تەئیدی تێبینیەکەی لیژنەی مالی دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی دارایی ئەوە تێبینیەکەتان بوو بەڵام چاکتر نییە ئەگەر رسوم مکاتب بهێڵینەوە؟، چونکە رسومی سنوی سەد دیناریکیان لێ وەردەگرن بەپێی یاسا. (رسوم سنویە لمکاتب الاداریە)بەپێی یاسا رەسمێکتان دانابوایە، هیچ تێبینی لەسەر ئەو ماددەیە هەبە؟ دیارە نییەو تکایە بەو شێوەیە بیخوێننەوە کە بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة التاسعة والعشرون:**

تتكون مالية النقابة من:

١- بدلات الانتماء والاشتراكات السنوية.

٢- ايرادات المشاريع التي تقوم بها النقابة.

٣- رسوم المكاتب الاختصاصية.

٤- الاكتتاب وريع الحفلات التي تقيمها النقابة وارباح المطبوعات.

٥- المنح المقدمة من الجهات الرسمية وشبه الرسمية والتبرعات والهبات المقدمة من الجهات الاخرى بعد موافقة الجهة المختصة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە مادده بیست ونۆ پەسەند دەکەن دەستیان بەرزبکەنەوە... سوپاس... ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن تکایە دەستیان بەرزبکەنەوە... بەگشتی دەنگ مادده بیست ونۆ وەرگیرا، مادده سی.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا خەڵکانێک هەیە لە دوائری دەوڵەت ئیش دەکەن بە ناونیشانی مدقق ومحاسبین وتەبعەن ئەو مەرجانەیان تێدانییە، نە دەرچووی کۆلیژی تجارەن نە اعدادیەی تجارەیە و نەکولییەیەو نەدبلۆمیشی هەیە، مەسلەکینە وئیش دەکەن لە دوائر ئەگەر ئێمە مجالێک نەدەینە ئەوانە وەکو عضو قبوڵ بکرێن لە نەقابەی لەوانەیە لەزۆر خدمات وشتی وا محروم بن وئێمە پێشنیارێکمان هەیە کە ماددەیەک اضافە بکەین، ئەو ماددەیە لەبەر ئەوەی کە خەڵک منع بکرێن و ئاگادار نەبووین ئیمە خەڵک منع بکەین لەمزاولەی مهنە ئەگەر عضو نەبێت لە نەقابەی لەبەر ئەوەی ئەو نەصەمان دانا بۆ ئەوەی مغدور نەبن و لەبەر ئەوەی ئەو نەصە نەما کە ئەوە ئەگەر عضو نەبێت لە نەقابە حەقی مزاولەی مهنە نییە لەبەر ئەوەی پێویست ناکات ماددەکە بێتە خوارێ وئێمە سحبی اقتراحەکەی خۆمان دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە ماددەی سی بخوێننەوە

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**«الاحكام الختامية»**

**المادة الثلاثون:**

على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە، دیارە نییە، تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە مادده سی پەسەند دەکەن دەستیان بەرزبکەنەوە.... سوپاس... ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن تکایە دەستیان بەرزبکەنەوە... بەگشتی دەنگ مادده سی وەرگیرا، مادده سی ویەک.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة الحادية والثلاثون:**

ينفذ هذا القانون من تأريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی کە ماددەی سی ویەک پەسەند دەکەن تکایە دەستیان بەرزبکەنەوە... سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزبکەنەوە... بەگشتی دەنگ ماددە سی ویەک وەرگیرا... تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە هەموو ماددەکە پەسەند دەکەن بەو شێوەی کە مناقەشەی لێ کرا واقرار کرا لەو پەرلەمانە دەستیان بەرزبکەنەوە... سوپاس... ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزبکەنەوە... پرۆژکە بەگشتی دەنگ وەرگیرا. بەڕێزان لێرەدا کۆتایی بەم دانیشتنە دێنین و دانیشتنی داهاتوومان رۆژی یەک شەممە دەبێت سەعات دە. تکام وایە هەمووتان ئامادە بن چونکە دانیشتنێکی گرنگە وئەگەر هەر تطوراتێک روویدا ئەوە لە رۆژنامە پێتانی رادەگەیەنین سوپاس.....

**فرسەت ئەحمەد عەبدوللا**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانی**
**کوردستانی عێراق**

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

به ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان
به ناوی گەلەوە
ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق
ژمارەی دەرهێنان: ٣٦
رۆژی دەرهێنان: ٢٠٠٠/١٢/٢٠

پشت بە حوكمەكانی برگە (١)ی ماددەی (٥٦)و ماددەی (٥٣)لە یاسای ژمارە (١)ی هەمواركراوی ساڵی (١٩٩٢)و لەسەر داواكاریی وەزیری دارایی وئابوری و ئەو یاساكارییەش كە ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە(٢٥)ی رۆژی (٢٠٠٠/١٢/١٩)دا ئەنجامی داوەو، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش كە برگە (٣)ی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمانی داوە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەمان دا:

**یاسای ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠٠٠**

**یاسای سەندیكای ژمێریار و تەدقیقكارانی هەرێمی كوردستانی عێراق**

**«پێناسەكان»**

**ماددەی یەكەم:**

مەبەست لە دەستەواژەكانی خوارەوە، ماناكانی بەرامبەریانە:

١ - هەرێم: هەرێمی كوردستانی عێراق.

٢ - سەندیكا: سەندیكای ژمێریار و تەدقیقكارانی هەرێمی كوردستانی عێراق.

٣ - ئەنجومەن: ئەنجومەنی سەندیكا.

٤ - نەقیب: نەقیبی ژمێریار و تەدقیقكاران.

٥ - تۆمار: ئەو تۆمارە تایبەتییەی سەندیكایە كە بۆ ناونیشان نوسینی ئەندامەكانی ئامادەكراوە.

٦ - پیشە: هەڵسوراندنی پیشەی ژمێریاری و تەدقیقكردنە بەپێی حوكمەكانی ئەم یاسایە.

**بەشی یەكەم**

**«دامەزراندن و ئامانجەكانی»**

**ـ دامەزراندن ـ**

**ماددەی دووەم:**

١ـ بەپێی ئەم یاسایە، سەندیكایەک بەناوی «سەندیكای ژمێریار و تەدقیقكارانی هەرێمی

کوردستانی عێراق» دادەمەزرێ، کەسایەتییەکی مەعنەویی دەبێ و بارەگاکەی لە هەولێری پایتەختی هەرێمدا دەبێ و، بۆیشی هەیە لە جەرگەی پارێزگاکانی هەرێمدا لق بۆ سەندیکا بکاتەوە.

٢ـ بە رەزامەندیی لایەنە پەیوەندارەکان، لیژنەیەکی ئامادەکاری پێک دێ لە «١٥» ئەندام کەمتر نەبێ، تا هەڵبژاردنی گشتیی سەندیکا و سەرپەرشتی کردنی لەماوەی (٣) سێ مانگدا ئەنجام دەدرێ.

**ماددەی سێیەم:**

سەندیکا لە پێناو وەدیهانینی ئەمانەدا کۆشش دەکا:

١ـ بەرزڕاگرتنی پیشەکە و، پاراستنی و، بەرزکردنەوەی پلەوپایەی پیشەیی و رۆشنبیری و تەقەنیی ئەندامەکانی.

٢ـ لە رابوونەوەی ئابووریی هەرێمدا هاوبەشی بکا و، شانبەشان لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکانیشدا، بۆ رەنگڕشتنیان هاوکاری بکات.

٣ـ رێکخستنی رێسا و شێوازی هەڵسووڕاندن و، موراقەبەکردنی وەکارخستنی پیشەکە.

٤ـ هاوکۆمەکی لەگەڵ هەموو دایەرە و دەزگا وسەندیکا و رێکخراوەکان وتوندوتۆڵ کردنی پەیوەندی لەگەڵ هەیئە ئیدارییە ئیقلیمییەکاندا بەجۆرێکی ئەوتۆ کە سەویە وئاستی ئیدارەی هەرێمی کوردستانی عێراق باڵاتر بکا و بەرەو چاکتری ببات.

٥ـ هەوڵ دەدا گیانی دۆستایەتی هاوپیشەیی «روح الزمالە» وهاوکۆمەکی لە نێوان ئەنداماندا بەهێز بکا و دیفاع لە مافەکانیان بکا و، بەرژەوەندیان بپارێزێ و، مشووری خزمەتگوزاریی ئابووری و کۆمەڵایەتییان بخوا و پێشکەشیانی بکات.

٦ــ هەموو وزەو توانستەکان و شارەزایی ژمێریارو تەدقیقتکاران بۆ خزمەت و پشت قایمکردنی حکومەتی هەرێم و رەگ داکوتانی پیرۆی فیدراڵی خڕبکاتەوە و رێکیان بخات.

## بەشی دووەم

## «خۆنووسین ـ الانتماء ـ و ئەندامێتی»

**ماددەی چوارەم:**

شەرتوشرووتی ئەندامێتی، ئەمانەن:

١ـ دەبێ هاووڵاتیی هەرێم، یان جێواری هەرێم بێت.

٢ـ نابێ بە جینایەتێکی نا سیاسی، یا بە جونحەیەکی شەرفنەنگێن حوکم درابێ.

٣ـ دەبێ یەکێ لەم بڕوانامانەی خوارەوەی هەبێ:
أ – بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە ژمێریاری یان لە ئیدارەی ئیش وکاردا.
ب – دبلۆم لە ژمێریاری یان لە ئیدارەی ئیش وکاردا.
جـ – بڕوانامەی ئامادەیی بازرگانی هەبێ و ماوەیەکیش لە پیشەی ژمێریاری یان تەدقیقکردندا ئیشی کردبێ لە پێنج ساڵ کەمتر نەبێ.

**ماددەی پێنجەم:**

١ـ خۆنوسین لە سەندیکادا، بەداواکارییەکی نووسراو دەبێ کە بدرێ بە نەقیب، یا بە سەرۆکی لق لە پارێزگەکاندا، دەشبێ هاوپێچ بەڵگەنامەگەلی پێویستی لەگەڵدا بێ.

٢ـ ئەو داواکاریی خۆنووسینە، لەماوەی (٣٠)سی ڕۆژدا، کە لە ڕۆژی لە سەندیکا تۆمار کردنییەوە دەست پێ دەکا، دەخرێتە بەردەم ئەنجومەن. ئەنجومەنیش هەر لەو ماوەیەدا دەبێ سەیری بکا و بیبڕێتەوە، دەنا ئەگەر ماوەکە بەسەربچێ و ئەنجومەن نەیبڕیبێتەوە، ئەوە، لەوبارەدا، داواکارییەکە بە قبوڵکراو لە قەڵەم دەدرێ.

٣ـ ئەنجومەن بۆی هەیە، بە بڕیارێکی هۆنیشاندەر «مسبب» داواکارییەکە بداتە دواوە، لەو بارەدا، داواکارەکەش بۆی هەیە، لە ماوەی «٣٠»سی ڕۆژدا کە لە ڕۆژی تەبلیغەوە دەست پێ دەکا، لەبەردەم دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستاندا تانە لە بڕیارەکە بدا، ئیدی بڕیار، بڕیاری دادگایە و دەبڕدرێتەوە.

**ماددەی شەشەم:**

١ـ ئابوونەی خۆنوسین لە سەندیکاکەدا «٣٠» سی دینارە.

٢ـ ئابوونەی بەشداربوونی ساڵانە بیست دینارە، دەبێ لە ماوەیەکیشدا بدرێ، کە هەموو ساڵێ لە مانگی کانونی دووەم نەترازێ، خۆ، ئەگەر هات و ئەندامێ لە سەروەختی «موعد» ئابوونەدانەکە دواکەوت، ئەوا، لەسەدا پەنجای ئابوونەی بەشداربوونەکە غەرامە دەکرێ، بەڵام ئەگەر دوو ساڵ دوابەدوای یەک، بەبێ مەعزەرەتێکی بەجێ، دوای خست، ئەوە، لەو بارەدا ناوی لە تۆماری ئەندامان ڕەش دەکرێتەوە.

**ماددەی حەوتەم:**

پێویستە لەسەر دایەرە ڕەسمییەکان و نیمچە ڕەسمییەکانیش وێنەیەک لە فەرمانی دامەزراندن، یا ئیش پێ کردنی هەر فرمانبەرێکی ئەندام، بنێرن بۆ سەندیکا.

**ماددەی هەشتەم:**

ناشێ ئەندامان نوسینگەی پسپۆری دابنێن بەبێ ئیجازە وەرگرتن لە سەندیکاوە. سەندیکا «١٠٠» سەد دینار ڕەسمی ساڵانەی ئەو ئیجازەیە وەردەگرێ.

**ماددەی نۆیەم:**

١ـ ئەندامانی سەندیکا، ئەوانەیان کە سەربەدایەرەی رەسمی، یان نیمچەرەسمییەکانن، مافی خۆیانە «بەرەزامەندیی دایەرەکانیان»، دوای دەوامی رەسمی، بەپیشەی خۆیانەوە خەریک بن.

٢ـ ئەو ئەندامەی، بەپێی ئەو برگەیەی سەرەوە، لە پیادەکردنی پیشەی خۆی بەربەست کرابێ، بەپێی حوکمەکانی ئەو یاسا و پێڕۆ و رێسایانەی کە لە دایەرەکەی خۆیدا، لەکاردایە، مافی دەرماڵەی پیشەیی، دەکەوێ.

**بەشی سێیەم**

**«پێکهێنەکان ـ التشکیلات»**

**ماددەی دەیەم:**

سەندیکا لە مانە پێک دێ:

١ـ دەستە «هەیئە»ی گشتی.

٢ـ ئەنجومەنی سەندیکا.

٣ـ لیژنەی زەپتی «الانضباط».

٤ـ لقەکانی سەندیکا لە پارێزگەکان.

**ماددەی یازدەهەم:**

١ـ دەستەی گشتی لە هەموو ئەو ئەندامانە، یا ئەو مەندوبانە پێک دێ کە بەپێی ئەم یاسایە ئیلتیزاماتی خۆیان بەجێ هێناوە و، لە سەندیکادا بە باڵاترین دەسەڵات لە قەڵەم دەدرێ. هەر سێ ساڵیش، جارێ،کە لەرۆژی هەڵبژاردنەکەوە دەست پێ دەکا، بە بریاری ئەنجومەن و داواکردنی نەقیب کۆبوونەوەیەکی ئاسایی بۆ هەڵبژاردنی نەقیب و هەشت ئەندام و دوو ئەندامی یەدەگ، بۆ جێگای ئەندامێتیی ئەنجومەن، لە بارەگای خۆیدا سازدەدا، «نیصاب»یش بە ئامادەبوونی دوو لە سێی ئەندامانی هەیئەی «دەستەی» گشتی، یا مەندووبەکان، دێتەجێ، ئەگەر «نصاب»یش نەهاتە جێ، ئەوا، دوای تێپەربوونی پازدە رۆژ بەسەر کۆبوونەوەی یەکەمدا، هەڵبژاردن، لە کات وجێگای دیارکراودا دەست پێ دەکا، لەم بارەدا «نصاب» بە ئامادەبوونی سێیەکی ئەندامان، یان مەندووبان دێتە جێ، خۆ ئەگەر هات و لەو رێژەیەش داگەڕا، ئەوە، لەم بارەدا، ئەنجومەن، بەوە لەقەڵەم دەدرێ کە بۆ خولێکی تریش لە کاری خۆیدا بەردەوامە.

٢ـ ئەگەر ژمارەی ئەندامانی دەستەی گشتی، لە «٥٠٠»پێنجسەد ئەندام زیاتر بێ، ئەوە، لەو بارەدا، هەڵبژاردنەکە لە رێگای مەندووبانەوە دەکرێ. رێژە «نسبە»ی نواندنیش، ئەنجومەن، خۆی یا جێگری پلەوپایەی ئەنجومەن دیاری دەکا، بە ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکاشەوە.

**ماددەی دوازدەهەم:**

دەستەی گشتی، ساڵانە کۆبوونەوەیەکی ئاسایی بەم مەبەستانەی خوارەوە سازدەدا:

١ـ تەسدیقکردنی بوجە.

٢ـ گفتوگۆکردن لەسەر راپۆرتی ساڵانە و کاروبار و حساباتی سەندیکا.

٣ـ بۆ سەیرکردنی پێشنیارەکانی ئەنجومەن کە دەربارەی هەموارکردنی یاسا و پێڕۆی ناوخۆی سەندیکا پێشکەشی دەکا.

٤ـ لەکاتی هەڵوەشاندنەوەی سەندیکادا، پاکتاو کردنی موڵک و ماڵ و داراییەکانی سەندیکا ئیقرار دەکا.

٥ـ دەشێ، لەسەر داواکاریی نەقیب و بڕیاری ئەنجومەنی سەندیکا، یا لەسەر داواکاریی نووسراوی سێیەکی ئەندامانی سەندیکا، هەیئەی گشتی بانگهێشت بکرێ بۆ سازدانی کۆبوونەوەیەکی نائاسایی، بە مەرجێ هۆیە زەروورەکانی لە بانگهێشتەکەدا روون بکرێنەوە.

٦ـ لە کۆبوونەوە نا ئاساییەکانی هەیئەی گشتیدا، لەوە زیاتر کە باسی کاروباری ناو بەرنامەی کار، یان باسی هۆ و مەبەستی کۆبوونەوەکە، بکرێ، ناشێ باسی هیچ شتێکی دی بکرێ.

**ماددەی سیازدەهەم:**

١ـ هەر ئەندامێ، زەپتییە، پیشەکەی لێ قەدەغە کردبێ، ناشێ لە کۆبوونەوەکانی هەیئەی گشتیدا بەشدار بێت.

٢ـ بڕیارەکان، لە کۆبوونەوەکانی هەیئەی گشتیدا، بە زۆرینەی دەنگ، دەدرێن، جا ئەگەر هات و دەنگەکان هاوتا بوون، ئەوە، لەو بارەدا، ئەو تایە قورس دەبێ «دیباتەوە» کە دەنگی نەقیبی لەگەڵە.

**ماددەی چواردەهەم:**

نەقیب ، مەرجە:

١ـ هاوولاتیی کوردستانی عێراق بێ و، نشینەی هەرێم بێ.

٢ـ دەبێ لە پیشەکەیدا ماوەیەک کاری کردبێ، لە «دە»ساڵ کەمتر نەبێ.

**ماددەی پازدەهەم:**

نەقیب ئەم دەسەڵاتانە دەگێڕێ:

١ـ سەرۆکایەتیی کۆبوونەوەکانی هەیئەی گشتی و ئەنجومەنی سەندیکا دەکا.

٢ـ نوێنەرایەتیی سەندیکا لە هەر موعامەلەیەکدا کەوتبێتە لای مەرجەعەکانی دادگایی و ئیداری و هەیئەتە رەسمی و نیمچەرەسمییەکان و ئەهلییەکان، هەروەها نوێنەری سەندیکایە بۆ

کۆنگرەکان و تەسدیقکردنی موعامەلە و بەڵگەنامەگەلی سەربە سەندیکایش، دەشتوانێ هەندێ لەو دەسەڵاتانەی خۆی بدات بە هەر ئەندامێکی ئەنجومەن کە خۆی بیەوێ.

**ماددەی شازدەهەم:**

ئیدارەی کاروباری سەندیکا، ئەنجومەنێ دەیگرێتە دەست، لەمانە پێک دێ:

١ـ نەقیب.

٢ – هەشت ئەندام لەوانەی کە پیشەیان بۆ ماوەیەک کردبێ لەحەوت ساڵ کەمتر نەبێ.

**ماددەی حەڤدەهەم:**

١ـ ئەنجومەن، بە دەنگدانی نهێنی، لە یەکەم کۆبوونەوەی دوای هەڵبـژاردندا نوێنەرێ بۆ نەقیب و، سکرتێرێک و ئەمینداریکی سنوق «خەزنەدار»لە ناو ئەندامانی خۆیدا هەڵدەبژێرێ و، دەسەڵاتی هەریەکەشیان پێڕۆی ناوخۆ دیاری دەکا.

٢ـ ئەنجومەن کۆبوونەوە ئاساییەکانی خۆی، لە کەمی، مانگی جارێ سازدەدا، هەروەها دەشێ، لەسەر داواکردنی نەقیب، یا داواکاریی سێیەکی ئەندامان، دانیشتنی ناوەخت «استثنائی»یش ساز بدا.

**ماددەی هەژدەهەم:**

١ـ «نصاب» لە ئەنجومەندا، بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامان دێتەجێ و، بریارەکانیش بە زۆرینەی دەنگی ئامادەبوان دەدرێ و، ئەگەر دەنگەکانیش هاوتا بوون، ئەوە، لەو بارەدا، دەنگی نەقیب بۆ کام تایان بێ، هی ئەوە.

٢ـ ئەگەر هات و، جێگای نەقیب، بەهەر هۆیەک دەبێ، ببێ، چۆڵ بوو، ئەوە، لەو بارەدا، نوێنەرەکەی جێگای دەگرێتەوە، خۆ، ئەگەر هات و جێگای نوێنەری نەقیبیش چۆڵ بوو، ئەوا، سکرتێر، بۆ باقیمەنی ماوەکە جێگای دەگرێتەوە.

٣ـ ئەگەر، هەر جێگایەکی ئەنجومەن، بەهەر هۆیەک دەبێ، ببێ، چۆڵ بوو، ئەوە، لەو بارەدا، ئەندامێ لە ئەندامە ئەسڵییەکان، بە دەنگدانی نهێنی جێگای دەگرێتەوە، خۆ ئەگەر هات و جێگای ئەمیش چۆڵ بوو، ئەمە، لەم بارەدا، یەکێ لە دوو ئەندامە یەدەگەکە، کامیان دەنگی زۆرتری بووبێ، ئەوەیان جێگای دەگرێتەوە.

٤ـ ئەگەر پلەوپایەکانی «جێگاکانی» زۆرینەی ئەندامانی ئەنجومەن چۆڵ بوون، ئەوە، لەو بارەدا، پێویستە لەسەر ئەنجومەن، لە ماوەی دوو مانگدا، هەیئەی گشتی بانگهێشت بکا، بۆ ئەوەی کۆببێتەوە وکەسانێ بە هەمان ئەو شێوەیەی کە لەم یاسایەدا دیارکراوە، بۆ باقیمەنی ماوەکە بەمەرجێ لەشەش مانگ کەمتر نەبێ، هەڵبژێرێ.

**ماددەی نۆزدەهەم:**

هەر ئەندامێکی ئەنجومەن، ئەگەر هات و لە ساڵێکدا بەبێ مەعزەرەتی ماقوڵ، لە سێ دانیشتنی بانەوبان یەکدا ئامادە نەبێ، یان لە پێنج دانیشتنی جیابەجیادا ئامادە نەبێ، ئەوە، وەها لە قەڵەم دەدرێ کە دەستی لە کار کێشاوەتەوە.

**ماددەی بیستەم:**

ئەنجومەن، ئەم کارە تایبەتبە خۆیانەی خۆی هەڵدەسووڕێنێ:

١ـ بۆ هێنانە دیی ئامانجەکانی سەندیکا هەوڵ دەدا.

٢ـ پێشنیار، بۆ هەموارکردنی یاسای سەندیکاکە پێشکەش دەکا.

٣ـ بڕیارەکانی هەیئەی گشتی دەخاتەکار.

٤ـ خزمەتگوزارەکانی سەندیکا دادەمەزرێنێ و، مووچە و تەرقیەیان دیار دەکا.

٥ـ سەیری داواکارییەکانی لەسەندیکادا خۆنوسین «الانتماء الی النقابە» دەکا و، وەرگرتنی ئەندامانیش ئیقرار دەکا.

٦ـ لە حاڵەتێکدا، نەقیب، نوێنەرایەتیی سەندیکا، لە لیژنە رەسمییەکان وەی دی دا نەکا، ئەوە، لەو بارەدا، ئەنجومەن کەسێکی دیکەی بۆ دادەنێ.

٧ـ هەر مەسەلە و شکاتێکی لە لیژنە تایبەتکارەکانەوە، بۆ بێت، هەواڵەیان دەکا.

٨ـ دەربارەی یاساکاری و پلان دانان و بەرنامەی ئیداری لە هەرێمدا، لە رێگەی پێشکەشکردنی پێشنیارەوە، بەشداری دەکا.

٩ـ بۆ وەدیهانینی مەبەستەکانی ئەم یاسایە، لیژنەگەلی فەرعی پێک دەهێنێ.

١٠ـ بوجە تەیار و ئامادە دەکاو، ژمێریارێکی یاساییش بۆ تەدقیقکردنی سەرحساب دادەمەزرێنێ.

١١ـ لە چوارچێوەی نیاز ومەبەستی سەندیکاکەدا، بە موڵک کردنی دارایی و زەوی وزار و، قبوڵکردنی بەخشش«هبات» و دەسنگە«المنح» و شەرتوشرووتی قەرزدان و پێشکەش کردنی کۆمەکی دارایی، هەمووی ئیقرار دەکا.

١٢ـ بۆ هەڵبژاردن، ئامادەکاریی پێویست بەجێ دێنێ.

١٣ـ سەیری داواکاریی دەست لە کارهەڵگرتنی نەقیب و، نوێنەری نەقیب و، هەر ئەندامێکی دیکەی ئەنجومەن دەکا و دەیبڕێتەوە، بەمەرجێ، لەیەکەم کۆبوونەوەی هەیئەی گشتیدا بخرێتە بەردەمی.

١٤ـ بەپێی یاسای کۆمەڵەکان«الجمعیات»، یانەکانی سەندیکا دادەمەزرێنێ و بەڕێوەیان دەبا.

١٥ـ هەندێ لە دەسەلاتەکانی خۆی، بە نەقیب، یا بە سەرۆکانی لقەکان دەدات.

١٦ – بەرەزامەندیی لایەنە پەیوەندیدارەکان بەخشش لەلایەنە بیانییەکان قبوڵ دەکا.

**ماددەی بیست و یەکەم:**

١ـ نەقیب، بەبریاریٚ کە ئەنجومەن دەیدا، بۆ ئیشوکاری سەندیکا خۆی تەرخان دەکا.

٢ـ ریٚژەی، بۆکاری سەندیکایی تەرخانکراوەکان، لە داواکاریی ئەنجومەندا، ناشیٚ لە سێیەکی ئەندامانی ئەنجومەن بە نەقیبیشەوە، بترازیٚ.

**ماددەی بیست ودووەم:**

١ـ لیژنەی زەپتی لە سەرۆکێک و دوو وئەندام و دوو ئەندامی یەدەگ پێک دیٚ کە ئەنجومەنی سەندیکا دایان دەنیٚ بەمەرجیٚ سەرۆکەکەی ئەندامیٚ بیٚ لە ئەندامەکانی ئەنجومەن.

٢ـ لیژنەی زەپتی تایبەتە بە سەیرکردنی هەموو ئەو سەرپێچییانەی کە دەقەکانیان لەم یاسایەدا هاتووە و، لەو مەسەلە و شکاتانەش دەپێچێتەوە کە ئەنجومەن بۆی هەواڵە دەکا و، دەشتوانیٚ، یەکیٚ لە ئەندامەکانی خۆی راسپێریٚ کە لێیان بکۆڵێتەوە و راپۆرتێک لە بارەیانەوە پێشکەش بکات.

٣ـ لیژنەی زەپتی لەسەر ئەو ریٚسایانەی لە یاسای زەپتی فرمانبەرانی دەوڵەتدا هاتووە، رەفتار دەکا.

**ماددەی بیست و سێیەم:**

لیژنەی زەپتی بۆی هەیە ئەم سزایانە بدات:

١ـ هۆشیاردان «الانذار».

٢ـ بیٚ بەشکردنێکی رەفتەنی «الحرمان المؤقت» لە خزمەتگوزاریی سەندیکایی، بۆ ماوەیەک لە ساڵێک نەترازیٚ.

٣ـ قەدەغەکردنی هەڵسووراندنی پیشە لەو کەسانەی کە سەربەدایەرە رەسمی و نیمچە رەسمییەکانن، بۆ ماوەیەک لە شەش مانگ نەترازیٚ، ئەم قەدەغەکردنەش تەنها کاری دوای دەوامی رەسمی دەگرێتەوە، بە مەرجیٚ دایەرەکەشی لەو بریاری قەدەغەکردنە ئاگادار بکاتەوە.

**ماددەی بیست وچوارەم:**

بریارەکانی لیژنەی زەپتی لەبەردەم دادگای تەمییزی هەرێمدا لە ماوەی (٣٠) سی رۆژدا کە لەرۆژی تەبلیغەوە دەست پیٚ دەکا دەکریٚ تانەی لیٚ بدریٚ و، بریاری ئەم دادگایەش بنبرە.

**ماددەی بیست وپێنجەم:**

ئەندام پێویستە خۆی لەم رەفتارانە لابدات:

١ـ کەمتەرخەمی، یا تەگەرەنانەوە لە ریٚگای جێبەجیٚ کردنی یاسا و پێرۆکانی سەندیکادا و، ئەو

ڕێنمایی و بڕیارانەش کە سەندیکا دەریان دەهێنێ.

٢ـ هەڵسوڕاندنی پیشە بەبێ تازەکردنەوەی بەشداربوونی ساڵانە.

٣ـ ڕەچاو نەگرتنی ڕەوشی پیشەگەری و، ناوزڕاندن و لەکەدارکردنی حورمەتی پیشە، واتا پێویستە ڕەفتار بەپێی دەقی ڕێساکانی پێڕۆی ناوخۆ بکرێ.

٤ـ ناوونیشانێکی پیشەیی لە خۆی بنێ، یا سیفەتێکی درۆی پیشەیی بەخۆی بدا کە بەپێی یاسا وپێڕۆی کارپێ کرا و تەسدیق نەکرابێ و، بەهەر ڕێگایەکیش، بۆی بکرێ، ڕاگەیاندنی بۆ بکات.

٥ـ بەهۆی کەمتەرخەمییەوە، لە هەڵەیەکی هۆنەرکاریی گەورە تێوەگلێ، زەرەرو زیانێکی گەورە بە پەیوەندداران بگەیێنێ.

٦ـ بەپێچەوانەی دەقی پێڕۆی ناوخۆ، یا ئەو ڕێنماییانەی کە سەندیکا دەریان دێنێ، لە هەڵسووڕاندنی پیشەکەدا زیاتر پێ درێژبکا.

**ماددەی بیست و شەشەم:**

هەر ئەندامێ سەرپێچی دەقی ماددەی بیست و پێنجەمی ئەم یاسایە بکا، بە بڕیارێکی ئەنجومەن هەواڵەی لیژنەی زەپتی دەکرێ.

**ماددەی بیست و حەوتەم:**

١ـ کاروباری لقی سەندیکا لە پارێزگەدا، لەلایەن لیژنەی لقەوە، کە نوێنەری سەندیکایە لەوێ، دەگێڕدرێ.

٢ـ لیژنەی لق لە سەرۆک و چوار ئەندام و دوو ئەندامی یەدەگ پێک دێ، ئەندامانی لقی پارێزگەکە، هەر، سێ ساڵ، جارێ، بە دەنگدانی نهێنی هەڵیاندەبژێرن، بە مەرجێ لەوانە بن کە بەو پیشەیەوە خەریک بن. لیژنەکەش، یەکێ لە چوار ئەندامەکەی خۆی بە نوێنەری سەرۆک هەڵدەبژێرێ بەمەرجێ ماوەیەک پیشەکەی کردبێ لەپێنج ساڵ کەمتر نەبێ

٣ – لە کۆبوونەوەکانی لیژنەی لقدا هەمان ئەو ئیجرائاتە پەیڕەودەکرێ کە تایبەتن بە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن.

**ماددەی بیست وهەشتەم:**

لیژنەی لق ئەم دەسەڵاتانە هەڵدەسووڕێنێ:

١ـ بڕیارەکانی هەیئەی گشتی و ئەنجومەنی سەندیکا و لیژنەکانیشی دەخاتە کار.

٢ـ حزمەتگوزاران، بۆ لق دادەمەزرێنێ و مزوکرێیان دیار دەکا«دوای تەسدیقکردنی ئەنجومەن».

٣ـ کەسێ دەستنیشان دەکا، بۆ ئەوەی لە لیژنە ڕەسمییەکان و شتی دیکە، لە پارێزگەکەدا، نوێنەری لق بێت.

٤ـ پێشنیاز و ئامۆژگاریی تایبەت بە کاروباری لق دەخاتە بەردەم ئەنجومەن، ئەمیش، دەربارەیان بڕیار دەردەکا.

٥ـ بوجەی خەمڵکراوی ساڵانەی لق تەیارو ئامادە دەکا و، دەیخاتە بەردەست ئەنجومەن بۆ ئەوەی تەسدیقی بکا.

٦ـ ئەرک ومەسرەفی پێویستی بەڕێوەبردنی کاروباری لق. لە بوجەی لقەکە خەرج دەکا.

٧ـ لیژنەگەلی فەرعی، لە پارێزگەکەدا، بۆ وەدیهانینی مەبەست و ئامانجی سەندیکا پێک دەهێنێ.

٨ـ ئەو دەسەلاتانەش کە ئەنجومەن، بەپێی ئەم یاسایە دەیداتێ هەڵیاندەسوورێنێ.

## بەشی چوارەم

## «دارایی سەندیکا»

**ماددەی بیست ونۆیەم:**

دارایی سەندیکا لەمانە پێک دێ:

١ـ ئابوونەی خۆنووسین «الانتماء» و ئابوونەی ساڵانەی بەشداربوون.

٢ـ دەرامەت «ایرادات»ی ئەو پرۆژانەی کە سەندیکا سازیان دەدا.

٣ـ رەسمی نووسینگە (اختصاصیە)کان.

٤ـ پیتاک «الاکتتاب» و قازانجی چاپەمەنی و دەسکەوتی ئاهەنگێرانی سەندیکا.

٥ـ دەسنگە «منح»کانی لایەنە رەسمی و نیمچەرەسمییەکان و، ئەو پێشکەش و بەخششەش کە «دوای رەزامەندیی لایەنە پێوەندداەرکان» لایەنەکانی دیکە دەیدەنێ.

## «حوکمە کۆتاییەکان»

**ماددەی سییەم:**

پێویستە لەسەر وەزیرە پێوەندداەرکان، حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە کار.

**ماددەی سی ویەکەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لەوەقایعی کوردستاندا، دەخرێتە کار.

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە بیست و شەش**

یەک شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٠/١٢/٢٤

خولی دووەم

ساڵی نۆیەم

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە بیست و شەش

## یەک شەممە رێکەوتی ٢٤/١٢/٢٠٠٠

***کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی رۆژی یەک شەممە رێکەوتی ٢٤/١٢/٢٠٠٠ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەرێز د.رۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەرێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی (ژمارە بیست و شەش)ی خولی ئاسایی دووەمی، ساڵی (٢٠٠٠)ی خۆی بەست.***

***بەرنامەی کار:***
***بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی ماددە(٢٠) لە پێڕەوی هەموارکراوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی (ژمارە بیست و شەش)ی خۆی لە کاتژمێر (١٠)دەی سەر لە بەیانی رۆژی یەک شەممە رێکەوتی ٢٤/١٢/٢٠٠٠ دا بەم شێوەیە بێت:***
***١ـ خستنەروو و گفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای لەغوکردنی ماددە یەک لە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧.***
***٢ـ خستنەروو و گفتوگۆکردن لەسەر دەستنیشان کردنی رێزدار (د. جەرجیس حەسەن) لەلایەن سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆ پۆستی سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستانی عێراق.***
***٣ ـ خستنەرووی بودجەی ساڵی (٢٠٠١)ی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق.***
***٤ـ خستنەرووی بودجەی پلانی ساڵی (٢٠٠١)ی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان و بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەمان دەست پێدەکەین، پێشەکی بەخێرهاتنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کاک نێچیرڤان بارزانی و جێگر و برا وەزیرەکان دەکەین،بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان لە پێنج خاڵ پێک هاتووە:
١ـ خستنەروو و گفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای لەغوکردنی ماددە یەک لە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧.
٢ـ خستنەروو و گفتوگۆکردن لەسەر دەستنیشان کردنی رێزدار (د. جەرجیس حەسەن) لەلایەن سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆ پۆستی سەرۆکی دیوانی چاودێری کردنی دارایی هەرێمی کوردستانی عێراق.
٣ ـ خستنەرووی بودجەی ساڵی (٢٠٠١)ی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق.

٤ـ خستنەرووی بودجەی پلانی ساڵی (٢٠٠١)ی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق.
٥ـ خستنەروو و گفتوگۆکردنی چالاکییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق.
بۆ ئەوەی خاڵی یەکەم دەست پێ بکەین داوا لە بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری دەکەین بفەموویێتە سەر سەکۆ.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی دەیخوێنمەوە دەقی هەموار کردنی یاسای ژمارە (١٠) ی ساڵی «١٩٩٧»ە،

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

استناداً الى احكام الفقرة (١) من المادة السادسة والخمسين من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ وبناءاً على ما عرضه العدد القانوني من اعضاء المجلس الوطني لكوردستان العراق قرر المجلس الوطني بجلسته المنعقدة بتاريخ ( / / ) تشريع القانون الآتي:

قانون رقم ( ) لسنة ٢٠٠٠

قانون التعديل الاول لقانون رقم (١٠) لسنة ١٩٩٧

المادة الاولى:

تلغى المادة الاولى من القانون رقم (١٠) لسنة ١٩٩٧.

المادة الثانية:

على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة الثالثة:

ينفذا هذا القانون من تاريخ صدوره وينشر في جريدة وقائع كوردستان.

د. روژ نوری شاویس
رئيس المجلس الوطنی لكوردستان العراق

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێزان ئەوە خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی هەموارکردنی یاسای ژمارە(١٠) ی ساڵی ١٩٩٧بوو، ئەم پرۆژەیە ئاراستەی لیژنەی یاسایی دەکەین.
بۆ خاڵی دووەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان تکا لە ڕێزدار کاک نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم کوردستان دەکەین بفەرموێ و پێشنیاری خۆی لەبارەی پۆستی سەرۆکایەتی دیوانی چاودێری دارایی پێشکەش بکات.

**بەڕێز نێچیرڤان بارزانی/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیاری ئێمە دەست نیشان کردنی بەڕێز (د. جەرجیس حەسەن)ە بۆ پۆستی سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی، ئەوە پێشنیاری ئێمەیە، کاک جرجیس حەسەن ، پێویست ناکات من لێرە باسی بکەم، هەڤاڵێکی کۆن و خەبات کارێکی کۆنی کوردە، هیوا دارم قبوڵی بفەرمون و، ئاواتە خوازیشین کە لە ئەرکەکانی سەرکەوتووبێت ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئێستا ئەو پێشنیارە دەخەینە دەنگ دانەوە، کێ دەست نیشان کردنی بەڕێز جەرجیس حەسەن بۆ پۆستی سەرۆکی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان پەسەند دەکات؟ کێ پەسەندی ناکات؟ بە تێکرای دەنگ ئەو پێشنیارە پەسەند کرا،بەڕێز د. جەرجیس حەسەن دەستنیشان کرا بۆ پۆستی سەرۆکی دیوانی دارایی، تکایە بفەرموێ بۆ سوێند خواردنی یاسایی.

**بەڕێز جەرجیس حەسەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من د. جەرجیس حەسەن سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستانی عێراق، سوێند بەیەزدانی مەزن دەخۆم کە بە دڵسۆزیەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم، ڕێز لە یاسا ڕەچاوکراوەکانی بگرم و بەتەواوی چاودێری بەرژەوەندیەکانی گەل بکەم .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک شێروان فەرموو، خاڵی سێیەمی بەرنامەی کارمان، خستنە روو گفتوگۆ کردنی بوودجەی ساڵی ٢٠٠١ی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراقە، ئێستا بفەرموون خوێندنەوەی یەکەمی بکەن.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

قرار

استناداً الى احكام الصالاحية المخولة لنا بموجب الفقرة (٣) من المادة (٢) من القانون رقم (١٠) لسنة ١٩٩٧ وبناءاً على ما شرعه المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المرقمة ( ) و المنعقدة في( ) ، قررنا اصدار القانون الاتي:

قانون رقم ( ) لسنة ٢٠٠٠

قانون موازنة اقليم كوردستان العراق لعام ٢٠٠١

المادة الاولى :

أ- يرصد للنفقات الجارية للمجلس الوطني لكوردستان العراق و الوزارات و ادارات الاقليم لعام ٢٠٠١ مبالغ مجموعها(  ) دينار مع (  ) ألف دولار امريكي، وكما يلي :-

١- المجلس الوطني لكوردستان العراق مبالغ (  ) ديناراً مع (  ) دولار امريكي.

٢- الوزارات و ادارات الاقليم مبالغ(٢٢٤٥,٧٤٠٠٠) دينار.

ب - يرصد لموازنة المعامل و المصانع و الدوائر و الشركات والمصارف التجارية و الاختصاصية ذات التمويل الذاتي لعام ٢٠٠١ مبالغ مجموعها(٣٥٦٧٥٤٠٠٠)دينار

١- المعامل والمصانع و الدوائر و الشركات مبالغ (٣٣٦٧٠٥...) دينار.

٢- المصارف التجارية مبالغ (٢٠٠٤٩...) دينار

ج - يرصد لموازنة الخطة لعام ٢٠٠١ مبالغ مجموعها(            )

المادة الثانية :

تخمن إرادات الاقليم كوردستان العراق بمبالغ (١٤٩٢٤١١٨٧٠) دينار لعام٢٠٠١

المادة الثالثة :

تتولى وزارة المالية والاقتصاد لاقليم كوردستان العراق تمويل حسابات الوزارات و الادارات وفق الموارد المالية المتاحة.

المادة الرابعة :

لرئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق اجراء المناقلة ضمن الميزانية الخاصة بالمجلس.

المادة الخامسة :

يخول وزير المالية و الاقتصاد صلاحية المناقلة بين اعتمادات الباب الواحد باستثناء فصل الرواتب حيث يجوز النقل اليه ولايجوز النقل منه.

المادة السادسة :

لوزير المالية ولاقتصاد صلاحية اجراء المناقلة بين اعتمادات ابواب الميزانية لاغراض توفير امكانيات الصرف للادارات التي فك ارتباطها من وزارة و الحاقها بوزارة اخرى.

المادة السابعة :

يخول وزير المالية والاقتصاد اضافة الاعتمادات الاجمالية المصدقة للميزانية لعام ٢٠٠١ بنسبة (١٪) من اجمالي الاعتمادات المصدقة للميزانية للاغراض التالية :

١- اعتماد المبالغ اللازمة لميزانيات الادارات المستحدثة خلال العام المذكور اعلاه.

٢- اضافة اعتمادات جديدة في ميزانيات الوزارات والادارات للحالات الطارئة والتي يقررها مجلس الوزراء.

المادة الثامنة : تتولى وزارة المالية و الاقتصاد اعداد مفردات ملاكات جميع الوزارات لاقليم كوردستان العراق للعام ٢٠٠١ و المصادقة عليها وعلى ضوء كلفة الرواتب المصدقة في الميزانية.

المادة التاسعة:

يخول وزير المالية والاقتصاد اصدار التعليمات اللازمة لتحديد صلاحيات الصرف للإدارات الحكومية خلال فترة اسبوعين من تاريخ اصدار هذا القانون.

المادة العاشرة:

لوزير المالية و الاقتصاد اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة الحادية عشرة:

ينفذ هذا القانون اعتباراًمن ١/١/٢٠٠١ و ينشر في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو پرۆژەیە ئاراستەی هەموو لیژنەكانی پەرلەمان دەكەین. سەبارەت بە خاڵی پێنجەمی بەرنامەی كارمان خستنەروو و گفتوگۆكردنی چالاكییەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستانی عێراق. لەراستیدا حكومەتی كوردستانی عێراق بەرنامەیەكی تێرو تەسەل و چروپریان لەبەر دەستدایە كە لە پەرلەمانی كوردستان باسی بكات، بۆ ئەم مەبەستە، تاكو ئەنجام دانی ئەو كارە بە ڕێك و پێكی بكرێ لەو دانیشتنە دوای دەخەین بۆ دانیشتنێكی داهاتوو، لێرەدا ئەو دانیشتنەمان كۆتایی دێت بۆ دانیشتنی داهاتوو ئاگادارتان دەكەینەوە، سوپاس.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سكرتێری ئەنجومەن**
**كوردستانی عێراق**

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**كوردستانی عێراق**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان
بەناوی گەل
ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق
ژمارەی بڕیار: ٣٧
مێژووی بڕیار: ٢٠٠٠/١٢/٢٤

**«بڕیار»**

پشت بە حوکمەکانی برگە (١)ی مادده (٥٦) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەمواکراو و، مادده چوار لە یاسای ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٠٠ و لەسەر پێشنیاری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان لە دانیشتنی ژمارە (٢٦)ی رێککەوتی ٢٠٠٠/١٢/٢٤یدا بڕیاری ئەمەی خوارەوەیدا:

١- دامەزراندنی (د. جرجیس حەسەن) بەپایەی سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستانی عێراق.

٢- لەسەر ئەنجومەنی وەزیرانە حوکمەکانی ئەم بڕیارە بخاتەکار.

٣- بڕیارەکە لە رۆژی (٢٠٠٠/١٢/٢٤)ەوە دەکەوێتە کار.

**د. رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە بیست و حەوت**

شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٠/١٢/٣٠

خولی دووەم

ساڵی نۆیەم

# پرۆتۆ/کۆلی دانیشتنی ژمارە بیست و حەوت

## شەممە ڕێکەوتی ٣٠/١٢/٢٠٠٠

***کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٣٠/١٢/٢٠٠٠ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی (ژمارە بیست و حەوت)ی خولی ئاسایی دووەمی، ساڵی (٢٠٠٠)ی خۆی بەست.***

***بەرنامەی کار:***

***بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی ماددە(٢٠) لە پێڕەوی هەمووارکراوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی (ژمارە بیست و حەوت)ی خۆی لە کاتژمێر (١٠)دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٣٠/١٢/٢٠٠٠ دا بەم شێوەیە بێت:***

***١ـ خستنە ڕوو و گفتوگۆکردنی چالاکییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.***

***٢ـ خستنە ڕوو و گفتوگۆکردنی یاسای ژمارە «١٠»ی ساڵی ١٩٩٧.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بە ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان و بە ناوی گەلی کوردستان دانیشتنەکەمان دەست پێ دەکات، بەرنامەی کاری ئەم دانیشتنەمان دوو خاڵە، یەکەم: خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی چالاکییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان،دووەم: خستنە ڕوو وگفتوگۆکردنی یەکەم هەمووارکردنی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧،سەبارەت بە خاڵی یەکەم لەبەر ئەوەی حکومەت ئامادە نەبوون ـ تەواویان نەکردوە ـ لەسەر داوای خۆیان ئەو خاڵە دوا دەخەین بۆ دانیشتنێکی تر، لەبەر ئەوە بەرنامەی کارمان تەنها خاڵی دووەمە

خستنە ڕوو وگفتوگۆکردنی یەکەم هەموارکردنی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ٩٩٧،داوا لە بەڕێزان کاک شێروان، کاکەڕەش دەکەین بفەرموونە سەر سەکۆ،پرۆژەکە بخوێننەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

قرار

استناداً الى احكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ وبناءً على

ما عرضه العدد القانوني من اعضاء المجلس الوطني لكوردستان- العراق، قرر المجلس الوطني بجلسته المرقمة(٢٧) والمنعقدة بتاريخ ٣٠/ ١٢ / ٢٠٠٠ تشريع القانون الآتي:

قانون رقم (١٩) لسنة ٢٠٠٠

قانون التعديل الاول

للقانون رقم (١٠) لسنة ١٩٩٧

المادة الاولى:

تلغى المادة الاولى من القانون رقم (١٠) لسنة ١٩٩٧.

المادة الثانية:

على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة الثالثة:

ينفذ هذا القانون من تاريخ صدوره وينشر في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

رای لێژنەی یاسایی تكایە.

**بەڕێز كاكەرەش نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

السيد رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق المحترم

م/رأي اللجنة

بعد قيام اللجنة بدراسة ومناقشة مشروع التعديل الاول لقانون رقم (١٠)لسنة ١٩٩٧ ايدت اللجنة بالاجماع المشروع، ارتات اضافة مادتين الى المشروع المذكور و بالصيغة المبينة ادناه:

يەكەم، تبقى بقية مواد القانون نافذة المفعول

ئوەي تر لايعمل باي نص يتعارض واحكام هذا القانون،

راجين التفضل بالاطلاع و عرضه على المجلس الموقر للمناقشة و اصدار قرار مناسب

مع التقدير

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تكایە هەر بۆ جێگیر كردنی لە مەحزەرەكە ناوی ئەو ئەندامانە بخوێننەوە كە پرۆژەكەیان پێشكەش كردوە، كاك فەرسەت با بیخوێنێتەوە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد/ سكرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

١ـ جەلال خۆشناو

٢ـ یوسف جەمیل میران

٣ـ مامەند محمەد ئەمین بابەكر

٤ـ یار محەمەد افراسیاب

٥ـ ئەحمەد سالار

٦ـ محەمەد تاهر زین العادین

٧ـ شەفیق ئەمین

٨ـ عەفان نەقشبەندی

٩ـ حەسەن صالح رۆستم

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس،یاساکە مادده مادده بخوێننەوە تاکو گفتوگۆی بکەین .

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

قانون رقم ( ) لسنة ٢٠٠٠

قانون التعدیل الاول

للقانون رقم (١٠) لسنة ١٩٩٧

المادة الاولی:

تلغی المادة الاولی من القانون رقم (١٠) لسنة ١٩٩٧.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێژنەی یاسایی لەسەر ئەو ماددەیە تێبینیتان هەیە؟.

**بەڕێز کاکەرەش نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ تێبینیمان لەسەر ماددەکە نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە دەستیان بەرز بکەنەوە تاکو ناو نووسیان بکەین. کاک عبدالخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێناگەم کە یاساکە بۆ چییە؟ و کاتی خۆی بۆ لەغومان کرد و ئێستا بۆ دەی گەڕێنینەوە، داوا دەکەم روون کردنەوەیەکمان بدەنێ، من خۆم تێی ناگەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەمان پرسیارم هەبوو، ئەسبابی موجب چییە؟.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێژنەی یاسایی وەلاَمتان.

**بەڕێز کاکەرەش نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یاسای ژمارە (١٠) ئەو یاسایەیە کە یاسای ژمارە (٢) ی پێ هەڵپەسێردرا،ئەو دەسەلاتانەی کە لە یاسای ژمارە دوو هاتبوو کە تایبەتە بە رابەر، کۆمەڵێ دەسەلات درابووە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران هەندێکیشی درا بە سەرۆکی پەرلەمان، پاش ئەوەی کە یاسای چاودێری دارایی دەرچوو، یاسای چاودێری دارایی بەسترایەوە بە رابەر کە بە رابەر بەسترایەوە و خۆی لە ئەصلا یاساکە هەڵپەسێردراوە، بۆیە پێویستە ئەو یاسایە لابدرێ ، بە رای من لە توزیعی دەسەلاتەکەش پێویست نەبوو کە هەڵ بپەسێردرێ لە رووی یاساییەوە، لەبەر ئەوەی دەکرێ یاسایەک کارپێکراو بێت و دەسەلاتەکانی تێدا دابەش بکەی ، لەبەر ئەوەی هەڵبژاردنی قۆناغی دووەم بۆ رابەر نەکراوە،بۆیە رابەر کە یاسایەک دەبێ هەبێ کە سەرپەرشتی بکات ئەویش یاسای چاودێری داراییە،دەبێ ئەو یاسایە لابدرێ کە دەسەلاتی رابەری هەڵپەساردوە،تاکو رابەر توانای هەبێ دووبارە دەسەلاتی بۆ بگەڕێتەوە اشراف لەسەر ئەو یاسایە بکات کە پێی بەستراوەتەوە کە یاسای چاودێری داراییە، بۆیە پێویستە ماددەکەی لابەین ، هەڵپەساردنەکە لابەین ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینییان هەیە دەستیان بەرز بکەنەوە.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە عملیا رابەرمان نییە، نازانم ئەو بابەتە بە پێی یاسا چۆن چارەسەر بکەین؟ حەق وایە لایەنی یاساییەکەی وەرگرین ، لە هەڵبژاردن کاک مەسعود دەنگی زۆر هێنا بەلام لە یاسای ژمارە(٢)ی ١٩٩٢ ئەو بابەتە جێگیر نەکرا، ئێستا یان دەبێ هەڵبژاردن بکرێ تاکو ئەو دەسەلاتە جێگیر بکرێ،یان دەبێ پەرلەمان ئەوبروایە بدات بە کاک مەسعود، من خۆم لەگەڵ ئەوەم، سوپاس .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بابەتی باسکراو لە راستیدا جێگیر کردنی رابەر نییە،بەڵکو یاسای ژمارە دوو کە باسی رابەر دەکات، ئەو یاسایە بە پێی بریارێکی پەرلەمان هەڵپەسێردراوە هەرچەندە دەسەلاتەکانی دابەش کراوە، بەلام عملیا کە دەسەلات دابەش دەکرێ دەدرێ بە سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی حکومەت، واتا عملیا ئەو یاسایە کاری لەسەر دەکرێ، واتا هەڵپەساردنەکە لە بنەرەتدا هەڵەیە ، بابەت ئەوە نییە کە کێ بکەین بە رابەر یان کێ نەکەین بە رابەر،مادام یاسا هەیە و دەسەلات هەیە، ئەو دەسەلاتانە دراوە بە دوو لایەن کە یەکێکی تەنفیذیە و ئەوەی تر تەشریعیە، پێویستە

یاساکە کاری پێ بکرێت لەبەر ئەوەی دەسەلاتەکان کاری تێدا دەکرێت، ئەوە کەی دەرکەوت، کە ئەو هەڵپەساردنە لە جێگای خۆی نییە؟ کاتێ دەرکەوت کە یاسای چاودێری داراییمان دانا،کە یاسای چاودێری داراییان بریار لەسەر دا بۆمان دەرکەوت کە پێویستە یاسای رابەر هەڵنەپەسێردرێ، بەڵکو لە شوێنی خۆی بمێنێ ،بەس ئەوەندەیە کە رابەر نییە و قۆناغی دووەمی رابەر نەکراوە. ئەوە ئەگەر روون کردنەوەیەکی کافی بێت ، کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فەرنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر لەسەر روون کردنەوەکەی بەڕێزتان، لەئەصلا هەڵپەساردنی یاسای تایبەت بە رابەر هەڵە بوو، لەبەر ئەوەی عملیا کاری پێ دەکرا، دەسەلاتەکان درابوو، داندرابوو کە ئامادە نەبوو چی دەکرێ؟ یان ئەگەر نەما کێ دەکرێتێ، بەلام ئێستا وەکو جەنابت گوتت دوایی ئەوەی یاسای چاودێری دارایی داندرا ،دەبێ هەڵپەساردنەکە بگەرێندرێتەوە، بۆ ئەوەی ئەگەر رابەر خۆشی سەرپەرشتی نەکات یەکێ دەست رۆیشتوو دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یاسا یەکێکی تر دەست رۆیشتوو دەکات رابەر نای کات . تێبینی تر هەیە؟ نییە.ماددەی یەکەم دەخەینە دەنگ دانەوە، کێ ماددەی یەکەم پەسەند دەکات؟ کێ پەسەندی ناکات؟بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز کاکەرەش نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای ئێمە پێش ئەوەی بگەینە ماددەی دووەم لە پرۆژە ئەصلیەکە دوو ماددەی تر زیاد بکرێ ماددەی دووەم ئەوە بێ: «تبقێ بقيه مواد القانون نافذه المفعول.» بەو شێوەیە مادەیەک دابرێژرێ و زنجیرەکەی بکرێتە ماددەی دوو.ئەوەش تەنها بۆ ئەوەیە لەگەڵ ئەوەی دسەلاتەکان دابەش کراون تاکو پارێزگاری لە دەسەلاتەکان بکرێ،ئەوەی لە ئەساسەوە بە یاسای ژمارە (١٠) کراوە واتا تەنها وەبیر هێنانەوە و جێگیر کردنە و یەکێ بلێ یاساکە هەڵپەساردرابوو ئێستا لەغوی هەڵپەساردنەکە کرا دەبێ بگەرێتەوە ،ئەگەر وای لێ بکەین دەبێ دوو بارە دەسەلاتەکان دابەش بکەین، کە لەو ماددەیە بلێین ماددەکانی تر کار پێکراوە، واتا دابەشی دەسەلاتەکان ئەوەیە کە لە نێوان سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی حکومەت بەردەوام دەبێ و کاری پێ دەکرێ تاکو ماوەیەکی تر، تاکو قۆناغی دووەمی هەڵبژاردن، ئەو کاتە دەکرێ رابەر کارەکانی خۆی بکات،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هێچ تێبینی تر هەیە؟ ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە دەستیان بەرز بکەنەوە، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ رێزم بۆ بەڕێز کاکەرەش کە فەرمووی (بقيه المواد) وەکو خۆی بمێنێت لە ئەصلی یاساکە،

پێویست ناکات لێرە بێت ،یەک مادده لەغو کرا کە ئەوەی یاسای رابەر ئیلغای دەکات یاسای ژمارە (٢)، ماددەکانی تر هەتا ئەوەی یاسای ژمارە (١٠) لەجێگای خۆیەتی ،بۆیە پێویست بەو ماددەیە ناکات کە لێژنەی یاسایی پێشنیاری دەکات، دووەمیش یاسا دەبێ کورت بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک برهان فەرموو.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانم کاک جەمیل کردی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێژنەی یاسایی فەرموون.

**بەڕێز کاکەرەش نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەماددەی یەکەم دەڵێین (تلغیٰ المادە الاولیٰ) ئەو ماددەیە یاسای ژمارە دووی پێ هەڵپەسێردرا واتا ماددەی دوو رەها کرا، کە ماددەی دوو رەها کرا ماددەکە بە هەموو محتویاتی یاساکەوە ئێمە کاری پێ بکەین، نەگۆتراوە کە ماددەک دوو مادده رەها کراوە یاساکە هەمووی رەها کراوە، ئەوکاتە بنەمای(خلو و غیاب) دێتەوە گۆڕێ، ئەو کاتە بابەتەکە بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی و سەرۆکی حکومەت دەگەڕێتەوە کە کەی خلو و کەی غیابە، بۆ لادانی ئەو پێکچونە، ئەو دەسەڵاتانەی کە لە نێوان ئەو دوو لایەنە دابەشمان کردوە، نێوان پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران کار پێکراو بێت، بۆ لادانی هەر گرفتێک، کە یاساکە رەهاکرا دەبێ هەموو یاساکە رەها بکرێ ، رابەریش نییە لەبەر ئەوە دەبێ بگەڕێینەوە سەر بنەمایی خلو و غیاب، لەبەر ئەوەش پێویست نییە بگەڕێینەو بۆ ئەو بنەمایە ئێمە دەسەڵاتەکانمان دابەش کردەوە ، لەبەر ئەوە پێویستە ئەو ماددەیە هەبێ بۆئەوەی نهائیا ئەو إلتباسەی تێدا نەبێ ،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی تر هەیە؟ نییە. ماددەی دووەم دەخەینە دەنگ دانەوە، ماددەکە جارێکی تر بخوێننەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تبقیٰ بقیه مواد القانون نافذه المفعول.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ ماددەی دووەم وەکو خوێندرایەوە پەسەند دەکات؟ کێ پەسەندی ناکات؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز کاکەرەش نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای ئێمە ئەو برگەیەش وەکو ماددەی سێیەم زیاد بکرێ.

(لایعمل بأی نص یتعارض واحکام هذا القانون.)

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەو پێشنیارە؟ نییە کەواتە ماددەی سێیەم جارێکی تر بخوێننەوە بۆئەوەی بیخەینە دەنگ دانەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة الثالثة:

(لایعمل بأي نص یتعارض واحکام هذا القانون.)

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ ماددەی دووەم وەکو خوێندرایەوە پەسەند دەکات؟ کێ پەسەندی ناکات؟ بە تێکڕای دەنگ ماددەی سێیەم پەسەند کرا.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة الرابعة:

علی مجلس الوزراء تنفیذ احکام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی لەسەر ئەو ماددەیە هەیە؟ باشە ئەو یاسایە تەنها ئەنجومەنی وەزیران جێبەجێی دەکات یان پەیوەندی بە پەرلەمانیشەوە هەیە؟ لەبەر ئەوەی ئەو دەسەلاتە دابەشی سەر ئەو دوو لایەنە کراوە. ماددەی چوارەم جارێکی تر بخوێننەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة الرابعة:

علی مجلس الوزراء و الجهات المعنیة تنفیذ احکام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی هەیە. کاک رەجەب فەرموو.

**بەڕێز رەجەب شەعبان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من (ذوی العلاقە) بە پیزتر و باشترە لە باتی (الجهات المعنیە) راش رای جەنابتانە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

شەفیقە خان فەرموو.

**بەڕێز شەفیقە فەقێ عەبدوڵڵا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنها (الجهات المعنیە) بێت نەک (مجلس الوزراء و الجهات المعنیە)

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای من بکرێتە (علێ مجلس الوزراء و رئاسە المجلس الوطنی تنفیذ احکام هذا القانون)باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر تێبینیەکەی کاک فرەنسۆم هەبوو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیەکەی کاک فرانسۆ باشە بەس سەرۆکایەتی پەرلەمان بێتە پێش ئەنجومەنی وەزیران.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێژنەی یاسایی دیارە رایەکی تریان هەیە، فەرموون.

**بەڕێز کاکەرەش نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای ئێمە وەک لێژنەی یاسا، بگوترێ (الجهات المعنیە ) یان (ذات العلاقە) ئێستا ئێمە لەغوی ماددە یەکی یاسای ژمارە دەمان کرد، رابەریش پەیوەندی دارە، لەبەر ئەوە دەقەکە بەو شێوەیە بێت، ئەوەی پەیوەندی بە ئیشەکە هەبێ ، بگۆترێ (علێ الجهات ذات العلاقە)یان (الجهات المعنیە)واتا ئەوەی پەیوەندی هەبێ بە یاساکە پێویستە یاساکە جێبەجێ بکات ، بەبێ ناو هێنان ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەی دوو لە پێشنیارەکەتان (تبقێ بقیە مواد القانون نافذە المفعول.) واتا دەسەلات دابەش کراوە و رابەری تێدا نییە واتا سەرۆکی حکومەت و سەرۆکی پەرلەمانە. کێ تێبینی هەیە با دەستی بەرز بکاتەوە. کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو دەسەلاتە درا بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکایەتی پەرلەمان ، هیچ لایەنی تریشمان پەیوەندی دار نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک جەمیل فەموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ ڕێزم بۆ بەڕێز کاکەرەش، باسی لایەنی پەیوەندی دار دەکات ، ئەگەر رابەر هەبا ئێمە نە یاسای ژمارە دەمان دەر دەکرد و نە هەموارەکەشی ، دیارە ئەو یاسایە پەیوەندی بە کێوە هەیە کێ ئەو یاسایە جێبەجێ دەکات، هەردوو سەرۆکایەتی دەیکات، بۆیە پێشنیارەکەی کاک فرەنسۆ کردی باشە بەلام سەرۆکایەتی پەرلەمان پێش حکومەت بێت بەو شێوەیە بێت لە هەموویان باشترە و لە جێگای خۆی دایە، ئەوەی هی یاسای ژمارە دەیە کە دابەش کردنی دەسەلاتە ، نەوەک هی یاسای ژمارە دووە ئەگەر یاسای ژمارە دوو هەبا ئەوانە هیچی پێویست نەدەکرد.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

شەفیقەخان فەرموو.

**بەڕێز شەفیقە فەقێ عەبدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانی من کران، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک د. رزگار فەموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە بروای من (علیٰ مجلس الوزراء) زۆر روونە لەبەر ئەوەی سەرۆکی پەرلەمان پەیوەندی دارە بە بابەتەکە نەک سەرۆکایەتی، بۆیە ئەنجومەنی وەزیران زۆر روونە ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک د. ناسح فەرموو.

**بەڕێزد. ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای من ئەگەر بلێین (علی الجهات المعنية) یان (علی الجهات ذات العلاقة) ئەوە کورت ترە و نادیاریشی تێدا نییە، لەبەر ئەوەی پەیوەندی راستەو خۆی بەو دوو لایەنەوە هەیە و هەروەها بە رابەریشەوە هەیە، ئەو کاتە رابەریش دەگرێتەوە بگوترێ(علی الجهات المختصة)،یان (وذوي العلاقة)ی بکوترێ یان بە تەنها (ذوي العلاقة) بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک مامەند فەموو.

دەنگ دەرنەچوە

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک یونادم فەموو.

**بەڕێز یونادم یوسف کەنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ بۆچونی برادەرانی لێژنەی یاساییم، بەلام پرسیارێکم هەبوو کە دەڵێ (یخول رئیس مجلس الوزراء)لە داهاتووە (صلاحية قائد الحركة التحررية الكوردية فيما يتعلق بقانون الديوان الرقابة المالية) لەوێ بنەمای جودا کردنەوە دەسەلات کار لە یەکتر ناکات ؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە نەهاتوە، کەی هات قسەی تێدا دەکەین .کاک فرەنسۆ فەرمو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیارەکەی خۆم سەحب دەکەمەوە، بکرێتە(تتولى الجهات المختصە تنفيذ احكام هذا القانون)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک رەجەب فەرموو.

**بەڕێز رەجەب شەعبان :**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لێژنەی یاسایی راستە و هەموو لایەنەکان دەگرێتەوە، چ ئەنجومەنی نیشتمانی بێت یان ئەنجومەنی وەزیران (على الجهات ذات العلاقة ...) هەمووی دەگرێتەوە ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاکەرەش فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەندێ لە برادەران ئەوەیان خستە روو کە دەسەلات دابەش کراوە، راستە ئێمە بە یاسای رابەر هەندێ لە دەسەلاتەکانمان لێ وەرگرتونەوە، بۆ نمونە دەسەلاتی دامەزراندن بە رەهایی درابووە جەنابی سەرۆک وەزیران لە هەمان کاتدا دامەزراندنی بەرێوەبەرایەتیە گشتیەکانی چاودێری داراییمان دا بە رابەر ،بە واتا هەندێ لەو دەسەلاتانە وەرگیرایەوە ، لەبەر ئەوەی رابەریش پەیوەندی دارە لە بابەتی جێبەجێ کردنی یاساکە ،بۆیە پێویستە بگوترێ (على الجهات ذات العلاقە تنفيذ احكام هذا القانون) چ رابەر بێت یان سەرۆکی پەرلەمان یان سەرۆکی حکومەت ، لە رووی یاساییەوە کارەکە دەروات سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشینەی وا هەیە لە یاسادا(الجهات ذات العلاقە) ماددەی چوارەم جارێکی تر بخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگ دانەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری :**

المادة الرابعة:

على الجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی ماددەی چوارەم پەسەند دەکەن بەو شێوەیەی خوێندرایەوە دەستیان بەرز بکەنەوە، کێ پەسەندی ناکات؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز شـــێــــروان نـاسح حـــــەیدەری :**

المادة الخامسة:

ينفذ هذا القانون من تاريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

واتا ئێوە پێشنیارەکەی خۆتانتان خوێندەوە، کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟ کاک جەمیل فەموو.

**بەڕێز جـــــەمـــــیل عـــــەبدی سندی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

بەرای من بکرێتە (ينفذ هذا القانون من تاريخ صدوره وينشر في جريدة وقائع كوردستان) لەبەر ئەوەی دوورنییە دانیشتنێکی تر بۆ ئەو ئەرکەی چادێری دارایی بکرێ تاکو دوا نەکەوێ، بۆیە بکرێتە ( من تاريخ صدوره وينشر في جريدة وقائع كوردستان) چاکترە، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

لیژنەی یاسایی تێبینیتان هەیە؟.

**بەڕێز کـــاکـــەرەش نـەقـــشــــبـــەندی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

بەڕای ئێمە فەرق ناکات، ئەوە بریاری پەرلەمانە تەنها دیاری کردنی مێژوەکەیە ، لە رووی یاساییەوە گرفت دروست ناکات ،سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

لاریتان هەیە ئەگەر (صدور)ەکە بخەنە سەری، جارێکی تر بیخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگ دانەوە.

**بەڕێز شـــێــــروان نـاسح حـــــەیدەری:**

ينفذ هذا القانون من تاريخ صدوره وينشر في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

کێ ماددەی پێنجەم پەسەند دەکات؟ کێ پەسەندی ناکات؟ بە تێکرای دەنگ ماددەی پێنجەم پەسەند کرا.

وەکو یاسا دەیخەینە دەنگ دانەوە، کێ یاساکە پەسەند دەکات؟ کێ پەسەندی ناکات؟ بە تێکرای دەنگ یاساکە پەسەند کرا. لێرەدا کۆتایی بەم دانیشتنەمان دێت و سبەی سەعات ١٠ دانیشتنی داهاتومان دەبێ، سوپاس.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

به ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان
به ناوی گەلەوە
ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق
ژمارەی دەرهێنان: ٣٨
مێژووی دەرهێنان: ٣١/١٢/٢٠٠٠

پشت بە حوکمەکانی برگە (١)ی ماددەی (٥٦)و ماددەی (٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)و لەسەر پێشنیاری ژمارەی یاسایی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق دا ئەو یاساکارییەش کە ئەنجومەنی نیشتمانیی لە دانیشتنی ژمارە(٣٧)ی رۆژی (٣٠/١٢/٢٠٠٠)یدا ئەنجامی داوەو، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە برگە (٣)ی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمانی داوە، بریاری دەرهێنانی ئەم یاسایەمان دا:

**یاسای ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠٠٠**
**یاسای یەکەم هەموار کردنی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (١٩٩٧)**

**ماددەی یەکەم:**

ماددەی یەکەمی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ لەغو دەبێ.

**ماددەی دووەم:**

هەموو ماددەکانی تری یاساکە بەکارپێکراوی دەمێننەوە.

**ماددەی سێیەم:**

هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت کاری پێ ناکرێ.

**ماددەی چوارەم:**

لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکانە حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە کار.

**ماددەی پێنجەم:**

ئەم یاسایە لەرۆژی دەرهێنانییەوە دەخرێتە کارو لە (وەقایعی کوردستانی) یشدا بڵاودەکرێتەوە.

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە بیست و هەشت**

یەک شـەممـە ڕێکەوتی ٣١/١٢/٢٠٠٠

خولی دووەم

سـاڵی نۆیەم

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە بیست و هەشت

## یەک شەممە رێکەوتی ٣١/١٢/٢٠٠٠

***کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی رۆژی یەک شەممە رێکەوتی ٣١/١٢/٢٠٠٠ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز د.رۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی (ژمارە بیست و هەشت)ی خولی ئاسایی دووەمی، ساڵی (٢٠٠٠)ی خۆی بەست.***

***بەرنامەی کار:***
***بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی مادده(٢٠) لە پێڕەوی هەمووارکراوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی (ژمارە بیست و هەشت)ی خۆی لە کاتژمێر (١٠)دەی سەر لە بەیانی رۆژی یەک شەممە رێکەوتی ٣١/١٢/٢٠٠٠ دا بەم شێوەیە بێت:***
***١ـ خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی بودجەی ساڵی ٢٠٠١ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان دانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستان دەست پێ دەکات، بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان تەنیا یەک خاڵە ئەویش خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنە لەسەر بودجەی ساڵی ٢٠٠١ ی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق، تکایە بەڕێز سەرۆکی لیژنەی دارایی پەرلەمان بفەرمویّ بێتە سەر منصەکە، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەنووکە راپۆرتا لیژنا دارایی ئەخوێنم:

لیژنەی دارایی وئابوری ژمارە م/٣٧ رۆژ ٣٠/١٢/٢٠٠٠

بۆ سەرۆکی پەرلەمانی بەڕێز

بابەت/ بودجەی پەرلەمانی ساڵی ٢٠٠١

تحية واحتراماً

بناءاً على امركم في ٢٤/١٢/٢٠٠٠ م عقدت لجنتنا اجتماعين في ٢٤/١٢/٢٠٠٠ و ٣٠/١٢/٢٠٠٠ لتدقيق ودراسة ومناقشة موازنة البرلمان لعام ٢٠٠١ ومقارنتها بالسنوات السابقة وبعد التدقيق والمقارنة والدراسة وجدت لجنتا بانها موازنة متواضعة ومناسبة وخالية

من الاخطاء ونؤيدها بالاجماع، راجين عرضها في جلسة برلمانية بغية مناقشتها واقرارها، وادناه خلاصتها حسب الفصول، هذا ولكم الامر.

مع فائق التقدير

| ت الفصول | المبلغ بالدينار | المبلغ بالدولار $ |
|---|---|---|
| ١- الفصل الاول | ١٧٧٨٤٠٠٠ | 40 000 $ |
| ٢- الفصل الثاني (الخدمية) | ٣٩٨٢٠٠٠ | 70 000$ |
| ٣- الفصل الثالث (السلعية) | ١٨١٥ ٠٠٠ | ------ |
| ٤- الفصل الرابع (الصيانة) | ٤١٧٠ ٠٠٠ | 20 000 $ |
| ٥- الفصل الخامس(الرأسمالية) | ٥٧٨٠ ٠٠٠ | 30 000 $ |
| ٦- الفصل السادس (التحويلية) | ٣٧٢٠ ٠٠٠ | 20 000 $ |
| ٧- ---------------- | -------- | -------- - |
| ٨- الفصل الثامن (برامج خاصة) | ١٠٠٠ ٠٠٠ | --------- |
| المجموع الكلي | ٣٨٢٥١٠٠٠ | 180 000 $ |

موازنەی پەرلەمان ئەمساڵ زۆر متواضعە لەهی ساڵی پێشوو کەمترە، یانی تقدیراتی ساڵی پێشوو (٣٨٢٥١٠٠٠) لەگەڵ (١٨٠٠٠٠) دولار ئەمساڵ سی وهەشت ملیون لەگەڵ دووسەدو پەنجا ویەک هەزار دینار یانی بەحدودی دووسەد هەزار کەمترە لەوەی پێشوو بەڵام دولارەکە وەکو خۆی ماوە، هەر فەصلێکیش دەتوانن بڵێن ئەم فەصلە بریتی یە لەچی؟ و زۆر سوپاس،

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆو سوپاس کاک جەمیل ئەوانەی تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرزبکەنەوە بۆ ئەوەی ناونوسیان بکەین، کاک عبدالخالق زەنگەنە فەرموو.

**بەڕێز عبدالخالق محمد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس بۆ ئەو موازنەی کە تقدیم کرا بەڵام ژمارەکانی منیش قەناعەتم وایە لەگەڵ لیژنەی مالی کە متواضعە بەلام بەداخەوە ئێمە چەند جارێکیشە دەڵێین حەقە مصاریفی رابردووش بدرێتە بەردەمان بۆ ئەوەی بزانین ئەو جهەی صرفی کۆن وئێستا چۆن ئەو موازنەی بۆ دادەنێین لەبەر ئەوەی کە من نەمدیوە هیچ تێبینی یەک ناتوانم بدەم لەسەر تەنیا ئەوەی کە من دەیزانم ئەوەی دانراوە شتێکی متواضعە و حەزیش دەکەم ئەو تەوەجهەمان لەناو هەبێت مصاریفی ساڵی رابردوومان بە کاملی پێشکەشی ئەندامانی پەرلەمان بکرێت و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وادیارە ئەمە دوا دانیشتنە کە لەقەرنی بیست دا بیکەین و شتێکی پیرۆزە مناقەشەی میزانیەی پەرلەمان بکەین لێرە من پێشنیارێکم هەیە ئەو ژمارەی کو بێنە دانادن بە نوسراو بێت چونکە ژمارەی زۆر گەورەن و تاکو التباس نەمێنێ ئەوە بنوسرێ، ئەوە یەک، دووەم لیژنەی دارایی گوتی لەسەر ئەساسی سنوات سابقە حەز دەکەم تەشخیص بکەن سالی فلان فلان چونکە دوو سال میزانیە نەبووە لەوانەیە سێ چوار سال پێش ئێستا ئەم میزانیە هاتبێتە دانانێ، سێیەم فەصلی سەر تفاصیلی ئەڤ وفودێ پەرلەمانێ دێ ئان چەندە من دڤێت تەفاصیل بزانم تاکو بزانین ئەو رەقەمەی بۆ دانانێ چەندە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک رجب شعبان فەرموو.

**بەڕێز رەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارم هەبوو لە جەنابێ سەرۆکی لیژنەی دارایی کە فەصلی دووەمی(خدمی) بۆ ئیمە تۆزێک واضح کردبایە کە چ بابەتێکن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ابراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی روون وئاشکرایە کە دەوراتی دابێت ئی ئەو پەرلەمانە حدودی نییە و پەنا بەخواو بە پشتیوانی خەلکی کوردستانێ سیستەمێ پەرلەمانێ لە کوردستانێ عێراق بەردەوام دەبێت و لەبەر ئەوەی کە وەزعی دارایی هەرێم باشترە، تاکو ئەندامێ پەرلەمانێ کە خەلکێ سلێمانی و کەرکوک ودهۆکن بتوانن چاکتر رۆلی خۆیان لە پەرلەمان ببینن پێشنیار دەکەم مەبلەغێک دڤێ میزانیە بێتە تخصیص کردن بۆ دروست کردنا بینایەتێک بۆ دار الاستراحە بۆ پاشەڕۆژ چونکە بۆی هەیە زۆر شت حەل بکات و مەرج نییە ئەم مەبلەغە بە یەک جار تەخصیص بکرێتن بۆ ئەمسال رەنگە بۆ ئەمسال ملیۆن دینار بێت و بودجەی سالی ٢٠٠١ مەبلەغێکی تر بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک جەمیل دەتوانی وەلامیان بدەیتەوە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی قسەکانی بەڕێز مامۆستا عبدالخالق زەنگەنە مصاریف دائیمەن کەی پێشکەش دەکرێت مصاریف دائیمەن ئێ سالّی تەواو لە ضمنی حساباتی ختامی پێشکەش دەکرێت و مصاریفی تەواو بە پێی قانونی عیراقی قانونی مالیە کە لای ئێمە نافذالمفعولە مانگی کانونی دووەم لەگەڵ شوبات وئادار ئەوەش هەر بۆ تصفیەی حساباتە یانی حساباتی ختامی کەی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دەتوانن داوا بکەن لە دیوان بەڕێز سکرتێری پەرلەمان کەی پێشکەش دەکرێت بۆ بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان حساباتی ختامی لە سەرەتای مانگی نیسان یانی بۆ حساباتی ختامی دائیمەن کەی داوا دەکەی دەڵێی ساڵی دوو هەزار کەی ڕۆیشتووە لە بدایەتی نیسان یانی ئێستا ئەم سێ مانگەی داهاتووش هەر بۆ تصفیەی حساباتە ئەگەر بڵێی لە شەش مانگ چەند سەرف کراوە ئەوە دەتوانم بە جەنابی بڵێم لە شەش مانگدا نۆ ملیۆن و سێ سەدو دەهەزار دینار و سێ سەدو هەشتاو یەک دۆلار صرف کراوە ئەم ژمارەیە گەر ئەو برادەرانەی لە.دەرەوەی هۆلی پەرلەمان لە ناو پەرلەمان بان مصاریفەکە دوو بەرامبەر دەبوونە دەبوونە هەژدە ملیۆن و هەژدە ملیۆن گەر ضربی دووی بکەی عەینەن تەقریبا ئەو میزانیەی کە تقدیم کراوە هەمان نسبەیە هیچ گۆڕانکاریەکی وای تێدا نەکراوە ژمارەکە زۆر متواضعە چونکە نۆ ملیۆن و شتێکە گەر برادەرانیش لێرە بووان دەبووە نۆزدە ملیۆن گەر ضربی دووی بکەی ئەو نۆزدە ملیۆنە چونکە شەش مانگ ئەوەندە ڕۆیشتووە ساڵی تەواو یانی دەکاتە سی و هەشت ملیۆن ژمارەکە ڕێک وپێکە و مەرج نییە هەر وەکو ساڵی پێشوو دەربچێ دوور نییە هەندێک مصاریفی تر بێتە پێشەوە هەندێ وفودی تر بێتە پێشەوە، دەربارەی ئەوەی کە ئێمە لە قەرنی بیست نین ئێمە لە قەرنی بیست و یەکین ئەوە ساڵێکە ئێمە لە قەرنی بیست و یەکین و ژمارەی میزانیەی هەموو عالەم ژمارەی میزانیە دائێمەن بە رەقەم دێت هیچ میزانیەک نییە بەنوسین بێت هی تورکم دیوە هی سوریا هی بغدادم دیوە کە من لە وەزارەتی تخطیط بووم دائیمەن بە رەقەم دێت ئەگەر مبلەغێک صرف بکەیت بە نووسین دەڵێی ئەوە چەند ڕۆیشتووە بەلاّم میزانیە گەر بەو شێوەیە بێت ئەوە نابێتە میزانیە دائیمەن میزانیە بە ئەرقامە و لە هەموو جیهاندا و هی پەرلەمانیش دەبێ وابێ لە سیستەمی دارایی دەرنەچن دەبێ سیستەمی دارایی وەک هی عێراق بێت چونکە ئێمەش دەبێ لە نفسی سیستەم بن و سوپاس، دەربارەی ئەوەی کە میزانیە چەند ساڵە نەبووە نەخێر میزانیەی پەرلەمان دائیمەن تصدیق کراوە لە (٩٢و ٩٣ و ٩٤و ٩٥) هەتا کاتێ ئێمە لە دەرەوەی هەولێریش بووین هەر میزانیەی پەرلەمان پێش وەخت ئەو حسابەمان کردووە و تصدیق بووە تەنیا ئەوەی دوو هەزار ئەویش پێشکەش کراوە دیوانی پەرلەمان دایناوە حسب توجیهاتی رئاسەتی پەرلەمان پێشکەشی لیژنەی دارایی کردووە راپۆرتەکەی نوسراوە ودیسان دووبارە تقدیمی رئاسەتی پەرلەمانی کردووە و ژمارەی کتابەکەش ئەوەندە بوو م/٧ لە ڕۆژی ١٠ی نیسانی دوو

هەزار یانی ئەوەش پێشکەش کراوە تەنیا تصدیقەکەی مابوو ئەگینا هەموو ساڵەکانی تر میزانیەی پەرلەمان هەر مصدق بووە دەربارەی مامۆستا رجب شعبان کە فصلی خدمات ئێستا بە جەنابی دەڵێم فەصلی خدمات چییە، مخصصات و نەفەقاتی سەفەر لە ناو هەرێم مخصصات و نەفەقاتی ایفاد بۆ دەرەوەی هەرێم بۆ تورکیا بۆ ئەوروپا بۆ سوریا مخصصات و نەفەقاتی تحویل تحویل چییە؟ برادەرێک نەقل بێت ماڵی خۆی لە ئاکرێ دێنێتە هەولێر بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن شتێکی بۆ صەرف دەکات یان موزەفێک لە پەرلەمان دەچێتە دهۆک و لە دهۆک دێتە وە ئەو تحویلە مەسائیلی طبع مطبوعاتی مجلەی پەرلەمان بێت یانی چی استمارەی تر هەموو مطبوعاتەکان دەگرێتەوە مەسائیلی برید هەمووی دەگرێتەوە برق و هاتف اتصالاتی دولی فاکس ئەوانە هەمووی دەگرێتەوە ایجاری اراضی و مبانی دەگرێتەوە ایجاری مکائن و معدات دەگرێتەوە ونەقل دەگرێتەوە اقصاتی تەئمین و اجوری محامی و هاتوچۆ ی وفود وعلاقاتی دەرەوەو مؤتمرات و ندوات واحتفالات و دفاع مدنی و مکافأە و اوسمە لغیر منتسبی دائیرەش دەگرێتەوە و بدل اشتراک لە دەوراتی تدریبی نشاطی کشفی و ریاضی گەر جێگایەک مسح بکاتن بۆ اراضی هەر دەیگرێتەوە نەقلی پارە لێرە بۆ دهۆک یان لە دهۆک بۆ ئێرە نەقلی شهود وموقوفین لێرەش حراسی هەیە ئەوەش دەگرێتەوە عمولەی بیعی طوابع و پاکردنەوەی دائیرە زۆر شتی تر مەسائیلی علمی و بحوثی علمی اجوری خبراو مستشارین و ئەوانە هەمووی دەگرێتەوە من دەزانم بەرێز مامۆستا رجب شعبان لەبەر چی بوو لەبەر مەکتەبی پەرلەمانی لە ئاکرێ ئایا تێیدایە یان تێیدانییە بەڵێ تێیدایە لەسەر مصاریفی کوتلە دەیگرێتەوە ئی دهۆک وئی ئاکرێ و ئی هەولێر ئەوەی هەمووی تێدایە مستلزماتی خدمی و دەربارەی دار الاستراحە ئەوە بە مراحل دەکرێت ئەوەش رئاسەتی پەرلەمان دەیزانێت کەی پێویستە کەی پێویست نییە، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک فەرەنسۆ.

**بەرێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانی من لەسەر میزانیە نییە من زۆر بە گەرمی پشتگیری پێشنیارەکەی کاک ئیبراهیم سعید دەکەم زۆر پێویستە بۆ ئەو برادەرانەی کە لە دەرەوەی هەولێر دێن شوێنیان نییە لە ئێستاوە بیر لەوە بکرێتەوە بەڵکو میوانخانەیەک شتێکیان بۆ دروست دەکرێت پێشنیارەکە بەجێ یە وپشتگیری دەکەم، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک د.رزگار فەرموو.

**بەرێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

داخازیا من سەر تەفاصیل لەسەر وفودە ئەو رەقەمەمان بزانیبا ئەگەر زەحمەت نەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەفتا هەزار دۆلار تحدید کراوە خدمی ئەوە بۆ وفودە وایفادیان ئەگەر بە ئیش چووە دەرێ ئەو هەفتا هەزارە لەوە حساب دەکرێ هەتا ئێستا باوەڕ ناکەم شتی وا کرابێ، فەرموو کاک محەمەد.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاک جەمیل فەرمووی حساباتی ختامی لەیەکی نیسان تقدیم دەکرێت راستە وەختی خۆی بەپێی قوانینی مالیەی عێراقی لە یەکی نیسان پێشکەش دەکرا چونکە یەکی نیسان ساڵی مالی بوو بەڵام ئێستا بدایەتی ساڵی مالی عێراقیش لە یەکی کانون ثانی دەست پێ دەکەن یانی نهایەتی کانونی یەکەم یەکی کانونی دووەم ساڵی مالی تەواو دەبێت ئینجا لەبەر ئەوە حساباتی ختامی دەبوایە پێشکەش کرابوایە من تەئیدی بەڕێز کاک عبدالخالق دەکەم لەگەڵ ئەوەش ئەوەی ٩٩ حساباتی ختامی بۆ ئێمە نەهاتووە ئەوەی ٩٨ بۆ ئێمە نەهاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جەمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قوانینی مالی هەر ماون وەختی عێراق گۆڕاش ئەوە لە عهدی ملکی بوو لە یەکی نیسان پاش شۆڕشی چواردەی تەموز گۆڕاوە بۆ یەکی یەک هەر حساباتی ختامی لەبەر تصفیاتی سلفە لەبەر هەندێ مشاریعی تنفیذی مباشرە لەبەر هەندێ مشارعی خطە دائیمەن سێ مانگ مجالە یەکی نیسان حساباتی ختامی هەر پێشکەش دەکرێت ئێستاش لە عێراق هەلەیەکی نیسانە و لە چلەکان و پەنجاکان ئەو کاتە لە ١/٧ پێشکەشیان دەکرد یانی سێ مانگی تر دوای نیسان، بەڵام حساباتی سەری ڕاس ساڵی پاش رزگار کردنی عێراق بووە ١/١ سێ مانگ مجالی تصفیاتی ئەو حسابات وسلف و مشاریع و تنفیذە لە یەکی نیسان دەستی پێکرد و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕوونکردنەوەیەک حساباتی ختامی پێویستە تا ١٢/٣١ بێت تا ئەمڕۆ چەند صرف دەکرێت پێویستە ئی ساڵی دوو هەزار کە ئێمە تقدیمی دەکەین دەبێت تا سی و یەکی دوازدەی تێدا بێت یانی هەموو ساڵەکەی تێدا بێت بە کاملی ئەوە بە تەئکید لەوانەیە لە مانگی یەک لە مانگی دوو یان لە هەر دانیشتنێکی تری پەرلەمان ئەگەر حازر بێت تقدیمی پەرلەمان دەکرێت، تێبینی تر چی هەیە؟، باشە مادام تێبینی نییە دەیخەینە دەنگدانەوە. تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە میزانەی پەرلەمان بەو شێوەی خوێنرایەوە پەسەندی دەکەن فصل فصل دەیخوێنینەوە فەرموو کاک جمیل.

**بەڕێز جەمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فصلی یەکەم نەفەقاتی اعضاء وموظفین (١٧٧٨٤٠٠٠) دینارە لەگەڵ چل هەزار دۆلار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە فصلی یەکەم پەسەند دەکەن دەستیان بەرزبکەنەوە... سوپاس... ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن تکایە دەستیان بەرزبکەنەوە... فصلی یەکەم بەگشتی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

فصلی دووەم مستلزماتی خدمی (٣٩٨٢٠٠٠) سێ ملیۆن ونۆسەدو هەشتاو دوو هەزار دینارە لەگەڵ هەفتا هەزار دۆلار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی کە فصلی دووەم پەسەند دەکەن تکایە دەستیان بەرزبکەنەوە... سوپاس... ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزبکەنەوە... بەگشتی دەنگ فصلی دووەم وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

فصلی سێیەم مستلزماتی سلعی (١٨١٥٠٠٠) ملیۆنێک و هەشت سەدو پازدە هەزار دینارە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی کە فصلی سێیەم پەسەند دەکەن تکایە دەستیان بەرزبکەنەوە... سوپاس... ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزبکەنەوە... بەگشتی دەنگ فصلی سێیەم وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

فصلی چوارەم نەفەقاتی صیانە (٤١٧٠٠٠٠) چوار ملیۆن و سەدو هەفتا هەزار دینارە لەگەڵ بیست هەزار دۆلار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی کە فصلی چوارەم پەسەند دەکەن تکایە دەستیان بەرزبکەنەوە... سوپاس... ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزبکەنەوە... بەگشتی دەنگ فصلی چوارەم وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

فصلی پێنجەم (النفقات الرأسمالیە) (٥٧٨٠٠٠٠) پێنج ملیۆن وحەوت سەدو هەشتا هەزار دینارە وسی هەزار دۆلارە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی کە فصلی پێنجەم پەسەند دەکەن تکایە دەستیان بەرزبکەنەوە... سوپاس... ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزبکەنەوە... بەگشتی دەنگ فصلی پێنجەم وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

فەصلی شەشەم نەفەقاتی تحویلی (٣٧٢٠٠٠٠) سێ ملیۆن و حەوت سەدو بیست هەزار دینارە و لەگەڵ بیست هەزار دۆلار.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی كە فصلی شەشەم پەسەند دەكەن تكایە دەستیان بەرزبكەنەوە... سوپاس... ئەو بەڕێزانەی كە پەسەندی ناكەن دەستیان بەرزبكەنەوە... بەگشتی دەنگ فصلی شەشەم وەرگیرا. باشە فەصلی حەوتەمتان نوسیوە؟ بۆچی نەتانوسیوە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

فەصلی حەوتەم بعثات و شتی دەرەوەیە یانی بۆ نمونە عێراق یارمەتی منظمەی تحریر دەدات یان یارمەتی منظمەی شتێكی تری جامیعەی دولی عربی دەدات ئەوە فصلی حەوتەمە یانی مساعدات بۆ دەرەوە وەكو ئێمە محتاجین یانی خەڵك یارمەتی ئێمە بداتن وهەر ئەوەی تەقدیم كراوە لە رئاسەتی پەرلەمان بۆ لیژنەی مالی تێیدا نییە وئێمەش دەستكاریمان نەكردووە سالانی رابردووش هیچ جارێك مبلەغێك لەوێ دانەنراوە لە هیچ وەزارەتێكیش دانانرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فصلی هەشتەم بخوێنەوە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

فەصلی هەشتەم پرۆگرامی تایبەت یەك ملیۆن دینارە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی كە فصلی هەشتەم پەسەند دەكەن تكایە دەستیان بەرزبكەنەوە... سوپاس... ئەو بەڕێزانەی كە پەسەندی ناكەن دەستیان بەرزبكەنەوە... بەگشتی دەنگ فصلی هەشتەم وەرگیرا. بەڵام وا تصور دەكەم كە فصلی حەوتیش بخەینە دەنگدان.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئارەزووی جەنابتانە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كە پەرلەمان تەئیید بكات فەصلی حەوتەمە و رەقمی تێدا نەبێت، كاكەرەش فەرموو.

**بەڕێز كاكەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەنیا ئەو تێبینییە بوو بنوسرێ بەڵام بەبێ مبلغ یانی مبلغی مقابل نەبێت یانی بنوسرێ مەسەلەكە چییە و مەبلەغمان بۆ دانەناوە لەبەر ئەوەی كە ئێستا امكانیەت نییە بەڵام بنوسرێ بۆ میزانیاتی مستقبل احتمال هەیە وئەو كاتی لەوانەیە امكانیە هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو پێشنیارەش دەخەینە دەنگدانەوە تكا لەو بەڕێزانە دەكەم كە پەسەندی دەكەن كە خالی حەوتەم بنوسرێ بە بەتالی كە امكانیەتی ئەوە نییە یارمەتی دەرەوە بدرێت دەستیان بەرزبكەنەوە...

سوپاس ... ئەو بەرێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزبکەنەوە... بەگشتی دەنگ ئەوەش پەسەند کرا. تکایە رەقەمی گشتی بخوێننەوە.

**بەرێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کۆی گشتی (٣٨٢٥١٠٠٠) سی و هەشت ملیۆن و دوو سەدو پەنجاو یەک هەزار دینارە و لەگەڵ (١٨٠٠٠٠) سەدو هەشتا هەزار دۆلاری ئەمریکی.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەبلەغی گشتی میزانیەی پەرلەمان دەخەینە دەنگدانەوە.

ئەو بەرێزانەی کە هەمووی پەسەند دەکەن تکایە دەستیان بەرزبکەنەوە... سوپاس... ئەو بەرێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزبکەنەوە... میزانیەی پەرلەمان بەگشتی دەنگ وەرگیرا. زۆر سوپاس کاک جەمیل.

بەرێزان ئەمرۆ دوایین کۆبوونەوەی پەرلەمانە لە ساڵی دوو هەزارە لەراستیدا ساڵێکی پڕ بەرهەم بوو کاروبارێکی باش لە پەرلەماندا کرا چ لەرووی کۆبوونەوە وچ لەرووی دەرچواندنی یاسا چ لەرووی پەیوەندی بە دەرەوە بە هاتنی وفودەوە لە راستیدا ساڵێکی پڕ بوو و بە بەرهەم بوو وەکو باسمان کرد، لێرەدا شایستەی ئەوەیە کە یەکە یەکە سوپاسی ئەندامانی پەرلەمان بکەم بۆ ئەو بەرهەمانەیان وهیوادارم ساڵی ئایندەش بەهەمان روح وبەهەمان گیان زیاتر بە کارین و بەرهەم هێنەر بن جارێکی تر سوپاسی هەموو لایەکتان دەکەم وتکام وایە لە ئەندامانی بەرێزی پەرلەمان تاکو پازدەی یەک بە هیچ لایەکدا نەچن چونکە زۆر محتملە جلساتی استثنائیمان هەبێت لەبەر هەندێ کاروباری زۆر پێویست لێرەدا کۆتایی بەو کۆبوونەوەیە دەهێنین و زۆر سوپاس.

**فرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

به ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

به ناوی گەلەوە

ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

ژمارەی بڕیار: ٣٩

مێژووی بڕیار: ٣١/١٢/٢٠٠٠

پشت به حوکمەکانی بڕگە(١)و بڕگە(٨)ی ماددەی(٥٦)لە یاسای هەموارکراوی ژمارە(١)سالی ١٩٩٢، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە(٢٨)ی ڕۆژی ٢٠٠٠/١٢/٣١ یدا ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا:

یەکەم:

ئیقرار کردنی بوجەی(سالی ٢٠٠١ی) ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق کە بەگشتی بڕی ( )دینارو( )دۆلاری ئەمریکییە.

دووەم:

بوجەی ئەنجومەنیش دەخرێتە ناو بوجەی هەرێمی کوردستانی عێراق و لەناو ئەوەدا دەنووسرێ.

سێیەم:

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم بڕیارە بخەنە کار.

چوارەم:

ئەم بڕیارە لە وەقایعی کوردستاندا بلاو دەکرێتەوە.

**د.ڕۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١)نائاسایی**

یەک شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/١/٧

خولی دووەم

ساڵی نۆیەم

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (١)نائاسایی

## یەک شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/١/٧

*کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی یەک شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/١/٧ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی (ژمارە یەک)ی خولی نائاسایی دووەمی، ساڵی (٢٠٠١)ی خۆی بەست.*

*بەرنامەی کار:*
*بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی مادده(٢٠) لە پێڕەوی هەموارکراوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی (ژمارە یەک)ی خۆی لە کاتژمێر (١٠)دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی یەک شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/١/٧ دا بەم شێوەیە بێت:*
*١ـ خستنەڕوو وگفتوگۆ کردنی چالاکییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق سەبارەت بەو پرۆژانەی کە ئەنجام دراون وئەوانەی کە لەدەوری جێبەجێ کردن دان وئەو پرۆژانەش کە پێشنیار کراون لەسەر حسابی بودجەی گشتی حکومەتی هەرێم وئەوانەش کە بڕیاری ژمارە(٩٨٦)دەیانگرێتەوە.*
*٢ـ خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی بودجەی هەرێمی کوردستانی عێراق وپرۆژەی یاسای بودجەی ساڵی ٢٠٠١.*

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان و بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنەکەمان دەست پێ دەکات، پێشەکی بەخێرهاتنێکی گەرمی جەنابی سەرۆک بارزانی و بەڕێزان جەنابی سەرۆکی حکومەت وجێگری سەرۆک و برا وەزیرەکان دەکەین، بەرنامەی کارمان دوو خاڵە ١ـ خستنەڕوو وگفتوگۆ کردنی چالاکییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق سەبارەت بەو پرۆژانەی کە ئەنجام دراون وئەوانەی کە لەدەوری جێبەجێ کردن دان وئەو پرۆژانەش کە پێشنیار کراون لەسەر حسابی بودجەی گشتی حکومەتی هەرێم وئەوانەش کە بڕیاری ژمارە(٩٨٦)دەیانگرێتەوە.
٢ـ خستنەڕوو وگفتوگۆ کردنی بودجەی هەرێمی کوردستانی عێراق وپرۆژەی یاسای بودجەی ساڵی ٢٠٠١.
بە مەبەستی دەست پێکردن بە خاڵی یەکەم داوا لە جەنابی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەکەم بفەرموێتە سەر سەکۆ بۆئەوەی چالاکیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بخاتە ڕوو.

**بەڕێز نێچیرڤان بارزانی/ سەرۆک وەزیران:**

دەبێ هەندێ تەحەمولیش بکەن چونکە ڕاپۆرتەکە هەندێک دوور و درێژە، لە دوو بەشیش پێک هاتووە یەکەمیان دەربارەی چالاکیەکانی وەزارەتەکانە لەسەر بودجەی حکومەتی هەرێم ، ئەوەی تری ئەوانەن کە لەسەر بودجەی بڕیاری ٩٨٦ ە هەردووکیان دەخوێنینەوە.

چالاکییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٠دا

**بەناوی خوای مەزن و دڵۆڤان**

**بەڕیز جەنابی سەرۆک بارزانی**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان**

**وەزیرە بەڕێزەکان**

میوانانی خۆشەویست

بەناوی سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراقەوە گەرمترین سڵاو و ڕێز ئاراستەی ئێوە و گەلی کوردستان دەکەم. مایەی خۆشحاڵییە بۆمان کە ئەمڕۆ لەبەردەم ئێوەدا دەرفەتمان هەیە پوختەیەک لە کار و کردەوەکانی کابینەی چوارەمی حکوومەتی هەرێم لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوو بخوێنینەوە، هەروەها بەکورتی ئاماژە بەهەندێ لەو نیاز و خواستانە بدەین کە هیواداریین و خەبات دەکەین لە ماوەی داهاتوودا ئەنجامیان بدەین.

وەک خۆتان دەزانن کابینەی چوارەم لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٩٩ڕاگەیەنرا و دەست بەکار بوو، ئێمە لە سەرەتاوە جگە لە پەیامی نەگۆڕاوی حکوومەتی هەرێم کە بریتییە لە ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدانی کوردستان و خزمەتگوزاری بۆ خەڵکەکەی، هەروەها پەیامێکی تریشمان خستە ئەستۆی خۆمان کە ئەویش بریتیبوو لە پیادە و پەیڕەوکردنی یاساو ڕێنوێنییەکان و بە شارستانی کردنی پرۆسەی ژیانی کۆمەڵایەتی لەکوردستاندا. تازە ساڵێک لە تەمەنی کابینەی چوار تێپەڕیوە ئەمەش ماوەیەکی زۆر نییە بۆ دەرکەوتنی ئەنجامی ئەو هیوا و ئاواتانەی لەسەرەتاوە دەرمان بڕیبوو بەڵام پێشکەوتنی بەرچاو روویان داوە و، نیشانە و ڕەنگوڕووی جێبەجێ بوونی پرۆگرامەکە دەرکەوتووە. لەماوەی ڕابردوودا کە دروشممان بریتی بوو لە (پاراستنی سەروەری یاسا) ، ئەم دروشمە ئەنجامێکی باشی لێ کەوتەوە و ئەمڕۆ بارودۆخێکی ئارام و هێمن هاتووەتە ئاراوە. وەک ئاشکراشە، پاراستنی هێمنی و ئاسایش و سەروەری یاسا ڕێگە خۆشکەرە بۆ بەدیهێنانی سەرجەم ئەو ئاوات و ئەرکانەی لەرۆژی ڕاگەیاندنی کابینەکەدا دەرمانبڕیبوو.

ئەم کابینەیە لە سەرەتاوە بەگوێرەی ڕێنوێنی و ڕاسپاردەکانی سەرۆکی هێژا مەسعود بارزانی بەڕێوە چووە و، ڕێنوێنی و ئامۆژگارییەکانی بەڕێزیان بوونەتە ڕێ نیشاندەری ئێمە. ئامانجی سەرەکی ئێمەش ئەوەیە کە خزمەتی میللەتی خۆمان بکەین و، هەوڵ بدەین نەوەیەکی خوێندەوار و

تەندروستی باش و خاوەن ئاستێکی بژێوی شایستە پێ بگەینین. ئەم کابینەیە ئەگەر بەراورد بکرێت لەگەڵ کابینەکانی رابردوودا پێشکەوتنێکی باش و بەرچاوی هەیە و، هاوکاری و هاوئاهەنگی لە نێوان حکوومەت و پەرلەماندا بە رادەی پێویست بووە.
ئەگەر مرۆڤ سەرنج بدات بەشێوەیەکی رۆژانە هەست بە پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە و پێشکەوتنی ژیان لە هەرێمی کوردستان و، ئاسایش و خۆشگوزەرانی خەڵکەکە دەکرێت. ئەمەش رادەی ئەو ماندووبوون و بەردەوامییەمان پیشان دەدا کە لەلایەن حکوومەتەوە پێشکەش دەکرێت. رەنگە لە هەندێک بواردا چالاکییەکان، وەک ئەوەی ئێمە پێشبینی و چاوەڕێمان دەکرد بەرێوەنەچووبن و لەملاو ئەولا سلبیاتیش سەریان هەڵدابێ، بەڵام نابێ ئەوەمان لەیاد بچێ کە ئەزموونەکەمان نوێ یەو کاتێکی دەوێ بۆ ئەوەی بە تەواوی ببێتە سیستەمێکی هاوچەرخی حوکمڕانی، ئەوەش بەبێ پشتیوانی و هاوکاری بەردەوامی گەلەکەمان نایەتەدی، چونکە هەر ئەوان خاوەنی کێشەکەن و هەموو لایەکمان پێکەوە بەرپرسین لە ئاست سەرکەوتنی ئەم ئەزموونەدا.
ئێمە حەزدەکەین کردەوەکانمان کە لەبەر چاوی خەڵکن خۆیان بدوێن و ببن بەشایەدی مێژوو بۆیە هەر بە کورتی و پوختی لەم وتارەدا ئاماژەیان پێ دەدەین. ئەو هەنگاوانەی کە ئێمە لەماوەی ساڵی رابردوودا هاویشتوومانە ئەگەر بەراورد بکرێ لەگەڵ کەمی ماوەکە و زۆری ئەو کۆسپ و تەگەرانەی کە لەسەر رێگەدا هەبوون، دەبینین هەنگاوی باش و سەرکەوتوو بوونە. زۆر شتمان کردووە بەڵام زۆرترمان هێشتا لەپێشدا ماوە، ئاوات و خواستەکانی ئێمە یەکجار زۆرن، گرینگترینیان یەکخستنەوەی هەرێمی کوردستانی عێراق و بنەبڕکردنی رەگ و ریشەی ناکۆکی ناوەخۆ و چارەسەرکردنی هۆیەکانی گرژییە. هەروەها هیواداربن کوردستانی خۆشەویستمان لەسایەی ئاشتی و دیموکراسی و ئازادی و تەباییدا رۆژ بەرۆژ هەنگاوی فرەوانتر بەرەوپێش بنێ و میللەتەکەمان لە شادبوون بەمافە رەواکانی خۆی نزیکتر ببێتەوە، ئەو مافانەی کە بەدرێژایی دەیان ساڵ رەنج و قوربانییەکی زۆرمان بۆیان داوە.
حەز دەکەین لەم دەسپێکەدا ئاماژە بەوەش بکەین کەوا گێرانی رۆڵی پێشڕەوایەتی لەم تاقیکردنەوەیەدا بە شێوەیەکی سەرەکی لە ئەستۆی پارتی دیموکراتی کوردستاندا بووە، پارتی بە شانازییەوە ئەرکی سەرشانی خۆی راپەڕاندووە. جگە لە پارتیش چەندان لایەن و گرووپی سیاسی و حزبی هاوپەیمان لە ناوەوەی حکوومەت و پەرلەمان،یان لە دەرەوەیان، بەشداربیان لەم شانازییەدا کردووە. ئەم فرە لایەنییەی تاقیکردنەوەی کوردستان یەکێکە لەڕووە گەشەکانی تاقیکردنەوەکە و ئامانجیش لەمەدا ئەوەبووە کە هەرچی وزەو توانایەک هەیە لە کوردستان لە گۆڕەپانی کاردا بخرێتە گەڕو هەرچییەک لە تواناداهەیە بۆ خزمەتی هەرێمە خۆشەویستەکەمان بەخت بکرێت.
حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە سەرەتاوە لەسەر بنیاتی ژێرخانێکی وێران لە هەموو رووەکانی ئابووری و کۆمەلایەتی و کەلتووری یەوە لە دایک بووە، بۆیە وەگەڕخستنەوەی ژیان لە وڵاتێکی

ویران و لەناو گەلێکی کارەسات دیتەدا کارێکی سەخت و دژوار بوو. وێرای ئەمە هەرێمەکەمان کەوتووەتە ژێر پاڵەپەستۆی دوو گەمارۆی ئابووری کە ئەمەش وای کردووە ئەرکەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە لایەکەوە زۆر گران و سەخت بن، لە لایەکی تریشەوە زۆر بەپەلە بن بۆ ئەوەی هەرچی زووترە ژیان بگەرێتەوە ناو شادەمارەکانی ئەم وڵاتە و بتوانین لە زۆر شتدا پشت بەداهات و ئابووریی خۆمان ببەستین. ئەم بارودۆخە ناڵەبار و دژوارە وایان خواستووە کە یەکرێزی و دەست لە ناودەستی لە نێوان هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە و، لە نێوان هەموو گرووپە سیاسییەکاندا کارێکی یەکجار پێویست بێ. ئێمەش هەر لەسەر ئەم بنیاتە کارمان کردووە و دەیکەین.

بێ گومان ئەم تاقی کردنەوەیە تەنها هی حزبێک یا چەند حزبێکی دیاری کراو نییە، بەڵکو موڵکی هەموو خەڵکی کوردستانە بە بێ جیاوازی نەتەوەو ئایین و بیرو بۆچوونی سیاسیانەوە، هەر بۆیەش سەرکەوتنی ئەزموونەکە سەرکەوتنە بۆ هەموو گەلی کوردستان و خوانەخواستە شکست هێنانیشی بە زیانی هەموو لایەک تەواو دەبێ. بۆیە دەبێ پێکەوە هەوڵی سەرکەوتنی ئەم ئەزموونە بدەین و بە موڵکی خۆمانی بزانین و لە ئاستیدا بێ لایەن نەوەستین. دەبێ بە قووڵی ئەو ڕاستییە دەرک بکرێت کە نەک بەتەنها حزبەکان وکاربەدەستانی حکومەت، بەڵکو هەموو گەلی کورد لە کوردستاندا خاوەنی کێشەکەن و تەنها بە هاوکاری و هەماهەنگی ئەوان لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا ئاسۆی سەرکەوتن ڕوونتر و ئاشکراتر خۆی دەنوێنێ.

سەرەتا بەرلەوەی بێینە سەر باسی کار و چالاکی یەکان لە بوارە جیاجیاکاندا، گرنگترین ئاکامی سیاسی و مەعنەوی ئەم چالاکیەکانە دەخەینەڕوو کە ئەمانەن:

— پتەوکردنی متمانەو بڕوای گەلی کوردستان بە خۆی و بە ئیدارەی حکومەتەکەی کە هی خۆیەتی. واتە بڕوای جەماوەری گەلەکەمان بە توانای زاتی خۆی بەهێزبووەو توانیویەتی ئیسپاتی بکا گەلی کوردستان شایستەی بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیەتی لە فیدرالیزم لە چوارچێوەی عێراقێکی دیموکراتیدا.

— گەشەکردنی گیانی تەبایی و یەکبوونی کاری سیاسی، چ لە ناو حکومەت و، چ لە ئاستی کۆمەڵی کوردەواریدا. سیاسەت و ڕەوشتی نیشتمانپەروەرانەی حکومەت بووەتە هۆی چەسپاندنی فرە حزبی و ئازادی یە سیاسیەکان و پتەوکردنی تەبایی لە گوتارو کرداردا، بەوەش ڕیزی گەلی کوردستان بەهێزتر بووە.

— بەرەوپێش بردنی پرۆسەی ئاشتی ناوخۆ و سەقامگیر بوونی ئاسایش کە بۆتە هۆی زیاتر دڵنیایی و بڕوای جەماوەری گەل و، دەبێ هەوڵ بدەین ئەم پرۆسەیە زیاتر بچەسپێنین.

— تەئکیدی زیاتر لەسەر ڕێزگرتنی یاساو بنەماکانی مافی مرۆڤ کە سەرەنجام گەیشتینە ئەوەی وەزارەتی کاروباری مافی مرۆڤ دابمەزرێت و، بۆ ئەم مەبەستەش پرۆژەی یاسای وەزارەتەکە ئامادەکراوەو بەم زووانە بۆ ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان ڕەوانە دەکرێت.

ــ تا ڕادەیەکی چاک ڕەچاوی عەدالەتی دابەش کردنی پرۆژە خزمەتگوزاریەکان کراوە کە گشت شارو شارۆچکەو ناوچەکانی هەرێم بگرنەوەو، تا ڕادەیەکیش هاوولاتیانی شارو شارۆچکەکان هەست بەو دابەش کردنە دەکەن. دەبێ زیاتر ڕەچاوی عەدالەتی دابەش کردنی داهات و خزمەتگوزاریەکان بکرێت و بایەخ بە گەڕەکە هەژارەکانی شارەکان و کۆمەڵگاو ناوچە بێ بەشەکان بدرێت.

ئێستاش ئاماژە بە چەند چالاکیەکی گرنگ دەکەین کە لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا ئەنجام دراون و کاریگەریەکی بەرچاویان هەبووە لە پێشخستن و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان و باش کردنی ژیان و گوزەرانی هاولاتیاندا:-

ــ ڕێکخستن و جوان کردن و پەرەپێدانی شاری هەولێر و دهۆک و شارەکانی دیکەی کوردستان بۆ ئەوەی سیمای شاری هاوچەرخ بە خۆوە بگرن. هەولێر یەکێکە لە شارە گرنگەکانی کوردستان و شارێکی شوێنەواری و مێژوویی یە لە جیهاندا، بەداخەوە ئەم شارە هەر بە پشتگوێ خراوی مابووەوە، تا ئێستا نزیکەی ٢٠٠ ملیۆن دینار بۆ جوان کردن و ڕێک وپێک کردنی شارەکانی هەولێر و دهۆک تەرخان کراوە، ئەمە جگە لە پارکی گەورەی هەولێر کە شوێنێکی سەوزایی گەورە دەبێ بۆ حەوانەوەو کات بەسەر بردنی خەڵک وخۆشکردنی شارەکە. هەر لەناو شاری هەولێردا هەڵمەتێکی گەورەی لێدانی شەقام و قیرتاوکردن و دروستکردنی ئاوەڕۆ دەستی پێکراوە.

ــ زیاد کردنی دەرماڵەی پیشەیی مامۆستایانی کوردستان کە لە مێژەوە دەبوایە ئەنجام بدرێت و مامۆستایانی کوردستان شایستەی ئەوەن پشتیوانی لە هەڵوێستی جوامێرانەیان لەسەرەتای تاقیکردنەوەکەمان و لە خزمەتی بەردەوامیان بۆ پێگەیاندنی نەوەکانی دوارۆژ بکرێت. هەروەها جگە لە مامۆستایان دەرماڵەی زۆربەی چین وتوێژەکانی کۆمەڵ زیاد کراوە هەروەک:ــ

پێشکەش کردنی دەرماڵەی مانگانەی براوە بۆ مامۆستایانی زانکۆ و پەیمانگەکان و هەڵگرانی ماجستێر و دکتۆرا بەبڕی ٢٠٠ دینار، پێشکەش کردنی دەرماڵەی براوەی مانگانە بۆ ئەفسەر و مفەوز و پۆلیس بەپێ ی پلەکانیان لە ١٠٠ دینارەوە تا ٥٠٠ دینار. زیاد کردنی دەرماڵەی لێکۆڵەرەوەی کۆمەلایەتی بە بڕی ١٠٠ دینار مانگانە و بووبە ٢٠٠ دینار بۆ وەزارەتەکانی داد و تەندروستی، زیادکردنی دەرماڵەی پشکنەری کار و زەمانەتی کۆمەلایەتی و بەڕێوەبەری بەشەکانی کار، زیاد کردنی کرێ ی موحازەرات لە پەیمانگەو قوتابخانەو دوا ناوەندییەکان، زیاد کردنی دەرماڵەی تیپەکانی هەڵکەندنی بیر لە وەزارەتی کشتوکاڵ وئاودێری، زیاد کردنی دەرماڵەی بەشە هەندەسیەکان و کشتوکاڵیەکان، سەرف کردنی ٣٠٠ دینار مانگانە وەکو مووچەی خانەنشینی بۆ هەڤالانی بارزانی نەمر. زیاد کردنی دەرماڵەی مامۆستایانی ئایینی لە ١٠٠ دینارەوە بۆ ٢٥٠ دینار، تەرخان کردنی ١٥٠ دینار مووچە بۆ نابینایان.

ــ زیاتر لە ٢ ملیۆن دۆلار سەرف کراوە بۆ کڕینی سەیارەو کەل و پەلی جۆراوجۆر بۆ دەزگاکانی وەزارەتی ناوخۆ لە پێناوی بەرقەرار کردنی ئەمن وئاسایشی زیاتر بۆ هاوولاتیان لە شارو شارۆچکەکانی کوردستاندا.

ـــ لەبەر گرنگی رۆڵی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت لە ئاسانکردنی بەڕێوەچوونی ئیش وکارەکاندا، حکومەتی هەرێم بایەخی بەم بوارەداوەو تا ئێستا نزیکەی ۲۰۰،۰۰۰ دۆلار بۆ دابین کردنی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت بۆ وەزارەت و دام و دەزگا جۆراوجۆرەکان و زانکۆ و پەیمانگاکان تەرخان کراوە.

- دەرکردنی بریاری تەملیک کردنی خانوو و شوقە حکومی یەکان بەسەر هاووڵاتیاندا.

ـــ هەموار کردنی یاسای حزبەکان و ڕەوانە کردنی بۆ ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان بۆ ئەوەی بریاری لەسەر بدات.

ـــ ئامادە کردنی یاسای دیوانی چاودێری دارایی و ڕەوانەکردنی بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان کە بریاری لەسەر درا.

ـــ ئامادەکردنی یاسای خانەنشینی پێشمەرگەی پەککەوتە.

ـــ دەستنیشان کردنی ئەندامانی کارای کۆڕی زانیاری کوردستان و دابینکردنی باڵەخانەیەک بۆیان و دەست کردن بە دروستکردنی باڵەخانەیەکی تازە بۆ ئەم مەبەستە.

ـــ ئامادە کردنی پرۆژەی یاسای دەزگای ئاماری هەرێم و دەستنیشان کردنی کادری سەرەکی بۆ دەزگاکە.

ـــ گرنگیدان بە بەرنامەو پرۆژەکانی بریاری ۹۸٦ بەو پێ یەی کە سەرچاوەی سەرەکی دارایی یە نەک تەنها بۆ دابین کردنی خۆراک و دەرمان بەڵکو بۆ بیناکردنی خانووبەرەو قوتابخانەو نەخۆشخانەو دابین کردنی پێداویستیەکانی بواری پەروەردەو فێرکردنی باڵا و ئاو و ئاوەرۆ و کشتوکاڵ و پیشەسازی خۆراک و کارەباو ڕێگاوبان و هەڵگرتنەوەی مین. هەروەها ئامادەکردنی پرۆژەی گونجاو بۆ فێزە جۆراوجۆرەکان و موتابەعەی جێ بەجێ کردنی پرۆگرامەکان لەگەڵ ئاژانسەکانی UN و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنەوە بایەخی بەرچاوی پێ دراوە. بۆ ئەم مەبەستەش فەرمانگەی ۹۸٦ لە ئەنجومەنی وەزیران دامەزراوە کە ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووە لە ئامادەکردنی پرۆژەکان و موتابەعەی جێ بەجێ کردنیان بەتایبەتیش لە فێزەکانی ۷و۸و۹.

ـــ بەخشینی زیاتر لە (۲۲۰۰) پارچە زەوی بە پێشمەرگەو پەککەوتەکانی شۆڕش و دابەش کردنی زیاتر لە ۱۲۰۰ پارچە زەوی دیکە بەسەر خانەوادەی شەهیدە سەربەرزەکان.

ـــ دیراسەت کردنی بابەتی چاکترکردنی ژیان و بژێوی خانەوادەی شەهیدانی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان.

ئێستاش ، جگە لەم چالاکیانەی کەلە سەرەوە باس کران، پوختەی گرنگترین دەست کەوت و چالاکیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ماوەی یەک ساڵی رابردوو لە بوارە جیاجیاکاندا دەخەینەڕوو کە هەروەک ئاماژەمان پێدا ئەنجامی باشیان لێ کەوتۆتەوەو کاریگەریەکی بەرچاویان هەبووە لە پەرەپێدانی وڵاتەکەمان و بەرەوپێش بردنی ئاستی ژیان و بژێوی هاووڵاتیان:

له بواری پاراستنی سەروەری یاساو دابین کردنی ئەمن و ئاسایشی هاوولاتیاندا:-
بێگومان پاراستنی سەروەری یاساو دەستەبەرکردنی ئاسودەیی و ئاسایشی هاوولاتیان ڕاستەوخۆ کار دەکاتە سەر سەرجەم لایەنەکانی دیکەی پەرەسەندنی کۆمەڵەکەمان، بۆیە بەدیهێنانی ئەو ئامانجە ئەرکێکی هەرە گرنگی حکومەتی هەرێم و جەماوەری گەلەکەمانەو مایەی خۆشحاڵیمانە کە لە ماوەی ڕابردوودا سەرەڕای پیلانی ناحەزان و دوژمنانی ئەزموونەکەمان، یاسا بەرقەرار بووەو توانراوە بارودۆخێکی ئارام و هێمن دابین بکرێت و هاوولاتیان هەست بە ئاسوودەیی بکەن.
بە داخەوە لە ماوەی ڕابردوودا لەشاری هەولێرو چەند شوێنێکی تر چەند تەقینەوەیەک ڕوویانداو زەرەرو زیانی گیانی و ماددی لە هاوولاتیانی بێ تاوان کەوت. ئێمە لە کاتێکدا کە هاوسۆزی خۆمان بۆ کەس و کاری قوربانیانی ئەم کارەساتانەو خەڵکی شاری هەولێری خۆشەویست دەردەبڕین، دووپاتی دەکەینەوە کە تاوانباران و خۆفرۆشان بەسزای ڕەوای خۆیان دەگەن و هەرگیز چاوپۆشی لە تاوانەکانیان ناکرێت. خۆشبەختانە بەهەوڵی دڵسۆزانەی جەماوەر و دەزگا پەیوەندیدارەکان ژمارەیەک لەو خۆفرۆشانە دەستگیرکران و داوا لە گەلەکەمان دەکەین بۆ ناسینی ئەو تاوانبارانەو بەسزاگەیاندنیان هاوکاری تەواوی دەزگاکانی ئاسایش بکەن.
خەڵکی خۆڕاگری کوردستان لە پێناوی هێنانەدی ئەم دەستکەوتانەدا سەختی و ناخۆشیەکی زۆریان بینیوەو قوربانیەکی زۆریان داوە، دەبێ خۆیان بە خاوەنی ئەزموونەکە بزانن و لەسەرجەم چالاکی و ئیش و کارەکاندا بەشداربن، هەر لەم ڕێگایەشەوە ئەمن و ئاسایشی بەردەوام بەرقەرار دەبێ.
وا لە خوارەوەش گرنگترین کارو چالاکیەکان لەم بوارەدا دەخەینە ڕوو:-
ـــ دروست کردنی تەلارێکی شایستە بۆ وەزارەتی داد کە نزیکەی چوارده ملیۆن دیناری بۆ تەرخان کراوەو ئێستا قۆناغی یەکەمی پرۆژەکە دەستی پێ کراوە.
ـــ بایەخدان بە پرۆسەی مافی مرۆڤ و باری گرتووخانەکانی کوردستان. بەلای ئێمەوە گرتووخانەو بەندیخانە تەنیا شوێنی تەنبێ کردن و سزادان نییە، بەڵکو دەبێ وەک یستگەیەک و فێرگەیەک بێ بۆ چاک کردنەوەو ڕاست کردنەوەی ئەو مرۆڤانەی دووچاری هەڵەو لەڕێ لادان هاتوون، ئێمە هەنگاوێکمان ناوە بۆ دانانی هەلومەرجی تەندروستی و بەجێ هێنانی پرینسیپەکانی مافی مرۆڤ لە گرتووخانەکانی کوردستاندا، هەر بۆ ئەم مەبەستەش گرتووخانەیەکی نموونەیی و تازە بە گوێرەی بنەماکانی مافی مرۆڤ لە پارێزگای دهۆک دروست دەکرێت کە زیاتر لە ١٢,٥٠٠,٠٠٠ دیناری بۆ تەرخان کراوەو وەسائیلی حەوانەوەی تیادا دابین دەکرێت، هەروەها بەهەمان شێوە گرتووخانەیەکی نموونەیی هاوچەشنی دیکە لە هەولێر دروست دەکرێت.
ـــ سەربەخۆیی دادگاکان پارێزراو بووەو ئازادانەو بە ڕێک و پێکی لە کێشەکانی بەردەمیان ڕووانیوەو حوکمی یاسایی خۆیان لەسەر داوە.

ـــ کردنەوەی دادگای بەرایی بەردەڕەش و دادگای بەرایی بنەسلاوە.
ـــ چەندین پرۆژەی جـۆراجـۆر لە هەردوو پـارێزگـای هەولێـر و دهۆک ئەنجـام دراون یا لە ژێر بیناکـردنـدان هەروەک: چاک کـردنەوەی تەلاری وەزارەتی ناوخـۆ، دروسـتکردنی ٣٧ خـانـوو لە ناحیـەی باتۆفـە لە زاخـۆ، دروست کـردنی ٨٥ خـانوو لە قـەزای ئامـێدی، دروسـتکردنی چەند بینایەک بۆ گومرگی سـەرزێر لە ناحیـەی کانی ماسی، چاککردنەوەی بینایەی پارێزگای دهۆک، دروستکردنی بینایەکانی ئاسایشی قەزای مێرگەسور و ئاسایشی ناحیەی سیدەکان، دروستکردنی چوار هۆڵی نوستن و چەند ژوورێک لە کـۆلیـژی پۆلیس و چاککردنەوەی تەلاری بەڕێوەبەرایەتی تۆمارگەی خانووبەرەی هەولێر و تەلاری دادگای بەرایی زاخۆ و سەرسەنگ.
ـــ دابین کردنی جل وبەرگ بۆ هێزی ناوخۆ، کە زیاتر لە ٥،٥٠٠،٠٠٠ دیناری تێچووە.
ـــ دەرکـردنی ٦ ژمـارە لـە ڕۆژنامـەی وەقـایعی کـوردسـتـان کـە بە ڕۆژنامـەی ڕەسـمی حکومـەت دادەنرێت.
ـــ کردنەوەی چەندین خولی مەشق و ڕاهێنان بۆ کارمەندانی ئاسایش و پۆلیس.
ـــ دەرچوونی ١١٥ ئەفسەر لە کۆلیژی پۆلیس.
ـــ کردنەوەی ناحیەی سمێلان و ناحیەی بامەڕنێ و ناحیەی جمانکی.
ـــ کردنەوەی ئامربەتی پۆلیسی (طوارئ) و بنکەی پۆلیسی شارەوانی.
ـــ دابین کردنی چەندین ئامێر و کەل وپەلی پێویست: هەروەک ٢ بەدالە و ١٣ دەزگای مـادەر و ٣٨ جیهازی دەستی و چەندین چالاکی گشتی هەمەجۆر.
لێرەدا ئاماژە بەوەش دەکەین کە لە لایەکەوە بەهۆی بووژاندنەوەی کوردسـتـان و بەرەوپێش چوونی ئاسـتی ژیان و گـوزەرانی هاوولاتیـان و، لە لایەکی دیکەشـەوە لە ئاکـامی هەوڵ و کـۆشـشی بەردەوامی دەزگاکانی ئاسایش و پۆلیس و دەزگا پەیوەندیدارەکانی دیکەو پشتگیری و هاوکاری جەماوەری گەلەکەمان ڕێژەی تاوان بەرادەیەکی بەرچاو دابەزیوە.
لە بواری دارایی و ئابوریدا:-
حکومەتی هەرێم لەم بوارەدا هەر لە دامەزراندنی کابینەی چوارەمەوە ئاستی کارو چالاکییەکانی بەپێ ی هەل و مـەرجی دارایی و ئابووری بەرەو پێش بردووەو بەردەوامـە لە پێـشـکەش کـردنی خزمەت و پاراستن و پەرەپێدانی سەرچاوەکانی داهات و گەڕان بەدوای سەرچاوەی تازە لە پێناوی بوژاندنەوەو بەرەو پێش بردنی هەرێمی کوردستان و دابینکردنی ژیانێکی شایستە بۆ سەرجەم چین وتوێژەکانی کۆمەڵەکەمان.
دیارە کـە حکومـەتی هەرێم دوو سـەرچاوەی سـەرەکی داهاتی هەیە، یەکـێکیـان داهاتی بڕیاری (٩٨٦) ە کەلە دەست ئێمەدا نیەو ڕۆڵی ئێمە تیایدا تەنها دیاری کردنی پڕۆژەکانە بە پێ ی ئەو بەرنامەیەی کە ( UN) دیاری دەکات لەگەڵ متابعەی جێبەجێ کردنیان. بێ گومان زۆر جاریش کـارەکان بە ویسـتی ئێـمـە نین و پێـویسـتی یەکـانی هەرێمی کـوردسـتـان لەلایەن ئاژنسـەکـانی

(UN)ـەوە وەکو پێویست ڕەچاو ناکرێت. سەرچاوەی دووەمیش ئەو داهاتەیە کە حکومەتی هەرێم لە سەرچاوە جۆراوجۆرەکانەوە دەستی دەکەوێت کە ئەویش لەبەرزبوونەوەو نزم بوونەوە دایەو داهاتێکی چەسپاونیەو بارودۆخی سیاسی و ناوچەکە کاری تێ دەکات.

ئەمانەی خوارەوەش پوختەیەکی گرنگترین چالاکی یەکانن لەم بوارەدا:ــ

ــ دانی مووچەی فەرمانبەران و خانەنشینانی هەرێم و منحەی حزب و سەندیکاکان بە شێوەیەکی مانگانەو ڕێک وپێک.

ــ دابەش کردنی مووچە بە شێوەیەکی ڕێک و پێک و بەردەوام بەسەر نزیکەی ٢٠ هەزار خانەوادەی شەهیدانی بزاڤی ئازادیخوازی کوردستان کە شەهیدانی پارتی دیموکراتی کوردستان و حزب و لایەنەکانی دیکە دەگرێتەوە.

ــ زیادکردنی دەرماڵەی چین و توێژەکانی کۆمەڵ هەروەک لەسەرەوە باس کرا.

ــ قەرەبوو کردنەوەی ڕەسیدە کۆنەکانی دادگاکان کە دوو ملیۆن دینار بوو.

ــ بۆ یەکەمین جار لە تەمەنی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا پولی دارایی چاپ کرا.

ــ پێکهێنانی لیژنەی پاراستنی بەرهەمی جوتیاران.

ــ جێ بەجێ کردنی فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە تەملیک کردنی ٢١٠٠ خانوو و شوقەی حکومی بەسەر هاووڵاتیاندا.

ــ کردنەوەی چەندین خول بۆ پێشخستنی ئاستی فەرمانبەران و دەرکردنی چەندین نامیلکەی جۆراوجۆر بۆ ڕوونکردنەوەی ڕێنمایی یە داراییەکان.

ــ تۆمار کردنی ٨٦ کۆمپانیای جۆراوجۆر و وەرگرتنی نزیکەی ٢١ ملیۆن دینار وەکو ڕەسمی تۆمار کردن و نوێ کردنەوەیان. هەروەها بەخشینی ١٤١٨ مۆڵەتی بازرگانی بە بڕی (٢،٦٢٧،٠٠٠،٠٠٠) دینار و وەرگرتنی زیاتر لە ١٠ ملیۆن دینار وەک ڕەسمی مۆڵەت.

ــ وردبینکردنی زۆربەی زۆری وەزارەتەکان.

- دروست کردن و نوژەن کردنەوەی چەندین ئەنبار و باڵەخانەی جۆراوجۆر هەروەک بینایەی گومرگی سیدەکان، بینایەی پۆلیسی گومرگی سۆران، بنکەی گومرگی ئالوکا، دروستکردنی ١١٠٠ مەتری چوارگۆشە ئەنبار، نوژەن کردنەوەی بنکەکانی گومرگ لە کەلەک و قوشتەپەو دێگەلەو چەندین پرۆژەی تر.

دەبێ ئەوەش بڵێین کە ئێمە بایەخێکی زۆر بە کەرتی تایبەت دەدەین و پشتگیری و هاوکاری ئەم کەرتە دەکەین. ئەوەی تا ئێستا تێبینی کراوە ئەوەیە کە کەرتی تایبەتی وەکو پێویست بەشداری لە پرۆژەکانی بواری بەرهەمهێنان و ئاوەدانکردنەوەی کوردستاندا نەکردووەو زیاتر بە دوای ئەو پرۆژانەوەیە کە قازانجێکی مسۆگەر و خێرایان لێ دەست دەکەوێت، بۆیە داوا لە خاوەن سەرمایەکان دەکەین کە سەرمایەکانی خۆیان لە بوارەکانی پیشەسازی و بازرگانی و بوارە جیاجیاکانی دیکەی ئابووریدا بخەنە کار و لەم ڕێگەیەوە خزمەتی ئاوەدانکردنەوەی هەرێمەکە

بکەن کە ئەرکی هەموو لایەکمانە. دڵنیاشیان دەکەین کەبە پێ ی توانا لە ڕوی یاسایی و ئیداری و ترانزێت و ... هتد هەموو ئاسانکاری یەکیان بۆ دەکرێت.

لە بواری پەروەردە و فێرکردنی باڵادا:-

پەروەردەو، فێرکردن یەکێکە لە کەرتە هەرە گرنگەکان کە حکومەتی هەرێم بایەخێکی زۆری پێ دەدات و هەوڵ و ئیمکانیاتی زۆر لەم پێناوەدا خەرج دەکرێت. لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوو لە پێناوی بەرەو پێش بردنی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن لە هەرێمی کوردستاندا چالاکی یەکی زۆر ئەنجام دراون و خزمەتگوزاری یەکی زۆر پێشکەش بە توێژی مامۆستایان و پرۆسەی خوێندن و فێربوون کراوە، هەر لە زیاد کردنی دەرماڵەی مامۆستایان بە ڕێژەی ١٠٠٪ و گەڕاندنەوەی دەرماڵەی مامۆستایانی مۆڵەت پێدراو بۆ خوێندن و بەکرێ گرتنی ئۆتۆمبێل بۆ هات وچۆی مامۆستایان و چاک کردنەوەی کەل و پەلی شکاوی قوتابخانەکان و ڕەوانە کردنی داهاتی چاپخانەی پەروەردە بۆ گەنجینەی حکومەت و چاپ کردنی سەرجەم پەرتوکەکانی خوێندنی گشت قۆناغەکان کە هەر لە ساڵی ٢٠٠٠دا لە چاپخانەی پەروەردە نزیکەی ٤ ملیۆن دانە کتێبی خوێندن بۆ قۆناغە جۆراوجۆرەکان چاپ کراون، ئەمە سەرەڕای نواندنی چەندین چالاکی وەرزشی و دێدەوانی و سازدانی ڤستیڤاڵ و دانی مۆڵەتی خوێندن و وەرگرتنی کورسی بۆ تەواو کردنی خوێندنی باڵا لە زانکۆکانی هەرێمدا.

لە بواری دروستکردن و نوژەن کردنەوەی قوتابخانەکانیشدا حکومەتی هەتیم سەرکەوتووانە ئامانجەکانی خۆی پێکاوەو، بەسوود وەرگرتن لە بڕیاری ٩٨٦ توانیویەتی (٢٩٨) قوتابخانە لە گوندەکانی هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆک لە ماوەیەکی زۆر کەمدا تەواو بکات کە ئێستا دەوامیان تێدا دەکرێت و ٣٨ قوتابخانەش نوژەن کراونەتەوە.

هەروەها پرۆگرامەکانی خوێندن و سیستەمی بەڕێوەبردن بەوردی نوژەن و لە چاپ دراونەتەوە، بایەخێکی بەرچاو بە باخچەی ساوایان دراوەو چەندین سەرپەرشتیاری پەروەردەیی و پسپۆڕی لەم بوارەدا دامەزراون. حکومەتی هەرێم بەردەوامە لە هەوڵی پیرۆزی نەهێشتنی نەخوێندەواری و زیاتر لە ١٣ هەزار کەس لە ١١٩ بنکەی نەهێشتنی نەخوێندەواریدا وەرگیراون و لە ئایندەیەکی نزیکدا قۆناغی یەکەم تەواو دەبێت و دەست بە قۆناغی دووەم دەکرێت. دەرەنجامەکانی ڕووپێوی پەروەردەییش لە داهاتوویەکی نزیکدا نەخشەو ئاماری دروستی لێ دێتە بەرهەم و سوودێکی زۆری دەبێت بۆ دانانی پلانی ئایندەمان.

هەروەها کابینەی چوارەم بایەخێکی تایبەتی بەفێرکردنی باڵا داوە چ لە ڕووی زانستی و چ لەڕووی دابین کردنی پێداویستیەکانیەوە و، لەم بوارەدا زیاتر لە ٢٦ ملیۆن دینار و ١٨٨ هەزار دۆلار سەرف کراوە.

لە ڕووی زانستیەوە ئەمساڵ ٩ بەشی زانستی نوێ لە زانکۆ و پەیمانگەکان کرانەوە وەکو بەشی کۆمپیوتەر و بەش ئاثار و کۆلیژی زمانی ئینگلیزی ئێواران، لەگەڵ دامەزراندنی پەیمانگەی تەکنیکی لە ئاکرێ.

چەندین باڵەخانەی جۆراوجۆر دروست کراون هەروەک خانووەکانی دێ ی زانکۆ و ڕاگرایەتی کۆلیژ و بەشەکانی زانستی و تاقیگەکان. هەروەها پرۆسەی چاک کردنەوەی باڵەخانەکان درێژەی هەیە.
لەلایەکی دیکەوە ژمارەیەکی بەرچاو لە سەرچاوەکانی زانستی دابین کراوە لەگەڵ ژمارەی تەواو لە کۆمپیوتەر و حاسبات.
بایەخێکی تایبەتی دراوە بە دابین کردنی بەشە ناوخۆییەکان بۆ قوتابیان و ژمارەی ئەو قوتابیانەی کە ئەم ساڵ لە زانکۆ و پەیمانگاکان لە ڕێگای وەرگرتنی مەڵبەندی یەوە وەرگیراون زیاترە لە ۸۰۰۰ قوتابی.
هەروەها ژمارەی ئەو قوتابیانەی کە لە خوێندنی باڵا (ماجێستر و دکتۆرا) وەرگیراون زیاترە لە ٤۰۰ قوتابی چ لە ناوەوەو چ لە دەرەوەی هەرێم.
لێرەدا بە پێویستی دەزانین داوا لە سەرجەم پسپۆڕان و مامۆستایان و هەڵگرانی بڕوانامەی بەرز بکەین، ئەوانەی لەدەرەوە نیشتەجێن، کە بگەڕێنەوە کوردستان و ڕۆڵی خۆیان بگێڕن لە پەرەپێدان و ئاوەدانکردنەوەی لاتەکەیان و سەرخستنی ئەزموونەکەدا.
لە بواری ئەوقاف و کاروباری ئایینیدا:-
لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا چەندین چالاکی و پرۆژەی جۆراوجۆر لە بواری نوژەن کردنەوەی مزگەوت و تەکیەو شوێنە پیرۆزەکان ئەنجام دراون کە زیاتر لە ۱۵ ملیۆن دیناریان تێچووە هەروەک:-
- دروست کردنی ٤ مزگەوت و چاککردنەوەی ۸٤ مزگەوتی دیکەو دابین کردنی کەل وپەل بۆ ۹٦ مزگەوت. هەروەها تەواو کردنی دوو مزگەوت و فراوانکردنی مزگەوتێکی دیکە. جگە لەمانەش مزگەوتێکی دیکەلە بەردەڕەش دروست دەکرێ کە ۲ ملیۆن دیناری بۆ تەرخان کراوە.
- ٥۹ مزگەوت بە هاوکاری وەزارەتی ئەوقاف و ڕێکخراوە خێرخوازەکان دروست کراون یا دەستیان پێ کراوە.
- دروست کردنی دوو هۆڵ بۆ بۆنە ئاینییەکان و نوژەنکردنەوەی هۆڵێکی دیکە.
- دروست کردنی باڵەخانەیەکی ۳ نهۆمی لە دهۆک.
- دروست کردنی هۆڵێکی بۆنە ئایینی یەکان بۆ برا مەسیحی یەکان لە سێمێل.
- دروست کردن و تەواو کردنی چەندین خانوو و ژوور بۆ ئیمامی مزگەوتەکان و دابینکردنی کەلوپەل بۆ قوتابخانە ئایینی یەکان و دروستکردنی شوورە بۆ ٤ گۆڕستان و چەندین پرۆژەی دیکە.
- دروستکردنی کەنیسەیەک لە گوندی بێدیال و کەنیسەیەکی تر لە گوندی کانی ماسی.
- ئامادە کردنی نەخشەی بینایەی تازەی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی.
- ئەمساڵ بۆ یەکەم جار سەفەری حەج بۆ ژمارەیەک لە هاوولاتیانی هەرێمی کوردستان لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە ڕێکخرا.

هەروەها جگە لەم پرۆژانەی کە ئاماژەمان بۆ کردن، حکومەتی هەرێم چەندین چالاکی جۆراوجۆری دیکەشی بە ئەنجام گەیاندووە، هەروەک کڕینی جل و بەرگ بۆ سەرجەم قوتابیانی قوتابخانەکانی ناوەندی ئیسلامی و پەیمانگەی ئیسلامی هەرێم، دەرکردنی چەندین کتێب و نامیلکەو گۆڤاری ئایینی، سازدانی مێزگردو ئاهەنگی ئیسراو میعراج لە مزگەوتی صواف لە هەولێر، کڕینی پەرتووکی ئایینی جۆراوجۆر، ئەنجامدانی چەندین پێشبڕکێ و کردنەوەی چەندین خوولی بەردەوامی فێربوونی قورئانی پیرۆز و گەلێ بابەتی دیکە کە لەم ڕاپۆرتەدا جێگای ئەوە نابێتەوە باس لە هەموویان بکەین.

لە بواری ڕۆشنبیریدا:-

وا لە خوارەوە پوختەی گرنگترین چالاکی یەکان لەم بوارەدا دەخەینەڕوو:-

- یەکەمین جارە بناغەی دیبلۆماسیەتی پەیوەندی ڕۆشنبیری دارێژراوە کە لە هاتن و چوونی چەندین شاندی ڕۆشنبیری و هونەری لە دەرەوە بۆ کوردستان خۆی دەنوێنێ، لەوانەش سەردانی شاندی ڕووناکبیران و هونەرمەندانی کوردی ولاتانی تر وەکو ئێران و تورکیاو رووسیاو، شاندی ڕووناکبیرانی عەرەبی لە چەندین ولاتی جیاجیای عەرەبەوە بۆ کوردستان و ناردنی ڕووناکبیرانی کوردستانی عێراقیش بۆ دەرەوە.
- سازدانی ڤستیڤالی سەد ساڵەی لە دایک بوونی شاعیری گەورەی عەرەب جەواهیری لە پایتەختی هەرێمدا بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە ئەدیب و شاعیر و ڕۆژنامەنووس و کەسایەتی لە ولاتە عەرەبی یە جیاجیاکانەوە، کە یەکەمین جارە ئەو ژمارەیە لە ڕووناکبیرانی عەرەب سەردانی کوردستانی عێراق دەکەن و فێستیڤاڵەکە بوو بە موناسەبەیەکی ناڕاستەوخۆی دیالۆگی کورد و عەرەب.

ئەم چالاکی یانەش ڕۆڵێکی گرنگیان هەبووە لە ناساندنی کێشەی ڕەوای گەلەکەمان بە گەلانی دراوسێ و ئاشنا کردنیان بەم پێشکەوتنەی لە کوردستان وەدی هاتووە.

- بۆ یەکەمین جار لە مێژووی عێراقدا لە هەولێری پایتەخت میوانداری کۆمەڵێک هونەرمەندی ناسراوی شێوەکاری بەغداو شارەکانی تری عێراق کرا کە پێشانگایەکیان کردەوە، هەروەها خۆشنووسانی بەغداو موسڵ لە پێشانگای خۆشنووسی هەولێر بەشداربوون.
- چاپ کردن و بلاوکردنەوەی چەندین کتابی جۆراوجۆری شیعرو ڕۆمان وئەدەب و چیرۆک و کۆمەڵێک کتێب بۆ منداڵان و دەیان گۆڤاری جۆراوجۆر هەروەک گۆڤاری هەرێم ودیجلەو هەنگ وشانۆ و گۆڤارێکی فۆلکلۆری کوردی و چەندین گۆڤاری تر.

هەروەها شان بە شانی ئەمەش دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس و موکریان و دەزگاکانی دیکەی ڕۆشنبیری زیاتر لە ١٠٠ کتابی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و مێژوویی یان چاپ و بلاوکردۆتەوە.

- ئەم ساڵ بۆ یەکەمین جار لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری تورکمانی لە وەزارەتی ڕۆشنبیری گۆڤارێکی وەرزی تورکمانی بلاوکرایەوە

ـ سازدانی چەندین ڤستیڤاڵی جۆراوجۆر هەروەک ڤستیڤاڵی مەلای جزیری کەوێڕای سەدان ڕۆشنبیری هەولێر و سلێمانی و دهۆک ژمارەیەک لە ڕۆشنبیرانی کوردی ئێران و تورکیاش بەشداربوون، ئەمە جگەلە ڤستیڤاڵی ڕۆژی مندالآن و ڕۆژی ئافرەتان.

ـ کرینەوەی بەرهەمی نوسەر و ئەدیبان و هونەرمەندانی شێوەکاری.

ـ کردنەوەی ٣٢ پێشانگای هونەری شێوەکاری و چەندین پێشانگای جۆراوجۆری فۆتۆگراف و خۆشنوسی و کاریکاتێری و سازدانی چەندین ئاهەنگی گۆرانی و مۆسیقا.

ـ تەلەفزیۆنی سەتەلایتی کوردستان ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە لە گەیاندنی ڕاستیەکانی کوردستان بۆ ناوچەکەو جیهان.

ـ بەرهەمهێنانی چەندین فلیمی سینەمایی و درامای تەلەفزیۆنی و شانۆگەری جۆراوجۆر.

ـ سەرف کردنی ١٩ منحە بۆ کۆمەڵەو یەکێتی و سەندیکاکان بۆ ئەنجام دانی چالاکی ڕۆشنبیری و هونەری.

ـ سازدانی چەندین کۆڕ و سمیناری ڕۆشنبیری و شانۆیی و ئەدەبی و کردنەوەی چەندین خولی جۆراوجۆر هەوەک خولی مۆسیقا و خولی سینەمایی و چەندین خولی کۆمپیوتەرو خولی زانستی.

ـ مەسح کردنی هەموو خانووە کەلتوریەکان لە ناو شاری هەولێر و نوژەن کردەوەی دوو خانووی کەلتووری.

ـ کردنەوەی چەندین خولی پاڵەوانێتی تۆپی پێ و بالە و باسکە بۆ بنکەکانی وەرزش و لاوان.

لە بواری کشت وکاڵ و ئاودێریدا:-

لە ساڵی ٢٠٠٠دا، بەکۆی گشتی نزیکەی ١٦ ملیۆن دینار و ١,٧٥٠,٠٠٠ دۆلار، چەندین پرۆژەی کشتوکاڵی و بەیتەری و ئاودێری جۆراوجۆری ئەنجام دراون، هەروەها هەڵمەتی فراوان بۆ بەرەنگار بوونەوەی وشکەساڵی لە هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆک جێ بە جێ کراوە.

ئەمانەش چەند نموونەیەکی گرنگترین چالاکی یەکانن لەم بوارەدا:-

ـ لە چارچێوەی بایەخدان بە پەرەپێدانی دارستان و پاراستنی ژینگە بەرێوەبەرایەتی گشتی دارستان و پۆلیسی دارستان دامەزراون. ٥ هەزار دۆنم بەدارستان چێندراوەو پتر لە ٥ هەزار دۆنمی دیکە تا کۆتایی مانگی ئادار دەچێندرێ.

ـ بایەخێکی زۆر بە کەرتی پەلەوەر دراوەو لە کاتێکدا کە ساڵی ٩٨ تەنیا ٢٥ کێڵگە لە هەولێر و دهۆک هەبوون و بەرهەمی ساڵانەیان نزیکەی ٢ ملیۆن مریشک بوو، کەچی ئێستا ٢٣٥ کێڵگە هەن و بەرهەمی ساڵانەیان گەیشتۆتە ١٥ ملیۆن مریشک و ٢١٥ ملیۆن هێلکە.

ـ ساڵی ٢٠٠٠ بۆ هاوکاری خاوەن ئاژەڵەکان لە وەرزی وشکایەتی ٣٠ هەزار تۆن ئالیک دابەش کراوە.

ـ هەڵمەتی ڕووپێوانی زەوی کشتوکاڵی تا ئێستا ٥٠٪ی لێ تەواو بووەو هەموو زەویەکانی کوردستان دەگرێتەوە بەو شوێنانەشەوە کە هەرگیز تەسویە نەکراون ئەمەش زانیاریەکی زۆر باش دەخاتە دەست بۆ باشتربەکار هێنانی زەوی لە کوردستاندا.

ـــ له چوارچێوەی بایەخدان بە جۆراوجۆرتر کردنی سەرچاوەی پرۆتین ساڵی پار (٤٥) حەوزی ماسی بەخێوکردن دامەزراون کە لە لایەن مەفقەسی ماسیەوە هەموو پێویستیەکانی ئەو پرۆژانە دابین دەکرێ.
ـــ له بواری ئاودێریدا لە وەرزی وشکایەتی و بۆ هاوکاری گوندەکان ۷۰۰ ملیۆن لیتر ئاو دابەش کراوە بەسەر ٥١١ گوند لە هەولێر و دهۆک بۆ خواردنەوەی مەڕ و ماڵات و ئاودانی باخچەکان، هەروەها ئاوی خواردنەوە بۆ ۸۸۲ گوند لە هەولێر و دهۆک لەبەر وشکەساڵی دابین کراوە. لە بەرنامەدایە ساڵی ۲۰۰۱، هەزار دەزگای پێشکەوتووی (ئاودان بە ڕشان) بگاتە کوردستان بۆ دابەش کردنی بەسەر جوتیاراندا.

**لە چالاکیەکانی دیکە:**

دروست کردنی ۱۲٥ حەوزی ئاو، دابین کردنی موەلیدەی گەڕۆکی پێویست بۆ ئاودان، دابەش کردنی کەل وپەلی یەدەگ بۆ ۱۲۰۰ تراکتۆر و ۱٥۰ دەڕاسە، کڕینی نزیکەی ٥۰۰۰ تۆن گەنم و دابەش کردنی (٤٦٥۰) تۆن لەم گەنمە لەگەڵ ۲۷۲۰ تۆن پەینی کیمیاوی و ۹۰ ترومپای جۆراوجۆر و ۲٤ موەلیدە بەسەر جووتیاراندا، دابەش کردنی نزیکەی ۳۰۰۰ تۆن پرۆتین و ٤۰۰۰ تۆن صۆیا بەسەر خاوەن پرۆژەکانی پەلەوەر.
ئامادە کردنی ۱,٦٥۰,۰۰۰ نەمامی جۆراوجۆر بۆ چاندنیان لە ڕێگاوبانەکان و هەڵکەندنی ۲٤ بیری ئیرتوازی لە هەولێر و دهۆک، چاککردنەوەی بەربەستی دهۆک، دروست کردنی ۱۹ پرۆژەی ئاودێری لە هەولێر و (۱۰) پرۆژە لە دهۆک، دروست کردنی بەنداوی خاکی دەرکار عەجەم لە دهۆک، دروستکردنی دەیان کۆگاو ژوور و بینایەو گەراج و نۆژەن کردنەوەی دەیانی تر، دروستکردنی دەیان بنکەی بەیتەرەو حەوزی مەڕ شوشتن و ئامادەکردن و دانانی ۹۰ شوێن بۆ مانگا لە دهۆک و چەندین چالاکی هەمەجۆری تر.
لە بواری شارەوانی و گەشت وگوزاردا:-
لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا خزمەتێکی بەرچاو پێشکەش بە هاووڵاتیان کراوەو هەوڵ و کۆششێکی زۆر دراوە بە تایبەتیش لە بواری جوانکردن و پەرەپێدانی شاری هەولێردا.
ئەوە تا پرۆسەی دروست کردن و قیرتاوکردنی شەقامەکان و دارشتنی شۆستەکان و کۆنکریت کردنی شەقامە ناوخۆییەکان و ڕێکخستن و چاککردنەوەی باخچەکان و بایەخ دان بە ئەندازەی هات وچۆی ناو شارەکان درێژەی هەیە.
دروستکردنی پارکی هەولێریش یەکێکە لە پرۆژە گرنگەکان کە تا ئێستا ۱۱ ملیۆن دیناری بۆ تەرخان کراوەو بە تەواوبوونی سیمایەکی جوان بە شارەکە دەبەخشێت، بەهەمان شێوە لە شاری دهۆکدا پرۆژەی دروست کردن و قیرتاوکردن و ڕێکخستنەوەی شەقام و شۆستەکان بەردەوامە.
هەر لەم ماوەیەدا بایەخ بە دروست کردن و چاک کردنەوەی کەناڵەکانی ئاوەڕۆکان دراوەو چەندین ئامێری جۆراوجۆر چاککراونەتەوە یا کڕاون، ئەمانەی خوارەوەش چەند نموونەیەکی دیکەی چالاکی یەکانن:-

ــ ڕێکخستن و چاککردنەوەو پەرژین کردنی ١٧ باخچەی جۆراوجۆر لە شاری هەولێر.
ــ کردنەوەی بیست شەقام لە گەڕەکە جیاجیاکانی هەولێر.
ــ چاندنی نزیکەی ١٥ هەزار داری جۆراوجۆر و دابەش کردنی ٢٠،٠٠٠ نەمامی دارۆچکە و گوڵی وەرزی.
ــ سەرف کردنی زیاتر لە ٢ ملیۆن دینار بۆ پەرەپێدانی ئەندازەی هات وچۆ لە شارەوانی هەولێر هەروەک دروستکردنی شوێنی وەستانی ئۆتۆمبێل و شوێنی سوڕانەوەو چەتری کۆنکریت و شتایگەرو کڕینی ئامێری جۆراوجۆر.
ــ تا ئێستا ١٥٢٠٠٠ مەتری چوارگۆشە شەقام لە هەولێر قیرتاو کراوە.
ــ پەرەپێدان و چاککردنەوەی تۆڕی ئاو لە هەولێر و دهۆک کە زیاتر لە ٣ ملیۆن دیناری تێ چووە.
ــ بۆ دروست کردن و ڕێکخستنی شەقام و شۆستەکان و کڕینی ئامێری جۆراوجۆر بۆ شارەوانی دهۆک، نزیکەی ٢٠ ملیۆن دینار سەرف کراوە.
ــ دروستکردنی باغچە و ئاوەڕۆ لە شار و شارۆچکەکانی پارێزگای دهۆک درێژەی هەیە و ٣ پرد لە زاخۆ چاک کراونەتەوە.ئەمانە وێڕای چەندین پرۆژەو چالاکی هەمەجۆری دیکە کە ئومێدەوارین لە ئایندەیەکی نزیکدا ڕوخسارێکی شارستانی هاوچەرخ بە شارەکانمان ببەخشێ.
لە بواری پیشەسازی و وزەدا:-
وا لە خوارەوەدا گرنگترین چالاکی یەکانی حکومەتی هەرێم لەم ڕووەوە دەخەینە ڕوو:-
ــ لەم ماوەیەدا بایی نزیکەی ١٢،٥٠٠،٠٠٠ دینار بەرهەمی کارگەی جگەرەو ڕستن و چنین و مەڕمەڕ و بنکەکانی مافوری دەستکرد فرۆشراون.
ــ کەرەستەی خانوو بۆ کارگەی جگەرەو ڕستن و چنین و مەڕمەڕو کارگەی قوتوبەندی هەریر دابین کراوە.
ــ کردنەوەی چەندین پێشانگای گشتی بۆ فرۆشتنی مافوور و بەرهەمەکانی وەزارەتی پیشەسازی و کردنەوەی بنکەی کۆنترۆڵی جۆری.
ــ بەکرێدانی ٣ هێڵ لە کۆی ١٣ هێڵی کارگەی جگەرەی هەولێر بەکرێی مانگانە (٤٠،٠٠٠) دۆلار و، بەرهەم هێنانی جگەرەیەکی تازە.
ــ دانی مۆڵەتی یاسایی بە هاووڵاتیان بۆ دامەزراندنی کارگە کە لەم ماوەیەدا ٩٦ کارگەی جۆراوجۆر دامەزراون و مۆڵەتی یاسایی یان پێ دراوە.
ــ دابین کردن و عەمبارکردنی سووتەمەنی پێویست بۆ وێستگەکانی ٢٩ مێگاواتی لە هەولێر و دهۆک، هەروەها زیادکردنی بەشە سووتەمەنی هاووڵاتیان بەم شێوەیەی خوارەوە:
بەشە بەنزینی ڕۆژانەی هەولێر و دهۆک لە ٢١٥ هەزار لیترەوە بۆتە ٥٠٠ هەزار لیتر.
نەوت لە ٢٣٥ هەزار لیترەوە بۆتە ٦٥٠ هەزار لیتر.
گازئویل لە ١٤٠ هەزار لیترەوە بۆتە ٥٠٠ هەزار لیتر.

ـــ له بواری کەرتی کارەباشدا، حکومەتی هەرێم سەرەڕای ئەو پرۆژانەی کە لەسەر بڕیاری ۹۸٦ ئەنجــام دراون، زۆر پرۆژەی دیکەشی لەســەر بودجــەی خــۆی ئەنجــام داوە، هەرچەندە بەهۆی وشکەساڵی و لە ئاکامی ئەوەی کە هەردوو بەنداوی دوکان ودەربەندیخان کە سەرچاوەی سەرەکی بەرهەمهێنانی تەزووی کارەبان لە ناوچەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمدان، هاوینی ڕابردوو قەیرانێکی کارەبا سەری هەڵدا.

لەم مــاوەیەدا بۆ چاککردنەوەی تۆڕەکــانی کــارەبا لە هەردوو پارێزگــای هەولێــر و دهۆک و چاککردنەوەی بەردەوامی وێستگە ناوەندی یەکان و تۆڕەکانی دابەش کردن و کڕینی وزەی کارەبا بۆ شارەکانی هەولێر و دهۆک زیاتر لە ۲٦,٥۰۰,۰۰۰ دینار سەرف کراوە.

ـــ زیاتر لە ۲۱۷ ملیۆن لیتر مەوادی سووتەمەنی (نەوت و بەنزین و گازئویل) لە هەولێر و دهۆک دابەش کراوە.

ـــ موەلیدەو پێداویستیەکانی بەڕێوەبەرایەتیەکانی دابەش کردنی نەوتی دهۆک دابین کراوە و چەندین بەنزینخانە لە هەولێر و دهۆک و خەبات نۆژەن کراونەتەوە.

ـــ چەندین دیراسەت دەربارەی پێکهاتەی جیۆلۆجی شەقڵاوەو ئاوی ژێر زەوی ناوچەکانی دەوروبەری هەولێر و پێکهاتە نەوتی یەکان لە مەلا براون و ناوچەی زاخۆ ئامادە کراون و، دەرهێنانی مەرمەڕ و مۆزاییک لە کانەبەردەکانی گۆڕەشێر و گەلاڵە درێژەی هەیە.

لە بواری یارمەتی مرۆڤایەتی وهاوکاریدا:ـــ

ـــ لەماوەی ساڵی پار و چەند ساڵی ڕابردوودا گەلێ چاکسازی لە دەزگای جەوازاتدا کراوەو بەشی زۆری ئەو دەزگایە گواستراوەتەوە بۆ بارەگای وەزارەتی یارمەتی مرۆڤایەتی و هاوکاری. هەروەها چەندین ڕێنوێنی پەسندکراون بۆ بەڕێوەبردنی ئیش و کاری سەفەری هاوولاتیان و، لە پارێزگای دهۆکیش بەشی جەوازات کراوەتەوە. چاوەڕێ دەکرێ ئەو ڕێنوێنیانە لە خاڵی سنووری پێشخابووردا جێ بە جێ بکرێن کەلە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا ڕێکخستنی سەفەری هاوولاتیان لەم خاڵەوە خراوەتە ژێر کۆنترۆڵی وەزارەت.

ـــ هەمــوارکــردنی یاســای وەزارەتی یارمــەتی مــرۆڤــایەتی وهاوکــاری وکــردنەوەی چەند بەڕێوەبەرایەتیەکی گشتی تازەو فراوانکردنی دەسەڵاتی نوسینگەکانی حکومەتی هەرێم لە دەرەوە.

ـــ بەستنی کۆنفرانسێکی گەورە لە دیوانی وەزارەتی مرۆڤایەتی بۆ نوێنەرانی حکومەتی هەرێم لە دەرەوە.

ـــ هەماهەنگی لەگەڵ UN بۆ مەسەلەی ئاوارەکان و دابین کردنی کەلوپەلی پێویست بۆیان.

ـــ ڕێکخستنی کاری ڕێکخراوە ناحکومەتییەکان لە هەولیر و دهۆک بەپێ ی ڕێنمایی یەکانی وەزارەت و حکومەت.

ـــ بەشداری کردن لە لیژنەی داڕشتنی یاسایی ڕێکخراوە ناوخۆیی یەکان بۆ ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدان. لەگەڵ چەندین چالاکی هەمەجۆری دیکە.

له بواری تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتیدا:-

وێڕای ئەو نەخۆشخانەو بنکە تەندروستی یانەی کە لەسەر بودجەی بڕیاری ٩٨٦ دروست کراون، حکومەتی هەرێم لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا چەندین نەخۆشخانەو بنکەی تەندروستی دروستکردووە لەوانەش یەک نەخۆشخانە لە مێرگەسوور و ١٥ بنکەی تەندروستی لە هەولێر و ٦ بنکەی تەندروستی لە دهۆک، هەروەها ٢٨ نەخۆشخانە و بنکەی تەندروستی چاک کراونەتەوە.

هەروەها گەلێک چالاکی هەمەجۆر لەم بوارەدا ئەنجام دراون هەروەک:-

- کڕینی داو و دەرمان و پێداویستیەکانی نەشتەرگەری و تاقیگەکان، بۆ ئەم مەبەستەش نزیکەی یەک ملیۆن دۆلار لە هەولێر و (٢٣٠,٠٠٠) دۆلار بۆ دابینکردنی داو و دەرمان بۆ نەخۆشخانەکانی پارێزگای دهۆک سەرف کراوە.
- دابینکردنی پێداویستیەکانی جل وبەرگ و سوتەمەنی بۆ گشت دەزگاکان و لەم بوارەدا نزیکەی ٨ ملیۆن دینار بۆ هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆک سەرف کراوە.
- ڕێکخستنی چەندین هەڵمەتی کوتان دژی نەخۆشی یە گیرۆیەکان و پشکنینی نەخۆشی یە جۆراوجۆرەکان بە ڕادەیەک کە لەم ماوەیە کورتەدا کۆنترۆڵی زۆربەی نەخۆشیەکان کراوە. هەروەها کارمەندی تەندروستی بەشێوەیەکی ڕێک وپێک دابەش کراون بۆ ئەوەی خزمەتگوزاری تەندروستی بۆ گشت هاووڵاتیان پێشکەش بکرێت لە هەموو شوێنێکدا بن.

لە بواری کاروباری کۆمەڵایەتیشدا خزمەتی بەرچاو بە کەم ئەندامان و نابینایان و بیرکۆڵەکان و منداڵانی بێ باوک ودایک پێشکەش کراوە، ئەوەش بە دابینکردنی شوێنی نوستن و خۆراک و جل وبەرگ و خەرجی ڕۆژانە بۆیان لەگەڵ چەندین خزمەتگوزاری تەندروستی دیکە، بەهەمان شێوە لە بواری چاکسازی کۆمەڵایەتیدا خزمەتی باش پێشکەش کراوەو بەشی چاکسازی کۆمەڵایەتی پیاوان و ئافرەتان لە دهۆک وەرگیراوەو لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتیەوە سەرپەرشتی دەکرێت.

هەروەها بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارو دابینکردنی کۆمەڵایەتی سەردان و پشکنینی ئەو دەزگا و کارگە و شوێنانە دەکات کە کرێکاران کاری تیادا دەکەن بۆ جەخت کردن لەسەر مافەکانیان و چەسپاندنی یاسای کارو دابینکردنی کۆمەڵایەتی.

لە بواری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ کردندا:-

لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا بە کۆی گشتی نزیکەی ١٩٤ ملیۆن دینار چەندین پرۆژەی گرنگ لە بوارەکانی ڕێگاوبان و پرد و دروست کردنی خانوو و باڵەخانەی جۆراوجۆر و هەڵکەندنی بیری ئاو لە گوندەکان و کڕین و چاککردنەوەی ئامێری قورس و کەل وپەلی جۆراوجۆردا ئەنجام دراون یا ئەنجام دەدرێن، هەروەک:-

- پرۆژەی دروست کردنی بانکی هەرێم بەردەوامە کە بە تەواوبوونی نزیکەی ٢٦ ملیۆن دیناری تێ دەچێت و تا ئێستا ٨٦٪ی لێ ئەنجام دراوە.

ـــ دروست کردنی ٢٠٠ خانوو لە کەسنەزان بۆ ئاوارەکان، ٤٠٠ خانوو بۆ خانەوادەی شەهیدان لە هەولێر، ١٠٠ خانوو بۆ خانەوادەی شەهیدان لە سۆران، ١٠٠ خانوو لە کۆمەڵگەی (تەناهی) لە دهۆک.
ـــ دروستکردنی بینایەی کۆڕی زانیاری کوردستان و بینایەی ڕێگاوبانی هەولێر و بینایەی ڕێگاوبانی دهۆک و فراوانکردن و چاککردنەوەی گرتووخانەی مەحەتە.
ـــ دروست کردنی بینایەی بەساڵاچووان و بینایەی نەخۆشیە دەروونییەکان لە بەندیخانەی محطە،
ـــ دروست کردنی یاریگا لە (بلێ) و گۆڕەپانی گومرگ لە (کانی ماسی).
ـــ لەم ماوەیەدا چەندین ڕێگاوبانی جۆراوجۆر لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستاندا دروست کراون یا چاک کراونەتەوەو قیرتاو کراون، لەوانەش:-
ـــ ڕێگای جووت سایدی هەولێر-سەلاحەددین، چاککردنەوەو قیرتاو کردنی ڕێگاکانی پیرەفات-چامە شێروان مەزن و ڕێگای شەقلاوە هیران و چەند ڕێگایەک لە دەربەندی گۆمەسپان و ڕێگای حاجی ئۆمەران- سنورو ڕێگای حاجی ئۆمەران قەندیل و چەندین ڕێگای دیکە لە پارێزگای هەولێر، هەروەها ڕێگاکانی (گرەشین - دێرین )و (دهۆک- زاخۆ) و (زاویتە- ئاکرێ) و (زاویتە- ئامێدی) و گەلێ ڕێگای گرنگی دیکە لە پارێزگای دهۆک.
ـــ تەواوکردنی ڕێگای (خەلان - ڕێزان)، قیرتاوکردنی ڕێگای (خەلان - سپیلک) و ڕێگای سەری بڵند و ڕێگای حجران - دەربەند.
ـــ هەر لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا ٧ پردی گرنگ و جۆراو جۆر دروست یا فراوان کراون و چاک کراونەتەوە کە بریتین لە پردی سعدون و فاروق و ماڵتا لە زاخۆ و، پردی قەسرۆک و پردی بەرسرین لە ڕێگای (دیانا-چۆمان) و پردی (گەلی- گۆمەسپان-مێرگەسور) و پردی ڕەژدوور.
هەروەها لەم ماوەیەدا چەندین کارگەی قیر و بەردشکێن دوای چاککردنەوەیان دامەزراون و چەندین ئامێری قورس چاک کراونەتەوە، هەروەها گەلێ ئامێری قورس و کەلوپەلی جۆراوجۆر وەک کۆمپیوتەر و فۆتۆکۆپی و کەل وپەلی دیکە کڕاون.
لە بواری گواستنەوەو گەیاندندا:-
لەبەر ئەوەی پێشکەوتنی کۆمەڵ لە هەموو بوارەکاندا پشت بە بوونی سیستەمێکی هاوچەرخ و پێشکەوتووی گەیاندن دەبەستێت، بۆیە بایەخ بە نوێ کردنەوەو پەرەپێدانی ئەم بوارە دراوەو لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە ٤٣ ملیۆن دینار سەرف کراوە بۆ ئەنجامدانی چەندین پرۆژەی جۆراوجۆر لە پارێزگاکانی هەولێر و دهۆک، هەروەک:-
ـــ دامەزراندنەوەی بەدالەیەکی ١٣ هەزار ژمارەیی بۆ هەولێر و صلاح الدین کە زیاتر لە ٢٠ ملیۆن دیناری تێ چووە.
ـــ دامەزراندنەوەی بەدالە بۆ شاری دهۆک کە نزیکەی ١١ ملیۆن دیناری تێ چووە.
ـــ دامەزراندنی بەدالەی ئامێدی بە قەوارەی ٥٠٠ هێل.

ـ فراوانکردنی وێستگەی پەیوەندی لە نێوان هەولێر و شەقلاوەو صلاح الدین و سۆران و بارزان کە زیاتر لە ۱٫۸۰۰٫۰۰۰ دیناری تێچووە.
ـ دامەزراندن و چاککردنەوەو فراوان کردنی چەندین تۆڕی کێبلات لە زۆر لە ناوچەکانی هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆکدا.
ـ چاککردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی پۆستەو گەیاندنی هەولێر و بینایەی وێستگەی گەیاندنی کۆڕەک و پۆستەی مێرگەسوور و سیدەکان و صلاح الدین و بینایەی پۆستەو گەیاندنی خەبات.
ـ کڕینی جۆرەها ئامێری پێویست هەروەک ئینتەرنێت و کۆمپیوتەر و چەندین موەلیدەی جۆراوجۆری کارەبا و پێداویستیەکانی بەداله.
ـ فراوان کردن و زیاد کردنی چالاکی پۆستەی ناوخۆ و دەرەوە.

لێرەدا بە پێویستی دەزانین ئاماژە بەو ڕاستیە بکەین کە دامەزراندنی سیستەمێکی مۆدێرنی گەیاندن لە هەرێمداو دەستەبەر کردنی هێڵی تەلەفۆن بۆ هەموو شارو شارۆچکەکان و دابینکردنی پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ دەرەوە پشت بە بەرنامەی ۹۸٦ دەبەستێت و ئاژانسی ITU کە سەربە نەتەوە یەکگرتووەکانە ئەم بابەتەی دیراسەت کردووەو جێ بەجێ ی دەکات. هەروەها دابینکردنی ژمارەیەکی گونجاوی هۆیەکانی گواستنەوە لە ناو شارەکان و لە نێوان شارو شارۆچکەکاندا پشت بە هەمان بەرنامە دەبەستێت و ئەم بابەتە لە ڕاپۆرتێکی تردا بەدرێژی باسی لێوە دەکرێت.

لە بواری کاروباری پێشمەرگەدا:-

باری ڕێکخستن و ئیدارەی وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە زیاتر چەسپاوەو، بە هێمنی و لەسەرخۆو، بە دیسپلینێکی بەرزەوە، بەڕێوە دەچێت.

لە چەندین حاڵەتدا پێشمەرگەی کوردستان ئیسپاتیان کرد کە بە ڕێکوپێکی و بە ورەیەکی بەرزەوە ئامادەن بە خێرایی ڕووبەڕووی ڕووداوەکان ببنەوە، بۆ پاراستنی دەسەڵاتی سیاسی هەرێم بەرامبەر بە مەترسیەکانی دەرەکی.

بۆ ئەوەی وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە بتوانێت ئەرکەکانی ئەنجام بدات، حکومەتی هەرێم بودجەو توانا و پشتگیری ماددی و مەعنەوی پێویستی خستۆتە بەردەستی ئەم وەزارەتە، کە بە ڕێکوپێکی ئەو بودجەیە خەرج دەکات و، سوودی باشی لە تواناکان وەرگرتووە.

لە هەمووی گرنگتر بڕواو متمانەی گەلی کوردستانە بە هێزو دڵسۆزی پێشمەرگەی خۆی. ئەمڕۆ پەیوەندی نێوان جەماوەری گەل و پێشمەرگە باشتر ڕێک خراوە، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ گیانی نیشتمانپەروەرانەی سەرۆکایەتی لەشکری کوردستان، کە هەمیشە بەناو پێشمەرگەدا بڵاوی دەکاتەوەو، هەمیشە ئامۆژگاری ئەوە بووە کە پێشمەرگە نابێت دەست بخاتە ناو کاروباری هاوولاتیان و دەزگاکانی حکومەت. هەر بۆیەش دەبینین ئەمڕۆ پێشمەرگە زیاتر جێگەی متمانەو ڕەزامەندی جەماوەری گەلە. ئەم ڕەوشتە بەرزە دەبێ هەمیشە بچەسپێ کە پێشمەرگە پارێزەری گیان و ماڵی هاوولاتیانە و ئاشتی و ئاسایش و سەربەستی دەپارێزێ.

ئەمە بوو پوختەیەک لە گرنگترین کارو چالاکییەکانی حکومەتی هەرێم کە لە ماوەی یەک ساڵی رابردوودا ئەنجامی دارون، بێگومان لە ئاکامی ئەو کار و پرۆژانەدا ئاستی بژێوی هاوولاتیان بەرەو پێش چووەو پەرەسەندنێکی بەرچاو لە هەموو بوارەکانی ژیاندا هاتۆتەدی. دیارە کە ئێمە چاومان لە پێشکەوتنێکی زیاترەو هەوڵمان داوەو بەردەوامیش خەبات دەکەین بۆ ئەوەی باشترین خزمەتگوزاری گونجاو پێشکەش بە جەماوەری گەلەکەمان بکەین و لەم رێگایەدا هەرچی ئەرکێک لەسەر شانمان بێت و هەرچی لە ئێمە پێویست بێت بە خۆشحاڵی یەوە ئەنجامی دەدەم بەپێی بریاری ٩٨٦ی ئەنجوومەنی ئاسایش لە کانونی دووەمی ١٩٩٦دا، بەرنامەی نەوت بەرامبەر بە خۆراک دەستی پێکراوەو بریارەکە رێگەی بە عێراق داوە بایی دوو ملیار دۆلار نەوت لە فێزی یەکەمدا بفرۆشێ و ١٣ ٪ی داهاتەکەشی بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق تەرخان کردووە.

ئەم بەرنامەیە بۆ چەند فێزێکی شەش مانگی یەک لە دوا یەک درێژ کراوەتەوەو ئێستا لە فێزی هەشتەمی بەرنامەکەداین. ئێستا بەرنامەکە گۆڕانکاری بنچینەیی بەسەردا هاتووەو هیچ سنورێک بۆ بری ئەو نەوتە نەماوە کە عێراق دەینێرێتە دەرەوە.

لە بریاری ١٣٠٢ی ئەنجوومەنی ئاسایش لە ٨/حوزەیران/٢٠٠٠دا بەشی هەرێمی کوردستان بە رێژەی ١٣ ٪ چەسپێنرا.

هەر لەسەرەتای دەستپێکردنی بەرنامەی (٩٨٦)ەوە تا ١٥ی ئەیلولی رابردوو عێراق بایی (٣٤,١٦٨,٠٠٠,٠٠٠) دۆلار نەوتی ناردۆتە دەرەوەو بەشی هەرێمی کوردستان لەو پارەیە (٤,٤٤٢,٠٠٠,٠٠٠) دۆلار بووەو، بەم جۆرە بەشی هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆک کە ٥٧ ٪ی بەشی هەرێمی کوردستانە دەکاتە: (٢,٥٣٢,٠٠٠,٠٠٠) دۆلار.

ئەمەی خوارەوەش خشتەیەکی وردی داهاتی هەموو فێزەکانە:

ئەم راپۆرتە فێزی نۆیەمی تێدا نییە چونکە دوایی ئەوە پەسەند کراوە

داهاتی بەرنامەکەش لەم بڕگانەی خوارەوەدا خەرج دەکرێت:-

- خواردن و خۆراکی ئیزافی.
- تەندروستی و داو ودەرمان.
- خوێندن بە هەموو قۆناغەکانییەوە.
- کشت وکاڵ.
- کارەبا.
- ئاو و پاراستنی تەندروستی گشتی Sanitation.
- نیشتەجێ کردن و تەئهیل لە گوند و لادێکاندا لەگەڵ پێداویستیەکانی، هەروەک رێگاوبانی سەرەکی ولاوەکی و بنکەکانی تەندروستی و قوتابخانەو دابینکردنی ئاو و...هتد.
- ژێرخان بە گواستنەوەو گەیاندنیشەوە.
- هەڵگرتنەوەی مین.

بەپێ ی بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایش، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان UN بەرپرسیارە لە جێبەجێ کردنی بەرنامەکە لە کوردستان و (٨) ئاژانسی تایبەتمەندی سەربە UN ئەم کارە لە ئەستۆ دەگرن، کە بریتین لە:-

UNOIPS - UNESCO - HABITAT - UNDP - WHO - UNICEF - FAO - WFP

هەروەها UNOHCI (فەرمانگەی ڕێکخەری یارمەتی یە مرۆیی یەکان) ئیش وکاری ئەم ئاژانسانە هەماهەنگ دەکات.

UN بۆ جێبەجێ کردنی ئەرک و کاروبارە ئیداری یەکانی خۆی کارمەندی بیانی و ناوخۆ بەکار دەهێنێ.

خەرجی ی فەرمانگەو کارمەندانی UN لە ڕێژەی ١٣ ٪ی بەشی کوردستانی عێراق نادرێت، بەڵکو لە حسابی دیکەی هەمان بەرنامەدا دابین دەکرێت.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتە پەیوەندارەکان و بەڕێوەبەرایەتی یە گشتی یەکانەوە، لە جێبەجێ کردنی چەند لایەنێکی بەرنامەکە بەشداری دەکات. ئەم بەشداری یەش زۆر لایەن دەگرێتەخۆ هەروەک پلان دانان و هەڵبژاردنی پرۆژەکان و ڕونکردنەوەی ئامانجەکانیان و پێشکەش کردنی نەخشەکان و هەڵسەنگاندنی پرۆژەو چالاکی یەکان و بەدواداچوونی جێ بەجێ کردنیان. حکومەتی هەرێم لە ڕێگای دەیان هەزار کارمەندی خۆی لە وەزارەتە جیاجیاکانەوە بەشداری لە جێ بەجێ کردنی بەرنامەکە دەکات و، بەبێ ئەم بەشداریەش بەرنامەکە جێ بەجێ دەبێت. ئەگەر سنور و کۆسپەکانی بەردەم بەشدار بوونی حکومەتی هەرێم لە جێ بەجێ کردنی بەنامەکەدا تەخت بکرێن، بێگومان دەکرێ بەرنامەکە زۆر خێراتر لەوەی ئێستا جێ بەجێ بکرێ.

جێ بەجێ کردن:-

سەرەتا دەبێ ئەو ڕاستی یە بگوترێ کە زۆربەی داهاتی فێزەکان، نەک لە کاتی خودی فێزەکاندا، بەڵکو زۆر دوای ئەوە خەرج دەکرێن. بۆ نمونە داهاتی فێزی شەشەم کە پێش ساڵێک کۆتایی هاتووە ئێستا سەرف دەکرێت، چونکە پلان دانان و کڕین و وەرگرتن و دابەش کردنی دەزگاو کەل و پەلەکان پێویستی بە کاتێکی دیاریکراو هەیە، هەروەها نەخشەکێشان و تەندەر و پرۆسەی بیناکردن و کردنەوەی ڕێگاش کاتێکی دیکەی دەوێت.

سەرەڕای ئەمانەش حکومەتی هەرێم لەسەر هەوڵەکانی خۆی بەردەوامەو گوشاری زیاتر دەخاتە سەر ئاژانس و فەرمانگە پەیوەندارەکانی دیکەی UN بۆ ئەوەی پەلە بکرێت لە بڕینی هەنگاوە بیروکراتی یەکان و، پرۆژەکان چیتر دوا نەکەون، ئەمەش لە ڕێگای بەدواداچوون و هاندانی بەردەوام و ئاراستە کردنی ڕەخنەی ڕاستەوخۆ و تەنانەت ئاشکراشەوە لەکاتی پێویستدا.

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە هاوکاری لەگەڵ وەزارەتی یارمەتی مرۆڤایەتی و هاوکاری

یەوە مــوتابەعــەی جێ بەجێ کــردنی بەرنامــەی ٩٨٦ دەکــات و هەر بۆ ئەم مــەبەســتــەش فەرمانگەیەکی تایبەتی لە چەند پسپۆرێکی شارەزا لە ئەنجومەنی وەزیران پێک هێناوە.

هەروەها سـەرۆکـایەتی ئەنجـومەن بە هاوکاری لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان پرۆژەکان ئامـادە دەکات و ئامانجەکانیان دەخاتە ڕوو.

بەپێ ی ئەم بەرنامەیە شتی زۆر کراوە، بەڵام هێشتـا زۆرتر ماوە بکرێت و چاوەڕێ ی جێ بەجێ کردنە. با بزانین تا ئێستا ئەو بەرنامەیە کە پێش چوار ساڵ دەستی پێ کردووە چ دەستکەوتێکی هەبووەو چەندی لێ جێ بەجێ کراوە بەپێ ی ئەو کەرتانەی کە دەیانگرێتەوەو چەندی لە ژێر جێ بەجێ کردنەو، ئایا چ نەخشەو پلانێک بۆ جێ بەجێ کردن لە ئارادایە سەبارەت بەو داهاتانەی کە پێشبینی دەکرێ تا کۆتایی ئەم فێزە، واتە تا کۆتایی ئەم ساڵ، وەبەر هەرێمی کوردستان بکەوێ؟

**یەکەم: خواردن و خۆراکی ئیزافی:**

مەبەستی سەرەکی بەرنامەی ٩٨٦ ئەوەیە کە خواردەمەنی پێویست و خزمەتگوزاری تەندروستی گونجاو بۆ هەر هاووڵاتیەک لە عێراقدا دابین بکرێت، بۆیە هەموو کەسێک (٨) جۆر خواردەمەنی وەردەگرێت کـە بریـتین لە: ئارد، برنج، شـەکر، چای، ڕۆنی چێـشت، شـیـری وشک یا پەنیـر، بەقلیات، خوێ ی یۆد کراو، جگە لەمـانە سابوون و ماددەی پاک کەرەوەش وەردەگرێت و، بەشی ئەو منداڵانەش کە تەمەنیان لە ١ ساڵ کەمترە تەنها شیر و سریلاک و ماددەی پاک کەرەوەیە.

بەهای خـۆراکی ڕۆژانەی ئەو خـواردەمەنـیانەی کـە هەر هاووڵاتیـەک وەریان دەگرێت، لە ٢٠٣٠ کیلۆ کالۆری و ٤٧ گرام پرۆتینەوە، بۆ ٢٤٧٢ کیلۆ کالۆری و ٦٠ گرام پرۆتین بەرز بۆتەوە، بەڵام پێویستە بڕ و جۆری هەندێ لەو ماددانە چاکتر بکرێت. لە ماوەی (٨) فێزی بەرنامەکەدا زیاتر لە ٦٥٠ ملیۆن دۆلار بۆ کەرتی خواردەمەنی لە هەرێمی کوردستـان تەرخان کراوە بە تێکڕای ١٥٠ ملیۆن دۆلار بۆ هەر فێزێک. یەکێک لە ئامانجەکـانی ئەم بەرنامـەیە نەهێشـتنی بەد خۆراکی و بەتایبەتیش کەمکردنەوەی نەخۆشی و مردنی منداڵانە.

هەر لە چوارچێـوەی کـەرتی خـواردندا، خـواردەمــەنی دیکە، کـە هەندێکیـان بۆ مـەبەسـتی چارەسەرکردن بەکار دەهێنرێن، بەو کەسانە دەدرێت کە بەپێ ی ڕاپۆرتی پزیشکی دەست نیشـان دەکرێن، بە تـایبـەتیش منداڵان و ئافـرەتانی سک پڕ و ئەو دایکانەی کـە منداڵی شـیـرەخـۆرەیان هەیە. لە فێسی یەکەمەوە تا فێزی هەشتەم ٥٣ ملیۆن دۆلار بۆ ئەم کەرتە خەرج کراوە. بەپێ ی ڕاپۆرتەکـانی UN ڕێژەی مردنی منداڵان لە کوردستـان بە ڕادەیەکی بەرچاو دابەزیوەو کەمترە لە ساڵانی پێش ڕووداوەکانی ١٩٩١.

لە ڕێگای بەرنامەی خۆراکەوە هەر هاووڵاتییەکی کوردستـان بڕی پێویستی خۆی لە خواردەمـەنی یە سـەرەکـییـەکـان وەردەگـرێت و بەم جـۆرەش برسـێـتی بە تەواوی ڕیشـەکـێش کـراوە. ئەمـەش ڕەنگدانەوەیەکی ئیجـابی هەبووە لەسەر تەندروسـتی و ئاسایش و سەقـامگیری کۆمـەڵدا. بەڵام دەکرێ لیستی خۆراک چاکتر بکرێ بەتایبەتیش بە دەستەبەر کردنی پرۆتینی تازە بۆ هاووڵاتیـان لە ڕێگای کۆپۆنەوە.

**دووەم: تەندروستی:-**

کەرتی تەندروستی چاودێری یەکی تایبەتی پێویستەو، دەبێ هەوڵ بدەین کە هەر هاوولاتیەک تەندروستی باش بێ و لەکاتی پێویستدا خزمەتگوزاری تەندروستی و چارەسەری پزیشکی بۆ بڕەخسێ. تەندروستی باش بە ڕەخساندنی کەش و هەوایەکی لەبارو خۆراکێکی گونجاو و ئاوێکی سازگارەوە دەستەبەر دەبێ.

لە سەرەتای بەرنامەکەوە تا ئەمڕۆ ٣٢٨ ملیۆن دۆلار لە داهاتی بڕیاری ٩٨٦ بۆ تەندروستی و چالاکی تەندروستی بۆ هاوولاتیانی هەرێم تەرخان کراوەو، زیاتر لە (١٠٠٠) جۆر دەرمان و ئامرازی پزیشکی دابین دەکرێت. دیارە کە حکومەتی ناوەندی کڕینی خواردەمەنی و داو و دەرمان بۆ هەموو پارێزگاکان لە ئەستۆ دەگرێت.

لە هەرێمی کوردستاندا ژمارەیەکی دیاری کراوی بنکەی تەندروستی بەدی دەکرا، بۆیەش هەنگاوی پێویست بۆ کەمکردنەوەی گیروگرفتەکە نراو دەزگای پزیشکی پێشکەوتوو گەیشتنە نەخۆشخانەکان و بنکەیەکی زۆری تەندروستی چاک کرانەوە یا بینا کران، ئەوە بوو ٣٥ بنکەی تەندروستی بینا کران و ٢٠ بنکەی دیکەش نوێ کرانەوە. هەروەها ٣٢ نەخۆشخانەو بنکەی تەندروستی ئامادە دەکرێن و ٣٢ی دیکەش لە نەخشەدان. لە لایەکی دیکەوە نەخۆشخانەکان ٣٥ ئامبولانس و چەندین دەزگای گواستنەوەی دیکەیان بۆ دابین کرا بۆ ئەوەی بە ئاسانی خزمەتگوزاری تەندروستی پێشکەش بکەن.

حکومەتی هەرێم پێشنیاری کردووە ٨ نەخۆشخانەی (١٠٠) تەختی و ١٢ بنکەی تەندروستی لەم جێگایانەی خوارەوە بینا بکرێن:-

- سۆران، زاخۆ، ئاکرێ، ئامێدی.
- ٣ نەخۆشخانەی إختصاصی لە هەولێر.
- نەخۆشخانەیەکی لەدایکبوون لە دهۆک.

لەلایەکی دیکەوە بایەخێکی زیاتر بە دەستەبەر کردنی داو و دەرمانی خۆ پاراستن دەدرێت بەتایبەتیش کوتانی منداڵان و ئافرەتان بۆ زیاد کردنی بەرگری یان لە دژی نەخۆشی یە گیرۆیەکان و لەم بوارەدا چەندین هەڵمەتی سەرکەوتوی کوتان لە هەرێمدا ئەنجام دراوە.

**سێیەم: پەروەردە:-**

حکومەتی هەرێم پەروەردە بە یەکێک لە کەرتە هەرە گرنگەکان دەزانێ و، هەموو هاولاتییەکیش لە منداڵی یەوە تا قۆناغی زانکۆ مافی ئەوەی هەیە دەرفەتی خوێندنی بێ بەرامبەر و باشترین فێربوونی هەبێت. لە سایەی بەرنامەی ٩٨٦دا دەتوانین خێراتر بەرەو بەدیهێنانی ئەو ئامانجە بەرز و پیرۆزە هەنگاو بنێین. لە سەرەتای بەرنامەکەوە تا ئەمڕۆ ١٥٨ ملیۆن دۆلار بۆ خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی تەرخان کراوەو تا ئێستا ئەم دەسکەوتانە بەدی هاتوون:

- دروستکردنی (١٦٠) قوتابخانەی سەرەتایی و ئامادەیی.

- ٣٠٠ قوتابخانەی دیکە لە ژێر بینادان و لەماوەی ئەم مانگەدا ئامادە دەبن.
- ٥٤٦ قوتابخانەی دیکە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە پێشنیار کراون و UN بریاری لەسەر داون و لە چەند مانگی داهاتوودا دەست دەکرێت بە بیناکردنیان.

لە نزیک زۆر قوتابخانەدا خانووی مامۆستایان دروست کراوەو، سەرەرای دروست کردنی قوتابخانەی نوێ، (٢٢٧) قوتابخانەو باخچەی ساوایان نوێ کراونەتەوەو ئامادە کراون. جگە لەمانەش ٨٥ قوتابخانەو باخچەی ساوایانی دیکە ئێستا نوێ دەکرێنەوەو ١٦٩ قوتابخانەو باخچەی دیکەش لە نەخشەدان.

سەرەرای بیناکردن، جانتای پڕ لە دەفتەر و قەڵەم و کەل و پەلی هەندەسی بەسەر قوتابیاندا دابەش دەکرێت و ئەوەی تا ئێستا دابەش کراوەو دەکرێت بریتی یە لە نزیکەی ٧٠هەزار جانتا. لەلایەکی دیکەوە ٨٠هەزار رەحلە و ١٥هەزار کورسی دابەش کراوە یا دابەش دەکرێت یا لە نەخشەکەدا مسۆگەر کراوە. رەزامەندی دراوە کە (٥٠٠٠)هەزار کۆمپیوتەر بۆ قوتابخانە ئامادەیی یەکان دەستەبەر بکرێت و ئامرازی ڤیدیۆ و ئامێری دەنگ بۆ قوتابخانەکان رەخسێنراوە، هەروەها بۆ فەرمانگەکانیش کەل وپەل و شتی پێویست دەستەبەر کراوەو زیاتر لە ١٠٠٠٠ هەزار سۆپا دابەش کراوە یا بەپێ ی نەخشە دابەش دەکرێت.

پرۆسەی پەروەردە تەنها بیناکردن و دابین کردنی کەل وپەل ناگرێتەوە، بەڵکو بایەخ بە مامۆستایانیش دەدات، ئاشکراشە کە پێویستیمان بە مامۆستای زیاتر و پەرەپێدانی شارەزایان هەیە. حکومەتی هەرێم لە بودجەی خۆی دەرماڵەی پیشەیی مامۆستایانی بە رێژەی ١٠٠٪ زیاد کردوە.

لەلایەکی دیکەوە وەزارەتی پەروەردە پلانی پەروەردەیی خۆی دارشتووە کە ئەم خاڵە سەرەکی یانەی خوارەوە دەگرێتەوە:-

١- جێ بەجێ کردنی رووپێوی پەروەردەیی سەرانسەری بۆ دیار خستنی ژمارەی ئەو منداڵانەی خوێندنی ئیلزامی دەیانگرێتەوەو دانانی نەخشەی جێ بەجێ کردنی بۆ ماوەی شەش ساڵی داهاتوو، هەروەها دیاری کردنی ژمارەی نەخوێندەواران و کردنەوەی بنکەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری.

٢- بایەخ دان بە گوزەران و ژیانی مامۆستایان و زیاد کردنی دەرماڵەیان و کردنەوەی خولی پسپۆری بۆیان و بەخشینی مۆڵەتی خوێندن لە زانکۆکانداو کردنەوەی خولی تایبەت بۆ دەرچووانی کۆلیژەکانی ئاداب و زانست بۆ دامەزراندنیان وەکو مامۆستای دواناوەندی.

٣- چارەسەر کردنی کێشەی سێ دەوامی بە دروست کردنی قوتابخانە وەکو باس کرا.

٤- بایەخدان بە پەروەردەی وەرزشی و کردنەوەی فیستیڤاڵی وەرزشی سەرانسەری و کردنەوەی خێوەتگای دیدەوانی بۆ سەرجەم قوتابخانەکانی هەرێم.

٥- نوێ کردنەوی پرۆگرامەکانی خوێندن کە لەگەڵ گیانی سەردەم و مێژووی بزاڤی رزگاریخوازی کورد و بیری کوردایەتیدا یەک بگرنەوە.

٦- بایەخ دان بە چالاکی قوتابخانەکان و کارگەو وەرشات و بنکەکانی هۆی فێرکردن و تەلەفزیۆنی پەروەردەیی و وانەی کۆمپیوتەری لە قۆناغی ئامادەییدا.
٧- پەرەسەندنی خوێندن بە زمانی کوردی و بەرەو یەک کردنەوەی دیالیکتەکانی و بایەخدان بە زمانی تورکمانی و سریانی.

**چوارەم: فێرکردنی باڵا:-**

پێویستە زانکۆ و پەیمانگە تەکنیکی یەکانمان ئاراستەو بەهێز بکرێن بۆ ئەوەی لە بەرەو پێش بردنی خزمەتگوزاری یە گشتی یەکان و ئاستی ژیاندا بەشداری بکەن. نابێ زانست تەنها بۆ زانست بێ، بەڵکو دەبێ بۆ پەرەپێدانی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری بەکار بهێنرێ. شارەزایی و ئەزموونی ئەم توێژە بۆ شیکردنەوەو نەخشەدانان بۆ چاکتر کردنی ڕۆڵی بەرنامەی ٩٨٦ زۆر پێویستە.
لێرەو لەوێ هەندێک ئامراز و کەل وپەل بۆ زانکۆکان دابین کراون، بەڵام حکومەتی هەرێم بۆ ئەمساڵ بەرنامەیەکی (٢٥) ملیۆن دۆلاری پێشنیار کردووە بۆ پەرەپێدانی بوارەکانی فێرکردنی باڵا کە بینا کردنی باڵەخانەی سەرۆکایەتی هەردوو زانکۆ و کۆلیژەکان و دابینکردنی ئامراز و تاقیگە و ماددەی جۆراوجۆریش دەگرێتەوە.

**پێنجەم: کشتوکاڵ:-**

ئابوری هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە کشتوکاڵ و سامانی ئاژەڵ و پیشەسازی خۆراک و خزمەتگوزاری کشتوکاڵ و ئیش وکاری پەیوەندداز بەم کەرتەوە دەبەستێت.
لە ماوەی دەیان ساڵی سەخت و دژواری ڕابردوودا کشتوکاڵی کوردستان زۆر پاش کەوت و، وشکی و بێ بارانی دووساڵی ڕابردووش کۆسپ و تەگەرەی خستە بەردەم پەرەپێدان و بوژاندنەوەی ئەم کەرتە.
هەوڵدان لە پێناوی زیاد کردنی داهاتی ئەو خێزانانەی کە لەسەر کشتوکاڵ و بەرهەم هێنانی لادێدا دەژین بایەخێکی زۆری هەیە بۆ ئەوەی بتوانن ئاستی بژێوی خۆیان بەرز بکەنەوە.
هەوڵێکی زۆر و داهاتێکی گەورە بۆ ئامادە کردنەوەو پتەوکردنی کەرتی کشتوکاڵ سەرف کراوە. لە فێزی یەکەمەوە تا هەشتەم ٣٦٥ ملیۆن دۆلار بۆ کەرتی کشتوکاڵ تەرخان کراوەو، لەم پارەیەش تەنها ئەمساڵ بری ٢٢٤ ملیۆن دۆلار بۆ پەرەپێدانی ئەم کەرتە دابین کراوەو یەکێک لە ئامانجەکانیش ئەوە بووە کە گرفتی وشکەساڵی چارەسەر بکرێت.
بایەخێکی زۆر بە بەرهەمی ئاژەڵی و پاراستنی دراوە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی زۆر ئیجابی هەبووە لەسەر سامانی ئاژەڵ بە ڕادەیەک کە ئێستا لە جیاتی بایەخدان بە زۆر کردنی ژمارەی ئاژەڵ، گرنگی بە زیاد کردنی بەرهەمەکەی دەدرێت. ئێستا چەندین بنکەی تەندروستی بەیتەری بینا دەکرێن و داو و دەرمان و ڤاکسینی مەڕ و ماڵات دابین کراوە. (٦١)حەوزی شوشتنەوە بینا کراون و دەرفەتێکی باش بۆ بەخێوکردنی ماسی لە ئارادایە. پەروەردە کردنی هەنگ گرنگی

زیاتری پێ دەدرێت و ئێستا یەک هەنگەلانی نموونەیی بینا کراوەو حەوتی دیکەش لەژێر بیناکردن دان. هەروەها دە هەزار هەنگەلان بەسەر جوتیاراندا دابەش کراون کە دەبێتە هۆی زیاد بوونی بەرچاوی بەرهەمهێنانی هەنگوین لە کوردستاندا. لە پلانی فێزی هەشتەم دایە کە هەزاران سندوق و شانەی ئامادەی مێش هەنگوین بەسەر هاوولاتیاندا دابەش بکرێت.

لە پلانی چاندندا ئەم پرۆژانەی خوارەوە بەدی دەکرێن:-

بینا کردنی ٢٥ بنکەو دوو تاقیگەی بەیتەری و ٢٧ بنکەی تەلقیحی دەستکرد و کارگەیەکی دروستکردنی خۆراکی ماسی و ١٥ حەوزی شوشتنەوەو ٨ کوشتارگەو، نوێ کردنەوەی دەواجنێک و دامەزراندنی مەیدانێکی کڕین و فرۆشتنی گیانلەبەران.

فراوانکردنی شێوازی ئاودان پێویستی یەکی گرنگە بۆ پەرەپێدانی بەرهەمی کشتوکاڵ. بۆ ئەم مەبەستە (٨٠) بیر هەڵکەندراوەو (٧)ی دیکەش وا هەڵدەکەنرێن و (٦٧) بیریش لە نەخشەدان، هەروەها ١٢٧ بیری کۆن نوێ کراونەتەوە. (٤٢) پرۆژەی بچوکی ئاودان ئەنجام دراون و (٢٧)ی دیکە لەژێر جێبەجێ کردندان و، بەپێ ی نەخشە (٤٠) پرۆژەی دیکەی لەم جۆرەو ٤ بەنداوی مام ناوەندی بۆ ئاودان جێ بەجێ دەکرێن.

لە پێناوی چاککردن و پاراستنی بەرهەم هێناندا ١٤ بنکەی فراوانکردنی کشتوکاڵ نوێ کراونەتەوەو چەندین وەرشەی چاککردنەوەی ئامێری کشتوکاڵی و ٣ تاقیگەی تۆوی ڕووەک و ١٠وێستگەی کەش و هەوای کشتوکاڵی و ٥ نەمامگە بینا کراون و نەخشەکە ٤٠ بنکەی پاراستنی ڕووەکی چێنراو و چەندین کۆگەو تاقیگەو پرۆژەی بەرهەم هێنانی قارچک بەخۆوە دەگرێ.

کشتوکاڵ و بەخێو کردنی ئاژەڵ پێداویستی یەکی زۆری دەوێت هەروەک کوتان و داو دەرمان و ئامرازی پزیشکی و تۆوی جۆراوجۆر و پەین و ماددەی کیمیاوی بۆ قەڵاچۆکردنی مێروی زیانبەخش و نەخۆشی ڕووەک و گیانلەبەران و ماددەی جۆراوجۆر بۆ دارستان و بەخێو کردنی هەنگ و ترۆمپاو بۆری و ئامێر و تراکتۆر و دەڕاسەو ماددەی مەشق کردن بۆ پەرەپێدانی شارەزایی و توانای جوتیاران و کارمەندانی کشتوکاڵی.

بۆ بەرز کردنەوەی بەهای بەرهەمی کشتوکاڵ و زیاد کردنی داهاتی (ڕەیعی) پێویستە پیشەسازی کشتوکاڵی بە شێوەیەکی فراوان دابمەزرێت. (٢٩) ملیۆن دۆلار بۆ پیشەسازی کشتوکاڵی تەرخان کراوە کە ئامادە کردنەوەی کارگەی دۆشاوی تەماتەو ئاوی میوەجات لە حەریر یەکێکە لەم پرۆژانە. ئێستا کارگەیەکی بەرهەمهێنانی ڕۆنی ڕووەک لە ئاکرێ لەژێر بیناکردن دایەو لە نەخشەکەدا چەندین پرۆژەی دیکە هاتوون هەروەک:

دامەزراندنی ئاشێک و کارگەیەکی پسکویت لە سۆران و کوشتارگەیەک بۆ چارەسەر کردنی پاشماوەی گیانلەبەران لە هەولێر و کارگەی شیرەمەنی لە سۆران و ئاکرێ و سیمێل و، تاقیگەیەکی تەکنەلۆجیای خۆراک و کارگەیەکی ماددەی پێچانەوە لە هەولێر و ئاشێک لە دهۆک و یەک سایلۆ لە ئاکرێ.

**پێنجەم: کارەبا:-**

کەرتی کارەبا لە هەموو کەرتەکانی دیکە گیروگرفتی زۆرترە. کارەبا بۆ ئاو و نەخۆشخانەکان و بۆ ڕوناکی و خزمەتگوزاری دیکەی ناومالّ و بەتایبەتیش بۆ فێنک کردنەوە لە وەرزی گەرمی هاویندا زۆر پێویستە. هەروەها قوتابخانەو کارگەکان و زۆر لە خزمەتگوزاری یە گشتی ییەکان پێویستیان بە کارەبا هەیە.

هەردوو بەنداوی دوکان و دەربەندیخان سەرچاوەی سەرەکی کارەبای پارێزگای هەولێر بوون، بەلاّم لەلایەکەوە بەهۆی وشکەسالّی و، لەلایەکی دیکەشەوە لە ئاکامی ئەوەی (یەنک) ڕازی نەبووە بەشە کارەبای هەولێر کە ٤٨ ٪ی بەرهەمی بەنداوەکانە بدات، هەرچەندە حکومەتی هەرێم دوو بەرابەری جاران پارە بە بەڕێوەبەرایەتی کارەبای هەردوو بەنداوەکە دەدات، لە ئاکامی ئەوەدا پارسالّ قەیرانێکی کارەبا سەری هەلّداو ئەم سالّیش قەیرانەکە توندتر بوو.

تەنانەت پێش سالّی ڕابردووش زۆر بەلّگە بە دەستەوە بوون کە بەرهەمی هەردوو بەنداوەکە سەرچاوەیەکی بەردەوامی کارەبا بۆ هەولێر دابین ناکات و پچڕانی بەردەوامی تەزووی کارەبا هۆکاری سیاسی لە پشتەوە بوو. پارێزگای دهۆکیش هەر لەدوای ڕاپەڕینەوە گرفتی کارەبای هەیە.

بۆیە دەبوایە UNDP لەگەلّ جێ بەجێ کردنی بەرنامەی ٩٨٦دا نەخشەو پلانی پراکتیکی بۆ چارەسەر کردنی گیروگرفتی کارەبا دابڕێژێت. بەلاّم UNDP لە جیاتی بەرهەم هێنان، هەولّ و کۆششی خۆی ئاراستەی تۆڕەکانی گواستنەوەو دابەش کردنی کارەبا کرد کە لەم بوارەشدا تا ئێستا زۆربەی ئیش و کارەکان تەواو نەکراون. تەنانەت فەرمانگەی UNDP و تێکڕای فەرمانگەکانی UN لە ڕێگای موەلیدەی بچووکەوە کارەبا بۆ خۆیان دابین دەکەن.

کارەبای گشتی هەر ئەوەتا بەشی نەخۆشخانەکان و پرۆژەکانی ئاو و دروست کردنی بەفر لە هەولێر و دهۆک دەکات. کارەبای بازرگانیش کە لە موەلیدەی بچووکەوە دێتەبەرهەم بۆتە سەرچاوەی سەرەکی کارەبای مالاّن. ئەم موەلیدانە ئاو و هەوا پیس دەکەن و دەنگیان زۆرەو نرخی کارەباکەیان بۆ هاولاّتیان بەگران دەوەستێت.

تا ئێستا ٤٢٥ ملیۆن دۆلار لە چوارچێوەی بەرنامەی ٩٨٦دا بۆ کارەبا تەرخان کراوەو بەشی زۆری ئەو پارەیە بۆ وێستگەی لاوەکی و وێستگەی بەرهەمهێنانی دیزلی و موەلیدەو مەحەویلەو ئامرازی کارەبایی سەرف کراوە. ٣ وێستگەی لاوەکی دامەزراون و (٨)ی دیکەش لە قۆناغی دامەزراندن دان و، نەخشەکە (١١)وێستگەی لاوەکی دیکە لە خۆ دەگرێ. تا ئێستا ٤٤٣ موەلیدە گەیشتوون و هێلّێکی دیکەی ٣٣ کەی ڤی بە درێژایی ٣٢ کم لە نێوان هەولێر و ئیفراز لەسەر زێ ی گەورە ڕاکێشراوە.

لەلایەکی دیکەوە (٤) وێستگەی ٢.٢ مێگاواتی دامەزراون، بەلاّم بە شێوەیەکی ڕێک و پێک کارناکەن و، ئێستا (٢) وێستگەی ٢٩ مێگاواتی، یەکێکیان لە دهۆک و ئەوەی دیکەیان لە هەولێر لە ژێر دامەزراندندان و چاوەڕوانین ئەوەی دهۆک مانگی شوباتی ئایندە و ئەوەی دیکەشیان ئازاری داهاتوو بکەونە کار.

هەروەها UN بەناوی قۆناغی دووەم ڕەزامەندی لەسەر دوو وێستگەی هاوچەشنی دیکە داوە، بەڵام UNDP هیچ هەنگاوێکی بۆ جێ بەجێ کردنیان نەناوە، ئەمەش بە هیچ شێوەیەک قبوڵ ناکرێت چونکە بە ڕای ئێمە لەم بارودۆخەدا کورت ترین و سەرکەوتووترین ڕێگای دابین کردنی کارەبا بۆ هاووڵاتیان ئەم وێستگانەیە کە بە دیزڵ یا بە نەوتی ڕەش کار دەکەن. هەروەها دەبێ قۆناغی دووەم کە UN ڕەزامەندی لەسەر داوە جێ بەجێ بکرێ و داواکارین قۆناغی سێیەمیش کە حکومەتی هەرێم پێشکەشی کردووەو تا ئێستا ڕەزامەندی لێ نەدراوە، ڕەزامەندی لەسەر بدرێت، چونکە ئەمە کەمترین ئاستی پێویستی دابینکردنی چەند سەعاتێک کارەبای ڕۆژانەیە بۆ تەواوی هاووڵاتیانی هەرێم و پێویستە UN و یونۆکی و فەرمانگەی بەرنامەی عێراق لە UN بە تەنگ پێویستی یەکانی گەلەکەمانەوە بێن و، لە کاتی بڕیاردان لەسەر ئەنجامدانی پرۆژەکان لە کوردستانی عێراقدا ئەم پێداویستی یانە لە سەرووی هەموو ئیعتبارێکی دیکەوە دابنێن. ئەمە بەو مانایە نی یە کە ئێمە ڕێگاکانی دیکە پشت گوێ دەخەین و لە بەرنامەی ئەمساڵدا کڕینی زیاتر لە ٦٠٠ موەلیدەی ٥٠تا ٢٥٠ کیلۆواتی نەخشەی بۆ دانراوە.

لەلایەکی دیکەوە ئامادەیی خۆمان دووپات کردۆتەوە کە هەولێریش وەکو دهۆک بە تۆڕی کارەبای گشتی عێراقەوە گرێ بدرێت، بەڵام گرفتی کارەبا لە عێراقدا گرفتێکی گشتی یە. هەروەها UNDP خەریکە دیراسەتێکی سەرتاسەری بۆ دامەزراندنی وێستگەی بچوکی کارۆئاوی لە هەرێمدا ئامادە دەکات، بەڵام بەنداوی بێخمە گرنگترین پرۆژەی ستراتیژی یەو دەتوانێ جگە لە کۆکردنەوەی ئاو و چەندین سودی دیکە بۆ کوردستان و بۆ هەموو عێراق، کارەبای هەموو هەرێم دابین بکات، کەچی هێشتا ئەم پرۆژەیە ئامانجێکی دوورە دەستە.

**حەفتەم: شارەوانی:**

لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستان لە ڕووی کاول بوون و ڕاگواستنەوە مێژوویەکی کەم وێنەی هەیە، بۆیە مەڵبەندی پارێزگاکان و زۆر لە شارۆچکەکان بە شێوەیەکی خێراو نائاسایی فراوان بوونە، ئەمەش ئەرک و گوشارێکی زۆری خستۆتەسەر دابین کردنی خزمەتگوزاری یە گشتی یە سەرەکیەکان هەروەک ڕێگاو بان و ئاوەڕۆ و دەستەبەر کردنی ئاوی سازگاری خواردنەوەو ئامرازەکانی پاک کردنەوەی شارەکان لە زبڵ و ئاوی بەکار هاتوو. لە ڕاستیدا شارەکانی هەولێر و دهۆک و زاخۆ زۆر بە خێرایی فراوان بوونە، هەروەها سۆران و ئاکرێ بە شێوەیەکی بەرچاو گەشەیان کردووەو لە چاو چەند ساڵی ڕابردوو بە تەواوی گۆڕاون.

لەکاتێکدا کە پێویستە گوندەکان پەرەیان پێ بدرێ و زیاتر سەرنج ڕاکێش بکرێن بۆ ئەوەی کۆچی هاووڵاتیان لە لادێوە بۆ شار سنورێکی بۆ دابنرێت، لە هەمان کاتدا پێویستە خزمەتگوزارییە گشتی یەکان لە شارەکاندا بەشێوەیەکی بنەڕەتی چاکتر بکرێن.

٢١٥ملیۆن دۆلار لە داهاتی بڕیاری ٩٨٦، لە فێزی یەکەمەوە تا فێزی هەشتەم، بۆ چاکتر کردنی خزمەتگوزاری شارەوانی گشتی تەرخان کراوەو خزمەتگوزاری دابین کردنی ئاو بەشی هەرە گەورەی ئەو داهاتەی بەر کەوتووەو، تا ئێستا لەم بوارەدا ئەمانەی خوارەوە جێ بەجێ کراون:-

- چاککردنەوەو گۆڕینی ٣٧٨ ماتۆڕ و ئامرازی کارەبایی بنچینەیی.
- دامەزراندن و چاککردنەوەی ٢٣٠ ترۆمپای ئاو و دەزگای پاک کردنەوەی ئاو بەکلۆر.
- چاککردنەوەو ڕاکێشانی ٩٢ کیلۆمەتر تۆڕی بۆڕی یەکانی ئاو.

هەروەها ٧٦ تانکەری ئاو و ئۆتۆمبێلی خزمەتگوزاری تەندروستی وەرگیراون و ٧٩ ئۆتۆمبێلی دیکەش چاک کراونەتەوە.

نزیکەی ٢٠ کم کەناڵی زێرابی داپۆشراو ئەنجام دراوەو ٦٠٠ کارمەندیش لەسەر چاککردنەوەو پاراستنی پرۆژەکانی ئاو و تەندروستی ڕاهێنراون. زیاتر لە (١٧٠٠)تەن ماددەی پاک کردنەوەی ئاو گەیشتۆتە هەرێم.

پرۆژەکانی کەرتی شارەوانی کە لەژێر جێ بەجێ کردندان:-

چاککردنەوەو گۆڕینی ١٠٣ ماتۆڕ و دامەزراندن و چاککردنەوەی ٣١ ترۆمپاو دەزگای پاک کردنەوەی ئاو بە کلۆر و ڕاکێشان و چاککردنەوەی ٥٨کم بۆڕی ئاو. ((٦٦)) تانکەری ئاو و ئۆتۆمبیلی پاککردنەوە لە قۆناغی وەرگرتن و چاککردنەوە دان. هەروەها ١١ کیلۆمەتر زێراب دێتە دامەزراندن و ١٧٧ کارمەندیش لەسەر پاراستنی پرۆژەکانی ئاو و پرۆژەکانی تەندروستی ڕادەهێنرێن و (٣٧٤) تەن لە مادەی چارەسەر کردنی ئاو خەریکە وەردەگیرێت.

یەکێک لە پرۆژە گرنگەکان ڕاکێشانی هێلێکی تازەی گواستنەوەی ئاوە بە توانای (٣)ملیۆن لیتر لە سەعاتێکدا لە ئیفرازەوە بۆ هەولێر، هەروەها دامەزراندنی حەوزێکی (٦٠) ملیۆن لیتری ی ئاوی خواردنەوە لە شوێنێکی بەرزی نزیک شاری هەولێر کە بتوانێ بەبێ ترۆمپا ئاوی پێویست بۆ هەموو ماڵ و فەرمانگەکانی هەولێر دابین بکات. هەروەها دامەزراندنی بۆڕی یەکی تازەی ئاو بە توانای (١) ملیۆن لیتر لە سەعاتێکدا لە چەمی بەرەکاتەوە بۆ دهۆک. ئەم دوو پرۆژەیە دەتوانن گیروگرفتی هەردوو شارەکە بە شێوەیەکی بنەڕەتی چارەسەر بکەن.

نەخشەکە بۆ ئایندەیەکی نزیک ئەم پرۆژانە لە خۆوە دەگرێت:-

کڕینی ٢١٧ تانکەری ئاو و ئۆتۆمبێلی پاک کردنەوە، دامەزاندنی ٧٥کم ئاوەڕۆی ئاوی بەکار هاتوو، ڕاکێشان و چاککردنەوەی ٨٠کم بۆڕی ئاو، کردنەوەو قیرتاو کردنی ٨٠کم ڕێگای ناوخۆ، چەندین پرۆژەی تەواو بۆ دابین کردنی ئاو و قیرتاوکردنی ڕێگاو دامەزراندنی کەناڵی زێراب بۆ (١٠) هەزار خێزان. دروست کردنی ٨٠ باغچەی بچوک و کردنەوەی ٦،٥کم شەقامی ٦٠مەتری لە هەولێر.

مەبلەغی (٨٣)ملیۆن دۆلار بۆ سیستەمی زێرابی ئاوی قورس لە هەولێر و دامەزراندنی کارگەیەکی پاک کردنەوەو پاڵاوتنی ئەم ئاوە تەرخان کراوە. هەروەها چەندین پرۆژەی دیکەش دیراسەت دەکرێن هەروەک پرۆژەیەکی سەرەکی ئاو لە ئاکرێ و ڕاکێشانی ئاو لە دێرەلوکەوە بۆ ناوچەی سپنە.

**هەشتەم: ئاوەدانکردنەوەی لادێ و یارمەتیدانی ئاوارەو ڕاگوێزراوەکان:**

لە ماوەی ٤٠ ساڵی ڕابردوو و بە تایبەتیش لە هەشتاکاندا لادێکانی کوردستان دووچاری پرۆسەیەکی سەرتاسەری وێرانکاری و ڕاگواستن و پچڕانی شیرازەی ژیانی ئاسایی بوونەتەوەو لەم ماوەیەدا زیاتر لە ٤٥٠٠گوند لە کۆی ٥٠٠٠ گوندی کوردستان تەخت و خاپور کراون. لە ئاکامی وێرانکردنی گوندەکان و دەرکردن و ڕاگواستنی دانیشتوانیان ژمارەی دانیشتوانی شارەکان بەشێوەیەکی خێراو ناهاوسەنگ زیادی کردووە، ئەمەش گوشارێکی زۆری کردۆتەسەر خزمەتگوزاری یە شارستانی یە گشتیەکان.

هێشتا خێزانێکی زۆر لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان و بەتایبەتیش لە شارەکاندا ئاوارەو دەربەدەرن و ئاستی بژێویان نزم و ناشایستەیە. بەشێک لەو خێزانانە لە گەڕاوەکانی ئێرانن و هەندێکیان ڕاگوێزراو و دەرکراوی شەڕی ناوخۆن و هەندێکی دیکەشیان ئاوارەی کەرکوک و شوێنە تەعریبکراوەکانی دیکەن. بۆ گەڕانەوەی ئەو ئاوارانە بۆ شوێنەکانی خۆیان و چارەسەر کردنی دیاردەی کۆچ کردن لە لادێوە بۆ شار دەبێ هەوڵ و کۆششێکی زیاتر بدرێ. دەکرێ بۆ زۆر لە خێزانەکانی کوردستان ژیانی لادێ لە ژیانی شار خۆشتر و ئاسودەتر بکرێ ئەگەر خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان و هۆیەکانی ئاسودەیی بۆ ئەو خەڵکە مسۆگەر بکرێ.

ژمارەیەکی زۆر لە گوند و کۆمەڵگاکانی لادێ ئاوەدان کراونەتەوەو دەیان هەزار خێزان لەو گوندانەدا نیشتەجێ کراون، بەڵام بۆ ئەوەی ژیانی لادێ پشتگیری و چاکتر بکرێ و بۆ ئەوەی سەرنج ڕاکێشتر و بە بەرهەمتر بێ پێویستە هەوڵێکی زیاتر لەم بوارەدا بدرێ. تەنها دابین کردنی خانوویەکی ساکار و سەرچاوەیەکی ئاو بۆ ئەو خێزانانەی لە گوندەکاندا دەژین و، تەنانەت دەستەبەر کردنی قوتابخانەو بنکەی تەندروستی و کردنەوەی ڕێگاوبانیش بەس نییە. گوند نشینەکان چاویان لەوەیە دەرفەتیان هەبێ کە داهاتی بەروبومەکانیان زیاد بکەن و ئاستی بژێوی خۆیان بەرز بکەنەوە، پێویستیان بەوە هەیە خزمەتگوزاری پەروەردەیی زیاتریان پێشکەش بکرێ بە دابینکردنی قوتابخانەی ئامادەییشەوە، ڕێگاوبانی زیاتر و باشتریان دەوێ بۆ ئەوەی بەرهەمەکانیان بگەیەننە بازارەکان و بەشێوەیەکی ئاسانتر دەستیان بگاتە ئەو خزمەتگوزارییە پزیشکی یە پێشکەوتووەی کە تەنها لە سەنتەری شارەکاندا هەیە. دەبێ دابین کردنی کارەباو پەیوەندی تەلەفۆنی و شوێنی حەوانەوەی باشتر لە گوند و لادێکاندا نەخشەیان بۆ بکێشرێت.

کارێکی زۆر لە بواری ئاوەدانکردنەوەی گوندەکاندا جێ بەجێ کراوە، بەڵام هێشتا زۆری تر ماوە کە بکرێ. هەر لە فێزی یەکەمەوە تا فێزی هەشتەم (١٥٥) ملیۆن دۆلار لە داهاتی بڕیاری ٩٨٦ بۆ پشتگیری کردنی خێزانە ئاوارەو ڕاگوێزراوەکان تەرخان کراوە کە زۆربەی پرۆژەکان لە گوند و لادێکاندان.

تا ئێستا ئەمانەی خوارەوە ئەنجام دراون:-

٥٠٠٠ خانوو، ٤٤٠ شوێنی پاکژی، ١٤٧ قوتابخانە، ٩,٥ کم ئاوەڕۆ، زیاتر لە ٥٠٠کم ڕێگای فەرعی، ئەمانە سەرەڕای چەندین پرد و بنکەی تەندروستی و بەیتەری.

هەروەها ئەم پرۆژانەی خوارەوە لە ژێر جێبەجێ کردندان:-
۳۰۰۰ خانوو، ۲۰۹ پرۆژەی ئاو، ۲۰۰ شوێنی پاکژی، ۳٦٦ قوتابخانە، زیاتر لە ۱۸کم ئاوەڕۆ و ٦۰۰ کم ڕێگای فەرعی.

هەروەها بۆ ئایندەیەکی نزیک چەندین نەخشە لەبەر دەستدایە بۆ دروست کردنی:
۷۰۰۰ خانوو، ۸۰ پرۆژەی ئاو، ٦۰ قوتابخانە، ۱۲۰۰ کم ڕێگای فەرعی و ژمارەیەکی زۆر لە شوێنی پاکژی، ئەمانە وێڕای چەندین باڵەخانەی خزمەتگوزاری گشتی و پرۆژەی بەرهەمهێنان بۆ پەرە پێدانی داهاتی لادێ.

بۆ تەواو کردنی ئیش و کارو پرۆژە گرنگەکان لە لادێدا پێویستیمان بە ئامێری قورس و ئامرازی دیکە هەیە، بۆ ئەم مەبەستەش چەندین پێشنیار پێشکەش بە ئاژانسە پەیوەندیدارەکانی UN کراون.

هەروەها ڕاهێنان و ئامادە کردنی کادیرانی ناوخۆ بۆ چاکتر کردن و پەرەپێدانی خزمەتگوزارییەکان لە لادێ دا، هەروەک پاراستنی پرۆژەکانی ئاو و پرۆژەکانی تەندروستی کارێکی گرنگەو دەبێ بایەخی پێ بدرێ.

**نۆیەم: ژێرخان-ڕێگای هات و چۆ:-**

ژمارەیەکی زۆری ڕێگاو بان دروست کراون کە گوندەکان بە ڕێگا گشتی یەکانەوە دەبەستنەوەو زۆر ڕێگای دیکەی لەم جۆرەش لە نەخشەدا هاتوون. هەروەها زۆر لەو ڕێگا فەرعی یانەی لەگەڵ ڕێگا سەرەکی یەکان یەک دەگرنەوە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە چاک کراونەتەوە، بەڵام دەبێ بایەخێکی زیاتر بە ڕێگاو بانەکان بدرێت بۆ ئەوەی خەرجی گواستنەوە کەم بکرێتەوەو، دەبێ سەلامەتی گشتیش چاکتر بکرێت.

لەم دوایی یەدا بابەتی ڕێگاوبانە سەرەکی یەکان خراونەتە ناو بەرنامەی ۱۹۸٦دا، کە بۆ جێ بەجێ کردنی خودی بەرنامەکە پێویستن.

لەم دوایی یەدا حکومەتی هەرێم چەندین پرۆژەی ڕێگاوبانی سەرەکی پێشنیار کردووە کە (٤۰) ملیۆن دۆلاریان تێدەچێت و دەبێتە هۆی چاکترکردنی ڕێگا سەرەکی یەکانی نێوان مەڵبەندەکانی دانیشتوان لە هەرێمدا. ئەم پێشنیارانە زۆر پرۆژە لەخۆ دەگرێت، هەروەک کردنەوەی ڕێگایەکی تازە لە نێوان هەولێر و دهۆک (هەولێر-ڕۆڤیا- مرێبا- هێتوت- دهۆک) کە ماوەکە کورت دەکاتەوەو بە ناوچە شاخاوی و نیمچە شاخاوی یەکاندا تێ ناپەڕێت . هەرەوەها دامەزراندنی چەندین پردی سەرەکی لەسەر زێی زابی گەورە نەخشەیان بۆ کێشراوە.

پێشنیارەکان کڕینی (۱۰۹) ئامێری سەنگینی ڕێگاوبان و ئامراز و کەل وپەلی پێویست بۆ دروست کردنی ڕێگاوبان و پردەکان لە خۆوە دەگرێت، هەروەها دامەزراندنی ۹۷ کیلۆمەتر ڕێگای تازە و قیرتاو کردنی (۳۷۹) کیلۆمەتر ڕێگا لە نەخشەکەدا پێشنیار کراون.

**ژێرخان- پەیوەندی تەلەفۆنی:-**

دابینکردنی سیستەمێکی گونجاوی پەیوەندی تەلەفۆنی یەکێکە لە پێویستیەکانی ژیانی ڕۆژانە، جا چ بۆ خزمەتگوزاری یە گشتی یەکانی ڕۆژانەو چ بۆ جێ بەجێ کردنی بڕیاری ٩٨٦. ئێستا تەنها لە هەندێک شاری سەرەکیدا تەلەفۆن هەیە، هەرچەندە زۆر کۆن و شڕن و کاتیان بەسەر چووە، بۆیە حکومەتی هەرێم بڕیاری دا چاوەڕێ ی بەرنامەی ٩٨٦ نەکات و لە بودجەی خۆی هەردوو بەدالەی هەولێر و دهۆک بگۆڕێت و چاوەڕوانین پێش کۆتایی ئەمساڵ پرۆژەکە جێ بەجێ بکرێت.

دوای چاوەڕوانی یەکی زۆر سەرەنجام UN ڕەزامەندی دا لەسەر دامەزراندنی تۆڕێکی تەلەفۆن لە هەرێمدا کە فراوانکردنی تۆڕی تەلەفۆنی هەولێر و دهۆک و بەستنەوەی پارێزگاو شار و شارۆچکەکان لە ڕێگەی ٩ وێستگەی مایکرۆوێڤ و دابینکردنی پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ دەرەوەی هەرێم لەخۆوە دەگرێ و، بۆ ئەم مەبەستەش لەم فێزەدا ٣٦ ملیۆن دۆلار تەرخان کراوە. هەروەها ئاژانسی ITU کە سەربە UNـە بۆ هەمان مەبەست ئاگادار کراوەتەوەو نیاز وایە سیستەمێکی تەلەفۆنی دەستیش دابمەزرێت.

**ژێرخان- گواستنەوەی گشتی:-**

بوونی شێوازێکی چالاک و ئاسان و خێرای گواستنەوەی گشتی لەناو شارەکان و لەنێوان شارەکاندا، هەروەها لە نێوان شارو لادێکاندا زۆر پێویستە.

ئەو پاسانەی کە هەن زیاتر لە ١٠ ساڵە کاردەکەن و دەبنە مایەی پیس بوونی کەش و هەواو سوتەمەنی یەکی زیاتر سەرف دەکەن.

حکومەتی هەرێم پێشنیاری کردووە (٢٣) ملیۆن دۆلار لە بەرنامەی ٩٨٦ تەرخان بکرێ بۆ کڕینی زیاتر لە ٣٠٠ پاس و ٣٠ لۆری بار هەڵگر و بۆ بینا کردنی دوو گەراج.

دەیەم: چالاکی تایبەت بە هەڵگرتنەوەی مین:-

بەشێوەیەکی گشتی مین و تەقەمەنی یەکی زۆر لە کوردستاندا بلاو بوونەتەوە کە هێشتا نەتەقێنراونەتەوەو گیروگرفتێکی گەورەیان دروست کردووە بە تایبەتیش لەو ناوچە گوند نشینانەی کە ئاوەدان دەکرێنەوە.

ژمارەی ئەو مینانەی کە لە کوردستان چێنراون بە زیاتر لە دە ملیۆن مین دەخەملێنرێت و، لە ڕێگای بەرنامەی (٩٨٦)ـەوە هەوڵ دەدرێت شوێنی مینەکان دەستنیشان بکرێت و نیشانەی لەسەر دابنرێت و هاووڵاتیان و بەتایبەتیش قوتابیان لە مەترسی مین زیاتر هۆشیار بکرێنەوە.

هەروەها هەڵگرتنەوەی مین و چاکترکردنی چارەسەر کردنی قوربانیانی تەقینەوەی مین و ڕەخساندنی خزمەتگوزاری دیکە بۆیان هەوڵی بۆ دەدرێت. لە ماوەی ٨فێزی بەرنامەی ٩٨٦دا ٤٦ ملیۆن دۆلار لەلایەن (UN)ـەوە بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کراوە. پرۆژەی هەڵگرتنەوەی مین بەو شێوازەی کە تا ئێستا پەیڕەو کراوە کاتێکی یەکجار زۆر دەخایەنێت و هاووڵاتیان ڕەخنەیەکی

زۆر لە بەڕێوەچونی لەسەرخۆی پرۆسەکەو شێوازی (UNOIPS) بۆ هەڵگرتنەوەی مین دەگرن. بەهەر حاڵ دەسکەوتە کەمەکانی ئەم ڕێکخراوە بەراورد ناکرێت لەگەڵ ئەو پارە زۆرەی کە بۆ ئیش وکارەکانی تەرخان کراوە.

یەکێک لە هۆیە سەرەکیەکانی سەرنەکەوتنی UN0IPS لە هەڵگرتنەوەی مین لە ساڵانی ڕابردوودا ئەوە بووە کە بەرەو ڕووی حکومەت نەکرابووەوە، بەڵام پێش چەند مانگێک ئەم ڕێکخراوە ڕووی لە وەزارەتی مرۆڤایەتی کردووە بۆ هاوکاری کردنی لە ئەنجامدانی ئەرکەکانیدا. ئومێدەوارین ئەم هاوکاریە بەرهەمی چاکی لێ بکەوێتەوە.

گیروگرفت و کۆسپەکانی سەر ڕێگای جێ بەجێ کردن:

بەرنامەی ٩٨٦ لە مێژووی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بێ هاوتایە، بەتایبەتیش لە بواری جێ بەجێ کردنی بەرنامەکە لە کوردستاندا کە ئاژانسەکانی سەربە UN ئەم ئەرکەیان پێ سپێردراوە، بەڵام دوای ئەوەی بەرنامەکە لە نەوت بەرامبەر خۆراکەوە بووەتە نەوت بەرامبەر هەموو شتێک و، لەژێر ڕۆشنایی زیاد بوونی بەرچاوی داهاتەکان لە فێزی هەشتەمەوە ئاژانسەکانی UNبەبێ هاوکاری توند و تۆڵ و ڕۆژانەو بەردەوامی حکومەتی هەرێم و وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتی یە گشتی یەکانی و، ئەگەر بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ پەنا نەبەنە بەر بەڵێندەرانی ناوخۆ ناتوانن بە تەنها بەرنامەکە جێ بەجێ بکەن. ئاژانسەکانی UN بەپلەی جیاواز لەم ڕاستی یە گەیشتوون، بۆیەش هەڵس و کەوتیان لەم بوارەدا جیاوازە.

١- ئاژانسەکانی UN بەگشتی پێویستیان بەوە هەیە کە ئاوڕێک لە وەزعی خۆیان بدەنەوەو، بە هێنانی ژمارەیەکی زیاتری کارمەندی نێودەوڵەتی خۆیان بەهێزتر بکەن، بەڵام دەبێ ئەو کارمەندانە شارەزاو خاوەن ئەزموون بن و بتوانن جڵەوی ئیش وکارەکان بگرنە دەست و کادیری خۆماڵی ڕابهێنن و ئامادەی بکەن بۆ گرتنە ئەستۆی ئیش وکارەکان و بەڕێوەبردنی پرۆژەکان دوای تەواو بوونیان. هەروەها ئاژانسەکان بەهاوکاری لایەنە پەیوەندارەکانی حکومەتی هەرێم پێویستیان بە دامەزراندنی ژمارەیەکی زیاتری کارمەندی خۆماڵی هەیە.

٢- بۆ ئەوەی بەرنامەی ٩٨٦ ئامانجەکانی گەلەکەمان دەستەبەر بکات دەبێ ئاژانسەکانی UN لەگەڵ وەزارەت و فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێم هاوکاری یەکی زیاتر و کاریگەرتریان هەبێ. ئێمە بۆ بەدیهێنانی ئەم هاوکاری یە ئامادەیی تەواومان هەیەو، ئاژانسەکانیش ئەگەر بیانەوێ ئامانجەکانی بەرنامەکە وەدی بهێنن دەبێ هەمان هەڵوێستیان هەبێ.

پێویستە دەرفەت بە وەزارەت و فەرمانگەکانی حکومەت بدرێت بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی کاریگەرتر بەشداری لە نەخشەکێشان و پەرەپێدان و جێ بە جێ کردنی پرۆژەو چالاکی یەکاندا بکەن. ئێمە پێشوازیمان لە پێشنیاری دامەزراندنی بانێکی هاوبەش بۆ کارکردنی شارەزایانی هەردوولا کرد و لەگەڵ چەند ئاژانسێکدا خەریکین جێ بە جێی دەکەین.

٣- دەبێ دەسەڵاتێکی فراوانتر بە نوێنەرانی ئاژانسەکان لە هەرێمدا بدرێت بە تایبەتیش لە بواری سەرفدا، بۆ ئەوەی بتوانن بە پەلە جموجۆڵ بکەن. گەڕانەوەی ئاژانسەکان لە هەموو مەسەلەیەکی ورد و درشتدا، بۆ مەڵبەندەکانی خۆیان کە لە سەرتاسەری جیهاندا بڵاوبوونەتەوە، کۆسپێکی گەورەی بەردەم جێ بەجێ کردنە. ئەمڕۆ زیاتر لە هەر ڕۆژێکی دیکە پێویستیان بەو دەسەڵاتە هەیە بەتایبەتیش کە بەرنامەکە زۆر فراوان بووە.

٤- لەسەر ئاژانسەکانی UN پێویستەکە شەفافیەتی زیاتریان هەبێت و کەمتر بە نهێنی لەگەڵ زانیاریەکانی تایبەت بە بەرنامەکە هەڵسوکەوت بکەن، ئەمەش یارمەتیمان دەدات بۆ ئەوەی بزانین لەکوێ وەستاوین و بەرەو کوێ دەڕۆین و ئایا بە خێرایی یەکی گونجاو بەرەو پێشەوە هەنگاو دەنێین؟

٥- بۆ بەرەنگار بوونەوەی ئەو ئەرکە مەزنەی کە بەهۆی زیاد بوونی گەورەی داهاتی بەرنامەی (٩٨٦)ەوە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە، لەسەر ئاژانسەکانی UN پێویستە نەک تەنها تواناکانی خۆیان فراوانتر بکەن، بەڵکو سوود لە وزەو توانای دەزگاکانی حکومەتی هەرێم و کەرتی تایبەتیش وەربگرن. بۆ هەموو لایەک ئاشکرا بووە کە بەڵێندەری ناوخۆ دەتوانێ ماددەو کەرەستەی تایبەت و دەگمەن (متمیز) بە مواصفاتی پێویست و بە نرخێکی کەمترو لە ماوەی چەند مانگێکدا وەدەست بێنێت، لە جیاتی ئەو ماوەیە زۆرەی کە پێویست دەبێت بۆ هێنانی ئەو کەرەستانە لە ڕێگەی سەنتەرە سەرەکی یەکان و کارە بیرۆکراتیەکانەوە.

٦- داهاتێکی بەرچاو دەبێ هاتبێتە سەر حسابی ١٣٪ وەکو قازانجی مانەوەی داهاتی ئەو حسابە لە بانک لە نیویۆرک. چەندین جار داوامان کردووە کەلە قەبارەی ئەو قازانجە ئاگادار بکرێین، بەڵام هێشتا ئاگادار نەکراوین. تەنها بە زارەکی گوتوویانە کە ٥٤ ملیۆن دۆلار لە حسابی ٢.٢٪ هەیە کە بەشی مەساریفی UN خراوەتەوە سەر حسابی ١٣٪ چونکە زیادە لە خەرجی ئاژانسەکانی UN.

٧- هەڵبەتە هەرچی داهاتی کە دێتە سەر حسابی ١٣٪ بەشی هەرێمی کوردستانەو پێویستە داکۆکی لەسەر ئەوە بکرێت کە دەبێ بۆ پرۆژکانی هەرێم خەرج بکرێ، تەنانەت پاش کۆتایی هێنانی بەرنامەی ٩٨٦یش. هەروەها پێویستە UN بەشی هەرێمی کوردستان، واتە ١٣٪ لە داهاتی نەوت بۆ میللەتەکەمان زامن بکات پاش تەواوبوونی بەرنامەی ٩٨٦.

هاندانی UN بۆ چاکتر کردنی جێ بەجێ کردنی بەرنامەی ٩٨٦ ئەرکێکی گەورەی حکومەتی هەرێمە. ئەرکێکە ناچارین پەسندی بکەین چونکە ئێستاو لە ئایندەشدا ئێمە ڕاستەوخۆ بەرپرسی خۆشگوزەرانی و ئاسودەیی گەلەکەمانین.

وەزارەتەکانمان ئیش وکاری خۆیان چاکتر ڕادەپەڕێنن، بەڵام پێویستە ئەرکەکانی خۆیان لە ڕووی توێژینەوەو پلانداناندا باشتر لە جاران ئەنجام بدەن، دەبێ کێشەی خۆیان بەشێوەیەکی ڕێکترو کاریگەرتر پێشکەش بکەن بۆ ئەوەی UN هان بدەن کە بەپێ ی بەرژەوەندی یەکانی میللەت

ئەرکەکانی خۆی ئەنجام بدات، بەتایبەتیش کە لە ڕێگەی تۆڕی ئەنتەرنێتەوە دەتوانن زانیاری دەربارەی هەموو لایەنەکانی ٩٨٦ و کەل و پەل و نرخەکانیان بە دەست بێنن.

هیوا و ئامانج ڕەنگە جێ بەجێ کردنی بەرنامەی ٩٨٦ دوو ساڵ یا سێ ساڵی دیکە بخایەنێت بەتایبەتیش ئەگەر داهاتی فیزیکی دیکەی بخرێتە سەر.

لەو باوەڕەداین بە پشت بەستن بەو بەرنامەیەو ئەو بەرنامانەی کە حکومەتی هەرێم لە داهاتی خۆیەوە ئەنجامیان دەدات، ژیانی هاووڵاتیان بەگشتی بەرەو پێش چووەو ئاستی بژێویان باشتر بووەو، ئامارەکانی UNیش ئەو ڕاستیە دەسەلمێنن. زۆر گرنگە کە ئەم پێش وەچونە سەرتاسەری بێت و تەنها توێژێکی دیاریکراو نەگرێتەوە.

مافی خۆمان و هەموو خێزانێکی گەلەکەمانە کە چاومان لە پێشکەوتنێکی زیاتر بێت لە هەموو بوارەکانی ژیاندا. مافی هەموو لایەکمانە چ لە ڕێگای بەرنامەی ٩٨٦، یا لە ڕێگای بەرنامەی حکومەتی هەرێم، یا لە ڕێگای کەرتی تایبەتیەوە بۆ بەدیهێنانی شوێنێکی حەوانەوەی گونجاو هەوڵ بدەین. چاومان لەوەیە کە هەموو خێزانێک بەشی خۆی لە ئاوی زوڵاڵ بۆ دابین بکرێت و کارەبای بەردەوامی هەبێت و هەر منداڵێک لە شیری یەوە تا قۆناغی ئامادەیی لە قوتابخانەیەکی ڕێک وپێک و گونجاودا بخوێنێت.

هیوامان وایە هەموو هاوڵاتیەک دەستی بگات بە نەخۆشخانەی هاوچەرخ و داو ودەرمان و چارەسەری گونجاوی بۆ دەستەبەر بکرێت.

دەمانەوێ هەموو مانگێک دەرفەتی کار کردن لە بوارەکانی چاندنی هاوچەرخ یا بەخێو کردنی گیانلەبەر یا پیشەسازی یا بیناکردن یا وەزیفەی خزمەتگوزاری یا بازرگانی یا لە پیشەی جۆراوجۆردا بۆ هاووڵاتیان مسۆگەر بکرێت بۆ ئەوەی ژیانێکی ئاسودەو سەرفراز بۆ خۆیان وخێزان و کەس وکاریان دابین بکەن.

هەروەها مافی هەموو خێزانێکە لە کوردستان، چ لە شار و چ لە لادێدا، کە لە کەش و هەوایەکی ساغ و دروست و لەباردا بژی. دەمانەوێ شارەکانمان پاک و خاوێن و جوان بن، ئاوەڕۆ و شەقامی قیرتاوکراو و ڕێک وپێک و شۆستەی بەدار چێنراو و باخچەو پارکی جۆراوجۆریان هەبێت.

دەمانەوێ گەلەکەمان ژیانێکی ئاسودەو سەقامگیر ودوور لە ترس و نیگەرانی، لەژێر چەتری ئازادی و دیموکراسی و ئاشتیدا بەسەر ببات.

ئەمەیە بەرنامەی حکومەت و ئەو ئامانجانەی کە نەخشەیان بۆ دەکێشین و هەوڵی بەدیهێنانیان دەدەین.

من دەمەوێ بەناوی سەرۆکایەتی حکومەت بە تایبەتی سوپاسی جەنابی کاک مەسعود بارزانی بکەم کە ئامادەبوو کاتێکی یەکجار زۆریش بوو، هەر ئامادەبوونی بەرێزیان لە پەرلەمان و گوێگرتن لە ڕاپۆرتی حکومەت نیشانەی پشتگیری بەرێزیانە کە بێگومان بەبێ ئەو پشتگرییەی حکومەتی هەرێم ناتوانێ سەرکەوتن بەدەست بێنێ، من دیسان هەر لە پەرلەمانەوە دەمەوێ

سوپاسی هەموو وەزیرەکان بکەم ئەوانەی کە لە ماوەی ئەم ساڵەدا کاریان کردووە لە کابینەی چوارەم و پێشتریش، بێگومان ئەوانەی کە بەدەست هاتووە ئەنجامی هەوڵ و کۆشش و ماندووبوونی ئەوانە هیوادارم بەردەوام بن لەسەرووی هەمووانەوە سوپاسی بەڕێز کاک سامی کە لە ڕاستیدا لەو ماوەیەدا زۆر ماندوو بووەو جەنابی کاک شەوکەت شێخ یەزدینیش کە بە ڕاستی ڕۆڵێکی یەکجار زۆریان هەبووە لەگەڵ ئێمەدا بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکان، دەمەوێ سوپاسیان بکەم سوپاسی ئێوەش بکەم داواش دەکەم کە لەمەو پێشیش باسم کردووە پەرلەمان زیاتر ڕۆڵی خۆی ببینێ، بێگومان ڕۆڵ دیتنی پەرلەمان وچاودێری زیاتر لەسەر کاروباری حکومەتی هەرێم ئێمە دەتوانین دەستکەوتی زیاتر بۆ گەلەکەمان بەدەست بێنین. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاسی بەڕێز کاک نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین بۆ ئەو ڕاپۆرتە تێر و تەسەلەی لە بارەی چالاکیەکانی حکومەت کە پێشکەشی کرد، بە تایبەتی ڕاپۆرتی چالاکیەکانی کابینەی چوارەم کە چالاکیەکی دیار و بەر چاوی خستە ڕوو لە بەرهەمەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەروەها ڕووناکیەکی تەواوی خستە سەر بڕیاری ٩٨٦ جێبەجێ کردنی لە هەرێمی کوردستاندا و ڕۆڵی حکومەتی هەرێم لەو پرۆسەیەدا و بۆچونەکانی. ئەو ڕاپۆرتە لە ڕاستیدا ئاسان کاریەکی دیار دەبێ بۆ کاری لیژنەکانی پەرلەمان و ئەرکیشیان دەخاتە سەر شان بۆ بەدواداچون و هەڵسەنگاندنی ئەو پرۆژانەی کە پێشنیار کراون و ئەوانەش کە ئەنجام دراون، لەبەر دوور و درێژی ڕاپۆرتەکە و بۆ ئەوەی لە دواییدا ئەندامان بە ئارامی پرسیارەکانیان ئاراستەی ئەنجومەن بکەن، ئێستا پشوێکی کەم دەدەین پاشان دانیشتنەکەمان دەست پێ دەکەینەوە، سوپاس.

# دوای پشوو

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەردەوام دەبین لەسەر دانیشتنەکەمان ،دانیشتنی ئێستامان بۆ ئەوەیە ئەگەر ئەندامانی پەرلەمان پرسیارێک یان تێبینیەکیان هەبێ لەبارەی ئەو دوو ڕاپۆرتەی کە لە لایەن سەرۆکی حکومەت پێشکەش کرا، تاکو ئاراستەی بکرێت و ئەویش وەلامیان بداتەوە ،داوا لەو بەڕێزانە دەکەین کە تێبینیان هەیە دەستیان بەرز بکەنەوە تاکو ناویان بنووسین، داواشم ئەوەیە کە ئەو پرسیارەی دووبارە دەبێتەوە نەکرێن. بەڕێز کاک فرەنسۆ .

**بەڕێز فرەنسۆ هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەمویست ئەگەر برادەران قسەکانیان بکەن لەوانە بوو من هەر قسەم نەبێ داوام وایە من لەکۆتایدا قسە بکەم .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخێرهاتنی جەنابی کاک نێچیرڤان بارزانی و برا وەزیرەکان دەکەم ،زۆر بە سوپاسەوە گوێمان گرت لەو راپۆرتە دور و درێژەی ئەنجومەنی وەزیران، من حەزم دەکر تەنها پرسیارم نەکردایە، ئەو کار و ئیشە جوانەی کە ئەنجومەنی وەزیران کردویەتی لەماوەی سالّی رابردوو دا سەبارەت بەخۆمەوە پشگیری دەکەم و ئەوپەڕی رێز و ئحترامیشم بۆیان هەیە.لەگەڵ ئەوەشدا دووسێ شتمان هەیە بۆئەوەی کارەکانمان باشتر بروا بەرێوە، زیاتر گرنگی بدرێ بە گرفت و کێشەکانی گەلەکەمان ، من وای بۆ دەچم کە ئەنجومەنێک یان وەزارەتێکمان هەبێ بۆ نەخشەدانان لە هەرێمی کوردستان لەبەر ئەوەی زۆر پێویستمان پێیەتی،هەروەها ئەنجومەنێکی خدمە کە حسابێکی بۆ بکرێ تاکو عەدالەتێک هەبێ لە دامەزراندن لە کوردستاندا، پێم خۆشە زیاتر گرنگی بدرێ بە کێشەی هاولاتیان، لەراستی دا گرنگیشی پێ دراوە، هەندێ شەربحەمان هەیە لە کۆمەڵگای کوردەواری کە بەراستی پێویستیان بە گرنگی پێدان هەیە، یەکێ لەوانە خانەنشینان ،بە تایبەتی ئەوانەی خانەنشینی حکومەتی مەرکەزین، ئەوە بەرەو دەیەمین ساڵ دەرۆین کە راپەرین رووی داوە حەقە چاوێکمان لێیان بێت لەبەر ئەوەی زۆربەیان ناچن راتب وەرگرن ، و باری ژیانیان باش نییە، جا بە دابین کردنی منحەیەک بێت کە ساڵانە ماوە ماوە پێیان بدرێ ، یان دەبێ کێشەکەیان چارە بکرێ پێم خۆشە بۆ جوتیارەکانیش چاوێکمانْ لێیان بێت ،خۆمان دەزانین کە باریان چۆنە و پێویستیان بە یارمەتی هەیە. پێم خۆشە چاوێک بخشێندرێتەوە بە کێشەی خێزانی شەهیدان کە ئێمە مانگانە ٢٥٠ دیناری براوەیان پێدەدەین هەندێکیان خاوەن خێزانێکی زۆرن منداڵیان هەیە باری ژیانیان پێویستی بەوە هەیە کە چاوێک بەو برە بخشێندرێتەوە،کێشەی کارەباو ئاو وابزانم کە ئەنجومەنی وەزیران گرنگیەکی باشی پێداوە راستە کە بەستراوەتەوە بە بریاری ٩٨٦ بەلام هێشتا پێویستمان بەوەیە کە گرنگی زیاتری پێ بدرێ. بۆ نرخی ناو بازار راستە ئێمە بازاری سەربەخۆمان هەیە بەلام زیاتر کۆنترۆڵ بکرێ خراپ نییە،گرنگی پێ بدرێ لەبەر ئەوەی خەڵک هەندێ معاناتی هەیە ، هەروەها داوا لە ئەنجومەنی وەزیران و بەتایبەتی وەزیری دارایی کە چاوێک بخشێندرێتەوە رسوم و باج لەکوردستاندا، داوا دەکەم ئەگەر بکرێ وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەلایەتی بکرێتە دوو وەزارەت لەبەر ئەوەی کێشەی کۆمەلایەتیمان هەیە، لەبەر ئەوە بۆ فراوان کردنی ئەو وەزارەتە کارێک بکرێ باشە. پێم خۆشە ئەگەر بکرێ هەڵبژاردنی شارەوانیەکان لە کوردستان بکرێ بە ممارەسەیەکی دیموکراتی گەلەکەمانی لەسەر رابینین ، هەروەها دەست بکەینە سەرژمێریەک هەرچەند سەرەتاییش بێت، لەوانەیە ئەگەر بیرمان لە هەڵبژاردنی شارەوانی کردبێتەوە دەتوانین بابەتی سەرژمێری لە شار و شارۆچکەکان رێک بخەین، پێم خۆشە

چاوێک بخشێندرێتەوە بە یاساکانمان دوای دە ساڵ لە راپەڕین هەندێ لە یاسا لەکاتی خۆی دەرمان کردوە لەوانەیە کە ئێستا پێویستی بە دووبارە هەموارکردن هەبێ،لە کۆتایدا بەراستی بابەتی دیموکراتی لە هەرێمی کوردستاندا زیاتر گەشە بکات ئازادی زیاتر گەشە بکات بەشداری حزبەکان لە رسم و جێبەجێ کردنی سیاسەتەکە ئەرک و مافیان هەبێ ، وەداوای یەک ریزی میللەتەکەمان دەکەم وە ئەوەش فرسەتێکە بۆ حکومەت بەسەرپەرشتی حزبی حاکمی حلیفمان ، شەخصی برامان کاک مەسعود گرنگی بدات بە بابەتی ئاشتی و جێبەجێ کردنی رێکەوتننامەی واشنتن بۆ ئەوەی ماڵی کورد یەکخەین و رێگاش لە دوژمن و داگیر کەران بگرین، ئەم کێشەیەش دەبێ بە گرنگی وەربگیرێ لە ناحیەی ئەمنی قەومی کوردستان لەبەر ئەوەی زۆر لایەن هەیە جا ئەگەر رژێمی عێراق بێ دەست لە کارەکانمان وەر دەدات و خۆفرۆشان کاری گەری خراپیان لە ناو شارەکاندا هەیە وهەروەها دەزگای ئەمنی حکومەتە دراوسێیەکان لە هەرێمەکەمان، پێم خۆشە بۆ ئەو بابەتە یاسا و نزامی تایبەتمان هەبێ کەسێکیش لە یاسا گەورەتر نەبێ ،ئەگەر مرونەتیشمان هەیە کە من لەگەڵ مرونەتم مراعاتیشمان هەیە دەبێ لەبەر چاوی بگرین ، لەهەمان کاتدا میللەتەکەمان زۆر لەو دەست تێوەردانە گەورەترە لەگەڵ رێزم جارێکی تر سوپاسی بەرێز نێچیرڤان بارزانی دەکەم کە ئەو کاتەی بە ئێمە دا بۆئەوەی ئەو تێبینیانە پێشکەش بکەین ، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەرێز شێخ محسن مفتی فەرموو.

**بەرێز مەلا محسن مفتی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەرمودەیەکی پێغەمبەر هەیە دەیخەینەوە بیر کە دەفەرموێ «من لم یشکر الناس لم یشکر اللە» ئێمە ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستان گەرەترین نعمەت کە دەتوانین قسەی تێدا بکەین و گەورەترین دەست کەوت کە میللەتەکەمان شانازی پێوە بکات ئەوەیە کە دەتوانین قسە بکەین ،ئەویش لەسایەی ئەو هێمنی و ئاسودەییەی کە بۆ گەلی کوردستان رەخساوە،ئەگەر ئەو ئاسودەییە حکومەتی هەرێمی کوردستان دابینی نەکردایە، لەو باوەڕەدا بووم کەس نەیتوانیبا بیری لە دەست کەوت زیاد کردنی بکردبایەوە. دیارە ئێم هەر بۆ ئەوە نەرۆین کە چی نەکراوە، بشخرێتە بەر چاوی گەلەکەمان کە چی کراوە.لە راپۆرتی بەرێز سەرۆکی ئەنجومەنی هەرێمی کوردستاندا هەندێ دیاردەی گرنگ و پر بایەخی تێدا بە دی دەکرێ کە دەتوانین بڵێین جێگای فەخرو شانازیە یەکێ لەوانە ئەوەی کە راستیە خەڵکی هەست بە ئێش و ئازار و معانات دەکات لەبەر دڵ و دیدەی سەرکردەکانی ئەورۆی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا لێتۆژینەوەی دەکرێت هەوڵی بۆ دراوە بە هەوڵێکی تایبەتی و لێبڕانێکی زۆرەوە کە چارەسەری ئەو گرفتانە بکرێ. ئەوەی زۆر گرنگە راستیەکان لە خەڵک نەشاردراونەتەوە زۆر شت هەیە لەوانەیە مایەی نیگەرانی بێت بۆ خۆیان و بۆ گەلەکەشمان لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵ دراوە بخرێتە بەرچاو وەکو راستی چۆنە ئەوا پێش چاوی

خەڵک بخرێت ،کە ئەمە راستیەکانە زۆرشت هەیە کە ئێمە بۆمان کراوە هەندێ شت هەیە لە خواستەکانی ئێمە بووە بۆمان جێبەجێ نەکراوە هەندێ شتیش هەیە ئێمە ئومێد دەکەین بە پرۆژەی تایبەت جێبەجێ بکرێ.باشترین خزمەتگوزاری کە ئەمرۆ پێشکەش بە گەلی کوردستان بکرێ ، زیادە دابین کردنی ئەو هێمنی و ئاسودەییەیە و گەراندنەوەی ئەو رەوشت و ئەخلاقە پەسەندەی کە کاتی خۆی لە ولاتی ئێمە لەسەر ئەخلاق و رەوشتێکی ئیسلامی پەروەردە بووین ،سەرکردەی هەمیشە نەمرمان مەلا مستەفای بارزانی هەولی بۆ داوە کە ئەخلاق لەگەڵ داب و نەریتی کوردەواریدا بەردەوام بێت هەوڵدان بۆ دوبارە کردنەوەو پەرەپێدان و پشگیری کردن لە رەوشت و ئاسودەیی ئەوە گەورەترین ئەرکی سەرشانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە کە خەڵکی بتوانێ بەئاسودەیی تیایدا بژی لە کۆتایی قسەکانمدا دەڵێم ئێمە ئەگەر بە سەرکردەکانەوە شوکری پەروەردگار بکەین لەو هەموو ناز و نعمەتەی کە ئەمرۆ بەخشیوبەتی بە هەرێمی کوردستان لە چواردەورمان ئەو هەموو ئالۆزیە هەیە ئەتوانین بیر لە پرۆژەی زۆر بکرێتەوە بیر لە بوجەی هەرێمی کوردستان بکرێتەوە تەصدیقی بکرێت راپۆرتێکی ئاوا تێرو تەسەڵ پێشکەش بکرێت ،ئەگەر بە متمانەیەکی تەواوەوە شوکرانە بژێری پەروەردیگاری لەسەر بکرێت (لئن شکرتم لأزیدنکم) خوای گەورە بۆمان زیاد دەکات ئەو بەرهەمانەش دراوە بەرهەمی سەبرو تێکۆشانێکی زۆرە بەخشندەیەکی پەروەردگاریشە بۆ ئەوکەسانەی کە خاوەن بەش بن (وما یلقاها الا الذین صبر وما یلقاها الا ذوحظ عظیم ) رجام وایە سەرکردەکانمان لە هەرێمی کوردستان زیاتر شەو نخونی بکەن زیاتر رۆژ بخەنە سەر شەو ، شەو بخەنە سەر رۆژ،فەرمودەکەی امامی عومەر بخەنە بەر چاوی خۆیان کە دەفەرموێ (ان نمت اللیل ظیعت نفسی و ان نمت النهار ظیعت رعتی) بەو بەردەوامی هەوڵ و چالاکی وتێکۆشانەیە هەم خوای گەورە رازی دەکەن هەم میللەتەکەیان لێیان رازی دەبێ میللەتەکەشمان پشت ئەستور دەبێ بەوەی کە هێز و براو کەس و کارێکی دڵسۆز و لێبراوی راستەقینە هەیە کە لە پشتیانەوەیەو لەوان زیاتر دلسۆزی بە خەرج دەدەن ،ئومێدی سەرکەوتنی زیاتریان بۆ دەکەین و شانازی زیاتریان پێوە دەکەین خوای گەورە یارمەتی و هاوکاری هەموو لایەکمان بێت،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی ئەم دەرفەتەی کە دراوە بۆ پرسیار کردن دراوە ،هیوا دارم کە تەرکیز بکرێتە سەر دوو راپۆرتەکەی کە پێشکەش کران یەکەم چالاکیەکانی حکومەت لەسەر بوجەی هەرێم و ئەوەی لەسەر بڕیاری ٩٨٦ ،ئەگەر پرسیارێکتان هەیە راستەوخۆ بپرسن ،حسابی ئەوەش بکەن کە زۆرینەی ناو نووسراوە کاتێکی زۆری دەوێ بۆیە من بۆ هەر بەڕێزێک لە ئەندامان هەڵدەستێ دەقەیەکی دەدەمێ، هیوا داریشم نیگەرانیش نەبن ئەگەر قسەکانم پێ برین، لەبەر کەمی کات کاتمان بەش ناکات جاری واش هەیە ئەگەر قسەکردن درێژ دەبێتەوە پرسیارەکە لە ناویدا ون دەبێ وکەس نازانێ پرسیارەکە چی بووە،زەهراخان فەرموو.

**بەرێز زەهرا حاجی تەها:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاسی کابینەی چوارەم دەکەین بۆ ئەو چالاکییانەی کردویەتی لە ماوەی ساڵێکدا،بەراستی ئەو چالاکیانە هەموو لایەنێکی گرتۆتەوە لە گوند بگرە تاکو شارەکان سوپاسی کاک نێچیرڤان بارزانی دەکەین تەنها پرسیارێکم هەبوو ،ئایە بۆ ساڵی دادێ حکومەتی کوردستان بیری لە چاوخشاندنەوە لە باری ژیانی فەرمانبەران کردۆتەوە؟ لەبەر ئەوەی ئەوانە چینێکی بەرفراوانن وەکو هەموو جارێک زیادەیەک کراوە بە تەنها بۆ مامۆستایان کراوە هەرچەندە ئەویش کەمە ئەو توێژەش چاوەڕێی ئەوەن تاکو ژیانی ئەوانیش خۆش بێ . سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەرێز کاک د. رزگار فەرموو.

**بەرێز د. قاسم محەمەد قاسم :**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە سوپاسەوە گوێمان دایە راپۆرتەکەی سەرۆک وەزیران ، لێرە من پرسیارێکم بۆ جەنابیان هەیە ئەویش زۆر باسی سێکتەری کارەبای کرد ، بێ گومان کارەبا بۆ میللەتی بەهێز و لاواز ،گچکە و گەورە سێپێکی ژیانی سەردەمە، بری زۆر گەورەی بۆ تەرخان کراوە ، تاکو ئێستا ئێمە دەبینین ٩٠٪ زیاتر لە استهلاکی ماڵان لەسەر ماتۆری بچوکە بۆ نمونە لە دهۆک لە کۆی ١١٤ میگاوات تەنها ٥میگاوات دەگات واتا تەنها ٤٪ی پێویستیەکانە لێرە پرسیاری من ئەوەیە توانا هەیە کە داوا لە کەرتی تایبەت بکرێ تاکو ئەویش مساهەمە بکات لە بەرهەم هێنانی کارەبا؟ ئەوە یەک هی دووەم ئەگەر جەنابی بۆمان روون بکاتەوە کە بڕیاری ١٢٨٤ی نەتەوە یەکگرتوەکان کە برگەیەکی عێراق رەزامەندی لەسەر کردوە کە بەرهەمی جوتیاران بکرێتەوە بۆ ساڵی دێ حکومەتی ئێمە چ بەرنامەیەکی هەیە تاکو هاری کاری جوتیاران ؟بکات ،بە بروای ئێمە کە خۆشترین هاری کاریە،سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک رەقیب فەموو.

**بەرێز رەقیب حوسێن مەلا:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کراوە جێگای شانازیمانە ، لەیەزدانی پاک داوا کارین کە حکومەتی هەرێمی کوردستان موەفەق بکات بۆ زیاتر خزمەتکردنی گەلەکەمان، هێشتا خێزانێکی زۆر لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان و بەتایبەتیش لە شارەکاندا ئاوارەو دەربەدەرن و ئاستی بژێویان نزم و ناشایستەیە

* دەمانەوێ شارەکانمان پاک و خاوێن و جوان بن، ئاوەڕۆ و شەقامی قیرتاوکراو و ڕێک وپێک و شۆستەی بەدار چێنراو و باخچەو پارکی جۆراوجۆریان هەبێت

* ئێستاو لە ئایندەشدا ئێمە ڕاستەوخۆ بەرپرسی خۆشگوزەرانی و ئاسودەیی گەلەکەمانین
* حکومەتی هەرێم لە بودجەی خۆی دەرماڵەی پیشەیی مامۆستایانی بە ڕێژەی ۱۰۰٪ زیاد کردوە.
* (۲۹) ملیۆن دۆلار بۆ پیشەسازی کشتوکاڵی تەرخان کراوە کە ئامادە کردنەوەی کارگەی دۆشاوی تەماتەو ئاوی میوەجات لە حەریر یەکێکە لەم پرۆژانە
* ئاژانسەکان بەهاوکاری لایەنە پەیوەندارەکانی حکومەتی هەرێم پێویستیان بە دامەزراندنی ژمارەیەکی زیاتری کارمەندی خۆماڵی هەیە
* بەلام حکومەتی هەرێم بۆ ئەمساڵ بەرنامەیەکی (۲۵) ملیۆن دۆلاری پێشنیار کردووە بۆ پەرەپێدانی بوارەکانی فێرکردنی باڵا
* نابێ زانست تەنها بۆ زانست بێ، بەڵکو دەبێ بۆ پەرەپێدانی بارودۆخی کۆمەلایەتی و ئابووری بەکار بهێنرێ
* حکومەتی هەرێم بڕیاری دا چاوەڕێ ی بەرنامەی ۹۸٦ نەکات و لە بودجەی خۆی هەردوو بەدالەی هەولێر و دهۆک بگۆڕێت
* هەوڵێکی زۆر و داهاتێکی گەورە بۆ ئامادە کردنەوەو پتەوکردنی کەرتی کشتوکاڵ سەرف کراوە. لە فێزی یەکەمەوە تا هەشتەم ۳٦٥ ملیۆن دۆلار بۆ کەرتی کشتوکاڵ تەرخان کراوە
* دەکرێ بۆ زۆر لە خێزانەکانی کوردستان ژیانی لادێ لە ژیانی شار خۆشتر و ئاسودەتر بکرێ
* هەرچی داهاتی کە دێتە سەر حسابی ۱۳٪ بەشی هەرێمی کوردستانەو پێویستە داکۆکی لەسەر ئەوە بکرێت کە دەبێ بۆ پرۆژکانی هەرێم خەرج بکرێ، تەنانەت پاش کۆتایی هێنانی بەرنامەی ۹۸٦یش
* وەزارەتی پەروەردە پلانی پەروەردەیی خۆی دارشتووە
* دوای چاوەڕوانی یەکی زۆر سەرەنجام UN ڕەزامەندی دا لەسەر دامەزراندنی تۆڕێکی تەلەفۆن لە هەرێمدا
* UN بەناوی قۆناغی دووەم ڕەزامەندی لەسەر دوو وێستگەی هاوچەشنی دیکە داوە، بەلام UNDP هیچ هەنگاوێکی بۆ جێ بەجێ کردنیان نەناوە
* هەردوو بەنداوی دوکان و دەربەندیخان سەرچاوەی سەرەکی کارەبای پارێزگای هەولێر بوون، بەلام لەلایەکەوە بەهۆی وشکەساڵی و، لەلایەکی دیکەشەوە لە ئاکامی ئەوەی (ینک) ڕازی نەبووە بەشە کارەبای هەولێر کە ٤٨٪ی بەرهەمی بەنداوەکانە بدات
* حکومەتی هەرێم پێشنیاری کردووە (۲۳) ملیۆن دۆلار لە بەرنامەی ۹۸٦ تەرخان بکرێ بۆ کڕینی زیاتر لە ۳۰۰ پاس و ۳۰ لۆری بار هەڵگر و بۆ بینا کردنی دوو گەراج
* داواکارین قۆناغی سێیەمیش کە حکومەتی هەرێم پێشکەشی کردووەو تا ئێستا ڕەزامەندی لێ نەدراوە، ڕەزامەندی لەسەر بدرێت

* پێویسته گوندەکان پەرەیان پێ بدرێ و زیاتر سەرنج ڕاکێش بکرێن بۆ ئەوەی کۆچی هاوولاتیان لە لادێوە بۆ شار سنورێکی بۆ دابنرێت

* لەلایەکی دیکەوە ئامادەیی خۆمان دووپات کردۆتەوە کە هەولێریش وەکو دهۆک بە تۆڕی کارەبای گشتی عێراقەوە گرێ بدرێت، بەڵام گرفتی کارەبا لە عێراقدا گرفتێکی گشتی یە

* هاووڵاتیان ڕەخنەیەکی زۆر لە بەڕێوەچونی لەسەرخۆی پرۆسەکەو شێوازی (UNOIPS) بۆ هەڵگرتنەوەی مین دەگرن

* یەکێک لە پرۆژە گرنگەکان ڕاکێشانی هێلێکی تازەی گواستنەوەی ئاوە بە توانای (٣)ملیۆن لیتر لە سەعاتێکدا لە ئیفرازەوە بۆ هەولێر

* لە هەرێمی کوردستاندا ژمارەیەکی دیاری کراوی بنکەی تەندروستی بەدی دەکرا، بۆیەش هەنگاوی پێویست بۆ کەمکردنەوەی گیروگرفتەکە نراو دەزگای پزشکی پێشکەوتوو گەیشتنە نەخۆشخانەکان و بنکەیەکی زۆری تەندروستی چاک کرانەوە یا بینا کران

* بەپێ ی ڕاپۆرتەکانی UN ڕێژەی مردنی منداڵان لە کوردستان بە ڕادەیەکی بەرچاو دابەزیوەو کەمترە لە ساڵانی پێش ڕووداوەکانی ١٩٩١

* حکومەتی هەرێم لەسەر هەوڵەکانی خۆی بەردەوامەو گوشاری زیاتر دەخاتە سەر ئاژانس و فەرمانگە پەیوەندارەکانی دیکەی UN بۆ ئەوەی پەلە بکرێت لە بڕینی هەنگاوە بیروکراتی یەکان و، پرۆژەکان چیتر دوا نەکەون

* ژمارەیەکی زۆری ڕێگاو بان دروست کراون کە گوندەکان بە ڕێگا گشتی یەکانەوە دەبەستنەوەو زۆر ڕێگای دیکەی لەم جۆرەش لە نەخشەدا هاتوون

* لەم دوایی یەدا حکومەتی هەرێم چەندین پرۆژەی ڕێگاوبانی سەرەکی پێشنیار کردووە کە (٤٠) ملیۆن دۆلاریان تێدەچێت

* حکومەتی هەرێم لە ڕێگای دەیان هەزار کارمەندی خۆی لە وەزارەتە جیاجیاکانەوە بەشداری لە جێ بەجێ کردنی بەرنامەکە دەکات و، بەبێ ئەم بەشداریەش بەرنامەکە جێ بەجێ نابێت.

* بایەخێکی زیاتر بە دەستەبەر کردنی داو و دەرمانی خۆ پاراستن دەدرێت بەتایبەتیش کوتانی منداڵان و ئافرەتان.

* حکومەتی هەرێم پەروەردە بە یەکێک لە کەرتە هەرە گرنگەکان دەزانێ و، هەموو هاوڵاتیەکیش لە منداڵی یەوە تا قۆناغی زانکۆ مافی ئەوەی هەیە دەرفەتی خوێندنی بێ بەرامبەر و باشترین فێربوونی هەبێت.

* ٥٤٦ قوتابخانەی دیکە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە پێشنیار کراون و UN بڕیاری لەسەر داون و لە چەند مانگی داهاتوودا دەست دەکرێت بە بیناکردنیان.

یەکێک لەو خاڵانەی دەمەویست بیڵێم بەڕێز عەبدولوخالق باسی کرد، لەبەرئەوە من باسی ناکەم ئەوەی دەمەویت زیاتر باسی بکەم، بایەخ دانە بە مەراکزی ناحیەکان و باری جوتیارەکان،

بەتایبەتی لە ناوچەی قوشتەپە کە دوو ساڵە نەهاتە، هەرچەندە یارمەتی دراون بەڵام ئەو یارمەتییە نییە کە بڕینی ئەوان چارەسەر بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک رەقیب. بەڕێز حاکم سەفەر فەرمو.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حەسەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئەو راپۆرتە دووردرێژو تێروتەسەلەی دەربارەی ئەو چالاکیانەی کە لە ساڵی رابردوو ئەنجامدراون.

یەک دوو تێبینی بچوکم هەیە، یەکەم، دەمێکە رێگای (هەولێر- ئیفراز- رۆڤیا) هەتا ئەتروش و دهۆک بڕیارە بێتە ئەنجامدان، بەراستی رێگاو بان و پردەکان زۆر گرنگن و بنەرەتین لەهەموو لایەنەکانی ژیاندا بەتایبەتی لە ئابووری و بازرگانی هەتا کاتیش، جا هیواداریـن کە بەڕێزیان زیاتر بایەخ بە ئەنجامدانی رێگاکان بدەن.

دوو، لە دهۆک ئێمە ئاریشەیەکمان هەیە بەتایبەتی دوای سەرهەلدان ودوای ئەوەی ئەو هەموو ئوتومبێلە جوانە هاتۆتە کوردستان ئەویش ئاریشەی هاتوچوونە ئێستاش دیارە دوو پردی کەون لە دهۆکدا هەیە دەمێکە بڕیار وایە کە دوو پرد ئەنجام بدەین بۆئەوەی چارەسەری ئەو ئاریشەیە بکەن هیوادارین کە زیاتر بایەخی پێ بدرێت و جەنابی ئەمر بکات بەلایەنی پەیوەندیدارەکان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەقە یەکەمجار پرد لە پایتەخت بکرێت.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

دەربارەی بەدالەی دهۆک، لە سەرهەلدانەوە تاکو ئێستا نیمچە عاتیلە ئێستاش لە وەرزی زستاندا تەلەفۆنەکان زۆریان رادەوەستن ئەگەر ئەوەش چارەسەر بکرێت زۆر سوپاسیان دەکەن، پەنا بەخوا هەر سەرکەوتوو دەبن و بەرەو پێشەوە دەچن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک حاکم سەفەر.

کاک شێخ یەحیا فەرمو.

**بەڕێز یەحیا عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی لە دوو سێ تێبینی بچوک دەوەستم حەز ناکەم تەفاسیلی زیاد بدەمە قسەکان دەست خۆشی و هیوای خێر بۆ کابینەی چوارەم و بۆ سەرۆک ئەنجومەن و جێگرو هەموو ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران دەکەین بەراستی هەرچەند بەسەر کارەکانیان پیاهەڵدەین دەستیان خۆش بێت بەراستی جەماوەر و هەمووشمان هەست بەو کارانە دەکەین کە لەم ماوانەدا ئەنجامدراون.

دەربارەی بابەتی ئاسایش، بەڕێزان هەموو جەماوەر سوپاسی دەوری ئاسایشی ناو شارەکان دەکەن بەراستی هەموو شار هەستی بە ئەمنیەت کردووە هەر لەگەڵ بوونی تەقەیەکدا مەفرەزە لەسەری ئامادەیە یان کە تاوانێک دەکرێت گورج دوای چەند ڕۆژێک خێتێک دەستگیر دەکرێت و لەوانەیە بڵێین بەربەست دەکرێت من رجای ئەوە دەکەم ئەوانەی تەقینەوەکانیان ئەنجام داوە لەناو شاری هەولێــر تکام هەیە بۆ وەزارەتی ناوخــۆ بۆ وەزارەتی داد بۆ حکومــەتی هەرێم ئەوانەی کــە تاوانەکانیان کردووە ئاشکرا بکرێن و سزا بدرێن لەناو شاردا لە سێدارە بدرێن حوکمەکەیان جێبەجێ بکرێت بۆئەوەی خراپەکاران چاوشکێن بکرێن و خەڵک زیاتر هەست بە ئارامی بکات.

دوو دەربارەی مەوزوعی داهات تۆزێک قسە دەکەم ئەگەر مۆڵەت بدەن بەڕێزان، بەراستی نەبوونی قەپانێک لە حاجی ئۆمەران بۆ ئێمە زۆر گرفتی دروست کردووە، ئەگەر قەپانێک لە حاجی ئۆمەران دابندرێت پێویست بەوە ناکات لەچەند شوێنێک گومرگ بکرێت دخولیە و خروجیە لە حاجی ئۆمەران وەربگیرێت ئینجا لێرە سزای شوفێرەکان بدەین جاری وا هەیە چەند ڕۆژێک (١٠) سەیارە یان زیاتر لە (١٠) سەیارە لەناو گومرگی هەولێردا دەمێنێتەوە بەراستی ئەمە دەبێتە هۆی کۆسپ دروست کردن بۆ داهاتەکەمان ئەمە شتێکی خراپە تکا دەکەم بیر بکرێتەوە جارێکی تر ئەوە دووبارە نەکرێتەوە. تکا دەکەم چاوپێخشاندنەیەوەک بە تەعریفەی گومرکیدا بکرێت، تەعریفەی گومرگی چەند ساڵێکە لە پەرلەماندا تەسدیق کراوە بەڵام کە چۆتە وەزارەتی ناوخۆ ئیشی پێ ناکرێت، قەیناکە ئیشی پێ ناکرێت بەڵام با بە زەحمەتی نەزانن ئەو تەعریفەیە کە بێتە ناو پەرلەمان بۆئەوەی پەسند بکرێت.

تەنها بۆ مەسەلەی وەرگرتنی دخولیەو خروجیەکە تکا دەکەم لە هیچ شوێنێک مەوزوعی دخولیە لەکاتی هاتنەناوەوەی باردا وەرناگیرێت تەنیا لەلای ئێمە نەبێت ئەمەش شتێکی خراپە کە بارەکان دەردەچێت باڵای ئێمە لە سنووری حکومەتی هەرێم لەوێ خروجیەی لێ وەربگیرێت.

بابەتی پێکهێنانی ئەنجومەنێکی بازرگانی، بەراستی ئەمە پێویستە بەڕێزان بەم شێوەیە وەزارەت و حکومەتمان نزیک دەبێت لە بازرگانەکان و گیروگرفتەکانیان دەزانێت و ئەو کاتە پێویست ناکات زۆر شت لێرە گفتوگۆ بکرێت.

بابەتێک هەیە دەربارەی وەزارەتی داد، بوونی دوو بڕیاری دادگای تەمییز لە یەک ساڵدا لەسەر یەک بابەت بەراستی بە شتێکی خراپی دەزانم، تکا دەکەم چاوی پێدا بخشێنرێتەوە ئەم بارە نەمێنێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز ســــــــەرۆکی ئەنجـــــــومــــــەن:**

ئەو شتەی کە ئێستا برادەرانی ئەنجومەنی وەزیران پێی نەزانن دوا خاڵی جەنابتانە، تەفسلیاتی ئەو بابەتە دەتوانیت بە نووسراو ئاراستەیان بکەیت، لەوانەیە ئەوان ئاگاداری ئەو وەزعە نەبن و نەتوانن وەلامت بدەنەوە.

کاک ئیبراهیم سەعید فەرمو.

**بەڕێز ئیـــبـــراهیم ســەعـــیـــد مـــحـــەمـــەد:**

**بـەڕێـز ســــــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــــــەن.**

سوپاسی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەکەین بۆ ئەو ماندووبوونەی کە کێشایان و ئەو ئەرکەی کە جێبەجێیـان کردووە، بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو دەستکەوتانەی حکومەت ئێـمە وەکو میللەت هەردەم طموحاتمان هەیە دەمانەوێ ئەم ساڵ لە پار ساڵ باشتر بێت و ساڵی دابێت لەم ساڵ باشتر بێت و ئەو میللەتەی کە طموحاتی نەبێت لە راستیدا میللەتێکی زیندوو نییە.

بەراســتـی راپۆرتی ســەرۆکی ئەنجــومــەنی وەزیران زۆر شــتـی روون و ئاشکرا کـرد زۆربەی پرسیارەکانمان وەڵامدرانەوە من سێ پرسیار دەکەم کە پەیوەندییان بە دهۆکەوە هەیە.

یەکەمیان بە سوپاسەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەدالەیەکی نوێی بۆ شاری دهۆک هێنا بەڵام ناوچەی نیزار لە دهۆک کە لە چەند گەڕەکێک پێک دێت کێشەی کێبلّی ژێر زەوی هەیە لەوێ ئەو کێبلّە لەکاتی خۆی بەشێوەیەکی خراپ لەلایەن کۆمپانیایەکی میسری جێبەجێ کرا و هەردەم تەلەفۆنەکانی ئەوبەر راوەستاوە(عاطل)ە ئێستا هەرچەندە ئەو بەداڵە نوێیەش دامەزرێت ئەگەر گرفتی کێبلّی نیزار چارەسەر نەکرێت بەدالەکە گرفتەکە بنەڕەت ناکات ئینجا هیواداریـن مەوزوعی ئەو کێبلّە چارەسە بکرێت.

بابەتی دووەم: گـرفـتی (ترافک جامـە) لەبەر وەزعی ئابووری باش خەڵکی کـوردسـتـان ژمـارەی ئوتومبێلیان گەلێک زۆر بووە لە هەولێرو دهۆک حکومەت پڕۆژەیەکی هەیە کە شەقامێک فراوان بکات لە دهۆک ئەویش شەقامی ترافکلایت ئوتوێلی سۆلافە کە بەرەو خەستەخانەی کۆن دەچێت دەبێت قـەرەبووی ئەو مـەنتـیـقـەیە بکرێت ئایا حکومەت لە سـاڵـیـدا بێت ئەو مـەوزوعـەی رەچاو کـردووە یـان نا ؟ بۆئەوەی گـرفـتی پاڵەپەسـتـۆی هاتووچۆ (تضـخم مـروری) لە پارێزگـای دهۆک چارەسەر بکرێت.

بابەتی سێیەم: کێشـەی ئاوە لە دهۆک، ئێمە دەزانین لە دهۆکدا سێ سەرچاوەی ئاو هەیە یەک (وێستەگەی چەمبەلەکاتی)، دوو، پڕۆژەی بەنداوی دهۆک، سێ، بیرەکانی کۆڵانەکانی ناو شارە. وێستگەی چەمبەلەکاتی دوو هەزار م٢ لە سەعاتێکدا زەخ دەکات بۆ شاری دهۆک.

**بـەڕێـز ســــــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــــــەن:**

تکایە پرسیارەکان بکەو مەچووە ناو تەفسیلات.

**ئیـــبـــراهیم ســەعـــیـــد مـــحـــەمـــەد:**

پڕۆژەیەکی حکومـەت هەیە کـە ئەو وێسـتـگەیە زیاد بکات زەخـاوی بیکاتە (٤٠٠٠م٢) ئایا بۆ ساڵی دادێت جێبەجێ ی دەکات یان نا ؟.

دوا بابەتیشم، پێم باشە حکومەت دیراسەی مەوزوعی خانەنیشنەکانی دەرەوەی هەرێم بکات کە ژمارەیان (٧١)هەزار کەسەو کێشەکەیان چارەسەر بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاک ئیبراهیم. بەڕێز فوزیەخان فەرمو.

**بەڕێز فوزیە عیزەدین موستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جێی خۆشحاڵییە کە ئەمڕۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو راپۆرتە تێروتەسەلەو دوورودرێژەی پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان کرد دەستخۆشیان لێ دەکەم زۆر زۆر سوپاسیان دەکەم بەتایبەتی ئەو ئیشوکارانەی کە کردوویانە جێی خۆشحاڵی ئێمەیە بەتایبەتی رەزامەندی ئاوارەکان و مورەحەلەکانی شاری کەرکووک و شارەکانی تر کەوا وەردە وردە دەست کراوە بە دروست کردنی خانوو بۆیان دیارە لە راپۆرتی حکومەت لەبیریان کردبوو ئەم جەژنە چەژنانەشیان بەخشی بوو بە ئاوارەکان ئیتر نازانم داخلیان کردبوو لە بەرنامەی خۆیان یان نا ؟ زۆر سوپاسیان دەکەم ئەمەش رەنگدانەوەیەکە بۆ دوژمنانی گەلی کورد کە ئەڵێن کورد ناتوانێ ئیدارەی حوکمی خۆی بکات ئەمە بەرپەچدانەوەیەکی زۆر باشەو جێی خۆشحاڵییە هیوای سەرکەوتن و سەرفرازیان بۆ دەکەم و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چالاکییەکان پێش جەژن نووسراوە. بەڕێز شەفیقەخان فەرمو.

**بەڕێز شەفیقە فەقێ عەبدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس بۆ خوای گەورەو میهرەبان کە لە هۆڵی پەرلەمانەوە راپۆرتی تێروتەسەلی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران پێشکەش کرا ئەو خزمەتانەی کە کردبوویان بۆ گەلە ستەمدیدەکەمان و لێرەوە دەستخۆشی لە حکومەت و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و هەموو خوشک و برا وەزیرەکان دەکەم بەراستی هیچیان کەمتەرخەمیان نەکردووە لە هەوڵ و کۆشش و لە خزمەت کردن، بەڵام ئەگەر ئێمە طموحیشمان نەبێت ناتوانین بەرەو پێشەوە بڕۆین پەنا بەخوا ئەو کەموکورییەی کە هەشە لە ئایندەیەکی نزیکدا هەمووی جێبەجێ دەکرێت و ساڵ بە ساڵ بۆ پێشەوە ئەڕۆین بە پشتیوانی خوا و بە هیمەتی برادەران خوای گەورە فەرموویەتی لە ئێوە هەرەکەت لە منیش بەرەکەت، لەگەڵ رێزو سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ پرسیارەکەت شەفیقەخان. بەڕێز کاک حەسەن فەرمو.

**بەڕێز حەسەن ساڵح رۆستەم خان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران.

من بە سێ خاڵ پرسیارم هەیە، یەکەمیان گەشەپێدان بە دەزگای شەهید وەکو لە یاسای دەزگای

شەهید هاتووە و فراوانترکردنی وەکو دروست کردنی بنکەی تەندروستی و قوتابخانە بۆ منداڵی شەهیدان، ئەگەر لە بەرنامەی حکومەتی هەرێم بێت بۆ ساڵی داهاتوو.
دووەم: باشتر کردنی گوزەرانی پێشمەرگە بە دەرکردنی پرۆژەی یاسای خزمەت و خانەنیشنی پێشمەرگە و دابەش کردنی زەوی بەسەر پێشمەرگەو خانەوادەی شەهیدانا ئەوە ڕەچاو نەکرێت بۆ نموونە جێگای دانیشتنی لە کوێ بێت یان لە کوێ نەبێت، بەتایبەتی ئاوارەکان بگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاک حەسەن. بەڕێز کاک جەوهەر شاواز فەرمو.

**بەڕێز جەوهەر ئەحمەد شاواز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەست خۆشی لە حکومەت دەکەم بۆ ئەو کارانەی کە کردوویەتی من دوو خاڵم هەیە بە کورتی باسی دەکەم هەر حکومەتێک لەسەریەتی پەرە بدات بە بوژاندنەوەی ژیانی فەرمانبەران چونکە ئەرکەکانی ئەو فەرمانبەرانە بەڕێوەی دەبەن بۆ نموونە (قانون خدمە و ملاک الموظفین والمستخدمین)ی کۆن گۆڕانکاری لەسەر نەکراوە بۆ نموونە مووچەی فەرمانبەر سەرمووچەو پلە بەرزکردنەوە و زوجیە (١ـ٢) دینارە یان ئەگەر فەرمانبەرێک زۆر خزمەتی هەبێت (١٠) دینار تەرفیعی بۆ دێت ساڵی جارێک پێویستە چاوێک بخشێنرێتەوە بە (قانون خدمە وملاک الموظفین) هەروەها پرۆژەیەک دەربچێت بۆ دەرماڵەی پیشەیی بۆ هەموو فەرمانبەران نەک هەندێکیان وەریبگرن و هەندێکی تریش وەرینەگرن.
دووەم خاڵم دەربارەی خانەنیشینەکانە کە کاک عەبدولخالقیش باسی کرد کە لەناو رژێم وەری دەگرن زۆربەیان وازیان لێ هێناوە چونکە مووچەکەیان بەشی کرێی رێگاکەو ئەو باجە ناکات کە لە بازگەکانی حکومەت لێیان لێیان وەردەگرن پێویستە هەوڵیش بدرێت شتێکیش بۆ ئەوانیش دابین بکرێت.
خاڵی سێیەم: ئەو خۆراکەی کە نەتەوەیەکگرتووەکان دابەشی دەکات زۆر شتی بەکەڵک نایەت بۆ نموونە ڕۆنەکەی بەکەڵک نایەت هەندێک جار ڕۆنەکەی هەندێک جار چایەکەی هەروەها خۆراک دابەش ناکرێت دەڵێن قەرزەو قەرزەکەی زۆری فەوتا لە ساڵی رابردوو.
خاڵی چوارەم: سەبارەت بە ئاوارەکان دەبێت هەوڵ بدرێت بە زووترین کات شوێنیان بۆ دابین بکرێت خانوویان بۆ بکرێت هەرچەندە ئێستاش دەکرێت بەڵام زۆر بەپەلە نییە بەتایبەتی حکومەت نوێنەرێک بنێرێت بۆ مەکتەب سیاسی یەکێتی تەماشای وەزعی ئەو ئاوارانە بکات کە لەوێدا حاڵیان چۆنە لە کارەبا لە ئاو لە خانووەکانیان، هەندێک ماڵ کوخێکیان دروست کردووە کە دوو سێ مەترە خێزانێکی سێ چوار کەسی تێدا گوزەران دەکات. هەروەها هەندێ ئاوارە پارەی کۆمەڵایەتی پێ دەدرێت پارەکە دەداتە کرێی خانوو کە بە کولە مەرگی گوزەران دەکات، هەوڵ بدرێت ئەوانیش ژیانیان دابین بکرێت چونکە زۆر نارەزاییان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس. کاک مامەند ئاغا فەرمو.

**بەڕێز مامەند محەممەد ئەمین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاسی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەکەین بۆ ئەو هەوڵ و کۆششەی کە داویانە، هەرچەند کاک جەوهەر بە کورتی باسی کێشەی ئاوارەکانی کرد تێبینی منیش هەر دەربارەی ئاوارەکانە. ئاوارەو ئاوارەبوون هەر بەشی کوردە بەداخەوە لە کۆنەوە ئەم دیاردە نائاساییە دژ بە مافی مرۆڤە بۆتە بەشی کورد هەرچەندە جەنابی سەرۆکی حکومەت ئاماژەی بە گرنگی دان بە کێشەی ئاوارەو دەرکراوەکان کرد زۆر کاریشیان بۆ کراوە بۆ چاککردنی ژیانیان و نیشتەجێ کردنیان بەپێی توانا کەمتەرخەمی نەکراوە، بەڵام وا دیارە ئەو دیاردە دزێوە کۆتایی پێ نایەت، بۆیە داوا لە بەڕێزیان دەکەین لە ساڵی (٢٠٠١) زیاتر هەوڵ بدرێت بە دروست کردنی خانوو و جێنیشین کردنی دەرکراوەکان و رزگارکردنیان لەم ژیانە ناخۆشە کە تێیدا دەژین وا بزانم ئەو کارەش یەکێکە لە کارەکانی UN کە زیاتر جەختیان لێ بکرێت بە دابین کردنی جێگاو رێگا بۆیان، ئەم ئاوارانە ئەم رێگایەیان گرتووە و سەروەت و سامانی خۆیان بەجێهێشتووە لە پێناو رێبازی پیرۆزی کورد پارتی و باوکی کورد بارزانی نەمر، ئایا لە ساڵی داهاتوودا چ بەدەستەوەیە بۆیان بکرێت؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس. کاک مامەند ئاغا. کاک رەجەب شەعبان فەرموو.

**بەڕێز رەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حکومەتی هەرێمی کوردستان هەنگاوی زۆر پیرۆزی هاوێشتووە کە جێی دڵخۆشی شانازی هەموو کوردێکە لە مانگی (٩)ی ساڵی ١٩٩٩ ئەنجومەنی وەزیران پرۆژەیەکی پێشکەش بە پەرلەمان کرد بۆ بە پارێزگا کردنی چوار قەزا، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان رەزامەندنی لەسەر کردو، هیواداریـن و جێگای سوپاسە ئەگەر لە ساڵی (٢٠٠١) هەندێک هەنگاو بهاوێژرێت بۆ تەمهید کردنی ئەوەی ئاکرێ و سۆران بکرێتە پارێزگا.

ئەگەر مۆڵەت هەبێت پرسیارێکی تریشم هەیە، ئەویش هیوای ئێمە ئەوەیە چاوبە قانون خدمە المدنیە بخشێنرێتەوە چونکە دەرماڵەی خێزان دوو دینارو هەشت سەد فلسە ئەو برە پارەیە لەوانەیە جووتێک گۆریەی پێ نەکرێت هەروەها دەرماڵەی منداڵ دوو دینارە لەوانەیە کاتی ئەو یاسایە دانرا ئەو پارەیە بەشی بکردبان بەڵام بۆ ئەورۆ بەش ناکات، چونکە ئێستا لە بارودۆخێکی ئابووری دەژین دو دینار زۆر کەمە بۆ منداڵێک، لەبەرئەوە پێشنیار دەکەم ئەگەر لە تواناداد بێت دەرماڵەی زەوجیە ببێتە (٧٥) دینار هی منداڵان ببێتە (٢٥) دینار، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک رەجەب. کاک شێخ جەعفەر فەرمو.

**بەڕێز شێخ جەعفەر بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس بۆ کاک نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئەو راپۆرتە بە پێزەی کە پێشکەشیان کرد من دوو پرسیارم هەیە.

پرسیاری یەکەم دەربارەی دەزگای شەهید و خانەوادەی بەرزی شەهیدان کە کاک عەبدولخالق و کاک حەسەن باسیان کرد نامەوێ دووبارەی بکەمەوە پرسیاری دووەمیش دەربارەی ئاوارە سەربەرزەکانی کەرکوک و سلێمانی بوو ئەویش باسی لێوە کرا، بەڵام من پرسیارێکی دیاریکراوم هەیە دەربارەی ئاوارەکان ئایا ناتوانرێ لە بڕیاری (٩٨٦) کەڵک وەربگیرێ بۆ خزمەتکردنی ئەو ئاوارە سەربەرزانەی کەرکووک سلێمانی بەتایبەتی بۆ دروست کردنی خانوو بۆیان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. کاک شێخ جەعفەر. بەڕێز شێخ عەفان نەقشبەندی فەرمو.

**بەڕێز عەفان نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر بە شانازییەوە سوپاسێکی بێ پایانم بۆ جەنابی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کاک نێچیرڤان بارزانی و هەر هەموو وەزیرە بەڕێزەکانە بەراستی رۆڵیان دیارە ئەوەی لێرە من ویستم ئاماژەی پێ بکەم سوپاسێکی بێ پایان بەناوی سەرجەم مامۆستایانی کوردستان بۆ جەنابی کاک نێچیرڤان بارزانی کە لە هەموو بۆنەیەکدا رۆڵی مامۆستایانی بەدیار خستووە ئەوە وەک پێویستییەک پێم باش بوو بەراستی ئەوە ورەی مامۆستایانی بەرز دەکاتەوە پرسیارەکانی من بریتین لە:

١ـ بابەتێک کە لە راپۆرتەکە نەبوو مەوزوعی باڵەخانەکانی بەشی ناوخۆ، بەشی ناوخۆ کارێکی زۆر بنەڕەتییە لە ناو هەولێردا دروست بکرێت باوەڕتان هەبێت من وا تەسەور دەکەم لە دروست کردنی قوتابخانە زەرووری ترە، چونکە ئێستا پارەیەکی زۆر دەدرێت بەو بنایانەی کە دەکرێنە بەشی ناوخۆ.

٢ـ بابەتی مامۆستایانی خانەنیشنە کە لە رژێم پارە وەردەگرن کە ژمارەیان (٦٢٢) کەسە، لەورۆژەوە کە ئامارمان کردووە (٢١) کەسیان مردوون ئەمڕۆش یەکێکیان مردووە، ئینجا لەبەرئەوە وەزعیان زۆر نالەبارە بە ئاگاداری برای بەڕێزم وەزیری پەروەردە دەزانێ چەند وەزعێکی خراپیان هەیە ئەگەر شتێکی رەمزی ببوایە زۆر باش بوو.

خاڵەکەی ترم باسی ئاوارەکان بوو، کە برادەران باسیان کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. کاک شێخ عەفان، د. ناسح فەرمو.

**بەڕێز د. ناسح غەفوور ڕەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی بەخێرهاتنی بەڕێزان سەرۆک و جێگرو ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران دەکەم و جێی خۆشحاڵییە کە ئەمڕۆ لەکاتی راپۆرت خوێندنەوەی جەنابی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیراندا جەنابی سەرۆک بارزانیش لەگەڵماندابوو گوێی لەو راپۆرتە سەرکەوتووە گرت، بەراستی راپۆرتێکی تێروتەسەل و بە پێزو پوختە بوو هەموو بوارەکانی ژیانی گرتەوە بەپێی زنجیرە وەزارەت بە وەزارەت باسی کاروچالاکییەکانی خۆیان کرد بێگومان ئەوانەی جێگای سەرنجدان بوون بایەخدان بە بنەماڵەی شەهیدان بایەخدان بە پێشمەرگە بەتایبەتی بایەخدان بە یاوەرانی بارزانی نەمر. هەروەها بێگومان باسی پەروەردەو خوێندیش کرا بەلای منەوە پەروەردەو خوێندن و تەندروستیش بایەخێکی باشی پێ دراوە هیوادارم لە ئایندەشدا بایەخی باشتری پێ بدرێت. هەروەها باسی ئەمن و ئاسایشیش کرا بۆ وەزارەتی ناوخۆ بێگومان چەند وەزارەتی ناوخۆمان باشتر بێت ئەمن ئاسایش بەرقەرارتر دەبێت ئێمە دەتوانین لە بوارەکانی ژیاندا سەرکەوتن زیاتر بەدەست بهێنین.

پرسیارەکەی من ئەوەیە ئایا ئەنجومەنی وەزیران بیریان لەوە کردۆتەوە کە ئەنجومەنێکی سەربەنەخشەدانان هەبێت بۆ ئەنجومەنی وەزیران؟ ئێمە دەزانین ئەمڕۆ لە بواری خوێندنی باڵادا رۆژ بەرۆژ کۆلیژەکان زیاتر دەبن و پەیمانگای زیاتر دەکرێتەوە ئایا بیر لەوە کراوەتەوە وەزارەتێک بۆ کاروباری خویندنی باڵا دابمەزرێت.

سەبارەت بە زەمانی کۆمەڵایەتیشەوە ئایا بیرکراوەتەوە زەمانی کۆمەلایەتی وەزارەتێکی تایبەتی بۆ دروست بکرێت.

بێگومان لە هەمووی گرنگتر سەبارەت بە یاوەرانی بارزانی نەمرەوە بنەماڵەی شەهیدان بەتایبەتی یاوەرانی بارزانی نەمر تایبەتمەندی خۆیان هەیە ئ‌ێ‌وان رۆژ بەرۆژ ژمارەیان لەکەم بوون دایە ئایا بیر لەوە کراوەتەوە ئەوانە موکافەئەیەکی بەرچاو بکرێن کە جێی شانازی ئێمەو میللەتەکەمان بن؟.

پێشنیارێکی ترم هەیە پێموایە ئەو راپۆرتەی جەنابی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران خوێندیەوە ئەگەر بکرێت هەردوو بەشەکەی لە راگەیاندنی گشتیدا بڵاو بکرێتەوە چونکە من پێموایە ئەوە زیاتر خزمەتی دۆزەکەمان و بزووتنەوەکەمان دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس د. ناسح. بەڕێز فرەنسۆ هەریری فەرمو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز هەردوو سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی و ئەنجومەنی وەزیران.**

وەکو هەموو هەڤاڵەکانی من لە فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان دەزانین پرسیار کردن شێوەو ئسوڵی خۆی هەیە بەپێی پەیرەوو یاسای پەرلەمان زۆربەی زۆری ئەو پرسیارانەی کە کران

پێویسته به نووسین ئاراستەی وەزارەتی تایبەتی بکرێت لە ڕێگەی ئەنجومەنی وەزیرانەوە بدرێته وەزیری پەیوەندیدار بکرێت دوای دیراسەت کردن بێت لێرە دابنیشێت گفتوگۆی لەگەڵدا بکرێت بەپێی یاساو پەیڕەو جەنابی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیرە بەڕێزەکان بۆیان هەیە وەڵامی هیچ یەکێک لەو پرسیارانە نەدەنەوە کە ئێمە لێمان پرسین لەبەرئەوە من هیچ پرسیارێکم نییە تەنیا ئومێد دەخوازم گرنگی بە پێکهێنانی ئالیەتێک بدرێت بۆ گرنگی دان بەوەرزش و پێکهێنانی ئالیەتێک بۆ سەرپەرشتی کردنی وەرزش، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاسی ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان دەکەین بۆ پرسیارەکانیان و بۆ تێبینییەکانیان و لە حەقیقەتیشدا هەوڵیشمان دا دەبێت لێشمان ببورن کە زۆر ماوەمان پێ نەدان قسە بکەن، چونکە وەکو بینیتان ئەندامێکی زۆر ناوی خۆیان نووسیبوو لە ڕاستیشدا نزیکەی سەعاتێکە پرسیار دەکرێت دەبێت بیر لەوەش بکەینەوە بەڕێزانی ئەنجومەنی وەزیران ئەوانەی ئیستا لێرە دانیشتوون ئێستا ئاگایان لە هەموو تەفسیلاتێک نییە مافی خۆشیانە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان کە وەڵامی هیچ پرسیارێک نەدەنەوە کە نەیانەوێ وەڵامی بدەنەوە، بەڵام پێش وەخت ئێمە قسەشمان لەگەڵدا کردوون و پێشیان خۆش بووە وەڵامی هەندێک پرسیار بدەنەوە و هەندێ ڕوناکی زیاتر بخەنە سەر ئەو ڕاپۆرتانەی کە پێشکەشیان کرد. دووبارە بۆ ئەو مەبەستەش سوپاسیان دەکەمەوە ئینجا ئەگەر بەڕێزیان سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بفەرموونە سەر مینەسە بۆئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەنەوە کە بەباشی دەزانن وەڵامیان بدەنەوە.

ئەم دانیشتنەی ئەمڕۆمان بخەینە تەزاهورەیەکی هاوکاری کردن و کارکردن بەیەکەوە لە نێوان پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، لەبەرئەوە زۆر بە پەسندی دەزانین و زۆر جێگای تەقدیرە کە بەڕێزان سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ئامادەن وەڵامی هەموو پرسیارەکانتان بدەنەوە.

فەرموون.

**بەڕێز نێچرڤان بارزانی/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان.

دیسان ئێمە خۆشحاڵین کە لەبەردەم پەرلەمانی کوردستاندا دانیشتووین بۆئەوەی ئەو پرسیارانەی کە هەیانە وەڵامیان بدەینەوە بێ شک هاوکاری کردن لە نێوان حکومەت و پەرلەمان دەتوانێت زیاتر کێشەی میللەتەکەمان بەرەو پێشەوە ببات وەزعێکی باشترو ڕێکوپێکتر بۆ حکومەتی هەرێم بچەسپێنێ، لەبەرئەوە ئێمە ئەو پرسیارانەی کە هەیە بە سنگ فراوانییەوە هەرواش تەفسیر دەکرێت هەرواش ئێمە دەبینین کەسمان بۆئەوە نییە کە موزایەدەیەک لەسەر کەس بکات بەس ئامانجی سەرەکی ئەوەیە هەوڵ بدرێت ئەم وەزعە کە ئامانجێکی هاوبەشی هەموومانە بەرەو

باشترو باشتر بچێت زیاتر ئێمه بتوانین خزمەتی میللەتەکەمان بکەین ئێمه لەمەدا سوپاسی پەرلەمان دەکەین دیسان من قسەی خۆم دووبارە دەکەمەوە و زۆرم پێ خۆشە کە پەرلەمانی کوردستان زیاتر چاودێری لەسەر دامودەزگاکانی حکومەت بکەن و ئامانجیش تەنها بۆ پێشخستنی ئیشوکارەکانی حکومەتە،ئێمە لێرە هەوڵ دەدەین ئەو شتانەی کە هەیە بەراستی وەڵامتان بدەینەوە من لەگەڵ بەڕێز کاک سامی و کاک شەوکەت لەوانەیە هەندێک مەسەلەش هەبێت ئەو وەزیرانەی کە لێرە دانیشتوون ئێمە پرسیارەکان ڕووبەڕووی ئەوان بکەینەوە و وەڵام بدەنەوە، بەڵام ئەو شتانەی کە خۆم شەخسی دەمەوێت وەڵامی بدەمەوە دەست بەو شتانە دەکەم.
یەکەم: مەسەلەی ئاوارەکان و مەسەلەی کێشەی کارەبا لە کوردستان هەروەها بابەتی خێزانی شەهیدەکان من دەمەوێ لەوەدا هەندێک ڕوونکردنەوە بخەمە بەردەم ئێوە. بەنیسبەت مەسەلەی شەهیدان من نامەوێ موزایەدە بکەم لەسەر ئەو بابەتە، چونکە ئەم شەهیدانە لە پێناو ئامانجێکی پیرۆز گیانی خۆیان لەدەست داوەو شەهید بوون مافی خۆیانە ئەوەی لە تواناداا هەبێت بۆیان بکرێت من حەزدەکەم بەراستی پێتان بڵێم گرفتی ئێمە لە مەسەلەی شەهیدان چییە، ئێمە کە (٢٥٠) دینارمان داناوە بەهیچ شێوەیەکیش بۆ مووچەی ئەو شەهیدانە ئێمە دەزانین نە کافیە نە هەقیشە و بەراستی ئێمە خۆشمان پێمان خۆش نییە گرفتی گەورەی ئێمە زۆر بەداخەوە هەتا ئێستا ئاماری تەواو دەربارەی شەهیدان لەبەردەستی ئێمەدا نییە مەعقول نییە تا ئێستا ئێمە بەتەواوی نەزانین ژمارەی شەهیدانی ئێمە چەندن، لەوانەیە لاتان سەیر بێت ئێمە نۆزدە هەزار ناومان ڕەش کردۆتەوە تا ئێستا ئەمە مەعقولە؟!. ئینجا نازانم لە پەرلەمان لیژنەی بەدواداچوونەوەی کاروباری شەهیدان هەیە؟، ئەگەر هەیە بەرای من بە هاوکاری لەگەڵ لقەکان من ئەوەی ئێستا دەمەوێ هی لقەکانی پارتی کە ژمارەیەکی زۆر هی ئەوانە هەروەها هی حزبەکانی تریش، چونکە ئەوەی کە پارەی دەدرێتێ هی هەموو بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردە، لەبەرئەوە ئەگەر پەرلەمانیش هاوکاری ئێمە بکات لەگەڵ ئەم لقانە ئاماری دەقیق لەبەردەستی ئێمە بێت ئێوە دڵنیا بن ئێمە یەکسەر ئەم مووچانە زیاد دەکەین ئێمە یەک شتی تریش ئیزافە دەکەین ئەوەشتان پێ بڵێین هەر کاتێک ئەو ژمارانە ئامادە بوون ئێمە لەسەر ژمارە ڕاناوەستین ئێمە لە مانگی یەکەوە حساب دەکەین هەتا ئەگەر ئێستاش دەستیش بکرێت بەو ئامارانە و ئامارەکان دەقیق بن ئەوەی کە ئێمە دەیکەین هی مانگی (١)ی ساڵی (٢٠٠١) دەبێت، من حەزم دەکرد ئەو خاڵەتان پێ ڕابگەیەنم.

مەسەلەی ئاوارەکان، دیسان بەداخەوە ئێمە لە وڵاتی خۆمان بژین و هەموومان کورد بین ئینجا ئێمە باسی ئاوارە دەکەین چ ئاوارەی کەرکوک بێت چ ئاوارەی سلێمانی بێت لە هەولێر، چ ئاوارەی هەولێر بێت لە سلێمانی، بەهەرحاڵ بەداخەوە زروفێکی وا هاتۆتە پێش ئێمە ناچارین نابێت خۆمانی لێ لابدەین. ئێمە لە نزیکەوە بە جدی موتابعەی کێشەی ئاوارەکان دەکەین حەز دەکەم ئەوە بزانن ئێمە فەرامۆشمان نەکردووە، لام وایە کاک جەوهەر باسی خانووەکانی مەکتەبی

سیاسی یەکێتی کرد من خۆم شەخسی چوومەتە ئەوێ وەزعەکەم دیوە کاک سامی و کاک شەوکەت شایەدن من پێم گوتن یەک دەقەی تر پێم تەحەمول ناکرێت وەزعی ئاوارەکان بەو شێوەیە ببینین بەتایبەتی ئەو شوێنانە ئێمە بەرنامەیەکمان لەبەرە بەرنامەکەش سێ بەشە: یەکەمیان ئەوەیە لە زمنی بڕیاری ۹۸٦ ئێمە خەریکین خانوو بۆ ئاوارە بکەین. بەرنامەیەکی تر هەیە کە حکومەت خۆی بەدەستییەوەیە هەتا ئێستا ئێمە بۆ ئاوارەکان (۲۰۰) خانوومان دروست کردووە (٤۰۰) خانووش بۆ شەهیدان دروست کراوە لە بەرنامەی ئێمەدایە لە قۆناغی یەکەم ئاوارەی شوقەکان لە شوقەکان دەربهێنین هەر یەک لەمانە خانوویان بۆ دروست بکەین نەک ئەم خانووانە مولکی خۆیان بێت، چونکە ئێمە حاڵەتی ئاوارەکان بە کاتی دادەنێین ڕۆژێکی زوو یان درەنگ پێویستە ئەم حاڵەتە چارەسەر بکرێت لەبەرئەوە لەماوەیەکی نزیکدا ئێمە کۆبوونەوەمان هەیە لەگەڵ دەزگا پەیوەندارەکان بۆ مەسەلەی ئاوارە و لەسەر ئەم کێشەیە ئێمە زۆر بە جدی ڕاوەستاوین و دڵنیاش بن ئەوەی لە ئیمکانیاتی حکومەتی هەرێم بێت بۆ ئەم مەسەلەیە جێبەجێی دەکەین.

مەسەلەی کارەبا کاک سامی هەندێک باسی دەکات، بەڵام من دەمەوێت ئەو جهودەی تریش باس بکات من پێشتریش بە ئێوەم گوت کاتی خۆی تێبینی لەسەر ئەوە هەبوو کە ئایا تۆڕی کارەبا ببەسترێتەوە بە مەرکەزەوە یان نا؟ هەر بەکاک سامیم گوت کاغەزێک بنووسن پێیان بڵێن ئێمە ڕازین بۆئەوەی هیچ هەنجەتێک لەدەستیان نەمێنێ خۆیان گرفتی کارەبایان هەیە، بەڵام من گوتم نامەیەک بنووسن ئەو کاتە بە کاک د. شەفیقیشم گوت پێیان بڵێن کارەبا ئێمە ڕازین کارەبا ڕەبت ببێت. ئێمە هەر جهودێک پێویست ببێت بۆ کارەبا سەرفمان کردووە نموونەیەکتان بۆ بێنم ئێمە لەگەڵ ئێران خەریک بووین، ئێستا بۆ نموونە لەگەڵ ئێران پێش چەند ڕۆژێک خەریکی ئەوە بووین ئەوان سێ میگاوات کارەبای ئیزافیان هەیە لە (خانە) ئەوەی کە پێی دەڵێن (پیران شهر) ئێستا ئێمە خەریکین لەگەڵ ئەوان چونکە ئیزافییە ئەو کارەبایە بفرۆشن بە ئێمە ئێمە، چاوەڕێی ئەوە ناکەین نەتەوە یەکگرتووەکان چی دەکات؟ و عێراق کەی ڕەبط دەبێت؟ ئێمە هەرچی هەوڵێک هەیە لەگەڵ تورکیا خەریکین لەگەڵ ئێرانیش خەریکین بەڵام بزانین ڕەبطی کارەبا بە چەند دەبێت و چۆن دەبێت ئێستا ئەو خاڵە فەنییانە لەگەڵ ئێران خەریکی دیراسەتین ئەگەر ئەوان ئەو سێ مێگاواتە زیادەی کە لە خانە هەیانە بیفرۆشنە ئێمە بێگومان دیراسەتی پێشینەیی کراوە چەند پارە دەچێت بۆ بەستنەوەی کارەبا ئێستا ئەوە تەواو بووە مەبلەغەکەش زانراوە هەندێک شت ماوەتەوە لەسەر هەندێک پرسیار کە ئێمە هەمانە بۆئەوەی بزانین مانگانە بە چەند دەبێت و بە چ شێوەیەک پارەکە وەردەگیرێت.

لە کەرتی تایبەت ئێمە زۆر خۆشحاڵ دەبین ئەگەر کەسێک هەبێت من دەمەوێ دیسان لە ڕاپۆرتەکە گلەییەکی نەرم بێت لەوانەی کە سەرمایەیان بەدەستە لە کوردستان بەڵام با من گلەییەکی تۆزێک توندتریشیان لێ بکەم لەبەردەم ئێوە ئەوانە پێویستە خۆیان بە بەرپرس بزانن

لەو وەزعەی کوردستان مەسەلە ئەوە نییە دیسان هەموومان بەرپرسین ئەوان بەشی خۆیان بەرپرسن ئێمە بەرپرسین ئەمە مەسەلەی حزبێک و دوو حزب نییە مەسەلەی میللەتێکە نەتەوەیەکە ئینجا ئەمڕۆ و سبەینێ پێویستە ئێمە لە خاڵێک دەست پێ بکەین ئەو هەموو چاوەڕوانییە بۆ ئەوە بێت ئەمڕۆ چی دەبێت سبەی چی دەبێت بەڕاستی ئەم دوو دڵیە وای کردووە کە زیانێکی گەورە بەهەموو میللەتی کورد گەیشتووە من دیسان داوایان لێ دەکەم و پێیان دەڵێم ئەوانە ئەگەر بێن دەوری خۆیان ببینن لەو مەسەلە بێگومان ئیشەکانی ئێمە زۆر ئاسان دەبێت یەکجار زۆر.

خاڵێکی تر، مەسەلەی دیموکراتیەت و موزایەدە کردن کاک عەبدلوخالق ئێمە ناڵێین ئێمە لە هەموو شتدا تەواوین مەسەلەی دیموکراتیەت خۆی واتای چییە؟. مەسەلەی دیموکراتیەت مومارەسەی ژیانی رۆژانەیە ئەوە ناکرێ ئەگەر شتێک بەیەکجار بەربدرێت ئەو کاتە فەوزا دروست دەبێت ئەوە قەناعەتی ئێمەیە پێویستە هەنگاوەکانمان تۆزێک لەسەرخۆ بێت تا خەڵک تێبگات، چونکە هەندێک جار هەندێک شت تەسەور دەکرێت بێ سنوورە، ئەو بێ سنوورییە بەرەڵڵاییە باوەڕ ناکەم دیموکراتیەت بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە خەڵکی خۆمان فێری ئەو جۆرە ژیانە بکەین، خەڵکی خۆمان فێر بکەین چۆن ئەو ژیانە بژین نەک شتێکە لە ئاسمانەوە بۆمان دێت یان لە شوێنێکی تر، ئەمە پێویستە لە ئەنجامی ژیانی رۆژانەی ئێمەی ئەو مەسەلەیە رەنگ بداتەوە و دڵنیا بن ئێمە لەسەر ئەوە بەردەوام دەبین.

مەسەلەی ئاشتی لە کوردستان ئەوە مەسەلەیەکە بۆ هەموومان بۆ مەسەلەی کورد بۆ دۆزی کورد ئەمە مەسەلەیەکی بنەڕەتییە ئێمە زۆر جار ئەمەمان گوتووە و دووبارەی دەکەینەوە بەنیسبەت ئێمە پرۆگرامی ئێمە ئەوەی لەبەردەمانە روونە و ئامادەیە رێککەوتنامەیەکمان هەیە ئەویش رێککەوتنامەی واشنتونە ئێمە لەسەر بنەمای ئەو رێککەوتنامەیە ئامادەین ئەم کێشانەی کە هەیە لەگەڵ یەکێتی نیشتمانیی چارەسەری بکەین بەداخەوە ئەوان پەنا بۆ هەموو شتێک دەبەن و ئێمەش تاوانبار دەکەن دواشت ئێوە ئاگادارن چییان کردووە ئەوەی بەسەر خۆیان هێناوە لەم مەسەلەیە روونە ئێمە دیسان ئەو پرۆگرامەی کە هەمانە بنەمایەکی تەواوە بۆئەوەی ئێمە بگەینە ئاشتی بێگومان شتیش هەیە بەردەوامەو تەوەقعیش دەکرێت لە ئایندەیەکی نزیکیشدا دانیشتنیش بکرێت لەبەرئەو مەسەلەیە جا بەناوبژی ئەمریکا بێت یان رووبەروو لەگەڵ یەکێتی تەوقع وایە ئەوەش بکرێت.

بایەخدان بە کێشەی مامۆستایان، کاک سامی ئەمجارە لە بڕیاری ۹۸٦ فێزی (۹) ئەم داوایە کراوە بۆ نەک تەنها زیاتر بایەخدان بە مامۆستایان بەڵکو بۆ هەموو فەرمانبەران ئێمە نامەشمان نووسیوە بۆ ئەمریکییەکان و بۆ بەریتانیا و هەموویان کە پارەیەکی زۆر لەبەردەستە داوامان کردووە کە ئەم پارەیە تەرخان بکرێت بۆ فەرمانبەران. ئیمکانیاتی ئیمە وەکو حکومەت سنووردارە خۆزگە ئێستا ئەو ئامارە لەبەردەستم بوایە، من حەزدەکەم بە دەقیقی پێتان بڵێم ئەوەی دەستی حکومەتی هەرێم دەکەوێت لە مانگدا چەندە؟ واتا وەکو ئاماری دەقیق چونکە بۆ ئێمە هەرچەند

شەفافیەت هەبێت لەم مەسەلەیەدا کەمە من دوێنێ هەموو ژمارەکانم لە ئەنجومەنی وەزیران باس کـردووە چ ئەوەی حکومـەتی هەرێم بە دینار وەریدەگـرێت چ ئەوەی بە دۆلار وەریدەگـرێت لە مـانگێکدا من پەنا بەخوا بۆتانی دێنم و ئامادەم ئەو ژمـارانە بخەمە بەردەمی ئێـوە ئەوەی کـە وەزعی ئێـمـەیە لە رووی داراییـەوە چەندەو چۆن خـەرج دەکـرێت و بەچی دەدرێت؟ ئێـمـە بەو شەفافیەتەوە ئامادەین لەبەردەم پەرلەمانەوە پەنا بەخوا بۆتانیشی دێنین.

ئەوەی ماوە داوا دەکەم لە کاک سامی و کاک شەوکەت باسی بکەن، چونکە هەندێک مەسەلەی تریش هەن پێویستە وەڵام بدرێنەوە. کاک سامی فەرمو.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک سامی فەرمو.

**بەرێز سامی عەبدولرەحمان/ جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەرێزان**

**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**

**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**ئەندامانی پەرلەمان**

وەڵامی هەندێک لە پرسیارەکانی ئەندامانی پەرلەمان دەدەمەوە.

دەربارەی وەزارەتی نەخشەدانان یان ئەنجومەنی نەخشەدانان، ئێمە بەشێوەیەکی گشتی زۆر گرنگی بەوە دەدەین کە دەزگاکانی حکومی تەواو بکەین بەبێ ئەوەی حکومەتێکی وا زل دروست بکەین پاشـان لەژێر قـورسـایی خـۆی نەتوانین بە خێـرایی گـونجـاو بەڕێوەبچێت، یەکـێـک لەو دەزگایانە (ئەنجومەنی نەخشەدانان)ە، بەڵام ئەنجومەنی نەخشەدانان دەزگای زۆری دەوێت ئەگەر دەزگاکـان دروست بوو ئەنجومەنەکە گرفت نییە ئەنجومەنەکە لە بنەڕەتدا سەرۆکایەتی ئەنجومەنە وەزاراتی پەیوەندیدارو هەندێک پسپۆڕن لەو بارەوە تا ئێستا چیمان کردووە؟:

یەکەم: دائیرەی ئامار ئامادەکراوە یاساو نیزامەکەش ئامادە کراوە و لە یاساو نیزام گرنگتر کادیری پسپۆڕ لە دەرەوە لە کوردی دڵسۆزی دەرەوە هێناوە کە بتوانن ئەم دەزگایە بەڕێوە بـەن تاکو جهازێکی ئامارێکی رێکوپێک نەبێت ناتوانرێ تەخطیطی رێکوپێک بکەین ئەمە یەکێکە لە قاچەکانی کە تەخطیط لەسەری دەوستێت.

دووەم: دائیرەی ٩٨٦ ئەویش لە ئەنجومەنی وەزیرانە ئەویش مەوزعێکی زۆر گرنگە بۆ تخطیط.

سـێـیـەم: دائیـرەی تخطیط ئێـمـە بەڕێوەبەرایەتی گـشـتی تخطیطمـان هەیە، بەڵام ئەو بەڕێوەبەرایەتییە دەبێت هەموو وەزارەتەکانی کە پەیوەندییان هەیە بە تخطیط دائیرەیەکی بچوک بەرامبەر ئەو وەزارەتە لەو بەڕێوەبەراتییە گشتییەدا هەبێت کەم و زۆر، ئینجا دەبێتە دائیرەی تخطیطی هەمـوو وڵات یان بەڕێوەبەرایەتی گـشـتی تخطیطی هەمـووان بەرای ئێمـە دەبێت بە نزمترین رادە (حد الادنی) ئەم سێ دائیرەیە سازو کۆک بن دیوانی ئەنجومەنی تخطیط دروست

دەکـەین رەنگە ئەوەندە زەحـمـەت نەبێت بەڵام پێـویسـتی بە هەندێک پسـپـۆڕی زانا هەیە بۆ ئەنجومەنی تخطیط، ئومێدەوارین کە ئێمە بتوانین لە ساڵی ۲۰۰۱ ئەنجومەنی تخطیط دروست بکەین.
سەرەرای ئەوەی کە ئەنجـومـەنی تخطیطـمـان نەبووە دائیـرەکـانی تخطیطی ئێـمـە تەواو نەبووە پلانێکی دوو سـاڵیـمـان ئـامـادە کردووە و ئومێـدەوارین سـبـەی لەبەردەمی بەڕێزان لێـرە عـەرزی بخوێندرێتەوە و عەرزی پەرلەمانی کوردستان بکرێت بۆ تاووتو کردن و بڕیار لەسەردان.
سەبارەت بە ئەنجومەنی خزمەت ئەوە مەوزعێکە لەژێر دیراسەتدایە و مەوزعێکی گرنگە لە هەمان کاتیش دەبێت حسابی ئەوە بکەین کە هێشتا عەینات بە موتلەقی نییەو نەکراوە هۆکاریشی زۆرە فەرمانبەرێکی یەکجار زۆر هەیە و فائضێکی زۆریش هەیە لەوانەیە میلاکات تەواو نەبێت بەڵام ئەنجومەنی خدمە هەر دەبێت دروست بکرێت، چونکە ئیشوکاری ئەنجومەنی خدمە تەنیا ئەوە نییە خەڵک دابمەزرێنێ بەڵکو دەزگایەکە دەبێت هەوڵ بدەین جێبەجێی بکەین.
بابەتێکی تر لەو پرسیارانەی کە برا ئەندامەکان ئیسـارەیان کرد وەزارەتی تەندروستی بکرێت بە دوو وەزارەت ئێمە داوامان لە پەرلەمان کردووە بکرێت بە دوو وەزارەت یان شتێکی تر هەندێک وەزارەت مـەرج نییـە بکرێت بە دوو وەزارەت چونکە دوو وەزارەتیش هەیکەلێکی زۆری دەوێت خەرجییـەکی زۆری دەوێت تەنیـا ئەگـەر زۆر پێـویست نەبێت ئەگـینا نـابێت وەزارەتێک بـکرێت بەدوو وەزارەت بۆیە زیاتر ئەوەی ئەنجومەنی وەزیران بیری لێ دەکاتەوە کە وەزارەتی تەندروستی و کـاروباری کـۆمـەڵایەتی دوو وەکـیلی هەبێت چونکە لە راسـتـیـدا دوو بەشی ئەوەندە نزیک نین لەیەکتری بەرای ئێمە بە دوو وەکیل لەوانەیە بەڕێوە بچێت بێ ئەوەی ئێمە بێین وەزارەتێکی تر دروست بکەین باری میللەت و حکومەتی خۆمان گران بکەین داوامان لە پەرلەمانی بەڕێز کردووە کـە دەسەڵات بدەن بە ئەنجـومـەنی وەزیران بۆئەوەی لە هەندێک وەزارەتەکـان زیاتر لە دوو وەکـیل دابمەزرێنێ ئومێدەوارین لەم ساڵەدا ئەوە گفتوگۆ بکەن و بڕیارێکی لێ بدەن بێگومان ئەگەر بوو بە بڕیار یەکەم وەزارەت کە دوو وەکیلی بۆ دابنرێت وەزارەتی تەندروستی و کۆمەڵایەتییە.
لەبابەتی جوتیارەکان وەزیری پەیوەندیدار مامۆستا سەعد مەوزوعەکە بۆ ئەو بەجێ دێڵم تەنها یەک شت کـە وەکو راستـیـیـەکە کە لە بڕیاری ئەنجـومـەنی ئـاسایش دەربارەی (۹) کە لە مـانگی ئکتۆبەری ئەم پاییزەدا ئیـقـرار کرا بۆ یەکەم جار بڕگـەیەک بەروونی هاتووە بۆ کڕینی بەروبوومی ناوخۆ ئەوە بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشە وەکو جەنابی کاک نێچیرڤان باسی کرد ئەنجومەن داوای لە سکرتێری گشتی UN کردووە تەرتیباتی پێویست دەربارەی ئەم بابەتە و هەندێک بابەتی تر پێشکەش بە ئەنجـومـەن بکات بۆ ئەوەی پەسندی بکەن و ئومێـدەوارین بتـوانرێ ئەمە ئەم سـاڵ جێبەجێ بکرێت کە تەسەور دەکەین ئەوە گرفتێکی هەرە سەرەکی چارەسەر دەکات. مەسەلەکانی تری جوتیارەکان من بۆ وەزیری کشتوکاڵ بەجێ دەهێڵم.
بابەتی هەڵبـژاردنی شـارەوانی، ئەوە بابەتێکە لەژێر دیراسـەتێکی جـدیدایە و تـەسـەور دەکـەین

شتێکی شارستانییه و هەوڵ دەدەین بە زووترین کات بکرێت، بەڵام بە پەلە پەل نەبێت بەڵکو بە دیراسەت بێت تاوەکو ئەنجامی چاکی هەبێت بە شێوەیەک شارەوانییەکان دروست بکەین کە دەسەڵاتیان هەبێت و فیعلەن بتوانن خزمەتی خەڵک بکەن و میللەت خۆی دەور ببینێت لە بەڕێوەبردنی ئیشوکاری خۆی شارەوانی شارەوانییەکانی خۆی بەڕێوە بیات لە جیاتی موظفینی معین ئیشەکانی خۆی بکات.
مامۆستا عەبدولخالق باسی یاساکانی کرد کە دووبارە چاو بەهەندێک یاسادا بخشێنرێتەوە لەولا تۆزێک لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران قسەمان کرد پێمان باشە لیژنەیەکی هاوبەش لە پەرلەمان و لە حکومەت دابمەزرێت و ئەو مەوزوعە دیراسەتێکی باش بکرێت و ئەگەر هەندێک یاسا پێویستە چاویان پیابخشێنرێتەوە ئێمە بە شتێکی باشی دەزانین چونکە ژیان دەگۆڕێت دەبێت هەندێک جار هەندێ یاساش بگۆڕین بۆئەوەی بگونجێت لەگەڵ گۆڕینی ژیان.
سوپاسی هەموو مامۆستایان دەکەین بەتایبەتی مامۆستا شێخ موحسین موفتی تەئکیدی بۆ دەکەین کە حکومەتی هەرێم پابەندە بە ڕێنماییەکانی دینی ئیسلامی حەنیف لەگەڵ ڕێز بۆ هەموو دیانەتەکانی تر کە لەم وڵاتەدا هەیە.
بابەتی زیاد کردنی مووچەی فەرمانبەران ئەوە وابزانم سەرۆکی ئەنجومەن باسی کرد ئێمە هەوڵ دەدەین لە ڕێگای بڕیاری ٩٨٦ەوە لەوێش چۆن باسم کرد لە فێزی ٩ بڕگەیەکی تایبەتی دەربارەی ئەوە هاتووە و بەدوای دادەچین.
بابەتی کارەبا وابزانم ڕاپۆرتی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران زۆر روون بوو، زۆر دوورو درێژ بوو لەگەڵ ئەوەشدا ڕاشکاویش بوو، ئێمە حەز ناکەین لێرە شتێک بەجەنابتان بڵێین یان بە میللەتی بڵێین کە پاشان نەتوانرێت ئەنجام بدرێت بەڕاستی بڵێین ئەوەندەمان پێ دەکرێت و ئەوەندەمان پێ ناکرێت.
لەم ماوەیەدا بیست هەزار خێزان لە هەولێرو دەوروبەری کارەبایان لە مولیدەکانی حکومی وەردەگرن کە نرخی دوو ئەمپێر بە (٣٠) دینار بەنیسبەت ئەو خەڵکانەی دەخلیان سنووردارە لەراستیدا ئەمە مەکسەبێکە بۆیان، بەڵام ئەمە هەنگاوێکی بچوکە بەراورد لەگەڵ ئەو بارەی کە لەسەر شانمانە ئەوەی کە بەدەستەوەیە ئەو (٢٩) میگاواتییەیە هی دهۆک و هەولێر بڕیارە ئەوەی دهۆک لە مانگی شوباتدا کار بکات هەندێک جار ئەم ئیشانە خەلەل دەکەویتە ناوی چونکە ئەو بڕیار بوو لەم مانگەدا کار بکات، بەڵام هەندێک شت هاتە پێش ئێستا دەڵێن لەمانگی ئایندەدا کار دەکات ئەو (٢٩) میگاواتییەی بۆ شاری دهۆک باری کارەبا زۆر سوک دەکات دەتوانێ کارەبا بدات بە (٤٠ ـ ٥٠) هەزار ماڵ لە دهۆک لەوانەیە شارەکە تا ڕادەیەکی گەورە دادەپۆشێ (تغطیه)دەکات.
بەنیسبەت هەولێر ئەو (٢٩) میگاواتییە بڕیار وایە لەمانگی (٣) تەواو ببێت لە هەولێریش ئەو دەتوانێت بدرێتە (٤٠ـ ٥٠) هەزار ماڵ بەڵام شاری هەولێر زۆر گەورەترە و گرفتەکەی قورسترە.

باسی ئەوەش کرا داوای ئیزافیش کراوە قۆناغی دووەم و سێیەمی (٢٩) میگاواتی ، بەڵام یەکێک لە گرفتە هەرە گەورەکانی ئەو (٢٩) میگاواتییە رۆژانە هەریەکێکی (١٣٠) لیتر گازئۆیلی دەوێت، لەبەرئەوە تەسەور بکەن ئەگەر هیچ گیروگفتێکی تر نەبێت ئەمە چ بارێکە لە راستیشدا هۆیەکە بۆئەوەی UN دوو دڵ بن لە قۆناغی دووەم، ئەوان دەیانەوێت دڵنیا بن لە قۆناغی یەکەم، بەهەر حاڵ ئێمە دەبێت هەوڵ بدەین لە رێگای کەهرۆئاوییەوە هەوڵ بدەین هەندێکی بچوک خەریکن دەستی پێ دەکەن وەکو کاک نێچیرڤان باسی کرد بەرەسمی داوامان کردووە هەولێریش بە کەرکوک و موسڵ ببەسترێتەوە و، لە هەر سەرچاوەیەکی تریش کە ئەو ئاماژەی پێ کرد.

رێگای هەولێر دهۆک ئێمە بە رێگایەکی زۆر گرنگ و ستراتیژی دایدەنێین رێگای سەفەر کە ئێستا (٤) سەعاتە لەوانەیە بکرێت بە (٢) سەعات بێگومان ئەمە کەسبێکی گەورەیە ئەگەر بکرێت. لە دوو سێ شوێن داخلی بریاری (٩٨٦) کراوە و لە دوو سێ شوێن دەستیان پێ کردووە یەکێکیان لە عەینکاوە بەرەو ئیفراز یەکێتی تر ئەوەی پاش قەسرۆک فراوان کراوە زانیومە لە شوێنێکی تریش خەریکە دەست پێ دەکەن. بەس رێگاوبانی چاک رێگای ستراتیژی و ئەوانە دەبێت مرۆڤ بە سەبر بێت لەگەڵی رێگای بە پەلە پەل بکرێت پاشان گرفتی زۆر دروست دەبێت، دەبێت بەپێی مواسەفاتی فەنی جیهانی بکرێ و کاتی تەواوی بدرێتێ و موتابەعەی تەواو بکرێت بۆ ئەوەی لە ئەنجامدا سوودێکی باشی لێ وەربگیرێ.

بابەتی تەلەفۆناتی دهۆک باس کرا بەداله گەیشتووە پاشان پرۆژەی تریش بەردەوامن پردەکانیش ئیشیان لەسەر دەکرێت، بەڵام هەندێک لەو پرۆژانە لە دەست ئێمەدانین ئێمە ئەو پرۆژانە موتابەعە دەکەین بەڵام لەوانەیە لە رێگای بریاری ٩٨٦وە تەمویل دەکرێت کە وەکو ئێمە لەگەڵ وەزارەتێک قسە دەکەین ئەو پەلەیەی لە وەزارەتێک دەکەین بۆ جێبەجێ کردنی ئیشوکارێک لەوانەیە بەهەمان قسەو توندتریش لەگەڵ وەکالەی UN قسە دەکەین بەڵام لەوانەیە ئەنجامەکانی خێرا دەرنەکەون.

مەسەلەی کێبلی شەقامی (نیزار) ئەگەر قابیلی کردن بێت دەکرێت، لەوانەیە ئەو بابەتەش کاک شەوکەت لەمن زیاتر ئاگادار بێت.

مەسەلەی ئاوی دهۆک ئەویش لە راپۆرتدا هاتووە، تەنیا بۆ تەئکید دەڵێم ئەگەر ئەو پرۆژەیەی ئێستا دانراوە هێڵێکی ئیزافی چەمبەرەکان بۆ دهۆک کە سەعاتێک یەک ملیۆن لیتر دەدات حساب کراوە گرفتی ئاوی دهۆک بەوە چارەسەر دەبێت.

پرۆژەی هەولێر (٣) ملیۆن لیتر لە سەعاتێک حساب کراوە ئیتر پێویستمان بە بیر نەمێنێت لە هەولێر ئاوی بیر تەنها وەکو ئیحتیاتێک لە دەست حکومەت بمێنێت و ئێمە حساب دەکەین ئەوە باشترین و عەمەلیترین دوو پرۆژەیە بەو بۆنەیەوە دەڵێم بە شێوەیەکی گشتی لەگەڵ UN تەفاهومان کردووە کە شارەکانی ئێمە ئاو لە رووبار بۆیان بێت کە چیتر ناتوانین بە بیرو بە کانی

ئاو بدەین بە شاری وا گەورە هەموو رووبارەکانیش دوور نین کورد شاری لەسەر رووبار دروست نەکردووە هەمووشی زۆر دوور نین ٥کم یان ١٠کم یان ٣٠کم دوورن هەمووشی بە وەسائیلی هیچی دوور نییە کە توانای کورت کردنەوەی نەبێت.
مەسەلەی ئاوارەکان و دەرکراوەکان قسەکانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران تۆزێک تەفسیلی دەدەمێ جاریٚ ئێستا (٧٠) خانوو ئامادەیە ئەوە رێکخراوی قەندیل کردوویەتی ئێمە کۆبونەوەکانی پەرلەمان تەواو ببێت، لەوانەیە بتوانین یەکێک لە باڵەخانەکان چوڵ کەین، ئەوە ئامادەیە، «٢٠٠» خانوو بۆ ئاوارەکان بەتایبەتی لە سەر حسابی حکومەت دروست کراوە ئەویش «١٠٠» دانەیان لە تەواو بووندایە، «٤٠٠»خانوو بۆ خێزانی شەهیدان دروست کراوە ، «٢٠٠»خانوو بۆ خێزانی شەهیدەکانی سلێمانی و کەرکووکە و، ئەویش پێشینە دەدرێت بە ئاوارەکان، «٣٠٠»خانوو لە بنەسڵاوە دروست دەکرێت لەگەڵ«٥٨٠» شوقە کە بە هاوکاری رێکخراوی «هابیتات» دەکرێت و، هەر رۆژێک بێت ئەو کارە دەست پێ دەکات، لەوانەیە ئەمە چاری باری ناگوزەرانی ئاوارەکان بکات لە شوقەکاندا، بەڵام ئێمە کە بڵێین «١٣» هەزار خێزانی ئاوارە هەیە و، هەندێکیان لە خانوودان و هەندێکی تریشیان لە کومەڵگاکاندان، ئەوە بارەکە زۆر قورسە و ئێمە بە جارێک ناتوانین چارەسەری بکەین و، ئەمە بابەتی بنەڕەتی ئاوارەکانی ناو شوقەکانە، سەبارەت بە کردنەوەی قوتابخانە و نەخۆشخانەی تایبەتی بۆ منداڵی شەهیدەکان، ئەو شوێنانەی کەوا خانووی تیادا دەکرێت بۆ خێزانی شەهیدەکان خۆی ئوتۆماتیکییەن وای لێ دێت، بەڵام بە شێوەیێکی گشتی لەوانەیە رای تریش هەبێت لەسەر ئەوە، ئەگەر منداڵی شەهیدەکان تێکەڵی منداڵانی تر بن لە رووی دەروونییەوە باشتر بێت، بە بۆچوونی ئێمە نەکرێتە بریارێک باشترە، چونکە ئەگەر دوو منداڵی شەهید لە پۆلێکدا بێت ئەوە هەموو پۆلەکە رێزی ئەو دوو منداڵە دەگرن، جا بە هەر حاڵ لە رایەک زیاتر لەسەر ئەو بابەتە هەیە، زەویش بەسەر ئاوارەکاندا دابەش دەکرێت وەکو هاوولاتییەکانی تری هەولێر و دهۆک و شوێنەکانی تر، ئومێدەوارین کەوا حکومەتی هەرێم لە ئایندەیەکی نزیکدا دەست بە دابەش کردنی ئەو زەویانە بکات، واتا بەدەر ناکرێن چونکە خەڵکی ئێرە نین زەویان پێ نەدرێت، ئەو خۆراکەی کەوا (W.F.P)دابەشی دەکات هەندێ جار باش نییە و، هەر جارێک باش نەبووبێت رەخنەیان لێ گیراوە و، بەتایبەتیش پارێزگار ئەو رەخنەیەی گرتووە، واتا ئەوە نییە کەوا پشتگوێیان خستبێت، پاشانیش ئێمە لەگەڵ رێکخەری نەتەوەیەکگرتووەکان قسە دەکەین، سەبارەت بە پارێزگاکانی سۆران و ئاکرێ با ئێمە بەعەمەلی بییان کەین بە پارێزگا، با ئەوە پلانێکی بنەڕەتی بۆ دابنێین ئەویش کە بۆ سۆران دانراوە، هەروەها بۆ ئاکرێش دابنرێت، کارگەو دەزگای لێ دامەزرێنین، چونکە ناوی لێنراوە، خۆی کە ناوی لێ بنرێت و هیچیشی بۆ نەکرێت ئەوە کارەکە زیاتر قورس دەکات، جێگا بۆ بەشەکانی ناوخۆ خراوەتە بەرنامەی «٩٨٦» لە فێسی «٨» و«٩»دا، سەبارەت بە دامەزراندنی وەزارەتێک بۆ خوێندنی باڵا ئەوە لە ژێر لێتوێژینەوەدایە و، دەبێت وەکو وەزارەتەکانی ترد بکرێت بە

وەزارەتێکی سەربەخۆ و، ئەمە ئەوەش ناگرێتەوە کەوا ئەنجومەنی خوێندنی بالا نامێنێت، بەڵکو دەمێنێت، بەلام ئەو رۆڵەی ئێستا کە بۆ گەورەو بچووک کە دەیکات نامێنێت و، سەبارەت بە وەرزشیش ئەوە گرنگییەکی باشی پێ دراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاسی جێگری سەرۆکی حکومەت دەکەین، کاک شەوکەت فەرموو.

**بەڕێز شەوکەت شێخ یەزدین/ وەزیری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش هەموو شتێک دووبارە سوپاسی خۆمان ئاراستەی خوشک و برا خۆشەویستەکان دەکەین، بۆ ئەو هەنگاوانەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوێشتییەتی و، ئەوان بە ئیجابی لەقەڵەمیان داوە، لە هەمان کاتیشدا پێشنیار دەکەین کەوا چۆن کارەکانی ئێمە بە ئیجابی لە قەڵەم دەدەن، هەر بەهەمان شێوە ئەگەر هاتوو کاری سلبیشمان هەبوو ئاگادارمان بکەنەوە، بۆ ئەوەی کارە خراپەکانمان، یا ئەو کارانەی کەوا وەکو پێویست ئەنجام نەدراون چاکی بکەینەوە و، باشەکانیش باشتر بکەین، سەبارەت بە پرسیارەکانی بەڕێزان کەوا هەندێکی وەلام درایەوە، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا هەرچەندە هەندێکی دووبارە بوو هەقی بەڕێزانە، چونکە هەردوو راپۆرتەکە دوور و درێژ و تێروتەسەل بوو، کاروکردەی یەک ساڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو، نەدەکرا لە کاتێکی وا کەم دا ئیستیعابی هەموو ئەو شتانە بکرێت کە وەزارەتەکان و حکومەت ئەنجامی داون، زۆر شت ماوە باسی لێوە بکرێت، چونکە بەراستی هەر وەکو باس کرا ئێمە بە یاری خوا لە ماوەیەکی زۆر زوودا ئەو کارانەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجامی داوە لەرێگای وەزارەتەکانەوە یەک یەک هەمووی بە چاپ بگەیەنین و، کارە وردەکانیشی تیادا دیاری بکەین، چونکە ئێمە ئاماژەمان تەنها بە بڕە گەورەکان داوە و، زۆر کار و بڕی تریش هەیە کەوا ئاماژەمان بۆی نەکردووە، ئەویش لە کەمی کات، من تەنها ئەو پرسیارانەی کەوا ماون، بە کورتی وەلامیان دەدەمەوە، پرسیارێکی کاک عەبدولخالق مابوو کە جەختی لەسەر ئەوە کرد کەوا گرنگی و بایەخ بە یاسا بدرێت و یاسا سەروەر بێت، گومان لەوەدا نییە کەوا حکومەتی کوردستان لە بەرنامەی خۆیدا پێش هەموو شتێک ئەو ئەرکەی لە ئەستۆی خۆی گرتووە کە چ زەحمەتێکی گەورەی لە پێشە، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا کاری بۆی کردووە و لەم یەک ساڵەدا ئەوەی دووپات کردەوە کەوا تاوەکو رادەیەکی زۆر سەرکەوتوو بووە و، لە هەمان کاتیشدا جێی خۆیەتی لە هۆڵێکی وادا سوپاسی خۆمان ئاراستەی بەڕێز سەرۆک بارزانی بکەین، کە هەر لە دەسپێکی کارکردنماندا داوامان لێی کرد وەکو سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کەوا بروسکەیەکی ئاراستەی هەموو لق و فەرماندەی لەشکرو دەزگاکانی ئیداری و حزبی کرد کە پشتیوانی لە حکومەت بکەن و،

دەستێوەردان نەبێت بۆ ئەوەی یاسا سەروەر بێت، هەروەها چۆن هاوکاری کردین لە مەسەلەی راو و داربڕین کە بایەخێکی گشتی پێ درا، سەبارەت بە گرانی بازار کە ئاماژەی بۆ کرا، ئەگەر سەیری بکەین بە ئەنسافەوە دەبینین ژیانی ئێمە رۆژ بە رۆژ خۆش تر دەبێت و هەرزان تر دەبێت لە چاو وڵاتانی دراوسێ و دەرەوە، بەتایبەتیش ئێستا کە هاتووچۆیەکی زۆر هەیە، کابینە لە دوای کابینە هەوڵی ئەوەمان داوە کەوا خزمەتگوزاری زیاتر بکات و، ئۆتۆماتیکییەن خۆی کاری زیاد دەکات و بازرگانیش زیاد دەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە مانای ئەوە نییە کەوا شت هەرزا بووە راوەستین، زۆر جاریش حکومەت لە هەنگاوەکانی خۆیدا زەرەریشی کردووە، بەڵام دیسانەوە بەرژەوەندی گەلی لە سەرووی هەموو شتێکەوە داناوە، سەبارەت بە رسومات کە باس کرا، هەموو لایەک ئاگادارن کەوا ئێمە ناچارین ، چونکە ئەگەر دوا بکەوین ئەوە خۆی لە خۆیدا دەبێتە گرفتێک یەکەم بۆ حکومەت و پاشانیش بۆ میللەتەکەمان، ناچار بووینە دانیشتن لە ئاستی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە ئامادە بوونی بەڕێز وەزیری دارایی و، لەگەڵ ئەو پسپۆرانەی کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا هەن و شارەزاییان هەیە لە بواری ئابووریدا بەشدارییان دەکەن بۆ ئەوەی بزانین چ هەنگاوێک پێویستە بە زوویی ئەنجام بدرێ بۆ ئەوەی دوا نەکەوین و بزاقەکەمان لە ئاستی خۆیدا بێت، هەنگاوی ترمان ناوە و هەنگاوی تریش دەنێین ، سەرەرای ئەوەیش کە خۆشمان رازی نین، دەمانەوێ باشتری بکەین و، دەمانەوێ خەڵکی شارەزاتریش لە دەوروبەری خۆمان کۆ دکەینەوە، سەبارەت بەوەی کە بەڕێز کاک رەقیب باسی کرد کە گرنگی و بایەخ بدرێت بە بنکەی ناحیەکان، بەڕێز وەزیری ناوخۆ ئامادەیە و، ئێمە وەکو سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لە رێگای وەزارەتی ناوخۆوە هەر پێشنیارێکیان هەبێت سەبارەت بە ناحیەکان بۆ دابین کردنی پێداویستییەکان و ئیدارات لەگەڵ وەزارەتەکانی تردا هەماهەنگیان کردووە و، وردە وردە ناحیەکانمان بەرەو پێشەوە دەچێت و، ئەو شتانەی کە پێویستە بۆیان دابین دەکرێت بۆ ئەوەی هەر یەکە لە سنووری خۆی بتوانێت دەست بە چالاکییەکانی خۆی بکات و بە ئەرکی سەر شانی خۆی هەستێ، سەبارەت بە کێبڵەکان وەکو کاک سامی ئاماژەی بۆ کرد، کێبڵەکانی ناوچەکە خۆی بەراستی زۆر کاریان تیادا کردووە، وەکو وتم وەزارەتەکان هەر یەکە بەرنامەیەکی دوور و درێژیان هەبووە لە ماوەی ئەم ساڵەدا، بەڵام ئەوەی کە لە راپۆرتەکەماندا هەبوو ئەو کارانەن کە جێبەجێ کراون و زۆر کاری تریش هەیە کەوا لەبەردەستدان و، لە ساڵی تازەدا و لەبەرنامەکانی خۆیاندا کاری بۆ دەکەن، چونکە زۆربەیان کاریان بۆ کراوە، سەبارەت بە کێبڵەکان بڕیاری بۆ دراوە کەوا لە بڕیاری «٩٨٦» سوود وەرگیرێت و، هەموو کێبڵەکانی سەرانسەری شارەکانمان بگۆردرێت، بەڵام ئەوەش ئەوە ناگرێتەوە کەوا ئێمە راوەستین تا کەی لە بڕیاری «٩٨٦» ئەم کارە جێبەجێ دەکرێت؟، ناچارین لە توانای خۆمان وەکو حکومەتی کوردستان سوود وەرگرین و، ئەو شتانەی کە پێویستە ئەنجامی بدەین، وەکو ئەو بگۆڕانەی کە هێناومانە جارێ سوودی لێ وەرگرین تاوەکو کارە بنەڕەتییەکانمان جێگیر دەبن، پاشان بەیاری خوا دووبارە لەو بڕۆگرامانە سوود وەردەگرین بۆ

شار و شارۆچکەکانمان لەسەرانسەری کوردستان، سەبارەت بە ترافیک لە ناو شارەکان بەتایبەتی لە زاخۆ و دهۆک، بەراستی ئەم مەسەلەیە بیری لێ کراوەتەوە و دیراسەت کراوە و کاری بۆ کراوە و، بیرمان کردووەتەوە کەوا چەند پردێک لێ بدرێت و، لێتوێژینەوەی تەواوی لەسەر کراوە، بەڵام ئەمە هەندێک لە توانای حکومەتدا نییە، ناچار لە بەرنامەی «٩٨٦»دا جێگامان بۆی گرتووە و، ئەوەی لە توانادا بێت بۆ کەم کردنی قەرەباڵغی ناو شار و ئاسان کردنی هاتووچۆ ئەوە دەستمان پێ کردووە و، هەندێکی لە ڕێگای پارێزگاری دهۆک بڵاو کراوەتەوە، سەبارەت بە هاتووچۆ ئەمڕۆ ئوتۆمبیلێکی زۆر هاتووەتە کوردستانەوە، جێگای خۆیەتی و ئێمەش هەست بەوە دەکەین کەوا هاتووچۆ زۆر زەحمەت بووە، بەڵام بە کردنەوەی ئەو ڕێگایانە و دانانی هەندێ ڕێنمایی پێویست کە لەمەودوا چۆن ئەو ئوتۆمبیلانە کۆنترۆڵ بکرێن و، چ جۆرە ئوتۆمبیلێک بێتە کوردستانەوە بۆ ئەوەی کارەسات کەمتر بێت و هاتووچۆش باشتر بێت، هەندێ شتیش ئەگەر پێویستی بە ڕوونکردنەوە هەبێت ئەوە داوا لە بەڕێز کاک سەرکیس دەکەم کەوا وڵام بداتەوە، چونکە زۆر هاونگاو نراوە و لەگەڵ وەزارەتەکانیش هاماهەنگی کراوە بۆ ئەم مەبەستە، سەبارەت بە پرسیارەکانی بەڕێز کاک شێخ یەحیا، کە سەبارەت بە ڕۆڵی ئاسایش و ڕۆڵی جەماوەر من تەنها ئاماژەیەکی بچووکی بۆ دەکەم، ئەگەر پێویستی بە ڕوون کردنەوەی تر هەبوو ئەوە داوا لە بەڕێز کاک فازڵ دەکەم کەوا هاوکاریم بکات لەم بارەیەوە، لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیراندا و پێش ئەم دانیشتنە بەڕێز جەنابی سەرۆکی ئەنجومەن لە دەسپێکی قسەکانیدا ئاماژەی بەوە دا کە وەکو خۆشەبەرییەکیش کە لە ڕێگای ئاسایش و هاووڵاتیانی خۆشەویست و دڵسۆز ئەو کەسانەی کە دەستیان بە تەقینەوە کردووە دەستگیر کراون و، لە هەمان کاتیشدا چاوپۆشییان لێ ناکرێت و بە سزای خۆیان دەگەن و بە گوێرەی یاسا ڕەفتاریان لەگەڵدا دەکرێت و، دووبارە جەخت لەسەر ئەوە دەکرێت کە ئێمە هەمووومان بە یەکەوە هەوڵی ئەوە بدەین و کاریشی بۆ بکەین تاوەکو بوار بەم جۆرە کارانە نەدەین کەوا لە وڵاتی ئێمەدا ڕوو بدات، سەبارەت بە تەعریفەی گومرکی ئاماژەشم بۆی کرد کەوا زۆر کاری بۆ کراوە و بە یاری خوا پاش ئەم دانیشتنانە بەرنامەیەکی تر هەبێت بۆ تەعریفەی گومرکی و بێتە ئێرە و گفتوگۆی لەسەر بکەین، سەبارەت بە قەپان لە حاجی ئۆمەران جێگای بۆ ئامادە کراوە و وابزانم نیوەی کارەکەش تەواو بووە و بە یاری خوا لەم زووانە کێشەکە تەواو دەبێت و هاتووچۆی بازرگانی بە ئاسانتر بەڕێوە بچێت، پێکهێنانی ئەنجومەنی بازرگانی ئەمە لە ڕاستیدا تەوسیەی خودی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانە و، کارمان بۆی کردووە و پەیوەندیمان بە هەندێ دڵسۆزانەوە کردووە کە بە یاری خوا لە ئایندەیەکی زوودا ئەم ئەنجومەنە پێک دێت و، بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کار دەکات و بە سەرپەرشتی بەڕێز سەرۆک وەزیران و بەڕێز جێگری سەرۆک بۆ ئەوەی بتوانین کارەکانمان لە ئاست و ساتی خۆیدا جێبەجێ بکەین، سەبارەت بە ئاوارەکان ئاماژەیەکی زۆری بۆ کرا و بەبێ جیاوازی زەوییان بەسەردا دابەش دەکرێت، سەبارەت بە خانووش لە بەرنامەکانی ئەنجومەنی وەزیراندا هەیە کەوا

خانوویان بۆ دروست بکرێت، بەڵام تەنها یەک شت هەیە کەوا ئەم خانووانە بەشێوەیەکی کاتییە هەر ئاوارەییەک کە دێت بۆ هەمیشە لێرە نابێت، جا ئێمە وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان بیرمان لەوە کردووەتەوە کە بەیاری خوا لەم زووانە ئاشتی ئەنجام بدرێت و ئەو ئاوارانەش بگەرێنەوە بۆ سەر زێدی باو باپیرانیان ئەو کاتە حکومەتی کوردستان بتوانێ ئەو خانووانەی کە پێویستن لە جێگای خۆیاندا بۆیان دروست بکات و بە توانایەکی زیاتریش بۆ ئەو ئێشوئازارانەی کە لەم ماوەیەدا کێشاوویانە، سەبارەت بە یارمەتی خانەنشین و پەککەوتەکان کە لە حکومەتی مەرکەزی مووچە وەردەگرن، لە کابینەی سێشدا ئەم پرسیارەمان هاتە پێش و سەبارەت بە زیاد کردنی مووچەکانیش، ئێمەش ئاماژەمان بەوە دا کە ئەمە یەکێکە لە سیاسەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و، هەموو توانایەکی خۆمان سەرف دەکەین بۆ رێکخستنی داهاتەکانمان بۆ ئەوەی بتوانین هەم مووچەی کارمەندان زیاد بکەین و، هەمیشە ئەو پەککەوتووانەی کە مووچە لە حکومەتی مەرکەزی وەردەگرن مووچەیان بۆ دابین بکەین، بەڵام ئەوەی کە جێگای خۆش حاڵییە ئەوەی ئەمرۆ بەرێز سەرۆکی حکومەت ئاماژەی پێ دا ئێوەش لەگەڵماندا بەشدار بن لە خۆشی و ناخۆشی ئێمەدا و، ئەو داهاتەی کە ئێمە هەمانە و ئەو وەزعیەتەی کە ئێمە هەمانە لەگەڵ ئەو سەرفیات و بار گرانییەی کە لەسەر شانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە فەرموون پێکەوە کاری تیادا بکەین، بەهەر شێوەیەک بێت ئەو داهاتە بگونجێنین لەگەڵ ئەو هەموو سەرفیات و داواکارییانەی هەموو لایەک، چونکە ئیمکانییاتەکە بەش ناکات، بەڵام ناشکرێت لەبەر ئەوەی ئیمکانییاتەکە بەش ناکات نابێت مووچەی هەموو فەرمانبەرانی کوردستان زیاد بکەین ومامۆستایانی لێ بێ بەش بکەین، هەندێ شت هەیە بمانەوێ و نەمانەوێ ئەبێت هەموومان کاری بۆ بکەین، داوای ئێوەش بوو کەوا ئێمە مووچەی مامۆستا بەرێزەکان زیاد بکەین، بەراستی مامۆستا بە بەردەوامی لە دەوام دایە و، هەموو کارێک بە مامۆستا ناکرێت، یا بە پزیشک ناکرێت، بەڵام کارمەند هەیە مۆڵەت وەردەگرێت بۆ ماوەیەکی زۆر لەماڵ دەمێنێت، دەکرێت چاوپۆشیش لە هەندێ شت بکرێت، واتای ئەوەش نییە کە بە قسەکانی من ئێتر بیریشی لێ ناکرێتەوە، نەخێر بیریشی لێ دەکرێتەوە و بەیاری خوا ئەگەر کاتیشی هات ئەو مووچەیە زیاد دەکرێت و، ئێمە هەموومان مرۆڤین و نوێنەری ئەوانین و خزمەت کاری ئەو میللەتەین و، زۆر باشیش دەزانین ئەو برە پارەیەی کە وەری دەگرن ئەوەندە نییە کە ئێمە نازیان بەسەردا بکەین و، دەزانین ژیان بەو برە پارەیە ناچێتە سەر، بەڵام لەگەڵ ئەوەش هەموومان پێکەوە کاری بۆ بکەین و، ئەگەر خراپییەکیش هاتە پێش هەموومان پێکەوە تەحەمولی بکەین و باشی بکەینەوە، من قسەم نەما ئەگەر کاک سەرکیس، یاخود کاک فازڵ و، کاک سەعید شتێکیان هەبێت باسی بکەن بۆ تەواو کردنی قسەکانی من، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کێ دەیەوێت قسە بکات با بفەرمووێت، کاک فازڵ فەرموو.

**بەڕێز فـــازڵ مـــیـــرانی/ وەزیری ناوخـــۆ:**

**بـەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــومـــــەن.**

دوو خاڵ هەیە کە بەپێویستی دەزانم باسیان بکەم، یەکێکیان بەدوادا چوونە و ئەوی تریشیان وڵام دانەوەیە، سەبارەت بە ناحییەکان هەروەکو بەڕێز کاک شەوکەت باسی کرد ئێمەش دەزانین کەوا ناحییە قاعیدەی سەرەکییە بۆ هەر یەکەیەکی ئیداریی و ئێمەش هەر ئەم ئیشەمان کردووە لە کابینەی سێیەم و چوارەمدا، واتا لە کابینەی پارتی و هاوپەیمانەکانی ئەم خاڵەیان لە پێش چاویان گرت و، خۆشبەختانە ماقەپەروەرەکانمان بە بەڕێوەبەری ناحییە دامەزراندووە و، بە پێی ئەو توانایەی کە هەمانە وەکو حکومەت بایەخێکی باشمان بە ناحییەکان داوە، سەبارەت بە ئاسایش و تۆڕی تەخریبی جارێکی تریش بە راشکاوی لە پێش ئێوەی بەڕێزدا باسمان کردووە کە مەترسی دامەزراندنی کیانێکی نەتەوەیی سیاسی دژمنانی زۆرترە لە وڵاتێکی سەربەخۆ و یاخود لە ناکۆکییەکی دەوڵەتی و، جگە لە ئیرهاب وەکو دیاردەیەکی دەوڵەتی ئیرهابی ئێمە چەند لایەنێکی تیادایە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کەوا وەزعی ئاسایشی هەرێمەکەمان بە حوکمی ئەم تەقینەوە، یا هەر تەقینەوەیەکی تر لە نا ئارامییدایە بەشێوەی پێناسەی تاوان، یا زیاد بوونی تاوان، یا پێداچوونەوەی جۆرەکانی تاوان و، لە هەموویان ترسناک تر تاوانی «منظمە»یە کە سوپاس بۆ خوا ئەوە لە کوردستاندا نییە و، هەوڵ و کۆششی لایەنە پەیوەندارەکان بە ئاسایشی هاووڵاتیان و هەرێمەکەمان، جا چ هێزی ئاسایشی ناوخۆ و چ دەزگاکانی تری هەواڵ گری و یا رێکخستنەکانی حزبەکان و، لەسەرووی هەمووشیانەوە رێکخستنی پارتی و رۆڵی جەماوەر توانیمان دوو جۆر خەڵک دەسگیر بکەین، یەکەمیان بە تاوانەکەوە گیراون «متلبس بالجريمە» و ئەوی تریشیان تاوانبار، بەڵام ئێرە جێگای یاسادانانە و لێرەدا پرسیار لە ئێمە دەکرێت کە لە چۆنێتی جێبەجێ کردنی یاساکان، خۆشحاڵین ئێمرۆ لێرە داوامان لێ دەکرێت کەوا بابەتەکانی لە سێدارەدان و سزادانی کتوپر لە جیاتی ئەوەی کەوا پرسیارمان لێ بکرێت بۆ ئێمە ئەوەمان ئەنجام داوە، ئەوەتا ئەمڕۆ باسی ئەوە دەکەین کەوا بۆ ئەنجاممان نەداوە، ئەمە خۆی لە خۆیدا شانازییە بۆ حکومەتێک کە نوێنەرایەتی هەرێمێک و ئەو میللەتانەی تیادا دەکات و، بە پێی دروشمی خۆی کەوتووە کە دەڵێت یاسا دەبێت سەروەر بێت، لێکۆڵینەوە و ئیزبارەی لێکۆڵینەوە ئەبێت تەواو بێت و، ئێمە وەکو بزاڤێکی سیاسیش و وەکو دەسەڵاتێکی ئیداری جێبەجێ کەریش نوێنەرایەتی ئەو بزاڤە سیاسیە دەکەین، ئەبێت هەموو لایەنەکانی ئەم بابەتە لەبەر چاو بگرین، دوودڵیتان نەبێت لەوەی کەوا ئەمانە پاش تەواو بوونی لێکۆڵینەوە دەدرێن بە دەسەڵاتی دادوەری بۆ دادگایی کردنیان و، بەپێی رێنمانییەکانی بەڕێز سەرۆک بارزانی و دروشمی کابینەی چوارەم مافی موەکیلەکانیش هەیە کەوا بێن و لە دادگا داکۆکیان لێ بکەن و، ئەمەش باشترین رەنگدانەوەیە بۆ ئەوەی کەوا ئێمە بەرەو رۆیشتنین بۆ کۆمەڵگای مەدەنییەت، سوپاس.

**بـەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــومـــــەن:**

زۆر سوپاس، ئەو بەڕێزانەی کە دەیانەوێت قسە بکەن، کاک سەعد فەرموو.

**بەڕێز سەعد عەبدوڵلا/وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر پێخۆشحاڵم کەوا دەبینم برایان ئەندامانی پەرلەمان زۆر بایەخ بە جووتیارەکان دەدەن و، بێگومان ئەمەش یارمەتی دانێکە بۆ ئێمە، ئەمە یەکێکە لە ئەرکەکانمان کە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بۆمان دیاری کراوە، بەڵام ئێمە رەنگە لە سێ شێوەدا یارمەتی جووتیاران بدەین، یەکەم یارمەتییان دەدەین بۆ بەرهەم، دوو دابین کردنی کەرەستە بۆ ئەو کەسانەی کە جووتیار نین و موستەهلکن و بەنرخێکی گونجاو ، سێیەم بۆ بەردەوام بوونی بەرهەم، چونکە ئێمە ئەگەر بۆ دوو ساڵ بەرهەممان باش بێت و ساڵی سێیەم باش نەبێت، ئەوە ئامانجەکەمان جێبەجێ نابێت، لەوبارەوە ئێمە لەو خاڵەوە دەست پێدەکەین کە کاک سامی باسی کرینەوەی کرد و، ئەوە کێشەیەکی گەورە بوو و، ئێمە توانیمان بە ئەرکێکی زۆر رەنگە پێش ئەوەی ئەو بریارەش جێبەجێ بکرێت، سابیقەیەکمان دروست کرد و «٢٠»رۆژ پێش ئێستا رەزامەندیمان وەرگرت و، ئەمە یەکەم جارە کەوا لە بریاری «٩٨٦»دا «٢٠٠٠»تەن جۆ لە ناو کوردستاندا کراوە و ئێستا دابەش دەکرێت بەسەر ئەو شوێنانەی کە زەرەرمەندن و، هەر جووتیارێک ٢/١تەن جۆی دەدرێتێ و، رەنگە بتوانین لە ماوەی چەند رۆژێکی تر بتوانین قەناعەتیان پێ بکەین کەوا چەند تەنێکی تر بکرن و، ئەوەش پێشینەیەکی تری دروست کرد کەوا بتوانین لە هاوینی ئایندەدا بەروبوومەکان بکرینەوە، خاڵی دووەم لە میانەی یارمەتی دانی جووتیاران و، بەتایبەتی جووتیارە زەرەرمەندەکانی ناوچە نەهاتەکاندا بری «٢٠»ملیۆن دینارمان تەرخان کردووە بۆ ناوچەی قوشتەپە و گوێر و ئەو ناوچانەی کە دوو ساڵە نەهاتە لەسەر حیسابی بوودجەی حکومەت، کە ئەویش کێلان و وەردانەوە لەسەر حیسابی حکومەت بۆیان دەکرێت، چونکە توانایان نەماوە و ناوچەکە نەخۆشی گرتووە و، ئەوەش یارمەتی دانێکی گەورەیە، پار ئێمە لە میانی یارمەتی دانی خەڵکی، چونکە وەرزەکە بارانی نەبوو نزیکەی «٣٠» هەزار تەن ئالیکمان بەسەر خاوەن ئاژەڵەکاندا دابش کرد و، ئێستا لە کۆتایی مانگی یەکەوە «١٣٠»تەن ئالیک دەگاتە دهۆک و هەولێر ودابەش دەکرێت کە بایی «٢٦»ملیۆن دۆلارە لە بەرنامەی «الجفاف»، ئەمە یارمەتییەکی یەکجار گەورەیە بۆ جووتیارەکان، خاڵێکی تر لە هاوینی رابردوو هەر بۆ یارمەتی دان سەبارەت بە نەهاتی وهەر وەکو ئەوەی کە بەڕێز سەرۆک وەزیران ئاماژەی بۆ کرد «١٠٠»ملیۆن لتر ئاو دابەش کراوە، کە بای «٢١»ملیۆن دینار ئاو بە تانکەر دابەشی سەر زیاتر لە «٥٧٠» گوند کراوە، کە لە ٢٠/٦ تاوەکو مانگی ١٢ ئێمە ئاومان دابەش کردووە، جگە لە یارمەتییەکانی تر کە بریتی بوون لە کوتان و پەینی کیمیاوی ئەوانە باس ناکەم ، چونکە لە راپۆرتەکەدا باس کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز وەزیری پێشمەرگە فەرموو.

**بەڕێز زەعیم عەلی/ وەزیری کاروباری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارێک کرا لەلایەن ئەندامی بەڕێز حەسەن سالّح سەبارەت بە دابەش کردنی زەوی بەسەر برا پێشمەرگەکانەوە، ئەوە زۆر لە مێژە کەوا لەلایەن سەرکردایەتی لەشکرەوە گفتوگۆیەکی زۆری لەسەر کراوە و، پاشان لیژنەیەکی بۆ دامەزرێنرا، لیژنەکەش هەتا بە جێبەجێ کردنی هەموو ئەو پێداویستیانەی کە پێویست بوون لە لیستدا و ناوەکانیان تۆمار کرا بە پێی پێشینە و، بەشێکی زۆر لەو زەویانە دابەش کرا بەسەر برا پێشمەرگەکان و، بەشێکی تریشیان کراوە بە لیست و پێشکەشی لایەنی پەیوەندار کراوە و، لەم زووانە بڕیاری بۆ دەردەچێ بۆ دابەشکردنی، بەلاّم سەبارەت بەوانەی کە پێشمەرگەن و خەڵکی هەولێر نین، بۆ ئەوانیش ئێمە دیراسەتێکی باشی مەسەلەکەمان کرد و، بەنیازین پێشکەشی لایەنی پەیوەنداری بکەین بۆ ئەوەی بڕیاری پێویست و گونجاوی لەسەر بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز وەزیری دارایی فەرموو.

**بەڕێز سەرکیس ئاغاجان/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کە پێویستە من ئاماژەی بۆ بکەم چەند روونکردنەوەیەکە، سەبارەت بە مووچەی خانەنشینانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان ئێمە وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان هەندێ ئاسانکاریمان کردووە، یەکێک لەوانە هەر خانەنشینێک کە دانیشتووی هەرێمە و لە دەرەوەی هەرێم مووچە وەردەگرێ، هەر کات کە دەمرێت ئەو مووچەیەی دەگوازرێتەوە بۆ ناو هەرێم و لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە دەردێت بە کەسوکاری و، تاوەکو ئێستاش (٢٥٠٠) حالّەتی وامان هەبووە، جگە لەوەش ئێمە لە وەزارەتی داراییدا بەڕێوەبەرایەتی خانەنشین، هەر کات کە دەبینین خانەنشینێک باری دارایی زۆر خراپە و،یاخود باری تەندروستی خراپە و پێویستی بە چارەسەری هەیە، زۆربەی ئەندامانی پەرلەمانیش ئاگادارن هاوکاری ئەم جۆرە خانەنشینانەمانە کردووە، ئەویش بە پێی ئەو توانایەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیەتی، جا ڕەنگە بڕی «٣٠ تاوەکو ٥٠» هەزار دینار خەرج کراوە تەنها بۆ هاوکاری کردنی ئەم خانەنشینانە، ژمارەی خانەنشینەکانی دانیشتووی هەرێم کە لە دەرەوەی هەرێم مووچە وەردەگرن، نزیکەی «٧٠»هەزار خانەنشینە، ئەمەش بودجەیەکی زۆری دەوێت ئەگەر ساڵانە بیژمێرین، ئێمەش ئەگەر بێت و مووچە بۆ ئەم خانەنشینان دابین بکەین، پێویستە بە بەردەوامی بێت، نەوەک مانگێک بیدەین و چەند مانگێک نەیدەین، هەروەها حکومەتی مەرکەزیش مووچەکانیان بەتەئکید لێ دەبڕێت، ئەگەر بێت و لێرە مووچە وەرگرن، سەبارەت بە کونتروڵ کردنی نرخەکانی ناو بازاڕ وەکو بەڕێز کاک عەبدولخالق زەنگەنە ئاماژەی بۆ کرد، نرخی ناو بازاڕ چاودێری بازرگانی بەبەردەوامی بەدواچوونی نرخی کەرەستەو هەموو جۆرە خواردن و خواردەمەنی و پێداویستییەکانی تری

ڕۆژانەی هاووڵاتیـان لەنـاو بازاڕدا دەکـات، چونکە ئێـمـە بەڕێوەبەرایەتیـیـەکی تایبـەتیـمـان لە وەزارەت هەیە بەناوی چاودێری بازرگانی، ئەرکەکەی کۆنترۆڵ کردنی ئەم ئیشـەیە لەناو بازاڕدا، ئێمەش لیژنەی ئابووریمان هەیە لە پارێزگاکان، لە پارێزگای هەولێر و پارێزگای دهۆک، ئەوانیش ڕۆڵێکی زۆر باشیان بینیوە لەو ماوەیە، لە یەکسان کردن و کۆنترۆڵ کردنی نرخەکان، ئێمە ڕۆژانە چاودێری ئیشەکانی چاودێری بازرگانی دەکەین، ئەوانیش ڕۆژانە سەردانی بازاڕەکان و نانەواخانە و میوە و سەوزە فرۆشەکان وگۆشت فرۆشەکان دەکەن و، ئیجرائاتیش بە بەردەوامی دەکرێت، بەڵام ئێستا لەلای من ئەو ئامارە نییە تاوەکو بۆتانی بخوێنمەوە، ئەگەریش پێویست بوو ئەوە ئەو ئامارانە پێشکەش دەکەین، تاوەکو بزانن تاوەکو ئێستا چییان کردووە، واتا ئەمە شتێکە کە بە ڕۆژانە و بە بەردەوامی دەکرێت لەلایەن ئێمەوە، سەبارەت بە زیادەی دەرماڵەی ژن و منداڵ، باری دارایی هەرێم لەو بارەدا نییە کە ئێمە بتوانین ئەو دەرماڵانە بەو شێوەیە زیاد بکەین، ڕەنگە باسی «٢٥» دینار و «٧٥»دینار دەکرێت وەکو ژمارەیەکی بچووک، بەڵام ئەگەر تەماشای ئامار بکەن «٥٤٨٤٩» فەرمان بەرمان هەیە کە خاوەن خێزانن، ئێستا ئەگەر ئەو بڕە پارەیەی کە پێشنیار کرا زیاد بکرێت و لە ژمـارەی فـەرمـانبـەرانی بدەین، مـانگانە هیچ نەبێت«١٠٦٧٥٠٠٠» دینار دەکات، هەروەها سەبارەت بە دەرماڵەکان ئێمە لیژنەیەکمان دانا و لێتوێژینەوەیەکی لەسەر دەرماڵەکان کرد، کەوا چۆن جارێکی تر چاو بە دەرماڵەکاندا بخشێنینەوە، لیژنەکە گەیشتە ئەو بڕوایەی کە «٢٥»ملیۆن دینار مانگانە پێویستە تاوەکو ئێمە بتوانین چاوێک بە دەرماڵەکاندا بخشێنین، جا زیاد کردنی ئەم دەرماڵانە بارێکی قورسە بەسەر شانی حکومەتەوە، سەبارەت بە قەپان کە بەڕێز کاک شێخ یەحیا پرسیاری کرد، پارەکە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە سەرف کراوە بۆ گومرکی هەولێر کە نزیکەی «١٢»هەزار دۆلارە، ئێمە ئێستاش خەریکین لە سنووری حاجی ئومەران کۆمەڵگایەکی گەورە دروست دەکەین و، جێگای تایبەتی بۆ قەپان لەوێ دادەنێین، بەڵام بۆ ئێستا دامان ناوە کە قەپانەکە لە چۆمان بێت، سەبارەت بە تەعریفەی گومرکی ڕاستە هەر وەکو بەڕێز کاک شەوکەت ئاماژەی بۆ کرد، ئێمە بە بەردەوامی چاومان بە تەعریفەی گومرکیدا خشاندووە، ئێستا جموجۆڵێکی زۆر هەیە لە نێوان سوریا و عێراق، ئەردەن و عێراق، هەروەها دوبەی عێراق بۆ ئەوەی ڕێگای بازرگانی لە ئیبراهیم خەلیل لاواز بێت، بۆیە ئێمە پێویستە هەموو جموجۆڵەکانمان ڕۆژانە و فەوری بێت، جا تەعریفەی گومرکی بەبەردەوامی چاوی پێدا خشێندراوە و پاشانیش دەبێت لێرە لە پەرلەماندا بیرێکی لێ بکرێتەوە کەوا دەسەڵاتێک بدرێت بە حکومەت، بۆ ئەوەی ئەو دەسەڵاتە حکومەت هەیبێت لەوانەیە ئەمڕۆ ئێمە پێویستیمان بە بڕیارێک هەبێت لەسەر گۆڕینی تەعریفەی گومرکی لە مادده «١»دا، بەڵام ئێمە چاوەڕوانی ئەوە بین تاوەکو بێتە پەرلەمان و گفتوگۆی لەسەر بکرێت و، جارێکی تر هەموار بکرێت ڕەنگە ئەو ڕێگا بازرگانیە لەدەست بدەین، ئەگەر نا ڕاستە ئەو تەعریفە گومرکییەی کە لە پەرلەمان پەسەند کراوە گۆڕانکارییەکی زۆری لەسەر کراوە، ڕەنگە لە هەندێ ماددەی تاوەکو «٧٥» یا «٨٥»٪ دابەزینی هەبووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینییەکی بچووکم هەیە، بەپێی یاسا ئێوە مافی ئەوەتان هەیە کەوا بە نیزام بیگۆڕن، کەواتە ئێوە وەکو حکومەت دەستان نەبەسراوەتەوە، بەڵکو مافی گۆڕینتان هەیە، بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران فەرموو.

**بەڕێز نێچیرڤان بارزانی/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەناوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و هەموو وەزیرەکانەوە سوپاسی ئێوەی بەڕێز دەکەین بۆ ئەو هەڵسەنگاندنە ئیجابییەی کە لەسەر کاری حکومەت هەبووە، ئەمە جێگای دڵخۆشییە، هیواداریـن بەردەوام ئەم بەدواداچوونە لەسەر ئیشوکاری حکومەت بەردەوام بێت و، هەموو لایەکمان بتوانین هاوکاری یەکتر بکەین بۆ خزمەتکردنی میللەتەکەمان و، پێویستیشە پارتی و حکومەتیش سوپاسی پەرلەمان بکەن کە بەبەردەوامی بەدواداچوونیان هەبووە و، سوپاسیان دەکەین بۆ ئەوەی یەکجار زۆر ماندوو بون و، گوێبیستی راپۆرتی ئێمە بوون و زۆر سوپاستان دەکەین، چونکە دەبوایە ئەم کارە بە چەند رۆژێک بکرایە، بەڵام تەحەمولتان کرد و گوێتان لە هەموو راپۆرتەکەی ئێمە گرت، ئەوە جێگای رێز و سوپاسە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاسی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و برا وەزیرە بەڕێزەکان دەکەین، لە راستیدا دانیشتنی ئەمرۆمان دانیشتنێکی پڕ بەرهەم بوو، هاوکارییەکی نێوان پەرلەمان و حکومەت بوو و، یەکێک بوو لەو دانیشتانەی پەرلەمان کە لە هەموو دانیشتنەکانی تر خۆشتر بوو، کە تەماشامان کرد هەموو ئەندامانی پەرلەمان بە رووحیەتێکی پڕ لە ئاگاداری زیاتر لە کارو چالاکییەکانی حکومەت و بریاری «٩٨٦»، گوێگری راپۆرتەکانتان بوون و بەشداریان لە گفتوگۆکان کرد و راو تێبینی خۆیان دەربڕی، رێگام پێ بدەن بەڕێزان جارێکی تر بە ناوی پەرلەمانەوە سوپاستان ئاراستە بکەم و بەتایبەت سوپاسی بێ پایان ئاراستەی بەڕێز سەرۆک مەسعود بارزانی بکەم بۆ هەموو پشتگیرییەکی لە پەرلەمان و حکومەتی کوردستان و دووبارە زۆر سوپاس، لێرەدا کۆتایی بە دانیشتنی ئەمرۆمان دێنین سبەینێ سەعات «١٠» دانیشتنی داهاتوومان دەبێت بۆ باس کردنی کاروبارەکانی حکومەت، دیسانەوە زۆر سوپاس.

**فرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢)نائاسایی**

دوو شـەممـە ڕێکەوتی ٨/١/٢٠٠١

خولی دووەم

سـاڵی نۆیەم

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (۲)نائاسایی

## دوو شەممە ڕێکەوتی ٨/١/٢٠٠١

***کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوت٨/١/٢٠٠١ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی (ژمارە دوو)ی خولی نائاسایی دووەمی، ساڵی (٢٠٠١)ی خۆی بەست.***

***بەرنامەی کار:***

***بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی مادده(٢٠) لە پێڕەوی هەموارکراوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی (ژمارە دوو)ی خۆی لە کاتژمێر (١٠)دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی ٨/١/٢٠٠١ دا بەم شێوەیە بێت:***

***١ـ خستنەڕووی بابەتی متمانە دان بە بەڕێز عبد کریم مراد ناسراو بە (یدالله) وسوێند خواردنی یاسایی لەبەردەم ئەنجومەنی نیشتمانیدا کە لە لایەن سەرۆکی حکومەتی هەرێم بۆ پایەی وەزیری هەرێم پالێوراوە***

***٢ـخستنەڕوو وگفتوگۆکردنی پلانی ساڵی ٢٠٠١ی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق.***

***٣ـخستنەڕوو وگفتوگۆکردنی بودجەی هەرێمی کوردستانی عێراق پرۆژەی یاسای بودجەی ساڵی ٢٠٠١ی زایینی.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنی ژمارە(٢)ی نائاسایی دەست پێ دەکەین، پێشەکی بەخێر هاتنێکی گەرمی بەڕێزان سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و برا وەزیرەکان دەکەم، بەڕێزان بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان پێک هاتووە لە سێ خاڵ یەکەم خستنەڕووی بابەتی متمانە دان بە بەڕێز عبد کریم مراد ناسراو بە (یدالله) وسوێند خواردنی یاسایی لەبەردەم ئەنجومەنی نیشتمانیدا کە لە لایەن سەرۆکی حکومەتی هەرێم بۆ پایەی وەزیری هەرێم پالێوراوە، دووەم خستنەڕوو وگفتوگۆ کردنی پلانی ساڵی ٢٠٠١ی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، سێیەم خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی بودجەی هەرێمی کوردستانی عێراق پرۆژەی یاسای بودجەی ساڵی ٢٠٠١ی زایینی. بەنسبەت خاڵی یەکەمەوە تکا لە بەڕێز جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق دەکەم کە بفەرموێ ترشیحی ناوبراو بکات بۆ پلەی وەزیر.

**بەڕێز نێچیرڤان بارزانی/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیاری ئێمە بۆ پۆستی وەزیری هەرێم بەڕێز کاک عبد کریم مراد ناسراو بە (یداللە) کە خەباتگێڕێکی کۆنی کوردایەتییە ئێمە پێشنیاری دەکەین بۆ ئەم پۆستە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە ئەم پێشنیارە پەسەند دەکەن دەستیان بەرزبکەنەوە... سوپاس... ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن تکایە دەستیان بەرزبکەنەوە... بەگشتی دەنگ بەڕێز عبد کریم مراد پەسەند کرا بۆ پۆستی وەزیری هەرێم تکایە با بفەرموێ بۆ سوێند خواردن.

**بەڕێز عبد کەریم موراد(یداللە):**

بسم الله الرحمن الرحيم

اني عبدكريم مراد وزير الاقليم في حكومة اقليم كوردستان العراق

اقسم بالله العظيم ان احافظ مخلصاً على وحدة شعب وارض كوردستان العراق وان احترم القوانين المرعية وان اراعي مصالح الشعب رعايةً كاملةً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێزان ڕێگام پێ بدەن بەناوی خۆم و هەموو ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق پیرۆزبایی ئاراستەی بەڕێز عبدکریم مراد بکەم کە خەباتگێڕێکی دێرین و ناسراوی پارتی دیموکراتی کوردستانە یەکێکە لە خەباتگێڕە ناسراوەکانی کوردی بەغدا، کوردە فەیلیەکان کە دەورێکی دیارو ناسراوی هەبووە لە ڕێکخستنی ریزەکانی ڕۆڵەی کورد لە بەغداو ناوەڕاستی عێراقدا هەروەها لە خەباتکردن ولە بەربەرەکانی کردنی پیلانە گڵاوەکانی داگیرکەرەکانی کوردستان دەوری هەبووەو مقاوەمەت و ئازایەتی و خۆڕاگریەکی تەواوی لە بەندیخانەکاندا نیشان داوە بەتایبەتی لەساڵانی شەست و سێ هیوادارین سەرکەوتوو بێت لە کارەکانیدا و پاڵپشتێک بێت بۆ ریزەکانی گەلی کوردستان وکۆکردنەوەی جەماوەری گەلی کوردستان لە دەوری پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان.

بەڕێزان خاڵی دووەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان خستنەرووی پلانی ساڵی ٢٠٠١ی زایینی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراقە. بەڕێز کاک سامی عبدالرحمن جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان با بفەرموێ بۆ پێشکەش کردنی تێبینیەکانی.

**بەڕێز سامی عەبدولرحمن/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ویرا وەزیرەکان.**

یادداشتی روونکردنەوە دەربارەی پرۆژەکانی پلانی ئابوری حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ

سالآنی ۲۰۰۱ و ۲۰۰۲، پرۆژه و بەرنامەکانی گەشەپێدانی ئابوری هۆکارێکی سەرەکی پێشکەوتنی کۆمەڵە جا چ ئەو بەرنامەیە ساڵانە بێت یا بۆ چەند ساڵێک دارێژرا بێت. بەڵای کەمەوە بۆ ئەم چەند هۆیەی خوارەوە:

۱- بەرنامە دانان خزمەت گوزاری گشتی زیاتر بۆ کۆمەڵ دەرەخسێنێ.

۲- لە ئاوەدان کردنەوە وپەرەپێدانی وڵات و گەیشتن بە کاروانی شارستانی و پێشکەوتن بەشداری دەکات.

۳- دەرفەتی نوێی کارکردن چ بەشێوەیەکی کاتی و چ بەشێوەیەکی بەردەوام بۆ هاوڵاتیان دابین دەکات بەمە ژیانێکی ئاسودە بۆ رۆڵەکانی گەل دەستەبەر دەکات و کار دەکاتە سەر پەرەپێدانی وچالاکیەکانی ئابوری.

بۆیە شتێکی ئاساییە کە حکومەت وئیدارە جۆراو جۆرەکان لەسەر هەموو ئاستەکاندا بایەخێکی گەورە بە بابەتی پرۆژەو بەرنامە ونەخشەکێشانی ئابوری بدەن وبەشێکی گرنگی داهاتی خۆیان بۆ ئەم مەبەستە تەرخان بکەن. بۆیە دراسەت کردنی واقیعی ئابوری کوردستان و ئەو بارودۆخەی کە دەوری داوە و لە چوارچێوەی سنوری ئەو توانا مادییەی کە لەبەر دەستدایە حکومەتی هەرێم وای بەباش زانی لە رێگەی دابەش کردنی ئیستیثمارات بەسەر وەزارەت و ئەو دام ودەزگا جۆراوجۆرانەی کە کەرتەکانی ئابوری کوردستان پێک دەهێنن بەرنامەی وەبەرهێنانی ساڵانەی خۆی بۆ ساڵانی ۲۰۰۱ و ۲۰۰۲ دابرێژن، ئەمەش بە رەچاوگرتنی سوود و قازانجی پرۆژەکان لە رووی ئابووریەوە و بە دەستهێنانی باشترین ئەنجامی چاوەروان کراو وبەدیهێنانی پێداویستیەکانی گەلی کوردستان وپێشکەوتن لە هەموو بوارەکاندا حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگییەکی زۆری بە پرۆژەکانی پلانی ساڵانی ۲۰۰۱ و۲۰۰۲ داوە کە هەندێکیان لەسەر بودجەی سنورداری حکومەتی هەرێم ئەنجام دەدرێن وبەشەکەی تریشیان پشت بە داهاتی بەرنامەی بریاری ۹۸٦ دەبەستن کە دیارە ئەویشیان هەر پارەو داهاتی گەلەکەمانە، لەکاتی دارشتنی پلانی دوو ساڵیدا ئەو چەند فاکتەرو هۆکارانەی خوارەوە رەچاو کرا:

۱- لە هەر کوێیەک کە بۆمان گونجا بێت پرۆژەکانمان خستۆتە ناو بەرنامەکانی بریاری ۹۸٦ بەتایبەتیش بەرنامەی فیسی هەشتەم و فیسی نۆیەم کە لەماوەی مانگی تشرینی دووەمی رابردوودا پێشکەش کرا.

۲- تەواو کردنی ئەو پرۆژانەی کە لەکاتی کابینەی سێیەمدا بریاریان لەسەر درابوو یان دەست پێکرابوو یا ئەو پرۆژانەی کە کابینەی چوارەم لەماوەی ساڵی ۲۰۰۰ دا بریاری لەسەر داوە.

۳- کابینەی چوارەم دروشمی سەروەری یاساو ئاوەدان کردنەوەی هەڵگرتووە، بۆیە بۆ دابین کردنی پێداویستیەکانی جێبەجێ کردنی یاساو مسۆگەر کردنی ئاسایش و ئاسوودەیی هاوڵاتیان نەخشەکە هەمووی ئەو پرۆژانەی لەخۆ گرتووە کە وەزارەتی ناوخۆ پێشکەشی کردووە.

٤- بایەخێکی گەورە بە پرۆژەکانی ژێر خانی هەرێم دراوە هەروەک کردنەوە وهەموار کردن

وقیرتاو کردنی ڕێگاو بان ودامەزراندنی پردو بیناکردنی قوتابخانەو نەخۆشخانە و دروست کردنی خانوبەرە بۆ خێزان و کەس وکاری شەهیدان وگەڕاوەکان وراگوێزراوان و هەندێک لەو هاولاتیانە کە داهاتی کەمیان هەیە.

٥- پرۆژەکانی خزمەتگوزاری گشتی شوێنێکی گەورەیان لە پیلانەکە داگرتووە هەروەک خزمەتگوزاری ئاوئاوەڕۆ وکارەباو تەندروستی و پەروەردەو فێرکردنی بالا وگەیاندنی ناوخۆو دەرەوە.

ئامانجی پلانەکە ئەوەیە کە هەر هاولاتیەک بە پێی پێویست ئاوی سازگاری بۆ مسۆگەر بکرێت و پەروەردەو خوێندن لە هەموو کونجێکی دوورونزیکی هەرێمدا بلاوبێتەوە وگشت مندالان و لاوانی کوردستان دەستیان بە قوتابخانە بگات بۆ ئەوەی خوێندنی ئیلزامی لە قۆناغی سەرەتایی دا جێبەجێ بکرێت ونەوەیەکی خوێندەوار و رۆشنبیرو هۆشیار وچەکدار بە زانست و زانیاری پەروەردە بکرێت چونکە مرۆڤ بزوێنەری سەرەکی پرۆسەی گەشەپێدانی ئابوورىە و بەبێ بایەخ دان بە مرۆڤ پێشکەوتن بەدی نایەت، پێویستە پێشکەوتن وخۆشگوزەرانی خێزان وهەموو ئەندامێکی کۆمەڵ ئامانجی سەرەکی بەرنامەکانمان بێت، ئامانجی ئەم پلانە ئەوەیە کە خزمەتگوزاری تەندروستی بۆ هەموو هاولاتیەک بەخۆڕایی مسۆگەر بکرێت و خزمەتگوزاریە تەندروستییەکان بە نەخۆشخانەو بنکەی تەندروستی و تاقیگەکانەوە بەشێوەیەکی هاوسەنگ لەسەر تاسەری هەرێم بەتایبەتیش لەناوەندی قەزاکان دابەش بکرێت، هەروەها قۆناغ بە قۆناغ ئاوەڕۆ پرد بۆ تێکرای ئەو کۆمەلگایانە دروست بکرێن کە زیاتر لە بیست هەزار هاولاتیان تێدا دەژی و قەیرانی کارەباش لەرێگەی دابین کردنی سەرچاوەی زیاتر سووکتر بکرێت. دەمانەوێ مەسەلەی پەیوەندی تەلەفۆنی چارەسەر بکرێت و بەدالەکان چاک بکرێنەوە وبەدالەی هاوچەرخی نوێ لەسەرتاسەری شار و شارۆچکەکاندا دابمەزرێن وشارەکانی هەرێم بە تۆرێکی مۆدێرن بەیەکەوە بگەیەندرێن.

٦- لەبەر ئەوەی رووبەرێکی فراوانی زەوی وزاری شیاو بۆ کشتوکاڵ وچاندن لە هەرێمدا هەیە و زۆر لەشاخەکانی کوردستان بەدارستان داپۆشراون وسەرچاوەی جۆراوجۆرو گەورەی ئاو لەکوردستاندا هەن هەروەها لەبەر گرنگی کشتوکاڵ بۆ هێنانەدی خۆ بژێوی (الاكتفاء الذاتي) ودابین کردنی خۆراکی پێویست بۆ هاوولاتیان لەو روانگەیەی کە زیاتر لە ٢٠٪ی دانیشتوانی هەرێم هێشتا لە گوندەکاندا نیشتەجێن وبۆ بەرێوەبردنی ژیان و گوزەرانی خۆیان پشت بە بەروبومی کەرتی کشتوکالی دەبەستن بۆیە حکومەتی هەرێم بایەخێکی زۆری بە کەرتی کشتوکالی و پێداویستیەکانی داوە هەروەک دابین کردنی کەلو پەل وتۆو وچاندن وپرۆژەی بچوکی ئاودێری وچاک کردنی زەویی کشتوکالی وپاراستنی دارستانەکان ئەمانە سەرەڕای بایەخ دان بە سامانی ئاژەلی کە لەم دواییەدا پێشکەوتنێکی بەرچاوی بە خۆیەوە دی.

٧- حکومەتی هەرێم گرنگییەکی گەورە بە تەرخان کردنی دارایی پێویست بۆ کەرتی پیشەسازی

دەدات کە بەرهەم هێنان و گواستنەوە و دابەش کردنی کارەبا دەگرێتە خۆ ئەمە سەرەڕای ئەو پرۆژە بەرهەمهێنانەی کە بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بە کەرەستەی خاوی خۆماڵی دەبەستێت هەروەک پیشەسازی خۆراک و پرۆژەی پیشەسازی کشتوکاڵی دیکە کە پێداویستی راستەقینەی هاوولاتیان دەستەبەر دەکات و دەرفەتی کاری بەردەوام دەرەخسێنێت و لەهەندێک بواردا رێگای هێنانی کەلوپەل لەدەرەوە دەگرێت.

٨- پرۆژەکانی وەزارەتی رۆشنبیری لە پێناوی دابین کردنی دامەزراو وئامرازی پێویست بۆ دام ودەزگاکانی راگەیاندن ولاوان لەپلانەکەدا جێگایان بۆ کراوەتەوە، ئەمەش بە مەبەستی بلاوکردنەوەی بەرفراوانی رۆشنبیریی نیشتمانی وهاوچەرخ وپێگەیاندنی لاوان و دەستەبەدەر کردنی پێداویستییەکانی راهێنانی لەش بۆیان، هەروەها لە پلانەکەدا بایەخی پێویست بە پرۆژەکانی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی دراوە کە بەرپرسیارە لە دابین کردنی باڵەخانەی زیاتر بۆ فەرمانگەکانی وەزارەت وبینا کردن و نۆژەن کردنەوەی مزگەوت وشوێنە ئایینیەکان لە هەمان کات پرۆژەکانی وەزارەتی داد لە بۆ ئەنجامدانی ئەرک و چالاکیەکانی وەزارەت بە چاکترین شێوە لە پلانەکەدا جێگایان بۆ کراوەتەوە.

٩- لە پێناوی پاکردنەوەی خاکی هەرێمی کوردستان لەو مینە چێنراوانەی کە ژمارەیان بەزیاتر لە دە ملیۆن مینی جۆراو جۆر مەزەندە دەکرێت و بەردەوام زیانی گیانی لە هاولاتیان دەدەن وزۆر کەس دووچاری پەککەوتوویی وکەم ئەندامی دەکەن هەروەها بۆ پێشکەش کردنی هاوکاری پێویست بۆ قوربانیانی تەقینەوەی مین پلانەکە دارایيەکی زۆری تەرخان کردووە.

١٠- بە پێویستی دەزانین ئاماژە بەو راستییە بکەین کە ئەو پرۆژانەی لەلایەن وەزارەتی داراییەوە تەمویل دەکرێن ولەسەر ئەو داهاتە وەستاون کە خەملێنراوە وپێش بینی دەکرێت، بۆیە جێبەجێ کردنی ئەو پرۆژانە بە هێنانەدی ئەو داهاتانە پەیوەستە.

١١- جێبەجێ کردنی زۆربەی ئەو پرۆژانەی کە لەسەر داهاتی بریاری ٩٨٦ ئەنجام دەدرێن زیاتر لەساڵێک درێژە دەکێشێت ورەنگە هەندێکیان تا تەواو بوونیان سێ ساڵیان پێ بچێت، ئەمەش لەلایەکەوە دەگەرێتەوە بۆ قەوارەو سروشتی هەندێک لەو پرۆژانە و لەلایەکی دیکەشەوە بۆ ئەو شێوازەی کە هەندێک لە ئاژانسە پەیوەندیدارەکانی (un) لە جێبەجێکردندا پەیرەوی دەکەن. هەروەها جێبەجێ کردنی زۆر لەو پرۆژانەی کە وەزارەتی دارایی و ئابووری ئەنجامیان دەدات زیاتر لە ساڵێک دەخایەنێت چونکە قەوارەو سروشتی پرۆژەکان ئەم ماوەیەی پێویستە.

لەکۆتاییدا لەو باوەڕەداین کە تێکرای پرۆژەکانی پلانەکە بەتەنگەوە هاتنێکی واقیع بینانەی حکومەتی هەرێمە بۆ پێداویستیەکانی پێشکەوتنی گەلەکەمان لە رووی ئابووری وکۆمەلایەتی و کەلتوورییەوە ئەو گەلەی کەساڵەها ساڵ زوڵم وزۆرو هەژاری تەنگی پێ هەڵچنیوە ولەمافەرەواکانی بێ بەش بووە. بە جێبەجێ کردنی ئەم بەرنامە ئومێد بەخش وگەورەیە بەتایبەتی بەرنامەی ٩٨٦ رووی گەشاوەی کوردستان سیمایەکی سەقامگیر دەپۆشێ لەهەموو بوارەکان. وا

لەخـوارەوەش لیـسـتـەکـانی داهاتی تەرخـانکراو بۆ هەر بەشـێک سـاڵی (٢٠٠١ و ٢٠٠٢)ی حکومەت لەبەشەکانی پلان دەخەینەروو چ ئەو پرۆژانەی لەسەر داهاتی وەزارەتی دارایی وئابووریە لەسەر داهاتی بریاری ٩٨٦ ئەنجام دەدرێت.

بەرێزان ئێستا چەند ژمارەیەکی سەرەکی هەنە دەربارەی بودجەکانی پلانی ئابوری کە سێ حەقلە و ناوی وەزارەتەکان و ئەو بودجەیەی کە بۆی دانراوە بە پلان یانی لەسەر حسابی وارداتی وەزارەتی دارایی بە دینارو ئەوی تریش بە دۆلارە لەسەر حسابی ٩٨٦ وگوتمان وەزارەتی دارایی نەمانگوت حکومـەت چونکـە حسـابێکی واقـیـعیش وایە هەر دووکی داهاتی حکومەتە بۆیە بەو تەصنیفە دانرا:

١- وەزارەتی ناوخۆ ( 86 382 988 )دینار.

٢- وەزارەتی دارایی و ئابوری ( 66 500000 )دینار.

ئەم دوو وەزارەتە هیچی ناچێتە سەر ٩٨٦ بە تەبیعەتی خۆیان.

٣- وەزارەتی پیشـەسـازی و وزە (58 390 828 )دینار وزائیـدەن (99 750)هـەزار دۆلار ئەوە ٩٨٦.

٤-وەزارەتی گواستنەوەوگەیاندن (204 100 000) دینار لەگەڵ (71)ملیۆن دۆلار.

٥- وەزارەتی کشتوکاڵ وئاودێری (3 920 550 )دینار لەگەڵ (243 61 500) دۆلار.

٦- وەزارەتی شارەوانی و گەشت وگوزار ( 321 303 987) دینار. دەبی لێرە بڵێم لە ضمنی ئەو مـەبلەغـە (31 38 987) دینار تەرخـان کراوە بۆ ئەو پرۆژانەی کـە بەردەوامن نەک پرۆژەی تازەن. هەروەها بۆ ئەم وەزارەتە بە دۆلار (248 611) دۆلار.

٧- وەزارەتی پەروەردە(44 599 750 ) دینار زائیدەن (129 970 425) دۆلار.

٨- فـێـرکـردنی باڵا ( 44 599 300) دینار لەضـمنی ئەوە ( 5 832 000) دیـنـار بـۆ مەشاریعی بەردەوامە زائیدەن(28 496 50)دۆلار.

٩- وەزارەتی ئەشغال و نیشتەجێ کردن (166 81 825 ) دینار لەوە (4681825)دینار بۆ مەشاریعی بەردەوامە زائیدەن(64 350 000) دۆلار.

١٠- وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە وگەشەپێدان(72 895 20) دینار لەوە (40413500) بـۆ پرۆژەی بەردەوامە بە دۆلار بۆ ئەم وەزارەتە (179 985 535) دۆلار.

١١- وەزارەتی تەندروسـتی و کـاروباری کـۆمـەڵایەتی بەدینار نیـەتی بە دۆلار (٩٨) ملیـۆن و(٩٨٩٧٠٧٢٧) دۆلار.

١٢- وەزارەتی داد (٣٨٥٦٢١٣٩) دینار لەوە (١٢٩١٢١٣٩) بۆ پرۆژەی بەردەوامە.

١٣- وەزارەتی رۆشنبیری (٣٥١٨٣٤٦٠) دینار زائیدەن (٥٧٠٠٠٠٠)دۆلار.

١٤- وەزارەتی یارمەتی مرۆڤایەتی وهاوکاری هەیەتی (١٨٥٢٢٢٠٠) دینار.

١٥- وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی (٤٣٢٥٠٠٠٠) دینار .

کۆی گشتی بەدینار ملیارێک وسەدو نۆەت و دوو ملیۆن وسێ سەد و سی وحەوت هەزار و نۆسەدو هەشتاو حەوت دینار بە ژمارە دەخوێنمەوە (1192337987 )، بە دۆلار ملیارێک و سەدو هەشتاو هەشت ملیۆن و چوار سەدو حەڤدە هەزار وچوار سەدو سی و حەوت دۆلار بە ژمارە (1188417437)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاسی بەڕێز کاک سامی عبدالرحمن جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین بۆ ئەم راپۆرتە با بفەرموێ بچێتەوە جێگای خۆی، تکا لە بەڕێز وەزیری دارایی و ئابوری هەرێمی کوردستان کاک سرکیس ئاغا جان دەکەین کە بفەرموێ بۆ ئەوەی تێبینیەکانی وەزارەتی دارایی دەربارەی بودجەی ساڵی ٢٠٠١ی زایینی پێشکەش بکات.

**بەڕێز سەرکیس ئاغا جان/ وەزیری دارایی وئابوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان.**

بەڕێزان جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان وکاروباری ئەنجومەنی وەزیران.

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان وەزیرە بەڕێزەکان.

وەزارەتی دارایی وئابوری حکومەتی هەرێمی کوردستان وێڕای سلاو ڕێز خۆشحالە بەوەی کە بودجەی گشتی ساڵی ٢٠٠١ پێشکەش بە ئەنجومەنی نیشتمانی بەڕێز بکات کە پاش گفتوگۆ لەگەڵ نوێنەرو پسپۆڕانی وەزارەت و فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادە کراوە.

بودجەی گشتی تەنیا خستنەڕووی کۆمەڵە ژمارە وخشتەی خەرجی و داهاتەکان و هەوڵدان بۆ هاوسەنگی کردنی ئەم دوو عونصرە گرنگە نییە بەڵکو بێگومان پرۆگرامی حکومەت و سیاسەتەکەی لە روانگەی ئابوری ودارایی ورامیاری وکۆمەلایەتی وبوارەکانی تر نیشان دەدات هەروەها بودجەی گشتی پەیوەندی بە هەموو هاولاتیەکەوە هەیە کاریگەریشە لەسەر بەرهەمهێنان و بەکار هێنان و بەراورد کردنیان لەتەواوی بوارەکانی کۆمەلایەتی و ئابووری ییەوە.

بودجەی گشتی ئاوێنەیەکی بالانمای دارایی حکوومەتە و بەهۆی ئەوەوە حکوومەت دەتوانێ کە فەرمانی هەموو فەرمانگە و دەزگاکانی خۆی پێ بخاتە گەڕ و لەهەمان کاتدا پێبەندی خۆی و بەڵێن و پەیمانەکانی بێنێتە دی، بێگومان بودجەی گشتی کارێکی بایەخداری کۆمەلایەتی ئاشکرای هەیە، بەچاو خشاندنێک بە خشتەکانی بودجەی گشتی دا دەردەکەوێت کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان تا چ رادەیەک بایەخ بە باری گوزەرانی هەژاران و کەمدەستان دەدات و باربوویان دەکات، هەروەها دەردەکەوێ تا چ ئەندازەیەک گرینگی بەدابینکردنی باری کۆمەلایەتی و ئەندازەی مووچە و دەرماڵەی خانەنشینان و شەهیدانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان و تەرخان کردنی بەخشینەکان و باربوو ویارمتی دانی لایەنە خێرخوازو کۆمەڵە و سەندیکا و یەکێتییەکان و هەروەها هەوڵەکانی لەکەم کردنەوەی تەنگژەی سوکنا بەدابەش کردنی زەوی بۆ

خانووبەرەو و چارەسەری نەهێشتنی نەخۆشییە گشتییەکان و خۆپاراستن لە ئافات و نەخۆشی ییەکانی دەردەخات.
بودجە بایەخێکی گرنگ بەهەموو بوارەکانی ژیانی گشتی دەدات، لەهەمان کاتدا رۆڵێکی کاریگەر لەژیان و بەرەوپێش بردنی گەلاندا دەبینێ و دواخستن ونەرەخساندنی دەبێتە مایەی پەکدانی زۆربەی خزمەتگوزارییە گشتییەکان، بەو جۆرە دەردەکەوێ کە بودجە هەوڵی ئەوە دەدا کە پایەداری ئابووری بەدی بهێنێ و ئاستی کارکردنی گشتی بپارێزێ ، بۆیە دەبێتە دەستەبەر وهۆکارێکی ئاسان بۆ هێنانەدی مەبەستە جۆراو جۆرەکانی حکوومەت.
حکومەتی هەرێم لە ئامادەکردنی پرۆژەی بودجەی نوێی ساڵی ٢٠٠١ دا لەگەڵ بەردەوام بوونی لەسەر ئەو هەنگاوە چاکسازییانەی ئابووری و دارایی و کارگێڕی، هەوڵی داوە بەهەماهەنگی و هاوکاری لەگەڵ رێڕەوە چاکسازییەکانی کە بەپێی بەرنامەی بەرفراوانی بڕیاری ٩٨٦ی نەوت بەرامبەر بەخۆراک ئەنجام ئەدرێت هەنگاو بنێت.
دوای تۆژینەوە و موناقەشەیەکی وورد لەنێوان لیژنەی پێکهاتووی وەزارەتەکان و بەئامادەبوونی نوێنەری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی بەڕێز، لەسەر کۆمەڵە ژمارەیەک رێکەوتین کە بەر ئەنجامەکەیان بەم جۆرەی خوارەوەیە:
یەکەم: بودجەی گشتی بەردەوام:
١- خەرجییەکان (٢٢٤٥٠٧٤٠٠٠) دینار.
٢- داهاتەکان (١٤٩٢٤١١٨٧٠) دینار.
دووەم: فەرمانگە خۆبژیوەکان:
١- بانکە بازرگانییەکان:
أ- خەرجییەکان (٢٠٠٤٩٠٠٠) دینار.
ب- داهاتەکان (٢٠٠٤٩٠٠٠) دینار.
٢- کارگە و فەرمانگەکانی سەر بەوەزارەتی پیشەسازی و وزە.
أ- خەرجییەکان (٣٣٦٧٠٥٠٠٠) دینار.
ب- داهاتەکان (٣٤٩ ٢٩٣٠٠٠) دینار.
سێیەم: بودجەی پلان کە لەلایەن بەڕێز جێگری سەرۆکی حکومەت پێشکەش بە بەڕێزی کرا بریتی یە لە بڕی (٩٨٧ ٣٣٧ ١٩٢ ١) دینار.
لە ئاکامدا بۆمان دەرکەوت کە بودجەی جاری ساڵی ٢٠٠١ پترە لەبودجەی پێشنیار کراوی ساڵی ٢٠٠٠ بە شێوەیەکی گشتی و لەسەر ئاستی زۆربەی فەسڵەکاندا بەتایبەتی فەسڵی یەکەم (خەرجیی فەرمانبەران) و فەسڵی نۆیەم (مووچەی خێزانی شەهیدانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان و خانەنشینان)، ئەویش بەهۆی زیاد بوونی ژمارەی فەرمانبەران و دەرچوونی یاسای خانەنشینی کەمئەندامبووانی پێشمەرگە ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٠٠، هەروەها زۆربوونی ژمارەو

قـەبارەی فـەرمـانگەکـان و قـوتابخـانە وکـۆلیـژەکـان و مـزگـەوت وشـوێنە پیـرۆزەکـان و بنکە تەندروستییەکان لە ناوەندی پارێزگا و قەزاو ناحییەکاندا.
ئەمـەو حکومـەتی هەرێم بەردەوامـە لەسـەر پێـشـکەش کـردنی خـزمـەتگوزاری بەخـۆڕایی و بەرفراوانکردنی ئەم خزمەتگوزارییانە.

یەکەم: داهات:

لەم بارودۆخەی ئەمڕۆدا داهاتەکـان گـرنگییـەکی باڵایان هەیە چونکە سـەرچاوەیەکی گـرنگن بۆ دارایی گـشـتی، بەهۆی ئەو داهاتـانەوە گـەنجینەی گـشـتی دەتوانێ خـەرجی سـەرجـەم چالاکی کارگێڕی و بەڕێوەبەرایەتییەکانی حکومەت بەگشتی جێبەجێ بکات، هەروەها هەر زیاد بوونێک کـە لە داهاتدا بێـتە ئاراوە رۆڵێکی گرنگ لە پشتـیوانی کـردن لە بودجەی گشـتی حکوومـەتدا دەبینێ و هێـزێکی تر دەداتە دەسـتـەبەر کـردنی پێـویسـتـیـەکـانی سیـاسـەتی حکوومـەتی هەرێی کـوردسـتـان، هەروەها توانـاو تەوژمـێکی تر بۆ پێـشـەوە چوون و ئاوەدانکردنەوە وخـزمـەتگوزاری لەهەموو بارەیەکەوە دێنێتە کایەوە.
لەبەر ئەوە لـەم قـۆنـاغـەدا پێـویسـتـە حرصـێکی تەواو وبـایـەخـێکی مـەزن بەداهات بدرێت لەلایەن تەواوی دەزگـاکـانی بەرپرسی حکوومـەت، ئەویش بە بەدواداچوونەوە وبەگـورجی وەرگـرتنیـان و بەرفراوان کردنی بناغەکانیان و هاندانی هاوولاتیان بۆ دانی کرێی خزمەتگوزارییەکان کە لەلایەن حکومەتەوە پێشکەشیان دەکرێت وەک (کرێی ئاو وکارەبا و تەلەفۆن و... هتد).

داهات لەسەر ئاستی بابەکان:

| | |
|---|---|
| سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران | ١٤٥٩٠٢٠٠ دینار. |
| وەزارەتی پەروەردە | ١٠٩٠٠٠٠ دینار. |
| وەزارەتی ئەشغال و نیشتەجێ کردن | ١٠٢٥٠٠ دینار. |
| وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری | ٧٨٥٨٦٤٠ دینار. |
| وەزارەتی ناوخۆ | ٢٩١٧٦٠٠٠ دینار. |
| وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار | ٣٢٥٩٠٠٠ دینار. |
| وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن | ٣٤٠٠٠٠٠٠ دینار. |
| وەزارەتی رۆشنبیری | ٢٣٧٤٠٠٠ دینار. |
| وەزارەتی تەندروستی وکاروباری کۆمەڵایەتی | ١٩٦٣٨٠٠٠ دینار. |
| وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدان | ١٦١٠٠٠٠ دینار. |
| وەزارەتی یارمەتی مرۆڤایەتی و هاوکاری | ٢٠٠٤٠٠٠٠ دینار. |
| وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی | ١٩٠٥٠٠٠ دینار. |
| وەزارەتی دارایی وئابووری | ١٢٦٩٣٦٧٧٠ دینار. |
| وەزارەتی پیشەسازی و وزە | ١٤٤٢٦٠٠ دینار. |

| | |
|---|---|
| وەزارەتی داد | ٢٩٠٥٨١٦٠ دینار. |
| کۆی گشتی | ١٤٩٢٤١١٨٧٠ دینار |

داهات لەسەر ئاستی ژمارەکان:

١- باجی داهات و سامان (وەک: باجی دەرامەت، باجی خانووبەرە، فرۆشتنی چاپەمەنی، باجی پاشماوەکان، باجی زەوییەکان و هتد) .... بەبڕی (٣٤٨٠٠٠٠٠) دینار.

٢- باجی کالا (وەک : رسوومی گومرگی، رسوومی بەرهەم هێنان و مەکس) بە بڕی (١٢٠٠٠٢٢٠٠٠) دینار.

٣- رسوومی تر (وەک: رسوومی دڵنیایی تەندروستی، رەسم و فرۆشتنی پوول، رسوومی ئوتۆمبیلەکان، رسوومی تۆمارکردنی زەوییەکان، رسوومی دادگاکان، رسوومی هاوردە و هەناردن (استیراد و تصدیر) ، رسوومی تۆمار کردن و بلاوکردنەوە، رسوومی دامەزراندن و نوێ کردنەوەی کۆمپانیاکان، رسوومی سەفەر بۆ دەرەوە و هتد...) بە بڕی (١٠٣٦٥٠٣٠٠) دینار.

٤- داهاتی بودجە لەسەر چاوەکانی تر (وەک: کەرەستەی نەوتی، قازانجی دامەزراوەکانی کەرتی گشتی، سامانی کانزایی و هتد...) بە بڕی (١٠٦٦٤٠٠٠) دینار.

٥- داهاتی سەرمایەداری (وەک: فرۆشتنی زەوی، فرۆشتنی خانوبەرە، فرۆشتنی هۆیەکانی گواستنەوە، فرۆشتنی ئامێر و تفاق، فرۆشتنی کەل وپەل و پێداویستی، فرۆشتنی ئاژەڵ، فرۆشتنی کتێب وگۆڤار، وهتد...) بە بڕی (٤٠٣٥٢٠٠) دینار.

٦- داهاتی کرێی شتومەکی دەوڵەت (وەک: کرێی خانوبەرە، کرێی شتومەکی دەوڵەت وەک زەوی، کرێی ئامێرو کەلوپەل و هۆیەکانی گواستنەوە، کرێی زەوی و زاری کشتوکاڵی و هتد...) بە بڕی (١٠٧٤٣٣٧٠) دینار.

٧- داهاتە گوازراوەکان وەک:( سوودی قەرزە بەخشراوەکان، داهاتی بانکە تابەتییەکان و هتد...) بە بڕی (٢٠٠٦٠٠٠٠) دینار.

٨- خزمەتگوزاری فەرمانگەکان بۆ کەسانی تر (وەک: خزمەتگوزاری راگەیاندن و گەشت و گوزار ومۆزەخانە، راژەی لاوان (وەک داهاتی مەلەوانگە و یاریگا و هۆڵەکان)، خزمەتگوزاری پەیوەندی کردن (وەک: داهاتی راژەی پەیوەندی ودانان و گواستنەوەی تەلەفۆن و پۆستە)، داهاتی ئاوو ئاوەڕۆو رسوومی پسولەی مراجعەکانی تەندروستی) رەسمی پشکنینی کەرەستەی خۆراکی و هتد...) بە بڕی (٨٣٥٣٣٠٠٠) دینار.

٩- داهاتە جیانەکراوەکان (وەک: ماڵی دەست بەسەرگیراو، فرۆشتنی شتە پێویستەکان و بێ کەڵکەکان، داهاتی پرۆژەکانی میری، کرێی پشکنینی کەرەستەی بیناسازی، نرخی لیستەکان و چاپەمەنییەکانی تر، داهاتی پەروەردە و فێرکردنی بالاو هتد...) بە بڕی (٢٤٩٠٤٠٠٠) دینار.

**دووەم : خەرجییەکان:**

ـ فەسڵی یەکەم: خەرجیی فەرمانبەران، کە بریتییە لە مووچە و گشت ئەو دەرماڵانەی کە دەدرێت بە کارمەندان، ئەمەو میلاکاتی وەزارەتەکان و گشت فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەتەکان وا ئامادە کراوە کە لەگەڵ سروشتی کارکردن لەفەرمانگەکاندا بگونجێ، داهێنانی چەندان پلەی پێویست بۆ ئەو فەرمانگەیانە رەچاوکراوە، ئەو خەرجییانەش بە بڕی (١,١١٧,٩٥٣,٠٠٠) دینار دانراوە، هۆی ئەم زیادەیە بریتییە لەدەرماڵە و پلەی بەرزبوونەوەی فەرمابەران و ئەو پلانەی کە لەساڵی (٢٠٠١) داهێنراون.

بۆ ئاگاداری بەڕێزتان میلاکی وەزارەتەکان جگە لەوەزارەتی پێشمەرگە بریتییە لە (٩٠٩٩١) فەرمانبەر و بۆ ساڵی ٢٠٠١ پێشنیاری (١٧ ٣٦٤) میلاکی تر کراوە.

لەم فەسڵە بڕی (٢٦٦٩٦٣٠٠٠) دینار بریتییە لە زیادەی پەرلەمان، ئەم فەسڵە بە هۆی زیادبوونی دەرماڵەکان لە ساڵی ٢٠٠٠ زیادبوونەوەی هەبووە وەک: زیادەی مامۆستایانی پەروەردە، مامۆستایانی زانکۆ و پەیمانگاکان، ئەفسەران و پۆلیس، باخچی کۆمەڵایەتی تیمەکانی هەڵکۆڵینی بیر لە وەزارەتەکانی کشتوکاڵ و ئاوەدانکردنەوە، اجوری محاضرات لە پەیمانگا و قوتابخانەکانی وەزارەتی پەروەردە و چەندین دەرماڵەی تر.

ـ فەسڵی دووەم: پێداویستیەکانی خزمەت: بریتییە لە خەرجییەکانی سەفەر و شاندن لە ناوەوە ودەرەوەی هەرێم، هەروەها مێوانداری و ئاهەنگێڕان و پەخش و بانگەواز و چاپکردن و پۆستە و تەلەفۆن وکرێگرتن و دەرماڵەی قوتابییان وهی تر...

ئەمەش دەگاتە بڕی (١٦٣١٣٦٠٠٠) دینار، ئەمە جگە لە زیادبوونی ژمارەی قوتابییانی زانکۆ وپەیمانگا و قوتابخانە ئایینییەکان و قوتابیانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و بازرگانی وێرای ئەمانەش بڕە پارەی دەرماڵەشیان زیاد بووە، هەروەها دەرماڵەی قوتابیانی خوێندنی دوکتۆراو ماستەری هاتووەتە سەر.

ئەمە وچالاکی قوتابخانەکان بەتایبەتی چالاکی زانستی و وەرزشییەکانی وەزارەتی پەروەردە و زانکۆ و پەیمانگاکان لەفرە بوون وزیادبووندایە، هەروەها زیادبوونەوەی ژمارەی ئەو ئۆتومۆبیلانەی کە بۆ گواستنەوەی فەرمانبەران لەشوێنی نیشتەجێ بوونیان بۆ شوێنی کارکردنیان بە کرێ گیراون و بەتایبەتی بۆ گواستنەوەی مامۆستایان بۆ قوتابخانەکانی نزیک لەناوەندی پارێزگاکاندا ژمارەی ئۆتومبیلی بەکرێگیراو نزیکەی (٤١٥) ئۆتومۆبیلە.

ـ فەسڵی سێ یەم: پێداویستییەکانی کالایی: لەبەر ئەوەی زۆرینەی کالا لە دەرەوەی هەرێمەوە دێت، بۆیە نرخەکانیان بە پێی دابەزینی نرخی دۆلار بەرامبەر بەدیناری عێراقی دابەزیوە لەگەڵ ئەوەشدا کە ژمارە و قەبارەی فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێم لەزیاد بووندایە کەچی خەرجییەکانی دانراو بۆ پێداویستیەکانی کالایی بریتی بووە لە (٢٠٤٤٩١٠٠٠) دینار.

ئەم فەسڵە بریتییە لە قرتاسییە، چاپەمەنییەکان، ئاو ، کارەبا، سوتەمەنی، پۆشاکی هاوینە و زستانە، خۆراک و داودەرمان وپێداویستییەکانی تر...

نەبوونی وزەی کارەبا ژمارەی مولیدەکانی فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێم و بەتایبەتی فەرمانگە خزمەتگوزارییەکانی زیاد کردۆتەوە و ژمارەیان گەیشتۆتە (٢٨٦) مولیدە کە بە هۆی کەمی سووتەمەنی، پەشی زۆری سووتەمەنییەکانیان لەبازاڕی ناوخۆ و بەنرخی ڕۆژ بۆیان دابین دەکرێت.

ـ فەسڵی چوارەم: پاراستنی هەرهەیەکان، پاراستن و ئاگاداری لە مەکینە و ئامێرو بینایە و هۆیەکانی گواستنەوە وشتەکانی تر، وێرای بەردەوامبوونیان، درێژە دانە بەتەمەن و توانانی بەکارهێنانیان و پەرەسەندنی توانانی سود وەرگرتن و بەرهەم هێنانیان، بڕی ئەم فەسڵە گەیشتۆتە (١٥٠١٠٤٠٠٠) دینار.

ژمارەی ئوتومبێل و ئامێر و بینا و کەلوپەلی فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان زیادبوونی هەبووە و هەروەها پرۆژەکانی ئاودێری و بەنداوەکان و ڕێگا و پرد پەرەی سەندووە.

بۆ ئاگاداری بەرێزتان حکومەتی هەرێم خاوەن (١١٥٢) ئوتومبێل، (٨٤٣) کۆمپیوتەر، (٢٨٦) مولیدە، (٢٣٤) فۆتۆکۆپی، (٢٧٦٩) مبردە، (٨٩٤) ئێرکۆندیشن، (١٤٥٥٦) سوپایە، ئەمە جگە لە بیناو صیانەی پرۆژە و دامەزراوەکانی تر کە ناوەکانمان ئاماژە پێ کردن کە ئەمانەش هەموویان پێویستیان بە صیانە هەیە.

ـ فەسڵی پێنجەم: خەرجیی سەرمایەداری: بریتییە لەو کەرەستانەی تەمەنیان لەساڵێک زیاترە و شتومەکی جێگیر و بەردەستن، کەلوپەل، ئوتومبێل و هۆیەکانی تری گواستنەوە، مەکینە و دەزگا، ئامێر، زەوی، بینا، فیلم و چەک وهتد... ، خەرجیی ئەم فەسڵە گەیشتۆتە (١٢٦٤٠٣٠٠٠) دینار.

زیاد بوونی ژمارەی قوتابخانەکان، بنکە تەندروستییەکان، مزگەوتەکان، فەرمانگەکان لە ناحیە نوێ ییەکان، کولیژی نوێ و بەشی نوێ لە کۆلیژ و پەیمانگەکان، سەرەڕای فراوانکردنی شوێنە کارگێڕی ییەکان، ئەمانە هەمووی پێویستیان بە ئامێری چاپ، فۆتۆکۆپی، کۆمپیوتەر، بەدالە، ئوتوموبیل، چەک و تەقەمەنی، بینایە وکەلوپەل و ئامێری تر هەیە.

ـ فەسڵی شەشەم: خەرجیی گوازراوەیی: بە بڕی (٢٧٩٠٠٧٠٠٠) دینارو بریتی ییە لەو بەخشینانە کە فەرمانگە و دەزگاکانی حکومەت وەک بەخشین وپڕکردنەوەی عجزیان، لەبودجەی گشتی وەری دەگرن و کەلێنەکانی خۆیان پێ پڕ دەکەنەوە، نموونەی ئەو فەرمانگایانە وەک: شارەوانییەکانی ناوەندی پارێزگاکان و قەزاو ناحیەکان.

هەروەها بەخشین ئەمانەش دەگرێتەوە: ڕێکخراوە جەماوەرییەکان، کۆمەڵەکان، یەکێتییەکان، یانەکان و ئەو ناوەندانە کە پەیوەندییان بە چالاکی وەزارەتە تایبەتییەکانەوە هەیە. هەروەها منحەی دەرچوواندنی گۆڤار، ڕۆژنامە، ئێزگە، تەلەفزیۆن، منحەی ئەو حزبانەی کە بەشداریان لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هەیە، هەروەها ئەمانەش دەگرێتەوە: (گەڕانەوەی پارە و قەرەبووکردن و سڕینەوەی ئەو قەرزانەی کە قابیلی دانەوە نین، خەرجییە نهێنییەکان، بەخشینەکانی ئەوقاف بۆ تازە کردن و نۆژەن بوونەوەی شوێنە پیرۆزەکان و مووچەی کرێکارانی ئەوقاف واتە دەرماڵەکانی بڕ و بەخشین بۆ پاراستن و ڕاگرتنی مزگەوتە ئەهلییەکان).

هەروەکو بەڕێزتان ئاگادارن بەپێی یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٣ یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق، داهاتی شارەوانی واتە ئەو پارە و پوولەی بەپێی حوکمی یاسا مافی وەرگرتنی وەک باج دراوەتێ و قازانجی پرۆژەکانی و داهاتی ماڵە گوازراو ونەگوازراوەکانی دەچنە خەزینەی شارەوانی، هەروەها ئامادەکردنی بودجەی خەمڵێنراوی شارەوانییەکان و تەسدیقکردنی لەلایەن وەزیری شارەوانی و گەشت وگوزارەوە دەکرێت لە جیاتی وەزیری دارایی و ئابووری، جگە لەو شارەوانییانەی کە قەرزاری گەنجینەی گشتین واتە داهاتەکانیان بەشی خەرجییەکانیان ناکات و تەسدیقکردنی بودجەکەیان لەچوارچێوەی دەسەڵاتی وەزیری دارایی و ئابووریدایە لەجیاتی وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار، لەکاتی گفتوگۆکردن لەسەر بودجەی شارەوانییەکان بۆ ساڵی ٢٠٠١ لەلایەن لیژنەی پێکهێنراو لە وەزارەتی دارایی و ئابووری دەرکەوت کە (٢٤) شارەوانی لە قەزاو ناحیەکانی سەر بە پارێزگای هەولێر و (٢٠) شارەوانی لە قەزاو ناحیەکانی سەر بە پارێزگای دهۆکدا هەیە، جگە لەسەرۆکایەتی شارەوانی ناوەندی پارێزگاکانی هەولێر و دهۆک، هەر لەکاتی گفتوگۆ کردنی بودجەدا بۆمان دەرکەوت کە داهاتی گشت شارەوانییەکانی سەرەوە بەشی خەرجییەکانیان ناکات و بەتایبەتی ئەو شارەوانییانەی کە تازە لە ناحیەکاندا کراوەتەوە تەنانەت داهاتیان بەشی مووچەی فەرمانبەران و کارگەرەکانیان ناکات، بۆیە بڕی (٤٠) ملیۆن دینار لەبودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشێوەی منح بۆ پشتیوانی کردن لە شارەوانییەکان پێشنیار کراوە و هەروەها تاکید کراوەتەوە تا دوبارە پێداچونەوەیەک لەسەر چەندایەتی رسوم و کرێییەکان بکرێت و هەوڵی بەردەوام بدرێت بۆ پەرەسەندنی داهاتەکانیان و پەیداکردنی سەرچاوەی نوێی داهات.

- فەسڵی هەفتەم: التزامات و یارمەتی واستثماراتی دەرەوە، ئەم فەسڵە لە بودجەکانی حکومەتی هەرێمدا نەهاتووە چونکە بریتییە لەو مساعداتانەی کە حکومەت بۆ دەوڵەتانی دەرەوە دەدات یاخود بەشداری کردن لەشرکات و مؤسەساتی مالی عەرەبی و نێو نەتەوەیی لە دەرەوە.

- فەسڵی هەشتەم: پرۆگرامی تایبەت: ئەو پرۆگرامانە دەگرێتەوە کە سروشتێکی کاتییان هەیە و بۆ جێبەجێ کردنیان پێویستیان بە پێکهێنانی دەستەی کارگێڕی سەربەخۆ نییە، وەک: ئاهەنگەکان، پلانی روداوە ناکاوەکان، پرۆگرامی رۆشنبیری لە ئێزگە و تەلەفزیۆندا، پاراستنی شوێنەوارە دێرینەکان، ئامادەکردنی خولەکانی راهێنان لە وەزارەتی پەروەردە و ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی و وەزارەتەکانی تر...

کۆی بڕی پێشنیار کراوی ئەم فەسڵە دەکاتە (١٨٨٨٠٠٠٠) دینار.

- فەسڵی نۆیەم: مووچە و خەڵاتی خانەنشینی: بڕی ئەم فەسڵە دەکاتە (١٨٥١٠٠٠٠٠) دینار واتە بە زیاد بوونەوەی بڕی (٢٠١٤٠٠٠٠) دینار کە هۆی ئەم زیادەیەش دەگەڕێتەوە بۆ دەرچوونی یاسای خانەنشین کردنی کەم ئەندامبووانی پێشمەرگە ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٠٠ و زیاد بوونی ژمارەی فەرمانبەرانی کە خانەنشین دەکرێن و هەروەها خەرج کردنی مووچە بۆ ئەو

فەرمانبەرە خانەنشین کراوانەی کە لەحکومەتی ناوەندی مووچە وەردەگرن و پاش کۆچی دوایی کردنیان لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە مووچەیان بۆ خەرج دەکرێت.

کەواتە رێژەی پێکهاتەی فەسڵەکان لە بودجەی پێشنیار کراو لەگەڵ بەراورد کردنی لەگەڵ بڕی پەسەند کراودا بەم شێوەی خوارەوەیە:

ـ فەسڵی یەکەم: خەرجیی فەرمانبەران: بەرێژەی (٨ر٤٩ ٪) لە بودجە واتە بەزیادەی (٨ر١٢ ٪).

ـ فەسڵی دووەم: پێداویستیەکانی خزمەت: بەرێژەی (٢ر٧ ٪) لە بودجە واتە بە کەمی (٣ر١٥ ٪).

ـ فەسڵی سێیەم: پێداویستیەکانی کالایی: بەرێژەی (١ر٩ ٪) لە بودجە واتە بەکەمی ( ٤ر٤ ٪).

ـ فەسڵی چوارەم: پاراستنی هەرهەیەکان: بەرێژەی (٦ر٦ ٪) لەبودجە واتە بەکەمی (٠ر١ ٪).

ـ فەسڵی پێنجەم: خەرجیی سەرمایەداری: بەرێژەی (٦ر٥ ٪) لە بودجە واتە بەزیادەی (٩ر٣٦ ٪).

ـ فەسڵی شەشەم: خەرجیی گوازراوەیی: بەرێژەی (٧ر١٢ ٪) لە بودجە واتە بەکەمی (٨ر١١ ٪).

ـ فەسڵی هەشتەم: پرۆگرامی تایبەتی: بەرێژەی (٨ر٠ ٪) لە بودجە واتە بەکەمی (٥ر٨٤ ٪).

ـ فەسڵی نۆیەم: مووچە و خەلاتی خانەنشینی: بەرێژەی (٢ر٨ ٪) لە بودجە واتە بە زیادەی (٢ر١٢ ٪).

بودجە لەسەر ئاستی بابەکان بەم شێوەی خوارەوەیە:

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ٢٩٢٩٣٣٠٠٠ دینار واتە بەرێژەی(٠٤٨ر١٣ ٪) لە بودجە.

وەزارەتی پەروەردە ٣٧٧٤٧٦٠٠٠ دینار واتە بەرێژەی (٨١٤ر١٦ ٪) لە بودجە.

وەزارەتی ئەشغال و نیشتەجێ کردن ٥٤٩٢٠٠٠٠ دینار واتە بەرێژەی (٤٤٦ر٢ ٪) لە بودجە.

وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری ٦٣٤٣٥٠٠٠ دینار واتە بەرێژەی (٨٢٦ر٢ ٪) لە بودجە.

وەزارەتی ناوخۆ ٢٦٠١٠٠٠٠٠ دینار واتە بەرێژەی (٥٨٥ر١١ ٪) لە بودجە.

وەزارەتی شارەوانی و گەشت وگوزار ٧٠٤١١٠٠٠ دینار واتە بەرێژەی (١٣٦ر٢ ٪) لە بودجە.

وەزارەتی گواستنەوە وگەیاندن ٢٤٧٧٤٠٠٠ دینار واتە بەرێژەی (١٠٢ر١ ٪) لە بودجە.

وەزارەتی رۆشنبیری ٤٤٠٣٠٠٠٠ دینار واتە بەرێژەی (٩٦١ر١ ٪) لە بودجە.

وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەلایەتی ٢١٠٠٠٠٠٠٠دینار واتە بەرێژەی (٣٥٤ر٩ ٪) لە بودجە.

وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان ٢٤٩١٦٠٠٠ دینار واتە بەرێژەی (١٫١١٠٪) لە بودجە.
وەزارەتی یارمەتی مرۆڤایەتی و هاوکاری ٥٣٢٣٠٠٠ دینار واتە بەرێژەی (٠٫٢٣٧٪) لە بودجە.
وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی ٤٨٣٧٢٠٠٠ دینار واتە بەرێژەی (٢٫١٥٥٪) لەبودجە.
وەزارەتی دارایی وئابووری ٤٣٤٣٥٣٠٠٠ دینار واتە بەرێژەی (١٩٫٣٤٧٪)لە بودجە.
وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە ٢٨٠٨٠٠٠٠٠ دینار واتە بەرێژەی (١٢٫٥٠٧٪) لە بودجە.
وەزارەتی پیشەسازی و وزە ٢٤٥٣٦٠٠٠ دینار واتە بەرێژەی (١٫٠٩٣٪) لە بودجە.
وەزارەتی داد ٢٨٦٩٥٠٠٠ دینار واتە بەرێژەی (١٫٢٧٨٪) لە بودجە.

کەواتە وەزارەتەکان لەپلەی یەکەم تا دەیەم بەم شێوەی خوارەوە دەبن جگە لە وەزارەتی دارایی وئابووری:

یەکەم: وەزارەتی پەروەردە.
دووەم: سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران (زانکۆ و پەیمانگەکان و دەزگای شەهید و..).
سێیەم: وەزارەتی پێشمەرگە.
چوارەم: وەزارەتی ناوخۆ
پێنجەم: وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەلایەتی.
شەشەم: وەزارەتی شارەوانی و گەشت وگوزار.
حەوتەم: وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری.
هەشتەم: وەزارەتی ئەشغال ونیشتەجێ کردن.
نۆیەم: وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی.
دەیەم: وەزارەتی رۆشنبیری.

بۆ روونکردنەوەی چۆنیەتی گۆرانکاری لەبابەکان و بەشەکانی بودجەدا وا لەخوارەوە ئەم روونکردنەوانە پێشکەش بە بەرێزتان دەکەین:

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران:

---

بەرێژەی زیادەی (٧٫٧٩٠٪) واتە مەبلەغی (٢١) ملیۆن و(١٧١) هەزار دینار، گۆرانکارییە سەرەکییەکانی ئەم بابە بەم شێوەی خوارەوەیە:

بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان مووچە لە «٢» ملیۆن بۆ «٢٢٠٠٠٠٠»دینار، دەرماڵەی خێزان و منداڵ لە «٥٧»هەزار دینار بۆ «٣٥٠»هەزار دینار، دەرماڵەی فەرمانبەران «٢٢٢٦٠٠٠» بۆ «٢٩٠٣٠٠٠»، پاراستنی باخ و سەیرانگە لە ساڵی ٢٠٠٠دا نەبوو، بەڵام بۆ ئەم ساڵ بڕی ٧٥٠٠٠٠ دیناریان پێشنیار کردووە، دەزگای شەهید، مووچەی شەهیدان لە «٨٠٠٠٠٠٠٠»دینارەوە بۆ «٨٥٠٠٠٠٠٠»، مووچەی پەککەوتەکان لە «١١٠٠٠٠٠٠» بۆ «١٠٠٠٠٠٠٠»، بەڕێوەبەرایەتییەکانی تاقیگەی بیناسازی، دەرماڵەی فەرمانبەران لە «١٣٨٠٠٠٠»دینار بۆ «٥٠٣٠٠٠٠»دینار، کڕینی مەکینە و دەزگا و ئامێر، «٨٢٤٠٠٠٠»دینار بۆ «١٠٤٠٠٠٠» دینار، زانکۆ و پەیمانگاکان، مووچە لە «١١٨٠٠٠٠٠» دینار بۆ «١٨٥٠٠٠٠٠»دینار، دەرماڵەی فەرمانبەران لە «٨٧٧٥٠٠٠» دینار بۆ «١١٣٦٥٠٠٠»، کرێی دەرس گوتنەوە لە «٦٠٠٠٠٠٠»دینار بۆ «٧٠٠٠٠٠٠»دینار، زیادەی پەرلەمان لە «٧٣٧١٠٠٠» بۆ «٦٤٨٠٠٠٠»دینار، بڵاوکردنەوە و راگەیاندن لە «١٥٠٠٠٠٠»دینار بۆ «٥٠٠٠٠٠»دینار، خەرجیی چاپ «٣٠٠٠٠٠٠»دینار بۆ «٣٥٠٠٠٠٠»دینار، بروسکە و تەلەفۆن لە «١٠٠٠٠٠» بۆ «٥٠٠٠٠٠»دینار، کرێی زەوی و باڵەخانە «١٠٠٠٠٠٠» دینار بۆ «٢٠٠٠٠٠٠»دینار، پاداشت بۆ غەیری کارمەندانی دائیرە «١٠٠٠٠٠» دینار بۆ «٣٠٠٠٠٠»دینار، دەرماڵەی قوتابیان لە «٨٠٠٠٠٠٠»دینار بۆ «٩٥٠٠٠٠٠»دینار، یارمەتی دانی لێکۆڵینەوە و وەرگێران و دانان لە «٢٠٠٠٠٠»دینار بۆ «١٢٠٠٠٠٠»دینار، کرێی کارەبا لە «٥٠٠٠٠٠»دینار بۆ «٧١٠٠٠٠٠»دینار، سووتەمەنی لە «٧٠٠٠٠٠»دینار بۆ «١٠٠٠٠٠٠»دینار، کەرەستە و پێداویستی (تاقیگە و کشتوکاڵی و پزیشکی و هتد..) لە «١٢٦٧٠٠٠٠»دینار بۆ «١٧٠٣٠٠٠٠»دینار، پاراستنی باڵەخانە لە «٣٢٥٠٠٠٠٠»دینار بۆ «٢٥٠٠٠٠٠»دینار، کڕینی کەلوپەل لە «١٢٠٠٠٠٠٠»دینار بۆ «٢٠٠٠٠٠٠»دینار، کڕینی مەکینە و دەزگا و ئامێر، لە «٢٦٨٥٠٠٠» دینار بۆ «٢٢٣٠٠٠٠»دینار. سەرۆکایەتی زانکۆی دهۆک، مووچە لە «٣٨٠٠٠٠٠» دینار بۆ «٤٨٠٠٠٠٠»دینار، دەرماڵەی فەرمانبەران لە «٢٦٧٥٠٠٠»دینار بۆ «٦٨٩٥٠٠٠»دینار، کرێی دەرس وتنەوە لە «١١٥٠٠٠٠» بۆ «١٥٠٠٠٠٠»دینار، کرێی زەوی و باڵەخانە لە «١٠٠٠٠٠٠»دینار بۆ «٧٠٠٠٠٠»دینار، کرێی ئامێر و هۆی گواستنەوە لە «٤٠٠٠٠٠» دینار بۆ «٧٥٠٠٠٠»دینار، دەرماڵەی قوتابیان لە «٢٠٠٠٠٠»دینار بۆ «٢٨١٠٠٠٠»دینار، کەرەستە و پێداویستی «تاقیگە و پزیشکی و کشتوکاڵی و هتد» لە «١١٥٠٠٠٠» دینار بۆ «٤٤٥٠٠٠٠»دینار، کتێبی قوتابخانەیی لە «٥٠٠٠٠٠»دینار بۆ «١٠٠٠٠٠»دینار، پاراستنی باڵەخانە لە «٣٠٠٠٠٠»دینار بۆ «٥٠٠٠٠٠»دینار، پاراستنی دەزگا و مەکینە و ئامێر لە «٥٠٠٠٠٠»دینار بۆ «٢٠٠٠٠٠»دینار، کڕینی کەلوپەل لە «٣٠٠٠٠٠» بۆ «١٠٠٠٠٠٠»دینار، کڕینی مەکینە و دەزگا و ئامێر لە «١١٢٠٠٠٠»دینار بۆ «٢١٥٠٠٠٠»دینار، پەیمانگای تەکنیکی هەولێر،

دەرماڵەی فەرمانبەران لە «٨٣٥٠٠٠» دینار بۆ «١٥٩٠٠٠٠»دینار ، زیادەری پەرلەمان لە «١٠٢٣٠٠٠»دینار بۆ «٨٠٠٠٠٠»دینار، دەرماڵەی قوتابیان لە «١٠٠٠٠٠» بۆ «١٥٠٠٠٠» دینار ، کرێنی خانوبەرە لە «٤٠٠٠٠٠» بۆ «صفر» ، پەیمانگای تەکنیکی دهۆک، دەرماڵەی فەرمانبەران لە «٤٥٥٠٠٠» بۆ «٨٠٨٠٠٠»دینار، فەرمانگەکانی وەرگرتنی ناوەندی، کرێنی مەکینە و دەزگا وئامێر لە «٢٠٢٠٠٠» بۆ «٤٥٩٠٠٠»دینار. چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، کەرەستە و پێداویستی پیشەسازی لە «٢٠٠٠٠٠» بۆ «٢٥٠٠٠٠»دینار. پەیمانگای تەکنیکی شەقلاوە، تازە دامەزراوە بۆیە پێشتر بڕی نەبووە «٤٠٦٤٠٠٠»دینارمان بۆ ئەم ساڵ داناوە، پەیمانگای تەکنیکی ئاکرێ تازە دامەزراوە بۆیە پێشوتر بڕی نەبووە پێشناری «١٠٦٤٠٠٠»دیناری بۆ پێشنیار کراوە. وەزارەتی پەروەردە: بەرێژەی زیادەی «٢١,٤٦٠٪» واتە مەبلەغی «٦٦»ملیۆن و «٦٩٤»هەزار دینار، گۆڕانکارییە سەرەکییەکانی ئەم بابە بریتین لەمانەی خوارەوە: دیوانی وەزارەت دەرماڵەی فەرمانبەران لە «٣١٢٠٠٠» بۆ «٥٠٢٠٠٠»دینار، کرێی تاقیکردنەوە لە «١٥٠٠٠٠»دینار بۆ «٢٢٠٠٠٠»دینار، کەلوپەل و پێداویستی وەرزشی لە «٢٥٠٠٠٠» بۆ «صفر» ، پاراستنی باڵەخانە لە «٥٠٠٠٠» بۆ «١٠٠٠٠٠»دینار، کرێنی کارگە لە «٢٥٠٠٠٠» بۆ «صفر» ، بەڕێوەبەرایەتی گشتییەکانی پەروەردە، مووچە لە «٧٤٠٠٠٠٠» بۆ «٧٥٠٦٠٠٠»دینار، دەرماڵەی خێزان و منداڵان لە «١١٠٠٠٠» بۆ «٨٠٠٠٠٠»دینار، دەرماڵەی فەرمانبەران لە «٤٥٩٤٩٠٠٠» بۆ «١٢٠٩٢٥٠٠٠»دینار، کرێی دەرس گووتنەوە لە «٤٧٠٠٠٠» بۆ «٨٠٠٠٠٠»دینار، پاداشتی هاندانەتی بۆ کارگەران لە «٤٣٠٠٠» بۆ «٦٥٠٠٠»دینار، کرێی تاقیکردنەوە لە «٨١٥٠٠٠» بۆ «١٠٠٠٠٠٠»دینار، زیادەی پەرلەمان لە «٩٦٣٠٠٠» دینار بۆ «٨٥٠٠٠٠٠»دینار، دەرماڵە و خەرجیی سەفەر لە «٥٠٠٠٠٠»دینار بۆ «٦٠٠٠٠٠» دینار، خەرجیی چاپ لە «٥٥٠٠٠» بۆ «٣٠٠٠٠٠» ،کرێی زەوی و باڵەخانە لە «٨٠٠٠٠» دینار بۆ «٣٠٠٠٠٠٠»دینار، کرێی ئامێر و هۆی گواستنەوە لە «٣٨٥٠٠٠» بۆ «٦٠٠٠٠٠» ، نەخشەدانان و ڕێکخستنی شارو ژمارەلێدانی خانوو لە «٦٦٠٠٠» بۆ «٩٠٠٠٠»دینار، سوتەمەنی لە «٥٣٠٠٠» بۆ «٢٠٠٠٠٠» ، خۆراک لە «٢٠٠٠٠» بۆ «صفر» ، کەلوپەل و پێداویستی وەرزشی نەبووە و پێشنیاری «١٥٠٠٠٠»دینار، پاراستنی باڵەخانە لە «١٠٠٠٠٠٠» بۆ «٧٥٠٠٠٠» ، پاراستنی دامەزراوەی ئاویی و کارەبایی لە «١٩٥٠٠٠» بۆ «٢١٥٠٠٠»دینار، پاراستنی هۆی گواستنەوە «٥٠٠٠٠» بۆ «٨٥٠٠٠»دینار، کرێنی کەلوپەل لە «٤٢٥٠٠٠» بۆ «٤٧٥٠٠٠»دینار، کرێنی مەکینە و دەزگا و ئامێر لە «٨٨٥٠٠٠» بۆ «١٣٨٠٠٠٠» ، کرێنی خانووبەرە نەبووە و پێشنیاری «٣٠٠٠٠٠» ، پرۆگرامی تایبەت «خولی فێربوون» لە «١٠٠٠٠٠» بۆ «٥٠٠٠٠»دینار، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، کەرەستە و پێداویستی

«پیشەسازی» لە «١٥٠٠٠٠» بۆ «٥٢٠٠٠٠»دینار، پاراستنی دەزگا و مەکینە و ئامێر لە «٢٧٠٠٠٠» بۆ «٥٠٠٠٠٠»دینار، کرینی کەلوپەل لە «٢٩٠٠٠٠» بۆ «٣٠٠٠٠٠»دینار، کرینی مەکینە و دەزگا و ئامێر لە «٢٩٣٠٠٠» بۆ «١٠٠٠٠٠»دینار، پەیمانگاکان و خانەی مامۆستایان، کرێی دەرس گوتنەوە لە «١٦٠٠٠٠» بۆ «١٠٠٠٠٠»دینار، زیادەی پەرلەمان نەبووە دەبێتە «١١٠٠٠٠»دینار، کرێی زەوی و باڵەخانە لە «٧٠٠٠٠» بۆ «٧٥٠٠٠٠»دینار، دەرماڵەی قوتابیان لە «٣٥٠٠٠٠»دینار بۆ «٤٠٠٠٠٠»دینار، کرینی مەکینە و دەزگا و ئامێر لە «٨٠٠٠٠» بۆ «٥٦٠٠٠٠»دینار. وەزارەتی ئەشغال و نیشتەجێ کردن، بەرێژەی زیادەی «٥٧,٧٦٦٪» واتە مەبلەغی «٢٠» ملیۆن و «١٠٩»هەزار دینار، گۆرانکارییە سەرەکییەکانی ئەم بابە بەم شێوەی خوارەوەیە: دیوانی وەزارەت کرینی مەکینە و دەزگا و ئامێر لە «٣٠٩٠٠٠» بۆ «٥٦٠٠٠٠»دینار، فەرمانگەکانی ئەشغال، مووچە لە «٢٦١٣٠٠٠» بۆ «٢٨١٠٠٠٠» دینار، دەرماڵەی فەرمانبەران لە «٧٠٨٠٠٠» بۆ «٩٨٨٠٠٠» دینار، سوتەمەنی لە «٢٧٠٠٠٠» بۆ «٤٢٠٠٠٠»، خۆراک لە «٤٨٠٠٠٠» بۆ «صفر»، پاراستنی رێگەو پرد لە «٢٩٠٠٠٠» بۆ «٣٠٥٠٠٠٠»دینار، پاراستنی دەزگا و مەکینە و ئامێر لە «٨٠٠٠٠٠» بۆ «٢٠٠٠٠٠٠»دینار، پاراستنی هۆی گواستنەوە «ئوتومبیلی بارهەڵگر و هی تر» لە «١٤٥٠٠٠٠» بۆ «١٧١٠٠٠٠»دینار، پاراستنی کارگە و بەکار هێنانی لە «٧٥٠٠٠٠» بۆ «١٥٥٠٠٠٠»دینار، کرینی مەکینە و دەزگا و ئامێر لە «٤٩٤٠٠٠» بۆ «٢٤١٥٠٠٠»، کرینی کارگە نەبووە پێشنیاری «١٥٠٠٠٠٠»دیناری بۆ کراوە، فەرمانگەکانی رێگا، مووچە لە «٢٧٧٠٠٠٠» بۆ «٣٣٩٥٠٠٠»دینار، دەرماڵەی فەرمانبەران لە «٦٣١٠٠٠٠» دینار بۆ «١٥٠٩٠٠٠»دینار، زیادەی پەرلەمان لە «٢٦٠١٠٠٠»دینار بۆ «٣٢٠٠٠٠٠»دینار، پاراستنی رێگەو پرد لە «٣٠٠٠٠٠٠» بۆ «٦٥٧٨٠٠٠»، پاراستنی دەزگا و مەکینە و ئامێر لە «١٣٠٠٠٠٠» بۆ «٣٣٥٠٠٠٠»، پاراستنی هۆی گواستنەوە لە «١٩٢٠٠٠٠» بۆ «٢٦٩٠٠٠٠»، پاراستنی کارگە و بەکارهێنانی لە «١١٩٠٠٠٠» بۆ «١٥٥٠٠٠٠»، کرینی مەکینە و دەزگا و ئامێر لە «٥٣٩٠٠٠» بۆ «٤٩٠٦٠٠٠»دینار، فەرمانگەکانی رێگا، مووچە لە «٢٧٧٠٠٠٠» بۆ «٣٣٩٥٠٠٠»، دەرماڵەی فەرمانبەران لە «٦٣١٠٠٠٠» بۆ «١٥٠٩٠٠٠»دینار، زیادەی پەرلەمان لە «٢٦٠١٠٠٠» بۆ «٣٢٠٠٠٠٠»دینار، پاراستنی رێگەو پرد لە «٣٠٠٠٠٠٠» بۆ «٦٥٧٨٠٠٠»دینار، پاراستنی دەزگا و مەکینە و ئامێر لە «١٣٠٠٠٠٠» بۆ «٣٣٥٠٠٠٠»دینار، پارستنی هۆی گواستنەوە لە «١٩٢٠٠٠٠» بۆ «٢٦٩٠٠٠٠»دینار، پاراستنی کارگە و بەکارهێنانی لە «١١٩٠٠٠٠» بۆ «١٥٥٠٠٠٠»دینار، کرینی مەکینە و دەزگا و ئامێر لە «٥٣٩٠٠٠» بۆ «٤٩٠٦٠٠٠»دینار. وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری: بەرێژەی زیادەی «٥,٥٩١٪»واتە مەبلەغی «٣» ملیۆن و«٣٥٩» هەزار دینار، کۆرانکارییە سەرەکییەکانی ئەم بابە بەم شێوەی خوارەوەیە: بەرێوەبەری کشتی کشتوکاڵی هەولێر،

مووچە لە «٧٢٥٠٠٠٠» بۆ «٧٠٠٠٠٠٠»دینار، دەرماڵەی خێزان و منداڵان لە «١٨٦٠٠٠٠٠» بۆ «١٥٨٥٠٠٠٠»دینار، دەرماڵەی فەرمانبەران لە «١٠٢٧٠٠٠٠»دینار بۆ «١٤٥٤٠٠٠٠»دینار، زیادەی پەرلەمان لە «٧٨٠٠٠٠٠» دینار بۆ «٥٦٠٠٠٠٠»دینار، پارستنی دەزگا و مەکینە و ئامێر لە «٤١٥٠٠٠٠» بۆ «٢٠٠٠٠٠٠»دینار، پاراستنی هۆی گواستنەوە واتە ئوتومبیلی بارهەڵگر لە «١٦٠٠٠٠٠» بۆ «٤٥٠٠٠٠٠»دینار، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی دهۆک، دەرماڵەی فەرمانبەران لە «٨٠٨٠٠٠٠» بۆ «١٠٨٩٠٠٠٠» دینار، زیادەی پەرلەمان لە «٢٧٠٠٠٠٠» بۆ «٢٢٥٠٠٠٠»دینار، سوتەمەنی لە «١٥٠٠٠٠٠» بۆ «٣٥٠٠٠٠٠»دینار، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تووتن،مووچە لە «٧٦٠٠٠٠٠» بۆ «٥٢٠٠٠٠٠»دینار، زیادەی پەرلەمان لە «١٠٩٠٠٠٠٠» بۆ «٦١٠٠٠٠٠»دینار، کۆمپانیاکانی هەڵکەندنی بیرەکانی ئاو «بوەتە بە بەڕێوەبەرایەتی»، مووچە لە «٣٢٧٠٠٠٠» بۆ «٥٥٠٠٠٠٠»دینار، دەرماڵەی فەرمانبەران لە «١٠١٠٠٠٠» بۆ «٦٣١٠٠٠٠»دینار، سوتەمەنی لە «٣٠٠٠٠٠٠» بۆ «٥٠٠٠٠٠٠»دینار، کەرەستە و پێداویستی لە «٢٠٠٠٠٠٠» بۆ «١٥١٦٠٠٠٠» دینار، مەکینە و دەزگا و ئامێر لە «٩٧٤٠٠٠٠»بۆ «٢١٤٠٠٠٠»دینار. بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاودێری و بەنداوەکان، مووچە لە «١٤٥٦٠٠٠٠»دینار بۆ «٢٧٤٨٠٠٠٠»دینار، دەرماڵەی خێزان و منداڵان لە «٤٣٥٠٠٠٠»دینار بۆ «٧٢٥٠٠٠٠»، دەرماڵەی فەرمانبەران لە «٣٣٦٠٠٠٠» بۆ «٦١٣٠٠٠٠» دینار، سوتەمەنی لە «٣٠٠٠٠٠٠» بۆ «٥٠٠٠٠٠٠»دینار، کەرەستە و پێداویستی لە «٢٠٠٠٠٠٠» بۆ «١٥١٦٠٠٠٠»دینار، مەکینە و دەزگا و ئامێر لە «٩٧٤٠٠٠٠» دینار بۆ «٢١٤٠٠٠٠»دینار، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاودێری و بەنداوەکان، مووچە لە «١٤٥٦٠٠٠٠» بۆ «٢٧٤٨٠٠٠٠»دینار، دەرماڵەی خێزان و منداڵان لە «٤٣٥٠٠٠٠» بۆ «٧٢٥٠٠٠٠»دینار، دەرماڵەی فەرمانبەران لە «٣٣٦٠٠٠٠» بۆ «٦١٣٠٠٠٠» زیادەی پەرلەمان لە «١٨٦٠٠٠٠» بۆ «٣٢٠٠٠٠٠»دینار، کرێی ئامێر و هۆی گواستنەوە لە «٣٨٥٠٠٠٠» بۆ «١٠٠٠٠٠٠»، پاراستنی دامەزراوی بەنداوەکان و پرۆژەکانی تری ئاودێری کە نەبووە و پێشنیاری «١٠٠٠٠٠٠»شدیناری بۆ کراوە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەیتەرە و سامانی ئاژەڵ، مووچە لە «١٧٩٠٠٠٠»دینار بۆ «٢٨٠٠٠٠٠»دینار، دەرماڵەی فەرمانبەران لە «٦٩٨٠٠٠٠» بۆ «١٢٧٥٠٠٠٠»دینار، زیادەی پەرلەمان لە «٢٢١٣٠٠٠٠» بۆ «٣٢٠٩٠٠٠٠». بەڕێوەبەرایەتی گشتی خزمەتگوزارییە کشتوکاڵییەکان، کرینی مەکینە و دەزگا و ئامێر لە «٢٩٣٠٠٠٠» بۆ «٢٧٠٠٠٠٠»دینار. وەزارەتی ناوخۆ: بەرێژەی زیادەی «٢٦,٣٩٤»واتە مەبلەغی «٥٤»ملیۆن و «٣١٥»هەزار دینار، گۆڕانکارییە سەرەکییەکانی ئەم بابە بەم شێوەی خوارەوەیە: «دیوانی وەزارەت» خەرجیی چاپ لە «٢٧٠٠٠٠٠» بۆ «٢٠٠٠٠٠»دینار، میوانداری و وەفد و پەیوەندی لە «٥٠٠٠٠٠٠» بۆ «صفر»، کونگرە و کۆڕ لە «٥٠٠٠٠٠» بۆ «٢٥٠٠٠٠٠»دینار، جل و بەرگ لە «٥٠٠٠٠٠٠» بۆ «١٠٠٠٠٠٠٠»دینار، خۆراک لە «٣٠٠٠٠٠٠» بۆ «٦٥٠٠٠٠٠»دینار، پرۆگرامی تایبەتی لە «٨٤٠٠٠٠٠» بۆ «٧٠٠٠٠٠٠»دینار، کارگێری

گشتیەکانی پرێزگاکانی هەرێم، مووچە لە «٧٢٠٠٠٠» بۆ «١١٢٨٠٠٠»، دەرماڵەی فەرمانبەران لە «٤٧٢٢٠٠٠» دینار بۆ «٥١٠٠٠٠٠»دینار، زیادەی پەرلەمان لە «٧٥٠٠٠٠» دینار بۆ «١٤٠٠٠٠٠»دینار، پاراستنی هۆی گواستنەوە لە «١٠٠٠٠٠٠»دینار بۆ «٦٦٦٠٠٠»دینار، کڕینی مەکینە ودەزگا و ئامێر لە «٦١٧٠٠٠»دینار بۆ «١٣٨١٠٠٠»دینار، پرۆگرامی تایبەت لە «٣٠٠٠٠٠٠» بۆ «١٥٠٠٠٠٠٠»دینار، کارگێڕی خۆجێیەکانی پارێزگاکانی هەرێم، مووچە لە «٨٥٠٠٠٠»دینار بۆ «١١٠٦٠٠٠»دینار، پاراستنی باڵەخانە لە «٥٠٠٠٠٠٠» بۆ «٣٠٠٠٠٠٠»دینار، کڕینی مەکینە و دەزگا و ئامێر لە «١٩٢٠٠٠» بۆ «٤٩٧٠٠٠»دینار، بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی، مووچە لە «٨٠٠٠٠٠٠» دینار بۆ «١٠٠٠٠٠٠٠»دینار، دەرماڵەی فەرمانبەران لە «١٩٩٦٤٠٠٠»دینار بۆ «٢٥٨١٢٠٠٠»دینار، زیادەی پەرلەمان لە «٧٣٠٠٠٠٠» بۆ «١١٢٥٠٠٠٠»دینار، کرێی ئامێر و هۆی گواستنەوە لە «١٠٠٠٠٠» بۆ «٤٥٠٠٠٠»دینار، قرتاسیە و چاپەمەنی لە «١٠١٠٠٠٠» بۆ «١٣١٥٠٠٠٠»دینار، سوتەمەنی لە «١٠٠٠٠٠٠» بۆ «١٢٠٠٠٠٠»دینار، خۆراک لە «٨٥٠٠٠٠» دینار بۆ «٢٠٠٠٠٠٠»دینار، پاراستنی هۆی گواستنەوە لە «١٥٠٠٠٠٠» دینار بۆ «١٩٣٠٠٠٠»دینار، کڕینی مەکینە و دەزگا و ئامێر لە «٢٧٨٠٠٠» بۆ «١٢٧٣٠٠٠»، بەڕێوەبەرایەتی گشتی رەگەزنامە و حاڵوباڵی شارستانی، دەرماڵەی فەرمانبەران لە «٧٤٣٠٠٠» بۆ «١١٣٨٠٠٠»دینار، خەرجیی چاپ لە «٩٧٠٠٠٠» دینار بۆ «٥٠٠٠٠٠» دینار، بەڕێوەبەرایەتی پۆتیسی گشتی، مووچە لە «١٧١٠٠٠٠» بۆ «٢٠٠٠٠٠٠»، دەرماڵەی خێزان و منداڵان لە «١٣٤٢٠٠٠» بۆ «٢١٠٠٠٠٠»دینار، دەرماڵەی خێزان و منداڵان لە «١٣٤٢٠٠٠» بۆ «٢١٠٠٠٠٠» دینار، دەرماڵەی فەرمانبەران لە «٤١١٢٠٠٠٠» بۆ «٦٧٥٦٣٠٠٠»دینار، زیادەی پەرلەمان لە «٢٩٨٩٥٠٠٠» بۆ «٣٢٠٠٠٠٠٠»دینار، قرتاسیە وچاپەمەنی لە «١٣٩٠٠٠٠»دینار بۆ «١٨٠٠٠٠٠»، سووتەمەنی لە «٨٢٧٠٠٠» بۆ «١٢٠٠٠٠٠»، خۆراک لە «٢٠٠٠٠٠٠» بۆ «٤٥٠٠٠٠٠» دینار، کەرەستە و پێداویستی وبەتایبەتی پێداویستی پیشەسازی لە «٢٠٩٠٠٠» بۆ «١٠٦٠٠٠٠» دینار، پاراستنی باڵەخانە لە «١١٠٠٠٠» بۆ «١٠٠٠٠٠٠» دینار، کڕینی مەکینە و دەزگا و ئامێر لە «٧٥٥٠٠٠» بۆ «١٨٦٥٠٠٠» دینار، کڕینی چەک و تەقەمەنی کە نەبووە پێشنیاری «٧٥٠٠٠٠»دینار کراوە، کولێژی پۆلیس، دەرماڵەی فەرمانبەران لە «١١٥٠٠٠٠»دینار بۆ «٢٢٥٢٠٠٠»دینار، جل و بەرگ لە «١٢٥٠٠٠» دینار بۆ «١٥٠٠٠٠»دینار، خۆراک لە «٢٠٠٠٠٠٠» بۆ «١٨٠٠٠٠٠» دینار. وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، بەکەمی رێژەی «١٥,٦٨٢ ٪» واتە مەبلەغی «١٣» ملیۆن و «٩٦»هەزار دینار، بۆ ئاگاداری بەڕێتان ئەم وەزارەتەش رێژەی زیاد بوونەوەی هەیە، بەڵام لە بودجەکانی ساڵانی رابردو منحەی شارەوانی لەسەر بودجەی وەزارەتی دارایی و ئابووری تۆمار کراوە. گۆڕانکاییە سەرەکییەکانی ئەم بابە

بریتین لەمانەی خوارەوە: دیوانی وەزارەت، بەخشینی شارەوانییەکان لە «٣٠٠٠٠٠٠» بۆ «صفر»، دەستەی گشتی گەشت و گوزار، مووچە لە «٣٠٧٠٠٠» دینار بۆ «٥١١٠٠٠» دینار، کرێی زەوی و باڵەخانە کە نەبووە پێشنیاری «٢٦٠٠٠٠» دینار کرا. بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەکان، دەرماڵە و خەرجیی سەفەر لە «١٢٥٠٠٠» دینار بۆ «٥٠٠٠٠٠» دینار، پاراستنی باڵەخانە لە «٤٠٠٠٠» دینار بۆ «٣٣٥٠٠٠» دینار، کڕینی مەکینە و دەزگا و ئامێر لە «١٣٠٠٠٠» بۆ «٤٢٤٠٠٠»، بەڕێەبەرایەتی گشتی ئاو و ئاوەڕۆ، مووچە لە «٨٥١٦٠٠٠» دینار بۆ «١٠٥٠٠٠٠٠»دینار، دەرماڵەی فەرمانبەران لە «١١٤٨٠٠٠»دینار بۆ «٤٩٢٧٠٠٠» دینار، زیادەی پەرلەمان لە «٧٢٥٤٠٠٠» دینار بۆ «١٠٤١٢٠٠٠»دینار، دەرماڵە و خەرجیی سەفەر لە «٣٣٠٠٠٠»دینار بۆ «٦٠٠٠٠٠»دینار، خەرجیی چاپ لە «٢٨٥٠٠٠»دینار بۆ «٥٠٠٠٠»دینار، کرێی ئامێر و هۆی گواستنەوە لە «١٠١٠٠٠٠» دینار بۆ «٧٥٠٠٠٠» دینار، کرێی کارەبا لە «١٨١٠٠٠٠» دینار بۆ «٢٥٠٠٠٠٠»، سووتەمەنی لە «١٣٠٨٠٠٠» دینار بۆ «٣٠٠٠٠٠٠»دینار، پاراستنی دامەزراوی ئاوی و کارەبایی لە «١٧١٠٠٠٠» بۆ «١٠٠٠٠٠٠»دینار، پاراستنی دەزگا و مەکینە و ئامێر لە «٣٨١٠٠٠٠» بۆ «٣٥٠٠٠٠٠»دینار، پاراستنی هۆی گواستنەوە واتە ئوتومبیلی بارهەڵگر و ئوتومبیلی کار لە «٦٥٠٠٠٠» دینار بۆ «١٠٠٠٠٠٠» دینار، بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەخشەدانانی ئاوەدانی، روبەرگرتن و دیاری کردنی جۆری زەوی لە «١٩٠٠٠٠» بۆ «١٠٠٠٠٠٠» دینار. بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی، مووچە لە «١٨٠٠٠٠٠» بۆ «٢٠٠٠٠٠٠»دینار، دەرماڵەی فەرمانبەران لە «٥٤٠٢٠٠٠» بۆ «٥٨٧٠٠٠٠»دینار، جل و بەرگ نەبووە و پێشنیاری «٢٥٠٠٠٠»دینار، پاراستنی باڵەخانە لە «٤٠٠٠٠» بۆ «١٠٠٠٠٠٠»دینار، کڕینی کەلوپەل لە «١٥٠٠٠٠» بۆ «٥٠٠٠٠٠»دینار. وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن: بەڕێژەی زیادەی «١٨,٢٥٢٪» واتە بڕی «٣» ملیۆن و «٨٢٤»هەزار دینار، گۆڕانکارییە سەرەکییەکانی ئەم بابە بریتین لەمانەی خوارەوە: دیوانی وەزارەت، دەرماڵەی فەرمانبەران لە «١٨٢٠٠٠» بۆ «٣٩٤٠٠٠٠»دینار، زیادەی پەرلەمان لە «٥٣١٠٠٠٠» بۆ «٣٣٠٠٠٠»، خەرجی چاپ لە «٨٠٠٠٠٠» بۆ «٥٠٠٠٠٠»، بەڕێوەبەرایەتییەکانی پۆستە و گەیاندن، مووچە لە «٢٨١٠٠٠٠» بۆ «٣٤٠٠٠٠٠»دینار، دەرماڵەی فەرمانبەران «٨٧٠٠٠٠» لە «٢٢٦٨٠٠٠»، سوتەمەنی لە «٦٥٠٠٠٠» بۆ «١٠٠٠٠٠٠»، پاراستنی باڵەخانە لە «١٢٠٠٠٠٠» بۆ «١٦٠٠٠٠٠»، پاراستنی دەزگا و مەکینە و ئامێر لە «٣٥٠٠٠٠» بۆ «٤٠٠٠٠٠»، کڕینی کەلو پەل لە «٨٣٠٠٠٠»بۆ «٥٨٠٠٠٠»، کڕینی مەکینە و دەزگا و ئامێر لە «٩٧٠٠٠٠» بۆ «١١٧٢٠٠٠». وەزارەتی رۆشنبیری: بەڕێژەی زیادەی «٢,٦٧٢٪» واتە بەبڕی «١» ملیۆن و «١٤٦»هەزار دینار، گۆڕانکارییە سەرەکییەکانیش ئەمانەی خوارەوەن: «دەزگای چاپەمەنی و رۆژنامەگەری و بڵاوکردنەوە و دابەش کردن»، پاراستنی باڵەخانە لە «٧٥٠٠٠٠» بۆ «١٠٠٠٠٠»،

بەڕێوەبەرایەتی گشتی راگەیاندن، پاداشت بۆ غەیری کارمەندانی دائیرە لە «١٠٠٠٠٠» بۆ «٨٠٠٠٠»، پاراستنی دەزگا ومەکینە و ئامێر لە «٥٠٠٠٠٠» بۆ «٥٠٠٠٠»، کڕینی مەکینە و دەزگا و ئامێر لە «١٢٩٩٠٠٠» بۆ «٤٠٥٠٠٠»، بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەر، مووچە لە «٣٩٧٨٠٠٠» بۆ «٢١٠٠٠٠٠»، پاداشتی هاندانەتی بۆ کارگەران لە «٩٥٠٠٠٠»بۆ «٣٠٠٠٠٠»، زیادەی پەرلەمان لە «١٢٤٢٠٠٠» بۆ «٦٥٢٠٠٠»، یارمەتی دانی لێکۆڵینەوە و وەرگێڕان و دانان لە «١٣٠٠٠٠٠» بۆ «٢٠٠٠٠٠٠»، کەرەستە و پێداویستی «فەسلی ٣» لە «٤٤٠٠٠٠» بۆ «٥٥٠٠٠»، پاراستنی باڵەخانە لە «٩٠٠٠٠٠» بۆ «٣٣٠٠٠٠»، کڕینی مەکینە و دەزگا و ئامێر لە «٤٨٧٠٠٠» بۆ «١٤٢٢٠٠٠»، شانۆ و پێداویستییەکانی دەزگاکانی مۆسیقایی لە «٥٧٠٠٠٠» بۆ «٣٠٠٠٠٠»، پێداویستییەکانی تایبەتی لە «٢٠٠٠٠٠» بۆ «صفر»، پرۆگرامی تایبەتی لە «١٠٠٠٠٠٠» بۆ «٢٥٠٠٠٠٠». بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش و لاوان، مووچە لە «١١٤٣٠٠٠» بۆ «١٦٠٠٠٠٠»، زیادەی پەرلەمان لە «١٢٩٣٠٠٠» بۆ «١٠٨٢٠٠٠»، چالاکی وەرزشی و دیدەوانی لە «٨٠٠٠٠٠» بۆ «١٠٠٠٠٠٠»، پاراستنی باڵەخانە لە «١٥٠٠٠٠٠» بۆ «٢٧٥٠٠٠٠»، کڕینی مەکینە و دەزگا و ئامێر لە «١٧١٠٠٠» بۆ «١٠٠٠٠٠٠»، بەخشینی بنکە رۆشنبیرییەکان و لاوان کە نەبووە پێشنیاری «٣٣٠٠٠٠»کراوە، بەخشینی دەرچواندنی گۆڤارەکان لە «٣٠٠٠٠٠» بۆ «صفر». وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی: بەکەمی رێژەی «١١٫٥٨٥٪» واتە بە بڕی «٢٧» ملیون و «٥١٧»هەزار دینار، گۆڕانکارییە سەرەکییەکانیش ئەمانەی خوارەوەن: دیوانی وەزارەت، خەرجیی چاپ لە «٣٢٥٠٠٠٠» بۆ «٣٠٠٠٠٠٠»، بەخشینی دەرچواندنی گۆڤارەکان لە «٧٥٠٠٠٠» نەماوە، فەرمانگەی خزمەتگوزاری تەندروستی، مووچە لە «٢٣٢٨٠٠٠٠» بۆ «٢١٥٠٠٠٠٠»، دەرماڵەی خێزان و منداڵان لە «٣١٦٠٠٠٠» بۆ «٢٥٠٠٠٠٠»، دەرماڵەی فەرمانبەران لە «٢٦٣٧٩٠٠٠» بۆ «٢٤٢٦٦٠٠٠»، پاداشتی هاندانەتی بۆ کارگەران لە «٩٥٠٠٠» بۆ «٤٠٠٠٠٠»، زیادەی پەرلەمان لە «٣٠١٠٠٠٠٠» بۆ «٢٩١٢٠٠٠٠»، بەرگری شارستانی لە «٩٠٠٠٠» بۆ «٤٠٠٠٠٠» دەرماڵەی قوتابیان لە «٤١٠٠٠٠» بۆ «٧٢٠٠٠٠»، قرتاسیە و چاپەمەنی لە «٩٥٠٠٠٠» بۆ «٦١٠٠٠٠»، کرێی ئاو و ئاوەڕۆ لە «١٩٠٠٠٠» بۆ «٤٠٠٠٠٠»، کرێی کارەبا لە «٢٠٠٠٠٠٠» بۆ «٢٣٠٠٠٠٠»، جل و بەرگ لە «١٠٩٥٠٠٠» بۆ «٨٠٠٠٠٠»، داو ودەرمان لە «٨٠٠٠٠٠٠» بۆ «٦٠٠٠٠٠٠»، کەرەستە و پێداویستی لە «٧٠٠٠٠٠٠» بۆ «٤٥٠٠٠٠٠»، پاراستنی باڵەخانە لە «٣٠٠٠٠٠٠» بۆ «١٨٠٠٠٠٠»، پاراستنی دامەزراوی ئاوی و کارەبایی لە «٢٠٥٠٠٠٠» بۆ «١٥٠٠٠٠٠»، پاراستنی دەزگا و مەکینە و ئامێر لە «٢٩٠٠٠٠٠» بۆ «٢٣٠٠٠٠٠»، پاراستنی هۆی گواستنەوە لە «٢٨٤٠٠٠٠» بۆ «٢٢٥٠٠٠٠»، کەلوپەل لە «٩٥٠٠٠٠» بۆ «١٢٥٠٠٠٠»، قەڵاچۆکردنی مەلاریا لە

«۲۰۰۰۰۰۰» بۆ «۵۰۰۰۰۰۰»، بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری کۆمەڵایەتی، دەرماڵەی فەرمانبەران لە «٥٤٠٠٠٠» بۆ «٩٦٩٠٠٠»، سووتەمەنی لە «۲۱۰۰۰۰» بۆ «٦٢٠٠٠٠»، جل و بەرگ لە «۱۰۰۰۰۰۰» بۆ «۲۰۰۰۰۰۰» خۆراک لە «۲۲۰۰۰۰۰» بۆ «۳۵۰۰۰۰۰»، بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی: زیادەی پەرلەمان لە «٤٢٠٠٠٠» بۆ «٧٥٠٠٠٠»، مەکینە ودەزگا و ئامێر لە «۳۰۰۰۰۰» بۆ «۳۸۲۰۰۰». وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان: بەکەمی ڕێژەی «٥,٦٥٣٪»واتە بە بڕی «۱»ملیۆن و «٤٩٣»هەزار دینار، گۆڕانکارییە سەرەکییەکانی ئەم بابە بریتین لەمانەی خوارەوە: بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان، مووچە لە «٤٠٦٨٠٠٠» بۆ «٥٤٠٠٠٠٠»، دەرماڵەی فەرمانبەران لە «٨٤٠٠٠٠» بۆ «١٣١٦٠٠٠»، سووتەمەنی لە «١٣٠٠٠٠٠» بۆ «٥٠٠٠٠٠»، پاراستنی ڕێگەو پرد لە «۲۱۰۰۰۰۰» بۆ «١٥٠٠٠٠٠»، پاراستنی دەزگا و مەکینە و ئامێر لە «١٥٠٠٠٠٠» بۆ «۱۰۰۰۰۰۰»، پاراستنی هۆی گواستنەوە«ئوتومبیلی کارو بارهەڵگر» لە «١٠٥٠٠٠٠» بۆ «۱۰۰۰۰۰۰»، کڕینی کارگە لە «۱۰۰۰۰۰۰»ش بۆ «صفر» ،کارگەکان و کۆگاکان، مووچە لە «٣٦٥٠٠٠» بۆ

* لێرەوە کاسێتی ژمارە «٤» دەست پێدەکات.......

«۱۰۰۰۰۰»، زیادەی پەرلەمان لە «۳۰۰۰۰۰» بۆ «۹۸۰۰۰». وەزارەتی یارمەتی مرۆڤایەتی وهاوکاری: بە ڕێژەی زیادەی «١٣,٠١٤٪» واتە بە بڕی «٦١٣»هەزار دینار، گۆڕانکارییە سەرەکییەکانیش ئەمانەن: دیوانی وەزارەت، کڕینی کەلوپەل لە «۲۰۰۰۰۰» بۆ «٤٠٠٠٠٠»، کڕینی زەوی کە نەبووە و پێشنیاری «٥٠٠٠٠٠»دینار کرا، کڕینی خانووبەرە لە «٧٥٠٠٠٠»دینار بۆ «صفر». وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی: بەڕێژەی زیادەی «٣٥,١٧٠٪» واتە بە بڕی «۱۲» ملیۆن و «٥٨٦»هەزار دینار، گۆڕانکارییە سەرەکییەکانیش ئەمانەن: دیوانی وەزارەت، کونگرە و کۆڕ لە «٦٠٠٠٠» بۆ «۳۰۰۰۰۰»، جل و بەرگ لە «۱۲۰۰۰۰۰» بۆ «۱۰۰۰۰۰۰»، کتێبی قوتابخانە لە «۲۲۰۰۰۰» بۆ «صفر»، پاراستنی باڵەخانە لە «٥٠٠٠٠٠» بۆ «صفر»، کڕینی کەلوپەل لە «۱۲۰۰۰۰» بۆ «٧٥٠٠٠٠»، پرۆگرامی تایبەت «خولی بەهێزکردنی وتار خوێن وپێش نوێژ و خولی فێرکردنی قورئانی پیرۆز» لە «۲۰۰۰۰۰» بۆ «٥٠٠٠٠٠»، بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی هەولێر، مووچە لە «٦٠٠٠٠٠» بۆ «٧٥٠٠٠٠»، دەرماڵەی خێزان و منداڵان لە «١٨٧٠٠٠٠» بۆ «٢٧٥٠٠٠٠»، دەرماڵەی فەرمانبەران لە «٧٦٤٠٠٠» بۆ «١٠٢٠٠٠٠»دینار، کرێی دەرس گوتنەوە لە «٢٥٠٠٠٠» بۆ «٥٢٥٠٠٠»، دەرماڵەی قوتابیان لە «٣٤٠٠٠٠» بۆ «٦٠٠٠٠٠»، سووتەمەنی لە «١٥٠٠٠٠» بۆ «٤٠٠٠٠٠»، پاراستنی دەزگا و مەکینە و ئامێر لە «١٥٠٠٠٠» بۆ «٤٠٠٠٠٠»، بەخشینی ئەوقافی بۆ ئاواکردن و ئاوەدانکردنەوە و کەلوپەلی مزگەوت لە «۳۰۰۰۰۰» بۆ «٧٠٠٠٠٠»، یارمەتی و باربوو کە نەبووە پێشنیاری «٨٠٠٠٠٠» کراوە،

بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی دهۆک، دەرماڵەی قوتابیان لە «٣٤٠٠٠٠» بۆ «٦٠٠٠٠٠»، بەخشینی ئەوقاف بۆ ئاواکردن و ئاوەدانکردنەوە و کەلوپەلی مزگەوت لە «١٠٠٠٠٠٠» بۆ «٢٥٠٠٠٠٠». وەزارەتی دارایی و ئابووری: بەکەمی ڕێژەی «١٦,٨٠٢ ٪» واتە بە مەبلەغی «٨٧» ملیۆن و «٧٢٢»هەزار دینار، گۆڕانکارییە سەرەکییەکانیش ئەمانەن: دیوانی وەزارەت، بەخشینی دەرچواندنی گۆڤارەکان لە «٢٠٠٠٠٠» بۆ «صفر»، بەڕێوەبەرایەتی گشتی داهات، دەرماڵەی فەرمانبەران لە «١٥٦٢٠٠٠» بۆ «١٠١١١٠٠٠»، کرێی لیژنەکان لە «٥٩٠٠٠٠» بۆ «٩٠٠٠٠٠»، زیادەری پەرلەمان لە «٤١٠٤٠٠٠» بۆ «٣٧٠٠٠٠٠»، دەرماڵە و خەرجیی سەفەر لە «٤٤٦٠٠٠» بۆ «٧٠٠٠٠٠»، سووتەمەنی لە «٥٤٠٠٠٠» بۆ «٨٥٠٠٠٠»، کڕینی مەکینە و دەزگا و ئامێر لە «٣٦٧١٠٠٠» بۆ «٣٠١٧٠٠٠»، بەڕێوەبەرایەتی گشتی دارایی، دەرماڵەی فەرمانبەران لە «٧٩٥٠٠٠» بۆ «١٤٣٢٠٠٠»، ئیفاد بۆ دەرەوەی هەرێم لە «٣٠٠٠٠٠٠» بۆ «٦٠٠٠٠٠٠»، خەرجیی چاپ لە «٣٠٣٠٠٠٠» بۆ «٤٠٠٠٠٠٠»، گواستنەوەی پارە لە «١٠٠٠٠٠٠» بۆ «٢٠٠٠٠٠٠»، قرتاسیە وچاپەمەنی لە «٢٩٠٠٠٠» بۆ «٦٠٠٠٠٠»، کڕینی ئوتۆمبیل لە «١٠٠٠٠٠٠» بۆ «٢٥٠٠٠٠٠»، کڕینی مەکینە و دەزگا و ئامێر لە «٥٢٠٠٠٠» بۆ «٨٣٠٠٠٠»، زەرەری پارە گۆڕینەوە کە نەبوو بۆ «٥٠٠٠٠٠»، بەخشینی شارەوانییەکان کە نەبووە بۆ «٤٠٠٠٠٠٠»، بەخشینی فەرمانگەکانی دارایی خۆیی لە «١٠٦٤٠٠٠» بۆ «صفر»، بەخشینەکانی سەندیکاکان و یەکێتییەکان کە نەبووە و پێشنیاری «٢٥٠٠٠٠٠»، بەخشینی دەرچواندنی گۆڤارەکان لە «١٦٠٠٠٠» بۆ «٥٠٠٠٠٠»، بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی، مووچە لە «٢٥١٩٠٠٠» بۆ «١٨٩٠٠٠٠»، زیادەی پەرلەمان لە «٢٧٠٦٠٠٠» بۆ «٢٢٢٣٠٠٠»، سووتەمەنی لە «١٤٩٠٠٠» بۆ «٤٠٠٠٠٠»، پاراستنی دەزگا و مەکینە و ئامێر لە «٤٠٩٠٠٠» بۆ «٨١٢٠٠٠»، کڕینی کەلوپەل لە «٥٥٠٠٠٠» بۆ «٩٣٧٠٠٠»، بەڕیوەبەرایەتی گشتی پۆلیسی سنوور و گومرک، مووچە لە «٢١٨٥٠٠٠» بۆ «١٧٠٠٠٠٠»، دەرماڵەی فەرمانبەران لە «٨٢٣٣٠٠٠» بۆ «١٠٣٥٠٠٠٠»، زیادەی پەرلەمان لە «٣٤٤٤٠٠٠» بۆ «٢٩٥٠٠٠٠»، پاراستنی هۆی گواستنەوە لە «٥٣٠٠٠٠» بۆ «٧٣٠٠٠٠»، کڕینی خانووبەرە لە «٤٨٠٠٠٠» بۆ «٩٤٠٠٠٠»، چەک و تەقەمەنی لە «٢٤٥٠٠٠» بۆ «٥٤٥٠٠٠»، بەدێوەبەرایەتی گشتی خانەنشین، خەڵاتی خانەنشینی مەدەنی لە «٦٠٠٠٠٠» بۆ «٢٠٠٠٠٠»، خەڵاتی خانەنشینی عەسکەری لە «٦٠٠٠٠٠» بۆ «٣٠٠٠٠٠»، مووچەی فەرمانبەرانی ئەنفال کراو لە «١٣٧٠٠٠٠» بۆ «١٠٠٠٠٠٠٠». وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە: بەکەمی ڕێژەی «١,٥١٨ ٪» واتە بە مەبلەغی «٤»ملیۆن و «٣٣٠»هەزار دینار. وزارەتی پیشەسازی و وزە: بەکەمی ڕێژەی «٣,٩٩٨ ٪» واتە بە بڕی «١» ملیۆن و «٢٢»هەزار دینار و گۆڕانکارییەکانیش ئەمانەن: دیوانی وەزارەت، پاراستنی هۆی گواستنەوە لە «٥٠٠٠٠٠» بۆ «٢٤٠٠٠٠»، کڕینی

مەکینە و دەزگا و ئامێر لە «٤٨٩٠٠٠٠» بۆ «٢٢٥٠٠٠٠»، بەڕێوەبەرایەتییەکانی زەوی پێوای جیۆلۆجی، کڕینی مەکینە و دەزگا و ئامێر لە «٣٢٩٠٠٠٠» بۆ «١٠٤٠٠٠٠»، تۆڕەکانی هەرێمی کوردستان، دەرماڵەی فەرمانبەران لە «١١٥٠٠٠٠» بۆ «١٤٩٦٠٠٠٠»، پاداشتی هاندانەتی بۆ کارگەران لە «٦٠٠٠٠٠» بۆ «٣٦٠٠٠٠٠»، پاراستنی باڵەخانە لە «٣٠٠٠٠٠» بۆ «٣٠٠٠٠٠»، پاراستنی دەزگا و مەکینە و ئامێر لە «٨٠٥٠٠٠» بۆ «٥٠٠٠٠٠». وەزارەتی داد، بەڕێژی زیادەی «١٧,٢٣٢٪» واتە بە بڕی «٤»ملیۆن و «٢١٨»هەزار دینار و گۆڕانکارییەکانیش ئەمانەن: دیوانی وەزارەت، مووچە لە «١٨٠٠٠٠٠» بۆ «٤٣٠٠٠٠٠»، دەرماڵەی فەرمانبەران لە «١٠٠٣٠٠٠٠» بۆ «١٢٨١٠٠٠٠»، دادگای تەمیز، مووچە لە «٣٠٠٠٠٠٠» بۆ «٣٥٠٠٠٠»، دەرماڵەی فەرمانبەران لە «١٠٧٢٠٠٠٠» بۆ «٨٩٢٠٠٠٠»، دادگاکان، دەرماڵەی فەرمانبەران لە «٦٠٨٣٠٠٠٠» بۆ «٧٧٩٥٠٠٠٠»، زیادەی پەرلەمان لە «١٤٩٤٠٠٠٠» بۆ «١٨٠٠٠٠٠٠»، کڕینی کەلوپەل لە «٦٥٠٠٠٠٠» بۆ «٣٤٥٠٠٠٠»، بەڕیوەبەرایەتی تۆمارگای خانووبەرە، کڕینی مەکینە و ئامێر و دەزگا «مەکینە و ئامێر ٨٠٠ و دەزگا ١٩٠ هەزار» لە «٣٤١٠٠٠٠» بۆ «١٣٨٩٠٠٠٠»دینار.

سێیەم : فەرمانگە خۆبژێووەکان:

١ـ بانکە بازرگنییەکان:

حکومەتی هەرێم توانیویەتی بڕوا و متمانەی هاووڵاتیان بە بانکەکانی هەرێم بگەڕێنێتەوە، ئەویش بە خەرج کردنی بڕی «٥٥»ملیۆن دیناری فەوتاوی هاووڵاتیان لە حیساباتی جاری لە بانکەکان، «٣» ملیۆن و «٢٠٠»هەزار دینار پارەی سەندووقی تەوفیری بەریدی لە وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، «١٦» ملیۆن و «٨٠٠» هەزار دینار پارەی ئەموالی قاسرین لە وەزارەتی داد، بڕی «٢»ملیۆن و «١٥»هەزار دینار پارەی ئەماناتی هاووڵاتیان لە دادگا و فەرمانگەکانی وەزارەتی داد.

ئەمەو خەرج کردنی قەرزی سەدان کەس لە هاووڵاتیان لەلای فەرمانگەکان بەر لە ١٩٩٦/٨/٣١ کە بۆ دامودەزگاکانی حکومەت کاریان کردبوو و پارەکانیان پێ نەدرابوو. هەر بۆیەش دەبینین کە لە بودجەی ساڵی «٢٠٠١»ی بانکە بازرگانییەکانی هەرێم گەش بوونەوەیەک هەیە و داهاتەکانیان بەشی خەرجییەکانیان دەکات، کەچی لە بودجەی ساڵانی پێشوو و بە تایبەتی بودجەی پێشنیار کراوی ساڵی «٢٠٠٠» بڕی «١٨» ملیۆن و «٦٤٠» هەزار دینار عجزی بانکەکان بوو کە ئەم عجزەش لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابووری پڕ دەکرایەوە.

بودجەی بانکە بازرگانییەکان بەم شێوەیەیە:

أـ خرجییەکان «٢٠٠٤٩٠٠٠٠» دینار.

ب ــ داهاتەکان «٢٠٠٤٩٠٠٠٠»دینار.

٢ــ کارگە و فەرمانگە خۆبژیووەکانی سەر بە وەزارەتی پیشەسازی و وزە:

أـ بەڕێوەبەرایەتی تۆڕەکانی کارەبای هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ماڵەی جیۆلۆجی، بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی کارەبا لە فەرمانگەکانی وەزارەتی پیشەسازی و وزەن کە لەکاتی دامەزراندنیاندا لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە بە فەرمانگە خۆبژێووەکان دەژمێردران، لەلایەن حکومەتی هەرێمیشەوە و لە بودجەی پەسندکراوەکانی ساڵی ۱۹۹۳، ۱۹۹٦، ۱۹۹۷، هەر بەو چاوە تەماشا کراون، بەڵام دوای سەرنجدان لە داهاتەکانیان و بەراورد کردنیان لەگەڵ خەرجییەکانیاندا بە تایبەتی لە کاتی موناقەشەکردن لەسەر بودجەی پەسندکراوی ساڵی ۱۹۹۸ لە «نیزامی خۆبژێوییەوە خرانە سەر بودجەی بەردەوام»، چونکە داهاتێکی وەهایان نەبوو کە شایەنی باس لێوەکردن بێ، تا ئێستاش هەندێ فەرمانگەی وەزارەتی پیشەسازی و وزە هەن کە داهاتەکانیان ناگاتە ئاستی خەرجییەکان بۆ نموونە: بەڕێوەبەرایەتییەکانی دابەش کردنی کارەبا لە پرێزگاکاندا، کە هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە:

١ـ ئێستا «۱۰» میگاوات کارەبا لە دوکانەوە دەدرێتە هەولێر کە ئەمەش بەشی پێداویستییەکانی نەخۆشخانەکان ناکات کەچی وەزارەتی دارایی و ئابووری ساڵانە «۱۸»ملیۆن دینار بۆ مووچەی فەرمانبەران و خەرجییەکانی بەنداوەکانی دوکان و دەربەندیخان خەرج دەکات.

٢ـ دامەزراندنی ویستگە و مولیدات لەسەر بڕیاری ۹۸٦ و هەروەها ئەو مولیدانەی کە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە کڕدراون، گرفتێکی مەزنی دابین کردنی سووتەمەنییان هێناوەتە ئاراوە.

ب ـ کارگەکان:

لەکاتی موناقەشە و گفتوگۆکردنی بودجەدا ئەو بارودۆخ و هەل و مەرجە تایبەتیانە کە بەسەر کوردستاندا تێدەپەڕن ڕەچوکراون، چونکە کارگەکان بەتەواوی توانا کار ناکەن ئەوەیش بە هۆی سەختی لە هاوردن و ناردنە دەرەوەی کەرەستەی ناوخۆ و دەرەوە لە کەرەستەی سەرەتایی و کەرەستەی خاو کەلوپەلی یەدەگی و کەلوپەلە بەرهەم هاتووەکان بۆ نموونە: لە ڕۆژی ۱۲/۱۲/ ۲۰۰۰ (٤٧٠٠١)کارتۆن جگەرەی سومەری شین و (۸۸۳۳)کارتۆن جگەرەی سۆمەری سپی لە ئەنبارەکانی کارگەی جگەرەی هەولێردا هەبووە و ئەم کارگەی تا ئێستا بەشی وەزارەتی دارایی و ئابووری پڕ نەکردۆتەوە لەو سودانەی کە لە ساڵانی ۱۹۹۸و ۱۹۹۹دا هایبووە وهەروەها رسوماتی مەکس لە ساڵی «۲۰۰۰» کە بڕەکەی دەگاتە «٤٤٠٤٠٨٠١»دینار، هەروها «۲۲۰۰۰۰» مەتر پارچە لە ئەنبارەکانی کارگەی رستن و چنینی هەولێردا هەیە کە ماوەییەکی زۆر بەسەر بەرهەم هێنانی تێدەپەڕێ هەر بۆیەش وەزارەتی پیشەسازی و وزە داوای کردووە کە بە داشکاندنی «٥٠ ٪» لە نرخەکەی بۆ فەرمانبەران بفرۆشرێت. کارگەکانی تریش وەک کارگەی مافوری دەستکرد و کارگەی رستنی دهۆک داهاتەکانیان بەشی مووچەی فەرمانبەرانیان ناکات.

بودجەی کارگا و فەرمانگە خۆبژێووەکانی وەزارەتی پیشەسازی و وزە کە لە «۱۲»کارگە و فەرمانگە پێک دێن بەم شێوەی خوارەوەیە:

١ـ خەرجییەکان (٣٣٦٧٠٥٠٠٠) دینار.

ب ـ داهاتەکان (٣٤٩٢٩٣٠٠٠)دینار.
چوارەم: پلانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە بە پرۆژەییکی جیا پێشکەش بە بەرێزتان دەکرێت.

پێنجەم: میلاکات:
بۆ ئەوەی فەرمانگەکان چست و چالاکییەکانیان راست و دروست بن، دەبێ فەرمانبەرەکانیان لە ئیش و کارەکانیاندا کارامە و شارەزا بن تا بتوانن بە دڵسۆزانە و شێوەیەکی گونجاو کارەکانیان جێبەجێ بکەن، کەواتە پێویستە فەرمانبەری باشیان بۆ دابنرێ، هەروەها پێویستە تایبەتمەندی ماددی و زەماناتی تەواویان بۆ دابین بکرێ بۆ ئەوەی دڵسۆزی لە کارەکانیاندا بنوێنن وەک (مووچە، سەر مووچە، پلە بەرزکردنەوە، دەرماڵەکان).
ئەحکامی یاسای میلاکاتی ژمارە «٢٥» ساڵی «١٩٦٠» راستکراو، هەروەها فەرمانبەران و کرێکارانی فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێم دەگرێتەوە، هەروەها ئەوانەش دەگرێتەوە کە مووچە لە بوودجەی گشتی وەردەگرن. لەم بوودجەدا موفرەداتی میلاکاتی هەمیشەیی و کاتی بەپێی پلەکانی فەرمانبەری و بەپێی میلاکاتی پوختەکراوی ساڵی ١٩٩٩ و ژمارەی وەزایفی کارکراو تا ٣٠/٩/٢٠٠٠ دابەشکراون، ئەمە و ژمارەی ئەو پلانەی بۆ مەبەستی بەرزکردنەوە و دامەزراندن پێشنیار کراون، یان ژمارەی ئەو پلانەی کە پێشنیارە لە پلەبەرزبوونەوەی ساڵی ٢٠٠١نەمێنن، هەموو رەچاو کراون. لەبەر تیشکی ئەو شتانەدا برە پارەی تەواو لە فەسڵی یەکەمی بودجەدا دانراوە. فەسڵی یەکەم خەرجییەکانی کارمەندان و مووچە و دەرماڵەی خێزانداری و دەرماڵەی منداڵان و دەرماڵەکانی تر دەگرێتەوە، کە بەپێی پسپۆری و شارەزایی لە کاردا و بەپێی یاسا و رێنماییەکان دەدرێت بە فەرمانبەران. دوای پەسەندکردنی بودجە لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی بەرێز، وەزارەتی دارایی و ئابووری موفرەداتی میلاکاتی ساڵی ٢٠٠١ بەپێی یاسای بودجە و لەبەر تیشکی تێچوونی مووچە پەسندکراوەکانی ناو بودجەدا و ئەحکامی ماددەی سێیەمی یاسای میلاکات ژمارە «٢٥»ی ساڵی ١٩٦٠ی هەموار کراو، ئامادە دەکات و رێنمایی تایبەتی بۆ ئاسانکردنی جێبەجێ بوونی برگەکانی بودجە بۆ گشت وەزارەت و فەرمانگەکان بەپێی یاسای بودجە دەر دەکات.
لە خوارەوە خشتەی میلاکاتی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠٠١جگە لە گرێبەستەکان پێشکەش دەکرێن:

أـ میلاکات لەسەر بنچینەی پلەکان:

| | |
|---|---|
| پلەی یەکەمی «أ» | ٢٥٠٤فەرمانبەر. |
| پلەی یەکەمی «ب» | ٤٤٤٢فەرمانبەر. |
| پلەی دووەم | ٧٧٨٨ فەرمانبەر. |
| پلەی سێیەم | ١٠١٥٨ فەرمانبەر. |

| | |
|---|---|
| پلەی چوارەم | ٩٣٣٢ فەرمانبەر. |
| پلەی پێنجەم | ١٤٢٢٨ فەرمانبەر. |
| پلەی شەشەم | ١٣٥٨٩ فەرمانبەر. |
| پلەی حەوتەم | ١٢٥٩٣ فەرمانبەر. |
| پلەی هەشتەم | ١٠١٦٣ فەرمانبەر. |
| پلەی نۆیەم | ٢٠١٥٣ فەرمانبەر. |

ب ــ میلاکاتی لەسەر بنچینەی بابەکان:

| | |
|---|---|
| سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران | ٤٧٧١ |
| وەزارەتی پەروەردە | ٣٥٩١١ |
| وەزارەتی ئەشغال و نیشتەجێ کردن | ٢٥١٩ |
| وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری | ٦٥٢٠ |
| وەزارەتی ناوخۆ | ١٩٠١٩ |
| وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار | ٤٦١٩ |
| وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن | ١٣٥٧ |
| وەزارەتی رۆشنبیری | ١٣٩٨ |
| وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی | ٩٥٦٧ |
| وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان | ٢١٧٩ |
| وەزارەتی یارمەتی مرۆڤایەتی و هاوکاری | ١٤١ |
| وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی | ٤٨٧٥ |
| وەزارەتی دارایی و ئابووری | ٤٧٠٠ |
| وەزارەتی پیشەسازی و وزە | ٦٢٧٥ |
| وەزارەتی داد | ١٠٩٩ |
| کۆی گشتی | ١٠٤٩٥٠ |

ج ــ بۆ ئاگاداری بەرێزتان لە ساڵی ٢٠٠٠فەرمانبەرانی هەمیشەیی جگە لە گرێبەستەکان لە «٥٥٩٨٦» فەرمانبەری کوڕ و «٢٨٧٨٦» فەرمانبەری کچ پێک دەهات وباری خێزانداریان بەم شێوەیە بووە:

| | |
|---|---|
| سەڵت | ٢٩٩٢٣ |
| خێزاندار | ٥٤٨٤٩ جگە لە وەزارەتی پێشمەرگە لەمانەش: |
| ١ــ ٤٦٩٥ | بێ منداڵ. |
| ٢ــ ٣٧٥٠ | یەک منداڵ. |

٣ـ ٦١٥٨  دوو منداڵ.
٤ـ ٧٠٨٠  سێ منداڵ.
٥ـ ٧٣٣٠  چوار منداڵ.
٦ـ ٦٨٤٣  پێنج منداڵ.
٧ـ ٥٤٩٣  شەش منداڵ.
٨ـ ٥٠٠٦  حەفت منداڵ.
٩ـ ٤٢٥٩  هەشت منداڵ.
١٠ـ ٤٢٣٥  نۆ منداڵ و بەرەو سەرەوە.

لە کۆتایی دا پڕ بە دڵ سوپاستان دەکەین و ئومێدەوارین هەنگاوەکانمان جێگای رەزامەندی ئێوەی بەرێز بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاسی بەڕێز وەزیری دارایی وئابووری دەکەین، کە لەهەمان کاتدا ئەندامی پەرلەمانی کوردستانیشە، بۆ ئەو راپۆرتە تێرو تەسەلەی کە لە راستیدا ئەنجامی جاری هەموو فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، رووناکیەکی تەواوی خستە سەر باری دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستانەوە، لەوانەیە بە یەک دوو قسەی سوپاس کیفایەت نەبێت بەرامبەر بەو ماندووبوونەی کە دەزگاکانی حکومەت نواندوویانە بۆ ئامادە کردنی ئەم راپۆرتە رێکوپێکە، بەرای من یەکێکە لە راپۆرتە هەرە باشەکان کە لەبارەی داراییەوە لە پەرلەمانی کوردستاندا پێشکەش کرابێت، شایستەی ئەوەیە کەوا هەموو ئەندامانی پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران بە سەرۆکەوە دانیشن و گوێبیستی بن، جارێکی تر سوپاسی بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری دەکەین، بەردەوام دەبین لەسەر دانیشتنەکەمان، ئێستاش بەڕێزکاک جەمیل راپۆرتی لیژنەی دارایی دەخوێنێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا راپۆرتی لیژنەی دارایی و ئابووریتان بۆ دەخوێنمەوە، ژمارە : م٣، رۆژی ٥/١/٢٠٠٠، بابەت / موازنەی حکومەت بۆ ساڵی ٢٠٠١،

يسعدنا ان نقدم لسيادتكم تقريرناالمالي عن الموازنات الحكوميه لهذا العام ٢٠٠١ المعد من قبل وزارة المالية والاقتصاد والمرسل الى رئاسة مجلس الوزراء الموقر في ١٩/١٢/٢٠٠٠ والمحال الى سيادتكم بكتاب رئاسة مجلس الوزراء السري المرقم ١٢١٢ في ٢٤/١٢/٢٠٠٠، ولا يخفى على سيادتكم بانه من بديهيات النجاح في أي حقل من الحقول لابد من الدراسة والتخطيط الجيد لها، ولا شك بأن إدارة المال والصرفيات الموزونة بامس الحاجة الى التخطيط الدقيق والموازنة تخطيط مالي لسنة كاملة تشمل سياسة المالية لمؤسسة أو الحكومة أو الدولة

لتلك السنة من صرفيات موزونة وإرادات جيدة، فعليه يؤخذ بنظر الاعتبار الوضع الاقتصادي والقدرات المالية المتاحة لها لتحقيق تلك السياسة المالية الهادفة لها ولا شك بان السياسة المالية تختلف من حكومة لأخرى ومن دولة لأخرى و من ظرف معين الى ظرف آخر بناءاً على الوضع المالي والحالة الاقتصادية والاجتماعية لتلك الحكومة والدولة وشعبها و أهدافها، فعليه يؤخذ بنظر الاعتبار الميزانية المصدقة والمنفذة للسنة السابقة كمؤشر للأستدلال و المقارنة، وقبل أن نقدم رأينا بشأن موازنات حكومة الاقليم لعام ٢٠٠١، من الانصاف ان نقول للتاريخ بأن الاقتتال الداخلي وجرائم P.K.K في الاقليم قد أثر على حياة المواطنين وكان عائقاً في الانتعاش الاقتصادي للإقليم وعدم إستغلال الاراضي النائية إستغلالاً تاماً وذو تأثير سلبي على حرية التجارة والترانسيت عبر الاقليم، مما قلل من مجموع واردات حكومة الاقليم وأستنزافها من جهة وزيادة العبئ على الوزارة من ناحيتي الواردات والنفقات، ولقلة الواردات التخمينية هذه أضطرت وزارة المالية والاقتصاد لوضع موازنة جارية للنفقات لهذا العام ٢٠٠١ أقل من الموازنة الجارية لسنة ١٩٩٧ وأقل من الموازنة الجارية لسنة ١٩٩٨المصدقتان حيث نسبة الموازنة هذا العام ٢٠٠١هي أقل من ٧٤٪ من الموازنة الجارية لعام ١٩٩٨المصدقة، ورغم طموحات الوزارة لتامين رواتب التقاعدية لعوائل الشهداء الابرار والمعوقين البيشمه ركه الابطال فأنها درجت الزيادة البرلمانية لموظفين في الفصل الاول لكل الوزارات التزاماً منها بالقوانين الصادرة من البرلمان الموقر وكخطوة جادة و طموحة لتحسين وضعية الموظفين لدى حكومة الاقليم وإيماناً منها بالمقولة المشهورة «كيفما يكون الموظفون تكون الدولة»، نتمنى لها النجاح والسيولة النقدية للتنفيذ وبشكل عام أخذ نفقات رواتب الموظفين من الميزانية ٤٩,٨٪أي نصف الموازنة الجارية لهذا العام، وهذا ما يبين ضخامة عدد الموظفين و الهيئات التدريسية والتعليمية في الجهاز الحكومي علماً بأن الرواتب مقننة، ولهذه الاسباب أعلاه الواردة قلة الواردات من جهة وضخامة نفقات رواتب الشهداء ومعوقي البيشمه ركه الابطال بأن نسبة العجز تصل الى ٣٣٪ ، مما تضطر وزارة المالية والاقتصاد بإيقاف صرف فصل معين أو مواد معينة وتمويل حساب الوزارات والادارات وفق الموارد المتاحة والسيولة النقدية وحسب الاهمية. وبعد سلسلة من الاجتماعات المركزة من قبل جميع أعضاء لجنتنا إبتداءً من ٣٠/١٢/٢٠٠٠ لتدقيق محتويات الموازنات لعام ٢٠٠١ بكافة أبوابها وأقسامها وفصولها و موادها وأنواعها وجدنا بأنها خالية من الاخطاء الحسابية الجمعية، وهذا موضع أفتخار وأعتزاز للوزارة وأرتياح للجنتنا، ولكن لاحظنا التباين في نسبة المخصصات بين الوزارات، فمخصصات شرطة الكهرباء نسبتها ٤٠٠٪من راتبهم وكذلك نسبة مخصصات موظفي شبكات الكهرباء بحدود ٣٥٠٪من رواتبهم، علماً بأنه في وزارة الاعمار والتنمية فأن نسبة المخصصات والمكافئات لا تتجاوز ١٤٥٪ من رواتبهم ، نجد ضرورة ان يكون هناك حداً لنسبة المخصصات لا تتجاوزها أي وزارة، وإذا أجرينا المقارنة بين أبواب الموازنة الجارية الاعتيادية بين الوزارات

نجد بأن وزارة المالية والاقتصاد قد أعطت الاولوية مشكورةً للجانب التربوي والتعليمي في الاقليم، ونظراً لضخامة عدد التلاميذ والطلبة ولأهمية تربية الجيل وتعليمها أخذت وزارة التربية بحدود ١٧٪ من الموازنة الجارية لحكومة الاقليم ماعدا المبالغ والتخصيصات للجامعات والمعاهد الفنية، وهذا دليلٌ على سياسة الكابينة الرابعة لحكومة الاقليم من الاهتمام بالجانب التربوي والتعليمي في الاقليم، واذ تؤيد لجنتنا هذه السياسة المالية والموازنة الجارية لعام ٢٠٠١ وكذلك الموازنة الممولة ذاتياً لعام ٢٠٠١ نجد ضرورة إجراء التغيرات في البنود المدرجة أدناه في الموازنة الجارية:

توصي لجنتنا بإجراء التغييرات في الموازنة الاعتيادية الجارية لعام ٢٠٠١ وبالشكل التالي:

١-الباب(١٤)وزارة المالية والاقتصاد- القسم(٣)المديرية العامة للمالية-
الفصل السادس - المادة(٠٨)المنح للبلديات:

٢- الباب(٩)وزارة الثقافة - القسم(٤)المديرية العامة للثقافة والفنون
الفصل الثاني- مادة(٣٢)تعضيد البحوث العلمية والترجمة والتأليف.

٣- الباب(٦)وزارة الداخلية - القسم(١)ديوان الوزارة
الفصل(٣) المادة(٥)الملابس.

٤- الباب(١٦)وزارة الصناعة والطاقة - القسم(٣)مديريات شرطة الكهرباء
الفصل الاول المادة(٩)مخصصات الموظفين.

وقد أدرج ذلك في جدول التغيرات المرفق طياً. أما الموازنة الممولة ذاتياً فليس للجنتنا ملاحظات بشأنها نرجوا تفادي الخسارة.

ميزانية الخطة

أما بالنسبة لموازنة الخطة لعام ٢٠٠١ فلم تصلنا لحد الان، فقد تم مفاتحة رئاسة مجلس الوزراء بكتابكم المرقم «٨٣٤» في ٣١/١٢/٢٠٠٠ نظراً لوجود عجز بنسبة ٣٣٪ في الموازنة الجارية الاعتيادية لذا لا نجد الضرورة لموازنة الخطة حيث من المعتاد مالياً بان الموازنة توضع وتقرر وتنفذ عند توفر الامكانيات وبعد تنفيذ الموازنة الجارية وليس الحكومات التي تعاني خزائنها من العجز الذي لا يمكن تجاوزه كما هناك مشاريع بدأت في عام ٢٠٠٠ وتكملتها كافية لهذه السنة، كما أنه من الضروري أن تقوم كافة الوزارات بتقديم مشاريعها وخططها للتنفيذ ضمن قرار ٩٨٦ وهذه فرصة لوزارات الاقليم للاستفادة القصوى من القرار الاعلاه، ورفع العبء عن خزينة الاقليم ومع هذا عند وصولها الينا فسوف ندرسها دراسة تامة ونقارنها بمشاريع قرار ٩٨٦ ونبدي توصيتنا بشأنها. توصيات لجنتنا. ولمحاولة سد العجز الموجود في الموازنة أو تقليله توصي لجنتنا بالاقتراحات التالية:

١ـ ان تسيطر وزارة المالية والاقتصاد على كافة النقاط الگمركية سيطرة تامة وان تتعاون وزارة الداخلية ووزارة شؤون البيشمرگة لمنع التهريب او التهرب من دفع الرسوم الگمركية وان يتم محاسبة المخالفين محاسبة شديدة.

٢- تشكيل مديرية عامة للكمارك في وزارة المالية والاقتصاد لتزيد من فعاليات الكمارك ونشاطاتها.

٣- ان يكون منتسبي الدوائر الضريبية من الاكفاء وذوي السمعة الجيدة وان يتم ابعاد ومحاسبة المخالفين.

٤- ان تتم جباية الرسوم في كافة الوزارات بشكل جيد وحسب الوصولات الرسمية المعمول بها في وزارة المالية والاقتصاد ومحاسبة الدائرة التي تستخدم وصولات غير رسمية وغير معمول بها في وزارة المالية والاقتصاد واتخاذ الاجراءات القانونية بحق تلك الدائرة.

٥- عدم التصرف بأية نسبة من الواردات مهما تكن.

٦- ان تتعاون كافة الوزارات لاستحصال الديون الحكومية.

٧- ان تسيطر البلديات ووزارة الاوقاف على املاكها وان يكون اسلوب المزايدة العلنية السليمة متبعاً في معاملات الايجار والبيع في كافة الوزارات وان تتم الموافقة على ذلك من قبل المحافظ كل في محافظته على كل معاملة بيع او ايجار حكومي قبل تصديقها من قبل الوزارة المعنية.

٨- ان تكون هناك لجان سرية في كل محافظة، لمتابعة كافة المزايدات ومعاملات الايجار والبيع والتعاقد الحكومية اضافة الى اللجان العلنية.

٩- تسجيل كافة الاموال المصادرة ايراداً نهائياً لوزارة المالية والاقتصاد وادخالها في السجلات المختصة دون التصرف بها بأمور غير قانونية.

١٠- محاربة الاحتكار وتشجيع التجارة الحرة خدمة للاقتصاد الحر والخزينة.

١١- فسح المجال امام المواطنين وخاصة التجار والاقتصاديين والمحاسبين لتسجيل الشركات وعدم حصرها على المحامين.

١٢- ان تكون الشركات التجارية حرة في الاستفادة من المحامين او عدم الاستفادة منهم.

١٣- ان يحق للموظف الحقوقي بتمثيل وزارته في المرافعات لدى المحاكم اسوة بالحكومة المركزية.

١٤- تشغيل كافة المعامل والمصانع باقصى طاقاتها الانتاجية التي فيها الجدوى الاقتصادية التي تعاني من الخسارة وايجاد وسيلة للتوازن وتلافي الخسارة.

١٥- استغلال الاراضي الزراعية زراعة حديثة مقننة.

١٦- التخطيط والمحاولة الجادة من قبل كافة الوزارات للاستفادة من قرار (٩٨٦) وتنفيذ غالبية المشاريع الخدمية والاعمارية وكذلك الصحية والتربوية بموجبها.

١٧- المتابعة والمراقبة والتفتيش المستمر لحسابات الوزارات.

١٨- تنفيذ المشاريع عن طريق التنفيذ المباشر قدر الامكان وفي حالة توفر الامكانية تفضلها على المقاولين.

١٩ـ صرف رواتب المتقاعدين قبل الانتفاضة بموجب قرار رقم (٣٢) لعام ١٩٩٤ الصادر من البرلمان الموقر.

نرجو التفضل عرضه على السادة اعضاء البرلمان في اقرب جلسة لمناقشتها و اقرارها

مع فائق الشكر و التقدير

المرفقات /

١ـ جدول التغيرات /١جدول

٢ـ خلاصة موازنة الجارية حسب الابواب والاقسام /١٧ جدول

٣ـ الموازنة الممول ذاتيا/١جدول

٤ـ جدول ارادات الحكومة/١جدول

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بۆ زیاتر ڕووناكی خستنە سەر ئەندامانی لێژنەی دارایی ئەم بەڕێزانەن

١ـ برهان جاف، ٢ـ بطرس سخريا ، ٣-جەمیل عەبدی، ٤ـ محەمەد ئەمین مەولود، ٥ـ شەفیق ئەمین محەمەد، ٦ـحەمید سەلیم میران، ٧ـ شەفیقە فەفێ عبدالله

زۆر سوپاسی سەرۆكی لێژنەی دارایی و ئابوری دەكەین

لێرەدا دانیشتنەكەمان دوادەخەین بۆ سەعات ٣ی دوای نیوەڕۆ، بەو ئومێدەی ئەندامان و نوێنەرانی حكومەت پشوێك بدەن . سوپاس

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بۆ گفتوگۆ كردن لەسەر ڕاپۆرتی لێژنەی دارایی و ئابووری ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستانی عێراق داوا لە سێ ئەندامی لێژنەی دارایی و ئابوری دەكەین بفەرمونە سەر سەكۆ

لە دانیشتنی پێش نیوەڕۆ ڕاپۆرتی لێژنەی دارایی و ئابوری ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستانی عێراق خوێندرایەوە، ئێستا گفتوگۆی لەسەر دەكەین ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە تكایە دەستیان بەرز بكەنەوە، بەڕێز فرەنسۆ هەریری فەرمو

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن،**

ڕاستە هەموو ئەندامێكی پەرلەمان بۆی هەیە تێبینی خۆی لەسەر بوجە نیشان بدات، بەلام بە شێوەیەكی گشتی ئیش و كاری لێژنەی داراییە،لێژنەی دارایی و ئابوری زۆر بە وردی و بە ڕێك و پێكی هەر چۆن جەنابی وەزیری دارایی ڕاپۆرتێكی تێر و تەسەل و دور و درێژ و بە وردی ، ئەوانیش بە هەمان شێوە تێبینیەكانی خۆیان پێشكەش كرد، پێم وایە پێویست ناكات ئێمە زیاتر لەسەری بڕۆین من تێبینیم نیبە تەنها پشگیری ڕاپۆرتی لێژنەی دارایی دەكەین ،

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عەبدولخالق زەنگەنە فەرمو.

**بەڕێز عـەبدولخـالق مـحـەمـەد ڕەشـیـد زەنگەنە:**

**بـەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

ئەم کۆبونەوەیە کۆبونەوەیەکی زۆر گرنگە و گفتوگۆی بوجە هەر ئەوە نییە پشگیری تێبینەیەکانی لێژنەی دارایی بکەین ، کە من کۆکم لە گەڵیاندا ،هەر وەها دەبێ گفتوگۆی سیاسەتی دارایی لە کوردستاندا بکرێ، جا ئەگەر سەرۆکی ئەنجومەن و سەرۆکی کوتلە بوارم بدەن من هەندێ قسەم هەیە ،

**بـەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

چەند قسەت هەیە؟

**بەڕێز عـەبدولخـالق مـحـەمـەد ڕەشـیـد زەنگەنە:**

لە سنوری چارەگە سەعاتێک. سەرەتا زۆر سوپاسی سەرۆک وەزیران و جێگرەکەی و وەزیری دارایی دەکەم بۆ ئەو ڕاپۆرتە دور و درێژەیان ، لە ڕاستیدا زۆر خۆشحالم بەو تەفاصیلانەی کە پێشکەشیان کردوە، دوای سێ ساڵ کە ئێمە گفتوگۆی بوجە ناکەین ئەوە ئەم ساڵ دەتوانم بڵێم لە سەدەی تازە هیمەتێکی زۆر باشە سەبارەت بە ئەنجومەنی وەزیران هەروەها سەبارەت بە پەرلەمانیش کە لە دانیشتنێکی نائاسایی بکرێ. من لەگەڵ ئەو نەهج و سیاسەت وثوابتەم کە لە بوجەکە هاتوە ،و زۆر بە توجوهێکی ڕاست و دروستی دەزانم ، ڕاستە ئێمە تقالیدێکی زۆرمان نییە لە گفتوگۆ کردنی بوجە، لەوانەیە لە ولاتانی تر گفتوگۆی بوجە گرنگ ترین شتە ژیانی و ولاتەکە، لە بریتانیا وەزیری خەزینە یەکەمین وەزیرە کە مافی هەیە بە ڕەهایی لەوانەیە شەش حەوت سەعات ببات کاتێ بوجەکەی پێشکەش دەکات، لەبەر ئەوە من لەگەڵ گشت ئەو جهودەم کە پێشکەش کراوە، لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێ تێبینیم هەیە پێم خۆشە بیخەمە ڕوو، یەکێکیان لەوانە کە زۆر پێویستە لەکوردستان بابەتی شەفافیەت لە مسائلی دارایی ببێتە بنچینە لە داناو سەرف کردن و لە چاودێریش بە تایبەتی دوای ئەوەی کە دیوانی چاودێری دارایی پێک هێندرا کە بە هەنگاوێکی گرنی دەزانم لە ژیانی کوردستان ،ڕاستە زۆر ژمارەی بوجەکە بەرەو خزمەتی گەڵە بەس پێم خۆشە ترکیز زیاتر بکرێتە سەر باری ژیانی میللەت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ،ئەویش بەرای من لە ڕێگای زەبت کردنی داهاتەکانی کوردستانە وەک چۆن لە ڕاپۆرتی لێژنەی دارایی و ئابوری دا هاتوە، من پشگیری هەموو ئەو تەوصیاتانەی لێژنەی دارایی دەکەم ، پێم خۆشە ئەنجومەنی وەزیران و وەزیری دارایی فکرێک لەو دینارە سویسریە بکرێتەوە کە بە کاریان دەهێنین ، کە بەشێکی زۆری بەرەو استهلاک دەڕوا من خۆم لەو ڕاتبەی کە وەری دەگرین سی یان چل دینار فرێ دەدەم لەبەر ئەوەی ژمارەی هەندێکیان تاکە و تاکە و هەندێکیشی دراوە و هەندێکیشی نیوەی ڕۆیشتووە، لەبەر ئەوە باشە ئەو بابەتە بە گرنگی وەربگیرێ لەلایەنی بەرپرسانەوە، پێم خۆشە زیاتر رسوم و باج زەبت بکرێ، کە سەرچاوەیەکی سەرەکیە لە بوجەکەمان ،بیر لەوە بکرێتەوە کە دەخلی هەر هاولاتیەک هەر فەرمانبەرێک بگونجێ لەگەڵ تکالیفی ژیان لە

ولاتەکاماندا، کە زۆر جیاوازی هەیە، فەرمانبەرێک کە ٣٠٠ دینار وەربگرێ من نازانم چۆن دەتوانێ بژی بەتایبەتی ئەگەر کرێی خانووشی لەسەر بێت، لەبەر ئەوە یەکێ لە ئەرکەکانی رسمی سیاسەتی دارایی ئەوەیە کە هاوسەنگیەک هەبێ لە نێوان دەخل و تکالیفی ژیان ، پێم خۆشە چاوێک بخشێندرێتەوە بە نزمترین رادەی کە زۆر زۆر کەمە بە تایبەتی سەبارەت بە دەرچوانی زانکۆ کە بە (١٣٥) دینار دادەمەزرین ، تاکو رێگا لەو بەهرانە بگرین تاکو دەرنەچنە دەرەوەی ولات ، پێم خۆشە خەرجی لە شوێنی خۆی بکرێت ، ئەوە ماوەیەکی زۆرە ئێمە پارەیەکی زۆر خەرج دەکەین لە بواری بنایات و بنیاد نان و کرینی سەیارات ، کە هەندێکی ئەوەندە پێشکەوتووە کە لەگەڵ باری ژیانی کۆمەڵەکەمان ناگونجێ ، بەراستی میللەت باری ئەوەنییە کە ئێمە ئەو جۆرە سەیارانەمان هەبێ،پێم خۆشە بیرێکی جدی بکرێتەوە لە نرخی یەکەی کارەبایی ، فەرمانبەر ناتوانێ یەکێ مانگانە ١٥٠ دینار بدات بۆ سێ ئەمپێر ، هەروەها سەبارەت بە تەلەفۆناتەوە دەبێ بنەمایەک هەبێ بۆ ئەم بابەتە ئەویش بە دیاری کردنی پێویستیەکان لە گازوایل بۆ مولیدەکان کە ئێستا جەنابی وەزیری پیشەسازی یەک دوو جار دووپاتی کردەوە کە ئێستا بارمان چاکترە ، پێم خۆشە رادەیەک دابندرێ بۆ ئەو زیاد خەرج کردنەی کە دەکرێ لە کوردستاندا بەراستی هەدرێکی زۆر هەیە من کە ئەو قسانە دەکەم بروام وایە بلاو ناکرێتەو بۆ میللەت لەبەر ئەوەی بۆ مزایەدە نییە، هەدرێکی زۆر لە کوردستان هەیە، و پارەیەکی زۆر خەرج دەکرێ کە لە جێگایی خۆی نییە و پێویستیش نییە یەکێ لەو شتانەی کە تاکیدی لەسەر دەکەم سەبر رۆیشتنێکی زۆرمان هەیە لە جێ بەجێ کردنی بریارەکان ، ئەویش کار دەکاتە سەر لایەنی داراییمان لەبەر ئەوەی هەر معامەلەیەک هەر شتێ ماوەیەکی زۆری بەسەر دا چوو پارەیەکی زۆری دەوێ،پێم خۆشە رادەیەک دابندرێ بۆ ئەو خەرجیە زۆرەی کە دەکرێ لە بۆنە و ئاهەنگەکاندا کە خەڵکێکی زۆر قسەی لێوە دەکات لە ناو میللەت، ئەگەر لەمەو پێش پێویست بووبێ ئەوە لەمەو دوا پێویست نییە،لەبەر ئەوەی گشتمان قەناعەتمان هەیە کە ئابووری کوردستان ، ئابووریەکی سەربەخۆیە پێم خۆشە بەرپرسانی حزبی و عەسکەری دەست نەخەنە ناو کاروباری دارایی لە کوردستان هەروەها لە بارەی مقاوەلات هەروەها لە بابەتی زیاد کردن کە سەرمادەدارانمان لەو بارەیەوە ترسیان هەیە، لەبەر ئەوەی ناتوانن منافەسەی ئەوان بکەن ئەوەش بە رای من زەرەرێکی گەورەیە بۆ ئێمە کە ئەو سەرمایەدارانە پارەکانیان لە پرۆژەکاندا دانەنێن،پێم خۆشە خانەنشینان بەتایبەتی و ئەوانەی لە ناو حکومەتی ناوەندی موچە وەردەگرن ئاورێکیان لێ بدرێتەوە ،راستە وەزیری دارایی دەڵێ لە سنوری ئەوەندە کەسە یارمەتیمان پێشکەش بە خانەوادەکانیان کردوە دوایی مردنیان ، بە راستی ئەو خانەنشینانە بە جدی پێویستیان بەوەیە کە ئاوریان لێ بدرێتەوە، ئەگەر نەش توانین راتبیشیان بۆ ببرێنینەوە ساڵی چوارجار منحەیەکیان پێبدەین بە بڕی ٥٠٠ دینار ، بۆ ئەوەی لەو بارە نالەبارە رزگاریان بێ بە تایبەتی هەندێکیان ناساخ بن و پێویستیان پێی بێت بۆ چارەسەر کردن و زۆر شت. هەروەها سەبارەت بە خانەوادەی سەهیدان کە ئاماژەشی

بۆ کرا کە بەراستی ٢٥٠ دینار بە راستی پارە نییە سەبارەت بە خێزانێک ئەگەر منداڵی هەبێ منداڵی شەهید کە خۆیان بە کوشت دا بۆ ئەو بارەی کە ئێمە ئێستا تێیدا دەژین .

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عبدالخالق سێ دەقەت ماوە.

**بەرێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

منیش هەر ئەوەندەم ماوە،هەروەها سەبارەت بە خێزانی ئەنفال کراوەکان و دەرکراوەکان بە تایبەتی ئەوەی کە رژێمی عێراقی دەری دەکات لەسەر ماڵ و حاڵی خۆی ، پێم خۆشە بابەتی بانکەکان زیاتر گرنگی پێ بدرێت و قازانجیش لەسەر پارەکەی بە شێوەیەکی وا باش بێت کە سەرمایەدارەکانمان بتوانن پارەکانیان لە بانکەکان دابنێن یەکێ لەو شتانەی کە دوپاتی دەکەمەوە بابەتی خاتر و ختور بە جدی دەبێ رابگیرێ لە کوردستان ، لە کۆتایی قسەکانم زۆر سوپاس بۆ ئەو راپۆرتە زۆر سوپاس بۆ ئەو جهدە داوا دەکەم بە باشی سود لە بریاری ٩٨٦ بۆ بنیادنانەوەی کوردستان لەبەر ئەوەی ئەو بریارە لەوانەیە بەردەوام نەبێ و فرسەتێکی باشە بۆ ئێمە، سوپاس

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەلامەکەی بەجێ دێڵین بۆ وەزیری دارایی و ئەنجومەنی وەزیران هەریەکەو بە پێی تایبەتمەندی خۆی ، د. ناصح غەفور فەرمو.

**بەرێز ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن،**

من دوو تێبینی بچوکم هەیە لەسەر ناوەرۆکی ئەو راپۆرتەی کە لیژنەی دارایی پێشکەشیان کرد،

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ تێبینی ئێمە هێشتان گفتوگۆی بوجە ناکەین ئێمە گفتوگۆی راپۆرتی لیژنەی دارایی دەکەین ئەوەتان لا معلوم بێت.

**بەرێز ناسح غەفور رەمەزان:**

لە لاپەرە دوودا دەڵێ (و بشکل عام اخذت تفقات و رواتب الموظفين من الميزانية ٤٩,٠٨٪) هەر خۆیان لە کۆتاییدا دەڵێن (اي نصف الميزانية)من وای بۆ دەچم کە ئەوە دەقیق نییە نابێ وا بگوترێ، مادام ژمارەکەیان گوتوە پێویست ناکات بگوترێ نصف الميزانیە.

دەربارەی پەروەردە (بحدود ١٧ ٪) خۆی حەقدە نییە (١٦,٠٨) ، ئەگەر مەبەستی پەروەردەو خوێندنی بالا بێت، لەبەر ئەوەی لێرە باسی خوێندن دەکات ئەگەر هەردوکیان بێت ئەوە بە هەردوکیان ٢٢ ٪ لەبەر ئەوەی ٦ ٪ هی خوێندنە و ئەوەی تر هی پەروەردەیە

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەرێز کاکەرەش فەرمو.

**بەڕێز کاکەرەش محەممەد نەقشبەندی :**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێژنەی دارایی بە ڕێک و پێکی گفتوگۆی بوجەی کردوەو زۆر شتیی لە جێگای خۆیەتی، بەلام حەز دەکەم شتێک بڵێم بەنسبەت ئەندامانی پەلەمان دوو ملیار و کەسر دینار بۆ نەفەقات داندراوە ، بڕی خەملێندراو ملیارێک و چوارسەدە و ٨٠٪ خەملاندنەکەش نادیارە کە پەیوەستە بە لایەنی یاساسی و زۆر شتی تر حەز ناکەم وا بیر بکەینەوە کە نەفەقات بەو شێوەیە بێت لەبەر ئەوەی تا ئیستا بڕی داندراو لەگەڵ بڕی خەملێندراو، چۆن ئێستا ئێمە داوا بکەین کە نەفەقاتی تر بخرێتە سەر بوجە، زیاتر عەجز پەیدا بێت، خۆی ملیارێکمان عەجز هەیە، ئەو ملیارەکەی تریشی هەر عەجزە لەبەر ئەوەی نادیارە، لە چوارچێوەی بوجە بە مواردی نادیار حساب دەکرێ واتا ٢٠٪ دیارە ئەویش کرێی دادگاکان و شتی ترە ، بۆیە لەبەر ئەوە دەبێ بۆچونی ئیمە بەم شێویە بێت کە بیر لە زیادەی نەفەقات نەکەینەوە داوا لە حکومەت بکەین کە نەفەقاتەکانی خۆی بێنێتە خوارەوە تاکو نزیک بیبێتەوە لە بڕی خەملێندراو، نەک زیادی بکەن ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک شێروان

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشگیری راپۆرتی لیژنەی دارایی دەکەم وەکو راپۆرت ،لەبەر ئەوەی ئەگەر لە میزانیەی عجزێکی وا هەبێ ، راپۆرتەکە زۆر لە جێگای خۆیەتی کە ئەو جۆرە بۆ چونەی هەبێ،تێبینینم لەسەر ئەو توصیاتەیە کە لیژنەی دارایی پێشکەشی کردوە تاکو عەجزەکە پر بکاتەوە لە بوجە ئەو توصیاتانە زۆربەی زۆری لە جێگای خۆی نییە هەر بۆ نمونە بڕگەی ١٢ و ١٣ کە دەڵی(ان تکون الشرکات التجاریه حره فی الاستفاده من المحامین اوعدم الاستفاده منهم.)و١٣(ان یحق للموظف الحقوقی بتمثیل وزارته فی المرافعات لدیٰ المحاکم اسوه بالحکومه المرکزیه.)

سەبارەت بە برگەی ١٢ لە دوو یاسادا هاتووە یاسای شرکات و یاسای محامات ،ملزمە کە مشاوری یاسایی بۆ خۆی دابنێ تاکو ڕێنونی کۆمپانیاکە بکات لە رووی یاساییەوە ، لەوانەیە اقامەی داوای لەسەر دەکرێ لەوانەشە داوا لەسەر خەڵک بەرز دەکاتەوە ، ئەم برگەیە بەپێی یاسا کە لە دوو یاسادا هاتووە نەگونجاوە ،مادده سێزدەش فەرمانبەری حقوقی مافی هەیە نوێنەرایەتی وەزارەتەکەی بکات بۆ دعاوی تا سنوری ١٠ هەزار دینار هەر وەکو حکومەتی ناوندی بۆیە داوا دەکەم برگەی ١٢ و ١٣ لەو توصیاتانە لابدرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینیەکمان لەسەر قسەکانی کاک عبدالخالق بۆ هاتووە،کاک عبدالخالق سەرۆکی لێژنەی مافی مرۆڤ و سکالاکانە پێویست وابوو بەناوی لێژنەکەیان راپۆرتێکیان پێشکەش بە لێژنەی دارایی

بکردایە لەبارەی تێبینیەکانیان، بە پێی برگە(٢) لە ماددەی (٨٢)ی پێرەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ،بەلام لێژنەی مافی مرۆڤ کە سەرۆکەکەی کاک عبدالخالقە هیچ شتێکی پێشکەشی لێژنەی دارایی نەکردوەو لەبەر ئەوە لێژنەی دارایی ئاگاداری تێبینیەکانی نەبوو ئەگەر نا رەچاوی دەکرد لە توصیاتەکانیاندا، هەرچەندە ئەندامی پەرلەمان ئازادە دەتوانێ رای خۆی بە تەواوی سەربەستی بدات و تەجاوزی کاتی دیاری کراوی خۆی نەکات، ئێمە سوپاسی کاک عبدالخالق دەکەین کە تەجاوزی کاتی خۆی نەکرد ،لێژنەی دارایی ئەگەر وەلامتان هەیە. جەنابی وەزیری دارایی هەروەزیرێکیش هەرکاتێ ویستییان دەستی بەرز بکاتەوە دەتوانێ قسە بکات.

**بەرێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەموو بۆچونەکانی کاک عبدالخالق زەنگەنە جێگای رێز و تقدیری ئێمەیە، بەلام ئێمە دەبێ تەماشاکەین بزانین چی لە خەزێنەدا هەیە، ئەگەر لە خەزێنەی حکومەت توانای دارایی هەبا من لەو قەناعەتەدام کە وەزیری دارایش درێغی نەدەکرد ،پرسیاری سیاسەتی دارایی کرد، سیاسەتی دارایی چییە؟ سیاسەتی دارایی کابینەی چوارەم یەکەم شت پەرەپێدانی پەروەردەو فێرکردنە لەبەر ئەوە ١٧ ٪ی بوجەکەی وەرگرتووە، یەکەم وەزارەت وەزارەتی پەروەردەیە هی وەزارەتی دارایی حساب ناکرێ لەبەر ئەوەی پاداشتی حزبەکانی لەسەرە، شارەوانیەکانی لەسەرە منیحەی کۆمەڵە و رێکخراوەکانی لەسەرە، بۆیە یەکەم وەزارەت وەزارەتی پەروەردەو فێر کردنە،پاش ئەوە بابەتی ئەمن ئاسایش لە وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی پێشمەرگە ،لەبەر ئەوەی دەبێ ئەمن ئاسایشیش بەرقەرار بێت و دەبێ پێشمەرگەیەکی ئازاش هەبێ بەرگری لە هەرێم بکات،خاڵی سێیەم کە دوپاتمان کردۆتەوە و لە راپۆرتەکەش هەیە و بەرێز وەزیری داراییش فەرمووی نیوەی بوجە هی مووجەیە، ئەوە دەبێ حکومەت بیدات و ناتوانێ ئەولویەت بداتە شتێکی تر موقەنەنەیە خۆ دەبێ حکومەت قەرزیش بکات دەبێ بیدات،دەربارەی دیناری سویسری دڕاو ئەوە گرفتێکی ترە پەیوەندی بە بوجەوە نییە.دەبێ لە شوێنی تر لە دانیشتنی تر باسی بکرێ لە خارجی بوجە ،دەربارەی موچە جەنابی فەرموی کە دەرچوی زانکۆ بە ١٣٠ دادەمەزرێن، نەخێر بە موچەی ١٤٨دینار دادەمەزرێن سی دینارەکەی جاری یەکەمیشی هەیە و لە راپۆرتی ئێمەو جەنابی وەزیریش باسی کرد کە زیادەی پەرلمان داخل کراوە و ئێستا لەو دانیشتنە سەدا سەد تصدیق دەبێ چی دەمێنێ؟ ئەوە دەمێنێ کە لە توانای خەزینەدا هەیە یان نا سیولەی نەقدی هەیە یان نا. دەربارەی تێبینی ناصح غەفور کە فەرمووی دقیق نییە کە گوتمان ٤٩,٠٨ دەرچوانی بەشی زانستی دەی زانن ١٧,٠ کاتێ نزیکی دەکەینەوە دەبێ عوشری نەهێلی دەبێ ژمارەی تەواو بخوێنی ئەگەر ٤٩,٠٤ دەماخوێندەوە بە ٤٩ ئەگەر لە نیوەی تێپەر بوو ئەوە بە یەک دەخوێندرێ بۆیە ئەوەی وەزارەتی پەروەردە ١٦,٠٨ کراوە بە ١٦,١

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو ناڵێ تقریبی ناڵێ نصف المزانیه،جیاوازی زۆره له نێوان تقریبی و نصف المیزانیه

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز کاکەرەش فەرمووی عەجز ٣٣٪ لەبەر ئەوە ئێمە وەکو لیژنەی دارایی هیچ بڕێکمان زیاد نەکردوە،بە پێچەوانە ١٤ ملیۆنمان دابەزاندوە لەوانەشە شتێکی پێویستیش بێت، لەبەر ئەوەی خۆمان دەزانین عەجز هەیە.یان لە زۆر جێگادا هەیە لەوانەیە زۆر پێویستیش بێت بەلام ئێمە زیادمان نەکردوە. کاک شێروان باسی توصیاتی لیژنەکەمانی کرد کە لەگەڵ بڕگەی دوازدەدا نییە کە دەڵێ(ان تکون الشرکات التجاریه حره فی الاستفاده من المحامین او عدم الاستفاده منهم.) سەربەستی کۆمپانیا شتێکی زۆر گرنگە و دەبێ سەربەستی دارایی پێ بدرێ، ئەندامی ژووری بازرگانی کە بازرگانێکی بەرزە و بە ملیون دینار شت دێنێ بۆ ئەم ولاتە و پارە دەدات بە خەزێنە مافی ئەوەی نەبێ کۆمپانیایەک داوا بکات تاکو پارێزەرێک بۆ تۆمار دەکات و پارەی دەداتێ، ئەوە لە کێ بووە لە هیچ شوێنێک دنیا نەبووە ، لە سالانی ٥٨ و ٥٩ کاتی مەوجەی شوعیەت لە عێراق داخیلیان کرد تاکو سەرمایەداری پەرە نەستێنێ ، ئێستا ئێمە بازاری سەربەستمان هەیە لە بواری بازاری سەربەست دەبێ بوار فراوان بێت یان بۆ محاسبین و مدقیقین ئەندامی سەندیکای محاسبین و مدقیقنە بۆ مافی نەبێ؟ بۆ تەنها پارێزەر ئەو مافەی هەبێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک جەمیل دەقەیەک.مەبەستی بڕگەی یازدە نییە، مەبەستی دوازدەیە ئەو لەگەڵ□یازدەدا کۆکە گرفتی نییە، مەبەستی دوازدەیە کە کۆمپانیا بازرگانیەکان سەربەست بن لە سوود وەرگرتن لە پارێزەران یان سود وەرنەگرتنیان. واتا بۆ پێشکەش کردنی حساباتی کۆتاییان یان بەرگری کردن لێیان لە بەردەم دادگا لەکاتی دعوادا، مەبەستیان ئەوەیە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە گوتومانە کۆمپانیا سەربەست بێت پێویستی بێت پێویستی دەیهێنێ پێویستی نەبێ نایهێنێ،و ئەگەر پێویستی بە محاسبی یاسایییە بۆ حساباتی کۆتاییە دەیهێنێ ئەگەر نەیەوێ نایهێنێت ، خاڵی دووەمی کاک شێروان زۆر موعتەرض بوو، بڕگەی ١٣، ئەو یاسای پارێزەرانەی کە لێرە لە پەرلەمان دەرچووە جێگای داخە زۆر لایەنگیرە (منحازه) لە یاسای بەغدا هەیە کە دە هەزار دینار هەقی هەبێت کە هی ئەوکاتە دەیکرد (٣١)هەزار دۆلار واتا لە سنووری (٦٠٠) هەزار دیناری ئیستا واتا موظفی حقوقی عێراقی هەقی نیو ملیۆن زیاتری هەبوو ئێستاش ئەو مافەی هەیە، کاتی خۆی هی ئێمە برادەرانی لیژنەی یاسا چونکە هەموویان مافپەروەرن بەشێوەیەکی وایان دانا

ئەوەی لە مسوەدەکەش هاتبوو لە یاساکەدا نەنووسرا راستە شتێکی یاسایی پرۆژەیەک لەنێوان وەزارەتی دارایی و لیژنەی ئابووری پرۆژەیەک پێشکەش دەکات ئەم خاڵانە هەموار دەکات، چونکە ئێمە زۆر هەمواركردنمان کردووە ئەو خاڵانە دەبێت ئێمە هەمواری بکەین بۆ بازرگانی سەربەست و کاریگەری لەسەر گەنجینە ئیستا بۆ کاک شێروان حەیدەری باسی دەکەم.
مانگانە لە سنووری سێ هەزار (٣٠٠٠) دینار یان چوار هەزار (٤٠٠٠) دینار هەر کۆمپانیایەک دەبێت بیداتە پارێزەر ئەگەر مورافەعەش هەبێت ئەو پەیوەندی بەو برە پارەیە نییە چونکە ئەو مووچەیە دەبێت بۆ مورافەعە پارەی تر وەربگرێت لە کوردستان (١٥٠٠) کۆمپانیا هەیە ئەگەر بە موعەدەلی بۆ هەر یەکێک مانگانە سنووری (٣٠٠٠) دینار بێت ئەوە هەر لە کۆمپانیاکان (٤٠)هەزار وەردەگیرێت، جگە لە مورافەعات ئیشمان پێ نییە. کۆی ساڵانەی دەکات شەست ملیۆن دینار لە قازانجی کۆمپانیاکان دەچێت بەبێ رەوایی بۆ پارێزەران ئەم شەست ملیۆنە رادەی یاسایی هەیە کاتی داهات یان قازانجی کۆمپانیایەک ئەگەر لە پەنجا هەزار یان سەد هەزار تێپەڕ بوو نیوەی مووچەکەی دەچێتە باجی داهات (ضریبە الدخل) بەم شێوەیە بەم شێوەیە لەم شەست ملیۆنە سی ملیۆنی هی ضریبەی دەخلە ئەمەش ضربەیە بۆ گەنجیەی هەرێم بەم شێوەیە ئێمە ناتوانین مووچەی پەککەوتووەکان و خانەنیشینانی دەرەوەی هەرێم بدەین و زیانێکی زۆریش لە بازرگانی و ئازادی بازرگانیش دەدات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاک یۆنادەم فەرمو.

**بەڕێز یۆنادەم یوسف کەنا/ وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەرچەندە وەزیر مافی نییە قسە بکات، بەڵام من وەکو پەرلەمانتارێک و وەک وەزیریش چونکە راپۆرتەکە قسەی کردووە کە پەیوەندیی بە پیشەسازییەوەش هەیە.
دەست خۆشی لە لیژنەی دارایی دەکەم دیراسەیەکی باشیان کردووە، بەڵام لە راپۆرتەکە خاڵێک هەیە دەڵێت (٣٣٪) عەجزە، بەڵام لە تەوسیات برگە (١٩) دەڵێت (صرف رواتب المتقاعدين قبل الانتفاضة) ئەمە دیسان نەفەقات لەوانەیە بە (٢٠٪ـ ٢٥٪) زیاد دەکات، ئەگەر ئێمە جدی بین خۆزگە برگە (١٩) هەر نەمێنێت باشترە.
تێبینی دووەم دەربارەی برگە (٥)ـە دەڵێت (عدم التصرف باية نسبة من الواردات مهما تكن) وەزارەتی دارایی سیاسەتی خۆی هەیە هەروەها وەزارەتەکانی پیشەسازی و ناوخۆ هەندێک لە موحەفیزاتی بەرهەمی پێ دەگوترێت کە خەڵک کار بکات و زیاتر ئیش بکەن وەزارەتی ناوخۆ رێنمایی دەردەکات ((١٠٪ـ ١٥٪) لەو سەرپێچییانەی هاتوچۆ وەکو موکافەئە سەرف دەکات بۆ پۆلیسەکان و ئەفسەرەکان ئەگەر ئەو موحەفیزاتە سەرف نەکات لەوانەیە یەک ملیۆن کۆبکەنەوە بەڵام ئەگەر سەرفی بکات لەوانەیە (٥) ملیۆن کۆبکەنەوە لێرە ئێمە قازانج دەکەین، هەم دەبێتە

هۆی ئەوەی مووچەی پۆلیسەکە زیاد ببێت هەروەکو خۆشتان باس دەکەن کە مووچەمان (مقننه) با ئەو ڕێژەیەی وەزیری ناوخۆ دیاری کردووە بۆ پۆلیسەکان با سەرفی بکات بەڵام بەپێی ڕێساو یاسا بێت.هەروەها وەزارەتی دارایی بۆ گومرگەکان و وەزارەتی ئێمە بۆ بەرهەمێنەرەکانی خۆمان. لەبەرئەمە بڕگە (٥) ئەگەر یاسایی نەبێت زۆر ڕاستە بەڵام هەندێک موحەفیزات هەیە لە بەرژەوەندی گەنجینەی حکومەتە لەمەش دارایی لەگەڵ ئێمەدا کۆکە.

بڕگەیەکی تر کە پەیوەندیی بە کارگەکانەوە هەیە دەڵێت: (تشغيل كافة المعامل والمصانع باقصى طاقاتها الانتاجية التي فيها الجدوى الاقتصادية التي تعاني من الخسارة او ايجاد وسيلة لتلافي الخسارة)، ئەمە زۆر قسەیەکی دەقیقە، بەڵام ڕاستییەک هەیە دەمەوێ لێرەدا ڕوونی بکەمەوە وابزانم کەسیش نییە لێرەدا ئەم ڕاستییە نەزانێ سیاسەتی تەشغیلی حکومەتمان لە ساڵی ١٩٩٢ەوە تا ئێستا سیاسییە نەک تەشغیلیە بۆ (بەرهەم و قازانج و زیان) هەر ئەوەیە ئیستعابی خەڵکێکی بێ کار ئیشیان پێ بدرێت ئیستا من لە وەزارەتی پیشەسازی (١٥٠٠) کرێکاری زیادمان هەیە لە هەمان کات (٢٠٠ ـ ٣٠٠) کەمی لە کادیری فەنییمان هەیە من نەدەتوانم فەنییەکان دابمەزرێنم نە دەتوانم قوتار بم لە زیادەکان، چونکە ئێستا سیاسەتەکە وایە لە قۆناغەکی ئینتقالی داین، لەبەر هۆی ئابووری و لە بەهەر هۆی نائارامی ئەمنی و ئابووری ناچارە حکومەتی هەرێم بەرگەی ئەم شتانە بگرێت، بەڵام ئەمە مانای نییە ئێمە چارەسەری خۆمان نەکەین ئێستا بەرەو چارەسەرکردن دەڕۆین، ئێستا ئاراستەی وەزارەت بەرەو قازانجە زۆر زۆر باشترین لە ساڵانی ١٩٩٨ و ١٩٩٩ئێستا بەرەو ئەوە دەچین، بەڵام دیسان زۆر کۆسپمان هەیە ئێمە ناتوانین یاسای (ربح و خساره و انتاجيه) جێبەجێ بکەین، چونکە دامەزراندنەکانمان لەسەر بنەمایەکی سیاسیەی لەسەر بنەمای (احتواء البطاله)یە یان لە هەموو وەزارەتەکان (بطاله مقننه)مان هەیە نەک تەنیا لە وەزارەتی پیشەسازی.

دیسان دەڵێم ڕاپۆرتەکە زۆر تێروتەسەل بوو تەنیا پێشنیار دەکەم بڕگە (٩) لابدرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەبەستت لە (بطالة مقننة) (بطالة مقنعة)یە؟

**بەڕێز یۆنادەم یوسف کەنا/وەزیری پیشەسازی و وزە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ مەبەستم (بطالة مقنعة)یە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس. کاک شێروان فەرمو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەدواداچوونێکم هەیە لەسەر قسەکانی کاک جەمیل. ئێمە کە لێرەدا یاسای پارێزەرانمان

پەسند کرد کاک جەمیل و لیژنەی دارایی یەکێک لەوانە بوو کە ئەو یاسایەیان پەسند کرد، ئەوە یەک.
دوو، دووبارە دووپاتی دەکەمەوە بابەتی (موظف حقوقی) لە وەزارەتەکان ئێستا دەعاوی دەبینن و برا وەزیرەکان لێرەنەو هەموویان شایەدن هەتا دە هەزار دینار فەرمانبەری حقوقی ئێستاش ئامادە دەبێت راستە لە یاسای تازە دەقمان نەهێناوە، بەڵام یاسای کۆنیش لەغو نەبووە حاکمەکان دەگەڕێنەوە سەر یاسای کۆن ئەو بڕگەیە رەچاو دەکرێ موظفی حقوقیش ئامادە دەبێت و بەرگری لە دائیرەکەی دەکات هەتا سنووری (١٠) هەزار دینار، ئەگەر هاتوو بڕی دەعوایەکە لە (١٠) هەزار دینار زیاتر بوو ئەو کاتە پارێزەر تەوکیل دەکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەرای من گفتوگۆیەکی تەواو کرا لەسەر راپۆرتی لیژنەی دارایی چونکە تەنازول لەرای خۆی ناکات بۆئەوەی تر لە ئەنجام تەنیا دەنگدان رای راست دەدات لە بابەتەکە، بۆیە ئێستا راپۆرتی لیژنەی دارایی و ئابووری دەخەینە دەنگدانەوە.
تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە راپۆرتی دارایی و ئابووری پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە؟..
زۆر سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی پەسندی ناکەن تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە.. (٧) بەڕێز پەسندی ناکەن زۆربەی پەسندی دەکەن بۆیە راپۆرتەکە بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا.
بەڕێزان لەبیریشتان نەچێت ئەو خاڵانە هەمووی تەوسیاتن حکومەت پابەند نییە پێیان ئەگەر کران دەیکات و ئەگەر گونجاو نەبوون نایکەن.
ئێستا گفتوگۆمان تەواو کرد لەسەر راپۆرتی لیژنەی دارایی و راپۆرتەکەیان وەرگیرا.
ئێستا ئەوە دەخەینە دەنگدانەوە کە کاتی ئەوە هاتووە گفتوگۆی بوودجە دەست پێ بکەین تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە پەسندی ئەوە دەکەن گفتوگۆی بوودجەی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠٠١ دەست بکەین بە گفتوگۆ کردنی دەستیان بەرز بکەنەوە.. زۆر سوپاس.. ئەو کەسانەی کە پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە.. بە گشتی دەنگ پەسند کرا کە دەست بکەین بە گفتوگۆ کردنی بوودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠٠١.
کاکەرەش فەرمو.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

با گفتوگۆکردنەکە لەسەر بنەمای بابەکان بێت نەک مادده بە مادده بخوێنرێتەوە، چونکە لەسەر بنەمای باب یانی لەسەر بنەمای وەزارەت واتا هەر وەزارەتێک نوێنەرایەتی بابێک دەکات با برادەران لەسەر ئەو ئەساسە گفتوگۆ بکەن کە ئەو وەزارەتە ئەوەندەی بۆ دانراوە چونکە کاتی خۆی بە وردەکاری پێیدا دەڕۆیشتین بە وردەکاریش پێویست نییە چونکە ئەوان باشتر دەزانن لە ئێمە ئینجا بەرای من ئەوە بدەینە دەنگدان کە باب باب ئیشەکە بڕوات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ماددەی (٨٦)ی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق دەڵێت: (یبدأ المجلس في مناقشة النفقات اولاً ثم ینتقل الی موازنة الواردات ثم یشرع في إقرار قانون الموازنة). ئەمەش (المادة ٨٥ـ بعد ختام المناقشة في التقریر بوجه عام یصوت المجلس علی شروع بمناقشة الموازنة. هەروەها ماددەی ٨٧ دەڵێت: (تطرح اللجنة اقسام الموازنة لمناقشة اقسامها قسماً قسماً والاقتراع علی بنودها بنداً بنداً).

دەبێت بەش بەش گفتوگۆ بكرێت و بخرێتە دەنگدانەوە ئێمە لە سەرۆكایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی رامان وایە ئەگەر بەند بەندیش نەیكەین گفتوگۆی ئەو بەندانە بكەین كە جیاوازی تێدایە واتا رای لیژنەو بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان گفتوگۆی راپۆرتی وەزیری داراییشیان كردو گفتوگۆی رای لیژنەی داراییشیان كردو لیژنەكانیش هەموو بوودجەیان لابوو داواكرا بوو نووسراو ئاراستەی لیژنەی دارایی بكەن ئەو لیژنانەی كردوویانە كردوویانە ئەوانەی نەیانكردووە مانای وایە زمنیەن رازین بەرای ئێمە رای زۆرینەی ئەندامانی بەڕێزی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان لای لیژنەی دارایی كۆبۆتەوە ئەو تەرحی كردووە لە راپۆرتەكەدا بەو چاوە سەیری بابەتەكە بكرێت، بۆیە ئێستا ئێمە بەش بەش دەستی پێ دەكەین.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بابی یەكەم دەست پێ دەكەین كە بابی ژمارە (٢)ە سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران و بەشەكانی پێی بەستراوە دەگرێتەوە.

ئەگەر یەك ژمارەم خوێندەوە واتە رای لیژنەی دارایی و وەزارەتی دارایی یەكە.

دیوان رئاسة مجلس الوزراء ٠٠٠ ٥٩٠ ٥٧

رئاسة جامعة صلاح الدین ٠٠٠ ٦٤٨ ٨٠

رئاسة جامعة دهۆك ٠٠٠ ٠٣١ ٢٩

المعهد الفني في اربیل ٠٠٠ ٨٦٣ ٨

المعهد الفني في دهوك ٠٠٠ ٠٢٥ ٥

دوائر الاحصاء في الاقلیم ٠٠٠ ٢٩٩ ١

دائرة القبول المركزي ٠٠٠ ٤٧٦ ١

رئاسة هیئة المعاهد الفنیة/ اربیل ٠٠٠ ٣٤٨ ١

مطبعة جامعة صلاح الدین ٠٠٠ ٦٣١ ٥

مؤسسة الشهید ٠٠٠ ٦٢٨ ٩٣

المعهد الفني في شقلاوة ٠٠٠ ٠٦٤ ٤

مدیریات المختبرات الانشائیة ٠٠٠ ٢٦٦ ٣

المعهد الفني في عقرة ٠٠٠ ٠٦٤ ١
المجموع للباب (٢)/ ٠٠٠ ٩٣٣ ٢٩٢
رای لیژنەی دارایی و وەزارەتی دارایی یەکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەم بابە؟. د. رزگار فەرمو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیم هەیە لەسەر بوودجەی زانکۆی دهۆک (٢٩) ملیۆنی بۆ دانراوە واتا چاریەکی بوودجەی زانکۆی هەولێر لەگەڵ ئەوەی زانکۆی دهۆک زانکۆیەکی تازەیەو بەرەو فراوان کردن دەچێت زیاتر پێویستی بە دەرماڵەو پارە هەیە بۆ خەرجییەکانی، بۆیە من ئەو بڕەی بۆی تەرخان کراوە بەکەمی دەزانم جا ئەگەر روونکردنەوەیەک هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

روونکردنەوە ئاسانە ژمارەی کارمەندان و قوتابیانی زانکۆی هەولێر زۆر زیاترە لە ژمارەی کارمەندانی زانکۆی دهۆک ژمارەی زیاد لە بوودجەکەدا لە مووچە هاتووە لێرە ناتوانرێ مووچە کەم بکرێتەوەو لەوێ زیاد بکرێت، چونکە مووچە چەسپاوە، لەبەرئەوە ژمارەکە وا دەرچووە.

بەڕێز د. ناسح فەرمو.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەو بودجەیەی بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دانراوە جێی تەقدیرە بەتایبەتی کە (٠٠٠ ١٥٠ ١٣٧) دەچێت بۆ خوێندنی باڵا جگە لەوەش (٩٣) ملیۆنی دەچێت بۆ شەهیدان بۆ خۆیان تەنها (٥٧) ملیۆن دەمێنێتەوە، لەبەرئەوە من بەشتێکی باشی دەزانم جێی تەقدیرە، بەڵام بەنیسبەت کۆڕی زانیاری کوردستان و دەزگای چاودێری دارایی بوودجەی ئەوان بۆ ٢٠٠١ لە کوێیە؟، چونکە لە بوودجەی ساڵی ٢٠٠١ هیچ باسی کۆڕی زانیاری کورد و دەزگای چاودێری دارایی نەکراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەزگای چاودێری دارایی بوودجەی تایبەتی خۆی هەیە کە دامەزرا بوودجەی تایبەتی خۆی پێشکەش دەکات و ئەو پەیوەندی بە بوودجەوە نییە.

دووەم کۆڕی زانیاری کورد من تەسەور دەکەم سەر بە دیوانی ئەنجومەنی وەزیران بێت.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەوێ دیاری نەکراوە من نەمبینی داوای لێبووردن دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز وەزیری دارایی ئەگەر وەڵامی هەیە فەرمو.

**بەڕێز سەرکیس ئاغاجان/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە وەزارەتی دارایی و ئابووریەوە مەبلەغێک وەکو یەدەگی گشتی هەمانە هەر کاتێ کە کۆڕی زانیاری کورد دادەمەزرێت تا ئەو کاتەی کە بوودجەیەکی تایبەتی بۆ دادەنرێت یان وەزارەتیکی تر دادەمەزرێ ئێمە سوود لەو یەدەگە وەردەگرین بۆ دابین کردنی لەوێوە سوود وەردەگرین لێی ئەوجا کۆڕی زانیاری کوردستان لەو یەدەگەوە سوود وەردەگرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ وەزیری دارایی.

ئینجا تکایە سەرۆکی لیژنەی دارایی بەش بەش بیخاتە روو بۆئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی ئەو مەبلەغەی هاتووە تەرخان کردن بۆ زانکۆی دهۆک بیست و نۆ ملیۆن و سی و یەک هەزار زانکۆی دهۆک بەخۆی سی و سێ ملیۆن نۆسەدو سی هەزاری داناوە واتا ژمارەکان زۆر نزیکن لەیەکتر یانی زانکۆی دهۆک زۆر رەچاو کراوە وەکو جەنابیشت فەرمووت زانکۆی سەلاحەدین ژمارەی کادیران و قوتابیانی زۆر زۆرە لەبەرئەوە ژمارەی زانکۆی دهۆک زۆر باشە لەبەرئەوە ئێمە هیچ گلەییمان لەسەر نییە.

دەربارەی کۆڕی زانیاری بەڕێزتان فەرمووتان گرێدراوە بە دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران. وەکو گەلێک شتی تریش گرێدراوە بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران (مديرية العامة للتخطيط، مديرية العامة للديوان والمالية، مساعدات الكنائس المسيحية)، ئێمە گوتمان باب باب دەڕۆین ئەگەر ماددە بە ماددە بوایە دەبێت زۆر پێدابچین.

دەربارەی دیوانی چاودێری دارایی کەی دامەزرا (١٪)ی بوودجەی حەقی وەزیری داراییە دایبنێت بۆ ئەو دەزگایانەی کە نوێ دەکرێنەوە، جا چ چاودێری دارایی بێت یان شوێنێکی تر بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک فرەنسۆ فەرمو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پرسیارانەی کە دەکرێن یەکێک لە وەزیرەکان وەڵام دەداتەوە دەبڕێتەوە ئەوەی کاک جەمیل ئێستا وەڵامی دەداتەوە جەنابیشت وەڵامت دابوو وەزیری داراییش لەبەرئەوە پێویست ناکات جارێکی تر دووبارە بکرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو لە ئاماژەکەی من تێ نەگەیشت من گوتم بەشەکان بخوێنەوە بۆئەوەی بیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیوان رئاسه مجلس الوزراء ۰۰۰ ۵۹۰ ۵۷.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەوسیەی لیژنەی دارایی چییە؟.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەمان رامان هەیە، ئەگەر من یەک ژمارەم خوێندەوە واتا هەمان رامان هەیە لەگەڵ وەزارەتی دارایی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی کە بەشی یەکەمی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران پەسند دەکەن تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە.. زۆر سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە.. بە گشتی دەنگ بەشی یەکەم وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

رئاسة جامعة صلاح الدين ۰۰۰ ٦٤٨ ۸۰

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم بەشی دووەم پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە.. زۆر سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە.. بە گشتی دەنگ بەشی دووەمیش وەرگیرا.

ئیستاش بەشی سێیەم.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

رئاسة جامعة دهوك ۰۰۰ ۰۳۱ ۲۹

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم بەشی سێیەم پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە.. زۆر سوپاس.. تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە.. بە گشتی دەنگ ئەویش وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

المعهد الفني في اربيل ۰۰۰ ۸٦۳ ۸

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر راتان لەسەرە لەبەر ئەوەی دانیشتنەکە ئیستسنائییە ئەو بابەی کە گۆڕانکاری تێدا نییە ئێمە هەموو بابەکە بە جارێک بخەینە دەنگدانەوە ئەگەر رازین لەسەر ئەوە هەموو بابەتەکە

بەیەکجار دەخەینە دەنگدانەوە، تەنیا ئەو بابەی گۆڕانکاری بەسەردادێت گۆڕانکارییەکان گفتوگۆ دەکەین.

ئەگەر ئەو رایە پەسند دەکەن تکایە دەستتان بەرز بکەنەوە.. زۆر سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە.. هەموو پەرلەمان لەسەر ئەوە رازین ئەویش لەبەرئەوەی دانیشتنەکە ئیستسنائییەو کاتیش کورت بکەینەوە.. زۆر سوپاس.

کەواتە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بەیەکجار بخنە دەنگدانەوە.

فەرمو بیخوێنەوە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

مجموع الباب/ ٢٩٢ ٩٣٣ ٠٠٠

رای لیژنەی ئێمە هەمان ژمارەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە بودجەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بەو شێوەیەی خوێندرایەوە پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە.. زۆر سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە.. بە گشتی دەنگ وەرگیرا لە ئەنجومەنی وەزیران تەنیا یەک وەزیر رازی نییە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بابی سێیەم وەزارەتی پەروەردەیە:

دیوان الوزارة ٩ ٦٤٩ ٠٠٠

المديريات العامة للتربية ٣٤٩ ١٠٧ ٠٠٠

مطبعة الوزارة ٣ ٦١٤ ٠٠٠

المعاهد ودور اعداد المعلمين ١٥ ١٠٦ ٠٠٠

مجموع الباب/ ٣٧٧ ٤٧٦ ٠٠٠

لیژنەکەمان هیچ تێبینی نییەو پشتگیری لە مەبلەغی وەزارەتی دارایی دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی هەیە؟ دیارە نییە.

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە بابی سێیەم بەو شێوەی خوێندرایەوە پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە.. زۆر سوپاس.. تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە.. بە گشتی دەنگ بابی سێیەم وەرگیرا.

بابی چوارەم بخوێننەوە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

بابی چوارەم وەزارەتی ئەشغال و ئیسکانە.

ديوان الوزارة ۰۰۰ ۹۲۷ ۳

مديريات الاشغال ۰۰۰ ۱٦۹ ۲۱

مديريات الطرق ۰۰۰ ۸۲٤ ۲۹

مجموع الباب ۰۰۰ ۹۲۰ ٥٤

لیژنەی ئابووری پشتگیری لە مەبلەغی وەزارەتی دارایی و ئابووری دەکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی هەیە؟ دیارە نییە.

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە بابی چوارەم بەو شێوەی خوێندرایەوە پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە.. زۆر سوپاس.. تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە.. بە گشتی دەنگ بابی چوارەم پەسند کرا.

بابی پێنجەم بخوێننەوە.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

بابی پێنجەم وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری

ديوان الوزارة ۰۰۰ ۱۸۹ ۳

المديرية العامة للزراعة في اربيل ۰۰۰ ٥۲۸ ۱۸

المديرية العامة للزراعة في دهۆك ۰۰۰ ۹۳٥ ۸

مديرية التبوغ ۰۰۰ ۷۹۳ ۲

شركات حفر الآبار ۰۰۰ ۱۲٥ ٦

المديرية العامة للري والسدود ۰۰۰ ٥۱٤ ۱۰

المديرية العامة للبيطرة والثروة الحيوانية ۰۰۰ ٥۹۳ ۱۰

المديرية العامة للخدمات الزراعية ۰۰۰ ٥۰۲ ۱

مركز البحوث في اربيل ۰۰۰ ۲٥٦ ۱

مجموع الباب/ ۰۰۰ ٤۳٥ ٦۳

لیژنەی ئابووری پشتگیری لەهەمان مەبلەغی وەزارەتی دارایی و بابووری دەکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی هەیە؟ دیارە نییە، دەرگای پێنجەم دەخەینە دەنگدانەوە.

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە دەرگای پێنجەم بەو شێوەی خوێندرایەوە پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە.. زۆر سوپاس.. تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە.. بە گشتی دەنگ بابی پێنجەم وەرگیرا.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

بابی شەش وەزارەتی ناوخۆ:

ديوان الوزارة ٠٠٠ ٨٨٤ ٢٤

المبلغ الذي توصي به لجنتا ٠٠٠ ٨٨٤ ٢٢

الادارة العامة للمحافظات ٠٠٠ ٤٤٥ ١٣

المديرية العامة للادارة المحلية ٠٠٠ ٦٦٨ ٤

المديرية العامة للآسايش ٠٠٠ ٩٩١ ٦١

المديرية العامة للجنسية ٠٠٠ ١٤٤ ٥

المديرية العامة للشرطة ٠٠٠ ٨٦٢ ١٤٠

كلية الشرطة ٠٠٠ ١٠٦ ٩

كۆی بابی شەشەم ٠٠٠ ١٠٠ ٢٦٠

کۆی ئەو مەبلغەی کە لیژنەی ئابووری بڕیاری لەسەر داوە ٠٠٠ ١٠٠ ٢٥٨

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە روونی بکەنەوە بۆچی ئەو پێشنیارەتان کردووە کە فەسڵی یەکەمیان کەم بکەنەوە؟. کاک جەمیل فەرمو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی بودجەی وەزارەتی ناوخۆ بودجەیەکی زۆر رێکوپێکە و هیچ هەڵەی تێدا نییەو بودجەی ئەوانیش زۆر ساکارە بەڵام لەبەرئەوەی عەجز هەیە لە دیوانی وەزارەتدا لە فەسڵی سێیەم مادده (٥) جلوبەرگ (١٠) ملیۆن بووە ئێمە تەوسیەمان کردووە ببێتە (٨) ملیۆن لەبەرئەوەی عەجز هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز وەزیری دارایی فەرمو.

**بەڕێز سەرکیس ئاغاجان/وەزیری دارایی وئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە وەزارەتی ناوخۆ لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان لە فەسڵی ٣ ماددەی (٥) مەبلەغی (١٠) ملیۆن دینار دانراوە بۆ کڕینی جلوبەرگ بۆ پۆلیس و ئاسایش و کارمەندانی وەزارەتی ناوخۆ ئەوەی کە پێویستە ساڵانە دوو دەست جلوبەرگ بۆ هەر کارمەندێکی پۆلیس و ئاسایش بکڕین واتا جلوبەرگی زستانەو جلوبەرگی هاوینە بەو مەبلەغەی (١٠) ملیۆن کە ئێمە پێشنیارمان کردووەو بەو میلاکەی کە پۆلیس و ئاسایش هەیەتی لە جەداولی میلاکاتی بەشەکەیان دا هاتووە تەنانەت بەشی یەک جلوبەرگ بە خورتی دەکات چونکە ئەگەر قەمسەلەو جلوبەرگ حساب بکەین هەتا لە کارگەی نەسجیش دابین بکەین لە سنووری (٧٠٠) دینار تەکلیف دەکات بۆ هەر کەسێک هەرچەندە لە خلالی ساڵی ٢٠٠٠ ئێمە تەنیا پێنج ملیۆن و پێنج سەد هەزارمان بۆ ئەو مەبەستە سەرف کردووە، تەنیا ویستم ئەو روونکردنەوەیە بدەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڕێز کاک فرەنسۆ فەرمو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من لێرە لەگەڵ لیژنەی دارایی نیم چونکە ئەو بڕینەی کە کردوویەتی لە موستەزعەفینی کردووە لە جلی پۆلیسی هەژاری کردووە، لەبەرئەوە من لەگەڵ رای وەزارەتی داراییم بۆیە حەزدەکەم لیژنەی داراییش چاوێکی پیدا بخشێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک فرەنسۆ ئێرە پەرلەمانە لق نییە.

بەڕێز وەزیری ناوخۆ فەرمو.

**بەڕێز فازڵ میران/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی من وەکو وەزیری ناوخۆ هیچ گرفتێکم نییە بە کەمی پەرلەمانیش ئیدارە دەکەم بەوەی وەزارەتی ناوخۆش پێشنیاری کردووە، چونکە شوێنەکەی من وا دەخوازێت کە من پشتگیری بڕیارەکانی حکومەت بم لەوانەیە بەشێوەیەکی تر، بەلام ئەوەی راستی بێت ئێمە تا ئێستا وەکو حکومەتی هەرێم ئەگەر بوودجەیەکمان شکاند بێت دیسان وەک کاک فرەنسۆ گوتی لەسەر حسابی موستەزعەفین بووە ئێمە وەکو حکومەت پابەندین کە تەئمینی کسوەو قیافە بۆ هێزی ناوخۆی حکومەتی کوردستان بکەین ئەگەر بەپێی ئوسوڵ و یاسای مەرعی بێت دەبێت ئێمە قاتی هاوینە دوو قاتیان بۆ بکەین و زستانەش دوو قاتیان بۆ بکەین دوو ساڵ جارێک دەبێت قەمسەلەی زستانەیان بۆ بکڕین (ڕێن کۆت)ی بارانیش+ پێداویستەکانی تر وەک (پۆستاڵ، بێریە، نیتاق، دەست کێش بۆ پۆلیسی هاتووچۆ) ئەمانە هەمووی ئێمە چەند ساڵە یەک دەستمان بۆ کردوونە لە جیاتی ئەوەی چوار دەستیان بۆبکەین لەبەرئەوە من داوای زیادەکە ناکەم ئێمە هەر بڕیاری پەرلەمان جێبەجێ دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

یانی رازی لەسەر ئەو شکاندنە؟.

کاک جەمیل فەرمو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کاتێک ئێمە ئەو دوو ملیۆنەمان دابەزاند ئێمە سەیری ساڵی رابردوومان کرد کە (٥) ملیۆن بوو (٥و٥)ملیۆن خەرج کرابوو دوای ئەو روونکردنەوەیەی وەزیری ناوخۆ مادام وەزارەتی دارایی لەگەڵ ئەو ژمارەیەیە پێشنیارەکەی ئیمە لەبەر مەسەلەی عەجز بوو ئێمە لاریمان نییە هەروەکو پێشوو بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئینجا بەراستی ئەمە لەجێی خۆیەتی، چونکە ئەو دابەزینە لە لاوازەکان دەکرێت، حەق بوو لە بابێکی تر بکرابایە کە زیاد بوایە ئەمە راست بوو، بەڵام ئەگەر لە پۆلیسەکان کەم بکرێتەوە کە لە شەقامەکان وەستاون و ئیشوکارەکان دەکەن لەوانە ببڕن تۆزێک ئیشکالی تێدایە.

کاک بورهان فەرمو.

**بەڕێز بورهان جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری قسەکانی کاک جەمیل دەکەم و برای بەڕێز کاک سەرکیس ئەو وەزیری پەیوەندیدارە ئەگەر مۆڵەتمان پێ بدەن برایانم لە ئەندامانی لیژنەی دارایی ئەگەر ئەوانیش پشتگیرمان بکەم ئێمە تەوسیەکەمان دەکشێنینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای سەرۆکی لیژنە دەخوات کە ئاماژەیان پێ کرد لاریان نییە، لەبەرئەوە ژمارە سەرەکییەکان وەکو ئەوەی هاتووە لە بودجەی هەرێمداو وەزارەتی دارایی پێشکەشی کردووە دەیخەینە دەنگدانەوە.

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە دەرگای شەشەم پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە.. زۆر سوپاس..

ئەو بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە.. بە گشتی دەنگ بودجەی وەزارەتی ناوخۆ بەو شێوەیە پەسند کرا کە وەزارەتی دارایی و ئابووری پێشکەشی کردبوو واتە ٢٦٠ ١٠٠ ٠٠٠ دینار.

ئێستا دێینە سەر بودجەی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

دیوان الوزارة: ٣٠٨٥ ٠٠٠

الهيئة العامة للسياحة والمصايف ٢٢٥٦ ٠٠٠

المديرية العامة للبلديات ٤٥٩٧ ٠٠٠

المديرية العامة للماء والمجاري ٤٢ ١٤٢ ٠٠٠

المديرية العامة للتخطيط العمراني ٢ ٦٢٦ ٠٠٠

المديرية العامة للدفاع المدني ١٥ ٧٠٥ ٠٠٠

کۆی بابی حەوتەم دەکاتە: ٧٠ ٤١١ ٠٠٠

لیژنەی ئابووری پشتگیری لە وەزارەتی دارایی دەکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە؟. دیارە نییە.

بودجەی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە دەیخەینە دەنگدانەوە.

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە پەسندی دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە.. زۆر سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە.. بە گشتی دەنگ وەرگیرا. بودجەی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن تکایە.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بابی (٨)

١ـ ديوان الوزارة ٠٠٠ ١٠٨ ٤

٢ـ مديريات البريد والاتصالات ٠٠٠ ٦٦٦ ٢٠

کۆی بابی هەشتەم: ٠٠٠ ٧٧٤ ٢٤

لیژنەی ئابووری پشتگیری لە مەبلەغی وەزارەتی دارایی دەکات.

هی} تێبینی هەیە؟. دیارە تێبینی نییە.

بودجەی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن دەخەینە دەنگدانەوە.

داوا لەو بەڕێزانە دەکەم پەسندی دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە.. زۆر سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی کە پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە.. بە گشتی دەنگ بودجەی وەزارەتی گواستننەوەو گەیاندن وەرگیرا.

دێینە سەر بودجەی وەزارەتی رۆشنبیری.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بابی نۆیەم وەزارەتی رۆشنبیرییە.

١ـ ديوان الوزارة ٠٠٠ ٨٦٨ ٣

٢ـ دار الطباعة ٠٠٠ ٢١٠ ٣

٣ـ المديرية العامة للإعلام ٠٠٠ ٥٢٩ ٤

٤ـ الثقافة والفنون ٠٠٠ ٠٤٦ ١٦، بەڵام لە فەسڵی دووەم ماددەی (٣٢)تێبینیمان هەیە لەوێ هاتووە (تعضيد البحوث والترجمە والتأليف المدون ٢ مليون دينار) لیژنەکەمان تەوسیە دەکات (١) بەسە چونکە عجز هەیە وەزارەت دەتوانێت سوود لە زۆر شتی تر وەربگرێت ئەو مەبلەغە کافیە لە جیاتی ٠٠٠ ٠٤٦ ١٦دەبێتە ٠٠٠ ٠٤٦ ١٥دینار.

٥ـ الرياضة والشباب ٠٠٠ ٣٤٠ ١٢.

٦ـ المديرية العامة للآثار ٠٠٠ ٠٣٧ ٤.

کۆی گشتی لە وەزارەت هاتووە ٠٠٠ ٠٣٠ ٤٤، لە رای لیژنەی دارایی دەکاتە ٠٠٠ ٠٣٠ ٤٣ دینار. تەنیا لیژنەکەمان لە بەشی چوارەم تێبینیمان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێش ئەوەی تێبینی بکرێت، لە راستیدا یەکێک لە ئەرکە هەرە سەرەکییەکانی وەزارەتی

رۆشنبیری بحوث و ترجمەو کتێبە من تەسەورم دەکرد لەوەدا هانیان بدەین ئەگەر بە گشتی زیاتر هانیان نەدەین چونکە لەوانەیە میزانییەکەیان کەمە لەچاو هەموو میزانییەکانی تر.

د. ناسح فەرمو.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێموایە وەزارەتی رۆشنبیری غەدری لێ کراوە بەپێچەوانەوە وەزارەتی رۆشنبیری لەساڵی رابردوودا رۆڵی خۆی نواند و هەندێک چالاکی نواند کەسەری ئێمەی پێ بەرز کردتۆتەوە لە کوردستان لە جیاتی ئەوەی بێین هاوکاریان بکەین و بودجەیان بۆ زیاد بکەین بەداخەوە لە جیاتی ئەوە ملیۆنێکیان لێ کەم دەکرێتەوە ئەوەی لەرای لیژنەی دارایی هاتووە جیاوازییەکە ٨٣٥ ٧٥٠ ١٥دینارە من ئومێدەوارم ئەوەی خۆیان پێشنیاریان کردووە ئەوەی وەزارەتی رۆشنبیری پێشنیاری کردووە ئەوە دابنرێت ئەمەش مانای ئەوەیە ئێمە پشتگیریان دەکەین و هاوکارییان دەکەین و رێنماییان دەکەین بۆئەوەی زیاتر چالاکی بنوێنن، چونکە ئەو چالاکییەی کە نواندیان جێی تەقدیر و هەموو سەربەرزی میللەتی کوردە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک فرەنسۆ فەرمو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەلای منەوە ئەوەی وەزارەتی دارایی دەستنیشانی کردووە بۆ وەزارەتی رۆشنبیری و راگەیاندن زۆر زۆر کەمە و زۆر زوڵمی لێ کراوە ئێمە ئەگەر ئێستاش نەتوانین ئەگەر ئەنجومەنی وەزیران و حکومەت ئێستاش نەتوانن دەبێت بەڵێن بدەن لە داهاتوو ئەو مەبلەغەی کە بۆیان زیاد بکرێت بەلای کەمی (١٥ـ ٢٠) ملیۆن دینار زیاد بکرێت بۆیان. وەزارەتی رۆشنبیری وەزارەتێکی گرنگە نابێت لە وەزارەتە گرنگەکان کەمتری بۆ دیاری بکرێ لەبەرئەوە ئەو مەبلغەی کە ئێستا بریار دراوە لێیان کەم بکرێتەوە دەبێت جەنابی وەزیری دارایی و ئەنجومەنی وەزیران بەڵێنیان پێ بدەن کە لە داهاتوو بۆیان قەرەبوو دەکەنەوەو بۆیان زیاد دەکەن نەک لێیان کەم بکەنەوە، ئێمە لەگەڵ لیژنەی دارایی نین کە لێیان کەم بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز وەزیری دارایی و ئابوری و دارایی فەرمو.

**بەڕێز سەرکیس ئاغاجان مامەندۆ/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەمەوێ روونکردنەوەیەک بدەم بۆ برادەران ئێمە هەموو جارێک لە گفتوگۆی بودجە وەزارەتی پەیوەندار ئامادە دەبێت هەردوولا گفتوگۆ دەکەین لەو برگەیەش ئێمە لەگەڵ ئەوە بووین

مـەبلەغـەكـان كـەم بكـەينەوە، بەڵام ئەو بڕكـەيەی كـە ئيـسـتـا هاتووەو ليژنەی دارايی و ئابووری دەيخـوێنێتـەوە ئەو مەبلەغـانەيە كـە وەزارەت خۆی ئيـتفـاقی كردووە لەگـەڵمان و رازی بووە كـە ئەو مـەبلەغـە بۆی بچەسـپێت، واتـا وەزارەتی رۆشنبـيـری خـۆی رازی بووە لەسـەر ئەو مـەبلـغـە بۆيە مەبلەغی موتەفيق بووە ئەگەر نا مەبلەغی ئێمە بەرای ئێمـە كەمتريشـمـان دەكرد بەس هەردوو لا رێككەوتووين و وەزارەتيش رازی بووە لەسـەر رەزامـەندی وەزارەتی رۆشـنبـيـريش ئەم مـەبلـغـە چەسپاوە، ئێمە هەردوو لا رێككەوتين لەسەر ئەو مەبلەغەو هەموو مەبالغەكانی تريش كە ليژنەی دارايی دەيانخـوێنێتـەوە، ئێمـە وا حسابمان كردووە كە ٤٠ كـتاب لە ميانی سـاڵێك هەر كـتـابێك ( ٥٠ ) هەزار دينار دەكاتە دوو مليۆن، زۆر سوپاس.

**بـەڕێـز سـەرۆكـی ئـەنجـومـەن:**

سوپاس بۆ وەزيری دارايی. وەزيری رۆشنبيری فەرمو.

**بەڕێز فـەلەكـەدين كـاكـەيی/ وەزير رۆشـنبـيـری:**

**بـەڕێـز سـەرۆكـی ئـەنجـومـەن.**

لەگەڵ سوپاس بۆ هەموو هەڤاڵان من بە گەرمی پشتگيری لە تێبينييەكانی كاك فرەنسۆ هەريری دەكەم بێگومان وەكو كاك سەركيس گوتی راستە ئەو مەبلغە بە رێككەوتنی وەزارەتی رۆشنبيری بووە لەگـەڵ وەزارەتی دارايی بێگومـان ئەگـەر زياديش بكرێت دەسـتی مـەرحـەمـەت كـەس رەتی ناكاتەوە ئێمە دڵنياشين سەرۆكايەتی ئەنجومەنی وەزيران و وەزيرەكانی تر هەميشە پشتيوانيان لە وەزارەتی رۆشنبيری كردووە جگە لەوەش وەكو كاك فرەنسۆ وتی جگە لەوەی دادەنرێت لە بواری تردا قـەرەبوو دەكـرێينەوە، چونكە هەندێ چالاكی وەزارەتی رۆشنبـيـری هەيە تەنيـا بە بوودجـەی وەزارەتی رۆشنبيری نابێت بەڵكو وەزارەتەكان بەشێوەيەكی تر يارمەتييـان داوين، نەقلە، ئوتێلە، سەرۆكايەتی ئەنجومـەنی وەزيران زۆر يارمـەتييـان داوين لە زۆر چالاكييـدا ئومێدەوارين ئەوەش بەردەوام بێت، سوپاس.

**بـەڕێـز سـەرۆكـی ئـەنجـومـەن:**

سوپاسی بەڕێز كاك فرەنسۆ دەكەين. هيچ تێبينی تر هەيە، كاك رەجەب فەرمو.

**بـەڕێـز رەجـەب شـەعـبـان تـەيب:**

**بـەڕێـز سـەرۆكـی ئـەنجـومـەن.**

ئێمـە پێويسـتـە هانی وەزارەتی رۆشنبيـری بدەين، چونكە ئەمڕۆ ئێمـە پێويستـمـان بە زانست و پسـپـۆڕی دەرەوەين و كـتـێبـەكـانيـان وەربگێـردرێن و خـەڵك هان بدەن بۆ زانست و زانيـاری، سوپاس.

**بـەڕێـز سـەرۆكـی ئـەنجـومـەن:**

سوپاس. بەڕێز وەزيری ناوخۆ فەرمو.

**بەڕێز فـــازڵ مـــیـــران/ وەزیری نـاوخـــۆ:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومــــــەن.**

من ئەندامی پەرلەمان نیم، بەڵام ئەندامی حکومەتم دەسەڵاتی جێبەجێ کردن کە دادەنیشێ لەگەڵ وەزارەتی پەیوەندار بوودجەکان پێشکەش دەکات و گلاڵەی دەکەنەوە بە هەردوو لا ئیمکانیاتی دارایی حکومەتی هەرێم لەبەرچاو دەگرن، لەبەرئەوە ئێمە یەک حکومەت ویەک پەرلەمانین و یەک میللەتین هەموومان زۆربەی وارداتی ئێمە وەکو کاکەرەش فەرموی (واردات غیر منظورە)یەو هی دووەم ئەم بودجەیەی کە پەسند بکرێت بەو برەی کە وەزارەت پێشنیاری دەکات، یان ئەوەی پەرلەمان پەسندی دەکات دووبارە سێ چوار قفلی لەسەر هەیە یەکێک لەو قفلانە سیولەی نەقدییە کەس لە ئێمە ناتوانین تەحەکومی تێدا بکەین ئەگەر سیولەی نەقدی نەبوو چ پەسند کرا بێت یان پەسند نەکرابێت چۆن خەرجی دەکەین وەزیر چۆن تەمەتوعی پێ دەکات وەزیری دارایی چۆن بڕیاری خەرج کردنی دەدات، ئەمە یەک.

دووەم: دوای ئەوەی دێتە پەرلەمانی بەڕێز دیوانی چاودێری داراییش هەیە لەبەرئەوە دەبێت ئێمە هەموومان ئەو برادەرانەی لیژنەی دارایی من بەش بەحاڵی خۆم هەتا لە هی وەزارەتی ناوخۆ پشتگیرییان دەکەم ئەمانیش نوێنەرایەتی پەرلەمان دەکەن و نەک بۆ ئەم وەزارەتە کەمیان کردۆتەوە لە بابی حرصەوەو لەبەرچاو گرتنی وەزعی داهاتی کوردستان ئەم موازەنەیان کردووە نەک ئێمە بوودجەیەکی قەبە پەسند بکەین سیولەی نەقدیش هەبێت یان نەبێت ئەمەش ناکرێت، لەبەرئەوە من رام وایە برادەران نەبنە دوو بەرە وەزیری دارایی خۆی پەیوەندارە ئەو موکەلەفە ئەم پارەیە بۆ ئێمە دابین بکات، لیژنەی دارایی پەرلەمانیش ماندوو بووە ژمارەکانی بەراورد کردووە نیمچە رێککەوتنێک لە نێوان وەزارە پەیوەندارەکان و وەزارەتی دارایی هاتۆتە بەردەستی لە پەرلەمانی بەڕێز، لەبەرئەوە بەرای من ژمارە هینەکان لەبەرچاو بگرن خۆمان لەدەرەوەی پەرلەمان و حکومەت نەزانین نەک خۆمان بکەین بەلایەنگری وەزارەتێک و خۆمان بەپێچەوانەی لیژنەی دارایی دابنێین، چونکە ئامانجی هەمووومان هەر یەکە، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومــــــەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز وەزیری ناوخۆ. لەراستیدا لیژنەی دارایی لەو مونتەلەقەی کە عجز هەیە لە بودجەوە هەوڵی داوە هاوکاری حکومەتی هەرێم بێت و تۆزێک لەو عجزە کەم بکاتەوە، بەس ئەم هەوڵانە زۆر کەم ناکاتەوە لە عجزەکە چونکە عجزەکە زۆر گەورەیە زۆربەی داهاتەکانیش کە وەکو باستان کرد چەسپاو نییە، لەبەرئەوە هەموو ئەرکێکە بەرای من بەیەک ئاراستە دەڕوات ئەویش ئاراستەی هاوکارییە تەسەور دەکەم کۆتایی بهێنین بە گفتوگۆی ئەو بابە لیژنەی دارایی ئەگەر رایەکیان هەبێت فەرمو کاک جەمیل.

**بەڕێز جـــــەمـــــیـل عـــــەبدی سندی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومــــــەن.**

زۆر زۆر سوپاسی مامۆستای بەڕێز فازڵ میرانی وەزیری ناوخۆ دکەم بۆ روونکردنەوەکەی. نە

وەزارەتی دارایی نە لیـژنەی ئابووری زولّم لەکـەس ناکـەن ئەوە یەک. دووەم، جگە لە بودجـەی ئاسایی (جاری) سی و پێنج ملیـۆن و سەدو هەشتاو سێ هەزارو چوار سەدو شەست (١٨٣٤٦٠ ٣٥) دیناری تر وەزارەتی رۆشنبـیـری لە خطەدا دانراوە جگە لەوەش پێنج ملیـۆن و حەوت سەد هەزار دۆلاریش لە بڕیاری ٩٨٦ هەیە جگە لەوانە چالاکی وەزارەت تەنیا بۆ مەرکەزی وەزارەت و مەرکەزی پایتەخت نییە، راستە لەناو پایتەخت چەند رۆشنبیرێک هاتوون و چەند کۆڕێک کراون بەڵام حەز دەکەم بۆ سەردانی داهاتوو بەڕێز شەوکەت شێخ یەزدین کە وەزیری کاروباری ئەنجومەنی وەزیرانە لەگەڵ وەزیری ناوخۆ تەنیا سەیری مەرکەزی لاوان و دائیرەی رۆشنبیری لە زاخۆ بکەن ئایا لە ئەفریقیاش وەکو ئەوە هەیە تەنیا ئەرکەکانی وەزیری رۆشنبیری رۆشنبیران و کتێبە؟، لەگەڵ ئەوەشدا مادام بۆچوونەکە وایە کە دەبێت زۆر بواری (تەعضیدی و کتاب) بدرێت جگە لەوەش (٧٥٠) هەزار دیناری تریان هەیە بۆ موکافەئاتی غەیری مونتەسبین ئەوەش دەبێت سوودی لێ وەربگیرێت لەگەڵ ئەوەشدا هیچ لارییمان نییە هەمان ژمارەی وەزارەتی دارایی و ئابووری بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادام وایە زۆر چاکە، دەیخەینە دەنگدانەوە.

لیژنەی داراییش هەمان رای هەیە وەکو وەزارەتی دارایی واتا کۆی بودجەی وەزارەتی رۆشنبیری ٤٤ ٠٣٠ ٠٠٠ دینارە. تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە پەسندی دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە.. زۆر سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە.. تەنها یەک دەنگ پەسندی ناکات بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا. ئەو دەنگەش بۆیە پەسندی نەکرد چونکە زیاتری دەویست بۆ وەزارەتی رۆشنبیری.

دێینە سەر وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

بابی دەیەم: وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی.

١ـ ديوان الوزارة ٦٠٠٠ ٣٠٦ ٦

٢ـ دوائر الخدمات الصحية ٠٠٠ ٣٢٤ ١٨٢

٣ـ المديرية العامة للرعاية الاجتماعية ٠٠٠ ٥٨٦ ١٤

٤ـ المديرية العامة للعمل والضمان الاجتماعي ٠٠٠ ٢٤٣ ٢

٥ـ المديرية العامة للاصلاح الاجتماعي ٠٠٠ ٥٤١ ٤

کۆی بابی دەیەم: ٠٠٠ ٠٠٠ ٢١٠ دینار.

لیژنەی ئابووری پشتگیری لەهەمان (٢١٠) ملیۆنەکەی وەزارەتی درایی دەکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس تێبینی هەیە لەم بابە؟. تکا لەو بەڕێزانە دەکەم بودجەی وەزارەتی تەندروستی و کاروباری

کۆمەڵایەتی پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە.. زۆر سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە.. بە گشتی دەنگ بوودجەی وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی وەرگیرا. ئێستاش بوودجەی وەزارەتی ئاوەدان کردنەوەو گەشەپێدان.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

بابی (١١) وەزارەتی ئاوەدان کردنەوەو گەشەپێدان.

١ـ دیوان الوزارة ٠٠٠ ٦٣٠ ٢

٢ـ المديرية العامة للاعمار والتنمية ٠٠٠ ٤٥٧ ٢١

٣ـ المعامل والمخازن ٠٠٠ ٨٢٩

کۆی بابی (١١) ٠٠٠ ٩١٦ ٢٤.

لیژنەی دارایی پشتگیری لەهەمان بۆچوونی وەزارەتی دارایی دەکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەم بابە؟. دیارە نییە.

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە بوودجەی وەزارەتی ئاوەدان کردنەوەو گەشەپێدان پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە.. ئەوانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە.. بوودجەی وەزارەت بە گشتی دەنگ وەرگیرا.

ئێستاش بودجەی وەزارەتی یارمەتی هاوکاری و مرۆڤایەتی.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

وەزارەتی هاوکاری و مرۆڤایەتی بابی ١٢.

دیوان الوزارة ٠٠٠ ٣٢٣ ٥

کۆی بابی (١٢) ٠٠٠ ٣٢٣ ٥.

لیژنەی ئابووری پشتگیری لەهەمان مەبلەغی (٠٠٠ ٣٢٣ ٥) دەکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئایا هیچ تێبینی هەیە؟. دیارە نییە.

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە بوودجەی وەزارەتی یارمەتی هاوکاری و مرۆڤایەتی پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە.. زۆر سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە..

بە گشتی دەنگ بابی (١٢) وەرگیرا.

ئێستا دێینە سەر وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

بابی (١٣) وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی.

دیوان الوزارة ٠٠٠ ٥٧٠ ٦

مديرية اوقاف اربيل ٠٠٠ ٤٠٧ ٣١

مديرية اوقاف دهوك ٠٠٠ ٣٩٥ ١٠

كۆی بابی (١٣) ٠٠٠ ٣٧٢ ٤٨

لیژنەی ئابووری پشتگیری لە مەبلەغی وەزارەتی دارایی دەكات.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

هیچ تێبینی هەیە؟. شێخ موحسین فەرمو.

**بەڕێز مەلا موحسین موفتی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە بودجەی وەزارەتی ئەوقاف و كاروباری ئیسلامییەوە تەنیا یەک تێبینیم هەیە لەبەرئەوەی بڕیاری ٩٨٦ بەهیچ شێوەیەک نەیگرتۆتەوە تا ئێستا بەداخەوە زۆریش هەوڵ دراوە كە بیگرێتەوە تەنانەت قوتابخانەكانی كە سەر بەوەزارەتی ئەوقافن هیچ خەرجییان بۆ نەكراوە لەو بوارەدا بۆیە تكامان وایە هەندێ شت هەیە ڕەچاو بكرێت لە پێشنیاری وەزارەتی ئەوقاف هاتووە (٢٥٠) هەزار دینار بۆ پێداویستی كتێب كڕین بۆ قوتابییەكان لە بوودجەی وەزارەتی داراییدا نەچەسپێنراوە یان لەسەری ڕێک نەكەوتوون، لە ڕاستیشدا كتێبە دەستنووسەكانی ناو كوردستانیش ئەمە پەیوەندداره بە وەزارەتی ڕۆشنبیریشەوە كە باسی لێ كرا و پەیوەندیداریشە بە وەزارەتی ئەوقافیشەوە مەختوتاتی زۆربەی زۆری كوردستان كە گەورەترین دەستكەوتی ئێمەیە هەمووی تەهریب كرا بۆ وڵاتانی دەرەوە ئەمەش هۆیەكەی ئەوەیە كە لیژنەیەک دانەمەزرا بۆئەوەی ئەو كتێبانە هەوڵ بدرێت كۆبكرێنەوەو لە شوێنێكدا هەڵبگیرێن تەنانەت ئەوەی كە لە زانكۆی سەلاحەدینیشدا هەیە وابزانم تا ئێستا ڕێک نەخراوە بۆیە حەق وایە میزانییەیەكی بۆ دیاری بكرێت بەشێوەیەكی كەمیش بێت بۆئەوەی بتوانین ئەو كتێبانە لە فەوتاندن ڕزگار بكەین و دوا تكاشم ئەوەیە تا كەی ئێمە چاوەڕوانی پیرێژنە عەرەب بكەین لەدەرەوە بێن مزگەوتمان بۆ دروست بكەن هەوڵ بدەین بۆ دروست كردنی مزگەوت بوودجە دابنرێت نەک ئاوەدانكردنەوی مزگەوت چونكە لە بودجەكەدا بۆی تەرخان كراوە ئەمەش شتێكی باشە، بەڵام بۆ كەرستەو پێداویستی ناو مزگەوتەكان ئەوەی كە دیاری كراوە لە ڕاستیدا تێرای ئەو چوار پێنج هەزار مزگەوتە ناكات كە ئێستا لەسەر شانی ئەو خەڵكە كراوە، ئەم زیادكردنەش لیژنەی دارایی و پسپۆڕان دەتوانن دەستنیشانی ئەوە بكەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

كاک جەمیل فەرمو.

**بەڕێز جـــــەمـــــیل عـــــەبدی سندی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

لە جێی خۆیدایە بەڕێز شێخ موحسین بەرگری لە ئەوقاف بکات، چونکە بەخۆی مەلاپەو کوڕی موفتییە ئەوەش شتێکی زۆر ئاساییە، بەڵام نەتەنیا ( ٠٠٠ ٣٧٢ ٤٨ ) دینار بۆ وەزارەتی ئەوقاف تەرخان کراوە، ئەوەی وەزارەتی ئەوقاف لە هەموو وەزارەتەکان زیاتر بووە ئەگەر ئێمە بەراوردی بکەین لەگەڵ بوودجەی ساڵەکانی ١٩٩٧ و ١٩٩٨ و ١٩٩٩، بوودجەی جێبەجێ کردنی ٢٠٠٠یش ئەوەی بۆ وەزارەتی ئەوقاف کراوە بۆ هیچ وەزارەتێکی تر نەکراوە. دووەم تەنیا ئەو ژمارەیە نییە کە جەنابی دەیبینێت ئەوە بوودجەی جارییە بەرامبەر بەوە چل و سێ ملیۆن و دوو سەد هەزاری تریش لە خطەدا بۆ وەزارەتی ئەوقاف تەرخان کراوە، جگە لە ئەوەش دەرگایەکی تریان هەیە کە ئەویش خێرخوازانە زۆربەی مزگەوتەکانی ئێمە خێر خوازان یارمەتییان دەدەن خێرخوازان خاوێنی دەکەن و قورئانی پیرۆزی بۆ دەبەن ئەو بوارە لە هەموو بوارەکانی تر زیاترە لەبەرئەوە ئەگەر بەڕێز موحسینیش لەگەڵ ژمارەی وەزارەت بێت زۆر ڕێکوپێکە، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

سوپاس. کەواتە رای لیژنە و وەزارەت دەخەینە دەنگدانەوە.

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە بابی (١٣) پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە.. زۆر سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە.. بە زۆربەی دەنگ پەسند کرا. یەک دەنگ دژە.

بابی چواردە.

**بەڕێز جـــــەمـــــیل عـــــەبدی سندی:**

بابی چواردە وەزارەتی دارایی و ئابووری.

٢- المديرية العامة للواردات (٠٠٠ ٥٨٨ ٣٥) دینار.

٣- المديرية العامة للمالية (286836) دینار بوو لیژنەی ئابووری داوا دەکات ببێتە (276 836) دینار لەبەرچی؟ فەسلی شەشەم ماددەی هەشت منحی بلديات هەیە ئەوان (40) ملیۆن دیناریان نووسیبوو پێشنیاری لیژنەی دارایی وئابووری تنزیل بکرێت بکرێتە (30) ملیۆن دینار و هۆکاری خۆمان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

زۆر سوپاس، هیچ تێبینی هەیە لەم بارەیەوە؟ وەزیری دارایی فەرموو.

**بەڕێز سەرکیس ئاغا جان/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری لەرای لیژنەی دارایی وئابووری دەکەین، لەبارەی ئەو مەبلەغەوە حەز دەکەین چەند تێبینییەک بدەین لەسەر منحەی بلدیات، بەخۆی چل وچوار بلدیاتمان هەیە لە اقضیە ونواحی لە کاتی مناقەشە کردن لەگەڵیاندا عجزەکەیان نەوەت وچوار ملیۆن دینار بووە، ئەوان (٦٢١٥) میلاکی کاتی و هەمیشەییان هەیە لە خارجی میلاکاتی ئێمە کە معاشەکانیان (٣٣٦٠٤) هەزار دینار دەکات ساڵانە، لە کاتی مناقەشە کردن داوامان کردووە کە اعادەی نەزەر لە رسوم وکرێیەکانی کە تابعی وەزارەتی شارەوانینە و محاولە بکەن کە ایراداتیان زۆر بکەن بۆ ئەوەی عجزەکەیان بەخۆیان پڕ بکەنەوە، (٤٠) ملیۆن دینارمان بۆیان دانا بوو، بەڵام پشتگیری لە رای لیژنەی دارایی و ئابووری دەکەین بۆ ئەوەی وەزارەت بەخۆشی تۆزێک توند تر بێت لە پەیدا کردنی سەرچاوەی داهات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دیارە بەڕێز وەزیری شارەوانی وگەشت وگوزار هیچ تێبینییەکی نییە، سوپاس، کەواتە رای موحدی وەزارەتی دارایی وئابوری و لیژنەی دارایی وئابووری ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان کە کۆی گشتی دەکاتە( ٤٢٤٣٥٣ )هەزار دینار دەیخەینە دەنگدانەوە.. ئێستا رای متفق هەمووی بخوێنەوە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

٣- المديرية العامة للمالية (٢٧٦٨٣٦٠٠٠) دينار.

٤- المديرية العامة للتجارة ( ١٤٣٨٣٠٠٠) دينار.

٥- المديرية العامة لشرطة الگمارگ والحدود ( ٢١٩٤٨٠٠٠) دينار.

٦- المديرية العامة للتقاعد (٦٦٧٨٨٠٠٠) دينار.

٧- رئاسة المحكمة الگمرگرية (٣٩٣٠٠٠) دينار.

٨- شركات التأمين ( ١) مليون و(١٥٠٠٠) دينار.

٩- مديرية البنك العقاري (١٥١٥٠٠٠) دينار.

١٠- مديرية البنك الزراعي والصناعي (٨٦٨٠٠٠) دينار.

مجموعی گشتی ئەم بابە (٤٢٤،٣٥٣٠٠٠) دینارە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە بودجەی وەزارەتی دارایی وئابووری هەرێمی کوردستان بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرزبکەنەوە... سوپاس... ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزبکەنەوە... بەگشتی دەنگ وەرگیرا. وەزارەتی پێشمەرگە.

**بەڕێز بورهان جاف:**

وزارة الپیشمەرگە:

دیوان الوزارة (٢٨٠,٨٠٠) دینار

کۆی گشتی (٢٨٠٨٠٠)دینار.

تەوصیەی لیژنەی مالی متفقه لەگەڵ ئەو مەبلەغە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینییەک هەیە لەم بارەیەوە؟... نییە دەیخەینە دەنگدانەوە...تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە بودجەی وەزارەتی پێشمەرگە پەسەند دەکەن دەستیان بەرزبکەنەوە... سوپاس... ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزبکەنەوە... بەگشتی دەنگ بودجەی وەزارەتی پێشمەرگە وەرگیرا.

**بەڕێز بورهان جاف:**

باب (١٦) وزارة الصناعة والطاقة:

١- دیوان الوزارة (٣٨١٩٠٠٠) دینار.

٢- مدیریات المسح الجیولوجي (٢٢٢٤٠٠٠)دینار.

٣- مدیریات شرطة الکهرباء في المحافظات (٩٤٨٦٠٠٠) دینار.

تەوصیەی لیژنەی مالي (٨٤٨٦٠٠٠) دیناري داناوە.

٤-شبکات الکهرباء (٥٣٠٥٠٠٠)دینار.

٥- المدیریة العامة للکهرباء (١٥٢٤٠٠٠) دینار.

٦-المدیریة العامة للنفط والمعادن (١٦٠٠٠٠٠)دینار.

٧- المدیریة العامة للتکنیك والانتاج (١١٧٢٠٠٠) دینار.

کۆی گشتی باب(٢٤٥٣٦٠٠٠) دینار.

تەوصیەی لیژنەی دارایی (٢٣٥٣٦٠٠٠) دینار، بۆ ئەو بڕگەیەی کە ئێمە کەممان کردۆتەوە بە مەبلەغی یەک ملیۆن.

الفصل الاول: المخصصات المدونة (٣٩٢٥٠٠٠) دینار نوصي تنزیلها الی (٢٩٢٥٠٠٠) دینار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەم بارەیەوە؟ وەزیری دارایی فەرموو.

**بەڕێز سرکیس ئاغا جان/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری لەرای لیژنەی دارایی وئابووری دەکەین، تەنیا وەکو تەوضیحێک لەبەر وەزعی تایبەتی ناوچەی دهۆک ئیمە بۆ پۆلیسی کارەبا معدل (۳۰۰) دینار مانگانە دەرماڵەی ئەرزاق دەدەین و (۲۵۰) دیناریش بە شێوەیەکی دەرماڵەی بڕاوە بۆ پاراستنی ویستگەکانی کارەبا بۆ پۆلیسەکان خەرج دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یانی ضمنی ئەو میزانیەیەی کە تحدید کراوە ئەوە دەدرێت، رای وەزارەتی دارایی و لیژنەی دارایی موحدە، ئەگەر تێبینی هەیە لەسەر ئەم بابەتە فەرموو کاک ابراهیم:

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی کە وەزعی ئابوری هاوڵاتیان ئەمساڵ باشتری لێهاتووە لەساڵان تەنها وەزعی کارەبا ماوە، پێم باشتر بوو وەک ئەندامێکی پەرلەمان کەوا حصەی کارەبا لە نەفەقاتدا بەشی شێری وەرگرتبایە لەبوجەی ئەمساڵدا نازانم ئەگەر لە خطە پارەیەکی لە بۆ دانرا بێت یان نا ئەگەر بۆی دانرا بێت زۆر باشە ئەگەر بۆی دانەنرا بێت دەبینم کە وەزعی کارەبا بەم شێوەیە حەل نابێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو وەزیری پیشەسازی.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا/وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنیا روونکردنەوەیەکم هەیە، مەعلومە لە هەرێمی کوردستان کە پێشتر تولید نەبوو بەپێی بڕیاری ۹۸٦ ئێستا رۆژ لەدوای رۆژ محطات و مواقیعی تولید ومحطاتی ثانوی زیاد دەبێت، لە دهۆک شەش محطەی سانەوی ئێستا لە دامەزراندندان دەبێت حراسەتی بۆ دابین بکرێت وهەروەها چواری تر لە هەولێر ئەوە دە محطە جگە لەوە دوو محطە گەورەکە کە هەریەکی لە پەنجا کەمتر نابێت تەنها بۆ روونکردنەوەیە، خۆزگە حراسات هەر لەسەر وەزارەتی داخلیە بوایە نەک لەسەر ئێمە بوایە بەڵام کە لەسەر ئێمەیە تەنیا منیش متفقم لەگەڵ ئارائی ئەوان بەڵام ئەوەیان لە بیر بێت کە دەوری چەند سەد پۆلیس دەبێت اضافە بکرێت لەم هاوینەدا چونکە ئەم محطانە دەستی پێکرد ، تەنیا هەر ئەوەیە منیش معترض نیم لەگەڵ وەزارەتی مالیە تەنها بۆ معلومات بێت بەلایەنی کەمی ئێستا دوازدە موقع هاتە پێش دەبێ حراسەتی هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر چاکە بە نەزەری اعتبار وەردەگیرێ، فەرموو کاک فەرەنسۆ.

**بەڕێز فـــــرەنـســــۆ تـۆمـــــا هـەریری:**

**بـەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجــــومــــەن.**

بەلای منەوەش کەم نەکرێتەوە ئەوەش هەر لە مستضعفین کەم دەکرێتەوە لە حوراسی دایەرەکانی کارەبا لەهی پۆلیس وئەوانەیە یانی حەقە ئەویش بمێنێ وەکو ئەوانی تر، سوپاس.

**بـەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجــــومــــەن:**

ئێمە هەردووکی دەیخەینە دەنگدانەوە دەنگی وەزارەتی دارایی و لیژنەی دارایی، فەرموو.

**بەڕێز ســرکــیس ئاغـــا جـــان/وەزیری دارایی:**

**بـەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجــــومــــەن.**

ئەوە لەضمنی فەسلی یەکە وابزانم فەسلی یەکەمیش بەپێی قانون ئێمە دەتوانین ئەگەر یەکێک کەم بوو لە فصولەکانی تر بێنین تەکمیلی بکەین، کەواتە کەم کردن و زیاد کردنی تەئسیر ناکات لە حالەتێک کەم بوو ئێمە دەتوانین حەقی مناقەلەمان هەیە، تەبیعی ئەو مەبلەغەش زۆرە ئەوەی کەئێمە تەقدیرمان کردووە بۆیە پشتگیری لەرای لیژنەی داراییمان کرد و، سوپاس.

**بـەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجــــومــــەن:**

کەواتە رای لیژنەی دارایی و وەزارەتی دارایی هەردووکی دەخەینە دەنگدان، رای موحدیان کە کۆی گشتی ئەو بابە بیست وسێ ملیۆن وپێنج سەدو سی و شەش هەزار دینار دەکا، تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە پەسەندی دەکەن دەستیان بەرزبکەنەوە... سوپاس... ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە... سێ دەنگ پەسەندی ناکات.. بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا. وەزارەتی داد.

**بـــەڕێـــز بـــورهـــان جـــــــــــاف:**

باب (١٧) وازة العدل:

١- ديوان الوزارة (٤٤٩٥٠٠٠)دينار.

٢- محكمة التمييز (١٨٣٦٠٠٠)دينار.

٣- المحاكم (١٤٧٣٠٠٠٠) دينار.

٤- المديرية العامة للتسجيل العقاري (٦٨٣١٠٠٠) دينار.

٥- المديرية العامة لاموال القاصرين(٨١٣٠٠٠) دينار.

کۆی گشتی ئەم بابە (٢٨٦٩٥٠٠٠) دینار.

ئێمەش وەکو توصیەی لیژنەی دارایی متفقین لەگەڵ وەزارەتی مالیە.

**بـەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجــــومــــەن:**

هیچ تێبینی هەیە؟ فەرموو بەڕێز کاک شێروان.

**بەڕێز شـــێـــــروان نـاسح حـــــەیدەری:**

**بـەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجــــومــــەن.**

هەروەکو هەموو لایەکمان ئاگادارین کابینەی چوارەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دروشمی

سەرەوەری یاسا و جێبەجێ کردنی یاسای هەڵگرتووە وکردنەوەی معهدی قضائیش بەشێکی کەمە لەو دروشمە و دەمێکە باسی لێوە دەکرێت بۆ ئەوەی نوخبەیەک لە حکام ولە ئیدعای عام لەو پەیمانگایە دەربچن پرسیارەکەم لە بۆ جەنابی وەزیری دارایی ئەوەیە ئایا هیچ مەبلەغێک بۆ کردنەوەی ئەو معهدە دانراوە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵامتان هەیە بەڕێز وەزیری دارایی؟

**بەڕێز سەرکیس ئاغا جان/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاتی موناقەشە کردنی میزانیە وەزارەتی داد هیچ پێشنیارێکی وای پێشکەشی وەزارەتی دارایی نەکردووە و باسی ئەم بابەتە نەکراوە، بۆیە ئێمە هیچ بڕێک لە بودجە بۆ ئەم مەبەستە تەرخانمان نەکردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆیەش ناتوانین ئێستا نە اضافەی بکەین نە جودای بکەینەوە لەو بارەیەوە تا ئەنجومەنی وەزیران خۆی بڕیاری ئەوە نەدات فەرموو کاک جمیل.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

اضافەی بۆ ئەوەی جەنابت فەرمووت و ئەوەی وەزیری دارایی وئابووری ووتی ئەگەر ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا کە معهدی قضائی بکرێتەوە ئەوە لە صلاحیەتی بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری یە لە قانونەکەیدا خۆی مسودەکە لەدەستی بەڕێز شێروان کە یەک لەسەدی لە میزانییەی گشتی حەقی ئەوە کە اضافە دەکرێت بۆ ئەو دوائرانەی کە تازە دەکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە، کەواتە دەیخەینە دەنگدانەوە...تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە بودجەی وەزارەتی داد پەسەند دەکەن دەستیان بەرزبکەنەوە... سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزبکەنەوە... بودجەی وەزارەتی دادیش بە گشتی دەنگ وەرگیرا. فەرموو کاک جمیل.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەو خاڵەدا میزانیەی جاری اعتیادی دیمایی هات، جەنابت ئەوەت تصدیق کرد لە پەرلەمان کە میزانیەی عام ئێستا هاتە تصدیق کردن و رەقمی ویش بخوێنرێتەوە کە میزانیەی جاری تەواو بێت. پێش ئێستا بەڕێز حمید سلیم میران دێ دەستی میزانیە الممولە ذاتیا بکاتن کە ئەویش میزانیەی تایبەتە کە سەیری فەقەراتی میزانیە بکەن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر بتوانن خێرا بۆمان جمع بکەنەوە، ئەوەی کە ئێستا اقرارمان کردووە بۆ ئەوەی هەموو

میزانیەکە بخەینە دەنگدانەوە. کاک جمیل جمعەکەی لەدواییدا بە اسراحەت بیکەن و ئەیخەینە دەنگدانەوە، ئەوەی کە بە تەعدیلاتەوە دەنگی لەسەر دراوە جمعەکەی لەدواییدا بکەن چونکە داخلی قانونەکە دەبێت، تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە هەموو میزانیەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ۲۰۰۱ پەسەند دەکەن دەستیان بەرزبکەنەوە... سوپاس... ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن تکایە دەستیان بەرزبکەنەوە... میزانیەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ۲۰۰۱ی زایینی بەگشتی دەنگ وەرگیرا لەگەڵ هەموو تەعدیلاتەکان کە لێرە کران، میزانیەی تمویلی ذاتی تکایە.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

میزانية التمويل الذاتي لعام ۲۰۰۱

موازنة المصانع والمعامل والدوائر الممولة ذاتياً التابعة لوزارة الصناعة والطاقة:

۱- معمل الغزل والنسيج في اربيل (۱٤٥۲۲۰۰۰) دينار.

۲- معمل الرخام في اربيل (۳٤۷۸۰۰۰) دينار.

۳- معمل غاز اربيل (۱۸۳٦٦۰۰۰) دينار.

٤- معمل سگاير اربيل (٥۰۱۳۹۰۰۰) دينار.

٥- معمل كهرباء اربيل (۷۷٦۸٥۰۰۰) دينار.

٦- مديرية مقالع حجر اربيل (۲۱۷۰۰۰) دينار.

۷- مركز السجاد اليدوي في اربيل (٤۲۱٥۰۰۰) دينار.

۸- مديرية توزيع نفط اربيل (۳٦۰۰۰۰۰۰) دينار.

۹- مديرية توزيع كهرباء سوران (۷۲۱۷۰۰۰) دينار.

۱۰- مديرية توزيع نفط دهوك (۲۳۱۹۰۰۰) دينار.

۱۱- معمل غزل ونسيج دهوك (٥٦٦۰۰۰) دينار.

۱۲- مديرية توزيع كهرباء دهوك (۹۸۸۸۱۰۰۰) دينار.

کۆی موازنەی ئەو کارگەو بەڕێوەبەرایەتییانەی کە ذاتیەن تمویل دەکرێن دەکاتە (۳٦۷۰٥۰۰۰) دینار.

موازنة المصارف التجارية الممولة ذاتياً دوو شتی جیاوازن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با یەکەمیان ئەو قسمەیان بکەین، ئەوەی معامل مصانع.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

لیژنەی ئابووری پشتگیری لەهەمان مبلغ دەکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە؟ فەرموو کاک ئیبراهیم.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نازانم نەمانتوانی زیاتر بکەوینە ناو صورەتەکەوە، ئەگەر داهاتی ئەم معاملانە لەلای ئێمە روونکرابوانەوە لەوێ چ تخصیص بووە بۆ تمویلی ذاتی وچەندی ماوە نازانم ئەوە نەدەکرا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک حمید.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کۆی داهاتی ئەم معاملانە بەگشتی ئەکاتە (٣٣٦٧٠٥٠٠٠) دینار وکۆی داهاتیان ئەکاتە (٣٤٩٢٩٣٠٠٠) دینار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ تێبینی ئەمە لەراپۆرتی وەزیری دارایی هاتووە، تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە میزانیەی کارگەو معمل وئەو دایەرانەی کە خوێندرانەوە پەسەندی دەکەن دەستیان بەرزبکەنەوە... سوپاس... ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزبکەنەوە... بەگشتی دەنگ موازنەی معامل ومصانع وەرگیرا.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

موازنة المصارف التجارية الممولة ذاتيا (٢٠٤٩٠٠٠)دينار.

لیژنەی ئابووری پشتگیری لە هەمان مەبلەغ دەکات، مجموعی موازنەی ممولە ذاتیا (٣٥٦٧٥٤٠٠٠)دینارە و لیژنەی ئابووریش پشتگیری لێ دەکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر تێبینی هەیە لەسەر موازنەی مصاریفی تجاری یان پرسیار، ئێمە پرسیارمان هەیە ئەگەر وەزیری دارایی وەڵامان بداتەوە، ئەو موازنەیە معاشاتە چییە؟.

**بەڕێز سەرکیس ئاغا جان/وەزیری دارایی وئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

میزانیەکە بەخۆی هەمووی دەگرێتەوە بە معاشات و هەرچییەک بێت کە پەیوەندی بەو بانقانەوە هەبێت، تەبیعی زۆرتریش پەیوەندی بە معاشاتەوە هەیە لەو میزانیەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تێبینی تر نییە؟ تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە موازنەی مصاریفی تجاری ممولە ذاتیا پەسەند دەکەن دەستیان بەرزبکەنەوە... سوپاس... ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزبکەنەوە... بەگشتی دەنگ وەرگیرا، بەگشتی موازنەی تمویلی ذاتی دەیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز حـــەمـــیـــد ســـەلیم مـــیـــران:**

کۆی گشتی (٣٥٦٧٥٤٠٠٠) دینار.

**بـەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــومـــــەن:**

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە کۆی گشتی پەسەند دەکەن دەستیان بەرزبکەنەوە... سوپاس... ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزبکەنەوە... موازنەی تمویلی ذاتی ساڵی ٢٠٠١ وەرگیرا. بەنسبەت میزانییەی خطە ئەوەی تەقدیم کراوە ئەنجومەنی وەزیران میزانییەی خطەی بۆ دوو ساڵ پێشکەش کردووە ئێمە لێرە موناقەشەی ساڵێک دەکەین چونکە میزانیەی ساڵێک دائەنێین کە ربطی بکەین لەگەڵ ئەم میزانیە میزانیەی ساڵێک دائەنێین، جا ئەگەر بە پەسەندی دەزانن ئێمە بەعام نیوەی میزانیەی خطە مناقەشە دەکەین، رەقەمەکان هەمووی ئەکەین بە نیوە بۆ ئەوەی بۆ ساڵێک بێت، ئەگەر بەپەسەندی بزانن، بەڕێز جێگری سەرۆکی حکومەت فەرموو.

**بەڕێز سامی عبدالرحمن/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــومـــــەن.**

ئێمە رازین لەسەر ئەوەی میزانیە مناقەشە بکرێت، سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــومـــــەن:**

زۆر سوپاس هەرچەندە هەندێ مشروع هەیە کە لەوانەیە بەساڵێک تەواو نەبێت ئەو کاتە داخلی میزانیەی ساڵی داهاتووی دەکەین، ئەو تکملەکانی وائاسانتر دەبێت بۆ هەردوو لا، کاک جمیل فەرموو.

**بـەڕێـز جـــــەمـــــیـل عـــــەبدی سندی:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــومـــــەن.**

میزانیەی خطە لە ناحیە تەقسیمی ئەوەندە دەقیق نییە وەکو میزانیە یان مولە ذاتیەن یان ژیا جاریا هەریەکی ئەگەر جەنابێتە موافقە کری لە ئەنجومەنی وەزیران هەر وەزارەتێک ئەزێ دەخوێنم نیوە مەبلەغ ئەزێ دەخوێنم و بیخە دەنگدان، وەزارەتی ناوخۆ (٤٣) ملیۆن دینار.

**بـەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــومـــــەن:**

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە خطەی وەزارەتی ناوخۆ پەسەند دەکەن دەستیان بەرزبکەنەوە.. سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن تکایە دەستیان بەرزبکەنەوە... بەگشتی دەنگ وەرگیرا.

**بـەڕێـز جـــــەمـــــیـل عـــــەبدی سندی:**

وەزارەتی دارایی وئابووری (٣٤) ملیۆن دنیار.

**بـەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــومـــــەن:**

هیچ تێبینی نییە؟ دیارە نییە، ئەو بەڕێزانەی کە خطەی وەزارەتی دارایی وئابووری پەسەند دەکەن تکایە دەستیان بەرزبکەنەوە... سوپاس... ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن تکایە دەستیان بەرزبکەنەوە... بەگشتی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

وەزارەتی پیشەسازی و وزە (٢٩) ملیۆن دینار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی دەکەن تکایە دەستیان بەرزبکەنەوە... سوپاس... ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن تکایە دەستیان بەرزبکەنەوە... بەگشتی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن (١١٠) ملیۆن دینار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی دەکەن تکایە دەستیان بەرزبکەنەوە... سوپاس... ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن تکایە دەستیان بەرزبکەنەوە... بەگشتی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

چونکە ئەوە بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری خطەی دەنوسی زۆر کەمە ئەگەر جەنابت موافق بی (٣٩٠٠٠٠٠) دینارە هەمووی دەخوێنم، کە وەزارەتی زراعە مەبلەغێکی زۆر کەمە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر متفقن باشە ئەگەر متفق نین دەیخەینە دەنگدانەوە.... میزانیەی خطەی وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری بە اتفاقی هەردوو لا ئەنجومەنی وەزیران و لیژنەی دارایی وئابووری دەیخەینە دەنگدانەوە.. کە (٣٩٠٠٠٠٠) دینارە ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی دەکەن تکایە دەستیان بەرزبکەنەوە... سوپاس... ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن تکایە دەستیان بەرزبکەنەوە... بەگشتی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەزارەتی شارەوانی و گەشت وگوزار(١٦٠) ملیۆن دینارە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی بودجەی خطەی ساڵێکی وەزارەتی شارەوانی و گەشت وگوزار پەسەند دەکەن تکایە دەستیان بەرزبکەنەوە... سوپاس... ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن تکایە دەستیان بەرزبکەنەوە... بەگشتی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەزارەتی پەروەردە (٢٢٥٠٠٠٠٠) دینار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی کە بودجەی خطەی وەزارەتی پەروەردە پەسەند دەکەن تکایە دەستیان بەرزبکەنەوە... سوپاس... ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن تکایە دەستیان بەرزبکەنەوە... بەگشتی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

فێرکردنی باڵا تەنیا لە معاهد و زانکۆی سەلاحەدین (٢٢) ملیۆن دینارە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی کە بودجەی خطەی فێرکردنی باڵا پەسەند دەکەن تکایە دەستیان بەرزبکەنەوە... سوپاس... ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن تکایە دەستیان بەرزبکەنەوە... بەگشتی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

وەزارەتی ئەشغال و نیشتەجێ کردن (٨٨) ملیۆن دینار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی کە بودجەی خطەی وەزارەتی ئەشغال ونیشتەجێکردن پەسەند دەکەن تکایە دەستیان بەرزبکەنەوە... سوپاس... ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن تکایە دەستیان بەرزبکەنەوە... بەگشتی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

وەزارەتی ئاوەدان کردنەوەو گەشەپێدان (٣٨) ملیۆن دینارە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی کە بودجەی خطەی وەزارەتی ئاوەدان کردنەوەو گەشەپێدان پەسەند دەکەن تکایە دەستیان بەرزبکەنەوە... سوپاس... ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن تکایە دەستیان بەرزبکەنەوە... بەزۆریەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

وەزارەتی داد ( ١٠) ملیۆن دینارە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی کە بودجەی خطەی وەزارەتی داد پەسەند دەکەن تکایە دەستیان بەرزبکەنەوە... سوپاس... ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن تکایە دەستیان بەرزبکەنەوە... بەگشتی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

لێرە دەبێت ئێمە سوپاسی وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی و وەزارەتی یارمەتی هاوکاری و مرۆڤایەتی بکەین کە هەوڵیان داوە هەموو پرۆژەکانیان لە سەر قەراری ٩٨٦ بێت هەروەها وەزارەتی پەروەردەش هەوڵێکی زۆری داوە. وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی (٢١) ملیۆن و نیو دینار. وەزارەتی رۆشنبیری (١٧) ملیۆن دینارە،

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی لەسەر بودجەی خطەی وەزارەتی رۆشنبیری هەیە کە (١٧) ملیۆن دینار.. ، نییە ، کێ لەگەڵ ئەم بوودجەیەدایە بادەستی بەرز کاتەوە؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ کەواتە بە گشتی دەنگ پلانی وەزارەتی رۆشنبیری وەرگیرا، دێینە سەر وەزارەتی ئەوقاف.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی «٢١»ملیۆن و «٥٠٠»هەزار دیناری بۆ پێشنیار کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی هەیە؟، نییە، کێ لەگەڵ ئەم بوودجەیەدایە بادەستی بەرز کاتەوە؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ کەواتە بە گشتی دەنگ پلانی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە بوو پلانی بودجە بۆ ماوەی ساڵێک، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا بودجەکە بە گشتی بۆ ماوەی ساڵێک دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەم پلانی بودجەیە بۆ ماوەی ساڵێک؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟، کەواتە بەگشتی دەنگ پلانی بودجەی ساڵی ٢٠٠١ حکومەتی هەرێمی کوردستان پەسەند کرا، ئێستاش فەرموو داهاتی حکومەتی هەرێم بخوێننەوە.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

داهاتی هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ ساڵی ٢٠٠١، بابی دووەم، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، «١٤٥٩٠٢٠٠٠» دینار، بابی سێیەم، وەزارەتی پەروەردە «١٠٩٠٠٠٠»، بابی چوارەم وەزارەتی ئەشغال و نیشتەجێ کردن «١٠٢٥٠٠» دینار، وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری «٧٨٥٨٦٤٠»دینار، بابی پێنجەم ،وەزارەتی ناوخۆ «٢٩١٧٦٠٠٠٠»دینار، بابی شەشەم، وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار «٣٢٥٩٠٠٠٠٠»دینار، بابی حەوت، وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن «٣٤٠٠٠٠٠٠٠»دینار، بابی هەشتەم، وەزارەتی رۆشنبیری «٢٣٧٤٠٠٠٠»دینار، بابی نۆیەم، وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی «١٩٦٣٨٠٠٠٠»دینار، بابی دەیەم، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان «١٦١٠٠٠٠٠»دینار، بابی یازدەیەم، وەزارەتی یارمەتی مرۆڤایەتی و هاوکاری «٢٠٠٤٠٠٠٠٠»دینار، بابی دوازدەیەم، وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی «١٩٠٥٠٠٠٠»دینار، بابی دارایی وئابووری «١٢٩٦٩٣٦٧٧٠»دینار، بابی سێزدەیەم ، وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە «هیچ دیاری نەکراوە»، بابی چواردەیەم، وەزارەتی پیشەسازی و وزە «١٤٤٢٦٠٠٠» دینار، بابی پازدەیەم، وەزارەتی داد «٢٩٠٥٨١٦٠٠»دینار، کۆی داهاتی حکومەتی «١٤٩٢٤١١٨٧٠٠»دینار، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، پرسیارێکم هەیە لە بەڕێز وەزیری دارایی، ئایا وەزارەتی پیشەسازی و وزە داهاتی تەنها یەک ملیۆنە؟.

**بەڕێز سەرکیس ئاغا جان/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

داهاتی وەزارەتی پیشەسازی و وزە لە بودجەی خۆبژێوی کارگە و فەرمانگەکانی پیشەسازی لەوێ تۆمار کراوە و، بڕێکی دیار بوو و، بڕەکەشی بریتی بوو لە «٣٤٩٢٩٣٠٠٠»دینار، ئەم داهاتانەش هی هەندێ فەرمانگەی ترە کە پەیوەندی بە خود وەزارەتەوە هەیە، لە دەرەوەی خۆبژێویدایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، هیچ تێبینی هەیە لەسەر داهاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠٠١، کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بودجە ڕێگایەکی کاریگەرە بۆ خۆشکردنی ڕێگا بۆ چاودێری دەسەڵاتی جێبەجێ کردن لەلایەن نوێنەرانی میللەتەوە، نەوەک کار لەسەر ڕۆڵی ئەو بکات سەبارەت بە نەخشەدانان و دابین کردنی پێداویستی بۆ ئاسایشی کۆمەڵ و، گومانی تیادا نییە کەوا بودجەی تەخمینی دوو فاکتەر کاری لەسەر دەکات، فاکتەری ناوخۆ و فاکتەری دەرەوە، لێرەدا پرسیارەکەی من لەسەر بودجەی تەخمینی ئەوەیە کە ئایا وەزارەتی دارایی و ئابووری کە ئەم بودجە تەخمینییە کە دایان ناوە ، ئایا ئەم دوو فاکتەرەیانە ڕەچاو کردووە، کە هەردوو ئەم فاکتەرانە کاریگەرییان بەسەر هەر حکومەتێکەوە هەیە، جا ئەگەر دەکرێت بەڕێز وەزیری دارایی ئەم شتەمانە بۆ ڕوون بکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم پرسیارە لە ڕاپۆرتەکەی وەزارەتی داراییدا بە ئاشکرا باس کرا و، هەروەها لە ڕاپۆرتەکەی بەڕێز سەرۆک وەزیرانیش و بڕیاری «٩٨٦»یشدا ئاماژەی بۆ کراوا کەوا داهاتی حکومەتی کوردستان بەرامبەر بەو بڕیارە چەند کەمە و، هەرەوها چەسپاویش نییە، خۆی ئەم حیساباتانەش کە کرا هەمووی لەسەر داهاتی ساڵانی ڕابردوو تەخمین کراوە، بەڵام لەوەیە ئەو داهاتەش نەبێت، چونکە واردێک نییە کە لە ١٠٠٪ لەسەر وەزارەتی دارایی بیژمێرین، ئەگەر هەبوو ئەوە هەیە و، ئەگەریش کەمتر ئەوە کەمترە و، ئەگەر زیاتریش بوو ئەوە باشتر، وابزانم بەڕێز وەزیری دارایش هەر ئەوەندە وڵامی بەڕێزتان دەداتەوە، تێبینی تر هەیە؟، کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو تێبینیم هەیە، یەکێکیان ئەوەیە ئێمە وەکو ئەندامانی پەرلەمان پێویستە ئەو بودجەیەمانە لەلا روون بێت و، ئێمە وەکو لیژنەی مافی مرۆڤ و سکالا پێمان نەگەیشتووە و، بودجە کە شتێکی زۆر گرنگە سەبارەت بە کوردستانەوە نابێت بەم شێوەیە گفتوگۆی لەسەر بکرێت، داوا دەکەم کەوا خەرجی حکومەت پێویستە بدرێت بە پەرلەمان جا ئەوە لە ١/٤یا لە ١/٧ دەدرێت ئەوە ئێمە پابەندی نین بە دواوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەبێت هیچ ئەندامێکی پەرلەمان گلەیی نەکات بەتایبەتی ئەم ساڵ، چونکە وەزارەتی دارایی «١٠٥» دانەی لە راپۆرتەکەی ناردووە بۆ ئەنجومەنی وەزیران، کە دەکاتە «٢١» بەرگ و، «٤» جار «٢١» دەکاتە «٨٨» بەرگی تر کە «٤» بودجەی تەواوی بۆ پەرلەمان رەوانە کردووە و، بە سوپاسەوە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان و سکرتێری پەرلەمان دابەشی سەر هەموو پەرلەمانیان کردووە، هیچ ئەندامێکی پەرلەمانیش نییە کەوا لە لیژنەیەکدا نەبێت و، هەر لیژنەیەکیش سەر بە وەزارەتێکە و لیژنەی ئابووری و لیژنەی یاسایش هەموو بەرگەکانیان لەلا بوو، بەڵام بەڕێز کاک عەبدولخالق خۆی ئەم ماوەیە لە کۆنگرەدا بوو و، دەستی بەتاڵ نەبوو، چونکە خۆی زۆر خەمخۆرە جا بۆیە ئاگاداری نییە، هەموو ئەندامانی پەرلەمان ئاگادارییان هەیە لەسەر بودجەکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک فەرسەت فەرموو.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕێزم هەیە بۆ کاک عەبدولخالق، بەڵام هیچ پەرلەمانێک لە جیهاندا ناتوانێت بودجە بە هەموو بەرگەکانییەوە دابەش بکات بەسەر هەموو ئەندامانی پەرلەمانییەوە، بەڵام وەکو بەڕێز کاک جەمیل باسی کرد، هەر ئەندامێکی پەرلەمان ئەندامی دوو لیژنە نەبێت ئەندامی لیژنەیەک هەر هەیە، سەبارەت بە ژمارەی بەرگەکانی بودجە ئێمە دابەشی سەر هەموو لیژنەکانمان کردووە و، لەوانەشە لیژنەی مافی مرۆڤ بە هەڵە بەرگیان کەم بەرکەوتبێت، بەڵام لە ماوەی ئەو دوو هەفتەی رابردوودا رخنەیان نەبووە، واتا یان حەزیان نەکردووە تەماشای بودجەکە بکەن، یان خۆیان هەر نەیان بینیوە و ئێستا ئاگادار بوونە کەوا بەرگەکانیان کەمە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا دێینەوە سەر بابەتەکەی خۆمان کە گفتوگۆ کردنی داهاتی حکومەتی هەرێمی کوردستانە،

ئێستا دیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەم داهاتەیە کە خوێنرایەوە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ بە گشتی دەنگ پەسەند کرا، بۆ ئاگاداریتان ئەم دەنگدانە تەنها شتێکی شێوەیە و بۆ جێبەجێ کردنی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانە، دانیشتنی ئەمڕۆمان زۆر بەپێز بوو و هەموو لایەکمان زۆر ماندوو بوین و لەوانەیە ئەم دانیشتنە لە ساڵانی تردا بە چەند رۆژێک تەواو بکرایە، بۆیە لێرەدا دووبارە سوپاسم ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق دەکەم بۆ ئامادە بوونیان و، بۆ بەشداری کردنی تەواویان لە گفتوگۆ کردن و وڵام دانەوەدا و، بەتایبەتی بەڕێزان سەرۆکی ئەنجومەن و جێگری سەرۆک و وەزیری کاروباری ئەنجومەن، لێرەدا کۆتایی بە دانیشتنی ئەمڕۆمان دێنین و دانیشتنی داهاتووشمان سبەینێ کاتژمێر «١٠» سەرلەبەیان دەبێت، بەرنامەی کاریشمان خستنە روو گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای بودجەی ساڵی ٢٠٠١دەبێت، دووەمیش خوێندنەوەی یەکەمی یاسا وەزارەتی کاروباری مافەکانی مرۆڤ دەبێت، تکایە لە کاتی پێویستدا ئامادە بن، جارێکی تر سوپاس هەموو لایەکتان دەکەین و، بەڕێز جێگری سەرۆک وەزیران بفەرمووێت ئەگەر قسەی هەیە.

**بەڕێز سامی عبدالرحمن/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەناوی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیرە بەڕێزەکانەوە زۆر سوپاسی سەرۆک و ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان دەکەین بۆ ئەرک و ماندوو بوونیان و، بۆ سەبر و تەحەمولیان و، بۆ تەجاوبیان لەگەڵ پرۆژەو کاروباری ئەنجومەنی وەزیران، هەروەها سوپاسی وەزیرە بەڕێزەکان دەکەم کە ئەرکەکانیان بە چاکی ئەنجام داوە و، هەر هەموویان لەبەردەم پەرلەماندا ئامادە بوونە لەم بۆنە گرنگەدا زۆر سوپاستان دەکەم هەر بژین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاسی جێگری سەرۆک وەزیران دەکەین و، سوپاسی هەموولایەکتان دەکەین، دانیشتنی داهاتوومان سبەینێ کاتژمێر «١٠» ی سەرلەبەیانی دەبێت، سوپاس.

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**فرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

به ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

به ناوی گەلەوە

ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

ژمارەی بڕیار: ١

مێژووی بڕیار: ٨/١/٢٠٠١

## «بڕیار»

پشت به حوکمی برگە(٤)ی مادده(٥٦)ی لە یاسای ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراوو، لەسەر داواکاری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی نائاسایی ژمارە(٢)ی رۆژی ٢٠٠١/١/٨ یدا بڕیاری ئەمەی خوارەوەی دا:

یەکەم:

متمانەدان بە ڕێزدار (عبد کریم مراد)وەزیری هەرێم.

دووەم:

ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان دەبێ ئەم بڕیارە جێبەجێ بکا.

سێیەم:

ئەم بڕیارە لە ڕۆژی ئیقرار کردنییەوە جێبەجێ دەکرێ ولە(وەقایعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە.

د.رۆژ نوری شاوەیس

سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی

کوردستانی عێراق

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣)نائاسایی**

سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/١/٩

خولی دووەم

ساڵی نۆیەم

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣)نائاسایی

## سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/١/٩

***کات (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/١/٩ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز د. ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی (ژمارە سێ)ی خولی نائاسایی، ساڵی (٢٠٠١)ی خۆی بەست.***

***بەرنامەی کار:***

***بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی مادده(٢٠) لە پێڕەوی هەموارکراوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی (ژمارە سێ)ی خۆی لە کات (١٠)دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/١/٩ دا بەم شێوەیە بێت:***

***١ـ خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی بودجەی هەرێمی کوردستانی عێراق وپرۆژەی یاسای بودجەی ساڵی ٢٠٠١ی(ز).***

***٢ـ خوێندنەوەی یەکەمی یاسای وەزارەتی کاروباری مافەکانی مرۆڤ.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان و بەناوی گەلی کوردستان سێیەمین دانیشتنی نائاساییمان دەست پێ دەکەین، سەرەتا بەخێرهاتنێکی گەرمی جەنابی جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری کاروباری ئەنجومەنی وەزیران و وزیری دارایی و وەزیری هەرێم دەکەین. بەرنامەی کارمان دوو خاڵە ١ـ خستنەڕوو وگفتوگۆ کردنی بودجەی هەرێمی کوردستانی عێراق وپرۆژەی یاسای بودجەی ساڵی ٢٠٠١ی(ز).

٢ـ خوێندنەوەی یەکەمی یاسای وەزارەتی کاروباری مافەکانی مرۆڤ.

بۆ خاڵی یەکەم داوا لە بەڕێزان کاک شێروان و کاکەرەش و کاک جەمیل دەکەین بفەرموونە ئێرە، بەڕێزان خوێندنەوەی یەکەمی یاسای بودجەی حکومەت کراوە بۆیە هەمووی ناخوێنینەوە و تاکو سوود لە کاتەکە وەرگرین مادده بە مادده دەیخوێنینەوە و دەنگی لەسەر دەدەین، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار:

تاريخ القرار: / /٢٠٠١

قرار

استناداً الى الصلاحيات المخولة لنا بموجب الفقرة (٣) من المادة (٢) من القانون رقم (١٠) لسنة ١٩٩٧ وبناءً على ما شرعه المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المرقمة( ) و المنعقدة في( / / ٢٠٠٠) ، قررنا اصدار القانون الاتي:

**قانون رقم ( ) لسنة ٢٠٠٠**

**قانون موازنة اقليم كوردستان العراق لعام ٢٠٠١**

المادة الاولى: أـ يرصد للنفقات الجارية للمجلس الوطني لكوردستان و الوزارات و ادارات

الاقليم لعام ٢٠٠١ مبالغ مجموعها ( ٠٠٠ ٣٢٥ ٢٧٢ ٢ ) دينار مع ( ١٨٠ ) ألف دولار امريكي وكما يلي:
١- المجلس الوطني لكوردستان العراق مبلغ ( ٠٠٠ ٢٥١ ٣٨ ) دينار و ( ١٨٠ ) الف دولار امريكي.
٢- الوزارات و ادارات الاقليم مبلغ( ٠٠٠ ٠٧٤ ٢٣٤ ٢ ) دينار.
ب - يرصد لموازنة المعامل و المصانع و الدوائر و الشركات و المصارف التجارية و الاختصاصية ذات التمويل الذاتي لعام ٢٠٠١ مبالغ مجموعها ( ٣٥٦٧٥٤٠٠٠ ) دينار
١- المعامل والمصانع و الدوائر و الشركات مبالغ (... ٧٠٥ ٣٣٦ ) دينار.
٢- المصارف التجارية مبالغ (... ٢٠٠٤٩ )
ج - يرصد لموازنة الخطة لعام ٢٠٠١ مبالغ مجموعها ( ٠٠٠ ٩٠٠ ٥٩٧ ) دينار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لێژنەی یاسایی تکایە.

**بەڕێز کاکەرەش نەقشبەندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.
سەبارەت بە لێژنەی یاسا دوو تێبینیمان هەیە تێبینی یەکەمیان ئەوەیە دارشتنی دیباجەکەی پێویستە بەو شێوەیە بێ کە دەیخوێنمەوە .
(استناداً الى الفقرة (١ . ٥ ) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ وبناءاً على ما عرضه وزير المالية والاقتصاد و وافق عليه مجلس الوزراء، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة في( / / ٢٠٠٠) ، تشريع القانون الاتي: ) راجينا التفضل بالاطلاع و عرضه على المجلس الموقر للمناقشة و ابداء الراي)
هەروەها بڕگەیەک بە زنجیرەی ١٠ لە ماددەی یەک بەو شێوەیەیە، لەبەر ئەوەی لە بودجە باسی ئەو ناوچانە نەکراوە کە خارجی دەسەلاتی حکومەتی هەرێمن، لقێک لە یاساکە هەبێ کە ئەو بابەتەی پێ چارەسەر بکەین ئەویش بەو شێوەیە بێت (تعتبر التخصيصات المصدقة في ميزانية الاقليم لعام ١٩٩٧ بالنسبة للمناطق الخارجة عن سيطرة حكومة اقليم كوردستان العراق)
سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێژنەی دارایی راتان تکایە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ رای لێژنەی یاساییین ، لەبەر ئەوەی زۆر خۆیان ماندوو کردوە جێگای رێز و سوپاسی ئێمەن. بەلام سالی ٢٠٠١ بێت نەک ٢٠٠٠ . ئەوە یەک دووەم لە ماددەی یەکەم دەمەوێ مەبلەغەکە دووبارە بخوێنمەوە لەبەر ئەوەی مەبلەغەکە زۆر بوو (أ- يرصد للنفقات الجارية للمجلس الوطني لكوردستان و الوزارات و ادارات الاقليم لعام ٢٠٠١ مبالغ مجموعها( ٠٠٠ ٣٢٥ ٢٧٢ ٢) دينار مع ( ١٨٠ ) ألف دولار امريكي) لەبارەی بڕگەی (ج) ئەوەی بەڕێز کاکەرەش فەرمووی کە رای لێژنەی یاسایە جێگای رێز و تقديرە ئێمەش وەک لێژنەی دارایی پشگیری لێ دەکەین ،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سەبارەت بە دیباجەکە هەڵەیەکی بچوکی تێدایە پێویست بە دەنگ دان ناکات، چاک دەکرێتەوە چونکە ئەوە بۆ دەرچونی یاساکەیە، ئێمە دیباجەی ئەنجومەنی نیشتمانیمان هەیە، کەتیایدا زۆر روونە وەکو هەموو دیباجەیەکی تر دەیکەین ئەوە بوو کە لێژنەی یاسایی ئامازەیان پێ کرد.

دەمێنێتەوە سەر ئەوەی کە یاسای ساڵی ٢٠٠٠ بێت یان ٢٠٠١ ،دانیشتنەکە نائاساییە بزانین لە گفتوگۆ بەدیار دەکەوێ کە چۆن دای دەنێین لەوانەیە پاش و پێشیکیش لە بڕگەکاندا بکرێ بۆ نمونە لەجیاتی المادە الاولی (أ) دەنوسرێ (١) لە جیاتی (٢،١) دەنوسرێ (أ،ب) بەم جۆرە تبویبەکەی باشتر دەکرێ ئەوە پێشنیاری لیژنەی یاساییە ، ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە بۆ ئەوەی ناویان بنوسین،بەڕێز کاک شەوکەت فەرموو.

**بەڕێز شەوکەت شێخ یەزدین/ وەزیری کاروباری ئەنجومەنی وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە پێشنیارەکەی لیژنەی یاسایی بۆ زیاد کردنی بڕگەی (١٠) لە جێگای خۆبەتی و ئێمە وەکو ئەنجومەنی وەزیران رازین لەسەری ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی ،یاساکە ٢٠٠١ بێت یان ٢٠٠٠ بێت ؟ئەو کاتە دەبێتە یاسای ژمارە (١)ی ٢٠٠١ ، بەو شێوەیەی کە رەزامەندی لەسەر کرا بیخوێننەوە.تاکو بیخەینە دەنگ دانەوە .

**بەڕێز شیروان ناسح حەیدری:**

قانون رقم ( ١ ) لسنة ٢٠٠١

قانون موازنة اقليم كوردستان العراق لعام ٢٠٠١

المادة الاولى:

١- يرصد للنفقات الجارية للمجلس الوطني لكوردستان و الوزارات و ادارات الاقليم لعام ٢٠٠١ مبالغ مجموعها( ٢ ٢٧٢ ٣٢٥ ٠٠٠ ) دينار مع ( ١٨٠ ) ألف دولار امريكي وكما يلي:

أ- المجلس الوطني لكوردستان العراق مبلغ ( ٣٨ ٢٥١ ٠٠٠ ) دينار و ( ١٨٠) الف دولار امريكي.

ب - الوزارات و ادارات الاقليم مبلغ( ٢ ٢٣٤ ٠٧٤ ٠٠٠) دينار.

٢- يرصد لموازنة المعامل و المصانع و الدوائر و الشركات و المصارف التجارية و الاختصاصية ذات التمويل الذاتي لعام ٢٠٠١ مبالغ مجموعها (٣٥٦ ٧٥٤٠٠٠) دينار

أ- المعامل والمصانع و الدوائر و الشركات مبالغ (٣٣٦ ٧٠٥ ...) دينار.

ب - المصارف التجارية مبالغ (٢٠٠٤٩ ...)

٣ - يرصد لموازنة الخطة لعام ٢٠٠١ مبالغ مجموعها( ٥٩٧ ٩٠٠ ٠٠٠) دينار.

٤- (تعتبر التخصيصات المصدقة في ميزانية الاقليم لعام ١٩٩٧ بالنسبة للمناطق خارجة عن سيطرة حكومة إقليم كوردستان العراق).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەی یەکەمی یاساکە دەخەینە دەنگ دانەوە، کێ ماددەی یەکەم بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسەند دەکات؟ کێ پەسەندی ناکات؟ بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز شیروان ناسح حەیدەری:**

المادة الثانية:

تخمن إيرادات اقليم كوردستان العراق بمبالغ مجموعها (١ ٤٩٢ ٤١١ ٨٧٠) دينار لعام٢٠٠١.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی لەسەر ماددەی دووەم هەیە ؟ دیارە نییە ماددەکە دەخەینە دەنگ دانەوە ، کێ ماددەکە بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسەند دەکات؟ کێ پەسەندی ناکات؟ بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز شـــــێـــــروان نـاسـح حــــــەیدەری:**

المادة الثالثة:

تتولى وزارة المالية والاقتصاد لاقليم كوردستان العراق تمويل حسابات الوزارات و الادارات وفق الموارد المالية المتاحة.

**بەڕێز ســــــەرۆکـی ئـەنجــــومـــــــەن:**

لیژنەی دارایی و یاسایی تێبینیان نییە.کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ئـیـــــبــــراهیم ســـــەعـــیــــد:**

**بەڕێز ســــــەرۆکـی ئـەنجــــومـــــــەن.**

تێبینی من لەسەر ووشەی (المتاحه)یە ئەوە هەشت ساڵ و نیوە ئێمە لە پەرلەمانین هەرچەندە من یاسا ناس نیم بەڵام هەستێکی یاساییمان لا دروست بووە، مەتنی یاسا دەبێت مورەکەز بێت پێویست بە زیاد کردنی هەندێ ووشەی زیاد ناکات چونکە شێوازی یاسایی لاواز دەکات، ووشەی (المتاحة) من وای دەبینم کە زیاد بێت بە لادانیشی هیچ گۆڕانکاریەک روونادات ،لەبەر ئەوەی هەموومان دەزانین ایرادات تقدیر و احتمالیە، المتاحە بۆ شرح دەبێ ، بۆ نمونە لە راپۆرتی لیژنەی دارایی کە باسی داهات دەهات متاحەی لەگەڵدا بوو ،ئەوە دەبێت بەڵام بۆ مەتنی یاسا من وای بۆ دەچم کە نابێ، هەمان شتە چەند داهات بۆ وەزارەت دێت خۆی بەو جۆرەیە دابەشی دەکات.

**بەڕێز ســــــەرۆکـی ئـەنجــــومـــــــەن:**

بەڵێ ئەو روونکردنەوانە دیارە،مەبەستت ئەوەیە المتاحە لابچێ؟ کاک د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قــاسم مـــحـــەمـــەد قــاسم:**

**بەڕێز ســــــەرۆکـی ئـەنجــــومـــــــەن.**

من تێبینیم لەسەر ووشەی (تتولی)هەیە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ یاسای وەزارەتی دارایی یاسای ژمارە (١٣)ی ساڵی ١٩٩٢بەڵێ (تهدف الوزارة الى وضع الأسس العامة لادارة و تنظیم الموارد المالیة والاقتصادیة و مراقبة سلامة التصرف بها و طرق الاستخدام الامثل لها...هتد)ئەگەر سەیری واقع بکەین وەزارەتی دارایی و ئابووری بەرزترین دەسەلاتی داراییە لەهەرێمدا کەچی ئەنجومەنی وەزیران گەورەترین دەسەلاتی جێبەجێ کردنە لەهەرێم ، بۆیە من لێرە پێشنیار دەکەم ووشەی (تشرف علیها)لەبەر ئەوەی ئەرگی ئەنجومەنی وزیرانە کە تمویلی هەموو وەزارەتەکان بکات ، هەرچەندە کە وەزارەتی دارایی دەسەلاتێکی بەرزی داراییەی لەهەرێم بەڵام بەشێکە لە ئەنجومەنی وەزیران.

**بەڕێز ســــــەرۆکـی ئـەنجــــومـــــــەن:**

ئەوە کاری وەزارەتی داراییە لە هەموو دنیا ئەو تواناکان دابین دەکات و داهات کۆ دەکاتەوە ،هەر ئەویش تمویلی وەزارەتەکان دەکات ، راستە بێ رەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران نای کات ، ئەگەر ئەنجومەن ویستی شتێ راگرێ رای دەگرێ،بەڵام کاری وەزارەتی دارایی ئەوەیە داهات کۆ بکاتەوە و دابەشی بکات، وابزانم لابردنی (المتاحە)هیچ شتێ ناگۆڕێ، فەرموون وەڵامی بدەنەوە.

**بەڕێز جـــــەمـــــیل عـــــەبدی سندی:**

**بەڕێز ســــــەرۆکـی ئـەنجــــومـــــــەن.**

لەگەڵ رێزم بۆ کاک ابراهیم مەبەست لەوە موارد المتاحەیە؟ ئەوەی مصدق یان ئەوەی شیکات ؟ ئەوە وشەیەکی یاسایی دارایی صرفە ،مانای ئەوەیە کە لە خەزینەدا هەیە ،لەبەر ئەوەی زۆر جار موارد دێت بەڵام نەگەیشتووە، ووشەی المتاحە دەبێت وا راڤە بکرێت بەوە دیاری بکرێت کە (سیولة النقدیة المتوفرة الموجودة في الصندوق) بۆیە دەبێ ووشەی المتاحە بمێنێت. لەبارەی (تتولی وزارة المالیة والاقتصاد لاقلیم کوردستان) یاسای هەموو دنیا هەموو دەم کێ بەرپرسیارە؟ وەزارەتی دارایی لە تمویلی لایەنەکان راستە رەزامەندی خۆی هەیە بەڵام هیچ شتێ

ناکات بەبێ ئەنجومەنی وەزیران،دووەم ساڵی ١٩٩٢ ئێمە یاسامان دەرکردوە ساڵی ١٩٩٣ یاسامان دەرکردووە ساڵی ١٩٩٧ هەروەها بودجە راستاندراوە هەروەها ساڵەکانی تریش ، واتا ئێمە ئەوە یەکەم جار نییە یاسا دادەنێین و تاکو ئێستا کەس رەخنەی لەسەر نەبووە ،ئەوە هەشت ساڵ تێپەری و چەندین بودجەمان راستاندوە لە هەموویاندا هەمان شتمان نووسیوە، ناکرێ ئەگەر وەزیری دارایی گۆرا ئێمە دەبێ یاساکە بگۆرین ،ئەوەی ساڵی ١٩٩٣ بۆ بەرێز دارۆ شێخ نوری کراوە و لە ساڵەکانی ١٩٩٦ و ١٩٩٧ بۆ برای بەرێزم کاک شەوکەت کراوە دەبێ هەمان شتیش بۆ کاک سەرکیس بکرێ، لەبەر ئەوەی یاسا هەمان یاسایە ،سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاکەرەش فەرموو.

**بەرێز کاکەرەش نەقشبەندی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاک د. رزگار فەرمووی پێویستە جێگیر بکرێ، ئەو (تتولیٔ) یە هەبێ لەبەر ئەوەی هەموو بوجەیەکی دونیا ئەگەر بوجە راستاندرا ،هەر وەزیرێک بەرامبەر بوجەکەی خۆی دەبێ پارەکەی رەسد بێت لە بانک،لەبەر ئەوەی بوجەی ئێمە جێگیر نییە ، بۆیە مەرج نییە بوجەی ئێمە سیولەی نقدی هەموو دەم متوفر بێت ، هەڵسوکەوتی وەزارەتی دارایی لەگەڵ وەزارەتەکان بەگوێرەی بوونی سیولەی نەقدیە ،بۆیە وەزارەتی دارایی تەحەکم بەو بابەتە بکات لەبەر ئەوەی ئەو دەزانی پارەکە هەیە یان نا.ئەگەر نا مەبلەغەکە مرصدە، تصدیقی میزانیەی اعتیادی وایە ئەگەر مەبلەغ مرصەد بوو دەبێ وەزیر بتوانێ هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو میزانیە بکات ،لە کاتێکدا ئەگەر پارە نەبوو چۆنی تەصەرف پێ بکات؟ دەبێ ئاگاداری وەزارەتی دارایی بکات و بپرسێ کە لە فلان فەصل لە فلان باب ئەو پارەیەم پێ دەوێ هەیە یان نییە؟ وەزیری داراییش ئەگەر هەبێ بیداتێ و ئەگەر نەبێ جوابی دەداتەوە دەڵێ نییە.لەبەر ئەوە ئەو وشەیە زۆر سروشتیە هەبێ . ئەوەی کاک جەمیلیش فەرمووی ووشەی متاحە زیاتر بۆ روون کردنەوەیە ، واتا (المتوفر و موجودة لدینا )داهات وا خەملێندراوە مەرج نییە ئەو داهاتە هەمووی بێت ئەگەر گوتمان (وفق الموارد المالیة) واتا دەبێ بڵێین بەپێی خەملاندن، لێرەش مەرج نییە خەملاندنەکە هەموو بێتە جێ لەبەر ئەوە با ئەو ووشەیە بمێنێت بۆ ئەوەی هیچ التباسێک نەمینێت و بڵێین ئەو پارەیە لە خەزینەدا هەیە و گەیشتە دەست با تەصەرفی تێدا بکەین ، چەند ساڵیشە هەر وا رۆیشتووە و ئەگەر هەڵەش بێت ئەوە هەڵەیەکی شایعە لەسەری راهاتووین ، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەی سێیەم دەخەینە دەنگ دانەوە ، کێ ماددەکە بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسەند دەکات؟ کێ پەسەندی ناکات؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەرێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة الرابعة:

لرئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق اجراء المناقلة ضمن الميزانية الخاصة بالمجلس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی لەسەر ماددەی چوارەم هەیە ؟ دیارە نییە ماددەکە دەخەینە دەنگ دانەوە ، کێ ماددەکە بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسەند دەکات؟ کێ پەسەندی ناکات؟ بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**
المادة الخامسة:
يخول وزير المالية و الاقتصاد صلاحية المناقلة بين اعتمادات الباب الواحد باستثناء فصل الرواتب حيث يجوز النقل اليه ولايجوز النقل منه.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
هیچ تێبینی لەسەر ماددەی پێنچەم هەیە ؟ دیارە نییە ماددەکە دەخەینە دەنگ دانەوە ، کێ ماددەکە بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسەند دەکات؟ کێ پەسەندی ناکات؟ بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا.
**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**
المادة السادسة:
لوزير المالية والاقتصاد صلاحية اجراء المناقلة بين اعتمادات ابواب الميزانية لاغراض توفير امكانيات الصرف للادارات التي فك ارتباطها من وزارة و الحاقها بوزارة اخرى.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
هیچ تێبینی لەسەر ئەم ماددەیە هەیە ؟ دیارە نییە ماددەکە دەخەینە دەنگ دانەوە ، کێ ماددەکە بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسەند دەکات؟ کێ پەسەندی ناکات؟ بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا.
**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**
المادة السابعة:
يخول وزير المالية والاقتصاد اضافة الاعتمادات الاجمالية المصدقة للميزانية لعام ٢٠٠١ بنسبة (١٪) من اجمالي الاعتمادات المصدقة للميزانية للاغراض التالية:
١ـ اعتماد المبالغ اللازمة لميزانيات الادارات المستحدثة خلال العام المذكور اعلاه.
٢ـ اضافة اعتمادات جديدة في ميزانيات الوزارات والادارات للحالات الطارئة والتي يقررها مجلس الوزراء.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
هیچ تێبینی لەسەر ئەو ماددەیە هەیە؟ کاک جەمیل فەرموو.
**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ئەگەر ئێمە ژمارەیەکی رووت ببینین هیچ زائد یان ناقصی لەسەر نەبوو ئێمە دەزانین کە ئەو ژمارەیە زائدە لێرە ((١٪) من اجمالی الاعتمادات المصدقه للميزانيه للاغراض التاليه:) لێژنەی دارایی پێشنیاری کردوە کە ئەوە بکرێتە ووشەی (الجاريه) ئایە لایەنی یاسایی دەگۆردرێ یان نا؟ من رام لەگەڵ رای برای بەڕێز کاک شێروانە کە یاسا ناسێکی شارەزایە بۆیە رای لێژنەی دارایی ئەو کاتە بەپێی رای لێژنەی یاسایی دەگۆردرێ.
**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
بەرای ئێمە ووشەی الجاريه ی پێ ناوێت ،لەبەر ئەوەی لەیاساکە دەڵێ(اضافة الاعتمادات الاجمالية المصدقة للعام ٢٠٠١ ) ئەوە روون و ئاشکرایە ، سوپاس.
**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاک شێروان بۆ ئەو روون کردنەوەیە ، من ئەو ووشەیەی باسم کرد دەکێشمەوە ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
من پرسیارێکم هەیە باشە ئەوە سەدا یەکی هەموو بوجەیە بە خوطەشەوە؟.
**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**
بەڵێ.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە بادەستیان بەرز بکەنەوە. دیارە نییە ماددەکە دەخەینە دەنگ دانەوە ، کێ ماددەکە بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسەند دەکات؟ کێ پەسەندی ناکات؟ بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا.
**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**
المادة الثامنة:
تتولى وزارة المالية و الاقتصاد اعداد مفردات ملاكات جميع الوزارات لاقليم كوردستان العراق للعام ٢٠٠١ و المصادقة عليها وعلى ضوء كلفة الرواتب المصدقة في الميزانية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
هیچ تێبینی لەسەر ئەم ماددەیە هەیە ؟ دیارە نییە ماددەکە دەخەینە دەنگ دانەوە ، کێ ماددەکە بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسەند دەکات؟ کێ پەسەندی ناکات؟ بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا.
**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**
المادة التاسعة:
يخول وزير المالية والاقتصاد اصدار التعليمات اللازمة لتحديد صلاحيات الصرف للإدارات الحكومية خلال فترة اسبوعين من تاريخ اصدار هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
هیچ تێبینی لەسەر ئەم ماددەیە هەیە ؟ ماددەکە دەخەینە دەنگ دانەوە ، کێ ماددەکە بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسەند دەکات؟ کێ پەسەندی ناکات؟ بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا.
**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**
المادة العاشرة:
لوزير المالية و الاقتصاد اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
هیچ تێبینی لەسەر ئەم ماددەیە هەیە ؟ دیارە نییە ماددەکە دەخەینە دەنگ دانەوە، کێ ماددەی دەیەم بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسەند دەکات؟ کێ پەسەندی ناکات؟ بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا.
**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**
المادة الحادية عشرة:
ينفذ هذا القانون اعتباراًمن ٢٠٠١/١/١ و ينشر في الجريدة الرسمية.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
ئێمە وەکو سەرۆکایەتی تێبینیمان هەیە. صیغەکە وای لێ بێت (يعتبر هذا القانون نافذا اعتبارا من ٢٠٠١/١/١ وينشر في جريدة وقائع كوردستان )
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
جارێکی تر بیخوێننەوە.

**بەڕێز شـــــێـــــروان نـاسـح حـــــــەیدەری:**
المادة الحادية عشرة:
يعتبر هذا القانون نافذا اعتبارا من ٢٠٠١/١/١ و ينشر في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــەن:**
ئەو بەڕێزانەی ماددەی یازدەم پەسەند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە. کێ پەسەندی ناکات؟ بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا.
هەموو یاساکە دەخەینە دەنگ دانەوە، یاسای بوجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠٠١، کێ یاساکە پەسەند دەکات؟ کێ پەسەندی ناکات ؟یاسای بوجەی حکومەت بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا.
زۆر سوپاسی لیژنەی یاساو سوپاسی کاک جەمیل دەکەین ،خاڵی دووەمی بەرنامەی کارمان بریتیە لە خوێندنەوەی یەکەمی یاسای وەزارەتی کاروباری مافەکانی مرۆڤ.

**بەڕێز شـــــێـــــروان نـاسـح حـــــــەیدەری:**
رئاسة مجلس الوزراء
مشروع قانون وزارة شؤون حقوق الانسان
في اقليم كوردستان العراق
المادة الاولى:
يقصد بالتعابير الاتية المعاني المبينة ازائها:
الاقليم: اقليم كوردستان ـ العراق
مجلس الوزراء: مجلس وزراء اقليم كوردستان
الوزارة: وزارة شؤون حقوق الانسان
مواثيق حقوق الانسان: الاعلان العالمي لحقوق الانسان و العهدان الدوليان و البروتوكولات الملحقة بها و غيرها من المواثيق و الاتفاقيات التي تتلاءم مع قيم و مبادئ المجتمع الكوردستاني.
المادة الثانية:
تتولى الوزارة تحقيق الاهداف التالية:
١ـ تقديم المشورة والرأي لمجلس الوزراء ولكافة الجهات الرسمية و غير الرسمية في الاقليم فيما يتعلق بشؤون حقوق الانسان.
٢ـ نشر ثقافة حقوق الانسان و توعية اوساط المجتمع الكوردستاني بها و العمل على ترسيخ مفاهيم التسامح و التضامن الاجتماعي و قيم و مثل المجتمع المدني.
٣ـ اعداد دراسات وبحوث دورية حول سبل تحسين وضع حقوق الانسان في الاقليم و سبل تعزيز احترامها في ضوء المواثيق الخاصة بحقوق الانسان: المدنية و والسياسية و الاقتصادية و الاجتماعية و الثقافية و غيرها من المواثيق و الاتفاقيات التي تتلاءم مع قيم المجتمع الكوردستاني.
٤ـ مراقبة ملاءمة التشريعات الوطنية لمبادئ حقوق الانسان و الحريات الاساسية.
٥ـ تقويم مدى التزام الاجهزة الرسمية و غير الرسمية في الاقليم باحكام المواثيق الخاصة بحقوق الانسان و رفع تقرير بشأن ذلك الى مجلس الوزراء.
٦ـ تفتيش السجون و مراكز الحجز و الاعتقال بصورة دورية و اعداد تقارير عن السجناء و المحجوزين و المعتقلين.
٧ـ التعاون مع المنظمات المعنية بحقوق الانسان في داخل الاقليم و الاحزاب السياسية و

الجمعيات الاقتصادية و الاجتماعية و الفكرية و المواطنين بما يضمن سلامة تطبيق الاتفاقيات الدولية و التشريعات حول حقوق الانسان في الاقليم.

٨- التعاون و التنسيق في مضمار حقوق الانسان مع المنظمات الدولية المختصة و الجهات الاخرى ذات العلاقة.

٩- اعداد تقرير سنوي يتضمن الصورة الحقيقية لحالة حقوق الانسان و عمل الوزارة في هذا المضمار و رفعه الى رئاسة مجلس الوزراء في الاقليم.

المادة الثالثة:

الوزير: هو الرئيس الاعلى للوزارة والمسؤول عن تنفيذ سياساتها وممارسة الاشراف و الرقابة على تنفيذ الاتفاقيات الدولية و التشريعات الداخلية و تصدر عنه القرارات و الاوامر و التعليمات في كل ما له علاقة بمهام الوزارة و تشكيلاتها و اختصاصاتها و سائر شؤونها.

المادة الرابعة:

تتألف تشكيلات الوزارة من :

١- مكتب الوزير

٢- المديرية العامة للديوان

٣- المديرية العامة لشؤون حقوق الانسان

٤- المستشارون

المادة الخامسة:

تحدد تفاصيل تشكيلات الوزارة بنظام.

المادة السادسة:

لايعمل باي نص يتعاض و احكام هذا القانون.

المادة السابعة:

على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة الثامنة:

ينفذ هذا القانون اعتبارا من تاريخ نشره في جريدة(وقائع كوردستان)

# الاسباب الموجبة

بالنظر لما عاناه شعب كوردستان من الاظطهاد السياسي و الاقتصادي و الثقافي و لحرمانه من التمتع بالحقوق الاساسية التي تقرها المواثيق الدولية و لتعرضه لحملات القمع والابادة، وتمشيا مع الانفتاح على المبادئ الانسانية و القيم الحضارية في ظل تجربة كوردستان الفدرالية لبناء مفاهيم حرية الانسان وحقوقه و جعله متحررا من الخوف و التردد في المطالبة بها، ومن اجل توفير الارضية الملائمة لممارسة الديمقراطية، وجد من الضروري توفر الية لتنظيم و تحقيق ذلك مما اقتضى استحداث وزارة لشؤون حقوق الانسان، لذا شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس ، ئەم پرۆژەیە ئاراستەی لیژنەی یاساو لیژنەی مافی مرۆڤ و سکالاکان و لیژنەی دارایی دەکەین پێش ئەوەی کۆتایی بێنین بە کاروباری ئەم دانیشتنەمان ،وە ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمان کەڵک لەو پشوەی نێوان هەردوو خولی پەرلەمان وەرگرن ،شایستەی ئەوەیە جارێکی تر سوپاسی

ئەنجومەنی وەزیران بکەینەوە بۆ ڕۆڵیان لە ئامادە کردنی بوجەی هەرێمی کوردستانی عێراق ،بە ناوی ئەنجومەنی نیشتمانیەوە پیرۆزبایی لە هەموو لایەک دەکەین ، پیرۆزبایی لە پەرلەمان و حکومەت دەکەین بۆ ڕێک و پێکی گفتوگۆ کردنی بوجەی هەرێم و ئەنجامدانی و بریار دان لەسەری ،هیوا دارم ئەم یاسایە ڕێگا خۆشکەر بێت بۆ باشتر ڕێکخستنی کاروبارەکانی هەرێمی کوردستان و ئاسان کردنی لە بوارەکانی دارایی وئابووری و کۆمەلایەتیشدا ، ئەگەر جەنابی جێگری سەرۆک وەزیران وتاری هەیە با بفەرموێ.

**بەڕێز سامی عەبدولرەحمان/ جێگری سەرۆک وزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمرۆ بریارێکی گرنگتان دا ئەویش بریاری یاسای بوجەیە بە هەموو بەشەکانیەوە،ئەو بوجەیە کە ئەنجومەنی وەزیران داینابوو ولێژنەکانی پەرلەمان بە تایبەتی لێژنەی دارای و ئابووری بە تێر و تەسەلی بەمەش روکنێکی سەرەکی حوکمرانی و مؤسساتی بۆ ساڵی ٢٠٠١ جێگیر بوو لەبەر ئەوەی حوکم کردن و حوکمرانی بابەتە سەرەکیەکەی بوجەیە و بوجەیەکی ڕێک و پێک و تەصدیق کراو لەلایەن پەرلەمانەوە، زۆر سوپاسی سەرۆکی پەرلەمان و هەموو ئەندامانی پەرلەمان دەکەین، بە تایبەتی لێژنەی دارایی کە ماوەیەکە پێوە سەرقاڵ بوون و تواناییەکی زۆریان تێدا سەرف کردوە و هەروەها سوپاسی لێژنەی یاسا دەکەین و تقدیری هەوڵی پەرلەمان دەکەین کە ئەم کارە گرنگەیان ئەنجامدا لە کاتێکدا کە پشوویان بووە، پشوەکەیان نەکردوە و تەرخانیان کردوە بۆ ئەم کارە گرنگە زۆر سوپاستان دەکەین و هەر سەرکەوتوو بن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس ، لێرەدا کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دێت تەمەنای سەرکەوتن بۆ هەموو لایەک دەکەین.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**د.ڕۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

به ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

به ناوی گەلەوە

ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

ژمارەی دەرهێنان: ١

ڕۆژی دەرهێنان: ٢٠٠١/١/٩

پشت بە حوکمەکانی بڕگە (١)ی ماددەی (٥٦)و ماددەی (٥٣)لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)و لەسەر داواکاریی وەزیری دارایی وئابوری و ئەو یاساکارییەش کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی نائاسایی ژمارە(٣)ی ڕۆژی (٢٠٠١/١/٩)دا ئەنجامی داوەو، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە بڕگە (٣)ی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمانی داوە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەمان دا:

**یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠١**

**یاسای بوجەی ساڵی (٢٠٠١)ی هەرێمی کوردستانی عێراق**

ماددەی یەکەم:

١- بۆ خەرجی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق و وەزارەتەکان و ئیدارەکانی هەرێم بۆ ساڵی (٢٠٠١) کۆی (٢٧٢ ٣٢٥٠٠٠ ٢) دینارو (١٨٠ ٠٠٠) دۆلاری ئەمریکی دادەنرێ:

أ- بۆ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق کۆی (٣٨٢٥١٠٠٠) دینارو (١٨٠ ٠٠٠) دۆلاری ئەمریکی.

ب- بۆ وەزارەتەکان و ئیدارەکانی هەرێم کۆی (٢٢٣٤ ٠٧٤٠٠٠ ٢) دینار.

٢- بۆ بوجەی ساڵی (٢٠٠١)ی کارگە و سەنعەتگاو دایەرەو شیرکەت و بانکی بازرگانی و بانکە پسپۆرە خۆماڵدارکارەکان (ذات التمويل الذاتي) کۆی (٣٥٦ ٧٥٤٠٠٠) دینار دادەنرێ:

أ- بۆ کارگە و سەنعەتگا و دایەرە و شیرکەتەکان کۆی (٣٣٦ ٧٠٥٠٠٠) دینار.

ب- بۆ شیرکەتە بازرگانییەکان کۆی (٢٠٠٤٩٠٠٠) دینار.

٣- بۆ بوجەی پلانی (الخطه) ساڵی (٢٠٠١) کۆی (٥٩٧٩٠٠٠٠٠) دینار دادەنرێ.

٤- بۆ ئەو ناوچانەی کە ئێستا کەوتوونەتە دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراقەوە، هەمان ئەو تەخصیصاتە ئیعتیماد دەکرێن کە لە بوجەی ساڵی (١٩٩٧)ی هەرێمدا تەسدیق کراوە.

ماددەی دووەم:

کۆی داهاتی ساڵی (٢٠٠١)ی هەرێمی کوردستانی عێراق بە (١ ٤٩٢ ٤١١ ٨٧٠) دینار دەخەمڵێنرێ.

ماددەی سێیەم:

وەزارەتی دارایی وئابووریی هەرێمی کوردستانی عێراق بە پێی داهاتی دارایی بەردەست (المتاحه) پارەدارکردنی حساباتی وەزارەتەکان و ئیدارەکان دەگرێتە دەست.

ماددەی چوارەم:

سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بۆی هەیە لەناو بوجەی تایبەتی ئەنجومەندا موناقەلە بکات.

مادده‌ی پێنجه‌م:
ده‌سه‌ڵات به‌ وه‌زیری دارایی و ئابووری ده‌درێ که‌ له‌نێوان ئیعتیماده‌كانی هه‌مان ده‌روازه‌دا موناقه‌له‌ بكات، ته‌نیا به‌شی مووچه‌ نه‌بێت كه‌ ده‌شێ بۆی نه‌قل بكرێ و ناشێ لێی نه‌قل بكرێ.

مادده‌ی شه‌شه‌م:
وه‌زیری دارایی وئابووری بۆ مه‌به‌ستی فه‌راهه‌مكردنی ئه‌رک ومه‌سره‌ف بۆ ئه‌و ئیدارانه‌ی كه‌ به‌بڕیار له‌ وه‌زاره‌تێ دابڕ ده‌كرێن و ده‌درێنه‌ وه‌زاره‌تێكی دی، بۆی هه‌یه‌ موناقه‌له‌ له‌ نێوان ئیعتیماداتی ده‌روازه‌كانی بوجه‌دا بكات.

مادده‌ی حه‌وته‌م:
ده‌سه‌ڵات به‌ وه‌زیری دارایی و ئابووری ده‌درێ كه‌ بوجه‌ی ته‌سدیقكراوی ساڵی (٢٠٠١) به‌ڕێژه‌ی (١٪)ی كۆی ئیعتیماده‌ ته‌سدیقكراوه‌كانی بوجه‌كه‌ زیاد بكات:
١- ئیعتیمادكردنی ئه‌و بڕه‌ پارانه‌ی كه‌ بۆ بوجه‌ی ئیداره‌ تازه‌ دانراوه‌كانی ئه‌و ساڵه‌ پێویستن.
٢- زیاد كردنی ئیعتیماداتی نوێ بۆ بوجه‌ی وه‌زاره‌ت وئیداره‌كان له‌كات و حاڵه‌تی ناكاودا كه‌ ئه‌نجومه‌نی وه‌زیران بڕیاری له‌سه‌ر ده‌دات.

مادده‌ی هه‌شته‌م:
وه‌زاره‌تی دارایی و ئابووری، له‌به‌ر رۆشنایی كۆی هه‌موو ئه‌و مووچانه‌ی له‌ بوجه‌دا ته‌سدیق كراوه‌، ته‌یارو ئاماده‌ كردنی یه‌كه‌كانی میلاكی هه‌موو وه‌زاره‌ته‌كانی هه‌رێمی كوردستانی عێراق، هی ساڵی (٢٠٠١) و ته‌سدیقكردنیشیان ده‌گرێته‌ ده‌ست خۆی.

مادده‌ی نۆیه‌م:
ده‌سه‌ڵات به‌ وه‌زیری دارایی و ئابووری ده‌درێ له‌ ماوه‌ی دوو هه‌فته‌دا كه‌ له‌ رۆژی ده‌رهێنانی ئه‌م یاسایه‌وه‌ ده‌ست پێ ده‌كا، رێنمایی پێویست بۆ دیاركردنی ده‌سه‌ڵاتی سه‌رف كردن بۆ ئیداره‌ حكومییه‌كان ده‌ربكات.

مادده‌ی ده‌یه‌م:
وه‌زیری دارایی وئابووری بۆی هه‌یه‌، بۆ ساناكردنی به‌كارخستنی حوكمه‌كانی ئه‌م یاسایه‌ رێنمایی پێویست ده‌ربێنێ.

مادده‌ی یازده‌هه‌م:
ئه‌م یاسایه‌ له‌ رۆژی (٢٠٠١/١/١) وه‌ ده‌خرێته‌ كارو، له‌ وه‌قایعی كوردستانیشدا بڵاو ده‌كرێته‌وه‌.

د.رۆژ نوری شاوه‌یس
سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌نی نیشتمانیی
كوردستانی عێراق